ئەوەی نابێ بگوترێ،
دەبێ بگوترێ

**ئەمجەد شاکەلی**

# ئەوەی نابێ بگوترێ، دەبێ بگوترێ

(کۆمەڵێک دیدار)

چاپی دووەم 2016

**ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ.**
**ئەمجەد شاکەلی**: دیدار.
چاپی دووەم: **2016**
بەرگ و دەرهێنان و ڕێکخستنی هونەری: **ئاکار جەلیل کاکەوەیس.**
تابلۆی بەرگ: **ژۆڤێ (Jover)**
ژمارەی نێودەوڵەتی: ISBN 91-631-6133-8
شوێنی چاپ: **چاپخانەی زانا ـ سلێمانی شەقامی مەولەوی**

بۆ منداڵە خۆشەویستەکانم،
پەری، ڕاز، ناز و فەرهاد،
سۆمای دیدەکانم، شادی و ڕۆشنایی ژیانم

پێڕست

1. پەیڤێک، ئەمجەد شاکەلی. 9

2. بەسەرهاتی ئەم دیدارە، حەکیم کاکەوەیس. 13

3. ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ، دیدار: حەکیم کاکەوەیس. 23

4. کوردستان دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بە سەر ڕووخاندنی حوکوومەتی بەعسدا، دیدار: گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان". 185

5. ڕووخانی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عیراق و خەونی کوردستانێکی سەربەخۆ، دیدار: گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان". 205

6. دەنگدان و بەشداریی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا(وەڵام بە چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەی"ئاسۆ"). 213

7. لە یادی مەرگی کارڵ مارکسی فیلۆسۆف و شۆڕشگێڕ لە 14 – 03 – 1883دا، دیدار: گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان". 219

8. لە یادی حەڤدەمین ساڵڕۆژی تراژیدیای ئەنفالدا، دیدار: گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان". 231

9. پرسی ڕووناکبیریی، ئەرکی ڕۆشنبیر و ڕەوشی ڕۆشبیریی کوردی، دیدار: ستیڤان شەمزینانی بۆ گۆڤاری"بیاڤ". 241

10. ئەلفبێی لاتینی و زمانی ستاندارد، دیدار: ڕەوشت موحەممەد. 265

11. پێشکەوتنی وڵات و خەڵک و جڤاک، بەندە بە دەستەبەرکردنی ئازادی بیروڕادەربڕین و گوتنی هەموو شتێک(لەبارەی پرۆژەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە)، دیدار: ئاسۆ عوسمان. 241

12. شکستی کورد لە عیراق و ئەرک و هەنگاوەکانی ئایندە، دیدار: ستیڤان شەمزینانی. 345

13. زمانی ستاندارد بە زۆری و کەمیی خەڵکەکە نییە، کە قسەی پێدەکەن، دیدار: موحەممەد عەلی وەلی بۆ ڕۆژنامەی"ڕۆژنامە". 359

14. من جیهان وەک یەکەیەک و وەک وڵاتیک و نیشتمانێک بۆ هەموو مرۆڤ دەبینم، دیدار: ئارام ئیکرام بۆ گۆڤاری" چاو". 367

15. ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی زمانی کوردی، دیدار: ڕەوشت موحەممەد بۆ "ڕەخنەی چاودێر". 391

16. ئەمڕۆی فەرهەنگ و ڕەوشەنبیری کورد، دیدار: ڕابەر فاریق بۆ "ڕووبەری داهێنان". 403

17. تەوەری کەلتوور و ئەدەب، دیدار: غەمگین بۆڵی بۆ"ڕووبەری داهێنان". 439

18. تاراوگە تاک فێری هیچ نەکات، فێری ئەوەی دەکات،گوێ لە بەرامبەرەکەی بگرێت، دیدار: موحەممەد عەلی وەلی بۆ گۆڤاری"کۆوار". 451

19. عیرفان قانیعیفەرد و نووسینی مێژوو، دیدار: ڕزگار ڕەزا چوچانی بۆ گۆڤاری "سڤیل". 461

20. ئۆپۆزیسیۆن، دەسەڵات و ڕەوشی کورد، دیدار: ڕزگار ڕەزا چوچانی بۆ گۆڤاری "سڤیل". 475

# پەیڤێک

دیدار، دیمانە، هەڤپەیڤین، چاوپێکەوتن، هەموو ئەمانە دەستەواژەگەلێکن بۆ گوتوبێژێک، کە لەنێوان دوو کەسدا ڕوودەدات و لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا، بابەتێک یا بابەتگەلێک، دەخرێنە بەرباس و قسەلەسەرکردن. دوو کۆڵەکە و پایەی بتەو و تۆکمە و قایموقۆڵی دیدار و هەڤپەیڤین لای من، کە تام و چێژ بە دیدارەکە دەدەن و وەڵامەکان، زانیارییەک، شتێکی نوێ، ڕاستییەک، بەوەی پرسیارەکان دەکات و بە خوێنەر و بیسەر و بینەر دەبەخشن و دەگەیەنن، ڕاستگۆیی و ڕاشکاوییە. منجەمنج و قسەلەژێرلێوەوەکردن و گوڵماندنی وشە، لە وەڵامدانەوەدا، دەکاتە خۆدزینەوە لە گوتنی ڕاستییەکان و بەکاربردنی سیاسەتی"نە شیش بسووتێ و نەکەباب" و "هەم لەناڵ و هەم لەبزمار دان" و"کەری نێو جۆگەئاسا، هەم لەمبەر و هەم لەوبەر خواردن" و بێهەڵوێستیی، کە هەردوو ڕاستگۆیی و ڕاشکاویی دەدۆڕێنن و دەبنە هۆی شێواندنی ڕاستییەکان و چەواشەکردنی خەڵک، بە تایبەت ئەگەر هەڤپەیڤینەکە لەمەڕ سیاسەت و جڤاک و میژووەوە بێت و پێوەندی بە بیرگە و داهاتوو و هەموو لایەنە هەستەوەرەکانی مرۆڤ و ڕایەڵەکانی کۆمەڵەوە هەبێت. ئەوەی لە دیدارێکدا دەگوترێ زادەی بیرکردنەوە و جیهانبینیی و ئەزموونی ئەو کەسەیە، کە وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە و ڕەنگە بۆچوونی ئەو ساتەوەختەیشی بێت، کە تێیدا وەڵام دەداتەوە و پێشتر وای بیرنەکردبێتەوە و دواتر و لە کاتێکی تریشدا، ڕەنگە هەر ماوەیەکی کەم دوای هەڤپەیڤینەکە، هەمان بۆچوون و دیدی نەمێنێت و بگۆڕێ و بە جۆرێکی دیکە بهزرێ، چونکە مرۆڤ بەرگۆڕانە. گرنگ

ورووژانـدنی پرسـیارە و گومـانکردنە لە هەمـوو دیـدە جێگیـر و هـزرە بەستەڵەک ئاساکان. گرنگ گوتنی هەمـوو شتێکە، گوتنی ئەو شتانەیشـە، کە نەگـــوتراون و نـــاگوترێن. ســـڵکردنەوە لە درکانـــدن و گـــوتنی ڕاستییەکان و ناڕاشکاوی و پێچخـواردنەوە لە وەڵامـدا، بێجگە لە نەوێـران و ترسنۆکی، گـومڕێی و وێڵکـردن و بەلاڕێدابردنی خەڵکە و زیانیشـە بە کۆمەڵ و مرۆڤایەتی و پێشکەوتن. مـن هـیچ ناسنامەیەک، هیچ ڕەنگێک، هیچ چوارچێوە و سنووڕێک، بەم دیدارانەی خـۆم نـادەم و ئازادانە و بـێ هــیچ گرێــدراوییەک بە ســەرەداوێکەوە، بەنێــو وشــە و دەســتەواژە و هزرەکانـدا دێـم و دەچـم و لەدواییشـدا، ئەوەی دەیڵـێم زادەی دیـدی خۆمە، تۆی خوێنەر، ئەگەر مەرجی ڕاشکاوی و ڕاستگۆییت تێیانـدا وەدی نەکـرد، بـۆ خـۆت سەرپشـکبە و بیـانخە چوارچێـوەیەکەوە، کە بـۆ خـۆت پێتباشە.

هـەر بـەرایی و پێشـەکی و پـەیڤێک بـۆ چـاپی دووەمـی"ئـەوەی نـابێ بگــوترێ دەبــێ بگــوترێ" بنووســم، ناگاتــە تــۆزی قــول و قاپەڕەقــەی پێشەکییەکەی کاک حەکیم کاکەوەیس، بۆ چاپی یەکـەمی ئـەم کتێبـە، کـە ساڵی 2004، چاپ و بڵاو کرایەوە. پێشموایە ئەو پێشـەکییەی کاکـەوەیس، کە تەنیـا بـۆ دیـدارەکەی خـۆی نووسیبووی، نـەک تـەنیا بـۆ ئەو دیـدارە، بەڵکـە بـۆ هـەموو دیـدارەکانی دیکـەش دەسـتدەدات و وشـەکانی مـن ئەگـەر بـە باڵای وشـەکانی کاکـەوەیس بگیـرێن، کـورت دێـنن و کزۆڵـە و سیسەڵە و شەرمن و گرگن دێنە بەرچاو، بۆیە پێشەکییەکەی کاکـەوەیس لـــەم چاپەشـــدا، وەک چەپکـــەگوڵێک، وەک ئـــاوازێکی خـــۆش، وەک شـنەبایەکی فێنـک، وەک بەرامەی شـەوبۆ و بـاران، وەک خەندەیـەک و بزەیەکی شیرین، بەدەمتەوە دێت.

ئـەوەی مـن لێـرەدا لەم پەیڤەکـورتەدا دەیڵـێم، پێشـەکی نییـە، تـەنێ ڕوونکردنەوەیەکی کورت و ساکار و سادەیە لەمـەڕ چاپی دووەمـی ئـەم

کتێبە. چاپی یەکەم، تەنێ یەک دیداری گرتبووە خۆی، ئەویش لەگەڵ کاک حەکیم کاکەوەیسدا بوو. ئەم چاپی دووەمە، چەند دیدارێکی دیکەش دەگرێتە خۆ، کە هەم لەگەڵ کەسانی جیاوازدا ئەنجامدراون و هەم بابەتی جیاوازیش لەخۆ دەگرن. دیدارەکان، بە گوێرەی مێژووی سازدانیان ڕیزکراون.

لە چاپی دووەمدا، پێداچوونەیەکیشم بە سەرجەمی دیدارەکاندا کردووە و بڕێکی کەم هەڵەم تێیاندا بەرچاوکەوتن، کە ڕاستم کردوونەوە. هەر ئەو ڕۆژگارەی دوای بڵاوبوونەوەی دیدارەکان، چ وەک کتێب یا لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، بۆخۆم جارێکی دیکە پێیاندا چوومەتەوە و هەر ئەودەمانە، لەو ڕەشنووس و پاکنووسانەی تەواوی ئەو دیدارانە، کە لای خۆم هەن، لە هەندێ جێگەدا، چەند وشەیەک یا چەند ڕستەیەک یا چەند بڕگەیەکی پێویستم زیادکردوون یا لابردوون، کە لەکاتی سازدانی دیدارەکاندا، لە یادم نەبوون یا بەسەرمدا تێپەڕیبوون. ئێستا لەم چاپەدا ئەو بڕە گۆڕینانەشم لە وەڵامەکاندا زیاد کردووە.

ئەوەی لە ڕووی ماددییەوە کۆمەکی بە چاپی یەکەمی ئەم کتێبە کرد و گرتییە ئەستۆی خۆی، کاک سەرۆ قادر بوو و کاک ئاکۆ موحەممەدیش، لە هەموو ڕووەکانی دیکەوە، پێیەوە شەکەت بوو، یەک حەمکە سپاسیان دەکەم، خودا خێریان بنووسێت و لە منیان نەسێنێت و هەر هەبن.

ئەمجەد شاکەلی
2015 - 06 – 19

# بەسەرهاتی ئەم دیدارە

کـە دێـم باسـی کێشـەکانی باشـووری کوردسـتان دەکـەم، دەڵێـی پووشـکەیەک کـەوتۆتـە چاومـەوە. لێـی دەگـەڕێم، حـەوانـەوەم لـێ هەڵدەگرێ و دوور نییە کوێریشم بکا، لێی ناگەڕێم و دەسکاری دەکەم، کـارێکی هێنـد هـەستیارە پێـی نـاوێرم، نـەبا زەرەر بـە نـەتـەوەکـەم و وڵاتەکەم بگا و دوایی پەشیمان بم. خۆ ئەوانەی لەو بەشەی کوردستاندا پووشکە لە چاوان دەردێنن، بە بەر چاومانەوە هەزارانیان کوێر کردووە و باکیان نییە. ئەدی چارە؟!. چارە هـەر ئـەوەیـە بـە پرسوڕا و بـە وریایی خـەریکی بم و وەک منـداڵ بـوێرم بڵـێم: پاشا ڕووتـە!. دادگـای هـەولێـر، بەپێی یاسای بەعس، لـە سـەر ژنهێنـان شـەش مانـگ حـوکمی دام، بـەڵام منێکـی ئـەوسا 52 سـاڵ، لـەبـەر ئـەوەی(شـاب فـی مقتبـل العمـر)بـووم، حوکمەکە جێبەجێ نەکرا!. دەی نەفامە قەیدی ناکات!. ئەمە سووکایەتییە و بە مرۆڤ دەکرێ و مافی خۆمە لای پارێزەرانی مافی مرۆڤ شکات بکەم!. دوو مرۆڤی بێ هاوسەر، بەبێ کێشە پێکهاتوون هاوسەر بن و خێزان پێک بهێنن، دادگا و قازی چ دەخلێکیان بە سەریانەوە هەیە؟.

کەچی دادگای هەولێر بۆ دزینی هەموو هەولێر و هەموو کوردستان، نەک کەس حوکم نادا، بەڵکو ئەوەی باسیشی بکا حوکمی دەدا. ئاخر دادگا پشتی بە یاسا کۆنەکەی بەعس بەستووە!. دادگای حکوومەتەکەی سلێمانیش هەمان سەرچاوەی یاسایی هەیە!. ئەمە پووشکەیەکە و لە چاومدایە و ئازارم دەدا. لێبگەڕێم چاکە یا بۆ چارەسەر باسی بکەم؟. نا، ئەوەی نابێ لێی بدوێین، دەبێ لێی بدوێین. "نابێ"ی ئەوان "دەبێ"ی ئێمەی دەرەوەی بازنەی ئەوانە.

که تۆ هاتی تاڵانت کرد، شتێ لە ناختدا تاڵان دەکرێ و هەتا ماڵی تاڵانی نەدەیتەوە خاوەنی، تاڵانکراوی ناخت نادرێتەوە. کە دزییەکت کرد، شتێک لە ناختدا دەدزرێ و هەتا دزراوەکە نەدەیتەوە خاوەنی خۆی، دزراوەکەت نادرێتەوە. کە خیانەتێکت کرد، ئاسوودەییت لە دەست دەچێ. ئیدی دەتەوێ جێی ئەو تاڵانکراو و دزراوەی ناخت پڕ بکەیتەوە و ئاسوودەیی بە دەست بێنی، بێ فایدەیە. نە ناخت پڕ دەبێتەوە، نە ئاسوودەیی دەبینی. ئیدی لەگەڵ نائاسوودەییدا ڕادێیت و تاڵانی تر دەکەیت و دزیی تر دەکەیت و خیانەتیش وەک دەنکە تەزبێح بە دوای یەکدا دێن و لە خەرمانی مرۆڤایەتی و ناخت تاڵان دەکرێ و لێی دەدزرێ تا هیچت نامێنێ لێت تاڵان بکرێ و لێت بدزرێ. ئەوسا دەبیتە بوونەوەرێکی نامرۆڤی بێ هەست یا سیاسەتمەدارێکی لێهاتووی تەقڵەباز، کە بۆ هیچ شتێ ئۆف ناکەیت و وەک ئەژدەهاک بە خوێن و خیانەت و دزی و تاڵان بەردەوامی بە بوونی خۆت و دەسەڵاتی خۆت دەدەیت. حەزکەی بەغدا پایتەختی تاوانە و حەزیشکەیت دایکی نیشتمانە. حەزکەیت پایتەختی زۆرداریيە بەرانبەر کورد، حەزیش کەیت گەورەترین شاری کوردانە، با هەموو کوردەکانی بەغدا بۆیاغچی و حەماڵ و خزمەتکاری برایانیش بن. ئەم گۆڕانە بە ڕۆژێک و دووان دروست نابێ و بە دزینی دینارێک و دووان ناقەومێ. ماوەیەکی زۆر و

سەنگەرگۆڕکێی زۆر و دەسبڕینی زۆری دەوێ. ڕەنگە لە ماوەی یەک سەدەدا هەر دەستەیەک مرۆڤی وا لە کورددا یا لە هەر میللەتێکی چل ملیۆنی تردا بخولقێن: کە ئەی ڕەقیب بە خەڵک دەڵێن، مەبەستیان (زێڕە)یە. کە چەک لە بەغداوە دێنن و کۆی دەکەنەوە تا شۆڕشی پێ بکەن، مەبەستیان ئەوەیە لە ئەنجامدا تەسلیمی بەغدای بکەنەوە. کە دەڵێن کورد ڕزگار دەکەین مەبەستیان پاراستنی یەکایەتی خاکی عیراق و خزمەتی دەسەڵاتی داگیرکەرە. کە دەشڵێن(بژی برایەتی کورد و عارەب) دوور نییە مەبەستیان ڕزگارکردنی نێوان نیل و فورات بێ. کە لە دژی بەغدا ڕادەپەڕن بۆ ئەوەیانە جێی خۆیان لە ناو بەغدا خۆیدا خۆش بکەن. کێ دەزانێ چی دەکەن؟!. هەر ڕەخنەیەکیش بگریت، پێت دەڵێن کاکە ئەمە سیاسەتە!. سیاسەتیش هەر لای ئێمەی کورد ئاوها سووک و ڕسوا کراوە و بۆتە جاسووسێتی و بەعسایەتی...

ئەم دیدارە، کە بەر لە دوو ساڵان لەگەڵ (ئەمجەد شاکەلی)دا ئەنجام دراوە، سەری بەلای ئەو باسانەدا دەخورێ. بۆ من، پووشکە لە چاو دەردەهێنێ و کارێکی هەستیار و مەترسیدارە: ئەم و ئەو ئازار دەدا و هاوار لەوی دی هەڵدەستێنێ. بۆیە بە زەحمەت جێی خۆی دەکاتەوە. ئەم دیدارە، قەرار بوو لە گۆڤاری (سەرخۆبوون)دا، کە کاک (ئاکۆ محەمەد) سەرنووسەرێتی(یا سەرنووسەری بوو) بڵاو بکرێتەوە. بۆ بەرکولێش، دوو بەشی لە ڕۆژنامەی (میدیا)ی بوێردا بڵاو کرایەوە و سەدایەکی باشی هەبوو. بەڵام دیارە هەر کەسە و بە یاری خۆیدا هەڵدەڵێ: ئەگەر ئەهلی ڕۆژنامە و جیهانی فکر و ئەدەب، کەوتە سەر خەیاڵی کۆشک و تەلار ئیدی دەستی لێ بشۆ و لایەنە مەعنەوییەکە دۆڕاو دەردەچێ. کە ڕۆڵی یەکەمایەتیت بە نووسین و جیهانی فکر و کوردایەتی و ڕاستیش دا لایەنی پارەت لاواز دەبێ و دەبێ بە دوای خێرخوازێکدا بگەڕێیت بەرهەمەکەت بڵاو بکاتەوە. کە هەموو شتێ

کەوتە خزمەتی دەسەڵات و پارەوە، فکر و ڕۆشنبیری و زمان و هەڵوێست و کوردایەتیش بوونە پەراوێزی(دەسەڵات و پارە) و کەوتنە خزمەتیانەوە. سەرچاوەی دارایی (سەرخۆبوون) و (میدیا)ش چکی کرد. کەچی بۆ کەرەستەی تر پارە لافاوە و بنی نایێ...لە کاتێکدا کە دەبوو (میدیا) ڕۆڵی خۆی لە گۆڕانکارییەکانی ئەو دواییەدا ببینێ و بەرانبەر لافاوی عیراقچێتی و خۆبەعارەبکردن(تعریب زاتی)ی حیزبەکان دەنگی هەبێ، خنکێندرا و دەنگی کپ کرا تا زەرەری بۆ پەزی بەرژەوەندی و کوێرکردن نەبێ. (سەرخۆبوون)یش هەر دەرنەچوو. شەوی سوور، مێزی چەوری تێر و حیسابی واڵا و بەزمی (جوعەل)ی (نالی)ش لە ناو مەعشەری پارەخۆران و کورسیداراندا لەوێ بوەستێ. گۆڤاری چی!. با ڕەخنەگران هەر لە زگی خۆیان بدەن!.

بەدبەختی لەوەدایە کە نووسەری کورد کوردن و نووسینیش لای کورد نان نادا. واتە بێ پارەن و زۆرینەی هەرە زۆری پارەداریش دواشتێ بیری لێ بکەنەوە ئەوەیە خێرێک بە فکری کورد و بەرژەوەندی کورد و ئەدەبی کورد بگەیەنن. تۆ وەک دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ئێستای باشووری کوردستان خەریکی تەعریبی زاتی بیت چ زۆرە پارە زۆرە...ئاسانە: تەلەفۆن بۆ کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی کوردی بکە و داوای گۆرانی سەعد الحلی یا خضیری ئەبوعەزیز بکە، پارە دەبارێ!. بڕیار بدە کە مەلا مستەفا عیراقچێتی کردووە نەک کوردایەتی، پارەت بە سەردا دەبارێ. بەڵام کە هاتی گوتت: پارێزەرانی کوردستان دزی کوردستانن، نەک هەر پارەت نابێ، ئەوەی هی خۆشیشتە وەک هەڵم بە ئاسماندا دەچێ. قوڕت بەسەر!...ئەمە قەدەرتە!. دیدارەکەم دایە گۆڤارێکی کوردی، تا لەوێ بڵاو بکرێتەوە، بەڵام دوای چەند ڕۆژێک بە هێندێ خەتی سووری ستوونی و ئاسۆییەوە بۆم هاتەوە: ئەم گوتارە توندە و هەستی خەڵکی زامدار دەکا. بەڵێ ڕاستە هەستی خەڵکی زامدار

دەکا و پووشکە لە چاوان دەردێنێ، بەڵام وەرە پێم بڵێ یەک نووسەری کورد هەیە، هەر لە مەسعود محەمەدی بیرمەندی گەورەی کوردەوە بگرە، کە هەر بە خەم کوشتیان، تا دەگاتە نووسەرێکی لاو کە یەکەم بەیتی بڵاو دەکرێتەوە و لەو نێوانەشدا سەدانی تر، هەموو کەسی لێ ڕازی بن؟. ئاخر ئەگەر باسی خوداش بە چاک یا بە خراپ بکات، هەموو کەسی لێ ڕازی نابن. چی بە مەسعود محەمەد نەکرا؟. مەرجە و دەبێ بۆچوونەکانی ئەمجەد شاکەلی هەموو کەسیان لێ ڕازی بن؟. ناوی یەک کەس بێنە تا من بڵێم کەسێکی (چاک)ە و نیوەی کوردم لێ نەڕەنجێ!. ئەو کەسە سەر بەملا بێ ئەولام لێ دەڕەنجێ و سەر بەولا بێ ئەملام لێ دەڕەنجێ. بۆ (خراپ)یش هەر وایە. ئەمجەد شاکەلی، ئەگەرچی مەرج نییە هەموو بۆچوونەکانیم لەم دیدارەدا بە دڵ بن یا ڕەخنەم لێی نەبێ، وەک مەرج نییە ئەو ئەم بۆچوونانەی منی بەدڵ بن، کارێکی وای کردووە، هەم ئەولا و هەم ئەملا لێی بڕەنجێن. ئەو، وەک باران گوێی نەداوەتە ئەوەی کێ تەڕ دەکا و کێ خەنی دەکا...ماڵی کێ وێران دەکا و زەویوزاری کێ پاراو دەکا...بۆچوونەکانی ئەمجەد شاکەلی کەوتوونەتە بەرەی سێیەمەوە و نە ترسیان تێدایە نە خاترگرتن نە تەمای پارە و پلە و پایە، بۆیە تا ماوە هەر دەبێ بە تەمابێ بۆی چاپ بکرێ!. خۆ قیرسیایەکی وەک (میدیا)ش نییە بە دوای ڕاستیدا بگەڕێ و بە پارەی ڕەخنەلێگیراو و سەرودڵگیراو چاپی بکا!...

پیاوێکی وەک بەهەشتی مەلا مستەفا، کە دوژمنانی لە سەر تێکشکاندن و ناوزڕاندنی دەژین و دۆستانیشی لە سەر پێداهەڵدانی، دۆستە سیاسەتبازەکانی خۆی، بێ وەفایانە، کردوویانەتە یاریدەری هاوکێشەی ڕۆژانەی خۆیان: حەز کەن باوکی نەتەوەیی کورد بووە و بە ئەمانەت ئاڵای کوردستانی لە قازی وەرگرتووە و داگیرکەریش نەماوە بە دەستی ئەو پیاوەی نەخواردبێ، حەزیش کەن عیراقچییەکی وا بووە

عـارەبـی سـوننەی تکریتـی نـەگـاتێ و هـەرچـی شۆڕشـێکی کـردووە بـۆ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراقی بووە و قەت بۆ کورد و کوردستانی نەکردووە و مام هەژاریش چی گوتـووە گاڵتـەی کـردووە!. گوناحـە ئـەو پیاوە!.

کەس هەقی بەسەر کەسێکەوە نییە کە ئەمڕۆ جامبازی دەکات و سبەی دەبێتە شۆفێر و هێندە نابا دەبێتە تەڕەفرۆش یا پۆستەچی. ئەمە زەرەری بۆ کەس نییە و کەسیش ناوی ناهێنێ. بەڵام کابرایەک دوێنێ بە ناوی ڕزگارکردنی کوردەوە داویەتییە شاخ و لە بنەوە بەعسی بووە، یا بـە یارمـەتـی سـوپای عیـراق چـەکی گەیاندۆتـە شـاخ تـا دژی عیـراق شۆڕش بەرپا بکا یا ناردراوەتە سەرکردایەتی ئەملا تا شەڕی ناوخۆ خـۆش بکـا یـا بـەشـداری ڕاستەوخـۆی لـە ئـەنفالـدا کـردووە و ئـەمـڕۆ دەسەڵاتدارە یا لە ڕاهی خودا ئەم و ئەوی بە گرتن و کوشتن داوە و ئـەمـڕۆ دەسـەڵاتی هەیـە و گومـان دەخاتـە پـاکبوونی مـن و تـۆ، وەک تەڕەفرۆشەکە نییە و دەبێ، ئەمڕۆ بێ یا سبەی، باس بکرێ و هەق و حیسابێکی لەگەڵدا بکرێت. یا کابرایەک کە دوێنێ گوێبڕی خەڵک بووە و ئەمڕۆ وەزیرە یا دوێنێ سەرەک جاش بووە و ئەمڕۆ مودیرە، وەک کـەسانێ نییـە بـە دەم ترسـی گـرتن و کوشـتنەوە لـە سێبەری بـەعسـدا ژیاون و کاری مەردانەی خۆیان ئەنجام داوە تا باس نەکرێن!. هەموو کەس لەو بابەتە خەڵکە بێدەنگ بن، ئەمجەد شاکەلی لێیان بێدەنگ نییە. ئێستاش دەزگای چاپ و پارە و ژیان و نانی خەڵکی هەر بە دەست ئەوانەوەیە و بە دەست گوێبڕ و جاش و بەعسییەوەیە. ئەوەی بڵاویشی بکاتەوە، هیچی لێ نەکەن نانی دەبڕن و کەسیش نایەوێ بۆ قسە و بۆچوونەکانی بابایەکی وەک ئەمجەد شاکەلی، کە تەنها وشە چەک و کەرەسەیەتی، خۆی نانبڕاو بکا...نانبڕین و گوێبڕینیش یەک سەرچاوەیان هەیە!.

تا دوێنێ بە (ئەی ڕەقیب) و (کوردستان یا نەمان) و (یا حەمرین یا ئەمرین) خوێنمانیان دەهێنایە جۆش و لێمان دەکوژرا. ئەمڕۆ هاواری دونیا بکەن (بلادي بلادي) کارمان تێ ناکا و با هەر سیر بخۆن و زوڕنا بژەنن!. ئێمە وەک ڕووەک، کە ڕواین و فێرە خۆر بووین ئیتر نازانین و ناتوانین گەشە نەکەین...دەبێ لە بەعسیش خراپتر بێن و لە ڕەگەوە هەڵمانکێشن!. تازە کەوتینە سەر سکەی ئەی ڕەقیب و تا دەمانبەنەوە سەر خەتی (بلادي) و عرووبە، چاویان سپی دەبێ و پەڕ بە کلکیانەوە نامێنێ. کاتی خۆی، خەتی جەلالی ناو پارتی خەڵکیان بەوە گۆش دەکرد کە مەلا مستەفا خائینە و سەربەسەر کوردستانی داوەتە سێو. ئێستا، سەرکردەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خۆشیان کەوڵ کەن ناتوانن باوەڕ بە لایەنگرانی خۆیان بێنن کە مەلا مستەفا خائین نەبووە یا حەزی لە سێو نەکردووە تا کوردستانی پێ بدا. دوایش مێژوو سەلماندی نەک باڵەکان، کە مەلا مستەفا قارەمانی نەفرۆشتنی بست بە بستی کوردستان بوو نەک خائین. ئەی ڕەقیبیش جێی بە (عیراقی و بیلادی بیلادی) پڕ ناکرێتەوە. ئەمجەد شاکەلی دژی دەستبڕی و دووفاقانەیی و سەنگەرگۆڕکێ دەدوێ. باسی هێندێ شتی نەگوتراو دەکا بۆیە بڵاوکردنەوەی زەرەری هێندێ پەزی تێدایە. خۆزگە ئەوانەی بەر ڕەخنەی  ئەمجەد شاکەلی کەوتوون، جامباز و شۆفێر و تەڕەفرۆش و پۆستەچی بوایەن تا منیش گلەییم هەبوایە و لە هۆڵی بڵاوکردنەوەی دیدارەکەدا نەبوومایە. بەڵام گۆڕینی حیزب و شۆڕش بە شەریکەیەکی پشکداری دیاریکراو(شركة مساهمة محدودة) ی چەند کەسێکی وەزارەت و دەزگاکان بۆ پارەپەیداکردن، بۆ بێدەنگی نابێ و بێدەنگبوون کەلێن دەخاتە دڵسۆزیی کوردی دڵسۆزەوە. زەقترین شایەدی ڕەوابوونی ڕەخنەی ڕەخنەگرانی کورد (بە ئەمجەد شاکەلی)شەوە لە حیزبەکان ئەوەیە کە مەعاشی مانگانەی نوێنەرانی میللەت(!!) واتە

ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماوەی 11 ساڵ بە لای کەمەوە 15000 دینار بوو و هەتا مارینزی ئەمەریکایی ئەو مەعاشەی لێ کەم نەکردنەوە، بە خۆیان کەمیان نەکردەوە و گوێیان لە پێشنیازی کەسیش نەگرت. لە کاتی تەنگانەشدا ئەو مەعاشەیان هەر هەبوو و بە مامۆستایانیشیان دەگوت: "مامۆستا سەر بۆ مەعاش شۆڕ ناکات"، یا "ئەگەر مامۆستا مان بگرن، بیست ساڵیش خزمەتیان هەبێ فەسڵ دەکرێن". لە ماوەی ئەو 11 ساڵەدا، هەر ئەندامێکی پەرلەمان زیاتر لە 2 ملیۆن دینار پارەی لرف کردووە جگە لە بەخشیشی خانووبەرە و ئۆتۆمبیل، و جگە لە وەزیرەکان کە هەر نەسرییەیان چوار پێنج ئەوەندەیە و ئەمەریکا هات لەوانیشی کەم کردەوە. کۆی داهاتی نوێنەرانی میللەت(!!) لەو ماوەیەدا 400 ملیۆن دینار چاپی سویسری زێترە. جا ئەگەر نیوەی ئەوەیان وەرگرتبا، بە نیوەکەی دی چی بۆ کورد دەکرا و چەند شەقامی پێ چاک دەکرایەوە و پەنا بۆ چەند ئاوارەی کەرکووک و خانەقی دابین دەکرا و لە قوڕاوی بنی سلاوە و دەربەندی بازیان دەخەلەسان؟!. کاسبکارانی کورد لە دەست پۆلیس هەڵدێن و خۆ حەشار دەدەن چونکە کاسبی سەر شۆستەکان دیاردەیەکی ناشارستانییە(!!) بەڵام لە گەڕەکی لێپرسراواندا، سەر شۆستەکانیان کردۆتە باخچە و چیمەن و پەرژینیشیان بۆ کردوون، ناشارستانی نییە!. لێقەوماوانی کورد لای ئەمەریکاییەکان شکات لە لێپرسراوانی کورد دەکەن و ئەوان شکاتیان دەپرسن و بە دەنگیانەوە دەچن. کە هیچ لەو دیاردەی نارەزایی و شکاتکردنە تێنەگەن، لەم دیدارەش تێناگەن و با هەر تێنەگەن!. ڕەنگە هەبێ بڵێ: لەم بارودۆخەدا ناوزڕاندنی حیزبەکان زەرەری بۆ کێشە نەتەوایەتییەکەمان هەیە(پووشکەی ناو چاومان دەردێنن و ئەگەر سەریان لێ بشێوێ کوێرمان دەکەن). بەڵام تۆ بڵێی هیچ یا کەس هەبێ هێندەی حیزبەکانمان بۆ نەتەوەکەمان کێشە بێ؟!. کەس و لایەن هەیە هێندەی

ئـەوان لـە داخـوازی نـەتـەوەیـی کـورد هاتبێتـە خـوارێ؟. کـەس هێنـدەی ئەوان گاڵتەی بەو هەموو خوێنە دێ کە لە بەر کورد ڕۆیشتووە؟. کەس هێندەی بـەرپرسـەکانی کـورد بـە لالووتـەوە و بـە دەم باڵۆرەی برایـەتی ئـەنفـالکراو و ئـەنفالچییەکانـەوە دەڕوانێتـە ئـەو هـەمـوو کـەللـەسـەرە ئەنفالکراوانەی ئێستا لە گۆڕ دەردەهێنـرێن؟. کـەس هێنـدەی ئـەوان لـەو کچـە کـوردە ئـەنفالکراوانـەی کـە لـە قـاهیرە بـۆ بـرا عـارەبـەکانمان بـای دەدەن بێ خەم و بێ باکە؟. کەس هێندەی ئەوان بە کاسبییەک، کە پێی دەگـوترا شـۆڕش و حیزبایـەتی و کوردایـەتی و ئێسـتا پێـی دەگـوترێ حکوومـەت و پـەرلـەمـانی سـاوا دەوڵـەمـەنـد بـووە؟. کـەس هێنـدەی ئـەوان..نـا، کـەس نییـە...بـە نووسـینی لـەم بابـەتـە و نـاڕەزایـی خـەڵکی کوردستان یا چاک دەبن یا لا دەچن یا ئەوانیش دەکەونە خانەیەکەوە کەس بەخیلییان پێ نەبا و خۆزگەیان پێ نەخوازێ.

حەکیم کاکەوەیس
2003 /06/29 سوێد

**ئەوەی نابێ بگوترێ،**
**دەبێ بگوترێ**

***حەکیم کاکەوەیس: دەیڤد ئادەمسن لە کتێبی (شەڕی کورد)ا، کە جەرجیس فەتحوڵڵا کردوویەتییە عارەبی، لە سێ جێدا باسی ئەوە دەکا، کە کورد دەرپێ و فانیلەیان بۆ شوشتووە و وشککردۆتەوە. ئەوە بە ئاگاداریی لێپرسراوە حیزبییەکانیش کراوە. ئەمە چ دیاردەیەکە و چی دەگەیەنێ؟***

ئەمجەد شاکەلی: کورد یەکێکە لە گەلە ڕۆژهەڵاتییەکان و وەک گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵات و بەپێی تیۆریی "میوان خۆشەویستی خودایە"، هەمیشە میوانی خۆشویستووە و میوان بە لایەوە میوانی خودا بووە. مرۆڤی کوردیش، وەک هەموو خۆرهەڵاتییەکی دیکە، ئامادەبووە بە هەموو جۆرێک خزمەتی میوانی بکات و ئەوەی لە توانستیدا بوویێت بۆی کردووە. ڕەنگە جۆتکارێکی کورد و ماڵەکوردێکی ئاسایی، هەر بەو شێوەیەیان نۆڕیبێتە "دەیڤید ئادەمسن"، بەڵام کە دەرپێ و فانیلەی بۆ شۆردراوە، بە ئاگاداریی بەرپرسە حیزبییەکان، کە "موستەفا قەرەداغی" ناوێک، یەکێک بووە لەوان، دیارە ئەوە باسێکی دیکەیە. ئەو لێپرسراوانە

ڕەنگبێت ئەو کارانەیان، بۆ پتر خۆنێزیکخستنەوە لە ئادەمسن و خۆخۆشەویستکردن لە کن وی، کردبێت.

ئێمە هەموومان دەزانین. زۆرجاران هەستی خۆبەکەمزانین و هیچایەتی، تا ئەوپەڕی سووکبوون، لە کن وەها بەرپرسگەلێک، بەرانبەر نەک تەنێ ئەو ئادەممسنە. بەڵکە هەموو ئادەممسنە ئەورووپاییەکانی دیکەش، هەبووە و هەیە. موستەفا قەرەداغی، کە دەرپێی پیس و قرێژی، ئادەممسنێکی ئەورووپایی، کورد گوتەنی "قنگنەشۆر"ی، بە کوڕە کوردی پێشمەرگە، یا بەندکراو شۆردبێت، خۆی گەیاندووەتە، ئاستی نۆکەری و کۆیلەیەتی بۆ ئادەممسن. لەو بڕوایەدام، تەنێ موستەفا قەرەداغییش نەبووە و نییە، کوردی لەبەردەم بیانییدا، وەها سووک کردبێت و بکات، بەڵکە گەلەک جاران، وەها ڕەوتارێک، لە لایەن بەرپرس و سیاسەتکارانی کوردەوە، بەرانبەر داگیرکاران و بیانییان و ئەورووپاییان نوێنراوە و دەنوێنرێت و دەست لەسەرسینگ لە خزمەتیاندا ڕاوەستاون و ڕادەوەستن و موستەفا قەرەداغیانیشمان هەرگیز کەم نەبوونە و کەم نین.

ئێمە ئەگەر ئاوڕێک لە دیرۆکی کورد بدەینەوە، ڕوونتر دیاردەی خۆبەکەمزانیی بەرپرس و سەردار و دەسەڵاتداری کوردمان بۆ دەردەکەوێت. وەنەبێ نیشاندانی خۆبەکەمزانیی، تەنێ بەرانبەر ئەورووپاییان بووبێت، بەڵکە لەهەمبەر دەسەڵات و خەڵکانی دەوروبەری وەڵاتەکەی خۆیشماندا بووە. ئەگەر هانابردنی سەردارێکی کورد، بۆ لەشکری تورک، عەجەم یا عەرەب و پاڕانەوەی، لەبەردەم سەردارانی ئەو وەڵاتانەدا، بۆ کۆمەک پێکردنی، دژی سەردارێکی دیکەی هاوزمان و هاوڕەگەزی خۆی، چ لە ڕۆژگاری کۆندا و چ لەم سەردەمەدا، خۆبەکەمزانیی و سووکایەتیبەخۆکردن نەبێت، دەبێ چی ناو بنێین؟ کە قازی موحەممەد، تا میاندواو، بەپیری سەرلەشکری ئێرانەوە دەچێت،

ئەو لەشکرەی، کە هاتووە کۆمارەکەی بڕووخێنێت و بۆ خۆی دەستگیر بکات، خۆبەکەمزانیی و سووکایەتیبەخۆکردن نەبێت، دەبێ چی بێت؟ کە "جەلال تاڵەبانی" و "ئیبراهیم ئەحمەد" و چەکدارەکانیان، لە بارزانی هەڵدێن و ڕوودەکەنە ئێرانی شا و بە سەردانەواندنەوە بە ژێر ئاڵای ئێراندا دەپەڕنەوە و دەبرێنە سەربازگە و ساواکخانە و لاتخانەکانی هەمەدانێ و پاشان دێنەوە بەغدا و دەستدەکەن بە ڕاوە پێشمەرگە و خزمەتی حوکوومەتی عیراق و بەعس، سووکایەتیبەخۆکردن و خۆبەکەمزانیی نەبێت، دەبێ چی بێت؟ کە سەرانی کورد، پاش ئەنفال و ژاربارانی هەڵەبجە، دەچنە بەغدا و دەم و لەووس و ڕوومەتی "سەددام حوسەین"، ڕادەمووسن و دەلسنەوە و دەستدەخەنە نێو دەستی "عەلی کیمیایی" و لەگەڵیدا دادەنیشن و پێدەکەنن و وێنەی لەگەڵدا دەگرن، سووکایەتیبەخۆکردن و خۆبەکەمزانیی نەبێت، دەبێ چی بێت؟ ئێمە هەموومان، ماچە مێژووییەکەی "جەلال تاڵەبانی"مان هەرگیز لە یاد ناچێت، کە چۆن نووسابووە ڕوومەتی سەددام حوسەینەوە و لێی نەدەبووە، دەی ئەوە چ ناوێکی لێ بنرێت، ئەگەر سووکایەتیبەخۆکردن و خۆسووککردن نەبێت؟ هەر ئەو ساڵی 1991ە و لە کاتێکدا، کە کۆمەڵێک هونەرمەندی جیهانی و کورد لە شاری لەندەن خڕبووبوونەوە و کۆنسێرتێکیان ساز کردبوو و گۆرانییان بۆ کورد و کۆڕەوەکەی کورد دەگوت و دەیانەویست ئازار و نەهامەتییەکانی کورد و تاوانەکانی ڕێژیمی بەعسی عیراق، بە هەموو جیهان بگەیەنن و پێشان بدەن و پارەیەکی باش، بۆ کۆمەککردن بە کورد خڕکەنەوە، ڕێک لەو شەوەدا و لەو کاتەدا، "مەسعوود بارزانی"، لە بەغداوە، بەغدای بەعس و سەددام حوسەینەوە، تێلەگرافیان بۆ دەشێنێت و دەستخۆشییان لێ دەکات، باشە دەکرێ ئەمە، بێجگە لە سووکاتیبەخۆکردن و خۆبەکەمزانیی، ناوێکی دیکەی لێ بنرێت؟ "عەبدوڵڵا ئۆێجالان"، بە ناوی

شۆڕشەوە و بۆ جوێبوونەوە لە تورکیا و سەرخۆبوونی کوردستان، هەزاران لاوی کورد بە کوشت دەدات و دەبێتە هۆی وێرانبوونی هەزاران ئاوایی کوردستان و پاشانیش، کە بە دیلی دەگیرێت، کڕنۆش بۆ ژەنەراڵەکانی تورکیا و میت دەبات و بۆ خۆڕزگارکردن، باس لە تورکبوونی دایکی دەکات ئەگەر سووکایەتیبەخۆکردن و خۆبەکەمزانیی نەبێت، دەبێ چی بێت؟ کە یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بە فەرمان و کۆمەک و چەکی حوکوومەتی عیراق و حیزبی بەعس، لە 1983دا و لە پشتاشان و قرناقا، هێرش دەکاتە سەر پێشمەرگەکانی، کۆمەڵێک حیزبی کوردستانی و عیراقی و دایاندەپڵۆسێت و دەستیان لێ ناپارێزێت و تەنانەت ژنانیشیان نابوێرێت و دەیانکوژێت، خۆبەکەمزانیی و سووکاتیبەخۆکردن نەبێت، دەبێ چی بێت؟ کە قاسملوو و شەرەفکەندی، بە پێی خۆیان دەچن، لەگەڵ پاسدار و مانەندی وان، دادەنیشن و باس لە چارەسەرکردنی کێشەی میللەتێک دەکەن و تەنێ دوژمنانیان، نەک دۆستانیان، بە جێ و کاتی جقینەکانیان دەزانن و پاشان بە دەستی لایەنی بەرانبەریان دەکوژرێن، سووکایەتیبەخۆکردن و خۆبەکەمزانیی نەبێت، دەبێ چی بێت؟

تۆ بەراوردی هەڵوێست و ڕەوتاری سەرانی ئێستای کورد بکە، کە بە هەڵەداوان و غاردان و بۆ بچووکترین شت، خۆ دەگەیەننە بەردەم دەسەڵاتدارانی حوکوومەتە داگیرکەرەکانی وەڵاتەکەیان، لەگەڵ هەڵوێست و ڕەوتاری سەربەرزانە و جوامێرانەی مەلا مستەفای بارزانیدا، کە هەر لە ساڵی 1961ەوە، کە ئیدی بەغدای بەجێهێشت و بە درێژایی ساڵانی شۆڕشی ئەیلوول و چوار ساڵە ئاشتییەکەیشی لەگەڵ بەعسدا، هەرگیز ڕووی نەکردەوە بەغدا، بەڵکو سەرانی بەغدا، خۆیان دەهاتنە خزمەتی. خەڵکی کورد، ئێستاش بۆ گاڵتە و زاخاوی مێشک و نوکتە و ڕابواردن، باسی پەلەپەل و هەڵپەهەڵپ و دەمەقاڵە و

پاڵبەیەکەوەنانی، "نەوشیروان مستەفا" و "ڕەسووڵ مامەند" دەکەن، کە لە سەر پلیکانەکانی، یەکێک لە کۆشکەکانی سەددام حوسەین، بۆ گەیشتن بە خزمەت و دیداری وی، لە کاتی گفتوگۆیاندا، لەگەڵ ڕێژیمی بەعسدا، ساڵی 1991، وەک نموونەی سووکاتیبەخۆکردن و خۆبەکەمزانیی، دەگێڕنەوە. کە کارمەند و هەڵسووڕێنەرانی سەر بە حوکوومەتی نێوەندیی و نەتەوەی سەردەست، لە کوردستان، هەر بەشێکی کوردستان، کاریان کردووە و کار دەکەن، گەلێک زیاتر لە کارگێڕ و بەرپرسە خۆماڵی و هاوزمانەکانی خۆمان، گرنگییان پێ دەدرێت و خەڵکی ئێمە، بەتایبەت ئەوانەی وا کاریان پێیان دەکەوێت، پتر حەز بە نێزیکبوونەوە و خزمەتکردنیان دەکەن و فێرە بەرتیل و دەمچەورکردنیان دەکەن و ڕێزێک، کە بۆ ئەو بیانییانە دادەنرێت، هەرگیز بۆ ئەوانەی خۆمان دانانرێت، ئەگەر ئەوە خۆبەکەمزانیی و سووکایەتیبەخۆکردن نەبێت، دەبێ چی بێت؟. لە دۆستی نێزیکی خۆمم ژنەفتووە گوتوویەتی: "بەڕێوەبەری فلانە کارگێڕیی، کە پلەی وەزیری هەبوو و کە من بۆ خۆم کارمەند بوومە لە کارگێڕییەکەیدا، بۆی گێڕاومەتەوە، کە خەڵکانێک لە فلانە شار، بێجگە لە پارە و دیاری و بانگهێشتن و دەمشیرینکردن و ئەوانە، چەندین کچ و خۆشک و ژنی خۆیانیان بۆ هێناوە، تەنێ بۆ ئەوەی هەندێک کاریان بۆ ئەنجام بدات". دیارە ئەو خەلکانەی فلانە شارە، خەڵکە هەژار و نەدارەکە نەبوونە، چونکە ئەوان هەرگیز ناگەنە ئەو ئاستانە و ئەو جۆرە شوێنانە، بەڵکە خەڵکە دارا و پڕکارەکان بوونە، کە هیچ شتێک لەو دونیایەدا تێریان ناکات. ئەمانەش هەر سووکاتیبەخۆکردن و خۆبەکەمزانییە!.

ئێمە هەموو دەزانین، ئەوروپاییەکان بێجگە لە بۆرژوا و ئەریستۆکراتەکانیان، کە لە نۆکەر و خزمەتکارەکانیان و بێجگە لە میوانی چێشتخانە و هوتێلەکان، کە لە کارگەر و گارسۆنەکان، داوای خزمەت

دەکەن، تەنانەت داوای جامێک ئاو، لە کەسێکی ناو خێزانەکەی خۆیشیان ناکەن. پیاویان لە ژن و زارۆکیان، ژنیان لە مێرد و منداڵیان، هەرگیز وەها داوایەک ناکەن. ئەگەر لە زۆر بواری دیکەی ژیاندا، لە ئەوروپا، نایەکسانی هەبێت، وەک هەیە، لە بواری ژیانی ڕۆژانەی نێوماڵ، خواردن، نووستن، جل و دەفرشۆردن، گسکدان و پاکژییڕاگرتن، بازاڕکردن، شیولێنان، قاوەئامادەکردن، کاروباری زارۆک و وردەکاری دیکەی ژیانی خێزانیدا، یەکسانییەکی تەواو هەیە، هەر کەسە و ئەرکی خۆی هەیە و بەرپرسییەتی خۆی هەیە و کارێک ئەنجام دەدات، ئیدی کەم و زۆر کەوتووە و مەرج نییە هەمووان، بەپێوەری ڕاستە و قەیچی و تەرازوو، ڕێک وەک یەک، ئەو کارانە ئەنجام بدەن، ئەگەر مرۆڤی ئەوروپایی بە تەنێ بژی، کە ڕێژەیەکی زۆریشیان وان و کێ دەزانێت ئادەمسنیش لەو بابەتە نەبووە، ئەگەر بۆ خۆی، توانستی جووڵانەوەی هەبێت، ئەوە هەموو کارەکان، هەر بۆ خۆی، ئەنجامی دەدات و داوای هیچ کۆمەکێک لەکەس ناکات. داواکردنی کۆمەک، تەنێ ئەو فرەپیر و پەککەوتە و کەمئەندامانە دەیکەن، کە لە پشووخانە، خەڵوەتگە، یا ئارامگە و نەخۆشخانەی تایبەتدان، ئەویش لەو کەسانەی، کە شارەوانی و کارگێڕیی کۆمەڵایەتی، بە مووچە و پارە، بۆ خزمەتکردن و کۆمەکپێکردنیان دایاندەنێن. پیری 80 و 90 ساڵانی ئەوروپایی، کە سواری ئۆتۆبووس یا شەمەندەفەر دەبێت، ئەگەر جێگەی دانیشتنی نەبێت و بەپێوە ڕاوەستێت، هیچ یەکێک لەو نەفەرانەی، کە دانیشتوون، ئامادە نین، جێگەکەی خۆیانی بۆ چۆڵ کەن. ساڵانە سەدان پیرەژن و پیرەمێردی ئەوروپایی بە تەنێ ژیاو، لەنێو ئەپارتمانەکانی خۆیاندا، بێ ئەوەی کەس ئاگای لێیان بێت و چۆڕێک ئاو بکرێتە دەمیانەوە، بە دەردی گەرمیانییان دەڵێن "قنگ دەکەنە ڕەشەبا" و سەردەنێنەوە و دەمرن.

ئەو تەنیاییەی ئەوروپاییەک تێدا دەژی، کارێکی وەهای کردووەتە سەر ژیانی، کە لە هەموو شتێکدا تەنیا بێت، تەنیایی بووەتە فەلسەفەی ژیانی، بێگومان ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی پاشخانی بیرکردنەوەی مرۆڤی ئەوروپایی، کە لە ڕێنێسانس و سەرمایەدارییەوە، سەرچاوە دەگرێت، کە ئیدی تاک هەموو شتێکە و تاک ئازادە و ئازادیی تاک، سەرچاوەی هەموو کار و بیر و کردارێکە. ئادەمسن، وەک ئەوروپاییەک، سەر بەو فەرهەنگی تاکایەتییە بووە و دەشیا دڵسۆزی بیر و بڕوا و ڕەوشتی ئەوروپاییانەی خۆی بووایە، بەڵام ئەوان (ئەوروپاییەکان) لە نێو ئەوروپادا، ئەو دڵسۆزییەیان هەیە و لە دەرێی ئەوروپا و بەتایبەت، لە وەڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەم و نۆزدەیەم و ئەولاتری دونیادا، و بەتایبەتیش لە وەڵاتی کوردی بێدەوڵەتدا، ئەوان خۆیان بە کوێخا و دەمڕاست و ڕدێنسپی و پیاوماقووڵ و گەورە دەزانن. ئەوان بەرانبەر ئێمەومانان، گەلانی جیهانی سێیەم، هەمیشە خۆ بە ئاغا و ئێمە بە نۆکەر دەزانن. ئادەمسن، ئەو هەستە ئاغایەتییەی وای لێکردووە، شۆردنی دەرپێ و فانیلەی، لە لایەن کوردەوە، پێ کارێکی ئاسایی بێت و گەشکەیشی پێ کردبێت.

***حەکیم کاکەوەیس: ئادەمسن لە مریشک و برنج بێزار بووە و حەزی لە سەوزە بووە، لەکاتێکدا گوندنشینی کوردی ئەو دەمە بۆ گۆشت شەوکوێر دەبوون، وای نابینن زێدەڕۆیی لەم میواننەوازییەدا هەبێ؟***

ئەمجەد شاکەلی: خانەخوێی کورد، حەز دەکات هەرچی خۆراکی خۆش و باش و بەتامە بۆ میوانەکەی دانێت، لە دەمی خۆی و منداڵی دەگرێتەوە و بۆ میوانی دادەنێت. ئەگەر نەیشیبێت، ئامادەیە بچێت قەرز بکات و میوانی پێ بەڕێ بخات. دیارە ئەو ڕەوتارە، لە کن گەلانی

دیكـەی نـاكوردیش، وەك عـەرەب و تـورك و فـارس و ئـەوانـە هەیـە. خاسترین خـۆراكێكیش، كـە كـوردانی خانـەخـوێی ئـەودەمـەی ئـادەمسـن شكیان بردووە، دیارە بـرنج و مریشـك بـووە و بێگومـان ئـەوە خـۆراكێكی باش بـووە. دیارە بـرنج و شـلەش خـۆراكێكی یـەكجار ئاساییە لای كـورد. گۆشت و مریشـك خـواردنیش، بـەتایبـەت ئـەو دەمانـە، نیشانەی بـوون و خۆشگوزەرانی و میواننەوازی بووە، چونكە هەموو كـەس نـەیتوانیوە، ئـەو جۆرە خواردنە بخوات، یا بۆ میوانی دانێت، ئەگـەر خـۆی نـەخستبێتە ژێر گوشارەوە و زۆری لە خۆ نەكردبێت. سەوزەخواردن، ئـەودەمـە، لـە نێو كـورددا، هێنـدە بـاو نـەبـووە. ئـادەمسـنی ئـەوروپـاییش فێـری زەڵاتـە و سەوزەی زۆر بووە، بۆیە لە بـرنج و مریشـك بێـزار بـووە، پێشموانییە لـە میواننـەوازیـی ئـادەمسـندا، زێـدەڕۆیی كرابێـت، ڕەنگـە ئـادەمسـن، كـە لـە وەڵاتی خۆی، فێری خـواردنی مریشكی بەستوو و سـەربـڕاو و پاككراوی پێچراوە و پاكـەتكـراو و بـرژاو و ئامادەكراو بـووە و هـەرگیـز مریشكێكی زینـدووی، نـە بـە دەسـتی خـۆی كوشـتووەتـەوە و نـە بـەبـەرچاویشـیەوە كوژراوەتەوە، ئەو مریشكانەی لای خۆمانی دیـوە ، كـە بـە پێـی خۆیـان بـە نێـو دار و بـەرددا تـەراتـێن دەكـەن و لاقـە باریكـەكانیان دەنێـو پیسـایی دەخـەن و دەیخـۆن و هـەمـوو مێرووویـەك قووتـدەدەن و خۆشـترین جێگـەشیان سـەر سـركەوان(گوفـەك) و شـوێنە پیسـەكانی دیكەیـە، ئیـدی ڕەنگـە بێـزی لێیـان هاتبێتـەوە. ڕەنگـە چـەنـدبارەبوونـەوەی خۆراكـەكان و دروستكردنیشـیان، هــەر بەیــەك شـێوە و بـێ گــۆڕان، بوویبێتــە هــۆی بێزاربوونی ئادەمسن لەخۆراكەكان.

ئێمـە دەبـێ یـەك شـتمان لـە بیـر نـەچێـت، ئـەویـش ئـەوەیـە؛ هـەر ئــەوروپاییــەك ســەردانــی خۆرهــەڵاتی، بــە كوردســتانی خۆیشــمانەوە، كردبێـت، باسـی چـاوتێری و كراوەیـی و سـەخـاوەتـی، ئـەو كۆمەڵانـەی كردووە و كۆڵێكیش دڵخۆش و كەیفساز بووە بـەوەی، كـە هـەمیشـە تێر

بــووە و خــوانی بــۆ ڕازێنــراوەتــەوە، وەلــێ هــەرگیــز لــەو چاوتێرییــەی ڕۆژهەڵات تێنەگەیشتووە و هەرگیزیش ئامادە نەبووە و نییە، ڕۆژێک لە ڕۆژان، بــۆ خــۆی کــارێکی ئــەوتــۆیی بکــات و هــەر بــۆ جــارێکیش، دەستبەرداری چاوچنۆکیەتی خۆی ببێت. تۆ تەماشای ئەورووپاییەک، کەسێک لە خێڵێ سپیپێستانی ئەورووپا، یا ئەمەریکا بکە، کە دەچێتە وەڵاتانی ڕۆژهەڵات، ئیدی لە کوردستان و عەرەبستان و تورکستان و فارسستان و ئەفغانستان و هیندوستان و پاکستان و پیسستانەوە بیگرە تا دەگاتە چین و مەنگۆلستان، ئیدی بۆ هەر مەبەستێک بچێت، لە پاڵ ئەنجامدانی کارەکەی خۆیدا، دەبینیت، پاش ماوەیەکی کەم، دۆستایەتیی لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکی ئەو وەڵاتانەدا پەیدا دەکات، هەر زۆر نابات و بە ماوەیەکی یەکجار کەم، سەر بەم ماڵ و بەو ماڵدا دەکات و بانگهێشتن دەکرێت، باشترین خۆراکی دەرخوارد دەدرێت و ئەوپەڕی ڕێزی لێدەگیرێت و تێکەڵاوی، دەیان خێزانی ئەو وەڵاتانە دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی، کە ئەوان، ئەورووپاییان بۆ خۆیان زیرەکن و لێیدەزانن، میوانـنەوازی و چاوتێری و مرۆڤدۆستی، خەڵکی ئەو وەڵاتانە و ئەو گەلانەیش دەگەیەنێت. ئەگەر کابرایەکی مەنگۆلی یا عەرەب یا هیندی، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕێی بکەوێتە ئەم ئەورووپایە، هەرگیز لە خەونیشدا وەها ڕەوتار و پێشوازی و میواننەوازییەک، لە ئەورووپاییەکەوە نابینێت، وەک ئەوەی، کە ئەورووپاییەک، لە وەڵاتەکەی ئەودا دەیبینێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکە کەس هەر خۆیشی تێناگەیەنێت و پرسیاریشی لێ ناکات، تەنانەت ئەگەر لە برساندا بشمرێت. شاعیرێکی عەرەب، زۆر لە مێژە، لە باسی خەڵکانێکی زۆر ڕەزیل و پیسکە و بەرچاوتەنگدا، گوتوویەتی::"قوم إذا استنبح الأضياف كلبهم   قالوا لأمهم بولي على النار"، واتە: خەڵکێک ئەگەر میوانان سەگەکەیانی هێنایە وەڕین، بە دایکیان دەڵێن، گمێز(میز) بە سەر ئاگرەکەدا بکە. بۆ ئەوەی، کە ئاگرەکە

خـامۆش بـوو، ئیـدی دەبێتـە تاریکـە و  نیشـانەی خامۆشـبوونی کوانـوو (ئاگردان)ەکەیە، کە نەبوونی ئاوەدانی و نەبوونی خۆراکسازکردن و ئەو شـتانە دەگەیـەنێـت. بـڕوا بکـە، ئـەو شـیعرە، هــەر دەڵێـی بـە سـەر سوێدییەکاندا گوتراوە، لەگەڵ تاکە یەک جیاوازییدا، ئەویش ئەوەیە، ئەو شیعرە باس لـە جڤاکێکی ڕەوەنـد و ڕەشماڵنشین و دەشتەکی دەکات و سـوێدی خـاوەنـی شارسـتانییەتێکی دیکـەن و فـەرهـەنگێکی تریـان هەیـە. ئەوروپایی، سەگی دز، نان لـە ماڵی دەرناکات و گرنگترین شت بـە لای ئەوەوە ئەوەیە، ئەو خۆراکەی دەیخوات، مفت بێت و پارەی پێ نـەدات، کە مفتیی خواردنەکەی مسۆگەر کرد، ئەو ئەوروپاییـە "کـەمخـۆرە ناسـک و نازدارە"، دەبێتە گورگێکی تێڕە(زۆرخـۆر) و تـا پێـی بکرێـت دەخـوات تـا دەترخێـت و هێنـدەش بیـر لـە مـەسـەلـەی لـەشسـاغی و قەڵـەوبـوون و ورگزلبوون و ئەو لایەنانە ناکاتەوە.

***حـەکیم کاکـەوەیس: بارزانی نـەمـر، هـەم سـووکایەتی بـە ئـادەمسـن کردووە، هەم گومانی جاسووسێتی لێکـردووە، کـەچـی یـەک کـەسـی تـر نەبووە ئەوەی بەرانبەر کردبێ، چۆن لەو هەڵوێستەی بەرزانی دەگەن؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: ئـەو دەمـەی، کە ئـادەمسـن چـووەتـە لای بـارزانی، دەسپێکی سـاڵی 1964 بـووە، لـەو سـاڵەدا دەسـتەی ئیبـراهیم ئـەحمـەد- جـەلال تاڵـەبـانی، لـە سـەرەتـای ماڵجیاکردنـەوەیانـدا بـوون، لـە پـارتیی و سـەرکردایـەتیـی بـارزانی و کـەوتبوونـە قسـەگـوتن بـە بـارزانی و خجڵـی (خـەریکی، سـەڕقاڵی) قوتکردنـەوەی نێـوەنـدێکی دیکـەی سـەرکردایـەتیی بـوون بـۆ خۆیـان. هـەر لـەو سـەردەمـەشـدا بـوو، بـارزانی، هـەوڵیـدەدا توولەڕێیەک بدۆزێتەوە، بۆوەی بیگرێتەبەر، تا دەنگی خۆی و گەلەکەی بگەیــەنێتــە ڕۆژاوا، ڕۆژاوا لــەودەمــەدا ئــاوڕی، لــە بــارزانی و کــورد نــەدەدایــەوە، ڕۆژاوا بارزانییــان بــە "مــەلای ســۆر" دەزانــی و هــەم

حوکوومەتی بەعس و هەمیش حوکوومەتی عارف، دەستکردی خۆیان (ڕۆژاوا) و وابەستەی خۆیان بوون. بارزانی تووشی هیوابڕاوی و بێئومێدییەک هاتبوو لە ڕۆژاوا. ئادەمسنیش، وەک کابرایەکی ئەورووپایی ڕۆژاوایی و لە لای دەستەی ئیبراهیم ئەحمەد- جەلال تاڵەبانییەوە، هاتبوو بۆ بارەگای بارزانی، دیارە لە بەر ئەو هۆیانە، لای بارزانی خۆشەویست نەبووە و بە چاوی گومانەوە لێی نۆڕیوە و ڕەنگە بە جاسووسیشی زانیبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بارزانی وەک پێویست لەگەڵیدا ڕەوتاری کردووە و تا ئەو ڕادەیەش ویستوویەتی، وەک دیاری، پووڵێکیشی بداتێ. بارزانی، گومانی لە وەرگێڕەکانیش هەبووە، کە قسەکانی وەک خۆی ناگەیەنن، چونکە لەگەڵ ئادەمسندا، باسی "دانا ئادەمز شمیت"، دێنێتە گۆڕێ. بێگومان هەر دەبێ، لەبەر ئەو هۆیانە بووبێت، بارزانی حەزی کردبێت سووکایەتی بە ئادەمسن بکات. دەنا بارزانی بەوە بەناوبانگ بووە، کە هەمیشە ڕێزێکی زۆری لە میوان گرتووە.

***حەکیم کاکەوەیس: ڕۆژهەڵاتناسەکان لای زۆرینەی کورد پلەوپایەی باڵایان هەیە و لای هێندێ بە (شۆڕەسوار)یش ناوزەد دەکرێن، ئەدی لای ئێوە ڕۆژهەڵاتناسەکان چین؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئێمە پێش ئەوەی باس لە ڕۆژهەڵاتناسان بکەین، گەرەکە ئاوڕێک لە ڕۆژهەڵاتناسی، وەک زانست، بۆخۆی بدەینەوە. ڕۆژهەڵاتناسیی، دەکاتە ئەو توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوانەی، لە لایەن خەڵکانێکی ڕۆژاواییەوە، لەمەڕ ڕۆژهەڵاتەوە و لە بوارگەلێکی جیاوازدا، وەک: مێژوو، ئابووری، جوگرافیا، زمان، مرۆڤناسیی، ئەدەب، هونەر، ئایین، فەلسەفە، شوێنەوارناسیی و...ئەنجام دراون. دەسپێکی ڕۆژهەڵاتناسیی، وەک کار و چالاکییەک، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1500 و 1600ی زایینی. ڕۆژهەڵاتناسیی، دیتن و خوێندنەوەیەکی ڕۆژاوایانەی

ڕۆژهەڵاتە، دیتن و خوێندنەوەیەکی کۆڵۆنیالیستانەی نەژادپەرستانەی لووتبەرزانەیە، کە لە هێز و تێکەڵاویی هێز و زانیارییەوە سەرچاوە دەگرێت. هێزیش هەمیشە پێویستی بە زانینە. ڕۆژهەڵاتناسی، زانستێکە زادەی بیری کۆڵۆنیالیزم و دەستکردی کۆڵۆنیالیستانی ڕۆژاوایە. ڕۆژاوای کۆڵۆنیالیزم، بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی خۆی و داگیرکردنی وەڵاتانی دیکە و کاری سەربازی و پەرەپێدانی سەرمایە و پەیداکردنی بازاڕی نوێ، بۆ فرۆشتنی کاڵاکانی خۆی و بۆ ڕووتاندنەوە و شاڕۆدانی گەلانی ڕۆژهەڵات، پێویستی بەوە بووە، لە هەموو ڕوویەکەوە و لەمەڕ هەموو بوارێکی ژیانەوە، لە وەڵاتانی ڕۆژهەڵات و لەنێو گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، زانیاری ورد و تەواو، بە ژمارە و کات و هەموو وردەکارییەکەوە، کۆ کاتەوە، پاشان، ئەو زانیارییانە، پۆلێن بکات و هەر بابەتەو بخاتە چوارچێوەیەکەوە و دواتریش، بە وردی و قووڵی، لە نێو و لەبارەی، ئەو زانیارییانەوە، توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بکات و بگاتە ئەنجام و بەو پێیەش، ڕەوتار بکات. ئەو زانستە، کە لەبارەی وەڵاتان و گەلانی ڕۆژهەڵات و لەنێو واندا کراوە و دەکرێت، ناوی ڕۆژهەڵاتناسییان لێ نا و دەنرێت. ڕۆژهەڵاتناسیی، لەبەرزییەوە سەیرکردنی نزمییە و دیتنێکی فشەکەرانە و خۆبەزلزانانەی ڕۆژاوایە، بەرانبەر ڕۆژهەڵات. سووکنۆڕینە لە ڕۆژهەڵات. ڕۆژهەڵات لە نێو مێشک و بیرگە و ئاگایی ڕۆژاوادا، تەنێ ئەوی دیکەی دەرەکی نییە، بەڵکە ڕیزپەڕ، ئاژاوەگێڕ، لادەر، ناسروشتی، ناتەواو، شێت و لاوازی نێو ڕۆژاوایشە و جوێکردنەوەی ڕۆژهەڵاتە لە ڕۆژاوا و دوورخستنەوەی ڕۆژهەڵاتە لە ڕۆژاوا. بەشینەوەی مرۆڤە، بەسەر دوو جەمسەری دژبەیەکدا، کە هەرگیز لە چاوی ئەوانەوە، ناگەنە یەکدی. بەشینەوەی مرۆڤە، بەسەر ئاغایەتی (ڕۆژاوا) و نۆکەریی(ڕۆژهەڵات)دا. خوێندنەوەی ڕۆژهەڵات، بەو دیدە ڕۆژاواییەوە، کە ڕۆژهەڵاتناسان نواندوویانە و دەینوێنن و نوێنەرایەتی دەکەن و ئەو

هزرانەی، کە لەو دیدەدا هاتوون، تا ڕادەیەکی لەبەرچاو، سوود لە تێزە فەلسەفەییەکانی "نیچچە" وەردەگرن، کە جەخت لە سەر سەرکەوتن و مانەوە و ژیانی باشترین و بەهێزترین مرۆڤ دەکەنەوە و تەنانەت، تێزە نازیزیستییەکانی هیتلەر و فاشیستییەکانی مۆسۆلینیشی، تێدا دەبێنرێنەوە، کە ئەوانیش، "نیچچە"، جۆرە سرووشێکیان پێ دەبەخشێت و لێیەوە سوودمەند دەبن. هیتلەریش، پەککەوتە و نەخۆش و سەقەت و کەمئەندام و هاوجنسبازان و جوولەکە و قەرەج و خەڵکانی ڕەگەزی نائاری و...بە خەڵکانێکی ناتەواو و بێکەڵک دادەنا و دەیشیەویست، هەموو ئەوانە لەنێو ببات و ڕەگەز، ئەویش ڕەگەزی سپی، بکاتە پێوەر، بۆ هەموو کارێکی باش و هەموو سەرکەوتن و پێشکەوتنێک. هیتلەر، ئەگەر هاتبا و سەرکەوتبا و بیر و بۆچوونەکانی وی ببوایەنە، فەلسەفەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و قانوونی ئەم جیهانە، دەبوو چ کارەساتێک ڕووی دابا و مرۆڤایەتی، بە کوێ گەیشتبا! ئەو تێزانەی هیتلەریش، دەکرێن هەر بخرێنە، چوارچێوەی پراکتیزەکردنی ڕۆژاواییاندن و سپییاندنی ڕەگەزیی کۆمەڵەوە، واتە: بەڕاستزانین و برەوپێدان و پەرەپێدان و پەخشکردنی، بەها و دید و باوەڕ و نەریت و ڕەوتاری سپیڕەگەزان، بە سەر ڕەگەزەکانی دیکەی جیهاندا. هەرچەندە ئێستا، لە ئەوروپا و ڕۆژاوا، بە شەرمەوە باس لەو بۆچوون و تێزانەی ڕەگەزپەرستی و پۆلێنکردنی مرۆڤ، لە سەر بنگە و بنەمای ڕەگەز، دەکرێت و ئەو مێژوووەیش، کە وەها بۆچوونێکی تێدا سەردەست بووە، بە شەرمەوە دەخوێنرێتەوە و بۆی دەگەڕدرێتەوە، لێ لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا، کەفوکوڵی تەوژمەبیرێکی لەو جۆرە، هەر بە تەواوەتی خامۆش نەبووەتەوە و جارنا، لێرە و لەوێی ئەوروپا و لە نێو ئەم دەستە و ئەو پارتیدا سەرهەڵدەدات و دەخرێتەوە بەرباس. ئەوروپا، ئێستاکە دیرۆکی نازیزم و فاشیزم، بە پەڵەیەکی تاریک، لە پێچاوپێچ و شیو و

دۆڵـەکانی، هـۆش و مێشـکی خۆیانـدا دادەنـێن و هـەردەم و بێپسـانەوە، دەیانەوێت لە بیرگەی خۆیان و خـەڵکی دیکـەی، گـەزراو و ستەمدیـدەی، ئـەو سیاسـەتـە چـەوتـە، بیسـڕنەوە و وەک سـن و مـرۆر بـژاری کـەن و هەردەم، خەریکی پاکانەشن، بۆ ئـەم و ئـەو، لـێ هێشتا نووزەیـەکی کـزی نۆستالژیایەک، بۆ ئـەو دەمـە، لـە پـەنـاوە بـەر گـوێ دەکـەوێت و بـە پێـی بـاری بـەرژەوەنـد و سیاسـەتـی جیهـانی و هـەلومـەرج و دەوروبـەر و هەڵویستەکان، ئـەو نووزانـەش جارنـا، بڵنـدتر دێنـە گـوێ و جارنـا، کزکـز دەبنەوە. لە گەلێک لـە باژێڕەکانی ئـەورووپادا، ئێستاش لـە سـەر بنـەمای ئەو دیدانە، خـەڵکی بیانی و دەرەکـی و ئـەوی دیکـە، بـە سـەر گـەڕەک و کۆمەڵگە مرۆڤییەکاندا، نیشتەجێ دەکرێن و دەبەشرێنەوە.

لە گـەلێک، لە شارە مەزنە نـەهـەنگ ئاساکانی ئـەورووپادا، کـە دەبـوو، هەموو ناوەکیەکییـەکانیان هەڵلووشیبا و جیاوازییـەکانیان بسـڕابایەوە، زۆر گـەڕەک هـەن، تـەنـێ لـە بیـانی و سـەرڕەش و ڕەشپێسـت و زەردپێسـت و...پێکـدێن و بـە دەگمـەن، یـەکێکی دیکـەی تێدا دەبینییـەوە. گـەڕەکی وا دەبینیت، تەنێ بۆنی عەمبە و بەهارات و بیبەری لـێ دێـت و مـرۆڤ، کـە تێی دەچێت، پێیوایە لە هیندوستانە. گـەڕەکی وا هەیـە بـەشێکی زۆرینـەی خەڵکەکـەی، بـە کراسـی درێـژ و دشداشـە و سـەر و ڕوومـەتـی داپۆشـراوەوە پیاسـە دەکـەن و مـرۆڤ، کـە بـەو نـاوەدا تێـدەپـەڕێت، وا دەزانێـت لـە سـومال یـا عـەرەبستانی سـعوودییە. گـەڕەکگـەلـی وەک، هویسبی(Husby)، ڕینکەبی(Rinkeby)، تێنستا(Tensta)، فیتیا(Fittja)، سـویدەرتێلیـە (Södertälje)، لـە بـاژێڕی سـتۆکهۆڵم و ڕووسنگۆرد(Rosengård)، لە باژێڕی مالموێ(Malmö)ی سوێد، هـەر دەڵێی جیهانێکی نائەورووپایین و لە وەڵاتانی جیهـانی سێیەمـن و سـوێدییان بـۆ خۆیـان، کـە خـودانی وەڵاتەکـەن، لـەو گـەڕەکانـەدا هـەسـت بـە نـامۆیی دەکەن و خەڵک خێسەیان لێ دەکەن. زۆرینـەی فلانـە گـەڕەک، تورکـە و

ئەوی دیکە، سریانە و ئەوی دیکە، سۆمالییە و ئەوی دیکە، فارسە و ئیدی بەو جۆرە. زۆرجاران، بە خواست و ویستی سیاسەتکاران و نەخشەدانەرانی، نێو کارگێڕی و دەسەڵاتی وەڵاتەکە، ئەو سیاسەتی جوێکردنەوە و نیشتەجێکردنی بەو شێوەیە، پیادە دەکرێت. ئەوەی، کە دەبینرێت، ناکرێت لە گێتۆ(Ghetto) زیاتر، ناوێکی دیکەی لێبنرێت. دیارە گێتۆ، کاتی خۆی، بۆ جوولەکە کراوە و وەک دەستەواژە، بۆ ئەوان بەکار براوە، لێ ئەوڕۆ، لەو جۆرە گێتۆیانە زۆرن و مەرجیش نییە، دانیشتووانی جوولەکە بن. هەبوونی وەها بیرکردنەوەیەک و پیادەکردنی، وەها هزر و بۆچوونێک و ڕەوتارێکی لەو جۆرە، من بۆ خۆم، هەر بە بەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراوەی، بلا ئەو ناوەشی لە خۆ نەنابێت، فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتناسیی دادەنێم.

ڕۆژهەڵاتناسی، لە ڕۆژاوا زانستێکە و لە زۆربەی زانستگەکانی ڕۆژاوادا دەخوێنرێت. سەدان پسپۆر و پرۆفێسسۆر و زانا، لەو بوارەدا وەدەردەدرێن و بە سەدان تێز و لێکۆڵینەوە، لەو بوارەدا نووسراون و دەنووسرێن. ئەوەی ئەو کارە دەکات، دەبێتە ڕۆژهەڵاتناس. وەک چۆن کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ژینگەناسی، تەنانەت کەرناسی هەیە، ڕۆژهەڵاتناسییش هەیە. ڕۆژهەڵاتناسان ئەگەر 10%ی کارەکانیان، بۆ مەسەلەی زانست و شارەزایی و ئەو جۆرە شتانە بێت، ئەوا 90%ی کارەکانیان، بۆ مەسەلەی جاسووسی و خزمەت بە بەرژەوەندەکانی ڕۆژاوایە. ئەگەر ئەوانە (ڕۆژهەڵاتناسان) شۆڕەسواریش بن، ئەوا شۆڕەسوارگەلێکن لە مەیدانی جاسووسیدا، یا لە باشترین حاڵدا، دزی ڕۆژاوای (الحرامي الغربي)ین، وەک هادی ئەلعەلەوی(هادي العلوي) ناوی لێ نابوون.

***حەکیم کاکەوەیس: دەڵێن ژنەئەوروپایی ئازادی ڕەهایان هەیە و ژنی ڕۆژهەڵات چەوساوەن، کەچی ڕادەی ژنی شێت و بەندکراو و شاردراوەی ئەوروپا ئەوەندە زۆرە لەتەک ڕۆژهەڵاتدا بەراورد ناکرێ، دەبێ بۆ وابێ؟ تۆ بڵێی ئازادی ڕەها دژی غەریزە نەبێ و شێوازی هۆرمۆن و کاریگەرییان نەگۆڕێ؟ ئەدی تێکدانی خێزان و بەپیاوکردنی ژن لە بنەڕەتدا لە بەرژەوەندی کارگەکاندا نییە؟ مرۆ لەو بابەتە گیاندارانەیە، کە نێر و مێیان پێکەوە بژین، کەوابێ جیابوونەوە دژی پێداویستییەکانی بوون (منداڵ) نییە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئازادی وشەیەکی هێندە سیحرامێز و لەبەرگوێ خۆش و دڵڕفێن و هاندەرە، کە نە سنووری دیارە و نە چوارچێوە و تا بڵێی بەرین و قووڵیشە. ئازادی ڕەها و ناڕەهایی نییە. ڕەهایی ئازادی، دەکاتە ئەوپەڕی ئازادی، کە ئیدی هیچ شتێک بەری پێ ناگرێت و دەکاتە بازدان، بەسەر مەرزی ئەوی دیکەدا و پێشێلکردن و سڕینەوەی ئەوی دیکە. ئەو ڕەهایەتییە، وەک پەیڤێک پێموایە، تەنێ لەسەر زار هەیە و گوتنی نێو کتێبانە، چونکە هەموو ئازادییەک لەو جێیەدا، کە ئیدی، کار دەکاتە سەر ئازادیی کەسێکی دیکە، ڕادەوەستێت. ئازادی، مەسەلەیەکی بوونی (وجوودی) یە و پێوەندی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، وەلێ ڕەهایی حاڵەتە، ڕەوشە. من پێموایە، کە زایین (هاتنەدونیاوە و لەدایکبوون) و کە مردنی سروشتی (خواکوشتن نەک خۆکوشتن)، بەبێ بڕیاری مرۆڤ خۆی و پرسپێکردنی هەبێت، ئازادی ڕەها، بوونی نییە، کەواتە بۆ دەبێ دژی غەریزە بێت!

ئازادی، پلەیەکی پێگەیشتن و ڕەسین و کامڵبوونی مرۆڤە، کە مرۆڤ بەکار و تەقەلا و شەکەتی و ڕەنج و ئاگایی و تێگەیشتن و خۆبۆتەرخانکردن، دەیگاتێ. مرۆڤ، ئەگەر دەرفەتی هەبێت و بۆی هەڵکەوێت و بۆی بلوێت، زۆر بە باشی دەتوانێت، مامەڵە لەگەڵ

ئازادیدا بکات. هەموو مرۆڤێک دەتوانێت، بڕیاری باش بدات و پێیشی دەکرێت، بە سەر ژیانی خۆیدا، مردنی سروشتی لێ دەرچێت، نەک خۆکوشتن، بڕیار بدات. ئازادی، بوارگەلێکی جیاوازی بوونی مرۆڤ دەگرێتەخۆ، ڕەنگە ئازادی سیاسی، سێکسی، بیروبۆچوون و ڕادەربڕین، ئایینی، ئابووری و هەندەک وردەئازادی تاکەکی، گرنگترین بوارگەلێک بن، کە ئازادی خۆی تێیاندا دەنوێنێت و مرۆڤ عەودالیان دەبێت. ئازادی تەواو، ئەوەیە، تەواوی تاکەکانی کۆمەڵ ئازاد بن، واتە: کۆمەڵ بۆ خۆی ئازاد بێت. ئازادی بەبێ یەکسانی، چوونیەکیی، وەکیەکیی، واتایەکی ڤالایە و ناکاتە هیچ. یەکسانییش، ئەوە دەگەیەنێت، کە ئازادی هیچ کەس، ئازادی کەسێکی دیکە، پێشێل نەکات و سنووری کەسێکی دیکە نەبەزێنێت. لە کۆمەڵێکی ئازاددا، کە یەکسانیی تێدا بەرقەرارە، دەنا ئەگەر وا نەبێت، واتە: بەبێ یەکسانی، ئەوا ئەو کۆمەڵە ئازاد نییە، نابێ هیچ تاکێک، موڵکدار و خاوەنی هێزی کاری کەسەکانی دیکە بێت، یا موڵکدار و خاوەنی زەوی و عەردێک بێت، کە تێیدا خەڵک ناچار بکرێن، پارە و کرێی، نێشتەجێبوونیان بدەن. کە تۆ، بۆ کەسێک کارت کرد، کە تۆ، کرێت بە خاوەن عەرد و خاوەن خانوو دا، کە تۆ، نانت بە دەست کەسێکی دیکە بوو ، با سەد پەیمان و کۆنتراکتیش لە نێواندا هەبن، تۆ ئازاد نیت، تۆ گرێدراوی کەسانێکیت، زۆر بە هاسانی دەتوانن، نانت ببڕن و لە چارەنووس و ڕەوشی ژیانی تۆدا، نەخشەی خۆیان، بە ئەنجام بگەیەنن و دەکارن، مەرجەکانی خۆیان بەسەر تۆدا بسەپێنن. ئەوانن، بژێو و ئابووری تۆ دیاری دەکەن. لە کۆمەڵگەیەکی یەکسان و ئازاددا، ئازادی دەکاتە ئەوەی، هەموو کەس دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەبێت، واتە: دەسەڵاتی تۆ بەسەر ژیانی خۆتدا، بە دەست خۆت بێت، نەک بەدەست خاوەنکار، سیاسەتکاران یا خەڵکانی دیکە. لە کۆمەڵەیەکی ئازاد

و یەکساندا، مرۆڤ، خەڵک، بە بێ ڕێبەر و سەرکردە، دەتوانن بە باشی کاری خۆیان ئەنجام بدەن.

ئەو ئازادییە ڕەهایەی، دەگوترێ ژنەئەوروپایی هەیەتی و ژنەڕۆژهەڵاتی نییەتی، مەسەلەیەکی ڕێژەییە. ئەوەی لە وەڵاتێک و لە کۆمەڵێک و لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکدا بە ئازادی دادەنرێت، ڕەنگە لە وەڵاتێک و لە کۆمەڵێک و لە نێو کۆمەڵە خەڵکێکی دیکەدا، نەک هەر بە ئازادی دانەنرێت، بەڵکە بە پێچەوانەی ئازادیشەوە، بە چەوساندنەوە، چەپاندن، دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنیش دابنرێت. جیاوازییەکی هەرەگرنگی نێوان جڤاکە ئەوروپاییەکان و جڤاکگەلی لەمەڕ خۆمان، داخراویی کۆمەڵەکانی ئێمە و کراوەیی کۆمەڵە ئەوروپاییەکانە. لە ئەوروپا هەموو لایەنەکانی ژیان، لە زانست و فەلسەفەوە بیگرە، تا دەگاتە وردە باسە زۆر تایبەتییەکانیش، تا ڕادەیەکی زۆر، کراوەن و زۆرینەی خەڵک، ئەگەر نەڵێم هەموو خەڵک، دەتوانن پێیان بزانن و ئاگادار بن لێیان و سوودیشیان لێ وەرگرن. مێدیا، لە ئەوروپا، ڕۆڵێکی گرنگ و مەزن و لەبەرچاو، لە هەڵماڵینی هەموو شاراوە و لادانی هەموو پەردەداخراوەکاندا دەبینێت و باسەکان، زۆر کراوانە، دەخاتە نێو خەڵک و جڤاکەوە و خەڵک دەتوانن، بە جۆر و شێوازی جیاواز، ئەگەر بۆ خۆیان بخوازن، دید و ڕای خۆیان، لەمەڕ هەموو مەسەلەیەکەوە، بدەرێنن. بۆ مرۆڤێکی سوێدی و پێموایە ئەوروپاییش بە گشتی هەر وان، ئەوەی نابێت بدرکێنرێت و بخرێتە بەر باس و پرسیاری لە بارەوە بکرێت، دوو شتن، کە لە کن ئەوروپاییان پیرۆزن و یەکجار تایبەتن و مرۆڤ بە تەنێ، وەک نهێنی و ڕازێکی دڵ، بۆ خۆی دەیانهێڵێتەوە: یەکەمیان: مووچەی مانگانە یا داهاتی ئابووری مرۆڤە، کە چەندی پارە هەیە و چەند وەردەگرێت. دووەمیان: لە هەڵبژاردندا، دەنگ بۆ چ پارتییەک دەدات. ئەوروپایی دەتوانن ئەو دوو باسە تەنێ بۆ خۆیان

هەڵگرن و تەنانەت لە ژن و مێردی خۆیانیشی قەشێرن، لێ ئەوەی یەکەمیان، واتە: پارەوپووڵەکە و داهات، کارگێڕی باج لێی ئاگادارە و گەرەکە ساڵانەش، مرۆڤ بۆ خۆی تەواوی زانیاری و وردەکاریگەلێکی پێوەندددارن بە داهاتییەوە، بداتە ئەو کارگێڕییە و باجی داهاتەکەی بدات.

ئازادی، تەنێ پساندن و شکاندنی کۆت و زنجیرەکان نییە، بەڵکە بە پلەی یەکەم، بەرپرسییە، بەرپرسیی هەڵبژاردن و پێبەندبوون بە ئەنجامەکانییەوە، ئەوەش کارێکی هاسان نییە و پێویستی، بە مەشق و بارهێنان و بڕوابوونی دەروونییە. ئازادی هەرگیز نابێتە ئازادییەکی ڕاستەقینە، ئەگەر بەشێک لە خەڵک، هێندە هەژار و لاواز بن، کە نەتوانن سوود لەو ئازادییە ببینن. کە هەژاری لە گۆڕێدا هەبوو، دەکاتە ئەوەی یەکسانی و داد نییە. ئیمام عەلی دەڵێت:"ما من نعمة موفورة إلا وبجانبها حق مضاع"، واتە:لە پەنای هەموو دەستڕیشتوویی و دارایی و خۆشگوزەرانییەکدا، مافێکی بزرکراو هەیە. یەکسانییش هەرگیز نابێتە یەکسانییەکی ڕاستەقینە، ئەگەر بەشێک لە خەڵک، لە لایەن بەشێکی دیکەوە، فەرمانڕەوایی بکرێن. کەواتە: قسە و باس، لە مەڕ دیموکراتی و یەکسانی و ئازادی، کە فرەجاران لە زاری دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانەوە دەبیسرێن، لە بانگەشە و قسەیەکی قۆڕ زێتر، هیچی دیکە نین. کە کۆمپانیا مەزنەکان، واتە: سەرمایەداران، لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بەرهەمەوە، کۆنترۆڵی تەواوی ڕۆژنامە و دەسگاکانی دیکەی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و پروپاگەندە بکەن، دەکاتە ئەوەی، کە ئەوان بەو جۆرە، کۆنترۆڵی ژیانی هەمووکەس دەکەن. ئەوان ڕۆڵی پۆلیس و پاسەوان و براگەورە(Big Brother) و چاودێر دەبینن. ئەوان ڕێک ئەو نموونەیەن، کە "جۆرج ئۆروێڵ" لە ڕۆمانی "1984"ەکەیدا باسی دەکات.

تاک، بە نێر و مێیەوە، لە ئەوروپا، بە بەراورد لەگەڵ تاک لە ڕۆژهەڵاتدا، ئازادترە. تاکی ئەوروپایی دەرفەت و بواری هەڵبژاردنی، لە دەرفەت و بواری هەڵبژاردنی تاکی ڕۆژهەڵاتیی زێترە. دەرفەت و بواری هەڵبژاردنی مرۆڤیش لەوەدایە، بتوانێت بێژێ دەکەم یا ناکەم، هەڵدەبژێرم یا هەڵنابژێرم، هەرچەندیش ئەو توانستی کردن و نەکردنەی، هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنەی، بە لای زیادیدا شکایەوە، ئەوا پلەی مرۆڤیەتی بەرزترە و هەرچەندیش توانستەکە، بەلای کەمیدا شکایەوە، پلەی مرۆڤیەتییەکە، دەداتە کەمی و نزمی. کە باس لە هەڵبژاردن دەکەم، مەبەستم ئەوەیە، مرۆڤی ئەوروپایی، بێجگە لەوەی لە هەڵبژاردنی هەموو شتێک، کە پێوەندی بەکەسیەتی خۆیەوە هەیە و هەموو لایەنە هەستییەکانی ژیان (خۆراک، پۆشاک، جێگەی ژیان، سێکس، کار، خوێندن و...) دا ئازادە، لە هەڵبژاردنی دۆست و برادەر و مێرد و ژن و بیروبۆچوون و سیاسەت و تەنانەت ئایینیشدا، ئازادە. ڕەنگە تەنێ لە دوو شتدا ئازاد نەبێت، هەڵبژاردنی باوک و دایک و ناو، هەرچەندە لە تەمەنی فامکردن و بڕیاردانددا، ئیدی دەتوانێت، ئەگەر بیەوێت، ناوەکەیشی بگۆڕێت. ئایینگۆڕینیش، لە جڤاکی ئەوروپاییدا، چ گیروگرفتێکی لەپێش نییە و ساڵانە چەندین کەسی سەر بە ئایینی عیسایی، ئایینی خۆیان دەگۆڕن و دەبنە، موسوڵمان، بوودایی یا هیندۆسی و...

سێکس، کە لە کۆمەڵەکانی ڕۆژهەڵاتدا جێگەی باس نییە و تابووە، لە ئەوروپا باسێکی یەکجار ئاسایی و مەسەلەیەکی ڕۆژانەیە و هیچ جۆرە سانسۆرێکی لەسەر نییە. دیارە زۆر لەمێژیش نییە، ئازادی سێکس، لە ئەوروپا، گەیشتووەتە ئەو پایەیەی ئێستای و هەروایش بە سانایی و بێ باج نەبووە، چونکە بنەما و بەراییەکانی ئەم ئازادییە سێکسییەی ئەوروپا، دەکرێت بگێڕدرێتەوە بۆ تەوژمی چەپایەتی و زاڵبوونی چەمکە

شۆڕشگێڕی و یەکسانییەکانی کۆتایی ساڵانی 1960 و شۆڕشی سێکس، کە ئیدی هەموو ئەورووپای تەنییەوە و بەرەبەرە و بە جۆرێک لە جۆرەکان، کاریگەریی کردە سەر، کۆمەڵە دوور و نائەورووپایی و داخراوەکان. سێکس، ئەو جۆرەی، کە بە پێکهاتنی دوو کەس ئەنجام دەدرێت، چونکە جۆری دیکەشی هەیە، ئەگەر ئەو دوو کەسە، لە ئەورووپا، بۆ خۆیان قایل بن، ئیدی هیچ هێزێک ڕێگەیان لێناگرێت، مەگەر ناتەواویی فیزیکی و لەش و نەتوانینی ئەنجامدانی کارەکە، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، وەها کارێک تا ڕادەیەک سەختە، مەگەر لە پشتی پەردەوە و بەدزییەوە، دەنا زۆرجاران کوشتن و بەردبارانی لەسەرە، چونکە بە "زینا" دادەنرێت. کەچی ئەو زینایە، لە کن ژنەئەورووپایی، یەکسانە لەگەڵ ئازادی سێکس و دەسەڵات و بڕیاردان، بەسەر لەشی خۆدا. ژنەئەورووپایی، دەتوانێت وەل (لەگەڵ) هەر زەلامێکدا، کە بۆخۆی حەزی لێبێت، بنوێت و بسێکسێت، لێ لە ڕۆژهەڵاتدا، ئەوە هەر ناکرێت. ژنەئەورووپایی، دەتوانێت، پێش شووکردن بسێکسێت. کچەئەورووپایی، تا ئەو کاتەی، شوو دەکات، ئەگەر شوویش بکات، دە، بیست، سی و زیاتر کوڕ، دەئەزموونێت و لەگەڵیاندا دەنوێت و دەسێکسێت. جاری وا هەیە، دوو سێ زارۆکیشی هەن، وەلێ هێشتا مێردی نەکردووە. شەوێکی پلکە فاتمێکی سابڵاخی، کە لە نۆرویژەوە بە سەردان هاتبووە سوێد، لە ستۆکهۆڵم میوانمان بوو، دەیگوت: "ڕۆڵە ئەتوو بۆ بەوانەی دەڵێی کچ، بە خودای تاقیان کچ نین و هەموویان ژنن و لەو مەملەکەتەیدا کچ هەر نییە!". ژن، مافی پێکەوە ژیانی لەگەڵ پیاودا، بێ ئەوەی ژن و شوو بن، هەیە. لە ڕۆژهەڵاتدا، کەنیشک، کە شوو دەکات، دەبێ پاکیزە و سەرمۆر بێت و تەنانەت ئێستاش، لە هەندێ ناوچە و کۆمەڵدا، دەبێ پارچە پەڕۆیەکی سپی، لەکاتی یەکەم جووتبوون و زاوابووندا، لە ژێر بووکە ڕابخرێت، بۆ

ئەوەی خوێنی کچێتی، بتکێتە سەری و پاشان پێشانی خێزانی بووک و زاوا بدرێت، بۆ سەلماندنی ئەوەی، کە بووکێ کچ بووە و بوخچەی نەکراوە بووە. مەسەلەی پاکیزەیی ژن، لە کۆمەڵگە ئەوروپاییەکاندا، چ بایەخ و گرنگییەکی نییە. کچەئەوروپایی، هەر لە تەمەنی سێزدە و چواردە ساڵییەوە، ئیدی ئەو پاکیزەیی و پەردەی کچێنییەیان، لێ دەبێتە بار و خواخوایانە ڕۆژێک زووتر، لە کۆڵی خۆیانی بکەنەوە. نەک هەر سێکس،بەڵکە تەنانەت چاوبڕکێ و دەستبازی و نامەگۆڕینەوە و ئەو جۆرە شتانەش، لە کیژ و ژنەڕۆژهەڵاتی قەدەغەن.

کوڕان و نێرینەی ڕۆژهەڵات، هەرچۆنێک بێت لە کیژان و ژنانی ئازادترن و دەرفەتیان زیاترە. ئێستاش کوڕان و پیاوانی شاریی لای خۆمان و هەموو ڕۆژهەڵاتیش، کە لەبەر دوکان و فرۆشگە و لە نێو چایخاناندا دادەنیشن، بەشێکی زۆری کاتیان، بە تەماشاکردنی کچان و ژنانەوە، دەبەنە سەر و خۆیان واتەنی "چاو دەڵەوەڕێنن". لەو سەری کۆڵانەکە یا شەقامەکەوە، چاو دەبڕنە، ئەو کیژە یا ئەو ژنەی، بەوێدا تێدەپەڕێت و لەگەڵ ڕەوتی ئەودا، ئەمانیش کەللەیان، وەک پانکە دەسووڕێننەوە و لە سەر و چاو و برۆ و گۆنا و سینگ و مەمکەوە، پێدا دێن تا دەگەنە سمت و ڕان و تەواوی بەشەکانی لەشی، تا لە چاو بزر دەبێت و لە هەمان کاتیشدا، دەیان قسەی بە توێکڵی بۆ دەهاوێژن و پێ دەڵێن و لەگەڵ یەکدیشدا دەیگۆڕنەوە. زۆرجاران ئەو کچ و ژنە بەدبەخت و داماوانە، لە شەرمان، لاقیان بەیەکدا دەدات و ڕێکردن و ڕۆیشتنیان لەبیر دەچێتەوە، کەچی کوڕانی چەقاوەسوو و چەمووش، پتر لە سەر بەزمەکەی خۆیان بەردەوام دەبن. من ئێستاش ئێوارەپیاسەی شەقامی ئەننەهر(شارع النهر)ی بەغدا و جادەی "تێکساس" و "شاترلوو" و گەڕەکی "عەرەفە"ی کەرکوکی خۆمانم لە بیرە، کە لەگەڵ هاوڕێیانی ئەودەمەی هەرزەکاریمدا، وەک پێویستی و ڕێسا و نەریتێک، دەبوو

ئـەنجامـمـان دابـا. کـوڕانی گوندنشـینی وەڵاتـی خۆمـان، زۆربـەی هـەرە زۆریـان، بـە کـەر و جاشـوولکە دەسـتیان پـێ دەکـرد و بـاڵغ دەبـوون. تـا ڕادەیـەکی زۆریـش تـەواوی کـوڕان، لـە مـەسـەلـەی "دەسـتپەڕ"دا یـەک دەگرنـەوە و ڕێژەیـەکی زۆریان تـاقی دەکـەنـەوە و بـەردەوام دەبـن لـە سـەری. سـاڵی 1971، کـە سـاڵی سـێیەمـم بـوو لـە کـۆلیژی ئـابووری، زانسـتگەی بـەغـدا، دوکتـۆر سـوڵتان ئـەششـاوی(سـلطان الشـاوي)، کـە گـەنجێکـی قـۆز و جـوان و ڕێکوپێـک بـوو، ڕاگـری کۆلیژەکـەمـان بـوو، ڕۆژێکیـان هـەمـوو خوێنـدکارانی کۆلیژەکـەی خڕکـردەوە و قسـەی بـۆ کردین. باسی زۆر شتی کرد و پاشان هاتە سەر مەسەلەی کچان و جلی کچان و گوتی:"جاران کە دەچوومە پۆل و وانەم دەگوتەوە، زۆر سەخت نەبوو و دەمتوانی بە ئاسانی بیـر بکەمـەوە و قسان بکـەم، لێ ئێستا، کە دەچمـە پۆلـەوە،(مینـی جـۆب)ی کچـان دەبیـنم و نێـوان لنگیـان دەبیـنم و دەزانـم، چ جـۆرە دەرپێیـەکیان لـە پێدایـە و چ ڕەنگێکیشـە، سـوور، شـین، کەسک، مۆر، زەرد، چووزانم چی، ئیدی چۆن بتـوانم وانـە بڵێمـەوە!". مـن ئێستاش ئەوەم وەبیر دێتـەوە، کە چۆن کـوڕانی کۆلیژەکەی خۆمـان، لـە ژێـر پلیکانەکانـدا ڕادەوەسـتان و خۆیـان بـە قسـە و بـاس و پێکـەنینـەوە خەریک دەکرد، تەنێ بۆ ئەوەی بنۆڕنـە نێـو لنـگ و ڕان و سمتی کچـان، کاتێک بە پلیکانەکانـدا سـەردەکـەوتـن و دەچوونـەوە پۆلـەکانیان و پاشان ڕەنگی دەرپێی فلانـە کچ یا ئـەوی دیکە، دەبـووە هـەوێنی دەمـەتـەقـە و دەخرایە بەر باس. دواساڵی خوێندنی بەغدام، لەگـەڵ چـەنـد هاوڕێیەکـدا خانوویەکمان لە گەڕەکی وەزیرییە(الوزيرية)، بە کرێ گرتبـوو. زۆربـەی بـەیانیان پێنجمـان، کـە لـە یـەک کـۆلێژ بـووین، پێکـڕا بـە پیاسـە و پیـادە، دەچـووین بـۆ کـۆلێژ. لـەگـەڵ یـەکێک لـەو هاوڕێیانـەمـدا، کـاک مـەجیـد موحەممەد عەبباس، کە ئێستا لە سلێمانییە، گۆرانییەکمان لە سەر ئاوازی سروودێکی نیشتمانی کۆن، کە دەیگوت: "سەربازین ئێمە گشتمان، هـەوڵ

ئەدەین بۆ نیشتمان...."، کە بە سەرباز و لەشکردا دەگوترا، ڕێکخستبوو و بە دەنگی بەرز و بێ شەرم و بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامێک، بۆ خۆمان دەمانگوتەوە. ئێمە گورانییەکەمان وەها لێ کردبوو: "مێبازین ئێمە گشتمان، هەوڵ ئەدەین بۆ کچی جوان، ناوقەدباریک، سمتی پان، مێبازین".

مەسەلەی پێکەوەژیان لەگەڵ پیاودا و منداڵبوونی پێش مێردکردن، لەکن ژنەڕۆژهەڵاتی، ئەوە هەر جێگەی باس نییە و منداڵێکیش، کە لە ئەنجامی وەها ڕەوتارێکدا چێ ببێت، ئەوا بە زۆڵ دەژمێردرێت و گەرەکە لە نێو ببرێت. زۆرجاران نەک هەر ئەو مەلۆتکەیە، بەڵکە دایکەکەشی لە نێو دەبرێت، لەکاتێکدا لە کۆمەڵی ئەوروپاییدا، بەشێکی یەکجار زۆری ئەو خەڵکەی ئێستایان، لە ئەنجامی جوتبوونی پێش ژنهێنان و شووکردندا چێ بوونە. دیارە ئەو دیتن و ڕەوتارە، سەدلەسەد وا نییە، و تەنێ لە ئەوروپا نییە، بەڵکە لە نێو کۆمەڵی دیکەی نائەوروپاییشدا، لەو جۆرە دیتنانە هەن، مارکۆ پۆلۆ، لەبارەی تێبێتییەکانەوە گوتوویەتی: "هیچ یەکێک لە پیاوانی ئەوان بەوە قایل نەدەبوو، کچێکی پاکیزە ببێتە ژنی". ئەمە وەک سیمۆن دێ بۆڤوا دەڵێ، دیارە لەبەر ئەوەیە، پیاوان نەیانویستووە ژنێکیان هەبێت، ئارەزووی پیاوانی نەبزواندبێت، دەشگوترێ، کە لە کن هەندەک گەلی سەرەتایی، پیاوان نایانەوێت ژنێک بهێنن، پێشتر نەزابێت و نەبووبێتە دایک، چونکە بەوە بەرهەمدەری و بەرداریی، ئەو ژنە دەسەلمێندرێت.

لە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتیدا زۆرجاران، ژن دەبێتە قوربانیی و بە ناوی "شەرەف" و "نامووس" و ئەو جۆرە دەربڕینانەوە، لەبەین دەبرێت و دەکوژرێت، لە کاتێکدا، کە ئەو پیاوەی هاوبەشە لەو کارەدا، بۆخۆی وەک بەرزەکی بانان ڕزگاری دەبێت و بەچاوی ڕێزیشەوە تەماشای دەکرێت. ساڵی 1977، لە کەربەلا، باوکم و سەلاحی برام و دایکم و

خەدیجەی خوشکم و خۆم، زیندانی بووین، دایکم و خوشکەکەم، لە بەشی ژنان و ئێمەش، لە بەشی پیاوان بووین. کوڕێکی نۆزدە بیست ساڵیی خەڵکی بەغدامان هاوزیندان بوو، کە "حەمزە"ی ناو بوو. حەمزە، حەزی لە دوێتێک کردبوو، بەناوی"تەحریر" و هەر حەڤدە هەژدە ساڵێکی تەمەن بوو. حەمزە، داخوازیی تەحریری لە ماڵی باوکی کردبوو، بەڵام ئەوان دەستیان بەڕوویەوە نابوو و نەیاندابوویە، ئەمانیش، کچە و کوڕە، هەڵاتبوون و بەغدایان بەجێهێشتبوو و لەملاو لەولا و بە خۆشاردنەوە، لە ترسی ماڵباتی کچە گوزراندبوویان، تا ئیدی ماوەیەکی زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو و هاتبوون لە کەربەلا، خۆیان دابووە دەستی پۆلیسەوە، بۆ ئەوەی پۆلیس بیانپارێزێت و کارەکەیان، شێوەیەکی قانوونی وەرگرێت و بەڕەسمیی ببنە ژن و مێرد. کەسوکاری دوێتەش، هەر وەدوویانەوە بوون، تا زانییان، کە کچە و کوڕە، لە زیندانی پۆلیسی کەربەلان. ئەو ڕۆژەی، کە دەبوو "تەحریر" و "حەمزە" بچنە دادگە و دادوەر گوێ لە گێڕانەوە و بەسەرهاتیان بگرێت، لەنێو حەوشەی پۆلیسخانەدا، کە لەگەڵ دادگە و پارێزگە و ئەوانەدا تێکەڵ بوو، دوو برای تەحریر و مامێکی، خۆیان مەلاس دەدەن و هەر یەکەیان لای دەرگەیەک، بە یەک دوو کێرد و چەقۆوە ئامادە، چاوەنۆڕی هێنانی "تەحریر" دەبن، کە "تەحریر" لەنێوان دوو پۆلیسدا دەهێنرێت، یەکێک لە براکانی، کە ناوی "سامی" بوو، بە چەقۆیەکی زلەوە پڕی دەداتێ و دەیداتە بەر چەقۆیان، تا پۆلیس دەکەونە خۆ، سامی، تەحریری خۆشکی لە کچێکی جوانکیلەی پڕژیان و وزەوە، دەکاتە لەشێکی بێگیان. پۆلیس سامییان بەدەست و مەچەک و کراس و کێردی خوێناوییەوە هێنا و پاش ئەوەی کێردەکەیان لێ سەند، سامییش بوو بە هاوزیندانیی ئێمە. تا یەک حەفتە، من نەمدەتوانی خۆراک بخۆم و ڕقی دونیام لەو سامییە دەبووەوە. پاشتر، کە ئیدی مەسەلەکە بڕێک هێور بووەوە و لە تەک سامییدا، قسە کەوتە

نێوانمانەوە، دەرکەوت، سامی لاوێکی پلەی دواناوەندییە و کۆمۆنیستە و وریاشە، بەڵام وەک خۆی دەیگوت، کۆمەڵ و دەوروبەر، هێندەیان پلار و قسەی ناشیرین و شەرمهێنەر پێگوتبوون، ئیدی تەنانەت توانستی بەردەوامبوونی خوێندنیشی لەبەربڕابوو و ناچاربووبوو، بۆ سڕینەوەی ئەو "عار"ە و کڕینەوە و پاککردنەوەی ئەو "شەرەف"ە، لەکەدار کراوە، خوێنی تەحریری خوشکی بڕێژێت. هەر لەو زیندانەی کەربەلادا، مامۆستایەکی گەنجمان لەگەڵ بوو، خەڵکی توێریج (طويريج) بوو، هەم کۆمۆنیست بوو و لە ڕۆژنامەی حیزبی کۆمۆنیستی عیراقدا کاری کردبوو و هەم خوێندەوار و ڕەوشەنبیر بوو. تاکە تاوانی ئەو کوڕە کە "حاتەم"ی ناو بوو، ئەوەبوو، یەک دوو کتێبی بە قەرز دابووە مامۆستایەکی ژن، کە لەیەک خوێندنگەدا هاوکار بوون و لەسەر داوای ژنەکە خۆی و بۆ خوێندنەوەیان. مێردی ژنە، کە بەعسی دەبێت، ڕۆژێک، کە دێتەوە ماڵێ و ئەو کتێبانە لەسەر مێزێک دەبینێت، تەماشایان دەکات و کە ناوی "حاتەم"یان بە سەرەوە دەبینێت، هەر دەسبەجێ کلاشنیکۆفەکەی هەڵدەگرێت و چاوەڕێ دەکات، تا ژنەکەی دێتەوە ماڵێ، ئیتر بێ هیچ پرس و بەرسڤێک، ڕیزێک فیشەک لە ژنەکەیدا خاڵیی دەکاتەوە و خەڵتانی خوێنی دەکات. تاکە تاوانی ئەو ژنە ئەوە بوو، ئەو کتێبانەی لە حاتەم وەرگرتبوو. ئەو پیاوەش، مێردی ژنە، لەبەر ئەوەی وەک بەعسییەکیش دەستی دەڕوات، تەنانەت ناخرێتە زیندانیشەوە، بەڵکە لەبری وی، حاتەمی بەدبەختیان زیندانی کردبوو و تاوانی حاتەمیش هەر ئەوە بوو، ئەو کتێبگەلەی دابووە ژنەکە. ساڵی پار کچەکوردێک لە سوێدەوە برایەوە بۆ کوردستان و لەوێ کوژرا، دیارە پێشتریش لەو جۆرە کارانە ڕوویانداوە، لەبەر ئەوەی نەیدەویست شوو بە کەسێک بکات، کە باوک و دایکی بۆیان هەڵبژاردبوو و کچە پێوەندی بە کوڕێکی کوردەوە هەبوو لە سوێد و حەزیشیان لە یەکدی کردبوو و

کوڕە داخوازیشی کردبوو، بەڵام لەبەر هەندەک جیاوازی نەیاندابوویە. ڕەنگە ئەگەر وەدووی ئەم باسانە بکەوین، بتوانین دەیان کتێب لە بارەیانەوە بنووسین.

مەسەلەی سێکس، یەکێکە لە مەسەلە هەرەگرنگەکان، وێڕای ئەوەی لە قورئانیشدا گەلێ جار هێمای بۆ کراوە، هێشتا لە ڕۆژهەڵاتدا، کەمتر باسی لێوە دەکرێت. ئەو ژنکوشتنانەی، بە ناوی "زینا"وە دەکرێن و هەردەمیش قوربانییەکان ژنن نەک پیاو، وەک بیانووش زۆرجاران ئایین، ئایینی ئیسلام، دەکرێتە بەڵگە، بە بڕوای من هەر لە بنەڕەتدا، کارگەلێکی ناڕاست و هەڵەن و هیچ بناخەیەکی نە شەرعی و نە قانوونییان نییە، بەڵکە لە دیتنێکی خێڵەکییانە و زاڵبوونی نەریت و ڕێسای هۆزپەرستییەوە، سەرهەڵدەدەن، چونکە کۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی بۆ خۆی، کۆمەڵێکی پیاوزاڵییە و ژن لەو کۆمەڵەیەدا بێجگە لەوەی، کە هەمیشە بە پلەی دووەم دوای پیاو دادەنرێت، بە موڵکی پیاویش دادەنرێت.

لە ڕۆژهەڵاتدا فەرهەنگی خێڵ و شوانکارەیی و وەرزێری و دەرەبەگایەتی زاڵە، بە پێچەوانەی ئەوروپاوە، کە جڤاکێکی سەرمایەداری و پیشەسازی و تەکنۆلۆژیاییە. لە بواری جڤاکناسیدا، چەمکێکی زۆر گرنگ هەیە، پێی دەگوترێ "فەرهەنگی جڤاکی"، کە بریتییە لە کۆی ئەو نەریت و ڕێسا و بیرانەی، لە نێو هەر گەل و نەتەوەیەکی جیهاندا هەن و باون. فەرهەنگی جڤاکی، هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیان وەک؛ ئایین، ئاکار، قانوون، هونەر، پیشەسازی، ئەفسانە و...دەگرێتەخۆ، کەسیەتی هەر مرۆڤێکیش بەشێوەیەکی گشتی، بەرهەم و ئافەریدە و بەری فەرهەنگی جڤاکییە و نموونە و وێنەیەکی گچکەی ئەوە.

بۆ سەلماندنی کرداری زینا، لە نێوان دوو کەسدا، کە سزاکەی بە گوێرەی ئایینی ئیسلام، ڕەجمە، واتە:سەنگەسارکردن یا بەردبارانکردن، بەپێی ئایینی ئیسلام، گەرەکە چوارکەس، هەرچواریان پیاو بن و ڕاستگۆ

و داوێنپاکیش بن، گەواهی بدەن و ئەنجامدانی کارەکەیان، بە چاوانی خۆیان و لەیەک کاتدا دیتبێت. دیتنەکەش دەبێت بەشێوەیەک بێت، کە "وانێک" ی پیاوەکە لە نێو "هەرامە"ی ژنەکەدا بێت، واتە: میلچێوک (کلچێوک) لە کلداندا بێت "المیل فی المکحلة" یا پەت (گوریس) لە نێو بیر (چالاو)دا بێت "الرشا(الحبل) فی البئر". ئەو چوار کەسەش. کە گەواهی دەدەن، دەبێ هەر چواریان پیاو بن. ئەگەر هاتوو گەواهیی ژنیش قەبووڵ کرا، ئەوا هەر دەبێ لەو چوارکەسە، سیانیان یا دووانیان یا بەلای کەمەوە یەکێکیان، پیاو بن، چونکە گەواهی ژنان، کە دووانیان بە یەک شایەتی پیاو دەژمێردرێن، هەر دەبێ هەمیشە پیاوێک لە ئارادا هەبێت، دەنا گەواهی هەشت ژن، ئەگەر پیاویان لەگەڵدا نەبێت، قەبووڵ نییە. کەوابوو، بۆ سەلماندنی ڕوودانی کرداری زینایەک، دەبێ شەش ژن و یەک پیاو، کە دەکەنە حەفت کەس، یا چوار ژن و دوو پیاو، کە دەکەنە شەش کەس، یا دوو ژن و سێ پیاو، کە دەکەنە پێنج کەس، یا چوار پیاو، ئەو گەواهییە بدەن و تەواوی قسە و گەواهییەکانیشیان یەک بێت و بە موویش لەیەکتر جیاواز نەبن. ئەوجا چ هێزێک لەو دونیایەدا، ئەو هەموو خەڵکە و لەیەک کاتدا، خڕ دەکاتەوە و دەبنە تەماشاکاری ئەو کردارە سێکسییە! ئەوە مەگەر لە فیلمە سێکسییەکاندا "پۆڕ، پۆڕنۆ" ڕووبدات! دەنا بەڕاستی کارێکی گەلەک سەختە و ڕەجم و بەردبارانکردنیش، مەگەر بە زۆرەملێ و تۆبزی، دەنا هەرگیز جێبەجێ ناکرێت.

لە کتێبی لێکدانەوەی نەهجولبەلاغە(نهج البلاغة)دا، کە ئیبن ئەبی ئەلحەدید ئەلمەدائینی(إبن ابي الحديد المدائني)، لێکیداوەتەوە، بەرگی شەشەم، بەشی دوازدەیەم، باسی مەسەلەی زیناکردنی، یەکێک لە والییەکانی سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب (عمر بن الخطاب) هاتووە، کە بەم جۆرەیە: ساڵی 17ی کۆچی، عومەری کوڕی خەتتاب،

ئەبووموسا ئەلئەشعەری (أبوموسى الأشعري)، دەکاتە والیی بەسرە و فەرمانی دەداتێ، کە ئەلموغیرە کوڕی شوعبە(المغيرة بن شعبة)ی بۆ بنێرێت، چونکە هەواڵێکی لە بارەوە بیستبوو. ئەلموغیرە، کاتێک، کە میری بەسرە دەبێت، بە نهێنی هاتوچۆی ژنێک، بە ناوی دایکی جەمیل(أم جميل) دەکات. ئەو ژنە، سەر بە خێڵی بەنی هیلالی کوڕی عامیر(بني هلال بن عامر) دەبێت و مێردەکەی، کە لە خێڵی سەقیف (ثقيف) دەبێت، پێشتر مردبوو. دیارە بە هۆی چاودێرییەکەوە، کە بە سەر ئەلموغیرەوە دادەنرێت، خەڵکی ئەو ناوە، بەو کارە دەزانن و دەبینن، کە ئەلموغیرە، لەگەڵ ئەو ژنەدا نووستووە و ئەوانیش، ئەو نهێنییە ئاشکرا دەکەن. نامە کلدەکەن بۆ عومەری کوڕی خەتتاب. پاشان عومەر دەنێرێت بە شوێنیاندا و ئەوانیش دێن بۆ لای. عومەریش ئەو خەڵکانە، لەگەڵ ئەلموغیرەدا، ڕووبەڕووی یەکدی دەکاتەوە. عومەر، بە ئەبی بیکرە (أبي بكرة)، دەستپێدەکات و پرسیاری لێ دەکات. ئەویش (ئەبی بیکرە)، گەواهی ئەوەی دەدات، کە ئەلموغیرەی، لە نێوان هەردوو لاقی دایکی جەمیلدا دیوە، کاتێک تێیناوە و دەریهێناوەتەوە. عومەریش دەڵێ: چۆن بینیتن؟ ئەبی بیکرەیش دەڵێ: لە دواوە دیمن. دوای ئەو، عومەر، بانگی شبل کوڕی مەعبەد(شبل بن معبد)، دەکات و ئەویش هەر وەک ئەبی بیکرە شایەتی دەدات. پاش ئەو نافیع(نافع)، شایەتی دەدات و ئەویش هەمان قسەکانی ئەبی بیکرە دەڵێتەوە. ئەوجا زیاد، شایەتی دەدات و قسەکانی وەک ئەوانی پێشوو نابێت. زیاد دەڵێت: ئەلموغیرەم دیت، لە نێوان دوو لاقی ژنێکدا دانیشتبوو و دوو پێی بەرزکراوم دیت، کە دەجووڵانەوە. عومەر دەڵێت: ئایا وەک چۆن میلچێوک لە کلداندایە، وەها دیتت؟ زیاد دەڵێت: نا. عومەر دەڵێت: باشە، ئەی ژنەکە دەناسیت؟ زیاد دەڵێت: نا، بەڵام بە کەسێکی دەچووێنم. ئەوجا عومەر فەرمان دەدات، کە هەرسێکیان جەڵدە بکەن، واتە: دارکاری و

تێهەڵدانێکی چاکیان بکەن و ئایەتی:" فإذ لم يأتوا بالشهداء فأولئك عند الله هم الكاذبون" دەخوێنێت، کە دەکاتە: ئەگەر شایەتیان نەهێنا، ئەوانە لای خوا بە درۆزن دەژمێردرێن. بەمەدا دەردەکەوێت، کە عومەر گەواهیی ئەو زەلامانەی قەبووڵ نەکردووە، چونکە هەرچواریان یەک قسە نەبوونە، سیانیان وەک یەک، قسەیان کردووە و یەکێکیان، جۆرێکی دیکەی گوتووە. ئەز، پێموایە ئەو سەختگیرییە لە جۆری ئەو کەسانەی گەواهی دەدەن، ئەوە بۆ خۆی چاوپۆشین و ڕێگەپێدانێکی ئەو مەسەلەیەیە. بێجگە لەوەش ئیسلام، مێردکردن و ژنهێنانی کاتیی، کە بە ژن و شوویی کاتی (الزواج المؤقت) یا ژن و مێردایەتیی چێژ، خۆشیی (زواج المتعة) یا سیغە(زواج الصيغة)، ناو دەبرێت، کە ژن و مێردایەتییەکی کاتییە و هەر پێشەکی، کە بەڵێن و قەراردادی ماڕەبڕینەکە مۆر دەکرێت، کات و ڕۆژی جوێبوونەوە و تەڵاقەکەشی تێدا دیاری دەکرێت، حەڵاڵ کردووە، لێ ئەم حەڵاڵکردنە ئەوڕۆ، تەنێ لە کن پێڕەوانی ئایینزای شیعە هەیە، ئەویش بە شەرمەوە و بەشە سوننییەکەی ئیسلام، پێی حەرامە، کەچی ئەو ڕێسایە، تا سەردەمی عومەری کوڕی خەتتاب، دووەم خەلیفەی ڕاشیدینیش هەبووە و ئەو قەدەغەی کردووە، واتە: لەسەردەمی پەیامبەر و ئەبووبەکریشدا باو بووە. لە ئیمام عەلی دەگێڕدرێتەوە، کە لەمەڕ ژن و شوویی کاتییەوە، گوتوویەتی:"لولا ما سبقني به إبن الخطاب، ما زنى إلا شقي"، واتە: ئەگەر کوڕی خەتتاب لەو کارەدا پێش من نەکەوتایە، ئەوا تەنێ سەرسەری و چەقۆکێش، زینای دەکرد. من پێموایە ئەوە چارەسەرێکی یەکجار باش و ڕاست و دروستە، بۆ گەورەترین گیروگرفتی ژن و پیاوی وەڵاتانی جیهانی ئیسلامی، ئەگەر بێتو بڕێک بیرازکاری تێدا بکرێت و ئارەزووی ژنیش، ڕێک وەک پیاو لەبەرچاو بگیرێت، کە ئیدی وزەی میلیۆنان لاو، ڕەها دەکات و توانست و هێزیان، بۆ داهێنان و کاری ئاوەزی و سوودبەخشتر، دەخاتە کار و

هێندە بیر لە سێکس، کە بەشێکی یەکجار زۆری مێشکیانی گرتووەتەوە، ناکەنەوە. با ئێمە ڕاشکاوانەتر بنۆڕینە ئەو گیروگرفتە؛ مرۆڤ، کە تەمەنی دەگاتە 12 و 13 و 14 سالان، کوڕ یا کچ، بڕوا بکە، لە سێکس زیاتر، هیچی دیکەی لە مێشکدا نییە. مەگەر لە هەزاران کەس، یەکێک ڕیزپەڕ بێت، دەنا خەون و خەیاڵ و هزر و هەموو شتێکی ئەو تەمەنانە و تا بیست ساڵ و هەورازتریش، هەر بە دەوری سێکسدا دەخولێتەوە. لە وەڵاتانی لای خۆمان و ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی و جڤاکە داخراوەکاندا، مرۆڤ، بە تایبەت نێرینە، نە تەنێ لەو تەمەنانەدا، وا دەهزرێت، بەڵکە هی وامان هەن، تا تەمەنی پیاوەتی و کامڵبوون و پیرییش، لەو ڕووەوە، هەر هەرزەکارن و وەک هەرزەکارێک دەهزرێن،چونکە هەرگیز نەگەیشتوونەتە پلەی تێربوون و هەمیشە هەر تامەزرۆن و هەر چاویان لە دووی پڕکردنەوەی ئەو کێماسییەیە. دیارە سێکس بە تەنێ لە لەشدا نییە و تەنێ بە لەش هەستی پێ ناکرێت، بەڵکە پێش ئەوە لە مێشکدایە.

داخراویی وەڵاتانی خۆرهەڵات، بە تایبەتیش، وەڵاتانی ئیسلامی، ژینگەیەکی وا ساز دەکات، کە دیاردەی نێربازی(منداڵبازی، هەتیوبازی) و ڕووسپێتی(لەشفرۆشیی ژنان) پەیدا دەبێت. تۆ بنۆڕە وەڵاتانی داخراوی وەک، عەرەبستانی سعوودی، ئێران، وەڵاتانی کەنداوی عەرەبی (فارسی)، عیراق و تەنانەت کوردستانەکەی خۆیشمان، دیارە بڕێک کەمتر، کە چۆن نێربازی و ڕووسپێتی، تێیاندا باون و هەن. زۆرجاران لەو کۆمەڵانەدا، کوڕی بڕێک لووسکە و ناسک، لاوانی لە خۆیان گەورەتر، یا پیاوانی بە تەمەنتر، بە جۆرێک لە جۆرەکان، هەڵیاندەخەڵەتێنن و فریویان دەدەن و لەگەڵیاندا دەسێکسێن. بەو کارەش، وەک خۆیان دەیڵێن "چاویان دەشکێنن" و لەنێو خەڵکیشدا سووکیان دەکەن. لەو جێگانەدا، کە پڕانیی کوڕن و هەمیشە پێکەوەن، وەک بەشی نێوخۆیی خوێندکاران، یەکەی سەربازی و سەربازگە و لەشکر، زیندان، هەمیشە

دیاردەی نێربازی، زەقتر دەردەکەوێت. نێرینەی ڕۆژهەڵات، هەم نێربازی و هەمیش وەدووی ژنی ڕووسپی کەوتن و ئەو جۆرە ڕەوتارانە، کە ڕەنگە بە ئازادی دابنێن، بۆ خۆیان ڕەوا دەبینن، وەلێ هێندەی ڕێزەیەک، بۆ مێیینەی خۆیانی قایل نابن.

زینا، وەنەبێ تەنێ لە پەیدابوونی ئیسلامەوە، بەو شێوەیەی تێڕوانرابێت، بەڵکە لە کۆنترین قانوونێکی نووسراو، کە لە جیهاندا دانراوە، قانوونی حەموورابی، لەویشدا، سزا بۆ ژنی زیناکار دانراوە و چ باس لە مێرد و پیاویش نییە. لەو قانوونەدا هاتووە:"ئەگەر ئاماژە بە ژنێک بکرێت، کە لەگەڵ پیاوێکدا، لە سەر یەک تەختی نووستن پێکرا خەوتوون و نەشگیرێت، لە سەر ئەو ژنەیە، بۆ پاراستنی ئاوڕوو و شەرەفی مێردەکەی، خۆی لە نێو ڕووباردا بخنکێنێت". دیارە بە گوێرەی ئەو قانوونەش، هەر دەبێ ژن تاوانبار بێت و سزا بدرێت.

ژنەئەوروپایی مافی جوێبوونەوەی لە مێردی، هاوژینی و هاوڕێی، بەدەستی خۆیەتی و پێویستی بەوە نییە، چاوەنۆڕی پیاو بێت، بۆوەی تەڵاقی بدات، بەڵکە زۆر بە ئاسانی، دەتوانێت مێردەکەی بەجێ بهێڵێت. لە ڕۆژهەڵاتدا، مەسەلەی تەڵاق، زێتر بە دەستی پیاوە و تەڵاقیش "دزێوترین حەڵاڵە لای خودا/ أبغض الحلال عندالله" و ژنی تەڵاقدراوی ڕۆژهەڵاتییش، هەزارویەک ناو و ناتۆرەی لێ دەنرێت و دەوروبەری بە هەزاران تەلبەن و پەرژین دادەخرێت. لە ئایینی عیساییشدا، تەڵاق، وەک کارێکی بێواتا و ناڕەوا دانراوە و کەسێک، کە پەیمانی ژن و مێردایەتی دەبەستێت، بە تایبەت لەکن کاسۆلیکەکان، ئیدی دەبێ، تا کۆتایی ژیانی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بێت. تەڵاق تەنانەت وەک زینا سەیر کراوە.

پیاوەڕۆژهەڵاتی مافی ئەوەی هەیە، لە ژنێک زێتری هەبێت، تەنانەت ئیسلام ڕێگە بە پیاو دەدات تا چوار ژنیشی لەیەک کاتدا هەبێت، ئەگەر لەنێوان ژنەکانیدا دادوەرانە ڕەوتاری کرد، کە هەرگیز هیچ پیاوێک

نایکات. پیاوی دوو ژنە و تەنانەت سێ ژنەی لەیەک کاتدام دیتووە و گەلێکم پێ سەیر بووە و جێی پرسیار بووە، جۆن لەنێو ئەو ژنانەدا، دێت و دەچێ و چۆن دەتوانێت دادوەرانە ڕەوتاریان لەگەڵدا بکات! ساڵانی 1970، لە کەرکووک، هاتووچۆی پیاوێکی دوکاندارم لە نێزێک ئەحمەداغا و بەری مەزادخانەکە دەکرد، کە دوکانێکی گچکەی ڕووتەڵەی هەبوو و وردە شتی وەک نوقڵ و جگەرە و سابوون و ئەوانەی دەفرۆشت. زۆرجاران سەرم دەنایە سەری و بۆ دەمەتەقە و خۆشیی، شتی زۆر تایبەتم لی دەپرسی و ئەویش بێ هیچ سنوور و گتێک، ورد و درشتی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ دەگێڕامەوە. ئەو پیاوە، سێ ژنی هەبوو، و باسی ئەوەی دەکرد، کە لە خانوویەکدا دەژی، چوار ژووری خەوتنی تێدایە و هەر ژنێکی لە ژوورێکدایە و ئەم هەر دوو شەوان لەکن ژنێکیان دەبێت، کە دەکاتە شەش شەوان، منیش لێم دەپرسی: ئەی شەوی حەوتەم چ دەکەیت؟ دەیگوت: "شەوی حەوتەم بۆ خۆم بە تەنیا لە ژووری چوارەم دەبم، کە ژووری تایبەتی خۆمە، و پشوو وەردەگرم و دوور لە ژنەکان دەخەوم". ئەو دەیگوت:"ژنەکان لەگەڵ یەکدیدا، گەلێک ئاسوودە و ئارام، وەک سێ خوشک دەژین و بە خۆشی و ڕووخۆشی و خەندە و تامەزرووییەوە چاوەڕوانی من دەکەن و خۆ دەڕازێننەوە و باشترین خواردن و شیو ساز دەکەن". من نە ئەودەمی و نە هەنووکەش باوەڕم بە قسەکانی لەمەڕ ژیانییەوە نەدەکرد و بڕواشم بەوە نەبوو و نییە، پیاوی فرەژنە جیاوازی لەنێوان ژنەکانیدا نەکات و فرەژنییشم پێ، جگە لە ڕەوتارێکی قێزەوەن و ئاژەڵیانە زیاتر، هیچی دیکە نییە. گەلێکیشم پێ سەیرە و مایەی سەرسووڕمان و پرسیار و تووڕەبوونیشە، تا ڕادەی بێزهاتنەوە، لەلام، ژنێکی مێردمردوو یا جوێبووەوە لەمێرد یا کچێک، مێرد بەسەر ژنێکی دیکەدا و بە پیاوێکی ژندار دەکات! هەرگیز لەوە تێناگەم چۆن ژن بەوە

قایل دەبێ! فرەپیاویی یا فرەمێردیی، بۆ ژنەڕۆژهەڵاتی نابێت و نابێ لە پیاوێک زێتری هەبێت. دیارە ژنەڕۆژاواییش لە مێردێک زیاتری نییە، لێ ئەمە بە ڕواڵەت وایە و ئەمە دیوە ئاشکراکەی پێوەندەکانە، چونکە هەم پیاو و هەم ژنی ڕۆژاواییش، گەلێک جاران، لە بنەوە و بە قاچاخ و لەپشتی سەری یەکدییەوە، دۆست و خۆشەویستیان هەیە و تا ڕادەیەکیش ئەو دیاردەیە لە خۆراوا باوە. هی وایان هەیە پاش مردنیان، ئەو پێوەندە نهێنییانەیان دەردەکەوێت. بۆ نموونە، "فرانسوا میتران"ی سەرۆکی فرانسا. مافی فرەژنیی پیاو، نەسێکسین پێش مێردکردن، سەختیی جیابوونەوە و تەڵاقبەدەستیبوونی پیاو، ڕازیبوون بەوەی، کە باوک و دایک و خێزان هەڵیدەبژێرن، وەک مێرد، ئەمانە لە ڕۆژهەڵاتدا، ڕەنگە وەک ئازادی بۆ ژن دابنرێن، لێ لە ڕۆژئاوا بە چەوسانەوە و چەپاندن و سەرکوتکردن دادەنرێن.

لە ڕۆژهەڵات، ژن زێتر، وەک لاواز و بێدەسەڵات و پلەدووەم و ئەوانە سەیر دەکرێت، هەر بۆیە پێی دەگوترێت "زەعیفە" و "حورمە، حورمێ" و کولفەت (لە نێو کوردانی ئەرمەنستان، گورجستان و ئازەربایجانی کەونەسۆڤییێتدا باوە). لەنێو عەرەبی خوارووی عیراقدا، پیاو، تا ئەم چەند ساڵەی دواییەش، کە باسی ژنی خۆی کردبا، دەیگوت "تكرم مرتي" واتە: دوور لە ڕووت، حاشا لە تۆ، حاشا لە قەدرت، ژنەکەم. وشەی "حورمە (حرمة)"، کە لە زاراوەی عەرەبیی عیراقیدا، واتای ژن دەگەیەنێت، لە وشەی ئەلحەرەم "الحرم"ەوە هاتووە، کە بە واتای "ئەندەروون" و "حەرەمسەرا" دێت. لە سلێمانییەکەی خۆیشماندا، کە بە بەراورد لەتەک باژێڕەکانی دیکەی کوردستاندا، لەڕووی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەوە، لە هەمووان کراوەتر و پێشکەوتووترە، پیاو ئێستاش، کە باسی ژنەکەی خۆی دەکات دەڵێ: ماڵەوە، ماڵەوە وا دەڵێ، ماڵەوەمان لەماڵ نییە، ماڵەوەمان نەخۆشە، ماڵەوەم لەگەڵە، ماڵەوەم

بردەوە بۆ ماڵی باوکی، ماڵەوەتان چۆنە؟، سڵاوم بە ماڵەوەتان بگەیەنە. لەنێو ئەنجومەنی پیاواندا، لە دیوەخانانداا، ژنان بەدەگمەن بۆیان هەبووە دانیشن و بەشداریی کاری پیاوان بکەن. بە درێژایی مێژوو و لەو جڤاکانەی، کە باس لە لایەنە لاوازەکانی ژن کراوە، پەردەی کچێنی، کەوتنە بێنوێژی یا خوێنی مانگانە و ئاوسبوون(زگپڕبوون) و منداڵهێنان، کراونەتە بناخەی پێشاندانی ژن، وەک بێتوانست و لاواز. ژنەڕۆژهەڵاتی، زۆرجاران ڕۆڵی مەکینەی منداڵچێکردن دەبینێت و چەند زارۆکی پتر بن، بەتایبەت نێرینە، هێندە ڕێزی پتر و پشتی قایمتر دەبێت.

زۆر شت لە ڕۆژهەڵاتدا، کە بۆ ژن دەکرێنە عەیب و نەنگی و کارێکی شەرمهێنەر، بۆ پیاوان ئاساییە و ئەنجامدانیشی، چ کێشەیەک ساز ناکات. ژنەڕۆژهەڵاتی ناتوانێت و زۆرجاران ڕێگەی پێ نادرێت، بە تەنێ و لەگەڵ پیاوێکی نامەحرەمدا، سەفەر بکات، نەک هەر بۆ وەڵاتێکی دیکە، بەڵکە بۆ باژێڕێکی دیکەش، بەڵکە دەبێ، وەل کەسێکی "مەحرەم"دا (باوک، برا، مێرد، کوڕ)، یا ژنی دیکەدا، سەفەر بکات. لە کن ژنەئەوروپایی، مەحرەم و نامەحرەم و ماڵەوە و حەرەمسەرا و ئەو جۆرە باسانە، مەگەر وەک ئەفسانە و دیرۆک باس بکرێن. ژنەڕۆژهەڵاتی، بۆی نییە، هەموو جۆرە کارێک بکات و لە هەموو بوارێکدا ململانێی پیاو بکات، بەڵام ژنەئەوروپایی بە پێچەوانەوە، لە هەموو بوارێکدا، تەنانەت سەربازی، پۆلیسی، پاسەوانی، ڕانەریی (شۆفێری)، لە ماشێن و ئۆتۆبووس و شەمەندەفەرەوە بیگرە، تا دەگاتە فڕۆکە، سیاسەت، وەرزش، بازرگانی و چ کارێک سەختە، ڕێک وەک پیاو و زۆرجارانیش خاستر ئەنجامی دەدات. من بۆ خۆم، کە ئێستا لە نێو وێستگە و شەمەندەفەری ژێرزەوی: میترۆ(Metro)، بە سوێدیش: توننێلبانا(Tunnelbana)دا، کار دەکەم، سبەینانی زوو، کاتژمێر سێ و چوار و پێنج و شەش، لەگەڵ شیرەی مەلاژندا، و شەوانەش نیوەشەو و

دواتـریش، چـەنـد پیـاو دەبیـنم، ڕاكـەڕاكەیانـە بـۆ سـەر كـار، یـا لـە كـار دەبنەوە، ئەوەندەش یا زیاتر ژن دەبینم، گورجوگۆڵ و خێرا، لە كارەوە یـا بـەرەو كـار، فرِكـان فرِكـان دەدەون (هەڕادەكـەن، غـاردەدەن). لـە ئامارێكـدا، كـە لـەمـەڕ ژنـی ماڵـەوە لـە سـوێد كـراوە، وا پێشـان دەدات، كژمارەی ئەو ژنانەی، ژنـی مـاڵن، واتـە كاری دەرەوەی مـاڵ ناكـەن، لـە (163000) وە لە ساڵی 1987دا بووەتە (118000) لە ساڵی 1990 دا، و (79000) لــە ســاڵی 1997 دا و (60000) لــە ســاڵی 1999 دا و (55000) لە ساڵی 2000دا، واتە هەمیشە لە دابەزیـن و كـەمبوونـدان و ئەگەر حاڵ وەک ئێستا بڕوات، ئەوا ژنی ماڵ، بەرەو لەنێوچوون دەڕۆن. دیارە "سەربەستی" و "ئابووری" و "یەكسانی"، هۆگـەلێكی سـەرەكیی ئـەو دیاردەیەن.

ژنـەئـەوروپـایی، بـەوەی لـەمـاڵ وەدەردەكـەوێـت و دەچێتـە بـازاڕی كارەوە، سەربەستیی خۆی، وەک تاكێک، كە ئازادە لە هەڵبژاردنی ڕێگەی ژیاندا و سەربەخۆیی ئابووری خۆی، كە دەستەشكاوەكەی ملی پیاو نییـە، و یەكسانیی خـۆی لـەگـەڵ پیـاودا، دەسـەلمێنێـت. ئـازادی كـار بـۆ تـاک، ئافـەریـدەی سـەربـەخـۆیی ئابووریـیـە و مـرۆڤ دەكاتـە خـودانی پـووڵ و پارەی خـۆی و دەستڕۆیشـتنی، بـەسـەر گیرفـانی خۆیـدا. ژنـەئـەوروپـایی، خودانی ئەو سەربەخۆییـە ئابوورییەیـە، وەلـێ ژنەڕۆژهـەڵاتی لـەو بـارەوە، هێشتا لـە پلـەی گرِوگاڵدایـە. وابـەستەیی ئـابووریش، چ بـۆ تـاک و چ بـۆ كۆمەڵ، دەكاتە بندەستی و گرێـدراوی. ئێمـە دەبـێ لێـرەدا، ئـەو ڕاستییە لە بیر نەكەین، كە ئەو ئازادی و سەرخۆبوونە ئابوورییەی، ژنەئەوروپایی هەیەتی، ڕاستە لـە سـەرێكـەوە وەک تـاک، خـودانی كـەسیەتی و گیرفـانی خۆیـەتـی، وەلـێ لـە ئالییـەكی دیكـەوە، لـە سـەر حیسـابی، یەكیـەتیـی و یـەكگرتوویی خێـزان و پتـەویـی پێـوەنـدەكان و گرێـدراویی ئـەنـدامانی خێزانەكەیە، پێكەوە. زۆرجاران كێشـە و نائـارامی و هـی مـن و هـی تـۆ و

نەبوونی کات بۆ منداڵ و مێرد و ئەوانە، هەرەشە لە یەکگرتوویی خێزان دەکەن و بوونی خێزان، وەک یەکەیەک، هەڵدەوەشێننەوە. هەڵپە و پەرۆشی بەرهەمهێنان، لە کن سەرمایەداران و کارگە و فابریک، ئەو پێویستییە ساز دەکات، کە پتر ژنانی چینەهەژارەکانی جڤاک، لە بەر پێویستی و سەختیی باری ئابووری و...، بچنە بازاڕی کارەوە، بۆ بەخێوکردنی خێزان و دابینکردنی، ئەو پێویستی و قورساییانەی ژیان، کە سەرمایەداریی خۆی ئافراندوونی. تۆ بنۆڕە ژنانی خواپێداوان و خەڵکە دەوڵەمەند و بۆرژوا و ئەریستۆکراتەکانی ئەورووپا، بزانە کێهە ژنیان کار دەکات. ژنانی ئەوان، هەر خەریکی خۆئارایشتکردن و خۆجوانکردنەوەن، بۆ پیاوان، ئیدی هی خۆیان بن یا هی دیکە و...داهاتی یەک ساڵی تۆ و من و دەیانی وەک ئێمە، تەنێ لە یەک گەشت، یا یەک مانگی ئارایشتیاندا، یا بۆ سەگەکانیان، خەرج دەکەن. ئەو ژنەئەورووپاییانەی، ملانێی من و تۆ دەکەن لە بازاڕی کاردا و شانبەشانی پیاو، کاری سەخت و ناخۆش و ماندووکەر دەکەن، ژنانی چینە شەکەتەکەی جڤاکی ئەورووپایین، ئەو ژنانە نین، کە باس و خواسی پۆشاک و خواردنەوە و گەشت و پێوەندەسێکسییەکانیان و شووکردن و تەڵاقدان و مێردگۆڕین و شەوانی سووریان، لە گۆڤار و تەلەڤزیۆنەکاندا، وەک هەواڵی زۆرگرنگ، بە خەڵک دەفرۆشرێنەوە و بەوەش؛ تەنانەت بە کردارە ناپەسەند و دزێوەکانیشیان، سەرمایەداران، پارە لە خەڵک دەکێشنەوە و قازانج دەکەن.

لە جڤاکی چینایەتیی ڕۆژهەڵاتدا، دیارە جڤاکی ئەورووپایی و تەواوی جڤاکگەلی ئەم جیهانەش، هەر جڤاکگەلێکی ناچینایەتی نین، لێ کەم و زۆر کەوتووە، جیاوازییە چینایەتییەکان، هێندە زەق و لەبەرچاون، کە ئیدی بە گوێرەی ئەو جیاوزییانە، ڕۆڵ و جموجووڵ و بڕیاردانی ژنان پەلدەهاوێژن. چین، هەموو بوارەکانی ژیان ڕەنگڕێژ دەکات و جیاوازی

چینایەتی، ڕادەی ئازادییەکان دیاری دەکات. کە جیاوازیی چینایەتیی هێند زەق و لەبەرچاو بن، یا هەر هەبن، دەکاتە ئەوەی، ئەو جڤاکە، جڤاکێکی نائازاد و نایەکسانە، چونکە کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان، کۆمەڵگەیەکی بێچینە، واتە: نە چینی سەرەوە و نە چینی خوارەوەی تێدایە و خەڵکیش هەرگیز ڕاوەقازانج ناکەن، واتە: وەدووی قازانجدا غار نادەن. بێجگە لەوەش، جڤاکە ڕۆژهەڵاتییەکان، جیاوازییەکی گەلێک فرە لە نێوانیاندا هەیە، وەلێ جڤاکە ئەوروپاییەکان، بە تایبەت، وەڵاتانی ڕۆژاوای ئەوروپا، بەدەگمەن جیاوازییان لەنێواندا هەیە و پتر لە یەکدی دەچن. لەو دەوروبەرەی لای خۆمان، ژنەکووەیتی، عومانی، سعوودی، مافی دەنگدانیان نییە لە هەڵبژاردندا. ژنەسعوودی بۆی نییە ماشێن باژوێ، بەڵام پاسەوانەکانی قەززافی ژنن. تەنانەت ئوێجالانەکەی لەمەڕ خۆیشمان، پاسەوانی ژنی هەبوون. ژنەمسری و ژنەهیندوستانی، سەدان ساڵە لە سەما و گۆرانیچڕین و فیلمدا، یەکەمی هەموو ڕۆژهەڵاتن. ژنەئێرانی و سعوودی و سۆمالی و ئەفغانی لەچک و چارشێو(حیجاب)یان هەیە، لێ ژنەئێرانی، هەم لە هەڵبژاردندا مافی دەنگدانی هەیە و هەم خۆیشی دەپاڵێوێت بۆ پەرلەمان و هەم لە پشتی مێردە ئاخوندەکەیەوە سواری تەپتەپە (ماتۆڕ) دەبێت و هەم ئۆتۆمبیلیش داژوا. ژنەئەفغانی لە سایەی تالیباناندا، نەک هەر خوێندن، بەڵکە مافی کارکردنیشیان نییە و دەشێ وەک دۆڵمەیش خۆیان بپێچنەوە. ژنانی دەوڵەمەندی خواپێداوی، باکووری تاران و خۆراوای بەیرووت، بێجگە لەکار و سەفەر و ماشێن ئاژۆتن و سیاسەت، دەخۆنەوە و خلێسکێنەی سەر بەفر و بلیارد و قوماریش دەکەن.

تا ساڵانی 1980 و ئەوانە ژنی وا هەبوو لە هەولێر، لە قەڵا نەهاتبووە خوارێ. ساڵی 1976، "دەرمانخانەی ئەمیر" هەبوو لە بەرانبەر قەڵا، کاک "ئەمیر شێت" خاوەنی دەرمانخانەکە بوو. جاروبار دەچووینە کنی و

دادەنیشتین. ئێوارانێک پیرەژنێکی کووڕی قەراتیی، سەرتاپا ڕەشپۆش و داپۆشراو و پێچراوە، لە قەراتەوە هاتە خوارێ و هەر، کە گەیشتە سەر شەقامەکەی بن قەڵا و ئەو هەموو ئۆتۆمبیل و خەڵکەی دیت، هاواری لێ هەستا و گوتی: "ئەوە دەرێن بەغدا، ئەوە بەغدایە؟". پێموایە ئەو هەژارە، ئەوە جاری یەکەمی بوو، جیهانێکی دیکەی دەرەوەی قەڵای هەولێر ببینێت.

لە هەموو جیهانی عەرەبدا تا ئەوڕۆ، سەرۆککۆمار یا حوکوومەت ژن نەبووە، کەچی ژنەبەنگلادیشی "حەسینە واجید و خالیدە زیا" و ژنەهیندوستانی "ئیندێرا غاندی" و ژنەسیریلانکی "باندرا نایکا و چاندریکا کۆماراتونگا" و ژنەئیندۆنیسایی "مێگاواتی سۆکارنۆ پوتری" و ژنەپاکستانی "بینەزیر بۆتۆ" و ژنەتورکیایی "تانسو چیلەر" و ژنەفیلیپینی "گلۆریا ماکا پاگال ئارۆیۆ"، کە هەمووشیان ژنەڕۆژهەڵاتین، سەرۆککۆمار و سەرۆکی حوکوومەت و سیاسەتکار و ئەو جۆرە شتانە بوون و هەن. کەواتە ناکرێت هەموو ژنانی ڕۆژهەڵات، بخرێنە یەک خانەوە. چەمکی ژنەڕۆژهەڵاتی، یەک نییە و جیاوازییەکی لەبەرچاو، لەو چەمکەدا هەیە. ژنەئەورووپایی، دەروازەی سیاسەت و کار و خوێندن و ئابووری و هەموو بوارێکی دیکەی، بۆ لەسەر پشتە و بێ جیاوازی، ململانێی پیاو دەکات و پێشبڕکێی لە تەکدا دەکات و زۆر ئاساییش، جێی دەهێڵێت و کام جێگەش بەرزە وەدەستی دەخات.

ئەو گیروگرفتانەی، ژنەڕۆژهەڵاتی تووشیان دەبێت و ئەو جیاوازییە چینایەتی و قەدەغە و تەنگەبەرکردنی ئازادییەی، لە ڕۆژهەڵاتدا هەن، وەنەبێ تەنێ جڤاکە ئیسلامییەکان بگرنەوە، بەڵکە پێڕەوانی تەواوی ئایینەکانی بوودایی و هیندوویی و عیسایی و ئێزدی و یارسان و جوو و تەنانەت گەلانی ئەفریقاش، دەگرنەوە. لە ئایینی زەردەشتیدا، کە ئایینێکی کۆنی نەتەوە ئێرانییەکان بووە و ئێستاش لە ئێران، پێڕەوانی

ئەو ئایینە هەن، جەخت لە سەر ئەوە کراوەتەوە، کە منداڵبوون، کاری سەرەکی و یەکەمی ژنە و ژن هەمیشە دەبێ بە خۆشحاڵییەوە، فرمانەکانی مێردی ئەنجام بدات و تەڵاقیش هەرچەندە قەدەغە نەکراوە، لێ بە کارێکی ناحەز دانراوە. یەکێک لە نەریتە هەرە دزێوەکان، لە کن پێڕەوانی ئایینی زەردەشتی، ئەوە بووە، کە ژنێک لەو ڕۆژانەی، خوێنی مانگانەی بۆ هاتووە، یا لە بێنوێژیدا بووە، دەبوو هەموو ئەو ڕۆژانەی لە تاریکیدا ببردایەتە سەر و تەماشای خۆر و ئاو و ئاگر، ئەو سێ شتەی، کە لە ئایینی زەردەشتیدا، پیرۆزن، نەکردایە، چونکە پێیانوابووە، ژن لەو ماوەیەدا پیسە و ئەوانەش پیس دەکات. ژن لەو ڕۆژانەشدا دەبوو تێکەڵ بە خەڵک نەبێت و دوورکەوێتەوە و کاری ڕۆژانەی خۆی ئەنجام نەدات. ژنی تازەزایش تا چل ڕۆژان، بە پیس دەژمێردرا. ئێستایش لە هەندێک شوێن، لە باکووری کوردستان، نۆبووکی تازەمێردکردوو، بۆ ماوەی ساڵێک، لە گەڵ پیاوانی ماڵی مێردەکەیدا(باوک و برای مێرد) دانانیشێت و نانیان لە سەر یەک خوان، لەگەڵدا ناخوات و هەر زاریش ناکاتەوە و لە بەردەمیاندا قسان ناکات. لە ئایینی جوولەکایەتیدا، ئەگەر ژن کوڕی ببووایەت، ئەوە شانازی و سەربڵندییەکی گەورە بوو بۆی. ئەگەر کچێکیش پاکیزەیی خۆی، بێ ئەوەی مێردی کردبا، لەدەست دابایە، ئەوە دەبوو سەنگەسار کرابا و لە نێو برابا، لێ بۆ پیاوان هیچ جۆرە قانوون و مەرجێک نەبووە. ژن لە کن ئایینی جوولەکایەتی، نیشانەی نەگبەتی و خراپە بووە، چونکە مار، حەوا، نەک ئادەمی، فریوداوە و ژنیش لە پەراسووی چەپی ئادەمەوە چێ کراوە. "پاولس"، کە دوای عیسا، گرنگترین کەسێکە لە ئایینی عیساییدا، لە نامەکانیدا، گەلێک جاران، جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ژنان گوێڕایەڵیی پیاوەکانیان بکەن و سەرپۆش و چارشێو بەکار ببەن و داوایشیان لێ دەکات، لە ژنان، لە کڵێسە بێدەنگ بن، چونکە بۆ ژن

نەهاتووە، لە کڵێسەدا قسان بکات و هەر شتێکیش، کە دەیانەوێت فێری بن، با لە ماڵەوە لە مێردەکانیان بپرسن. پاولس، باسی ئەوەش دەکات، کە ژن نابێت وانە بڵێتەوە و زاڵ بێت بە سەر مێردیدا، بەڵکە دەبێ کڕ و بێدەنگ بێت، چونکە یەکەم کەسێک، یا مرۆڤێک، کە خودا دروستی کردووە، ئادەم بووە و پاشان حەوا دروست کراوە. ئەوەیش، کە فریوی خوارد و هەڵخەڵەتا، حەوا بوو نەک ئادەم، واتە: ژن بوو نەک پیاو.

ئێمە ئەگەر تەماشای ئایینی ئیسلام و قورئانیش بکەین، دەبینین تەواوی گوتاری خودا لە قورئاندا، لە پیاوەوە بۆ پیاوە، نەک بۆ ژن و لە نێرەوە بۆ نێرە، نەک بۆ مێ. واتە: خوا لە قورئاندا وەک نێر و وەک پیاو، ڕووی دەمی لە پیاو کردووە و بۆ ئەو قسە دەکات و ژنیش لە ڕێگەی پیاوەوە، گوتەکانی خودای پێ دەگات. ئەوە هیچ، کە پەیامبەری ئیسلام پیاوە و قورئانیش بۆ وی و لە ڕێگەی ئەویشەوە، بۆ مرۆڤ هاتووەتە خوارێ، لێ لە قورئاندا، هەمیشە جەخت لە سەر یەکەمی و لەپێشیی پیاو، هەموو پیاوێک، کراوەتەوە و پیاو بە سەر ژندا، بە باڵادەست و خودان فەرمان و بەرپرس دادەنرێت(الرجال قوامون على النساء). بە پێی گوتەیەکی پەیامبەری ئیسلام، کە لە سەحیحی بوخاری(صحيح البخاري)دا هاتووە و سەحیحی بوخارییش، بە لای ئیسلامی سوننەوە، زۆرجاران ئەگەر لە قورئان لە پێشتر نەبێت ئەوا لە ڕیزی قورئاندایە، ژن کەمئاوەز و کەمئایینە(النساء ناقصات عقل و دين)، کەمئاوەزە، چونکە ڕاوێژی پێ ناکرێت و لە گەواهیدا، بە نیوەی پیاو دادەنرێت و لەبەر ئەوەیشی لە کاتی سووڕی خوێن و بێنوێژیدا، ناتوانێت بنوێژێ و بەڕۆژوو بێت، بۆیە کەمئایینیشە. بە پێی ئیسلام، ژن هەرچەندە زانا و تێگەیشتوو و بیریاریش بێت و شان لە شانی "ڕابیعەی عەدەوییە" و "مارگرێت تاچەر" و "ڕۆزا لۆکسمبۆرگ" و "سیمۆن دێ بۆڤوا"یش بدات، ناشێ بکرێت بە دادوەر و دادگەیی خەڵک بکات. تۆ

بنۆڕە تەواوی ئایینەکانی ئەم جیهانە، بزانە یەک پەیامبەر دەبینییەوە، ژن بوویێت، نەخێر، گشتیان پیاون و هەموو ئاییەنەکانیش، ئاسمانییەکان، لە بناخە و پێکهاتەدا، تا ڕادەیەک، چوونیەکن و پەیامەکانیان لە ناوەڕۆکدا، هەر یەکە. با ئێمە یەک شتی گرنگ لەبیر نەکەین، کە لەگەڵ هەموو جیاوازییەکانی نێوان جڤاکگەلی جیهاندا و پێشکەوتنی جڤاکێک و دواکەوتنی جڤاکێکی دیکەی ئەم جیهانە، هێشتا دیتنی سێکسیزم"Sexism" سەردەستە، و خەڵک، بە تایبەت پیاوان، بە چاوی سێکسیست"Sexist"ێکەوە، دەنۆڕنە مرۆڤ و نێر و مێ، واتە: لە هەموو کردار و گوتار و ئاکار و ڕەوتار و بیر و دیتن و هەڵوێستێکدا، لە چاوی جیاوازیی بایۆلۆژیی مێ و نێرەوە، دەنۆڕنە مرۆڤ و لە سەر بنگە و بنەمای ئەو بیرکردنەوەیە، مرۆڤ دابەش دەکەن و بڕیار و نەخشە و پرۆگرامەکانیان چێ دەکەن و دادەنێن، ئیدی مەگەر وەک ڕێژە و کەم و زۆر، لە کۆمەڵێکەوە، بۆ کۆمەڵێکی دیکە، بڕێک بگۆڕێت، دەنا بە گشتی ئەو دیتنە لە ئارادایە. یەکێک لەو دەردە سەخت و دژوارانەی، کۆمەڵی ئەوروپایی، بە مێ و نێر و گەورە و گچکەوە، دووچاری بووە، دەردەخواردنەوە و بەنگکێشان و نەخۆشییە سێکسییەکانە.

ئەگەر "دیموکراسی و لیبرالیزم و ئازادی تاک، بۆ خۆیان، گەورەترین دوژمنانی ئازادیی ڕۆژاوایی بن" و هەموو دەردەکان لەوانەوە سەر هەڵبدەن، وەک "شاندل، کە ناوێکی خوازراوی بیرمەندی ئێرانی عەلی شەریعەتییە" دەڵێت، ئەوا ئەم دەردانە، پێش ئەوەی ئەنجامی ئازادی ڕەهای تاک بن، ئەنجامی سەرمایەداری و بازاڕی ئازادن، کە هەموو شت و هەموو کردار و ڕەوتار و گوتارێک، لە پێناوی پەرەپێدانی بەرهەم و سەرمایەدا، بە ڕەوا دەزانێت. بێگومان دەکرێت ئەوانەش لە بەراییەکانیاندا، هەر بگێڕدرێنەوە بۆ ئەنجامی ئازادی تاک و دیموکراسی و لیبرالیزمێک، کە ڕۆژاوا بۆ خۆی باسیان لێوە دەکات،

وەک "شاندل" پێیوایە. سەرمایەداری، کە ئێستاکە، گەیشتووەتە ترۆپکی هەرەگەشەکردوو و هەرەبەرزی ڕەسین و پێشکەوتنی، و بە بەرگی نوێلیبرالیزمەوە، خۆ دەنوێنێت، جیهان لە گۆشەنیگای تیۆریزان و ئایدیۆلۆژەکانی ئەو ڕێبازەوە، تەنێ یەک بازاڕی گەورەیە و هەڕاکردنە وەدووی قازانجدا و هیچی دی. تەواوی تێزەکانی نوێلیبرالیزم، هەر ئەوانەن، کە لە کۆنەلیبرالیزمەکەدا، بە هەموو وردەکارییەکانییەوە، هەبوون و "سەمیر ئەمین"ی بیریار گوتەنی: ئەمەی کە ئێستا، پێی دەگوترێت نوێلیبرالیزم، هەر کەونەلیبرالیزم "Paleoliberalism"ەکەیە، لێ بە پۆشاکێکی نوێوە. ئەو دەردانە، ئەنجامی ئەو حاڵەتەن، کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی، هەر لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە تێیکەوتووە، ئەویش بەهۆی فراژۆتن و گۆڕانکاری و پێشکەوتنی ماددی و هێرشی چەمکە مادییەکان و داتەپینی بەهاکانی جیهانی کۆن و کوودێتاکانەوە، کە بە خێرایی و بێ ئەوەی شارستانییەتی نوێش، چ بەدیلێکی ڕۆحی پێ بەخشیبێت، دەیانەویست ئایدیۆلۆژیا و دەوڵەت و سیستم بکەنە بەدیلی خودا و سیستمی خودایەتی.

ئەوەی، لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتدا، بە ئەخلاق و ڕێز، ناو دەبرێت، لە فەرهەنگی ڕۆژاوا و ئەوروپادا، بە دواکەوتوویی و تەوەزەلی و کۆنەپارێزی دادەنرێت. مرۆڤی نوێ و هاوچەرخ و زرنگ و لێزان و ئازا لە ئەوروپا، ئەو کەسەیە، کە دەتوانێت بۆ خۆی، هەموو شتێک دەستەبەر بکات، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی زیان و ملشکانی خەڵکانی دیکەش بێتە دی. مرۆڤی سمارت"Smart" واتە: "زرنگ، زیرەک، وریا، چاپۆک"، کە بە واتایەکی دیکە، دەکاتە "کڵاوچی، ساختەچی، قۆڵبڕ"، مرۆڤێکی هاوچەرخە. مرۆڤێکە ئافەریدەی شارستانییەتی قرچۆک و تاکایەتیی سەرمایەداری و نموونەی مرۆڤێکە، کە لە ئەوروپا، بە چاکی لەنێو جڤاکدا جێی دەبێتەوە و کاری مەیسەر دەبێت.

لە ئەوروپای سەرمایەداریدا، ژن یەکێکە لە ئامراز و کەرەستە، هەرەگرنگەکانی سێکس و ڕێکلام، هەزاران فیلمی سێکسی چێ دەکرێن، و بازاڕێکی هەرەگەرمیان هەیە و تەنانەت کارکردن لەو جۆرە فیلمانەدا، بە هونەرپیشەیی و کار دادەنرێت. ژن و مێردم بینیوە لەسەر تەلەڤزیۆن، گوتوبێژیان لەگەڵدا کراوە، زۆر بە شانازییەوە، ژنەکە یا پیاوەکە، باسی ئەوەیان کردووە، کە لە بواری فیلمسازی سێکسیدا، کار دەکەن و لە ڕۆژێکدا، لەگەڵ دەیان پیاو یا ژندا دەسێکسێن و کە لە ماڵەوەشن وەک ژن و مێرد، لەگەڵ یەکدی هەڵسوکەوت دەکەن. هەزاران فرۆشگەی کەلوپەلی سێکسی و سینەمای سێکسی لە کووچە و کۆڵانەکانی باژێڕەکانی ئەوروپادا دەبینرێن. لە بەرلین و هامبۆرگ و ئەمستردام و پاریس و برۆکسلی پێتەختی هەموو ئەوروپادا، دەیان جامخانە بەرچاو دەکەون، کە ژنی نیوەڕووتی سۆزانی و لەشفرۆش، دانیشتوون و خۆ پێشان دەدەن و چێژ دەفرۆشن. لە هۆڵاند و شوێنانی دیکەش لە ئەوروپا، پیاو هەیە وەک کار، لە شارەوانی باژێڕەکەی خۆی پارە وەردەگرێت، بۆ ئەوەی بچێت، لەگەڵ ژنێکی کەمئەندام و سەقەتدا، کە بێ پیاوە، بنوێت و بسێکسێت و ڕەحەتی بکات. ئەو کارەی، کە ئەو کابرایە دەیکات، وەک هەموو کارێکی دیکە، مامۆستایی، ڕانەری، وەزیری، بەقاڵی، بەرپرسیی حیزبی، قەشەیی و...، بەکار دەژمێردرێت.

سێکس، لە ئەوروپا، بازرگانی و بازاڕ و پووڵ و بەرهەم و سەرمایەیە و باجەکەیشی ژن دەیدات. کۆمپانیا و سەرمایەداران، بۆ پارەپەیداکردن، ژن وەک ئامرازی سێکس و ڕێکلام بەکار دەبەن، وەک کاڵا دەیکڕن و دەیفرۆشنەوە. تەواوی ئەو پرۆگرامە تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆییانە و گۆڤار و ڕۆژنامەگەلێکی تایبەت بە ژن، لە وەڵاتانی خۆراوادا و دیارە بەهۆی لاساییکردنەوەش، لە وەڵاتانی خۆرهەڵاتیشدا، ئەو دەردە ئێستا پەیدا بووە، هەرچی سەنگ و قورسایی خۆیان هەیە، دەیخەنە سەر لەش و

لاری ژن، واتە: ژن وەک شتێکی جوان، دیارە ئەوەیان وایە و ئێمەش چ ڕەخنەیەکمان لێی نییە، وەلێ وەک لەیستۆک، وەک ئامرازێکی سێکس، باس دەکەن و پێشان دەدەن و گرنگیی تەنێ بە "لەش"ی ژن دەدەن، وەک بڵێی ژن، تەنێ لەشە و هیچی دی. سەرمایەداری، سێکسی لە کارێکی چێژبەخشی نێوان دوو مرۆڤەوە، کە پێکدەگەن و پێستیان بەر پێستی یەکدی دەکەوێت و هەناسەیان تێکەڵ هەناسەی یەکدی دەبێت و هەستیان دەبێتە یەک هەست، گۆڕیوە و کردووەتە، پێوەند لەگەڵ "شت"ێکدا، لەگەڵ ماددەدا و بووە بە کالاّ و ئامێرێکی بێگیان و مردوو و نامۆ. بێجگە لەو فیلمە سێکسییانەی، کە یەک ژن و یەک پیاوی تێدان، سەدان جۆری دیکەش چێ دەکرێن؛ کۆمەڵێک پیاو لەگەڵ کۆمەڵێک ژندا، پیاو و پیاو، ژن و ژن، ژن و ئاژەڵ، بۆ نموونە، ژن و سەگ، ئەسپ و ژن و ...سەدان جۆری قێزەون و پیس و دزێوی دیکەش. ئەو جۆرە دیتن و ڕەوتارە بازاڕییەش، بێگومان، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی، دەیان کێشە و گیروگرفت، کە تێیاندا ژنیش بەشدارە و زۆرجارانیش، ڕۆڵی قارەمانیەتی لەڕووداوەکاندا دەلیزێت. ژنیش تاوان دەکات و دەخرێتە زیندانەوە و شێت دەبێت.

ئەوروپا یا ڕۆژاوا، هەموو شتێکی لە پێناو پارە، سەرمایە، کارگە و بەرهەمدایە. مرۆڤ هەر بۆ خۆی، وەک ئامرازێکی بەرهەمهێنەر، تەماشا دەکرێت و هەموو ئازادییەکیش، کە هەیەتی، مەگەر خەڵکە ئەنارکیست و دژەدەسەڵات و دژەسەرمایەداری و دژەجیهانگەری و چەپەڕادیکالەکانی لێ دەرکەیت، هەر لە پێناوی بەرهەم و سەرمایەدایە. تێکدانی خێزان، سەرمایەداری سازی دەکات. سەرمایەداری بۆخۆی، سیستمێکی دژەمرۆڤ و دژەئاکار و دژەویژدانە و هەموو شت تەنێ، لە پێناوی بەرهەم و قازانجدا، پێشێل دەکات. سەرمایەداری، مرۆڤ باردەهێنێت و گەورە دەکات و پێدەگەیەنێت و فێر دەکات و پەروەردە

دەكات، بۆ ئەوەی بیكات بە بەشێكی بچووك لە ماشێنی بەرهەمهێناندا. مرۆڤ، ژیان، هەموو شتێك لە سەرمایەداریدا، بۆ بەرهەمە و سەرمایەداری، وەك "پرۆدۆن" دەڵێت:"بە بەرهەم خەڵاتی خەڵك دەكات، وەلێ لێناگەڕێت خەڵك ببنە خاوەنی ئامرازەكانی بەرهەمهێنان"، خەڵك، ڕەشەخەڵكەكە، چینەكانی خوارەوەی جڤاك، تەنێ شەكەتی و سەختی و دژوارییەكانی ژیانیان دەبێتە بەش و هەرچی چێژ و خۆشی و ڕابواردن و لایەنە بریقەدارەكانی ژیانیشە بۆ سەرمایەدارانە. ئەگەر پاداشتی كار ،یا مووچەی كار، لە سەرمایەداریدا، بە گوێرەی بەرهەمی كارەكە بێت، ئەوا كرێكارێك دەتوانێت، بە كەمترین كار زیاتر بژی، بەڵام هەرگیز وا نییە. خاوەن كار، تا پێی بكرێت، كارگەر دەڕەتێنێت و نرخی ڕاستیی بەرهەمیشی ناداتێ، بەڵكە قازانج و زێدەباییەكەی خۆی لێ دەردێنێت، هەر بۆیەش زێدەبایی و هەڵپەی سەرمایەداری، بەو شێوەیەی، كە هەیە، دەبێتە هۆی، دەوڵەمەندبوونی هەندێك و لات و هەژاركردنی هەندێكی دی، بەو پێیەش دەكرێ، زێدەكردنی موڵك و سامان، بە شێوە دزییەكی قانوونی و ڕێكخراو و چوارچێوەدار بژمێردرێت. كار، ناوەختی، نەبوونی كات بۆ یەكدی، ژن و مێرد بۆ یەكدی، یا دایك و باوك بۆ زارۆك، نەبوونی خۆشەویستی، فریا نەكەوتن، هەڵپەی ژیان، فڕكان فڕكان و پەلە و هەڕاكردن وەدووی پارە و پووڵدا و هەركەسە و كیسەی خۆی و ئابووری خۆی، بە قەولی مووسڵاوییان " هەر كەسە و قاوەی خۆی لە باخەڵی خۆی / كل من قهوتو من كیسو"، ئەمانە هەموو دەبنە هۆی، شەڕ و ئاژاوە و جیابوونەوە و نەمان و سڕینەوە و كوشتنی پاكیزەیی ژیان و ڕۆمانسییەت و جوانی و سروشت و عەفەوییەت. لە نێو ژنەڕۆژهەڵاتیدا، لەبەر نەبوونی ئەو جڤاكە سەرمایەدارییە، بەو چڕی و خەستییەی، لە ئەوروپا هەیە و نەبوونی ئەو بازاڕە ئازادە و زالبوونی جیهانبینی، كۆیەتی

بەسەر تاکایەتیدا، کەمتر ئەو تاوان و زیندانی و شێتبوونە، لە نێو ژناندا ڕوو دەدات.

ژنەئەوروپایی، کە خودانی ئەو هەموو ئازادییەیە، ئەگەر ئەوە ئازادی بێت، هەندەک جار مرۆڤ بە گومانە لێی، لە ئەنجامی ساڵانێکی دوورودرێژی تێکۆشان و کۆشش و دژواریدا، وەدەستی هێناوە. ئەگەر ئاوڕێک لە بۆچوون و دیدی کڵێسە و ئایینی عیسایی، کە بنگەی بیر و جیهانبینی مرۆڤی ئەوروپاییە بدەینەوە، دەبینین، هەموو پیاوانی ئایینی و ئۆلکار (ئایینکار، مرۆڤگەلێک، کە بە کاری ئایینییەوە خەریکن، وەک قەشەی عیسایی و ڕابینی جوو و مەلای موسوڵمان)انی کڵێسە، لەو بڕوایەدا بوون، کە ژن، واتە: حەوا، ئادەمی بەرەو گوناە ڕاکێشاوە، تێرتولیانووس دەڵێت "ژن! تۆ دەروازەی شەیتانیت". لە ئایینی عیساییدا، هەموو جۆرە پێوەندێکی سێکسی، لە دەرەوەی ژن و مێردایەتی بە گوناە ناونووس کراوە و پاکیزەیی لەکن ئەو ئایینە، پیرۆزیی هەیە و ئەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە عیسا لە دایکێکی پاکیزە لەدایک بووە و بوونی مەریەم، کە دایکی عیسایە، تەنێ بۆ ئەوەیە، ناسنامەیەک، یا پێناسەیەک، بە عیسا بدات. لەسەدەکانی نێوەڕاستی هەزارەی پێشوودا، لەم ئەوروپایە، بە سەدان ژنیان بە ناوی جنۆکە و دێوەزمە و جادووگەریی و سەرچاوەی گوناە و بێئایینی و بێباوەڕی و ئەو جۆرە شتانەوە سووتاندووە. وەنەبێ ئەو سووکتەماشاکردن و دیتنە بەرانبەر ژن، تەنێ لەکن خەڵکانی ئایینی بووبێت، بەڵکە لەنێو خەڵکی فەلسەفە و زانایانی گەورەی ئەوروپاییشدا هەبووە. تۆما ئەکوینی دەڵێت:"ژن پیاوێکی خراپچێکراوە، ئافەریدەیەکی هەر لەخۆڕا هاتووە". لە ئەفسانەی چینیشدا بە شێوەیەکی خراپ، باس لە ژن کراوە. شی چینگ، دەڵێت:"هەموو شتێک لەدەسپێکدا لە ژێر فەرمانی پیاودا بووە، بەڵام ژن ئەوی تووشی کۆیلەیەتی کردووە. بێبەختی ئێمە لە ئاسمانەوە نییە، بەڵکە

لە ژنەوەیە و ئەویشە، کە هۆی لەنێوچوون و سەرلێشێوانی ڕەگەزی مرۆڤە". لە هەندێک شوێنی جیهان، هیندوستان بۆ نموونە، لە سەردەمێکدا، ژنیان دەخنکاند و لەگەڵ مێردی مردوویدا، لە گۆڕیان دەنا، یا داوایان لێ دەکرد و ناچاریان دەکرد، کە خۆی بکوژێت، تا لەگەڵ مێردە مردووەکەیدا، لەو جیهانەی دیکەی پاش مردن، یەکدی بگرنەوە و لە خزمەتیدا بێت. سەردەمانێک هەر لە هیندوستان باو بوو، کە ژنی مێردمردوو، دەبوو لەتەک مێردە مردووەکەیدا بسووتێنرێت و وایان دادەنا، کە بێوەژن، نابێت دوای مێردە مردووەکەی، بژێت. پاش ماوەیەک ئەو نەریتە بەسەرچوو، بەڵام ئەو بڕوایە هاتە ئاراوە، کە پێیوایە ژن و مێردایەتی، پەیمانێکی هەمیشەییە و دەبێ هەر بەردەوام بێت و ژن، کە یەکجار مێردی کرد، ئیدی دەبێتە موڵکی ئەو پیاوە و تا مردن دەبێ پێکەوە بن و لە جیهانی پاش مردنیش، هەمدیس ئەو ژنە دەبێتەوە ژنی ئەو مێردەی. مێردکردنەوەی بێوەژن، بە تاوانێکی گەلێک مەزن دەژمێردرا.

"حوسەینی ئەحمەد بەگی جاف" هەبوو لە کەلار، یادی بەخێر، کە ژنێکی ناشیرینی ببینیایە، دیارە لە چاوی ئەوەوە ناشیرین، دەنا هیچ کەسێک، نەخاسمە ژن، لەم دونیایەدا نییە، خۆی بە ناشیرین بزانێت و هەموو کەس هەر جوانە، دەیگوت: "ئەمە لە پلکەی خوا تسییە"، واتە: لەدەستی خوا دەرچووە. ئەو "لەپلکەتسین"ە، وەک دەستەواژەیەک، لە هەڵماتێندا بەکار دەبرێت. ئەریستۆتەیلس دەڵێت:"ژن، لەبەر ئەوە ژنە، چونکە لە هەندێ تایبەتمەندێتیدا ناتەواویی هەیە، ئێمە دەبێ تەماشای کەسیەتی ژن، لەو ڕوانگەیەوە بکەین، کە ئەوان دەردەداری کێماسین و بەوەوە لەدایک دەبن". کێرکەگارد دەڵێت: "ژنبوون چ کارەساتێکە و کارەساتەکەش لەڕاستیدا لەوەدایە، کە مرۆڤ کاتێک ژنە پێی نازانێت". بەلزاک لە کتێبی "فیزیکی ژن و مێردایەتی"دا دەڵێت: "تاکەکاری ژن

ئەوەیە، هەوڵبدات، بۆ خێراتر لێدانی دڵی پیاو. ژن موڵکێکە، پیاو بە هۆی پێوەندەوە وەدەستی دەخات. موڵکێکی بگۆڕە و لای هەر کەس بێت، ئەو کەسە مافی قانوونیی هەیە. ژن لە ڕاستیدا تەنێ پاشکۆ و پارسەنگی پیاوە". "ئیلیادە"، کتێبەکەی "هۆمیرۆس" ی یۆنانی، کە هەموو فەرهەنگی ئەورووپا و ڕۆژاوا شانازی پێوە دەکات و باسی جەنگ دەکات، ژن وەک موڵکی پیاو و سەبییەی جەنگ و ئامێر، پێشان دەدات و سووکایەتییەک و نزمتەماشاکردنێکی ژن، کە لەوێدا هاتووە، گەلێک ترسناک و دزێوە.

سەرمایەداری و فەلسەفەی"هەموو کارێک و هەر شتێک لە پێناوی بەرهەمهێناندا"، کارێکی وای کردووەتە سەر ژیانی خێزانیی، کە ئیدی بەرەو تێکچوون بچێت. خێزان (ژن، مێرد، منداڵ)، ئەورۆ لە ئەورووپا، بەرەو هەڵوەشاندنەوە و لە بەینچوون و نەمان دەڕوات. دیارە سەرمایەداری و بەرهەمهێنان، کە هەر بۆ بەرژەوەندی سەرمایەدار و کارگە و بەرهەمن، ڕۆڵێکی لەبەرچاو لەو بوارەدا دەبینن، بەڵام دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە شوێنگە و پایە و ڕەوشی ئابووری ئەورۆی ژن، بەشێوەیەک چووەتە پێشێ و جۆرێک تەنگی بە چەمکی پیاو و پیاوەتی و کۆمەڵگەی پیاو و ئەو شتانە هەڵچنیوە، کە وەک دامەزراو و دەسگا، هەڕەشە لە خێزان و ژن و مێردایەتی دەکات. ڕەنگە هەر شێوەژیانی مرۆڤی نوێ و هاوچەرخی ئەورووپایی بۆخۆی، پێویستی گۆڕینی شێوەی خێزان (ژن و مێردایەتی) و گەڕان بەدووی فۆرم و جۆری دیکەی ژن و مێردایەتی و خێزان و پێکەوەژیاندا، بئافرێنێت و ساز بکات و هەوڵی وەلانانی، فۆرمە کلاسیکییەکەی خێزان، وەک پێویستییەک بهێنێتە ئاراوە.

ئەوەی کە جاران بەتەنێ بەکاری ژن دادەنرا، منداڵبوونی لێ دەربچێت، ئەورۆ پیاویش زۆر بە چاکیی ئەنجامی دەدات، ئەوەی، کە بۆ ئەو "یووسف"ە بەدبەختەی سلێمانی، دەکرا بە عەیب و ناچار دەکرا

بڵێ:"من نە شت مەکینە شت"، ئێستا هەموو پیاوێک یووسفانە و چاکتریش ئەنجامی دەدات و ئەوەش، کە جاران بە تەنێ کاری پیاو بوو، ژنان زۆر چاک جێبەجێی دەکەن. ئەم ڕەوشە، بارێکی وای هێناوەتە ئاراوە، ئیدی ژن و پیاو تەنانەت ئەگەر وەک خێزانیش پێکەوە بژین، بیر لەوە بکەنەوە، کە هەریەکەو بۆ خۆی، ژیانی سەربەخۆی خۆیشی هەبێت و پەیمانی ژن و مێردایەتییەکەیان و مارەبڕینەکەیان، تەنیا وەک پەیمانی کاروەرگرتن و کارکردن بێت و هەریەکەو ئەرک و فرمانی خۆی تێیدا دیاری کرابێت. ئیدی چ ژن و چ پیاو هەردوو، لە دەرێی ماڵ، لە پێوەند (تەنانەت سێکسیش) لەگەڵ ژن و پیاوی دیکەدا، ئازادن، مەگەر بۆخۆیان نەیانەوێت و ویژدانیان بکەن بە دادوەر.

ڕێژەی ژن و مێردی لێکجودابووەوە، لە ساڵانی 1998 و 1999 و 2000 دا، لە چەند بازێڕێکی سوێد بەم جۆرەیە: ستۆکهۆڵم 17.5% ، ئوپسالا 13.8% و لە هەموو سوێدیشدا 13.3% ، نێزیکەی 47% ی خەڵکی سوێد، وەک زگوردی و بە تەنێ و سەربەخۆ دەژین. ئێستا لەم سوێدە، کە قارەمانی جیهانە لە جوێبوونەوەی ژن و مێرددا و بەرزترین ڕێژەی هەیە لەو بوارەدا، تا ڕادەیەک وای لێهاتووە، پێکەوەژیانی ژن و مێرد و ژیانی خێزانیی، دیاردەیەکی نائاسایی بێت و پێچەوانەکەی ئاسایی بێت. دیارە ئەو ڕەوشە، ئەو ئازادییە، ئەو ژیانە ئابوورییە و...تەنێ سوێدی خۆیان ناگرێتەوە، بەڵکە کاری کردووەتە سەر بیانییانی دانیشتووانی سوێدیش، کە دیاردەی جوێبوونەوە، لە نێویاندا، لە نێو کوردی خۆیشماندا، ئێستا ئیدی زۆر ئاساییە و ڕوودەدات. بەرزترین ڕێژەی جوێبوونەوە، لە نێو بیانییانی دانیشتووانی سوێددا، جاران لە نێو چیلییان و ئێرانییاندا بوو، لێ ئێستا کورد لەوانی تێپەڕاندووە. دیاردەی جوێبوونەوە لە نێو بیانییاندا، کوردیش، دەکرێ لە گۆشەنیگا و ڕەهەندگەلێکی جیاوازەوە سەیر بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە، لێ تاکە

شتێکی هاوبەش، کە تا ڕادەیەک، هەموو جەمسەرەکان دەگرێتەوە و لێکدانەوەیەکی دەسبەجێ، لەمەڕ ئەو دیاردەیەوە، دەداتە دەستەوە، تێکچوون و هەڵوەشان و لێکترازانی بەشی هەرەزۆری هەلومەرجەکانی ژیانە، لە ڕووی ئابووری، فەرهەنگ، جڤاک، پەروەردە، بەرپرسیاریەتی، ڕۆڵی ژن و مێرد و بایەخ و پایەیان و داڕووخانی هەندەک بەها و دیتن و بیرکردنەوەیە، کە بە سەر تەواوی ئەوانەدا دێن و سەختیی قایلبوون و قەبوولکردنی، دیاردە نوێیەکانی ژینگە نوێیەکە و گۆڕانکاریگەلێک، لە نێو کۆمەڵگە و وەڵاتی تازەیاندا، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وەڵاتەی لێیەوە هاتوون. من بۆ خۆم، هەروەک چۆن دیاردەی زەماوەند و پێکەوەژیانی ژن و مێرد، بە دیاردە و ڕووداوێکی سەیر و نائاسایی نابینم، هەروایش دیاردەی جوێبوونەوەی ژن و مێردم، پێ کارێکی نائاسایی و سەیر نییە. کە مرۆڤ چ لە ڕووی گیانەکی و هۆش و هزر و لایەنەکانی دیکەیشەوە، هەرچەندی نێزیکی یەکتریش بن، نەتوانن پێکەوە بگونجێن، دوورکەوتنەوە و لێکجوێبوونەوەیان، گەلێک سوودبەخشترە، بە خۆیان و بە دەوروبەریشیان، لەوەی بە تۆبزی و پینەوپەڕۆ و بە کەتیرە و چەسپی دووقولوو، پێکەوەیان بنووسێنیت و گرێیان بدەیت. پێوەندی ژن و پیاو، هیچ مەرج نییە، لە چوارچێوەی ژن و مێردایەتی و یەک بنمیچ و یەک ژووری نووستن و یەک نوێندا بێت. ئەو "دوو سەر لە سەر سەرینێ"یە، دەکرێ هەریەکەو لە شوێن و جێگەیەکی جودا بن و تەنێ بۆ دابینکردن و دامرکاندنەوەی پێویستییەکانی خۆیان، لە خۆشەویستی و حەزەوە، تا دەگاتە سێکس، یەکدی ببینن و ساتەوەختێک وێکڕا بگوزەرێنن.

بەپیاوکردنی ژن، یا بەژنکردنی پیاو، ئەگەر لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بێت و بە شێوەی نەشتەرگەری و وەک پێویست بکرێت، پێموایە دەبێ ڕێز لەو کەسەی، کە دەیکات بگیرێت، چونکە ئەوە کارێکی کەسەکی و

بارێکی زۆر تایبەتە، بەڵام ئەگەر وەک شانۆگەرییەک ئەنجام بدرێت و تەنێ، لە پێناوی ئەوەدا بێت، کە ژن و پیاو، یەکسان پێشان بدرێن و لە ڕاستیشدا وا نەبێت و تەنێ بە ڕواڵەت بێت، ئەمەیان کارێکی ناجۆرە، من بەشبەحاڵی خۆم پێموایە، هەردووکیان (ژن و پیاو) یەکدی تەواو دەکەن و دەکرێ، لە هەموو کارێک و بوارێکی ژیانیشدا، چوونیەک بن و ئەگەر هەمان دەرفەت بۆ هەردوولایان بڕەخسێنرێت، ئەوا جیاوازییەکان تا دێن کەمتر دەبنەوە. من جیاوازییەکان، ڕەنگە تەنێ لە مەسەلەی زاوزێدا ببینم، هەرچەندە لە ئەوروپا ئەوڕۆ، شتەکان هێندە تێکەڵوپێکەڵ بوون، تا ڕادەی ئاڵۆزکان. ژن و ژن پێکەوە، وەک ژن و مێرد دەژین و خۆ لە یەکدی مارە دەکەن و منداڵ دەگرنەخۆ (لەبری وشەی عەرەبی"التبني")، پیاو و پیاو، وەک ژن و مێرد پێکەوە دەژین و بە ڕەسمی و لە کڵێسە، خۆ لە یەکدی مارە دەکەن و ئەنگوستیلە لە پەنجەی یەکدی دەکەن و لە بەرچاوی سەدان دۆست و خزمدا، دەم دەخەنە نێو دەمی یەکدییەوە و زارۆک دەگرنەخۆ و هیچ بە دووریشی نازانم، کە ڕەنگە زەمانێک دابێت، پیاوی نەشتەرگەریکراوی بەژنبوو، ئاوس ببێت و منداڵی ببێت و ببێتە دایک، و ژنی نەشتەرگەریکراوی بەپیاوبوویش، ببێتە باوک، بۆ وا نەبێت؟ مەگەر ئەوە نییە بۆرییەمنداڵ (لوولە منداڵ) چێ دەکرێن و وا خەریکن منداڵ کۆپی بکەن، وەک چۆن بە مەڕ دەستیان پێکرد، مەگەر ناتوانن جینەکانی مرۆڤ بگۆڕن و چۆنیان بوێت، وای چێ کەن! کاک "وەیسی زەیدانلیئۆغلۆ"، کە سەردەمێک یەکێک بوو لە سەرانی پارتی سۆسیالیستی کوردستان - تورکیا، پارێزەرێکی ناسراوە و ئێستا لە ئەنقەرە دەژی، هەموو جار دەیگوت:"ب خودێ تەنێ ئێک تشتی مە مایە، ئەو ژی، کەپسوولەکی دانن قوونا مە، تا ئەم ژی حاملە ببن"، ئەو مەبەستی پیاو بوو.

یووناس گاردێل"Jonas Gardell" و مارک لێڤنگۆد" Mark Levengood"، دوو هاوڕەگەزباز(هاوجنسباز، هۆمۆسێکسوێل)، ڕەنگە لە کوردیدا وشەی "نێرباز" واتای ئەو وشەیە بگەیەنێت)ی، خەڵکی سوێدن، کە نووسەر، ئەکتەر، گاڵتەجار (کۆمیکەر) و ئامادەکار و پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و ڕادیۆیین و هەمیشەش لە نێو گۆڤار و ڕۆژناماندان، ئەوەی دووەمیان پرۆگرامی منداڵانیش لە تەلەڤزیۆنەوە، پێشکەش دەکات، وەک ژن و مێرد پێکەوە دەژین، بەدرۆ نەبێت، دە ئەوەندەی شا و شاژنی سوێد بەناوبانگن و خەڵک هێندەی دونیایەک خۆشیان دەوێن و ڕێزیان لێ دەگرن. چما تۆ دەوێری لەگەڵ منداڵێکی خۆیشتدا، هەر بە گاڵتەیشەوە، بڵێیت ئەو برادەرانە، بان چاویان برۆیە، حاڵێ یا تەورێ، بڕوا بکە هەر وەک فیشەکەشێتە، لێت دەردەپەڕن! تۆ دەزانیت، لێرە لە سوێد و ڕەنگە لە ئەمەریکا و وەڵاتانی دیکەی ئەوروپایش هەروا بێت، هاوڕەگەزبازی، هاوجنسبازی، هۆمۆسێکوێل (Homosexuality) وەک زانستێک، دەخوێنرێت!. باس و پرسی هاوسێکسبازی، لە ئەوروپا لەوە دەرچووە، خەڵک بە چپە و پسکەپسک خۆی لێ بدات. ئێستا لەم سوێدە تەنانەت لە بواری کڵێسە و ئایینیشدا، بووەتە جێی ڕاگۆڕینەوە و دەمەتەقە. ساڵانێک پێش ئێستا، لە سوێد، کابرایەکی هونەرمەندی شێوەکار و نیگارکێش، پێشانگەیەکی هونەری کردەوە، لەوێدا عیسای پەیامبەری، وەک هاوسێکباز، پێشان دابوو. هەندێک خەڵکی ئۆلکار و ئایینی، دەنگیان هەڵبڕی و بڕێک نارەزاییان پێشاندا، لێ هێندەی نەبرد، هونەر و ئازادی بیروباوەڕ و ڕادەربڕین، بە سەر، دیدە ئایینییەکەدا زاڵ بوو. ئێستا نەک هەر نێر، بەڵکە مێیش بە ئاشکرا و ڕاشکاوانە، باس لە هاوجنسبازی خۆیان دەکەن و پێکەوەژیانیان، لەتەک ژنێکی دیکەدا، ڕێک و ڕەوان و بێ هیچ شاردنەوەیەک، ئاشکرا دەکەن.

ئێستا بزاڤی یەكسانی ژن و پیاو بە جۆرێك چووەتە پێشێ، كە هەزاران پیاو، بۆ خۆیان و بە زاری خۆیان، دان بەوەدا دەنێن، كە ئەوان فێمینیستن(Feminist) و بڕوایان بە فێمینیزم(Feminism)، واتە: (مێ)یستی و (مێ)یزم، هەیە و هەرگیزیش، بە ناپیاو و نامەرد نایەنە ژماردن و چ شەرمیش نییە بۆیان، وەك ئەوەی، كە ڕەنگە لە جڤاكەكانی وەڵاتانی لەمەڕ خۆمان، خەڵك تووشی بێت، كاتێك باس لەو بابەتانە بكەن. ئێستا، مێیزم، وەك زانستێك، لە زۆرینەی زانستەگەكانی ئەوروپادا دەخوێنرێت و سەدان تێزی لە بارەوە دەنووسرێت. ئێستا گەورەسیاسی و پیاوانی ئەوروپا، ئەگەر دیدێكی فێمینیستانەیان نەبێت و لە پێڕۆ و پرۆگرامی پارتییەكانیاندا، وەك فێمینیست و لایەنگری فێمینیزم، خۆ نەنوێنن، فرەجاران، بەرەوڕووی سەختی و تووڕەیی ژنان دەبنەوە. مامۆستای ژنی سوێدی هاوكارم هەبووە، زۆر ڕاشكاوانە گوتوویەتی، پیاوی هاوسێكسبازی، گەلێك لە پیاوی دیكە، پێ باشترە و قسە و هەڵسوكەوتی لەگەڵ ئەواندا پێ خۆشتر و ئاسانتر بووە، تەنێ لەبەر نەرمی و نیانی و بڕێك، شێوە مێینانەی جووڵانەوەی ئەو جۆرە پیاوانە. ئێستا دونیاكە زۆر گۆڕاوە، مەبەستم ئەوەیە، ڕەوش بەرەو ئەوە دەڕوات، ئەوەی ڕێزپەڕە ببێتە ئاسایی و ئەوەی ئاساییە، ببێتە ڕێزپەڕ و تیۆرییەكانی "فرۆید"یش، كە لێكدانەوە و خوێندنەوەیەكی سێكسییانەی مێژوون، بە چاوی ڕەخنە و گومانەوە، بخوێرێنەوە. سیمۆن دێ بۆڤوا دەڵێت: "مرۆڤ (ژن) بە ژنێتی لەدایك نابێت، بەڵكە دەبیێتێ. ئەو كەسیەتی و جێگەیەی، مێینەی مرۆڤ لە نێو جڤاكدا وەریدەگرێت، هیچ بنەما و بڕیاڕێكی پێشینەی بایۆلۆژی، سایكۆلۆژی یا ئابووری، دیاری ناكات، ئەوە كەشی فەرهەنگییە، كەسێتی ئەو شتە تێكەڵاوەی نێوان ئەو مێینە و ئەو خەسێنراوەی، كە پێی دەگوترێ ژن، دیاری دەكات. تەنیا بە پێوەند لەتەك ئەوانی دیكەدا، تاك وەك ئەوی دیكە دەبینرێت. منداڵ تا

ئەو کاتەی، کە ئاگایی تەنێ لەبارەی خۆیەوە هەیە، ناتوانێت لە ڕووی سێکسییەوە، خۆی بە جیاواز بزانێت. کیژ و کوڕ، لەشی خۆیان، پێش هەر شتێک، وەک ئامرازێک دەبینن، کە یارمەتییان دەدات، بۆ تێگەیشتن لە دەوروبەر. ئەوان بەدەست، نەک ئەندامی سێکسی، جیهان دەناسن و شارەزای دەبن".

ئەزیش بڕوام وایە، بۆ درێژەپێدانی پێداویستییەکانی بوونی مرۆڤ و بەرهەمهێنانی مرۆڤ و چێکردنی مرۆڤ، کە بە منداڵ دەست پێدەکات، ژن و پیاو، واتە: نێر و مێ، مەرجیش نییە ئەو ژن و پیاوە، ژن و مێرد بن و لە چوارچێوەی خێزاندا بژین، وەک کارگەی مرۆڤچێکردن، هەردووکیان پێویستن و بێ ئەو دووە، زارۆکچێکرن یا مرۆڤچێکردن، سەختە و هەر بوونەوەرێکی دیکەش، بە ناوی مرۆڤ و بە هەر جۆرێکیش چێ بکرێت، کارێکی تۆکمە و ڕەسەن دەرناچێت و تاڕادەیەکی زۆریش، دەبێتە دەستکاریکردن و سەقەتکردنی سروشت.

### *حەکیم کاکەوەیس: ئەوروپازەدەگی زۆرینەی نووسەرانی کورد پێشکەوتنە یا خۆڵەبیربردنەوە؟*

ئەمجەد شاکەلی: ئەوروپازەدەیی، دەردەئەوروپایی، نەک هەر زۆرینەی نووسەرانی کورد، بەڵکە هی زۆرینەی نووسەرانی مسر و گواتیمالا و هیندوستان و چینیش، لە خۆڵەبیربردنەوە زێتر، شتێکی دیکە نییە. ئەوروپازەدەیی یا ڕۆژاوازەدەیی، بۆخۆی دەردێکە، لەگەڵ کۆڵۆنیالیزمی ئەوروپایی، فەرهەنگی ئەوروپایی و تەکنیکی ئەوروپاییدا، بە کورد و ناکوردی جیهانی سێیەم و چوارەم و دەیەمی ئەم دونیایە گەیشتووە. پێشکەوتنی تەکنیکی، مرۆڤی خستووەتە جیهانێکەوە، یەکجار خێرا دەچێتە ئاو و گچکە دەبێتەوە و شارستانییەتێکی، تاڕادەیەک یەکلایەنە و یەکفۆرمی و یەکبیچمیی جیهانیی بە مرۆڤ دەبەخشێت.

هێرشەکانی خاچپەڵگرانی عیسایی، مارکۆ پۆلۆ، کۆلۆمبس، کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتیی هیندوستانی ئینگلیز، ناپۆلیۆن، ئینگلیز، فرانسەیی، هۆڵاندی، مژدەدەر (مسیۆنێر)ە عیسایییەکان و ئێستاش جیهانگەری (عەولەمە Globalisation)، ئەمانەن، مرۆڤی جیهانی نائەوروپاییان، ئەوروپازدە و ڕۆژاوازەدە کردووە و دەیانئەوروپایێنن.

ئەم جیهانگەرییەی،کورد شەو و ڕۆژ و وەخت و ناوەخت، دەهۆڵی بۆ لێدەدات، لە ئەمەریکایاندنی جیهان زێتر، شتێکی دیکە نییە. جیهانگەریی لە خزمەتیی سەرمایەدارییدایە و سەرمایەدارییش، لە ڕێگەی جیهانگەرییەوە، هەموو پێوەندیکی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ و هەموو چالاکییەکی مرۆڤ و تەواوی ژیان، دەکاتە کەلوپەل و مادده و کاڵا، واتە: شتاندنی(بەشتکردنی) هەموو شتێک، بەماددەکردنی هەموو شتێک، ڕێئیفیکەیشن(Reification)،(تجسید، تجسیم، تشيء)ی، هەموو شتێک. کورد، جیهانگەریی، تەنێ لە ئینتەرنێت و تەلەفۆندا دەبینێت و لایەنە بێفەڕ و خراپەکانی دیکەی جیهانگەری نابینێت.

جیهانگەری، سیاسەتی تاکە یەک ڕێگە و سەپاندنی یەک شێوەی، بیرکردنەوە و فەرهەنگ و خۆراک و پۆشاک و ڕەوشت و شێوەژیانە، ئەویش هی ئەمەریکا و ڕۆژاوا، بەسەر هەموو دانیشتووانی سەر گۆی ئەم زەوییەدا. تۆ هەر بنۆڕە مەکدۆناڵدز "McDonalds" کۆکاکۆلا، مارڵبۆرۆ، پیپسیکۆلا، بەرگەر کینگ"Burger King"، پۆشاک و پانتۆڵی جینز، مۆسیقای ڕۆک ئەند ڕۆڵ و پەپ و ڕاپ و هیپهۆپی ڕۆژاوایی، فیلمی ئەمەریکی، کاوبۆی، زمانی ئینگلیزی، مایکرۆسۆفت، مەکینتۆش، نایک، فیلا، دیزنی، مۆبێلە و شتی ناوماڵ، سیستمی خوێندن و سەدان شتی دیکە، کە خەریکن هەموو جیهان دەتەننەوە و جێگە بە چێشتخانە و جل و مۆسیقا و زمانە نەتەوەیی و نەریتییەکان، لەق دەکەن. جیهانگەری بە کەلوپەل و کاڵا و مادده، هەموو جیهان پڕ دەکات و دەتەنێتەوە و

بوارێکی زۆریش، لە بەردەم مرۆڤدا، بۆ هەڵبژاردن ئاوەڵا دەکات، وەلێ پەیامی یەک تاکە فەرهەنگی پێیە، ئەویش فەرهەنگی ئەمەریکا و ڕۆژاوایە. کە سەرمایە، بە هۆی جیهانگەرییەوە، هەموو دەرگاکانی بە ڕوودا دەکرێنەوە، تەواوی کالا و بەرهەمەکان ئازادانە، بە نێو وەڵاتاندا، دێن و دەچن و هیچ سنوورێک بۆ جموجوولیان نامێنێت، ئەودەم بەربەست و کۆسپ لە ڕێگەی سیاسەتدا، ساز دەکەن و بوارێکی ئەوتۆی بۆ ناهێڵنەوە. کە ژێربێژیی گۆڕینەوەی کالا، سنووری نەهێشت و بەزاند، سەرمایەداران هەروەک چۆن کالا دەفرۆشن و دەگۆڕنەوە، هەر بەو ئاسانییەش دەتوانن، خۆیان لە دەوڵەتێک، یا لە دەوڵەتگەلێک، کە لەگەڵ ئارەزوو و شێوەژیان و بیرکردنەوەی خۆیاندا ناگونجێت یا ناگونجێن، ڕزگار کەن و بەوەش هەموو دەوڵەتان بهێننە سەر ڕێگە و شێوەژیان و بیرکردنەوەی خۆیان. ئێمە ئێستا، کە دەنۆڕینە پێوەندی نێوان سەرمایەداری، یا بازاڕی سەرمایەداری جیهانی و وەڵاتانی جیهانی سێیەم، دەبینین، هەوڵی خۆگونجاندن و نێزیکبوونەوە و تێکەڵاوبوونی، وەڵاتانی جیهانی سێیەم، لەگەڵ بازاڕی جیهانیی سەرمایەداریدا، یا هەوڵدانی جیهانی سەرمایەداری، بۆ هەڵلووشینی جیهانی سێیەم، بە گشت تایبەتمەندییەکانییەوە، هۆکارگەلێکی میژوویی ئەوتۆیان ئافراندووە، کە بوونەتە هۆی گەشەنەکردن و دواکەوتوویی جیهانی سێیەم، چونکە مێژووی وەڵاتانی جیهانی سێیەم، هەرگیز بە هاوتا و چوونیەک و لە ئاستی مێژووی پێشتری وەڵاتانی سەرمایەداریدا، دانانرێت و سەرمایەداریی جیهانیی، خوێندنەوەیەکی جیاوازی لەوەی خۆی، بۆ ئەو مێژووەی جیهانی سێیەمە هەیە، نەک هەر ئەوە، بەڵکە بە پێچەوانەشەوە جیهانی سەرمایەداری، لە ڕێگەی داگیرکردنی جیهانی سێیەمەوە، ڕەوشێکی وای ساز کردووە و هێناوەتە گۆڕێ، گەورەیی و سەروەری و دەسەڵات و زاڵیی خۆی، و پێویستی و ژێردەستەیی ئەوان،

جیهـانی سـێیەم، پێشـان بـدات و بسـەپێنێـت. هـەر لـەم گۆشـەنیگـا و ڕوانگەیەشەوە، گەرەكە ئەو ژێردەستەییەی ئـەمڕۆی جیهانی سێیەم، لـە باری تەكنیک، ئابووری و فەرهەنگەوە، ببینرێت و بخوێنرێتەوە. کەواتـە: هێڵــە مێژوویــەكانی هــەردوولا، وەڵاتــانی جیهــانی ســێیەم و جیهــانی سـەرمایـەداری خـودان بـازاڕ، هـەرچـەنـدی ئـەگـەر ئێستاش لـە یەكـدی نێزیک ببنەوە، لە پاشخان و بەراییـەكانی چێبوونیاندا، یەكـدی ناگرنـەوە و وێکنایـەنـەوە و هـەمیشـە وەڵاتـانی سـەرمایـەدار و پێشکەوتـوو، بـە چـاوی نۆكەر و بندەستەوە، نۆڕیویانە و دەنۆڕنە جیهانی سێیەم.

ئـەگـەر بێینـەوە سـەر بـاری فـەرهـەنگـی، کـە بـوارێكی گرنگـە و ڕەهـەندگـەلێكی یـەكجار بـەرینی مـرۆڤ و جڤـاک دەگرێتـەوە، دەبینـین، فرانسـەیەک، بـەو گـەورەیـی و پێشـكەوتنـەی خۆیـەوە و بـەو فـەرهـەنگـە مەزن و باڵایەوە، مەترسی لە كاریگەریی زمان و فەرهەنگی ئەمـەریكایی، لەسەر زمان و فەرهەنگی فرانسی، لـە ڕێگـەی ئینتـەرنێتـەوە، لێنیشتووە و هـەوڵـدەدات بـەری لـێ بگرێـت، کـەچـی کـوردی خۆمـان، هەڵپەڵـە بـۆ كاریگـەریـی و ئـەمـەریكاییانـدن، هەوڵـدەدات و بـۆ خـۆی و بـە هـەرا، بـە پیرییـەوە دەچێت. ئێمـە لـە كوردستان، لـە عیـراق، لـە پۆلی هـەشتەمـدا (دووەمی ناوەندی)، لەوانەی كیمیادا، هەر كە "ماددە لـە بـەین ناچێت و لـە نـەبـوونیش چێناكرێـت (المـادة لا تفنـی و لا تخلـق مـن العـدم)"مـان دەخوێنـد، ئیـدی دەسبەجێ، جاڕی نـەبوونی خودامـان دەدا و لـە ئـایین وەردەگـەڕاین و دەبووینـە مسـقۆف و خوانـەنـاس، هـەر بـەوەشـەوە نەدەوەستاین، هەر خۆمـان بـەوە قایـل بین و بـەس، بەڵكە دەمـانكرد بـە هەڵلا و ڕۆژی خۆمان و هەمـوو دەوروبـەرمـان ئاگـادار دەكـردەوە و لـە ماڵـەوەش فـەرتـەنـەمـان دەقـەومـان و دەمانـەویسـت، دایـک و بـاوكی نوێژخوێنمــان و كــەســانی نێزیكیشــمان، لــەو "دۆزینــەوە بــەهــادارە"، ئاگادارکەینەوە و بەو تیۆرییە نوێیە، بۆ ئێمە، قایل بكەین. ئەو تیۆرییـەش،

لە ئەوروپاوە گەیشتبووە ئێمە. تیۆرییەکەی "داروین"، لەمەڕ بنەچەی مرۆڤ، کە دەیباتەوە سەر مەیموون، کە ئێستا خەڵک شۆخیی پێدەکەن و بڕوایان پێ نییە، مێشکی دەیان هەزار لاوی وەڵاتانی خۆمانی دەشێواند و بەنج دەکرد، ڕەنگە ئێستاش هەر وابێت. ئێمە بێ چەندوچوون و موناقەشە، ئەو تیۆرییە و تیۆرییەکانی لای خۆیشمان، کە گرێدراوی دەسەڵات و ڕێڕەوی باو بوون، لە تەمەنی منداڵیی و پیریدا، وەردەگرت. تیۆرییە ئیسلامییەکان، دیارە لەو دەڤەرەی لەمەڕ ئێمەشدا ئیسلامی سوننە زاڵە، لەبەر ئەوەی ئیجتیهاد لە جیهانی ئیسلامی سوننەشدا نابێت و نییە و هەرچی شافیعی و حەنەفی و مالیکی و حەنبەلی گوتوویانە، ئیدی هەر ئەوەیە و بڕایەوە، کە ئەمەش ڕاست نییە و بە سەدان خەڵکی زیرەکتر و زاناتر، لەو چوارپیاوە هەبوون و هەن و دەبن، تیۆرییە ئەوروپاییەکانیش، لەتەمەنی مێردمنداڵیی و لاویدا، لەبەر ئەوەی لە ئەوروپاوە هاتوون و لەگەڵ شێوەژیانی نوێدا، بەگشت زریقوباقێکییەوە، دەگونجان و پێک دەهاتنەوە. خوێندنگە، کارگە، کارگێڕی، لەشکر، چەک، حوکوومەت، جۆری ڕێکخستن و ئەنجامدانی زۆرینەی کارەکان، هەموو شێوە ڕێکخستن و سازکردنێکی ئەوروپاییانەیە و بەوەش مێشکی لاوانی ئێمە دەئەوروپایێندرێ. خەڵک بە شێوەیەک پەروەردە دەکرێن و ڕادەهێنرێن، شتی خۆماڵیی خۆیان و بەها مرۆڤایەتییەکانی خۆیان، لا سووک بێت و نزم تەماشا بکرێن. بریا کوردی خۆمان و خەڵکی جیهانی سێیەم، بەتایبەت ئەوانەی، خۆیان لە خانەی ڕەوشەنبیر و ئەوانەدا دەبیننەوە، بیر و تیۆری و دیتنە سوودبەخش و گونجاوەکانی ئەوروپاییان و ڕۆژاواییانیان وەردەگرت و سوودیان لێ دەبینین، بەڵام بەیەک مەرج، ئەویش هەموو یەکێک لەو بیر و دیتن و تیۆرییانە، بەچاوی ڕەخنەگرانەوە، لێی دەنۆڕدرا و دەخرایە ژێر پرسیارەوە.

ئێدوارد سەعید، باسی کۆنگرەیەکی ئەدەبی - سیاسی دەکات، کە لە یەکێک لە وەڵاتانی کەنداوی عەرەبدا گیراوە و ئەویش لەوێ ئامادە بووە، ئەم باسی ڕۆماننووسێکی سووریایی، بۆ دۆستانی عەرەبی ئەوێی دەکات، ئەوان نەک هەر هیچی ئەو زەلامەیان نەخوێندووەتەوە، بەڵکە هەر ناویشیان نەبیستووە و نایناسن. ئەمە بۆخۆی دەردە، دەنا تۆ ئەگەر پرسیاری ناوی سەگەکەی "مایکل جاکسن"ی هونەرمەند، یا ڕەنگی ئەو کراسەی، کە "مۆنیکا لوینسکی" لەبەریدا بوو، ئەو کاتەی لەگەڵ "کلنتن"دا، خەریکی کاری خێر بوون، یا ناوی یەکەم دوو هاوڕەگەزباز، کە لەبەردەم قەشەدا و لە کڵێسە لە یەکدی مارە کران، یا جۆری دەمانچە یا تفەنگەکەی "ڕامبۆ"، یا ژمارەی فیلمەکانی "شارۆن ستۆن"، یا فیلم و ستران و ژمارەی بەرینیی کەمەر و سمتی "جەنیفەر لۆپیز"، لەو مامۆستایانە بکەیت، بێگومان ناڵێم هەموویان، وەلێ زۆربەیان بەچاکی و ڕەوانی دەیزانن.

کە تازە هاتبوومە سوێد، ساڵی 1981 لەو خوێندنگەیەی، زمانی سوێدیم دەخوێند، لاوێکی توونسیم لەگەڵ بوو، لە بارەی ئەدەبی عەرەبی و فەرهەنگی عەرەبییەوە، هیچی لێ نەدەزانی. لەبری "ئەلبوحتوری" و "ئەبی تەممام" و "ئەلموتەنەببی" و "نەجیب مەحفووز" و "تاها حوسەین" و "شەوقی" و "ئەلسسەییاب" و "کەنەفانی" و "ئەلبەیاتی" و "ئەدۆنیس" و کێ و کێ، ئەو "سارتر" و "کامۆ" و "فۆکۆ" و "دی بۆڤوا" و کێ و کێی، دەناسی. لەبری مێژووی عەرەب و ئیسلام، ئەو "ناپۆلیۆن" و شۆڕشی فرانسە و ئەوانەی باش دەزانی. دیارە ئەوە چ تاوانێکی ئەوی تێدا نەبوو، بەڵکە مەسەلەکە پێوەندی بە سیستمی فێرکردن و بارهێنان و خوێندنگە و ئەوانەی توونسەوە هەبوو، چونکە ئەو سیستمە بۆخۆی، منداڵی ئەو وەڵاتەی، تووشی ئەوروپازەدەیی دەکرد و مێشکەعەرەبییەکانی، لە کەللە دەردەکرد و مێشکێکی ئەوروپایی دەنێو

دەئاخنی. هاوکارێکی ئەلجەزائیریم هەیە، لە وڵاتەکەی خۆی زانستگەی تەواو کردووە، لەو بەینەدا، کتێبی "العراق"ی "حەننا بەتاتو"، بەشی دووەمی، کە باسی کۆمۆنیستەکان دەکات، بەدەستەوە دیم و گوتی: ئەوە چ دەخوێنییەوە؟ بۆم باسکرد و ئەوجا گوتم: بەڕاست تۆ زۆرجاران باسی کتێب و بڵاڤۆک و ئەوانەم بۆ دەکەیت، ئەوە بە چ زمانێک دەیانخوێنیتەوە؟ گوتی: بە فرانسی، چونکە بە عەرەبی زۆر بە سەختی دەتوانم بخوێنمەوە. کە ویستم بزانم تا چ ڕادەیەک عەرەبی دەخوێنێتەوە، بڕوا بکە، وەک کوردێکی پۆلی دووەم و سێیەمی سەرەتایی، کە تازە فێرە عەرەبی خوێندنەوە بووبێت، وەها دەیخوێندنەوە. ئەوەندەی دونیایەک بەزەیم پێیدا هاتەوە. تۆ وەرە خودانی ئەو زمان و فەرهەنگە گەورە و گرانە بیت، بەڵام نەتوانیت پێی بخوێنییەوە و لە تەواوی بەرهەم و هزری فەرهەنگەکەی خۆت بێبەش بیت!

ساڵی 1975ی هەرەس، کە زۆرینەی بەشداربووانی شۆڕشی کورد، گەڕانەوە ژێردەسەڵاتی حوکوومەتی عیراق، ئەو خەڵکە خوێندوو و چاوکراوەیەی، کە هاتوچۆی ئێرانیان کردبوو، هەریەکەو بە کۆڵێک کاسێتی "گوگوش" و "مەهەستی" و "داریوش" و "موعین" و زۆری دیکەوە هاتنەوە. ئەوانە ئەو سەردەمە باو بوون، ئەو جۆرە خەڵکانە، ئیدی کەمتر بەلای "حەسەن زیرەک" و "عەلی مەردان" و "سێوە" و "موحەممەد عارف"دا دەچوون. مەبەستم ئەوە نییە، ئەمەش ئەورووپازەدەیی بێت، وەلێ ئەوەش زەدەییەکە بەشێوەیەکی دیکە، کە ڕەنگە بتوانین ناوی "ئێرانیزەدەیی" یا "فارسیزەدەیی" یا هەر "بیانیزەدەیی" و "هەندەرانزەدەیی" لێ بنێین.

ئێستا لە ئەورووپا منداڵی کورد، کە فەرهەنگێکی ئەورووپایی بە سەریاندا زاڵە، بە دەگمەن گوێ دەدەنە مۆسیقای کوردی و بە

دەگمەن مۆسیقای كوردی دەیانبزوێنێت. ئەوان پتر بە لای مۆسیقای ئەوروپاییدا دەچن. هی وایشیان تێدایە، مۆسیقای فارسی و عەرەبی و توركی، پێ خۆشترە، لە مۆسیقا كوردییە خۆماڵییەكە، چونكە باس و خواسی مۆسیقا و ئەدەب و فەرهەنگی، تورك و فارس و عەرەب، زۆرجاران لە نێو ئەوروپاییانیشدا دێتە گۆڕی و لە فەرهەنگە كوردییەكە، پتر دەیانناسن و شارەزاییان لێیان هەیە. بێجگە لەوەش، ئەو گەلانە، خودانی دەوڵەتن و ئەوروپاییان، پێوەندی ئابووری و فەرهەنگی و سیاسییان، لەگەڵ ئەوانەدا هەیە و هەزاران، بەڵكە میلیۆنان ئەوروپاییش، ساڵانە گەشتی وەڵاتانی ئەو گەلانە دەكەن و تێكەڵاوییان لەگەڵیاندا هەیە. هەر ئەو دیتنە ئەوروپاییانە، كار دەكاتە سەر، لاوانی كوردی ئەوروپانشینیش.

جارێكی لە سوێد، لەگەڵ برادەرێكدا و لە سەر داوای ئەو، چووینە ماڵی دۆستێكی ئەو، كە منیش دەمناسی. پاش تاوێك دانیشتن، باسی مۆسیقا و شتی وا كرا، خانەخوێكەمان هەستا و لە دیوێكی دیكە، پاكەتێكی قەبەی هێنا، پڕ بوو لە كاسێت. گەڕا گەڕا بە نێو كاسێتەكاندا و یەك دوو كاسێتی دۆزییەوە و دانییە دەستی برادەرەكەی هەردووكمان و گوتی:"تەنێ ئەو دوو كاسێتە كوردییەم هەن، تووخوا ئەوانەش بۆ تۆ، با ئیدی لە كۆڵم بنەوە، چونكە من گوێ نادەمە مۆسیقای كوردی". ئەو هەڤاڵە تەمەنی ئەو كاتە(ساڵی1988) نێزیكی سیوپێنج ساڵ دەبوو و بەشێكی زۆری ژیانیشی لە كوردستان، بە سەر بردبوو، وەلێ ئیدی بەرەبەرە، بۆ خۆی ئەوروپازەدە بووبوو.

دۆستێكم، ماوەیەك وەك وەرگێڕ، لە یەكێك لە كامپەكانی پەنابەراندا لە سوێد، كاری دەكرد، گێڕایەوە، كە ژن و مێرد و زارۆكێكی كوردی تازەهاتوو، لە كوردستانەوە بۆ سوێد، لەو كامپەدا بوونە، ئەوانە لە كوردستان لەگەڵ یەكێك لەو هێزە سیاسییانەی كورددا، بوونە و

کۆڵێکیش خۆیان بە "پێشکەوتنخواز" و "مارکسیست" و "چەپ" و ئەو جۆرە شتانە زانیوە، بەو چەند وشە و دەستەواژە سوێدییانەی، کە تازەکی فێری بووبوون، لەگەڵ منداڵەکەیاندا، بە سوێدی قسەیان کردبوو. دۆستەکەم گوتی، پێم گوتوون، بۆ بە کوردی لەگەڵ ئەو منداڵەدا قسان ناکەن، ئەو منداڵە سبەینێ بۆ خۆی و بە هاسانی فێرە سوێدی دەبێت، وەلێ بە باشی فێری کوردی نابێت. دایک و باوکی منداڵەکە گوتووبوویان: "جا تووخوا کوردی زمانە خەڵک فێری بێت، با کوردی هەر نەزانێت". تۆ وەرە، وەک میللەت، شەو و ڕۆژ(لەیل و نەهار، بە قەولی ڕەوان شاد حەسەن زیرەک) و بەردەوام باسی عەرەباندن و تورکاندن و فارساندن دەکەیت و کەچی خەڵکی وایشت هەن، بەدەستی خۆیان، ئەو قیچە ناسنامەیە لەت و ناتەواوەی، کە هەتە، ئەویش زمانە، دەیسرِێتەوە و لەنێوی دەبات. ئەمە بۆ خۆی نەهامەتییەکی گەورەیە و خۆسرِینەوەیە و زەدەییەکە لەو گۆڕەی.

لەکاتێکدا، کە ئێمە لە کوردستان بووین و پێموایە ئێستاش هەروایە، منداڵی خوێندنگە، هەرگیز نە مزگەوت، نە حوسەینییە، نە جماتخانە، نە خانەقا، نە تەکیە، نە شوێنەواری ئایینی و مەزارگەی پیاوچاکانیان، لە ڕێگەی خوێندنگەوە، نەدەبینین و پێشانیان نەدەدران و هیچیان لە بارەوە نەدەزانین. مەبەستم ئەوە نییە ببرێنە ئەو شوێنانە، بۆ ئەوەی بیانکەنە موسڵمان و دەروێش و ئەو جۆرە شتانە، یا مێشکیان بشۆنەوە، بەڵکە تەنێ وەک فەرهەنگ و کەلەپوور و دیرۆک، بنۆڕنە ئەو شوێنانە. ئەگەر منداڵ و خوێندکاری عیساییشمان، لە پۆل لەگەڵدا بووایەن، لە وانەی ئایین، وەک ڕێزگرتنێک، لە ئایین و بیر و بۆچوونیان و بە ئارەزووی خۆیان و بە ڕەزامەندیی کارگێڕی خوێندنگە، پۆلەکەیان بەجێدەهێشت و وەدەردەکەوتن و بەشداری وانەی ئایین نەدەبوون. زۆرجاران ئێمەش ئێرەییمان پێ دەبردن و حەزمان دەکرد، ئێمەش دیان بووایەین، بۆ

ئەوەی لە دەرس ڕزگارمان بووایەت، لێ نەدەکرا. دەکرێ لە وەڵاتی ئێمەشدا ئایین، وەک زانست، وەک ئایینۆلۆژی(ئایینۆلۆگی)، مێژوو، بنەما و بنگە و ڕێباز، ئامانج، جیاوازییەکانیان، هاوبەشییەکانیان، هەرچی پێوەندی بەو باسانەوە هەیە، لە خوێندنگەکاندا بخوێنرێت و بگوترێتەوە. مەبەستم ئەوەیە ئایینی ئیسلام بە تەنیا نەخوێندرێت، بەڵکە هەموو ئایین و ئایینزاکانی جیهانیش، بەشێک بن لە پرۆگرامی خوێندن.

زارۆکی ئێمەومانان، بیانی بە کوردیشەوە، کە لەم سوێدەن و دەچنە باخچەی منداڵان و خوێندنگە، لەگەڵ منداڵە سوێدیدا، هەر لە قۆناغی پێش خوێندنگەوە، واتە: هەر لە باخچەی منداڵانەوە، لە هەموو بۆنە ئایینییەکاندا، تەواوی ئەو بۆنانە، کە لە سوێد هەن و ڕۆژانی پشوون و کاریان تێدا ناکرێن، بۆنەی ئایینین، یوول "Jul"جێژنی لەدایکبوونی عیسا، پۆسک "Påsk" جێژنی لەخاچدان و زیندووبوونەوەی عیسا، پینگست "Pingst" حەفتەمین یەکشەممەی پاش لەخاچدانی عیسا، لووسییا "Lucia" یادی ئەو ژنەقەشە سیسیلیاییەی، کە ڕووناکی هێناوە بۆ وەڵاتانی نوورد، کریستی هیممل فەردسداگ "Kristihimmelfärdsdag" جێژنی گەشتی مەسیح بەرەو ئاسمان، ئالهێلگۆناداگن "Allhelgonadagen" جێژنی گشت پیرۆزەکان، نویئۆر "Nyår" جێژنیساڵی نوێ، و تەواوی بۆنەکانی دیکەشدا، دەبێ ببرێنە کڵێسە و تەواوی ئەو ڕووداوانەیان بۆ باس بکرێن و بە مانگان، بە فیلم، نیگارکێشان، لەیستۆک، شانۆگەری، دیاری و خۆڕازاندنەوە، خۆراکی تایبەتی و خۆسازکردن، ئەو بۆنانە و دەیان شتی دیکە و تەواوی وردەکارییەکانی ژیانی عیسا و ئایینی عیسایی، بە ناوی"نەریت و فەرهەنگ"ەوە، لە کاتێکدا، کە سوێد بە حیساب وەڵاتێکی سێکۆلارە، واتە: نائایینییە، عەلمانییە و ئایین و سیاسەت و دەوڵەت لەیەک جودان، دە مێشکی ئەو منداڵانە دەئاخنرێن و فێر دەکرێن و ناشبێ، ئەو کارەش،

وەبەر پرسیار بخرێت و هیچ دایک و باوکێکی نامەسیحی و ناسوێدییش تا هەنووکە، نارەزایەتیی خۆیان لەسەر ئەوکارە دەرنەبڕیوە، بەڵکە بە ئاسایی و وەک بەشێک، لە سیستمی خوێندنگەی ئەم وڵاتەیان وەرگرتووە. دەی ئەمەش، هەر چەندە لە پاڵ ئەوانەدا، ئایینەکانی دیکەش دەخوێنرێن، لێ بە چڕوپڕی و وردکاری، باسکردنی عیسایەتی و پتر گرنگیدان پێی، هەر بەشێکە لە ئەوروپاییاندن و زەدەییبوون.

تۆ تەماشای ئاڵاکانی وەڵاتانی سوێد، نۆرویژ، فینلاند، دانمارک، ئیسلاند و فەرئویێەنا بکە، کە هەموویان بە گوێرەی قانوون و ڕێسا، وەڵاتگەلێکی سێکۆلارن و سێکۆلاریزم بە خەڵک دەفرۆشنەوە، هەریەکەو خاچێکی گەورە و گرانی، لەسەر ئاڵاکەی نەخشاندووە، تەنێ ڕەنگەکانیان لەیەک جودان، دەنا هەموو هەر یەک واتا و مەبەستیان هەیە. تۆ بنۆڕە ناوی خەڵکی سوێدی، چ ژن چ پیاو، 90%ی ناوەکانیان، ناوگەلێکی ئایینین و لە ئینجیل و کڵێسە و ناوی ئۆلکارانی عیسایییەوە سەرچاوە دەگرن. تۆ تەماشای سەدان و هەزاران کچ و کوڕی لاوی ئەوروپایی، یا ئەو مەسیحییانەی، لە خۆرهەڵاتی خۆمانەوە، ڕوویان لە ئەوروپا کردووە بکە، هەریەکەو خاچێکی زێڕین یا زیوینی لە مل کردووە و زۆرجاران لاوانی ئێمەش لاساییان دەکەنەوە و وەها کارێک دەکەن. ماڵە سوێدی لە جێژن و بۆنەکاندا، کە هەموویان هەر ئایینین، دەبێتە چراخان و پێشانگە و بەسەدان تەتکە و وردەواڵە و ئەستێرە و ئاڵا و مۆم و شتی دیکە، دەڕازێنرێنەوە و هەرچی سوێدی ئەم جیهانەشە لافی سێکۆلاریزم لێدەدەن!. ئێستا لە ماڵە کوردی ئەوروپانشینیشدا، ئەو جۆرە ڕازاندنەوە و خۆئامادەکردنە وەدی دەکرێت، من بۆخۆم لە ماڵە کورددا، دارکاژەکەی جەژنی لەدایکبوونی مەسیحم دیتووە، بە سەدان چرا و گوڵ و تەتکە ڕازێنراوەتەوە. بێجگە لەوەش تەواوی ئەو جۆرە شیرینی و کێک و شتگەلەی، کە سوێدییان بۆ ئەو جەژنانە دەیکەن، لە گەلێک لەو

ماڵەکوردانەدا دەکرێن. کە دەپرسیت بۆ ئەمانە دەکەن، خۆ ئەمە چ پێوەندێکی بە کورد و ڕۆژهەڵات و ئیسلام و ئەوانەوە نییە، لە بەرسڤدا دەڵێن: ئاخر لەبەر منداڵەکان، ئەوان حەزیان لێیە و دەبێ بۆیان بکەین! سوێدی و ئەوروپایی و مەسیحی، لە شەوی لەدایکبوونی عیسادا، وەک نەریت، هەموو دیاری، بە سەر ئەندامانی خێزان و کەسانی زۆر نێزیکیاندا دابەش دەکەن و هەر یەکەو دیاری بە ئەوی دیکە دەدا و بۆ خۆیشی دیارییەک وەردەگرێت، واتە: هەموو دیاری دەدەن بە هەموو. من لە ماڵە کوردی مارکسیست و کۆمۆنیستدا و لە ماڵە کوردی نەتەوەیی و کوردستانپەرستیشدا، ئەو دار کاژ و چراخانەم دیتووە، کە پڕ سەر و ژێر و لق و چڵی دارەکەش دیاری و پاکەتی پێچراوە بووە، ئەوانیش ئامادەیان کردووە بۆ ئەوەی، ڕێک وەک سوێدییەکان، لە شەوی هاتنەدونیاوەی مەسیحدا، جەژن بگێڕن و دیارییەکان دابەش کەن. لە وەڵاتانی خۆمان، ئاڵا تەنێ لە دەسگا و شوێنە میری و ڕەسمییەکاندا هەڵدەواسرێت، لێ هەر لەم کۆڵانەی، کە منی تێدا نیشتەجێم، دەیان ماڵ، نەک یەک ئاڵای سوێد، بەڵکە دووان و سیانیشیان، لەسەر و لەبەر ماڵدا هەڵواسیوە، هەر دەڵێی ئەم وڵاتەیان داگیر کراوە و ئەو هەڵواسینی ئاڵایە، جۆرە بەرهەڵستکارییەکە، دژی داگیرکەران. ڕەنگە سوێدییەکان، بەبێ ئەوەی دانی پێدا بنێن، ئایندارترین خەڵکانی ئەوروپا بن، چونکە تۆ هەرگیز لەم وەڵاتە (سوێد) تێناگەیت، تا ئەوە نەزانیت، کە تەواوی دەسگا و دامەزراوەکانیان و ڕەوشتە جڤاکی و خێزانی و سیاسییەکانیان و ڕەوتار و شێوەی ژیانیان، هەر هەمووی ڕەنگدانەوەی کەلەپوور و نەریتە "لۆسەر"ییەکەیانە، کە دەگەڕێتەوە بۆ "مارتن لۆسەر" و "پرۆتستانتیزم".

ئەمەریکا، کە زۆرجاران، وەک پێشەنگی نائایینی و سێکولازیم، دێتە پێش چاو و فرەجاران، لە خەڵکانی دیکەی سەر بە ئایینانی دیکە، بە

تایبەت موسوڵمانان، داوای خۆنەبەستنەوە بە ئایین، دەکات، بۆ خۆی ڕوویەکی دیکەی ئاییندارى و خۆگرێدانى بە عیسایەتییەوە، هەیە و گەلێک خویا و ڕوونیشە و بە هیچیش ناشاردرێتەوە. تۆ بنۆڕە دۆلارى ئەمەریکی، کە ئەورۆ بووەتە پارەی هەموو جیهان، لە سەر هەر دۆلارێک، بە جوانى و ڕوونی، ئەم ڕستە نووسراوە دەبینیت:" IN GOD WE TRUST"، واتە: پەنامان بە خوا، یا خوا پشتیوانمانە، یا خوامان لەگەڵە. تۆ چ پارەیەکی وەڵاتێکی دیکەت بینیوە، کە ناوی خوا و وشەی گرێدراوی ئایینى لە سەر نووسرابێت!. ئەمەریکا، کە دەیەوێت تەواوی جیهان و سیاسەت، لە ئایین دوورخاتەوە و تێکەڵ بە یەکیان نەکات، "جۆرج بووش"ی، کوڕ، کە ئێستا سەرۆکی ئەمەریکایە و دەکرێت، وەک سەرۆک و فەرمانڕەوای هەموو جیهانیش سەیر بکرێت، هەر کە بوو بە سەرۆک و نیشتە سەر تەخت، دەسبەجێ بە ئایین دەستی پێ کرد و عیسایەتیی خۆی ئاشکرا کرد و گومان و نیگەرانیی خۆی لە خاوەن بڕوایانی دیکە و بە تایبەت، ئیسلام، نەشاردەوە.

ئەوروپازەدەیی دەردێک نییە، تەنێ بە ژیان لە ئەوروپادا، مرۆڤ تووشی ببێت، بەڵکە ڕەنگە ئەورۆ تۆ لە کوردستان، زیمبابۆی، یەمەن یا پاکستان بژیت، وەلێ ڕێک وەک بیانییەکی دانیشتووی پاریس، کالیفۆرنیا، بۆن یا هێلسنکی، تووشی ئەوروپازەدەیی ببیت. ڕەنگە کوردێکی سلێمانی یا ورمێ یا ئامەد، یا عەرەبێکی ئەگادیر، یا تورکێکی ئیزمیری، یا فارسێکی تەجریشی، گەلێک لە تۆ و منی ئەوروپانشین، ئەوروپازەدەتر بێت.

کە باژێڕ و گوند، لە کوردستانەکەی خۆماندا، دوو جیهانی جیاواز و دوورەیەک بن و باژێڕ، بە قەولی "ئەحمەدی حاجی حەسەن"ی گەرمیانەکەی لای ئێمە، "پڕە لە عەشیا" و گوند هیچی تێدا نەبێت و منداڵەشاریی لای خۆمان، کە نە ڕەشماڵ ببینن و نە بزانن هەوجاڕ و قورەمە و جۆتکاریی چییە و نە قەیناغ و داس و چان و جەنجەڕ و شەن

و سـواڵە و مـەڵـۆ و ڕەشـکە و شـەغـرە ببیـنن و نـەبـزانن دووسـواقە (دووسواخە) و دۆرنج چییە و بە بەرخیش بڵێن بەچکەمەڕ و جیاوازی لـە نێوان مەشکە و کوندەدا نەکەن و لەگەڵ تـەلەڤزیۆنـدا ڕابن و بـڕازێن و بـاس باسـی "ڕامبـۆ" و "مایکـل جاکسـن" و "مادۆنـا" و "مـارلین مانسـۆن" و "ئێلفیس پرێسلی" بێت، هەرگیز بە سـەلامـەتی دەرناچن و هـەر دەشبێ، بەبێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، ئەوروپازەدە ببن.

ئـەو فـەرمـانڕەوایانـەی جیهـانی سێیەم و وەڵاتـانی بنـدەستیان، کـە لـە ڕووی سیاسی، ئابووری و فەرهەنگییەوە، گرێدراوی ڕۆژئاوا و ئەوروپان، بـە ئـارەزووی خۆیـان، پێشـکەوتنـی تـەکنیکی ڕۆژئاوایـان قـەبووڵـە و بـە خۆشــییەوەش، لاســایی شــێوەی کــارگێڕی و کــاری سیاســی ڕۆژاوا دەکەنەوە، کە ئەوە بۆخۆی لێکچوون و چوونیەکییەک و یەکبیچمییەک ساز دەکـات و دەهێنێتـە گـۆڕێ، کـە جیاوازیگـەلـە مـەزنـەکانی نـەریتـە فـەرهـەنگییـەکان، دادەپۆشێت. ئـەو نـەریتـە فـەرهـەنگییە ڕۆژهەڵاتییانـە، زۆرجـاران گـەلێـک لـە نـەریتـە فـەرهـەنگییـە ڕۆژاواییـەکان کـۆنترن و تـا ڕادەیەکی زۆریش، بەسەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتدا زاڵـن، بـەڵام ئیـدی تەکنیکـە ڕۆژاواییەکـە، جێگـەیان پـێ لـەق دەکـات. تـەواوی بۆچـوون و دیتنگـەلێـک، لەمەڕ فەرهەنگی دیکەی ناڕۆژاواییـەوە، کـە لـە ڕۆژاوادا لـەم سـەردەمـە نوێیـەدا چێنـراون، بـە بڕوابـوون بـە پێشـکەوتـن و لـەپێشـبوون و زاڵیـی تەکنیکییـەوە، گرێـدراون. بـەو شـێوەیەش تاکـە یـەک وێنـەی ڕاسـت و دروستی پێشکەوتنی فـەرهـەنگیی، وەبـەرچـاو دەکـەوێـت و لای مـرۆڤ دەچەسپێت و لە مێشکیدا جێگیر دەبێت، ئەویش ئەو فەرهەنگەیە، کە لـە ڕۆژاوای ئاسیای سامییەوە، لە فلستینی لانکی فـەرهـەنگی جوولەکایـەتی و مەسیحییەتـەوە، کـە ئێستا لـە لایـەن ڕۆژاواوە، بـە ئیسـرائیل نـاو دەبرێت، دەست پێدەکات و لـە ئـەوروپای ڕۆژاوا و ئـەمـەریکای مـەسیحیدا خـۆ دەنوێنێت و دەگاتـە لووتکـە، هـەرچییـەکیش بکـەوێتـە دەرێی، ئـەم هێڵـە

فەرهەنگییە سەرەکییەوە، بەپێی فەرهەنگی سەردەمی ڕۆژاوا، کارگەلێک و بەشداربوونێکی کەمبایەخ و بێبەها و نزمن، لە فەرهەنگگەلێکی دواکەوتوو و بەجێماوەوە. خەڵکانی دەرێی ئەو هێڵە فەرهەنگییەش، بە دیتنی ئەوروپاییان و ڕۆژاواییان، ئەوڕۆ بێت یا سبەی، هەر دەبێ شێوەی فەرهەنگی ڕۆژاوا وەرگرن و ببنە بەشێک لێی.

ڕۆژاوا و ئەوروپا و ئەمەریکا، فرەجاران باس لە گۆڕانکاری دەکەن، لە ڕۆژهەڵاتدا، لێ ئەوان باس لە گۆڕانکاریگەلێک دەکەن، کە خێرایی دەدەنە ڕەوتی، ڕۆژاوایاندنی ڕۆژهەڵات. ئەو جۆرە گۆڕانکارییانەی، ئەوان دەینێرن بۆ ڕۆژهەڵات ئەوانەن، کە ڕۆژاوایان، بۆ خۆیان، گەرەکیانە بیکەن و بە پێویستی دەزانن و دەبێ بیکەن. نزمتەماشاکردنی فەرهەنگیی ناڕۆژاوایی لە لایەن ڕۆژاواوە، لە هەستی زالبوون و دەستڕۆیشتنی سیاسی و پێشکەوتنی تەکنیکی و ئابووریی ڕۆژاواوە سەرهەڵدەدات. ئەمەش بەستراوە بەو میراتە فەرهەنگییەوە، کە ڕۆژاوا بە جیهانی "هۆمیرۆس" و "ئینجیل"ەوە، گرێ دەدات. ئەو میراتە فەرهەنگییەی ڕۆژاواش، پاشماوەی نەریت و فەرهەنگیی جوولەکایەتییە، کە بناخە و بنەمای فەرهەنگی ڕۆژاوایە، وەلێ لە بەرگێکی ڕۆمیدا. هەستی خۆبەزلزانیی و کەمحەوسەڵەیی ڕۆژاوا، لەوەوە سەرهەڵدەدات. ئێمەی خەڵکانی باشووری گۆی زەوی، ئێمەی جیهانی سێیەمییان، لەلایەن کۆڵۆنیالیستانی ڕۆژاواوە، لە هەموو ڕوویەکەوە داگیرکراوین، بە زانستی ئابووری، بە زانستی جڤاکی، بە زانستی سایکۆلۆژی و بە مێشک و بیرکردنەوە، داگیرکراوین. دەسەڵاتدارانی وەڵاتانی خۆمان و دەستوپێوەندانی ئەوان و ڕەوشەنبیرانی ئەوروپازەدەی ویعازوسسەلاتین "وعاظ السلاطین"انی خۆماڵییش، دیارە لەو داگیرکراوییەدا، نۆرەیەکی گەلەک مەزن و ترسناک دەبینن.

فرانسـیيەكان، كـە لـە نێـوان (1830-1962) دا، داگیركـەر و فەرمانڕەوای ئەلجەزائیر بوون، لە هەموو ئاواییەكی ئەو وڵاتەدا، یەكەم شتێک، كە دایاندەمەزراند، كڵێسە بوو، پاشان فێرگە. لە ئایینەوە دەستیان پێ دەكرد و هەوڵیان دەدا خەڵكەكە، لە ئایینی خۆیان وەرگێڕن و بیانكەن بە مەسیحی، بۆیە كڵێسە لە پێش فێرگەوە دادەمەزرێندرا. فێرگەش بۆ فێربوونی زمانی فرانسی و لەبیربردنەوەی عەرەبی بوو. ئیدی بەو جۆرە ئایین و زمان و فەرهەنگیی فرانسیی داگیركەر، دەبووە سەردەستە و باو و زاڵ و بەرەبەرەش ئایین و زمان و فەرهەنگی عەرەبی، جێیان پێ لەق دەكران و فەرامۆش دەكران. كڵێسە و ئۆلكارانی سوێدی، یەكێكن لەو كڵێسە و ئۆلكارانەی وەڵاتانی ئەوروپا و ڕۆژاوا، كە بە چڕوپڕی و بە نەخشە، بە ناوی كۆمەكەوە، ڕوو دەكەنە وەڵاتانی جیهانی سێیەم و وەڵاتە هەژارەكانی جیهان و وڵاتانی موسوڵمان و لەگەڵ خۆیاندا، یەكەم نان و دووەم ئینجیل دەبەن، بۆ خەڵكانی ئەو وەڵاتانە. ئەمان هەرچەندە ئەو كارەیان، لەگەڵ ڕەوش و قانوون و ڕێسا و نەریتی ئەو وەڵاتانەشدا، كە بۆی دەچن، ناگونجێت و ڕێكناكەوێت، لێ هەر كۆڵنادەن و زۆر بە وردی كاری خۆیان بە شێوەیەكی چالاكانە دەكەن. لە ڕێگەی كردنەوەی ڕادیۆوە، بە زمانی ئەو وەڵاتانە، لە ڕێگەی پاڕانەوە و بانگی خەڵک بۆ دوعاخوێندن و لە ڕێگەی پێوەندكردنی كەسەكییەوە، خۆ دەگەیەننە خەڵک. وەک نەخشە، بەرنامەیەكیان هەیە بە ناوی"BTA"، كە كورتكراوەی"Bible To All"ی ئینگلیزییە و دەكاتە: ئینجیل بۆ هەمووان، واتە: گەیاندنی ئینجیل بە هەموو كەسێک. ئەم كڵێسە و مژدەدەر و ئۆلكارانە، لە ڕێگەی گرنگییدان و باسكردن و خۆخەریككردن و هەوڵدانی دۆزینەوەی چارەسەر و لە پەنای، كێشەی بەنگكێشی و منداڵانی بریندارانی جەنگ و مەسەلەی نەخۆشی و لەشساغی و مافی ژنان و....، خۆیان دەگەیەننە خەڵكی لێقەوماوی ئەو

وڵاتانە و ئەو باسانەش، بە بەرگێکی ئایینی و بە ڕۆحێکی مەسیحییانە و لە دیدیکی عیساییانەوە، بە گوێی خەڵکدا، دەدەن. بەشێکی یەکجار زۆری، ئەگەر نەڵێم هەموو، ئەو ڕێکخراوە، بە ناو "خێرخواز و مرۆڤدۆستان"انەی، کە لە ئەوروپاوە دەچن و لە وەڵاتانی خۆمان و جیهانی سێیەم کار دەکەن، لە پەنای کارەکانیاندا، هەوڵی عیساییاندنی، خەڵکی ئەو وەڵاتگەلە دەدەن و پارە و پووڵێکی فرەیش، لە کڵێسە و دەسگا ئایینییەکانی ئەوروپاوە، بۆ ئەو مەبەستە وەردەگرن. ئەم سوێدە گچکەیەی خۆیشمان، یەکێکە لەو وەڵاتانەی، کە گەلێک لەو بوارەدا چالاکە. لە وەڵاتانی خۆمان، ئۆلکاران و مەلایان، ناچن بەر دەرگای ماڵان بگرن و بچنە ژوورەوە و باسی ئایین، بۆ خەڵکی ماڵەکە بکەن، لێ هەر لەم سوێدە، دەیان جار ئۆلکارانی عیسایی، سەر بە کڵێسەی جیاواز و بە تایبەت دەستەی "گەواهانی یەهووڤا"، لە دەرکەیان داوم و ویستوویانە بێنە ژوورەوە، بۆ ئەوەی عیسایەتیم بۆ ڕوونکەنەوە، کە گوتوومە نامەوێت و ئارەزووی گوێگرتنی ئەو باسانەم نییە، ئەوجا بەرۆکیان بەرداوم و ڕۆیشتوون. ئەمە تەنێ بۆ من نەبووە، بەڵکە هەموو یەکێک لە ئێمە، ئەمەی بینیوە و تەنێ لە سوێدیش ئەمە ڕوونادات، بەڵکە لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپایش ئەمە هەیە و هەر بەو جۆرەیش، ئەو ئۆلکارانە خۆ دەگەیەننە، وەڵاتانی ئاسیا و ئەمەریکای خواروو و ئەفریقا و ئەو کارە ئەنجام دەدەن. تۆ بنۆڕە دایکە تێرێزا(Mother Teresa)، کە ژنەئۆلکارێکی عیسایی بوو و بەشێکی زۆری ژیانی لە هیندوستان بەسەر برد و ساڵی 1997 کۆچی دوایی کرد، لەپاڵ کارە باش و مرۆڤانە و خێرخوازییەکانیدا، بە کۆمەککردن بە زارۆک و ژن و نەخۆش و کردنەوەی خوێندنگە و نەخۆشخانە و...وەک کارێکی سەرەکیی خۆی، هەوڵی پەخشکردنەوەی ئایینی عیسایی دەدا. ئەو کە کۆمەکی بە برسی و ڕووت و ڕەجاڵ و هەژاران دەکرد، نەیدەویست گۆڕانێک لە ژیانی

ئەواندا بکات، بەڵکە ئەویش وەک ئۆلکارانی دیکەی هەموو ئایینەکانی دیکە، کە ئەوە بێجیاوازیی، گەوهەری هەموو ئایینەکانیشە، دەیەویست، تەنێ بژی و مەمر و بۆ ئەو ڕۆژە، نەک بنبڕ و بە تەواویی، بڕێک لە دەردەسەری و کێشەکانیان، چارەسەر بکات.

ڕۆژاوای عیسایی، هەمیشە، لە هەوڵی ئەوەدایە، بڵاوکردنەوەی عیسایەتیی و چالاکیی ئایینی، بە بەرگ و پۆشاک و ناوی جیاوازەوە، لەگەڵ و ڕێک وەک تەواوی هەناردە هۆشەکی و فەرهەنگی و کاڵا و تەکنیک و ئابوورییەکانی دیکەیان، بنێرێتە دەرەوە و پەخش بکات. عیسا، کە بۆ خۆی پیاوێکی جوولەکە بووە و خەڵکی فلستین بووە و فلستینی و خەڵکانی ئەو دەڤەرەش، بە شێوەیەکی گشتی، گەنمڕەنگ و زیاتر بەلای ئەسمەری و بۆری و ڕەشتاڵەییدا دەچن و چاوڕەش و قژڕەشن، لە ڕۆژاوا، عیسا، وەک پیاوێکی قژزەرد و سووررووسپی و چاوشین، دەدرێتە ناسین و پێشان دەدرێت. واتە: عیسا، لە پالاوگە و فلتەر دراوە و ڕۆژاوایێنراوە و لە ڕەگەزی سپییەوە نێزیکخراوەتەوە، یا هەر کراوە بە ڕەگەزی سپی. گۆڕانێکی ئەوتۆیان بە سەر عیسادا هێناوە، کە ئەگەر بێت و بگەڕێتەوە زێدەکەی خۆی، هەرگیز خزمانی و هاومالانی نایناسنەوە. باسکردن و پێشاندانی عیسا، بەو شێوەیەی ئەورووپاییان، کارێکی وای کردووەتە سەر خەڵکانێکی سەر بە ڕەگەزی دیکە، بۆ نموونە، ڕەشپێستان، عیسا بە ڕەشپێست دابنێن و قینیان لە سپپێستان ببێتەوە و وەک ڕەگەزپەرست و دڕندە و دژەمرۆڤ باسیان بکەن. ماڵکۆڵم ئێکس(Malcolm X)، کە بۆ خۆی ئەمەریکاییەکی ڕەشپێست بوو و پاشتر ئایینی گۆڕی و بوو بە موسوڵمان و بوو بە ئەندامی ( Nation of Islam)، کە دەکاتە: کۆمەڵە، نەتەوە، یا گەلی موسوڵمان، بە هۆی ئەو کۆمەڵەیەوە، کە ئەندامەکانی وا بیریان دەکردەوە و بنەما هزرییەکانی بەو شێوەیە بوو، خەڵکیشیان بەو شێوەیە، باردەهێنا و پەروەردە دەکرد

و ئەو جۆرە بیرکردنەوەیەیشیان، لە نێو جڤاکی ڕەشپێستانی ئەمەریکادا، پەرە پێ دەدا و بڵاو دەکردەوە. "ماڵکۆڵم ئێکس"یش، تا لەو کۆمەڵەیەدا بوو، بەو جۆرە دەهزری و کە چووە حەج و گەڕایەوە ئەمەریکا، بیروباوەڕیشی گۆڕا و ئیدی لەو کۆمەڵەیە، دوورکەوتەوە و وازی لێهێنان و هەر لەبەر ئەوەیش هاوڕێ و هاوئایینانی خۆی کوشتیان.

بەشێکی یەکجار زۆری پەیامەکانی ڕۆژاواییان، لە هەر بوارێکدا دەڵێیت، مەبەست و ئامانجێکی ئایینیانەی عیسایانەیان، لە نێوان دێڕەکانی خۆیاندا حەشار داوە. تۆ بنۆڕە پێڕۆ و پرۆگرام و قانوون و بەندەکانی، ئەو ڕێکخراوگەلە بەناو جیهانییانەی وەک، کۆمەڵەی دەوڵەتە یەکگرتووەکان (UN)، کۆمەڵەکانی مافی زارۆکان، ژنان، یۆنسکۆ، بانکی نێونەتەوەیی و ....دەیان کۆمەڵەی دیکەی لەو جۆرانە، کە من ناوەکانیانم بە بیردا نایەت، تەواوی پێڕۆ و بەندەکانیان، لە سەر بنەمای فەرهەنگی ڕۆژاوایی و ئایینی عیسایی دانراون و ڕەنگدانەوەی، ئەو دوو ڕەگەزەیان، زۆر ئاشکرا پێوە دیارە و تا ڕادەیەکی زۆریش تایبەتمەندییەکانی ئیسلام و ڕۆژهەڵات و چین و ژاپۆن و تاویزم و کۆنفۆشیۆسیزم و هیندۆسی و بوودایی و ئایینە ئەفریقاییەکان و...ئەوانەی تێدا لەبەرچاو نەگیراوە.

"نێلسۆن ماندێلا"، لە کتێبی "ڕێگە درێژەکەی ئازادی"دا، کە بیرەوەرییەکانییەتی، خۆزی دەکرایە کوردی و هەموو سیاسەتکارێکی کورد دەیخوێندەوە و شتێکی لێ فێر دەبوو، باسی ئەوە دەکات، کە کاتێک منداڵە ئەفریقاییە ڕەشەکان، دەستیان بە خوێندن دەکرد و دەچوونە فێرگە، یەکەم شتێک، کە دەبوو بکرێت، ناوە ئەفریقاییەکانیان، لە لایەن کارگێڕیی خوێندنگە و مامۆستاکانیانەوە، دەگۆڕدران، بۆ ناوگەلێکی ئینگلیزی، یا مەسیحییانەی ئەوروپایی، و ئیدی بەو ناوە نوێیانەوە، دەناسران و بانگ دەکران و ناوە ئەفریقاییەکانی خۆیان، بە ناژیاری و ناشارستانی، دەدرانە قەڵەم و بەو ناوە نوێیانەوە، ئیدی

دەبوونە مرۆڤێکی نوێ. "ماندێلا"، لە "رۆلیهلاهلا Rolihlahla" وە، کە ناوە ئەفریقاییەکەی بووە، کراوە بە "نێلسۆن Nelson"ی ئەوروپایی. زمانی خوێندنیش ئینگلیزی بووە و لەو ڕێگەیەشەوە، تەواوی فەرهەنگ و هـزر و دەسگا و کارگێڕییە بریتانییەکان، دەمێشکی ئەو منداڵانە دەئاخنران و بە بەرزتر و لەسەرەوەتر، پێشان دەدران و ئەوانەی خۆماڵییەکانی خۆیانیش، بە نزمتر و کەمتر، یا هەروەک نەبوو، سەیر دەکران. مرۆڤی ئینگلیزی زمان، نموونەی مرۆڤی تەواو و کامڵ بوو لای ئەفریقاییەکان، و هەموو هەوڵی ئەفریقاییەکانیش بۆ ئەوە بوو، ببنە "ڕەشەئینگلیز"، کە لەنێو خۆیاندا جارنا، بە لاقرتێ و شۆخی بە یەکدییان دەگوت.

تۆ بنۆڕە "کۆلۆمبس"ی سەگباب، کە پێش پێنج شەش سەدە بەر لە ئەوڕۆ، چووەتە ئەمەریکا، ئەز ناڵێم دۆزییەوە، چونکە ئەمەریکا بۆخۆی هەر هەبوو، چۆن ئیدی ئەوروپاییان بە دوویدا، ڕوویانکردە ئەوێ و لە ماوەی ئەم چەند سەد ساڵەدا، تۆوی "ئیندیان"ەکانیان، کە دانیشتووانی ڕەسەن و ئەسڵیی ئەو خاکەن، مەبەستم هەردوو ئەمەریکای خواروو و سەروووە، بڕییەوە و کردیانن بە مەسیحی و کردیانن بە ئینگلیزی و ئیسپانی زمان و ئایین و فەرهەنگ و زمانانی خۆیان لەبیربردنەوە و تازەش هەتاهەتایە، خۆ نادۆزنەوە و خۆ ناناسنەوە. ئەی "ئەبۆریجینەکان"ی ئەوسترالیا و "ماورییەکان"ی نیووزیلاند، کە دوو میللەتی ڕەسەنی، ئەو دوو وەڵاتەن، تەماشاکە ئینگلیزی کۆلۆنیالیست، چی بەسەر هێناون. ئیندیانەکان، ئەبۆریجینەکان و ماورییەکان، ئەوڕۆکە هەرسێیان، بەسایەی سەری ئەوروپاییانەوە، ئەوە هیچ، فەرهەنگ و تەواوی تایبەتمەندییەکانیان نەماوە و سڕاونەتەوە، بۆخۆیشیان وەک مرۆڤ خەریکن، بەرەو نەمان دەبرێن.

لە ناوچەکەی لای خۆمان، "ڕەزاشا"ی ئێران و ئەتاتورکی تورکیا، بە گۆڕینی پۆشاکی خۆماڵی و سەپاندنی تەپلەکڵاو و پانتۆڵ و چاکەت و پۆشاکی ئەوروپایی و دژایەتیی ئیسلام و گۆڕینی تیپی عەرەبی، بۆ تیپی لاتینی، کە ئەتاتورک کردی و بەوەش دەیەویست، ئەو نەوە نوێیانەی، کە بە تیپی لاتینی ڕادێن، بێبەری بکات، لە گەنجینەی تەواوی کەلەپوور و فەرهەنگ و ئەدەبێکی، کە پێشتر هەیانبووە و کە کوردی خۆیشمان لاساییان کردەوە، و زۆر شتی تر، نۆرەیەکی یەکجار خراپ و ناپەسەندیان، لە برەوپێدانی فەرهەنگی ئەوروپایی و ئەوروپاییاندن و ڕۆژاواییاندنی، بەشێکی ڕۆژهەڵاتدا، کە کوردیش بەشێکە لێی، دیت. کەمالیزم بۆ خۆی، ڕەفزکردنی فەرهەنگ و نەریتە ئیسلامی و عوسمانییەکان بوو، و هەوڵدان بوو، بۆ هاوردنی فەرهەنگیی خۆراوا و خۆهەڵواسین، بە خۆراوادا و نەخشەدانان بوو، بۆ گۆڕینی تورکیا، لە وەڵاتێکی خۆرهەڵاتی نیوەڕاستی ئیسلامییەوە، بۆ وەڵاتێکی ئەوروپایی.

ئێمە ئەگەر بنۆڕینە دیرۆکی ئیسپانیا، دەبینین نێزیکەی 700 ساڵان، عەرەب و ئیسلام، فەرمانڕەواییان کرد. شارستانییەتی ئیسلامیش، بە تایبەت لە بواری فەرهەنگ و هزردا، لەو دەمەدا گەیشتبووە ترۆپکی پێشکەوتن. ئیسپانیاش ئەودەم، واتە: پێش ئەوەی عەرەب و ئیسلامی تێبچن، وڵاتێک بوو، ئاینی مەسیحی و جوولەکایەتی تێدا بوو. ئیسلام لەو ماوە درێژەی فەرمانڕەواییدا، هەرگیز هەوڵی تواندنەوەی خەڵکی ئیسپانیایان نەدا. هەرگیز ئاینەکانی خۆیانیان لێ قەدەغە نەکردن و زمانیشیان لێ نەسەندنەوە. کەچی، کە دەسەڵاتی ئیسلامی لە ئیسپانیادا نەما، بە دەگمەن مزگەوتێک یا شوێنەوارێکی عەرەبی - ئیسلامی دەبینرێن و ئەگەر هەشبن، ئەوا وەک مۆزەخانە، یا شتێکی لەو بابەتە هەن. مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر ئیسلام وەک ئەوروپاییانی کردبا، دەبوو بەو 700 ساڵە، زمانی ئیسپانی و فەرهەنگی ئیسپانی و ئاینی مەسیحی،

لە ئیسپانیا، نەمابان و لەبەین برابان و ئێستا، ئەو وەڵاتە، جۆرێکی دیکە بووایە. ئەگەر ئیسلام لە ئیسپانیا وەها کارێکی نەکردووە، ناکاتە ئەوەی، کە ئیسلام وەک ئایین و فەرهەنگێک، پەیامی تواندنەوەی پێ نییە.

ئیسلام لە ناخیدا، هەڵگری پەیامی عەرەباندنە، بۆ تەواوی نەتەوە و گەلانێک، کە دەبنە موسوڵمان. ئیسلام، ئەگەر فەرهەنگ و فەلسەفە و هزر و جیهانبینییەکی فراوان و مەزنی، پەخش کردبێتەوە، ناکاتە ئەوەی، کە هەر لە پزدانە عەرەبییەکەیەوە لەگەڵیدا بووە و هەر لەگەڵ لەدایکبوونیدا، هێناویەتی، نەخێر، هەرگیز وا نییە. ئیسلام لەو پزدان و ژینگە عەرەبییەیەوە، کە هاتووەتە دونیاوە، فەرهەنگ و فەلسەفە و هزر و توندوتیژییەکی عەرەبی، خێڵەکی، دەشتنشین و لمنشینی بێئاو و بەژی، لەگەڵ خۆدا، پێ بووە، لێ بە تێکەڵاوبوونی لەتەک، فارس و کورد و تورک و ئەفغانی و هیندی و چینی و ئەفریقایی و خەڵکانی دیکەی سەر بە فەرهەنگی جیاواز و نەتەوەی جودای ئەورۆ موسوڵماندا، ئیدی گۆڕانێکی لەبەرچاو و برێک بەرەو کراوەیی و فرەلایەنیی، بە سەردا هات و لە فەرهەنگیی تەنێ شمشێر و تالان و خوێنەوە، برێک گۆڕا و توخمی سۆفیزم و لێبوردوویی و ئەدەب و هونەری، خەڵکانی خودان مێژوو و فەرهەنگی ناعەرەبی تێکەوت و بە یەکڕەنگی نەمایەوە و ڕەنگی دیکەیشی تێکەڵ بوو. ئەگەر ئیسلاماندنی وەڵاتێک، نەتەوەیەک یا گەلێک، لە ڕێگەی عەرەبەوە بووبێت، ئەوا عەرەباندن ئەنجام دراوە. کە کورد، فارس، تورک، پەشتۆ، بەلووچ، پاکستانی، هیندوستانی یا هەر نەتەوەیەکی دیکە، بوونەتە موسوڵمان، ڕێژەیەکی زۆری فەرهەنگەکانیان عەرەبێنراوە. ئەگەر تورک یا فارس یا هەر نەتەوەیەکی دیکە، ئیسلامیان گەیاندبێتە جێگەیەک، ئەوا بێجگە لە لایەنە عەرەبییەکەی ئیسلام، هەندێک تایبەتمەندێتی ئەو نەتەوانەشی تێکەڵ کراون. بۆ نموونە: ئیسلامی ئەلبانی و بۆسنیایی و چێچنی و تورکمەنستان و کازاخستان

و...ئیسلامێکی تورکی- عەرەبین. ئیسلامی ئازەربایجان و تاجیکستان و...ئیسلامێکی فارسی/ تورکی- عەرەبین. هەموو نەتەوەیەکی موسوڵمانی خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، وەک ئیمپراتۆریای عەرەبی، فارسی و تورکی، لە پەنای بڵاوکردنەوەی ئیسلام و ئاییندا، هەوڵی تواندنەوەی گەلانی موسوڵمانی بندەستی خۆیانیان داوە. کورد و بەربەر، لەلایەن عەرەبەوە هەوڵی تواندنەوە دراون. کورد، لەلایەن تورک و فارسیشەوە، هەوڵی تواندنەوەی دراوە، بەڵام تۆ بنۆڕە کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان، کە نێزیکەی 1300 ساڵێکە ئیسلامە و فەرهەنگی ئیسلامی تێدا زاڵە، کەچی تا ئێستاش کڵێسەی فەلەی کوردستان، زمانی فەلەی کوردستان، فەرهەنگی فەلەی کوردستان و هەرچی نەریتیانە، لە شوێنی خۆیاندان و کەس ناچاری نەکردوون وازیان لێ بهێنن و بچنە سەر ڕێی خەڵکە کوردەکە. خۆ ئەگەر ڕاست بێت و "میدی"یەکان باپیرانی کورد بووبن، ئەوا کورد لە ساڵی 612ی(پ.ز)ەوە، کە تا ئێستا دەکاتە 2613 ساڵان، کورد لە "نەینەوا"دا زۆرینە بووە و تا ڕادەیەکیش "نەینەوا"ی بە دەستەوە بووە، کەچی یەک فەلەی نەینەوایی نەبووەتە کورد و یەک مەزارگەی فەلەی نەینەواییش، بە دەستی کورد وێران نەکراوە. بێجگە لە فەلە، لە کوردستان، ئێزدی و یارسانیش هەن، کە بۆ خۆیان کوردن، هەرچەندە ڕەنگە هەندێک جار گوشار خرابێتە سەریان و ڕێگەی هەندێک شتیان لێ گیرابێت، بەڵام هەرگیز هەوڵی بەتۆبزی ئیسلاماندنیان نەدراوە و نەکراوە و هەمیشەش ڕێزی نەریت و تایبەتمەندییەکانیان گیراوە. من دەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم، فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، بە بەراورد لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆژاوادا، گەلێک بە تەحەممولتر و بە سەبرتر و دڵفراوانترە و کەمتر، هەوڵی سڕینەوەی ئەوی دیکەی ناموسوڵمانی داوە و دەدات. ئەمەریکا، کە خەڵک بە نموونەی دیموکراسی و ئازادیی دادەنێت، وەک فەرهەنگ،

نــەک وەک دەوڵــەت، یەکێکــە لــە فــەرهــەنگــە هــەرە تونــدڕەو و فەندەمێنتالیستەکان، کە پەیامی سڕینەوەی فەرهـەنگی نائەمـەریکایی لـە ناخیدا هەڵگرتووە و پیادەی دەکات.

ئێمەی خۆرهەڵاتی، هەرچەندە بە ڕۆژاوا و پێشکەوتنی سەرسام بین، دەبــێ ئــەوە بــزانین، کــە زانســت و تــەکنۆلۆژیای جیهــانی خــۆراوا، لــە دۆزینــەوەی چــارەســەر، بــۆ کێشــە و گیروگرفتــە، یەکجارئاســایی و ساکارەکانی، بـەشـە زۆرینەکـەی مرۆڤـی سـەر زەویـدا، سـەرکـەوتنی وەدەست نەهێناوە و بەختیاریی نەئافرانـدووە. زانستێکی کارا و کاریگـەر، هیچ کاتێک جێگـەی هەڵسـەنگانـدن و بـەها ئاکارییـەکان ناگرێتـەوە، بەڵکـە دەبێ پەنا بباتە بەر جیهانێک، کە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، بـەرپرسیاریەتی و بـڕوای تێـدا بێـت. لـەبـەر ئـەوە دەبـێ ئێمـە، خـەونـەکانی داهاتوومـان و هەڵسـەنگاندنـەکانمان، پـێش هـەڵبژاردنی تـەکنۆلۆژیاکانمان، هـەڵبژێرین. دوورکـەوتنـەوە لـە فـەرهـەنـگ و ڕۆح و هـزری ڕۆژهەڵاتییـەتی، دەکاتـە دوورکەوتنەوە لە جڤاک و خاک و مێشکشۆردنەوە و ڕۆژاوازەدەیی. ئەو دیاردەیە لە کن خـەڵکانێکی خۆبەڕۆشنبیرزانی، خـۆ لـەبیرکـردوو، کـە لـە ئاسـت هـەمـوو شـتێکی ئـەوروپـا و ڕۆژاوادا، دەحـەپـەسێن و واقیـان وڕدەمێنێـت و دەمـدادەچـەقێـنن، پتـر دەبینرێـت و بـەوەش پـەتـای ڕۆژاوازەدەییەکــەیان، کاریگــەرتــر دەبێــت. دیــارە نــاکرێ هــەمــوو فـەرهـەنگییانی کـورد و نـاکوردی ئـەم جیهانـەش، بخرێنـە یـەک خانـەوە، چونکە ئەوانیش بـە سـەر دەیـان دیـد و لایـەن و هـزری جیـاوازدا دابـەش دەبن و نایشکرێت، وەک یـەک، تـەماشایان بکرێـت و وەک کۆمەڵەیـەک، یا یەکەیەک، یا دەستەیەک، حیسابیان بۆ بکرێت. ئەگـەر ئـەوروپازەدەیی نووســەران و سیاســەتکــارانی کــورد و نــاکوردیش بــە دیتنــی خۆیــان پێشـکەوتـن بێـت، کـەوا نییـە، ئـەوا دەبـێ بیـر و کردارەکـانی، عـەلـی شەریعەتی، فرانـز فانۆن، ئێدوارد سەعید، جەلال ئال ئەحمەد، نـووام

چۆمسکی، گاندی، ماندێلا، نایریری، کێنیاتا، لۆمۆمبا، نکرۆما و...ئەوپەڕی دواکەوتوویی بێت، ئەوجا من دەپرسم، توو ئەو پیرۆزییەی، کە ئەو"ڕووناکبیرە" کوردانە بەلایانەوە پیرۆزە، لە هەموو کورددا چارەکە شەریعەتییەک،سەعیدێک، ئال ئەحمەدێک، فانۆنێک، یا چۆمسکییەکی تێدایە؟

***حەکیم کاکەوەیس: من بە کورد دەڵێم ڕەو مەکەن بەرەو ئەورووپا، تۆش وایان پێ دەڵێی، کەچی خۆمان لە ئەورووپاین، پێت وایە دەبێ دەسەڵاتدارانی ناوچە پارێزراوەکانی کوردستان چی بکەن تا ڕەوی پێچەوانە واتە لە ئەورووپاوە بەرەو کوردستان بکرێ؟ ئایا شەڕی ناوخۆ بەشی ئەوە دەکا بکرێتە بیانووی ڕەو؟***

ئەمجەد شاکەلی: من، کە بە کورد دەڵێم ڕەو مەکەن بەرەو ئەورووپا، لەترسی ئەورووپاییاندن و ڕۆژاوازەدەیی و خۆلەبیرچوونەوە و سەرلێشێوان و دۆڕان و توانەوە و وێڵبوون، وایان پێدەڵێم، دەنا هەموو مرۆڤێک، لەسەر ئەم گۆی زەوییەدا، ئازادە لەوەی، لە کوێ دەژی. من بۆ خۆم هێندەی گەردیلەیەک بڕوام بە سنوور و مەرز نییە، و پێشمواپە سنوور و مەرز، تەنێ لە نێو کەللە و مێشکی دەسەڵاتداراندا هەیە و هەبوونی دەسەڵاتیش، واتە: دەسەڵاتداریەتی، وەک "ئیمانوێل کانت"ی فیلۆسۆف دەڵێت، مەزەنە و خەملاندنی ئازادانەی عەقڵ، تێکدەدات و لەبەین دەبات. "کراپۆتکین" دەڵێت:"لە هەر کوێیەک دەسەڵات هەبێت، ئازادی نییە"، چونکە دەسەڵات، قەوارە و چوارچێوە، بۆ ئازادی ساز دەکات. خۆزگە ئەم جیهانە، هی هەموو مرۆڤ دەبوو، و ئەوەی پێی دەڵێن سنوور نەمابایە، و پاسپۆرت، پۆلیس، سەرباز، چەک، دەوڵەت و دەسەڵات و ئاڵا، هیچیان نەبووایەن و نەمابان و هەموو مرۆڤی ئەم جیهانە، لەبری ئەوەی هەریەکەو ڕەگەزنامە و پاسپۆرت و ناسنامەی

وەڵاتێکیان هەیە و هاووڵاتی وەڵاتێکن، هەموو "هاووەڵاتی جیهان"، هەموو جیهان بووایەن و پێویستیان، بە ڕەگەزنامە، ناسنامە، پاسپۆرت و هیچی لەو بابەتانە نەبووایە. بیشر ئەلحافی ئەلبەغدادی "بشرالحافي البغدادي"، کە یەکێکە لە سۆفییەکان دەڵێت:"یاتي علی الناس زمان تکون الدولة فیه للحمقی"، واتە: سەردەمێک بەسەر خەڵکدا دادێت، دەوڵەت بۆ گێل و گەوجانە. ئەو سەردەمە، دیارە ئیدی، سەردەمی نەمانی دەسەڵاتە، چونکە تەنێ گەوج و گێل پێویستییان بە دەوڵەت (دەسەڵات) دەبێت.

ئێمە، کە لە ئەوروپاین، پێموایە لەخۆشی ڕوومان نەکردووەتە ئێرە، ئێمە لە ڕێژیمی سەددام حوسەین هەڵاتین. ئەو کوردگەلەی باشووری کوردستان، کە ساڵانی 1970 و 1980 و ئەوانە وەڵاتیان بەجێهێشت، بەشی هەرەزۆریان، بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە، دەربەدەر بوون. بەشێکی زۆریان پێشمەرگە بوون و زۆرینەیان خاوەنی ئاگاییەکی سیاسی و فەرهەنگی بوون و لەو بوارانەدا کارا بوون. گەلێکیان لە سەربازی و جەنگ هەڵاتبوون و دژی چەکهەڵگرتن و جاشایەتی و جەیش ئەششەعبی(الجیش الشعبي) و سووکەجاشیی(الخفیفة) بوون. ئەگەر بەراوردێک لە نێوان کوردانی، ڕەوکردووی پێش ساڵی 1991 و پاش ئەو ساڵەدا بکەین، جیاوازییەکی یەکجار زۆرمان، لە چۆنایەتی خەڵکەکەدا، لەبیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ڕەوتار و بەڵگەهێنانەوە و جیهانبینییاندا، بۆ دەردەکەوێت. ئەگەر کوردی دهۆک، ئامێدی، هەولێر، کۆیە، سلێمانی، کەلار، پێش 1991، لە ترسی ڕێژیمی سەددام هەڵدەهات، خۆ لە 1991 بەدواوە، ڕێژیمی سەددام، لەو دەڤەرانەدا نەماوە! ئەو دەڤەرانە، لەو دەمەوە، بە دەستی دەسەڵات و کارگێڕی حیزبە کوردییەکانەوەن. کەواتە ئەو خەڵکە، لەو دەسەڵات و ڕێژیمە کوردییەی، لە کوردستان فەرمانڕەوایە و بۆ خۆی چەپڵەی بۆ لێدەدات و هەر خۆیشی هێنایە سەر تەخت، هەڵاتووە و هەڵدێت. بەڵام ئەوەی، کە

دەگاتە ئەوروپا، ئەگەر هەڵاتن لەکوردستانەوە و بار و ڕەوشی کوردستان، بەڵگەیەکی باش و بەهێز نەبێت، بۆ مانەوە و جێگیربوون لە ئەوروپا، ئەوا بە ناوی ئەوەی، کە لە ڕێژیمی سەددام هەڵاتووە و لەو دەترسێ، خۆ بە پۆلیسی ئەوروپا، دەداتە ناسین و زۆرجاران، بۆ بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆی، ناسنامە و شتی ئەو ناوچانەی کوردستان، وەک کەرکووک، خانەقین، خورماتوو، جەلەولا و مەندەلی، یا بەغدا و شوێنەکانی تری عیراق، بلا خەڵکی ئەو شوێنانەش نەبێت، لەگەڵ خۆیدا دێنێت و پێشان دەدات. ئەوانەی لە دەڤەرەکانی بن دەسەڵاتی پارتییەوە هەڵدێن، خۆیان وا دەدەنە قەڵەم، کە سەر بە یەکیەتین، و پارتیی تەنگیان پێ هەڵدەچێنت، و بە پێچەوانەشەوە، ئەوانەی دەڤەرەکانی بن دەستی یەکیەتی، خۆ بە پارتیی دەناسێنن، و گوایە یەکیەتی تەنگی پێ هەڵچنیون. مەسەلەیەکی گرنگ، کە لە ئەوروپا دەخوات، دژایەتی ئیسلام و دزێواندنی ئیسلامە. زۆرینەیەک لەوانەی، دەگەنە ئەوروپا، ئەوە دەکەنە بیانوو. هەندەکیان دەڵێن، ئایینیان گۆڕیوە و بوونەتە مەسیحی و گوشار خراوەتە سەریان و لەترسان هەڵاتوون. هەندەکیان دەڵێن، فرۆشگەی مەیفرۆشییان هەبووە و چەکداری پارتییە ئیسلامییەکان، هاتوونەتە سەریان و لەبەر ئەوە هەڵاتوون. هەندێکیان دەڵێن، پێوەندی سێکسییان، لە تەک کچێک یا ژنێکدا هەبووە و ئاشکرا بووە و قەوم و کەسی کچە ویستوویانە بیانکوژن، ئیدی ئەمانیش ناچار هەڵاتوون. هەندێکیان دەڵێن، ئارایشتگەیان هەبووە و ئیسلامییەکان پێیان داخستوون و دارکارییان کردوون، و هی وایش هەیە، بە ناوی هاوڕەگەزبازی، بە کوردییەکەی خۆمان حیزێتی(لێرەدا مەبەست قووندانە)، داوای پەنابەری دەکات. زۆرێک لەوانەی، گەیشتوونەتە ئەوروپا، بە قسەی خۆیان، عەرەقفرۆشی و مێبازی وئایینگۆڕین، گەیاندوونی! زۆرینەیەکی ئەو خەڵکەی، لە 1991 بەدواوە هاتووە، بە هەزاران جنێو و قسەی

ناشیرین، بە یەکیەتی، پارتیی، حیزبە ئیسلامییەکان و ئایینی ئیسلام دەڵێن و دەڵێنەوە، تا ئەو کاتەی مافی پەنابەرێتی و مانەوە وەردەگرن. هەر دوای ئەوەش، داکۆکی و پڕوپاگەندەیەک، ئەوان لە یەکیەتی و پارتیی و بۆ ئەوانی دەکەن، ئەندامە مەسلەکییە هەرەکەونەکانی، ئەو پارتییانە بۆ خۆیان نایکەن. جگە لەوەش، دەبینی، برادەران، هەمیشە قوژبنێکی دیوەخانەکەی ئەو حیزبەی، کە ئەوان خۆیان بە دەرویشی دەزانن، گەرم کردووەتەوە و موسەججیل (زەبت، ڕیکۆردەر) ئاسا، کاسێتەکانی ئەوان لێدەدەنەوە.

هۆیەکی بنەڕەتیی هەڵاتنی، خەڵکی باشووری کوردستان دوای 1991، خۆیان هەرچۆنێ بدەنە قەڵەم، مەسەلەی ئابوورییە و هیوای گەیشتنە بە "بەهەشتی" ئەوروپا. من باش لە بیرمە، ساڵانی 1950 و 1960، سەدان کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ کاری وەرزێری و سەپانی، دەهاتنە باشووری کوردستان، و کاریان دەکرد و پاشان، کە ئیدی جگێک(کەمێک) پووڵیان خڕدەکردەوە، دەگەڕانەوە لای خۆیان. سەدان کەسم لەبیرە، کە لە وەڵاتی خۆمانەوە، دەچوونە بەغدا بۆ کارکردن. دەیان کەسم لەبیرە، کە هەر لەو ساڵانەدا، دەچوونە کووەیت، بۆ کارکردن. "لالەحەمەی میروەیس"، یادی بەخێر، کە جافی یەسووجانی بوو، هێندەی خۆش و جوان، باسی سەلیمی کوڕی دەکرد، کە لە کووەیت کاری دەکرد و مابووە و بووبووە "حاجی سەلیم" و دەوڵەمەند بووبوو، تۆش حەزت دەکرد، هەرچی شڕە و شیتاڵی خۆت هەیە، لە کۆڵی کەیت و کاولەکەی خۆت بەجێبهێڵیت و ڕووبکەیتە، ئەو بەهەشتەی "کووەیت". "شەوکەتی کوێخا"، هەبوو لە کۆلەجۆی زەنگاباد، لە کووەیت کاری دەکرد، کە بەسەردان دەگەڕایەوە کوڵەجۆ، دەمەوئێواران بە کراسێکی درێژی سپی خاوێن و جووتە سەرپێییەکی چەرمەوە، بە تەنیشت ماشێنە زەبەلاحەکەیەوە، لە ناوەندی گونددا، ڕادەوەستا،

هەموو پیاوانی گوند، خۆزییان پێ دەخواست و کچانی گوندیش، ئارەزوویان دەکرد، مێردیان پێ کردبا. ئێستا جیهان گچکە بووەتەوە، لەبری ئەوەی، خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بچن بۆ باشووری کوردستان، یا لە کوڵەجۆ و شارەزوورەوە، بچن بۆ کووەیت، ڕاستەوخۆ لەو دەڤەرانەوە، دێن بۆ ئەوروپا، هەم بۆخۆیان دەژین، و هەم ماڵ و منداڵیان دەژێنن، و هەم کار دەکەن، و هەم پاسپۆرتێکیش دەخەنە باخەڵ، و هەم دەشچنەوە کوردستان و خانوو و فرۆشگە دەکڕن، و دوای ماوەیەکی کەمیش، تەرچکەکیژێکیش دەخوازن و لەگەڵ خۆیان دەیهێننەوە ئەوروپا، و هەمیش حیزبایەتی دەکەن، و تەواوی ئەو ساڵانەی ئەوروپایشیان، بە خزمەت بۆ دەژمێردرێت.

ئێمە دەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێت، ئەوەی لە 1991 بەدواوە گەیشتووەتە ئەوروپا، خەڵگەلێکی نەدار و هەژار نین، بەڵکە بە پێچەوانەوە، خەڵکانێکی دەسترۆیشتوو و خاوەن پارەن، و هەریەکەیان بەلای کەمەوە 5000 دۆلار یا زیاتری جرنگاندووە، تا گەیشتووەتە ئەوروپا. ئەوەی دێتە ئەوروپا، وا بیر دەکاتەوە، ئەو پارەیەی، کە بۆ گەیشتنە ئەوروپا خەرجی کردووە، لە ماوەی یەک دوو ساڵدا دەستی دەکەوێتەوە، ئیدی ئەمە قومارێکە و کردوویەتی. ئەم خەڵکانە بەو پووڵانە دەڵێن، گەڵا و هەر یەک سەددۆلاری، دەکاتە یەک گەڵا. شەوێکیان زەنگی تەلەفۆنی ماڵ لێیدا، و من بۆخۆم هەڵمگرت، دیتم زەلامێکە لە یۆنانەوە زەنگ لێدەدات. گوتی: ئەوە ماڵی مامە شێخە، گوتم: کێیە مامە شێخ، گوتی: مامە شێخ ئەمجەد، منیش حەپەسام، چونکە لە هەموو ژیانمدا کەسێک پێی نەگوتووم شێخ، گوتم: بەڵێ خۆیەتی، گوتی: من فڵانم و لە یۆنانم و پێویستم بە هەندەک پارەیە. ئاوا شەش حەوت گەڵایەکم بۆ بنێرە. ئیدی تێمگەیاند، کە جارێ پێش هەر شتێک نایناسم و دوای ئەوەش نیمە و سەختیشە پێم پەیدا بکرێت، چونکە

شەش حەوت گەڵا، دەکاتە مووچەی یەک مانگ و حەفتەیەکی ڕەبەقم، واتە: پێنج حەفتە، کە بە چ دەردەسەری و کوێرەوەری و شەکەتییەکی کارگەریی، وەدەستی دەخەم، و بەشی کرێ خانوو و بژێوی مانگەکەشم ناکات، بەڵام ئەو بڕوای بەوە نەبوو و شۆخی پێدەهات، کە زانیشی هیچم لێهەڵناکرێنرێت، خوا کاری ڕاست بێنێ، وازی لێ هێنام. ئەمەی، باسم کرد، نموونەیەکە لەو بەزمەی، کە زۆرینەی کوردانی لەمێژینەی ئەورووپا تووشی بوون. هاوڕێیەکم ماوەیەک بوو، ئاگامان لە یەکتری نەمابوو، کە زەنگم بۆ لێدەدا، ئەو ژمارەیەی نەمابوو و ژمارە نوێیەکەیشی لەبەر ئەوەی، وەک زۆرینەی کورد، نهێنی بوو، نەدەگوترا، ناچار زەنگی ناسیاوێکم، کە خزمی وی بوو، لێدا و ژمارە نوێیەکەم لەو وەرگرت. کە زەنگم بۆ لێدایەوە و قسەم لەگەڵدا کرد، گوتی: بەو خوایە لە ترسی ئەوانەی لای خۆمان، کە داوای گەڵام لێدەکەن، ژمارەکەم گۆڕی، تا ئیدی نەمدۆزنەوە.گوتم: بەخوا برا ئەمڕۆ بێت یا سبەی، هەر دەتدۆزنەوە. گوتی: وا زوو نا، ماوەیەکی هەرپێدەچێت.

لە نێو کوردانی ئەورووپاشدا خەڵکی وا هەن، ڕۆڵێکی خراپ دەبینن، لە پێشاندانی ئەورووپا، بەوانەی کوردستان. هاوینان لە ئەورووپا، خەڵک دەچنە کەنار زەریاکان و سناو(مەلە) دەکەن و خۆ دەدەنە بەر خۆر. خەڵکم بینیوە، کامیرایەکی ڤیدیۆی، خستووەتە سەرشان، و وێنەی ئەو هەموو لەشە نیوەڕووت و مایۆ و بیکینی لەبەر و ڕاکشان و ماچومۆچ و دیمەنانەی کێشاوە و گوتوویشێتی، ئەو فیلمە دەباتەوە و کلدەکات(دەنێرێت)ەوە، بۆ کوردستان. ئیدی ئەوە لە کوردستان وا دەزانرێت، لە ئەورووپا خەڵک نان بە لەشی ڕووتەوە دەخۆن، و ژیان هەر کەناری زەریاچە و مەلە و ماچخانەیە. حاڵبوکی برادەری کامیرا لەشان، بۆخۆی زەمتە و بێکار و بار، لەسەر ماڵی مام "سۆسیال" دەژیا و دەژی و خۆیشی بە فیلۆسۆفی سیاسەت و کوردایەتی دەزانێت. کەناڵە

تــەلەڤزیۆنییــەکانی کوردســتان، ســترانی یــەکجار بێتــام و ناحــەزی، کوردگەلێکی ئەوروپانشین پێشان دەدەن، کە لە کووچە و کۆڵانەکانی ستوکهۆڵم، یا بازێڕێکی دیکەدا، وێنەکان کێشراون و کاکی سترانبێژ بەو کووچانەدا دەسووڕێتەوە و بە تەنیشت کچاندا دەڕوات و ڕووبار و کۆتر و کیـژی پـرچ زەردی قەڵـەمـی و باریکەڵـەی ئاسـک ئاسا و ڕامووسـان، پێشـان دەدرێـت، کیـژان لـە ئـامێز دەگرێـت، لـە کوردسـتان، کـە ئـەو دیمەنانە دەبینرێن، تەنێ یەک دیوی ئەوروپا پێشان دەدرێت، دیوەکانی دیکـە، کـە لـەژیـانی ئێمـەومانانـەوە، خـەڵکانی خـوارەوەی جڤـاک، نێـزیکن پێشان نادرێن. سەرەتای ساڵانی 1970، لە یەکێک لە سینەماکانی بەغدا، فیلمێک بە ناوی "غریب فی السوید / نامۆیەک لە سوێد" پێشان دەدرا، منیش وەک هەموو هەرزەکارێکی ئەو دەمە، چووم و دیتم. ئەو فیلمە، سوێدی وا پێشان دەدا، کە گانخانەیەکە و هیچی دی، کە خەڵک چ کار و سـەرقاڵییـەکیان نییـە، لـە پـەڕین زیـاتر. بـەشێکی زۆری، ئـەو خەڵکـە لاوە هەڵاتووەی وڵاتانی خۆمان، بەو نیازەوە دەگەنە ئەوروپا و پێیانوایە، وەک لە نێو خەڵکدا باوە، کچانی ئەوروپا حەزیان لە ڕەشەکوڕی ئەفریقایی و کوڕی گەنمرەنگی ڕۆژهەڵاتە و هەمـوو دەرپێیان داکـەندووە و خـۆراک و خەویان لێ حەرام بووە و چاوەنۆڕی ئەمانن. ئەمانیش ئیـدی، پوختـە و زەریف، بە کێری لەهەساندراو و تیژەوە ئامادەی پەڕینن.

لــە کــوردێکی باشــووری کوردســتان، کــە وەک پەنابــەر دەگاتــە فڕۆکەخانــەی "ئارلانــدا Arlanda"ی بــازێڕی ســتۆکهۆڵمی ســوێد، دەگێڕنەوە، کە دابەزیوە و ئیدی لە پۆلیس و کارمەندانی فڕۆکـەخانەکـە ڕزگـار بـووە و دەربـازی دەرێ بـووە، هـەر کچێکـی سـوێدی بینیـوە و تووشی بووە، بە پەنجەنووقاوەکانی دەستی، ئاماژەی بۆ کردوون و هـەر بە کوردی گوتوویەتی:"پەلەم لێ مەکەن، هەمووتان دەگێم". ئەگـەر بـە گوێرەی قانوون بکرابا، دەبوو ئـەو بابـەتانـە، نـاوی "پـەنابـەری سێکس"یان

لێ بنرێت، چونكە ئەمانە، هەر لە وەڵاتەوە كێریان بۆ ژنگەلی سوێدی و ئەوروپایی دەمەزەرد كردووە و بە تفاقەوە هاتوون و تەدارەكی خۆیان بینیوە.

لە تەلەڤزیۆنێكی سلێمانییەوە، فیلمی "سەما بكە لەگەڵ گورگاندا"، كە "كەڤن كۆستنەر" ڕۆڵی قارەمانیەتی تێدا دەبینێت، پێشان دەدرا. فیلمەكە، كە بۆ خۆی ئینگلیزییە، بە ڤیدیۆ و لە یەكێك لە كەناڵەكانی تەلەڤزیۆنی سوێدەوە تۆمار كرابوو، چونكە هەم ژمارەی كەناڵەكە، و هەم وەرگێڕانی فیلمەكە، بە سوێدی لەسەر تەلەڤزیۆنە كوردییەكە دەردەچوو. وەك ئەوەی، زمانی خەڵك لە كوردستان، سوێدی بێت. بێگومان ئەوە كوردێكی سوێد بردوویەتییەوە و ئەوانەی تەلەڤزیۆنە كوردییەكەش، نە لە ڕووی سایكۆلۆژی و نە لە ڕووی پێداگۆگی(پەروەردەیی)یەوە، مەسەلەكە بۆ وان گرنگ نەبووە و بیریشیان لەوە نەكردووەتەوە.

مێدیاكانی كوردستان هەردەم جوانترین و خاوێنترین و زەقترین و سەرنجڕاكێشترین، لایەنەكانی ژیانی ئەوروپا پێشان دەدەن. هەردەم وێنەی جوانترین شۆخەكیژی ئەوروپا و ئەمەریكا پێشان دەدەن و پەخش دەكەنەوە. تۆ تەماشای دواڕووپەلی ڕۆژنامەی برایەتیی بكە، هەر ڕۆژە، وێنەی شەنگەكچێكی بەسەرەوەیە، زەلام خۆی بۆ دەداتە كوشت. ئەمانە هەموو دەبنە هۆی، هەژاندن و وروژاندنی، هەستی لاوانی كوردستانی، و بیركردنەوە لە خۆگەیاندن، بەهەر نرخێك بێت، بەو "بەهەشتەی ئەوروپا و ڕۆژاوا"، كە مێدیاكان، پێشانی مرۆڤی ئەو وەڵاتە هەژارەی خۆمانی دەدەن. بریا لە تەنیشت ئەو جوانییەی ئەوروپاوە، برێك لایەنی دزێوی، شارستانییەتە نەخۆشەكەی ئەوروپاش، پێشان دەدران و ئاورێك، لە گیروگرفت و كێشەی خواردنەوە، بەنگكێشان، دزی، كوشتن، ڕاسیزم (ڕەگەزپەرستی)، هەڵوەشانەوەی خێزان،

چەوساندنەوەی ئابووری، زەندەقچوون و ترس لە ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا Islamophobia)، خۆکوشتن، تەنیایی، ئینسێست "Incest"،(ئەنجامدانی سێکس لە گەڵ منداڵی نێو خێزاندا، باوک لەگەڵ کچ، یا کوڕی خۆیدا و دایک لەگەڵ کوڕ، یا کچی خۆیدا و داپیر یا باپیر لەگەڵ نەوەی خۆیاندا)، منداڵبازیی"Pedofile"،(ئەنجامدانی سێکس لەلایەن گەورەساڵانەوە لەگەڵ زارۆکی گچکەدا). زەوتکردنی پیرەژن و پیرەمێردی شێست و حەفتا ساڵان و...یش، دەدرایەوە. بریا ئاوڕێک لەو هەزاران بیانییانەی، بە کوردیشەوە، سەر بە فەرهەنگیی جیهانی سێیەم و چوارەم و ڕۆژهەڵات و ئیسلامی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوانە دەدرایەوە و دەزانرا، بۆ لە زیندانەکانی ئەوروپادا، لێی کەوتوون. بریا ئاوڕێک لە سەدان کوڕ و کچی مێردمنداڵی سێزدە و چواردە ساڵانی سوێدی و کورد و بیانی، کە لە خێزان و ماڵی خۆیان هەڵدێن و دەکەونە نێو گەلەکوڕ و گەلەکچی دیکەی، گیرۆدەی جگەرەکێشان و خواردنەوە و بەنگ و دزی و...دەدرایەوە. هەر لەم ستۆکهۆڵمەی ئێمەدا، پتر لە سەدوپەنجا تا دووسەد منداڵێکی، لەو تەمەنانەدا هەن، کە شەو، لەسەر یا لەژێر، پلیکانەی خانووە بەرزەکاندا، یا لە نێو تونێل و وێستگەی شەمەندەفەراندا، یا لە پەنای دەوەن و داری نێو باخچەگشتییەکاندا، یا لەسەر کورسییەکی نێو پارکێکدا، دەنوون و ڕۆژ دەکەنەوە. هی وایشیان هەن شەوان بە سواربوونی ئۆتۆبووس و شەمەندەفەرانی ژێرزەوییەوە، کە تا ڕادەیەک تا دەمەوبەیان هەن، دەبەنە سەر. ئەمانە لەو تەمەنە ناسک و هەستەوەرەیاندا، فرەجاران لە لایەن، خەڵکانی گەورەساڵانی دڵڕەق و بێبەزەیی و بێ هیچ هەستێکی مرۆڤانەوە، دەخاپێنرێن و بەکاردەبرێن، بۆ تێرکردنی ئارەزووە نەخۆشەکانی خۆیان. گەلێک جار، بە هۆی ڕەوتارێکەوە، کە بۆ بیانییانی ئەم کۆمەڵگەیەی دەکەنە کارێکی خراپ و وەک تاوان دەیژمێرن، خەڵک گیرۆدەی دەردەسەریی خۆی

دەبێت و بە هەزار فەلاکەتیش ڕزگاری نابێت. زەلامێک لە بەر ئەوەی، شەقازللەیەکی لە کوڕە پانزدە ساڵییەکەی سرەواندووە، چونکە جگەرەی کێشاوە، سێ ساڵیان زیندانی کردووە. پیاوێک لەبەر ئەوەی ویستوویەتی وەل ژنەکەیدا، ژنی خۆی، جووت بێت و ژنە ئەو کاتە نەیویستووە و کابراش، شێخی مەزن (شێخ رەزای تاڵەبانی) گوتەنی: "چەندە هاوارم لە کێرم کرد، نەکەی فیلە نەکەی" بەڵام فیلە "گوێی نەدایە و خۆی هەوادا و کەوتە ناو قەعری کوزی"، ئیدی ئەو وانێکەی، لێ دەبێتە بەڵا و ژنە، پۆلیس دێنێتە سەری و بە بیانووی زەوتکردن و زۆرگێییەوە"الإغتصاب"، کابرای چارەڕەش، فڕێ دەدەنە زیندانەوە و چوار پێنج ساڵێکی بە تەنگادا دەدەن. تۆ دەزانیت، ئەگەر ژنێک، هەر ژنێک، لە سوێد بۆ خۆی مەیلی لێ نەبێت و مێردەکەی یا کوڕەهاوڕێیەی، کە ئەویش هەر هەمان پایەی مێردی هەیە، ئارەزووی جووتبوونی هەبێت و بیەوێت بسێکسێت، ئەو ژنە ڕێکوڕەوان و زۆر بە هاسانی، دەتوانێت، پۆلیسی بهێنێتە سەر و بیداتە دادگا و لە زیندانی توند کات. ڕەنگە ئەگەر ئەو قانوونە، لە وەڵاتانی خۆمان، پێڕۆ کرابا، بڕوا بکە، زەلامی لێ ڕزگار نەدەبوو و تەواوی ژنداران، لە نێو زیندانندا، پاشماوەی ژیانیان دەبردە سەر. ژنێک، بەهۆی دەمەقاڵەیەکەوە لەگەڵ مێردەکەیدا، بە یارمەتی کوڕێکی خۆی، مێردەکەی، کە باوکی کوڕەکەیشە، بە چەقۆ لەتوپەت دەکەن و کابرا دەسووتێنن و دەنێو پەتوویەکی دەنێن و فڕێی دەدەن.

من و تۆی ئەوروپانشین، کۆڵێک سوپاسگوزارین بەوەی، منداڵەکانمان، کوڕ یا کەنیشک، شتێک بخوێنن و ئەگەر نا، ئەوا کارێک بکەن و گرنگیش نییە چ کارێک، تەنانەت گسکدان و خاوێنکردنەوەش بێت، تەنێ لە ترسی ئەوەی، هەڵنەخلیسکێن و نەبنە بەنگکێش و دز و کاری خراپ و نابەجێ نەکەن. ئەگەر زارۆکێکمان لێرە، زانستگە تەواو بکات و لە بوارێکدا پێشکەوێت، حەقوایە، پەیکەری بۆ بکرێت. دەزانی من

چەند دڵخۆش دەبم و دەگەشێمەوە، کاتێک دەبیسم، کچەلاوێک، یا خۆرتێکی کورد، یا بیانی و بەتایبەت هی وڵاتانی جیهانی سێیەم، ئیدی گرنگ نییە، سەر بە چ نەتەوە و گەل و ڕەنگ و ئایین و خاکێکە، لە بوارێکی ژیاندا پێشکەوتووە و سەرکەوتووە و کارێکی باشی ئەنجامداوە. بڕوا بکە هێندەی دونیایەک، بە وەها هەواڵێک، کەیفساز دەبم و شێخ فازڵی تاڵەبانی گوتەنی:"گەزگەز باڵا دەکەم". شێخ فازڵی تاڵەبانی، کوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانی بوو، ساڵی 1963، لە ئاواییەکەی خۆیانەوە، قەرەبڵاخی گەورە، کە گوندێکی گەرمێنە، بە خۆ و خێزانەوە، گواستبوویەوە و وەک پەنابەر، هاتبووە گوندی "سەیدە"، کە یەکێکە لە گوندەکانی دەڤەری "شاکەل" و ماڵی شێخ ئەحمەدی شاکەلی مامی لێ بوو. شێخ فازڵ، پیاوێکی باڵابەرز و باریک و درێژ بوو و ئەگەر هەڵە نەبم، نێزیکەی 190 سەنتیمیتر و بڕێک زیاتریش دەبوو. شێخ فازڵ، زووزوو دەهاتە سەردانی باوکم و دووقۆلیی گوێیان دەدایە ڕادیۆ و هەواڵ و باسی ڕەوشی کورد و سیاسەتیان دەکرد. ئەودەمە باسی جەلال تاڵەبانی، کە نوێنەری شۆڕشی کوردستان و بارزانی بوو، زۆر دەهاتە گۆڕێ. شێخ فازڵ، هەموو جارێک بە باوکمی دەگوت:"شێخ محەمەد، بەو خوایە هەر، کە ناوی جەلال تاڵەبانی دەبیسم و باسی دەکەن، گەزگەز باڵا دەکەم". دیارە تەنێ لەبەر ئەوەی، کە هەردووکیان تاڵەبانی بوون، ئەم، بەو جۆرە گەزگەز باڵای دەکرد. من ئەودەم بیرم لەوە دەکردەوە، کە ئەگەر شێخ فازڵ، بەو درێژییەی خۆیەوە، گەزگەز باڵا بکات، دەبێ چەند درێژ بێت و سەری بگاتە کوێ!.

بەشێک لەو خەڵکانەی وەڵاتی خۆمان، کە ڕوو دەکەنە ئەورووپا، پاشەڕۆژ و داهاتووی منداڵەکانیان، دەکەنە بیانوو و بەوە، پاساوی وەڵاتبەجێهێشتنی خۆیان دەدەن، گوایە منداڵ لەوێ باش پێناگات و لێرە لە ئەورووپا، بواری خوێندن و کار و هەموو شتێکی لە بەردەمدا ئاوەڵایە.

من کە بە کورد دەڵێم، دەستم دامێنت و نەکەی لە خۆتی تێکدەیت و ڕێگەی ئەوروپا بگرێتە بەر، ڕێک لە ناڕوونیی داهاتووی ئەو زارۆکانە و لەدەستدانیان تۆقیوم. من باش دەزانم، هیچ کەسێک لە ئێمە، لەم کۆمەڵەدا، خودانی منداڵی خۆی نییە. تەنانەت لە نێو چواردیواری ماڵەکەی خۆیشتدا، تۆ ناتوانیت ئاگات لە منداڵی خۆت هەبێت و چاودێری بکەیت. ئەوە کۆمەڵگەیە، منداڵ پەروەردە دەکات، نەک خێزان. لە جڤاکێکی سوێدئاسادا، تەنانەت کەمترین هەلومەرج و شێوەی ژیان و فەرهەنگ و دید و پەروەردە و لایەنە کۆمەڵایەتییەکانیش، لەگەڵ تۆدا نین و هەر ئەو لایەنانەیشن، بە ڕەنگە جیاوازەکانیانەوە، کاریگەرییەکی یەکجار بەهێزیان هەیە و زارۆک و نەوەی نوێی ئێمە، بە لای خۆیاندا، ڕادەکێشن. گەلێک جار، ئەو هەلومەرجانە، نەک زارۆک، بەڵکە ژن و پیاو و گەورەساڵانیشمان، بەرەو هەڵخلیسکان و هەڵدێر تلدەدەن. ئێمە لەهەمبەر ئەو هەلومەرج و ڕەوشەدا، کۆڵێک لاوازین و فرەجاران دەستەپاچەیی و بێدەسەڵاتیی، بە سەرماندا زاڵ دەبێت و بڕیارەکانیشمان، شپرزەیی و هەڵچوون، یا ملکەچبوون و خۆبەدەستەوەدانی پێوە دیارە. لەکاتێکدا، کە دەبوو وشەی "دزی" لە فەرهەنگی زمانی سوێدیدا نەبووایە، کەچی هێندەی دزیی، دزیی شتومەک وکاڵا و ماڵ و ئۆتۆمبیل و دووچەرخە و فرۆشگەبڕین و سامانی کەسەکی و...نەک دزیی سامانی کەرتی گشتی و حوکوومەت و دەوڵەت، لە ڕۆژێکدا لە سوێد دەکرێت، لەو بڕوایەدام، لە ماوەی یەک ساڵدا، لە کوردستانەکەی خۆماندا، ناکرێت. مەبەستم ئەوە نییە بڵێم، کوردستان شامی شەریفە، و چ دزیی تێدا ناکرێت. گەورەترین نەگبەتی و نەهامەتی و ماڵوێرانی لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتدا، ئەو جۆرە دزییەیە، حوکوومەتان، سەرکردان، سەرانی حیزبان، بەرپرسان، دەسەڵاتداران، کارگێڕان، خەڵکانی بە تۆبزی سواری سەری کۆمەڵ و خەڵک بوو،

دەیکەن و پاروو لە زاری خەڵکە هەژارەکە دەردێنن، و هەموو سامان و خۆشگوزەرانییەک بە خۆیان ڕەوا دەبینن و هەموو دەوڵەمەندییەک، کە لە بنەڕەتدا دزییە، بۆ خۆ بە حەڵاڵ دەزانن، وەلێ پارووەنانێک، بە هەژارێک ڕەوا نابینن.

ئەو میلیۆنان دینار و دۆلارانەی، لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتدا، بۆ خانوو و مۆبێلە و تەخت و جێگەی کار و بانگهێشتن و ئۆتۆمبیلیماڵە بەرپرس و دەسەڵاتداران و خێزان و منداڵیان، سەرف دەکرێن، بەشی بژێوی هەزاران لات و نەدار و بێوەژنانی پاشماوەی ئەنفال و نەخۆش و کەمئەندامانی کوردستان و مرۆڤستانی دیکە دەکەن. دەسەڵاتداری کورد، یا ڕۆژهەڵاتیی، کە هەر بە ناوی نەسرییە "نثرية"وە، بۆ قاوە و چایخواردنەوە و میوانبەرێخستنی دائیرەکەی، مانگانە، چەند هەزار دینارێک، بێجگە لە مووچەی مانگانەی خۆی، و هێندێ جار دوو یا سێ هێندەی مووچەکەی وەردەگرێت، دزی دەکات و نانی خەڵکە نەدارەکە و منداڵە بێ دایک و باوکەکە و بێوەژنە مێردکوژراوەکە دەخوات. هەرچی ئەو جۆرە دزییەیە، کە لە کوردستان و ڕۆژهەڵاتدا، لە لایەن خەڵکانێکی نەدار و هەژار و برسی و ڕووت و ڕەجاڵەوە، دەکرێن و لەسەری زیندانی دەکرێن و سزا دەدرێن، من نەک هەر بە دزیی نازانم، بەڵکە بەکارێکی ڕەوا و بەجێ و خێر و پیرۆزیشی دەزانم، بەتایبەت ئەگەر لە خەڵکانی دارا و تێر و سەرمایەدار و چاوچنۆک و ڕژد و قرچۆکی، دەوڵەمەند بکرێن، و سەدجاریش دەستخۆشییان لێدەکەم، و پێیان دەڵێم نۆشی گیانیان بێت، و وەک شیری دایکیان حەڵاڵیان بێت. پەلاماردانی خەڵکانێک، کە هۆی برسیکردنی هەژاران دەسازێنن و نان لە زاری خەڵک دەردێنن و برسییان برسیتر دەکەن، کارێکی شۆڕشگێڕانە و تا بڵێیت ڕەوایە. من سەدلەسەد لەگەڵ ئەبووزەری غەفاری(أبوذرالغفاري)دام، کە دەڵێت"إني لأعجب من شخص لا يجد

القوت فی بیته، کیف لا یخرج الی الناس شاهرا سیفه"، واتە: زۆرم سەیر بە کەسێک دێت، لە ماڵی خۆیدا، خۆراکێک نابینێتەوە، چۆن بە شمشێرێکی هەڵکێشراوەوە ناکەوێتە نێو خەڵک. مەگەر کوردیش نەیگوتووە:"برسییەتی ڕەگی هاری پێوەیە".

ئێمە ئەگەر بە شوێن هۆکارەکانی توندڕۆیی و زۆر و ستەمدا بگەڕێین و بمانەوێت چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، دەبێ هۆی پەیدابوونی ئەو دیاردانە بزانین. من پێموایە ئەو دیاردانە، لە ژینگەیەکدا سەرهەڵدەدەن، کە نایەکسانی چینایەتی و جیاوازیی نەژادی و جیاوازیی سیکسی(نێر و مێ) و چەپاندنی تێدا هەبێت، ڕەگ و ڕیشەیشیان دەگەڕێتەوە بۆ سیستمی دەسەڵات و حوکوومەتەکان و دابەشکردنی نایەکسانانە و ناعادیلانەی سامان و ئەو قانوون و نەریت و ڕێسایانەی، لەنێو کۆمەڵ و خەڵکدا باون. دیارە دزییش، یەکێکە لە بەرهەمەکانی ئەو جۆرە ژینگانە. هەر کۆمەڵێکیش لەم جیهانەدا بیەوێت لە دیاردەی دزی بکۆڵێتەوە و بیەوێت دزی نەهێڵێت و لە ڕەگەوە دەریبهێنێت، گەرەکە لە دابەشکردنێکی عادیلانەی سامانەوە دەست پێ بکات و بەرەنگاری هەژاری ببێتەوە و نان بۆ برسی و کار بۆ بێکاران پەیدا بکات و ئەو مرۆڤگەلەیش، کە توانستی کارکردنیان نییە، ئیدی بە هۆی هەر جۆرە هەلومەرجێکەوە بێت، بیمە بیانگرێتەوە و بژێویی ژیانیان دابین بکرێت و بپارێزرێن.

مێدیاکانی کوردستان، با ئاوڕێک لەو هەزاران کەسانە بدەنەوە، چ ژن چ پیاو، کە بۆ خۆیشیان سوێدین، تەختێک نییە لەسەری بنوون و چوار دیوار و بانێک نییە، خۆیانی تێدا حەشار دەن. ئەوانە لەنێو تونێلی قیتار و ژێرپرد و پەنادیوار و ئاوەدەستخانەکاندا، دەنوون. لە یەکێک لەو وێستگەی قیتارانەی ژێرزەوی(Metro) شاری ستوکهۆڵم، کە کاری تێدا دەکەم و ناوی رووپستێن "Ropsten"ە، دەیان بەیانیانی زوو، بە چاوی

خۆم بینیومە، ژن و پیاوێک، لە ئاودەستخانەکەی دەرێی ئەو جێگەیەی، منی لێدادەنیشم، کابرای، کە دێت بۆ خاوێنکردنەوەی و کە هەردەم بیانبیشە، دەیانکاتە دەرێ و ئەوانیش شڕە و شیتاڵیان دەپێچنەوە و بە بۆڵەبۆڵ ڕوو دەکەنە عەردەکی دی. ئەو ژن و پیاوە، بۆ ئەوەی بچنە نێو ئەو ئاودەستخانەیەوە، دەبێ پێنج کرۆن، بخەنە کونێکی تایبەتی دەرگاکەیەوە، تا بکرێتەوە و ئەوان درەنگانێکی شەو، کە ئیدی، لە کەمبوونەوەی هاتوچۆکاران و ڕاوەستانی قیتارە ژێرزەوییەکان، دڵنیا دەبن، ئەو دەمی خۆیانی پێدا دەکەن و لێی پاڵ دەدەنەوە. هەر شەوێکی نووستنی ئەوانە لەو "ئاودەستەهوتێل"ەدا، بۆ ئەو داماوانە، پێنج کرۆنیشی تێدەچێ. ئەو ژن و پیاوە نموونەیەکن، دەنا بێلانە و لانەواز، هێندە زۆرن، نەبێتەوە. من بۆ خۆم دەیان جار، خەڵکی لەو جۆرەم، لە کاتی داخستنی وێستگەی شەمەندەفەردا، لەو ژێرزەوییەوە هێناوەتەتە دەرێ، بۆ ئەوەی بڕۆن بۆ جێگەیەکی دی، چونکە نووستن و مانەوەیان لەو شوێنانەدا قەدەغەیە، لەبەر ئەوەی فرەجاران، ئەو جۆرە مرۆڤە کڵۆڵ و لانەواز و هەژارانە، کە زۆریان بەنگکێش و گیرۆدەی خواردەنەوەن، لەتاو ڕەوشی دەروونی و بێزارییان، لە ژیان و کۆمەڵ و دەسەڵات، خۆیان فڕێ دەدەنە ژێر شەمەندەفەرەکانەوە و هەوڵی خۆکوشتن دەدەن. ئەمەی من دەیڵێم باسی سوێدە، دەنا لە وەڵاتانی دیکەی ئەورووپا، هەزاران چیرۆکی لەم بابەتە دەگێڕدرێتەوە، بلا ڕاگەیاندن و بڵاوکراوە و پەخشخانانی کوردستان، بڕێک لەو نایەکسانی و نادادییەش، کە ئەگەر مرۆڤ لەگەڵ خەڵکدا و لەنێو خەڵکدا و وەک خەڵک نەژێت نایبینێت، باس بکەن و بخەنە بەرچاوی خەڵک.

فەرمانڕەوایانی نیوەی باشووری کوردستان، دەتوانن هانی کوردانی ئەورووپا، کۆنەکان، بدەن بۆ گەڕانەوە، دەنا زۆرینەی کوردەنوێیەکان، تا ماڵی مام، پارەی سۆسیال، ئاوی گەرم و سارد بەیەکەوە و لەیەک کاتدا،

ئـەلـەکتریک نـەبـڕان، پـارەی بێکـاری، پـارەی نـەخۆشـی، کـاری ڕەش و بریقوباقی ئەورووپا هەبێت، ناڕۆنەوە. خەڵکانی سالانی 1991 بەدواوە، بە حیسـاب و مـەرج هـاتوون و بڕیارێکـە و داویانـە، ئـەم وەڵاتـە وەریـان نەگرێت، خۆیان دەکەن بە ئەوی دیکەدا. خـەڵکی وەها دەناسم، سالانێکە منداڵ و ژنی لە کوردستان جێهێشتووە و تا ئێستا، کە پێنج شەش ساڵە، چـوار پێنج وڵاتـی کـردووە، بـێ ئـەوەی مۆڵـەتـی مانـەوە وەرگرێت، کـە لێیشی دەپرسیت، چۆنیت و چۆن دەڕوات و مۆڵەتی مانەوەت وەرگرت یـا نـە؟ دەڵـێ: "جـا ئـەوە کـەی مـەسـەلەیـە، ئـەڵمانیا نـەبێـت دانمـارک، دانمارک نەبێت سوێد، سوێد نەبێت کەنەدا، کەنەدا نـەبێت ئـەوستراليا"، واتـە: بـرادەر بـە تـەمایـە، ماجـەللان و کۆڵـۆمبس و ئیبن بـەتتووتـە(إبـن بطوطـة)ئاسـا، هـەمـوو دونیـا بگـەڕێت، بـەس بـە مـەرجـی، مۆڵـەتـی مانـەوە(ئیقامـە)وەرگـرتن. ئـەمەیـە قومـار و قیرسـچمەیی و جیرِیـی. خـەڵکانی وا هـاتوون، پـووڵ خڕکـەنـەوە و هـەر دەشبێ بیکـەن، بـە هـەر جۆرێـک دەبێـت. مرۆڤـی وا، لـە مـاڵی مـام پـووڵ وەردەگرێـت و کـاری ڕەش دەکات و کرێ خانوو و پارەی دوکتۆر و نەخۆشخانە و خـۆراک و پۆشـاک و کۆمـەکی زارۆک و بلیتـی هـاتوچۆی قیتـار و ئۆتۆبـووس و هـەمـوو ئـەوانـە و بڕێکی دیکـەش وەردەگرێت و چونکـە دوکتۆرێکیشـی پەیدا کـردووە و ئیجـازەی دووردودرێـژی نـەخۆشیشی وەرگرتـووە و نـە دەڕواتـە خوێندنگـە و نـە کـاری ڕەسـمی دەکـات، بـە بیـانووی ئـەوەی ناتوانێت، بۆ خۆیشی کاری ڕەش دەکات، ئیدی بە ماوەیـەکی کـەم، پارە و پووڵێکی باش و مفت خڕدەکاتەوە و خەیاڵی خانوو و دوکـان کـڕین لـە کوردستان، دەکەوێتـە کـەللەیـەوە و بـە گیرفـانی پـڕەوە دەچێتـەوە و خـۆ دەنوێنێ و فشان دەکات و قوڕ دەکات بەسەر، کۆمەڵە خـەڵکێکی دیکـەدا، لە کوردستان، کە دەیانـەوێـت چاوی لێبکـەن. خـەڵکانی لـەو جـۆرە، کـە بـە مـەبـەسـتی دەوڵـەمـەنـدبوون هـاتوون، بـڕوا بکـە، هـیچ کـردەوە و

ڕەوتارێکیان، پێ شەرم نییە و دەتوانن بیکەن. ئەمانە بە گوێرەی تیۆری "موویەک لە بەراز بکەیتەوە هەر باشە"، مامەڵە و هەلسوکەوت، لەگەڵ کۆمەڵی سوێدیدا دەکەن، واتە: هەموو کار و ڕەوتارێکی، کە دەیکەن، بۆ خۆیان بە حەڵاڵی دەزانن. خەڵکانێکی لەم چەشنە، کە پاساو، بۆ هەموو کردەوەیەکی خۆیان دەدۆزنەوە، بە من، بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن، خەڵکانێکی نیهیلیست یا نایلیست (Nihilist)ن، کە بە عەرەبی دەبێتە"عدمي" و بە فارسی دەبێتە "پوچ گرا"، کە پەیڕەوی فەلسەفەی نیهیلیزم یا نایلیزم(Nihilism) دەکەن، کە بە عەرەبی دەبێتە"العدمیة" و بە فارسی دەبێتە"پوچ گرایی"، ڕەنگە بە کوردێکەی خۆیشمان هەر "هیچیی، پووچیی ، پووچگەر"، بۆ (ئیست)ەکەی ، و "هیچایەتی، پووچایەتیی، پووچگەرایی"، بۆ (ئیزم)ەکەی، بێت!. ئەمە بیر و فەلسەفە و دیتنێکە، کە هیچ کار و کردەوەیەکی، پێ نائاسایی نییە، تەواوی ئەو بەها و ئاکار و ڕەوشت و نەریت و ڕێسا کۆمەڵایەتییانەیشی، کە هەبوون و هەن، پێ هیچ نین و بێبایەخن و بێکەڵکن و پێشیوایە، مرۆڤ دەتوانێت هەرچییەکی بوێت، بیکات، تەنانەت ئەگەر، دژی خواستی مرۆڤی دیکەش بێت و لەگەڵ هیچ قانوون و نەریتێکیشدا نەگونجێت! ڕەنگە پێت سەیر بێت، ئەگەر بڵێم، خەڵکی خۆبەموسوڵمانزانم دیتووە، کە کۆڵێکیش توندڕەو بووە، بەشێکی زۆری کاتی خۆی، بەوە بردووەتە سەر، لە فرۆشگەکان، وەدووی گۆشت و مریشکی حەڵاڵدا گەڕاوە و زۆر گرنگ بووە بە لایەوە، بزانێت، ئایا ئەو گوێلک و کاوڕ و مریشکانە، بە شێوەی ئیسلامی سەربڕاون یا نە! و کاغەزی سەر هەموو خۆراکێکی خوێندووەتەوە و پرسیاری کردووە، نەوەکا فڵانە خۆراک، شتێکی بەرازی تێدا بێت. بەڵام هەر، کە گەیشتووەتە سوێد و پێی ناوەتە سەر ئەم خاکە، ئیدی بەنەخوێنی شل کردووەتەوە و ناوی خودای لێ هێناوە و نییەتی سیغەی هێناوە و پێیوابووە، هەر پێوەندێکی سێکسی، لەگەڵ ژنانی

سـوێدیدا، ئـەنجـام بـدات، دەکـەوێتـە خانـەی سیغەوە و بـۆی حەڵاڵـە! یـا تـەنانـەت ئـەگـەر جاروبـارێکیش دزییـەکی گچکـە، لـە فرۆشـگەیەک، یـا شـوێنێکی دیکـە بکـات، ئـەوا مـاڵی کـافر و بێدینـە و بـۆ ئـەم حەڵاڵـە. ئـەم جۆرە کەسانە، هەموو جیهان دەکەنە دوو بەشەوە، ماڵ یا خانە یا وەڵاتی ئاشتی (دارالسلام)، کە وەڵات و کۆمەڵە ئیسلامییەکان دەگرێتـەوە، و مـاڵ یا خانە یا وەڵاتی جـەنگ (دارالحـرب)، کـە جڤـاک و وەڵاتـانی ناموسوڵمان دەگرێتەوە. من بـۆ خـۆم خـەڵکی خۆبەکۆمۆنیستزانی، گـەلێک تونـدڕەوم بینیـوە، دزیکردنـی لـە فرۆشـگە و کارگـە و هـەر شـوێنێکی دیکـەی ئـەم سوێدە، یا تەنانەت وڵاتانی دیکەی ئەوروپا، پـێ خـەبات و تێکۆشـان بـووە، بـەرانبـەر سـەرمایـەداری و پێیوابـووە بـەو کـارە، زیـان لـە سـەرمایـەداری دەدات و قەڵای سەرمایەداری دەڕووخێنێت! ئەم بابەتە خەڵکەش هێنـدە بەپەلەن، بۆ ئەوەی بە زووترین کات ببنـە سـوێدی، هـەر دوای دوو سـێ مانگان، داوا لە منداڵەکانیان دەکەن، بە سوێدی لە گەڵیاندا قسان بکەن.

لەنێو ئـەو خەڵکانـەی، لـە دوای 1991 ەوە، گەیشتوونەتـە ئـەوروپا و بـوون بـە پـەنابـەر، و وەک خـەباتکـار و شۆڕشگێڕ، خۆیـان داوەتـە ناسین، گـەلێکیـان کـەونـەبـەعسی و کـەونـەجـاش و کـەونـەجەیشئەششـەعبی و کەونەسووکەجاش و کەونەموخابـەرات و کـەونـە شتی دیکە بوونـە و بـە شێوەیەک لـە شێوەکان، پێوەنـدیان بـە ڕێژیمـی بـەعس و حوکوومـەتی عیراقەوە هەبـووە و پێشـدەچێت، عیـراق بـۆ خـۆی، لـە پشتی ناردنیانـەوە بێـت، بـۆ هـەنـدەران. تـۆ بنـۆڕە هـەنـدێک وەزیرەکـۆن و گزیرەکـۆن و ڕۆژنامەڤانــەکۆن و شــاعیر و نووســەرەکۆنی کــورد، کــە لــە بــواری "فــەرهــەنگــی جاشــایەتــی" و "جاشــایەتــی فــەرهــەنــگ" و "جاشــاندنی فـەرهـەنـگ"دا، کۆڵێـک خـەباتیـان کـردووە و پاشـان بـەنێـو حیزبـە "زۆر شۆڕشگێڕەکانی کوردستان"دا و بە کۆڵێک ڕێزلێگرتنیانیشەوە، گەیشتوونە هـەنـدەران، یـا لـە کوردسـتان ماونـەوە. وەفیـق ئـەسسـامەڕائی(وفیـق

السامرائي) و نەزار ئەلخەزرەجی (نزارالخزرجي)، کە عەرەبن و لە بواری ئەنفال و سووتاندن و وێرانکردنی کوردستان و کوردکوشتندا، جێدەستیان دیارە و خودا هەڵناگرێت، خەباتێکی یەکجار قارەمانانەیشیان کردووە، مەگەر لە ڕێگەی کوردستانەوە و بە نێو دەسەڵات و حیزبە کوردییەکاندا نەگەیشتوونەتە هەندەران! گەلێکی دیکەش لەو بابەتانە هەن، کە ژمارەیەکی زۆرن و ئێمە هەر نایانناسین. ئەو بابەتانە، ئەو کۆنە سەربەڕێژیمانە، مەبەستم ناسراو و زلەکانیان نییە، دوای وەرگرتنی مافی پەنابەری، دەچنە باڵیۆزخانەی عیراق و پاسپۆرت وەردەگرن و مۆری ئیقامەش، لەلایەن کارگێڕی کۆچ و پەنابەرانی سوێدییەوە، بەو پاسپۆرتانەیانەوە دەنرێت. بێجگە لەوەش زۆریان دواتر، سەفەری عیراق دەکەن و دەچنە بەغدایش. هاوڕێیەکم، کە زۆر لە مێژە یەکدی دەناسین و بۆخۆیشی دوای 1991 وەڵاتی بەجێهێشتووە، وەلێ بەهۆی سیاسەتەوە، لەمەڕ ئەم لێشاوی پەنابەری و هەڵاتنی خەڵکی کوردەوە، گوتی: "بڕوا بکە هەڵاتنی ئەم خەڵکە زۆر باش بوو، چونکە کوردستان لە خەڵکی خراپ و سەر بە ڕێژیم خاوێن بووەوە".

هاندانی خەڵکی دەرەوەش، بۆ گەڕانەوە بەرەو کوردستان، واتە: "پێچەوانەکۆچ" یا "کۆچی پێچەوانە" یا گەڕانەوە، بە دابینکردنی هەندێ پێویستی ژیان دەبێت لە کوردستان، کە ڕەنگە ئازادی و خانوو و کار، لە پێش هەموویانەوە بن. کە دەڵێم ئازادی مەبەستم ئەوەیە، ئەگەر بە ڕێککەوت، لە شەقامێکی دهۆک، هەولێر یا سلێمانیدا، شانم بەر شانی بەرپرسێک، حیزبییەک یا کارگێڕێک کەوت، لە سەری تووشی دارکاری و تێهەڵدان نەبم. کە دەڵێم ئازادی مەبەستم ئەوەیە، بەرپرسێکی حیزبی گەورە و ئەفسەرێکی زلی ئاساییش و وەزیرێک و کوڕی فڵان، لەهەموو بوارێک و هەموو شوێن و هەموو کاتێکدا، لەگەڵ من و منانی دیکەدا، بە یەک چاو و چوونیەک، تەماشا بکرێن و کەس نەتوانێت، لە پەنای هیچ

دەسەڵاتدارێکدا و بە هیچ ناو و ناونیشانێکەوە، فشە بەسەر من و منانی دیکەی بێ پشت و پەنادا بکات، چونکە خەڵک لە ئەوروپا، لەسەر ئەوە ڕاهاتووە، بە سەرۆکی حوکوومەتیش، لەبری جەنابتان و بەڕێزتان و گەورەم و سەروەرن، بڵێ تۆ و هەر بەناوی خۆیشیەوە، گازی بکات، و ڕۆژانە دەیان وەزیر و دەسەڵاتداری زل و زەلام و سەرۆکی حیزب و تەنانەت سەرۆکی حوکوومەتیش، لە نێو جاداندا، بێ پاسەوان و چەکدار، بە پیادە و بە سواری دووچەرخە، ببینێت و بەلایدا تێپەڕن و وەک هەموو ئەو بەندەی خودایانەش، ئاوڕیان لێ نەداوەتەوە. من بۆ خۆم و هەزارانی وەک منیش، دەیان جار "ئوولۆف پالمێ"ی سەرۆک حوکوومەتی سوێدم، لە نێو جاداندا دیوە، هێواش هێواش و خەیاڵاوی خەیاڵاوی، بەرەو ماڵی خۆیان، یا بۆ جێی کارەکەی چووە، بێ ئەوەی تاکە یەک کەسی بە دواوە بێت و و تاکە یەک کەسیش ئاوڕێکی لێ بداتەوە و ئەلگەڕاوی(فزوولی- فضولي)انە تێی بنۆڕێت، مەگەر خەڵکێکی وەک ئێمەومانانی، وەڵاتانی قامچی و دارکاری و شەق!. تۆ کەنگێ لە کوردستانەکەی خۆمان و لە چ وەڵاتێکی کاولبووی ئەو ڕۆژهەڵاتەدا دیوتە، نەک سەرۆکی حوکوومەت، بەڵکە ئەفسەری پۆلیسی گەڕەکێکیش، وەک مرۆڤێکی ئاسایی بێتە نێو خەڵک، بێ ئەوەی خەڵک لێی بترسێت؟ لە وەڵاتی خۆمان، منداڵ لە مامۆستا هەترەشی دەچێت و بە پەرستار و دوکتۆریش زەندەقی دەبەن! ئەوجا وەرە دیار بەڕێوەبەر و ئەفسەر و وەزیر و سەلجووقەی حیزب!. ساڵانێک لەمەوبەر، سوێد، سەرۆک حوکوومەتێکی هەبوو، ناوی "ئینگڤار کارڵسسۆن" بوو. دەموچاوی برێک درێژکۆڵە بوو. لە هەرچی خەڵکی سوێد و بە تایبەت منداڵەوردکەی سوێدت پرسیبا، وێنەیەکی ئەو پیاوە بکەن، دەسبەجێ وێنەی ژێری تاکە پێڵاوێکیان دەکرد و دوو چاو و لووتێکیان بۆ دەکرد و چاوێلکەیەکیان دەکردە چاوانی و دەیانگوت: ئەوە کارڵسسۆنە. تەنانەت

وای لێهاتبوو ئەو "کارڵسسۆن"ە، جارێکی لە تەلەڤزیۆندا، باسی ئەوەیان لەگەڵدا هێنایە گۆڕێ، ئەویش بێ هیچ سڵکردنەوە و شەرم و سووربوونەوەیەک، داوای کاغەزێکی لێ کردن و کاغەزەکەی خستە ژێر پێڵاوەکەیەوە و بە قەڵەم و بە دەوری پێڵاوەکەیدا هێنا و وێنەیەکی پێڵاوەکەی کرد و دوو چاوی بۆ پێڵاوەکە کرد و چاوێلکەیەکی کردە چاوی و دایە دەستی بەڕێوەبەری پرۆگرامەکە و جوان جوانیش کامیراکەی خرایە سەر، بۆ ئەوەی بینەران بە باشی ببینن. کارڵسسۆن، ئیدی هەر کاتێک، وێنەی خۆی کردبا، هەر بەو شێوەیەی دەکرد و نە خۆی و نە کەسی دیکەیش، بەو باسە تێکنەدەچوون. کێ دەوێرێ لە وڵاتی خۆمان، وەها کارێک بکات. تۆ ناتوانیت، نەک بە سەرۆکی حوکوومەت، بەڵکە بە ئەندامێکی حیزبی و پۆلیسێک و تەنانەت، بە پاسەوان و فەڕاشێکیش، بڵێیت: مامۆستا تۆ هەڵەیت! یا ڕەخنەیەکت لێی هەبێت. نەک هەر ئەوە، بەڵکە دەبێ، هەمیشە تۆ، خۆتیان لێ لادەیت و خواخوات بێت، هەر لە خۆڕا، گێچەڵێکت پێ نەکەن. لە وەڵاتی خۆمان تەنێ پۆلیس، پۆلیس نییە، بەڵکە حیزب و ئەندام و هەوادارانی حیزبیش، پۆلیسن و ئارەزوویان لێبێت و پێیان بکرێت، تۆ و منی ناحیزبی، دەدەنە بەر چماق و هەزار شەقمان تێهەڵدەدەن و ئاوەڕووتمانیش دەکەن. دیارە نادادی و پێشێلکردنی خەڵکانی دەنگنەبیسراو و خزان و لات و کلۆڵی کۆمەڵەکانی خۆمانیش، هۆیەکە بۆ نەگەڕانەوە و جێگیربوون لە ئەوروپایەکدا، کە هیچ نەبێت، جیاوازییەکان هێندە زەق نایەنە بەرچاو و دەسەڵاتداری ملپەڕێن و تەوربەدەستی تێدا وەدی ناکرێن.

لە وەڵاتی ئێمە نادادیی و ناحەقی، زۆر بە زەقی و ئاشکرا دەبینرێن و خەڵک هێشتا، سوێند بە سەری دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوای، ساختەچی و قۆڵبڕ و ناداد و دژەحەق، دەخوات و جەللادی لە دادخوازێکی ڕاستگۆ و قسەلەڕوو و حەقپەرست، پێ باشترە. موزەففەر ئەننەوواب

(مظفرالنـواب) لـە شـیعرێكیدا، كـە هـەمـووی ڕەخنـە و گاڵتەكردنـە بـە سەرانی عەرەب و پێشاندانی كوێرایی خەڵكە، لە دیتنی ڕاستی و داد، و بەراوردێكە، لە نێوان خێڵی ئەمەوی و عەلیدا، دەڵێ: "ما زال أبـو سفیان بلحیته الصفراء، یۆلب باسم اللات العصبیات القبلیة. ما زالت شوری التجار، تـری عثمـان خلیفتهـا وتـراك زعـیم السـوقیة. لـو جئـت الیـوم ، لحـاربـك الـداعون إلیـك وسموك شیوعیة"، واتە: "هێشتا ئەبووسوفیان بە ڕدێنـە زەردەكەیـەوە، بە نـاوی ئـەللاتـەوە(كـە یـەكێك لـە خوداكـانی سـەردەمـی پێش ئیسلام بوو) هانی دەمارگێری خێڵەكیـەتـی دەدات، هێشتا دەستەی بازرگانـان، عوسـمان بـە خـەلیفـەی خۆیـان دەزانـن و تۆیـان (مـەبـەسـتی عەلییە) پێ ڕێبەری ڕەشەخەڵكەكەی، ئەگەر تۆ ئەمڕۆ بێیـت (مـەبەستی عـەلییـە) ئـەو خەڵكانـەی، كـە بانگـت دەكـەن، دەبنـە دژت و نـاوی كۆمۆنیستت لێ دەنێن". لە وەڵاتی ئێمە و لە زۆر جێگەی ئەو ڕۆژهەڵاتـە خێرلـەخۆنـەدیـوەیش، كۆڵێـك مخـابن، هێشـتا خـەڵك ئـەبووسـوفیان و عوسـمانەكان، بـە ڕێبـەر و دەمڕاسـتی خۆیـان دەزانـن و ئـەوانیـان لـە عـەلییـەكان پـێ خـەلیفـەتـر و ڕاسـتترە. لـەوێ لـەو كوردسـتانە و لـەو ڕۆژهەڵاتە، هێشتا خەڵك، بە گـوێرەی فـەلسـەفـەی "الإمام اللي ما یشـور یضـربە النـاس بلخـرگ"، عـەرەب گوتـەنـی، كـە دەكاتـە "ئـەو ئیمامـەی دەستناوەشێنێت، پێوەنادات، خەڵك بە پەڕۆكۆن لێی دەدەن"، ڕێبـەری خـوێنمژ و مرۆڤكـوژ و سـەركـردەی دڕنـدە و قـامچی بـەدەسـت و چەوسێنەر، دەپەرستێت و سەری بۆ دادەنـەوێنێت و بە گـەورە و باشـی دەزانێـت!. ئیمـام عـەلـی دەڵێـت:"مـن ملــك إسـتأثر"، واتـە: "ئـەوەی دەسـەڵاتی هـەبـوو، دەبێتـە سـتەمكـار، زۆردار". ئـەمـە وەك تیـۆری و فـەلسـەفەیـەك، هـەرچـی جـۆری دەسـەڵات و دەسڕۆیشـتوویی جیهـان و مرۆڤە، سیاسی و ئابووری و...بێ گوێدانە كات و شوێن، دەگرێتـەوە، لـێ

ئـەو دیاردەیـە، هـەرچۆنێک بێـت، لـە ئـەوروپـا، بڕێـک سـووکترە و بـەو خەستییەی، کە لە ڕۆژهەڵات و کوردستانەکەی خۆیشماندا هەیە، نییە.

خەڵک لە ئەوروپا لە سەر ئـەوە ڕاهاتووە، بـە زەنگێکـی تـەلـەفـۆن، بـۆ کارگێڕییـەکی حوکوومـەتی، کارەکانی خـۆی، ئـەنجـام بـدات و کارێـک، یـا ئیمزایــەکی جــەنــابی لیپرســراوی لای خۆمــان، بــۆ کــڕین و فرۆشــتنی ئۆتۆمبیــل و خــانوو و زەوی و موڵــک و ســامان و کــاروەرگــرتن و خانـەنشـینی و پاسـپۆرتوەرگـرتن و خانووبـەکرێـدان و بـەکرێوەرگـرتن و ژنهێنـان و شـووکردن و تـەڵاق و هـەر شتێکی دی، کـە حـەفتـە و مانـگ و ساڵی پێـدەچێـت و بێ واسیتە(واسطة) و میـانچێتی(میانگـەری) کـەسێکی دۆستی جەنابی بەرپرس، یا دەسەڵاتدارێکی سەرەوەی جەنابی بـەرپـرس، هەرگیز جێبەجێ نابێت، لە ئەوروپا، بە چەند دەقیقەیەک ئەنجامی بدات. لـە سـوێد و نـۆروێژەوە شـۆڕبێتەوە، بـە فـڕۆکـە، بـە شـەمـەنـدەفـەر، بـە ئۆتۆمبیل، حەز دەکات بـە پایسکیل و سـواری کـەریش، هـەمـوو ئـەوروپـا بگەڕێت و لە ئیسپانیا و یۆنان و ئیتالیاوە سەر دەرکات و لە هەموو باژێڕ و گونـدێکیش لابـدات، کـەس پێـی ناڵێـت "کـەرەمـەلـی (کـەرەمئـەلـی، کـەرەمعـەلـی) کـەرت بـە چـەنـد؟" و یـەک بازگـە، پـۆلیس، پشـکنین، و...ی تووش نابێت، کـەچـی لـە مابـەینی هـەولێـر و کـۆ و سلێمانیدا، نـەک هـەر پشـکنینێـک، بـەڵکـە زۆرجـاران سـووکایەتیپێکردنگـەلێکیشـی تـووش دەبـن، دەشـێن بـۆ مێـژوو بگێڕدرێنـەوە. مـن پێموایـە، گەڕانـەوەی کـورد، لـە هـەنـدەرانـەوە بـۆ کوردستان، ناکرێـت وەک دیاردەیـەکی کـۆمـەڵ و کـۆ، باسی لێوە بکەین. ئـەوە کارێکـە تایبـەتـە، بـە هـەر مرۆڤێکـەوە بـۆ خـۆی و هەلومەرجی ژیانی، وەک تاک و وەک خێزان. هەریەکەو بیانوو و هـۆ و بۆچـوونی تایبـەتـی خـۆی، لـەمـەڕ ئـەو مـەسـەلەیـەوە هەیـە. مانـەوەی خەڵکیش، دیارە ئێمـە باسی کـورد دەکـەین، لـە هـەنـدەران، کـە ساڵانێکی زۆری بـە سـەردا تێپـەڕ بووبێـت، گیـرۆدەی یـەک دونیـا دەردەسـەرییـە،

هەر لە کار و ماڵ و منداڵ و خوێندنگە و ژیان و ...دەیان وردەواڵەی دیکەوە بیگرە، تا دەگاتە باری دەروونی و ڕەگداکوتان، لە نێو ئەم جڤاک و وڵاتانەدا. کورد زوو گوتوویەتی:"ئەو جێیە خۆشە، دڵی لێ خۆشە". کوردێک ئەگەر دڵی بە هەندەران خۆش بێت، هەزارویەک بیانوو دەدۆزێتەوە، بۆ نەگەڕانەوەی بۆ کوردستان. کوردێکی دیکەش، کە دڵی بە کوردستان خۆشە، هەزارویەک بیانوو دەدۆزێتەوە، بۆ گەڕانەوەی بۆ کوردستان. ئیمام عەلی دەڵێت:" الغنى في الغربة وطن، والفقر فی الوطن غربة،"، واتە: "زەنگینیی لە هەندەران نیشتمانە، و هەژارییش لە نیشتمان نامۆییە". کوردێکی هەندەرانشین بگەڕێتەوە کوردستان و لەوێ برسی و نەدار و چەوساوە بێت و "ئەسپێ لە باخەڵیدا سەوزەڵەخانم بێژێت"، هەرگیز هەست بە خۆشی ناکات و لە وەڵاتی خۆیدا، خۆی بە نامۆ و بیانی دەزانێت، کەواتە بۆ بگەڕێتەوە؟ کوردێکی هەندەرانشین لە هەندەران دەستڕۆیشتوو و دەوڵەمەند بێت، هەندەرانی بۆ دەبێتە نیشتمان و ڕەنگە هەرگیز بیر لە کوردستان نەکاتەوە، کەواتە بۆ بگەڕێتەوە؟ کوردگەلێک یا بیانیگەلێک، کە هاتوونەتە ئەورووپا، ئەز پتر باسی سوێد دەکەم، وەک خۆرتەکەی حیکایەتی ورچەکەیان لێهاتووە. دەڵێن، لە نێزیکی کوێرەگوندێکی، نێو چیا سەخت و دۆڵە تەنگژەکاندا، ورچەمێیەک دەژیا، ورچە عاشقی کوڕە لاوێکی گوندەکە دەبێت و هەردەم بیر دەکاتەوە، چۆن بیڕفێنێت و بیبات بۆ خۆی. ڕۆژێکیان دەرفەتی بۆ دەڕەخسێت و کوڕە دەڕفێنێت و دەیباتە ئەشکەوتەکەی خۆی. لەوێ نان و خۆراکی بۆ دێنێت و تێری دەکات و پاشانیش لەخۆی دەپەڕێنێت، و کە وەدەریش دەکەوێت، تاوێرێکی یەکجار زل، کە بە کوڕە تلنادرێت، لەبەر کونەکەدا دادەنێت، بۆوەی کوڕە هەڵنەیەت. پاش یەک دوو ڕۆژان، ورچە بیرێکی دیکەی بۆ دێت. هەموو ڕۆژێک دوای خواردن و لەخۆپەڕاندن و ئەوانە و پێش لە ئەشکەوت دەرچوون، ورچە

برێک بە زمانی، ژێرپێی کوڕە دەلێسێتەوە. دیارە بەلای کوڕەوە، ئەوەش خۆشـەویسـتی و هـەسـتدەربڕینـە، دوایـەش، کـە وەدەر دەکـەوێـت، تاوێرەکەی بۆ دادەنێتەوە. ماوەیەک بەو جۆرە دەگوزەرێت، تا ڕۆژێکیان تـەماشـای ژێرپێـی کـوڕە دەکـات، دەبینێـت ئیـدی گۆشـتە سـوورەکەی کەوتۆتە دەر و پێستی ژێرپێی نەماوە و ناتوانێت بڕوات. ئیدی ورچە بە کەماڵی ئیسراحەت، تەواوی کار و پێویستییەکانی خۆی لەگەڵ کوڕەدا، بە چاکی ئەنجام دەدات و کە وەدەریش دەکەوێت، دەرکەی ئەشکەوت ئاواڵە، بەجێدەهێڵێت و چیدی تاوێریش بەکار نابات، چونکە لەوە دڵنیا دەبێـت، کـە ئیـدی کـوڕە تـازە هیچـی پـێ ناکرێـت و فێـرە ئـەو ژیانـە بووە.کوڕەش دوای ئەو بەزمە، هێزی ئەوەی لەبەر دەبڕێت، تەنانەت بیر لە ڕاکردنیش بکاتەوە.

دەڵێن شەراب تا کۆن بێت خۆشتر و بەتامتر دەبێت، لێ مانەوە و جێگیربوون و درێژەدان بە ژیان لە ئەوروپا، بۆ ئێمەی خوارەوەی گۆی زەوی، ناخۆشتر و بێتامترمان دەکات. ئەوروپا تەنێ بۆ ئەوە خۆشە، بە گیرفانی پڕەوە و بە گەشت و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، بۆی بچیت و بۆخۆت و بە هەوەسی خۆت بژێیت و بێدڵیی خۆت نەکەیت. گەلێک لە بەرپرسگەلی کورد و سەرانی حیزبەکانی کوردستان و بەچکەکانیان و دەوڵەمەندانی کورد، کە بۆ وەگەڕخستنی پارە و پووڵەکانیان، پارە و پـووڵی کوردسـتان، و دانـانی لـە بانـک و جێگـەی گـەرم و بـاژێڕە ئاسوودەکانی ئەوروپادا و وەرگرتنی پاسپۆرت و دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە بۆ ژن و زارۆکیان، دێنە ئەوروپا، ئەوروپا بۆ ئەوان گەلێک خۆشە. دیارە کوردستانیش بۆ کەسگەلی وەها، ناخۆش نییە. ئەمانە ئەوروپایان کردووەتە کەرەڕێ و بە هەوەسی خۆیان بۆی دەچن و تێدا دەژین و جارجاریش بە گەشت و بۆ فشەکردن، بەسەر خەڵکی هەژار و نەداری کورددا، کەی وەرز خۆش بێت و ڕەوش لەبار بێت، دەچنەوە

کوردستان. ئەمانەش بە زۆریی، دەرفەتی لێشاوی هەڵاتنی دوای 1991 یـان قۆسـتەوە، هـەرچـەنـدە هـی وایـان هـەن، هـەر لـە 1970 و 1980کانـەوە، لـە ئـەوروپـا، ڕەگیـان داکوتـاوە. ئـەمانـە تـەواوی مـاوەی ژیانیـان لـە ئـەوروپـا، تاکـە یـەک ڕۆژیـش، کـارێکی مانـەنـدی ئـەو خەڵکـە ئاساییەیان نەکردووە، و لە تەڕ خواردوویانە و لـە وشک خـەوتـوون و لـە کـن حیزبـەکانی خۆیشیان، بـە خزمـەت و کوردایـەتـی بۆیـان هـاتووەتـە ژمـاردن. ڕەنگـە خـەڵکانێک، کـە کوردسـتان یـا هـەر وەڵاتسـتان و خەڵکستانێکی دیکـەی جیهـانی سێیەم بـەجێدەهـێڵن، بـۆ خۆیـان وا بـزانن، دۆزەخیان بەجێهێشتووە، لێ دەبێ ئەوەش بزانن، کە ئێرە (ئـەوروپـا)ش بەهەشت نییە.

ئـەوروپـا بـەهـۆی سیسـتمی بیمـەی کۆمەڵایـەتـی و جڤـاکی خۆشگوزەرانـەوە، کـە وەک مـەبـەسـت هـەوڵـی بـۆ دراوە و لـە ئارادایـە، ڕەنگە بڕێک لایەنە مادییەکان دابین بکات، یا هەر هیچ نەبێـت، مـرۆڤ لـە برساندا نەمرێت، لێ لایەنە جڤاکی و ڕۆحییەکـەی مـرۆڤ، وێـران دەکـات و تـا دێـت بـەرەو داتـەپینـی دەبـات. کـارکردن لـە ئـەوروپـاش، لـەگـەڵ کارکردن لە کوردستاندا، بەراورد ناکرێت. لە ئەوروپا یـەک ساتەوەختـی کارگەر، بە فیرۆ ناڕوات و دەبێ کار بکات، چونکە خاوەن کـار بـەرهـەمـی دەوێت. هەشت سەعاتی کار لـە ئـەوروپـا، بە هاتووچۆ و ئـەوانـەوە و لـە ماڵـەوە بـۆ مـاڵ، دەگاتـە، یـازدە دوازدە سـەعاتێـک. ئیـدی مـرۆڤ، کـە دەشـگاتەوە مـاڵێ، هێـزی لـەبـەر دەبڕێـت و فریـای هـیچ شـتێکی دیکـە ناکەوێت. ئێمـە با ئـەوەشمان لـە یاد نـەچێت، کـە خـەڵکانی وەڵاتـانی لای خۆمـان و جیهـانی سـێیەم، کـە وەڵاتـانی ئـەوروپـا وەک پـەنابـەر وەریـان دەگـرن، بـۆ ئـەوە نییـە، کـە ئـەوروپاییـان، پێویسـتییان بـە شـارەزایـی و پسـپۆریی ئـەو خەڵکانەیـە، نـەخێـر، بـە پێچـەوانـەوە، خـەڵکانی جێهـانی سێیەمیـان، بـۆ گسکدان و خاوێنکردنـەوە و دەفرشـۆردن و کۆڵکێشـان و

بلێتفرۆشیی نێو شەمەندەفەر و مێترۆکان و شۆفێری و کارە قورس و سەختەکانی دیکە دەوێت، کە بۆ خۆیان نایکەن. لە نێو ئەو خەڵکانەی وڵاتانی خۆماندا، زۆرجاران دەبینیت، خەڵکانێک، کە لە ڕووی لەشولارەوە، بەهێز و لەشساغ و پڕوزەن و چ مەیلێکی هزرییان نییە و خاوەنی بڕوانامە و خوێندنی باڵا و ئەوانە نین، پێشدەکەون و ژیانیان باش دەڕوات، چونکە ئەوروپا هەرگیز، پێویستی بە بیرمەند و تەکنیکزان و فەیلەسووف نییە، ئەوروپاییان بۆ خۆیان هۆش و هزر و تیۆری، ڕێک وەک کاڵا، دەنێرنە دەرەوە و دەفرۆشن. ئەوروپاییان، هەر بوارێکی یەکجار گچکەی ژیانیش بێت، لە مێروولەناسی و ژینگە و جەنگ و فەلسەفە و سیاسەت و پارە و شوێنەوار و شێرپەنجە و چووزانم چییەوە بیگرە تا دەگاتە شتە زەبەلاحەکان، هەزاران پسپۆر و لێزان و شارەزایان تێدا هەن. پسپۆر و لێزانگەلێکی سەدلەسد و بە شەرتی چەقۆ، نەک وەک ئەوانەی لای خۆمان. لە وەڵاتانی لای ئێمە، خەڵکی وامان هەن، بە تێپەڕبوونیان بە پەنا دیواری کتێبخانەیەکدا، بۆ سبەینێ لێت دەبێتە ئەفلاتوون و خۆی بە عەلی ئەلوەردی(علی الوردی) و سارتر دەزانێت و دەشتوانێت، بە ناوی ئەوانەوە قسان بکات و سەمینارت لەمەڕ هەر بابەتێکەوە، کە بۆ خۆی حەزی لێ بێت، بۆ دەگرێت. ئێمە سیاسەتکاری وامان هەیە، دەم لە هەرچی شتی جیهانە دەکوتێت. دەتوانێت لە باسی دیرۆکی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ مەحموود و پێکهاتنی 11ی مارسی 1970 و ڕابوونی گاورباغی و ئەنفالەوە، گەشتێکت پێ بکات، بە نێو کەللەسەری ژان ژاک ڕۆسۆ و هیگڵ و مارکس و فیردووسی و ئیبن حەنبەل و بە نێو لێڕەوارەکانی برازیل و تایلانددا بتگەڕێنێت و بتهێنێتەوە سەر کەڵەکەکەی قولەسووتاو و بزاقی قاچاخچێتی و لەوێشەوە بتبات بۆ شام و سەر مەزارگەی مەولانا خالید و دواتریش بتکات بە کەونە مەیخانەیەکی بابوششەرجی(باب الشرقي) بەغدادا، کە ژێرسیغارەکانیان،

لە ترسی دز، بە بزمار و قایم قایم، بە سەر مێزەکاندا داکوتابوو و وەرامی هەرچی پرسیاریشە، کە بە خەیاڵتدا دێت، بداتەوە و بۆ یەک وشەیش دانەمێنێت و دەم لە هەسان دراو ئاسا، گت نەکات و یەک وشەی نازانمیشی بە زاردا نەیەت. ئەم جۆرە سیاسەتکارانە، ئەم جۆرە مرۆڤانە، لە کن ئێمە و لە وەڵاتی ئێمە و لە نێو جڤاکگەلی ئێمەدا فرەن. ئەوان، کە هزرەکان، بۆچوونەکان، دەدەرێنن، ئەگەر 1%یشی شتێکی تێدا بێت، خەڵک هەرگیز ناتوانن بڵێن: بابە ئەم سیاسەتکارە، سیاسەتکار نییە و جامبازە و ئەوەی دەیڵێت بزڕکانە و هەرزەگۆییە و هیچی دی. سیاسەتکارمان هەن، پەنجا ساڵ و پترە، دەسیاسەتێنێن، لێ ئەوەی دەیڵێن و ئەوەی دەیکەن، هەرزەگۆیی و هەرزەکارییە و هیچی دی.

جیاوازییەکی هەرە مەزن لە نێوان سیاسەتکارانی ئێمە و هی ئەوروپادا لەوەدایە، ئەوانەی ئەوروپا، لەکاتی پێویستدا، ڕێک وەک تۆ و من و هەر مرۆڤێکی ئاسایی دیکە، دکارن بێژن، ناتوانین و نازانین، لێ ئەوانەی ئێمە، پەیڤی ناتوانین و نازانین، لە فەرهەنگی زمانیاندا نییە و هەمیشە، توانان و زانان!. ئەم سوێدە گچکەیەی، کە ئێمەی تێدا دەژین و یەکێکە لە وەڵاتە هەرەپێشکەوتووەکانی جیهان، ئەگەر ئەم ئاووهەوا و سەرما و سۆڵە و بەفرستانە، لە هەر وڵاتێکی لە کن خۆمان بووایە، ئێستاکە نەک هەر بووبوو بە کەلاوە، بەڵکە ناوی خەڵکەکەیشی لە ڕووپەلەکانی مێژوویشدا سڕابوونەوە، ئێستا باسی هەر بوارێکی ژیان بکرێت و دەم لە هەر زانست و داهێنان و تەکنیکێک بکوترێت و هەر پرسێکی جڤاکی و ئابووری و سیاسی و ئەدەبی و هونەری، بێتە بەرباس و بێتە پێشێ، سوێد و سوێدی خۆیان تێهەڵدەقورتێنن و لێی دەزانن و سەدان شارەزا و پسپۆریان، لە هەر بوارێکی، بە خەیاڵدا دێت و هۆش بڕی پێ دەکات، هەن. فڕۆکەیەک لەوپەڕی دونیا بەربێتەوە، دەسبەجێ، کە لە مێدیاکانی سوێدەوە، باس دەکرێت، باس لەوە دەکەن، ئایا

کەسێکی سوێدی تێدا بووە، گیانی لەدەست دابێت یا ڕزگاری بووبێت! هێندەیان خەڵک لەو دونیایەدا بڵاو بووەتەوە، کە بە بەراورد لەگەڵ دانیشتووانی وەڵاتەکەیاندا گەلێک زۆرن. ئەوانەیان نوێنەری هەناردەی عەقڵ و زانستی سوێدن، بۆ هەندەران و کاڵائاسا، عەقڵ دەبەن و دەشێنن و دەفرۆشن. ئەوروپاییان، لە ئێمەمانان، کاریان دەوێت، کاری لەشەکی نەک هۆشەکی.

شتێکی گرنگ، کە ئێمە دەبێ خۆمانی لێ نەبوێرین ئەوەیە، تۆیەکی پرچڕەشی خەڵکی ئەو ڕۆژهەڵاتی ئیسلامییە، کە لە کن ئەوروپاییان بە موحەممەدان، واتە: خەڵکانی سەر بە موحەممەد، دەناسرێیت، چەندین ساڵ لەم وەڵاتە، لە سوێد و وەڵاتانی سکەندیناڤیایی، یا هەر وەڵاتێکی ئەوروپایی دیکە، نەمازە ئەوانەی سەرووی ئەوروپا، بژی و کار بکە و هیچ بێقانوونییەکیش مەکە، هەرگیز ناتوانیت، بە تەواوی بچیتە نێو کۆمەڵگەکەوە. هەرگیز کۆمەڵگەکە حیسابی خۆییت بۆ ناکات و هەمیشە تۆ، ئەوی دیکەیت و لە خەڵکی وڵاتەکە وایە، تۆ دوێنی هاتوویت و ئێستاش پارەی ماڵی مام "سۆسیال" وەردەگرێت. وا دەزانن، تۆ لە وەڵاتێکەوە هاتوویت، نە نان، نە ئاو، نە هیچ پێداویستییەکی ژیانت نەبووە و ڕووت و ڕەجاڵ بوویتە و بە پێخاوسی، بە نێو دار و بەرد و هەردە و دڕکدا، وەدووی دوو سێ بزنەوە، ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵت کردووە، و هەرگیز نە ئۆتۆمبیل، نە بەفرگر، نە ئەلەکتریک، نە ئەوەی بۆنی تەکنیک و شارستانییەتی لێ بێت، تۆ نەتبووە و نەشتدیوە. کە "عەبدوڵڵا ئوێجالان"، لە سووریا وەدەرنرا و گەیشتە ئیتالیا و ماوەیەک بە ئاسمانەوە خولایەوە، تا لە "ئیمرالی" خۆی گرتەوە، کورد، لە هەموو ئەوروپا، ڕێپێوان و خۆپێشاندانی، زۆر گەورە گەورەیان ساز کرد. لێرەش لە ستۆکهۆڵم کرا. نێزیکەی 6-7 هەزار کەسێکی تێدا بەشداربوون و ڕێگەیەکی دووروودرێژیان بڕی. یەکێک لە نەگبەتی و

نەزانیی کورد ئەوەیە، کە هەر چەندی ڕێپێوان و خۆپێشاندان و مانگرتن و ئەو بەزمانە دەکات، هەر خۆی بە تەنیایە و زۆر بە دەگمەن خەڵکی ئەم وەڵاتانەی تێدا بەشدار دەبن. کورد ڕاگەیاندن و ڕووی قسە و باسەکانی، هەر لە خۆیەتی و بۆ خۆیەتی. لەو ڕێپێوانەدا، زارۆک و ژن و پیاو و پیر و گەنجی کوردی تێدا بەشداربوون. منیش وەک ئەو خەڵکە چووبووم. ژنێکی کوردی گورجستان، کە لە مێژە یەکدی دەناسین و دۆستایەتیمان هەیە، گوتی:"پێتوایە ئەو سوێدییانە چ دەڵێن، کاتێک ئەم کۆمەڵە هەزار خەڵکە هاتوونەتە سەر جادە و هەموو هاوار بۆ کورد دەکەن!". گوتم:"بە خودای ئێستا دەڵێن، سەیری ئەم کۆمەڵە هەزارە بکە، ئەمانە هەموو بێکارن و هەموو لە ماڵی مام پارە وەردەگرن و تا بڵێی فرەخۆر و تێرەن و کار و کردەوەیان پەڕینە، بۆیە هەر یەکەو، یەک دەرزەن منداڵیان هەیە، و پیاوانیان، ژنانیان بە ناوی شەرەف و ناموسەوە، دەچەوسێننەوە و دەیانکوژن، و خۆراکێک دەخۆن بۆنی سیری لێ دێت، و لە ژیانیاندا سواری ئۆتۆمبیل نەبوونە، ئێستا لێرە فێری سواریی فڕۆکە و شەمەندەفەر بوون. بە دەگمەن خۆ دەشۆن و ئاو لە لەشیان ناکەوێت و بۆنی ئارەقە و میزیان لێ دێت و پیس و گەمارن و هەموو نوێژ دەکەن و بڕوایان بە ئەڵڵا هەیە، و موحەممەدانن. ئەمانە مشەخۆرن و لەوەی زیاتر وەڵاتی ئێمە پێس دەکەن، چ کارێکی دیکەیان نییە!". گوتی:"تۆ بڵێی وا بیر بکەنەوە؟". گوتم:"بەخودای من بڕێک خاترم گرتوون و کەمم گوتووە". دۆستێکم، کە لە ساڵی 1978ەوە لە سوێدە، بۆی گێڕامەوە و گوتی:"جارێکی ماڵێکی سوێدی هاوسێمان، کە ژن و مێردێکی پیر بوون، بانگهێشت کرد بۆ ماڵی خۆمان و بۆ خۆراکی شێوان. کە وەژوورکەوتن و بە خێرمان هێنان، بە نێو خانووەکەدا گەڕان و تەماشای دیوار و بنمیچ و پەنجەرە و مێز و ئەسکەمیل و تەختەی نووستن و هەموو ئەوانەیان، زۆر بە وردی

کرد و هەر خۆشخۆش، ژنەکە بە مێردەکەی دەگوت: پیاوەکە سەیرکە، ئەمانیش وەک خۆمان تابلۆیان هەیە، ئەمانیش وەک خۆمان مێزیان هەیە، ئەمانیش وەک خۆمان پەرداخ و چەقۆ و چنگاڵیان هەیە، ئەمانیش وەک خۆمان گوڵ و ئینجانەیان هەیە و....!". تۆ چ دەڵێیت، دەزانی بۆ وایان گوتووە؟ ئەو ماڵە سوێدییە، چاوەڕوانی ئەوە بوونە، کە کاتێک دەچنە ژوورەوە، یەکسەر کۆمەڵێک زەلامی ڕیشن دەبینن، کە هەموو لە سەر دووگرد خۆیان نووشتانووەتەوە و سەر و دەمووچاویان لە زەوی توندکردووە و قوونیان فش کردووەتەوە بەرەو ئاسمان و نوێژ دەخوێنن. پێیانوابووە، دار و دیواری ماڵ، بە شمشێری هەڵواسراو و وێنەی پیاوی ڕدێندرێژ، ڕازاونەوە، و ژنی سەراپا ڕەش و تەنێ دوو کونی چاو بەدەرەوەبوو، پڕ ماڵن و بزنێک لە یەکێک لە ژوورەکاندا بەسراوەتەوە، و هەموو لە سەر زەوی دادەنیشن، و بە چنگ خۆراک دەخۆن، و بۆنی میز و پیسی، مرۆڤ گێژ دەکات. ئەمان وەها دەنۆڕنە ئێمە. کراسی قورئان لەبەرکە، هەرگیز بڕوات پێ ناکەن، کە تۆ نوێژ ناکەیت، یا بە ڕۆژوو نابیت. هەرگیز بڕوات پێ ناکەن، کە تۆ لەگەڵ ژنەکەتدا پیاسە دەکەیت و دەچیتە سینەما و ئەستێڵی مەلە و جارجاریش خێزانیی، دەچنە چێشتخانەیەک و نانێک لە دەرەوە دەخۆن.

خەڵکی لای خۆمان، لێرە، بە بێ ئەوەی خۆی پێی بزانێت، گۆڕانێکی گەلێک گەورەی بە سەردا دێت. ئەو جۆرە بیانییە یا کوردە گەرموگوڕ و قسەخۆشەکەی ئەولا، کە هەردەم نوکتەی لەسەر زار بوو و دەم بە کەنین بوو، دەردە تەنیاییەکەی لێدەدات، و خۆی دەخواتەوە، و کونج دەگرێت، و خۆ دەداتە کەنار، و لە خەڵک دوور دەکەوێتەوە. ساڵی 1985، گەنجێکی خوێنگەرمی لای خۆمان، لە پاکستانەوە خۆی گەیاندە سوێد. جارجار یەکدیمان دەدیت. پاش ماوەیەک، وەک هەموو پێوەند و دۆستایەتییەکی ئەم وڵاتە، کە ماوەیەک گەرمە و هەر لە خۆڕا و بێ

هیچ هۆیەک، لەپڕ ساردی تێدەکەوێت و پاشانیش دەپسێت، لە یەک دابڕاین. دوو ساڵێک دواتر، لە شەمەندەفەرێکدا، لەگەڕەکی خۆمانەوە بەرەو نێو شاری ستۆکهۆڵم، چاوم پێ کەوت. دوای چاک و خۆشی، پرسیم، ئەوە بۆ ماوەیەکە دیار نییە و چی لێ بەسەرهاتووە. گوتی: "خوا ئاگادارە، چونکە هێندە حەز بە تەنیایی دەکەم، زۆرجاران، کە زەنگی تەلەفۆنەکەم لێدەدات، هەڵیناگرم و وەرام نادەمەوە، لە ترسی ئەوەی، ئەو کەسە نەڵێت دێم بۆ لات یا وەرە بۆ لام".

"خەمۆکی"، دەردێکی ڕەوانیی یەکجار باوە لە سوێد و زۆرینەیەکی خەڵک تووشی دەبن. سەدان هەزاریان هاتوچۆی ڕەوانناس"سایکۆلۆژ" دەکەن. میلیۆنان پارە دەدرێتە حەب و دەرمانی مێشک ئارامکەرەوە و خەمڕەوێن و بیرنەکردنەوە و کوڵۆمکردنی مێشک"داخستنی مێشک" و خەولێخستن. لە نێو شەقامدا زۆرجاران، مرۆڤ تووشی دەبێتە تووش کەسانێکەوە، بە سەر و سەکوت و پۆشاک و قلافەت، هی ئەوەن کورسیی وەزارەتیان بدرێتێ، کەچی دەبینیت، لەبەر خۆیانەوە قسە دەکەن و بۆڵەبۆڵیانە. ئەوانە لەو جۆرانەن، دەردێکی ڕەوانییان هەیە. زۆرجاران دەبینی سوێدی سەگ بەخێو دەکات. هی وایان هەیە فرە پیرە و کەچی ئەو کارە دەکات. ڕێژەیەکی زۆریان بۆ ڕەواندنەوەی تەنیایی، ئەو کارە دەکەن و زۆریشیان هەن، لەگەڵ سەگ و ئاژەڵدا دەتوانن بژین و هەڵبکەن، بەڵام لەگەڵ مرۆڤدا هەڵناکەن و ناژین. بۆیە لەگەڵ ئاژەڵدا هەڵدەکەن، چونکە ئاژەڵ دەمەدەمیان لەگەڵدا ناکەن و بە قسەیان دەکەن و گوێڕایەڵیانن. ڕەنگە ئەمانە تووشی دەردە ئارتیزم (Artism) ، واتە: (جۆر)یزم، (چەشن)یزم، (پۆل)یزم بووبێتن، کە دەکاتە: چەوساندنەوەی ئاژەڵانی دیکە، لە لایەن مرۆڤەوە، لەبەر ئەوەی ئەوان سەر بە پۆل، جۆر، چەشن یا ڕەگەزێکی دیکەن. خاوەن سەگەل، لەگەڵ سەگەکانیاندا دەچنە پیاسە و کات بە سەر دەبەن. سوێدییەکی

خاوەن سەگ، کە تووشی دەبێت بە تووش سویدییەکی دیکەی خاوەن سەگەوە، کاتێک پیاسە بە سەگەکانیان دەکەن، دەتوانن بە سەعاتان لەگەڵ یەکدیدا بئاخفن و بیرورِا لەمەرِ سەگ و بنەچە و ئەسڵ و فەسڵی سەگ و هۆز و تیرەی سەگ و "سەگۆلۆژی"یەوە بگۆرِنەوە، بەڵام بیست ساڵان، سی ساڵان، هاوسێ و هاوماڵیان بە و ماڵتان ماڵاوسێ و چیغتان دوولاییش بێت، رِەنگە لە "هەی Hej" بەولاوە، کە دەکاتە "سڵاو یا مەرحەبا یا سەلام" ی لێ نەبیسیت. مرۆڤی سوێدی هێندە خوێنسارد و خۆپەرست و تاکەکین، کە ئەگەر زەلامێک بەبەرچاویانەوە بکەوێت و بمرێت یا بدرێتە بەر چەقۆ و بکوژرێت، بە گوێرەی تیۆری "ئاگرەسوورە لە خۆم دوورە"، هەرگیز خۆیان تێناگەیەنن و خۆیان ناخەنە نێو ئەو باسەوە و هەر بەلایشیانەوە گرنگ نییە، چونکە ئەوان بە کێشەی خۆیانی نازانن و مادام کێشەکەیش خۆیان ناگرێتەوە، خوای دەکرد هەموو دونیای دەگرتەوە، ئیدی هیچ شتێک بۆ ئەوان گرنگ نییە. لە نێو سوێدی و ئەوروپاییانیشدا دەربرِینێک هەیە، کە تۆ باسی کێشە و گیروگرفتێکی خۆتیان بۆ دەکەیت، یا شتێکت لێ دەقەومێت و بۆ چارەسەر دەگەرِێیت، ئەو پێت دەڵێت:"ئەوە کێشەی خۆتە، یا ئەوە بە تۆوە بەندە، یا ئەوە گیروگرفتی خۆتە"، ئیدی بەوە، لە کۆڵی خۆیت دەکاتەوە و هیچت بۆ ناکات. تۆ لە سوێد، کە سواری شەمەندەفەرێک دەبێت و پرِە لە خەڵک و عەشامات، دەبینیت هەریەکەو رِۆژنامەیەکی بە دەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە و بەردەم دەم و چاو و رِوومەتی خۆی گرتووە و کەس لەگەڵ کەسێکی دیکەدا، قسە ناکات، مەگەر زۆر بە دەگمەن، ئەویشی قسان دەکات، خەڵکە بیانییەکەیە، دەنا سوێدییەکان، هەر دەڵێی خۆڵی گۆرِستانیان بە سەردا کراوە. سوێدی هێندە خوێنساردن، ئامادەن و زۆر چاکیش دەتوانن، ئەگەر بەلای شەرِ و پێکداداان و سەرشکان و دەیان لاشەی خەڵتانی خوێندا برِۆن، یەک

ئاوڕیان لێ نەدەنەوە، نەبادا چەند خولەکێک لە کارەکەیان دوابکەون. بێگومان تۆیش وەک من سوێدیت بینیوە، لە شوێنی وەستانی ئۆتۆبووسدا، چۆن تەماشای کاتی دەرچوون و وەڕێکەوتنی ئۆتۆبووسەکەی دەکات! هەر یەکەو بۆ خۆی دەچێتە پێشەوە و تەماشای خشتەی کاتی ئۆتۆبووسەکە دەکات، هیچ یەکێک، تەنانەت ئەگەر ڕێگەی دیتنی خشتەی کاتەکانیشی لێ گیرابێت و کەسێکی دیکە خجڵی خوێندنەوەی ئەو خشتەیە بێت، ئامادە نییە، لەو یا، لە کەسێکی دیکە بپرسێت: ئەرێ ئەو ئۆتۆبووسە کەی دەڕوات! چاوەڕوان دەبێت تا نۆگەی دێت و ئەودەمی هەر دەبێ خۆی بچێتە پێشەوە و تەماشای خشتەکە بکات. ئەمە نەک هەر خوێنساردیی، بەڵکە چوارگۆشەیی و لە قاڵبدراویی مێشکی ئەو جۆرە مرۆڤانەش دەردەخات.

لە ئەورووپا، تەنیایی و لە وەڵاتی خوێشمان و خۆرهەڵات، قەرەباڵغی و هەردەم لەگەڵ خەڵکدا بوون. لەوێ، لە کوردستان و خۆرهەڵات، لێناگەڕێن ساتێک بۆ خۆت بیت و بیر لە خۆت بکەیتەوە و بۆ خۆت بژیت. هەمووودەم خەڵک دەیانەوێت، هەموو شتێک لەبارەی تۆوە، لەبارەی ژیانی تایبەتیی تۆوە بزانن. خەڵک لە تەواوی وردەکارییەکانی ژیانتدا، خۆتێهەڵدەقورتێنن و لووتی تێوە دەژەنن و خۆ دەخەنە نێو هەموو کارێکتەوە، تەنانەت مووچە و کرێی خانوو و نرخی شتومەک و ناوماڵە و شێوازی خۆراک و جۆری سەرتاشین و پرچداهێنان و ڕدێن و سمێڵ هێشتنەوە یا تاشین، و جل و بەرگ و پۆشاکیش، دەبێ تۆ حیساب بۆ خەڵک بکەیت، واتە: ڕێک بە پێچەوانەی ئەورووپاوە، کە ئەو مەسەلانە زۆر تایبەتن و کەس نایانخاتە ژێر پرسیارەوە. مرۆڤی وەڵاتی ئێمەش، کە دەکەوێتە ئەم ژینگەیەی ئەورووپاوە، لە وەها جڤاکێکدا، کە تەنیایی بوو بە بەشی، هەرچەندی خۆیشی بپارێزێت، پریشکی خەمۆکی هەر بەر دەکەوێت. مرۆڤ، کە لانەواز دەبێت و بە ناچاریی، خاک و خەڵکی

وەڵاتەکەی خۆی جێدەهێڵێت و دەکەوێتە نێو خاک و خەڵکێکی دیکەوە و دەبێتە پەنابەر و لە دەوروبەرو و ژینگەیەکی نوێدا خۆی دەبینێتەوە، ئیدی تووشی دەردێک دەبێت، کە تەواوی ژیانی، تەنانەت هەموو ساتێکی ژیانی دەگرێتەوە و بۆ یەک چرکەیش لێی نابێتەوە، ئەو دەردەش، دەردی "بەراورد"ە. مرۆڤ بەراوردی هەموو شتێکی ئەو کۆمەڵ و ژینگە نوێیەی، لەگەڵ ژینگە و کۆمەڵێکی، کە لێیەوە هاتووە، دەکات. ئەو بەراوردکارییە، دەبێتە خوو، دەبێتە ئەرک، دەبێتە بەشێکی هەرەگرنگی ژیانی نوێی مرۆڤ. دار، بەرد، خاک، ئاو، سروشت، مرۆڤ، خۆراک، ڕەوشت، زمان، پۆشاک، ڕەوتار، گوتار، مۆسیقا و...میلیۆنان وردە شتی دیکەی جڤاکی نوێ، بە باڵای جڤاکەکەی، کە لێیەوە هاتووە دەگرێت. ئەو بەراوردکارییە، دەبێتە پرۆسێسێکی بێکۆتایی و تەواوی ژیانی مرۆڤی لە کۆمەڵ و خاکی خۆ هەڵکەندراو، ڕەنگرێژ دەکات و وەک هاوارێک، وەک دەنگێکی نهێنی و ئەفسووناوی، وەک زەنگێکی، دایکم گوتەنی"شریتی قەرەبینا"ئاسای بێبڕانەوە، هەمیشە لە ناخی مرۆڤدا، دەنگدەداتەوە و هەمیشە مرۆڤ دەهەژێنێت و وەئاگای دەیهێنێتەوە و ڕایدەچڵەکێنێت و بۆ تاکە یەک ساتیش، لێناگەرێت مرۆڤ ئاسوودە و ئارام، بحەوێتەوە.

مرۆڤ لە هەر وڵاتێک و لە نێو هەر جڤاکێکیشدا بژێت، ئەگەر شارەزای پەناوپێچی زمانەکەیان نەبێت، هەرگیز لەو جڤاک و وەڵاتە تێناگات. کە تازە هاتبوومە سوێد و دەستم بە خوێندنی زمان کردبوو، لاوێکی جوولەکەی ئیسرائیلیمان لەگەڵدا بوو، ناوی "سیمۆن" بوو. لە ئیسرائیل، لە سەربازیی هەڵاتبوو. سێ چوار ساڵێک پاش ئەوە، ڕۆژێک سواری ئۆتۆبووسێک بووم، دیتم سیمۆن شۆفێرە. دوای چاک و خۆشیی و باسی کار و ژیان و ئەو شتگەلە، ئەو بۆ خۆی هاتە سەر ئەوەی، کە لەم وەڵاتەدا چۆن دەنۆڕنە بیانی و ڕادەی ڕەگەزپەرستییان چەندە و

گـوتی:"کـە تـازە هـاتبووین و زمانمـان نـەدەزانـی تێنـەدەگەیشـتین، بـەڵام ئیـدی، کـە مـرۆڤ زمانەکـەیان فێـر دەبێـت و لێیـان تێـدەگـات، ئـەودەم لــەوەش تێــدەگــات، کــە چــەنــدە ئــەم خەڵکــە ئــارام و بێــدەنگــە، ڕەگـەزپـەرسـتن". چـەنـدە زیـاتر لـەم وەڵاتـە بژێیـت، هێنـدە زێتـر لێـی تێدەگـەیت. دیارە ئـەو تیۆرییـە بـۆ هـەمـوو وەڵات و جڤاکێکی دیکـەیش دەخوات. ئەو ڕەگەزپەرستیی(ڕاسیزم)ە شاراوەیەی، کە لێرە هەیـە، هـەر بە هۆی ئەو دەردەبەراوردەوە، بۆ هەموو یەکێک لە ئێمە و بە کـاوەخـۆ و بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار دەردەکەوێت. لە نێو ئـەم کۆمەڵەیـەدا و دیـارە لە هەموو کۆمەڵێکی ئەم جیهانەشدا هەر وایە، کۆمەڵێک قـانوون و ڕێسـا و دیـدی نـەنووسـراو هـەن و خـەڵک لـەسـەریـان پێکهـاتوون و ڕێکن، بـێ ئــەوەی چ گفتوگــۆ و کۆبوونــەوە و بڕیارێکیــان لــەســەر دابێــت. ئــەو بیانییانەی دێنە ئەم وڵاتە، خەڵکی ئێرە، بە یەک چاو تـەماشای هـەموویان ناکەن. وەک یەک تێیان نانۆڕن. ڕەنگی پێست و ڕەگەز و ئـایین و زمـان، ڕۆڵێکی گرنگ، لە دابەشکردن و پۆلینکردنی ئەوانـدا دەبینێت. بیانییانێک، کە خەڵکی وەڵاتانی سکەندیناڤیایی و خۆراوای ئەوروپان، جیاوازییـان هەیـە لە بیانییانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا. ئینگلیـزی زمانێـک، بـە تایبـەت شێوەزاری ئەمەریکایی، لە ئەوروپاییش لە پێشترە. ئینگلیـزی زمـان و عیسـایی ئـایین، لـە چینـی و ژاپـۆنی و ڕووس و یۆنـانی لـە پێشـترە. ڕەشـی ئـەفریقـایی ئینگلیزی زمان و عیسایی، لە موسوڵمانی عەرەبی یا فارسی یا تـورکی یـا کـوردی زمـان، لـە پێشـترە. ئـەرمـەنـی و سـریانی کوردسـتان و تورکیـا و ئێران، لە فارس و کـورد و تـورکی موسـوڵمان لـە پێشـترن. جوولەکـە، لـە موسوڵمان لە پێشترە. عیسایی لـە جوولەکـە و لـە موسـوڵمان لـە پێشـترە. فارسـێکی دژی ڕێژیمـی ئیسـلامی ئێـران و دژی ئیسـلام، لـە ئێرانییـەکـی موسوڵمان لە پێشترە. کوردێکی دژەئیسلام، لە کوردێکی بێلایەن و خۆ بە موسوڵمانزان، لە پێشترە. ئەگەر وردتر بنۆڕینە، ئەو جیاوازی و لە پێشتر

و لە پاشترانە، خەڵکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کورد، دەکەونە دوای دواوەی لیستەکە. ئەو دیتنە، کاریگەرییەکی وای کردووەتە سەر ڕانی بیانییان، کە زۆرجاران وەدووی خەڵکانی هاووەڵات و هاوئایین و هاوفەرهەنگ و هاوزمان و هاوڕەنگ و هاو شتی دیکەی هاوبەشدا بگەڕێن و لە جڤاکە سوێدییەکە دووردکەونەوە. وەها دیاردەیەک، لە هەموو ئەورووپا وەدی دەکرێت، لێ هەر شوێنەو تایبەتمەندییەتی خۆی هەیە. فرەجاران ئێمەی بیانی وا دەزانین لە نێو دوڕگەیەکی هەرچوارلا بە ئاوگیراودا دەژین، چونکە ڕادەی نامۆییمان لەگەڵ جڤاکە ئەورووپاییەکەدا، تا ئەو ڕادەیەیە، کە مرۆڤ تەنێ لەگەڵ خەڵکی خۆی و هاوشتگەلە هاوبەشەکانی خۆیدا دەژی. زۆرجاران مرۆڤ هێندە نامۆیە و هێندە لەم خەڵکەوە دوورە، کە هەرگیز هەست بە بوونیان ناکەیت، مەگەر پێویستییەک دفنت بە دفنیاندا بتەقێنێت. من گەلێک جاران گوتوومە و ئێستاش دەیڵێمەوە، کە ئەگەر سبەینێ بچمەوە کوردستان، یا هەر وەڵاتستانێکی دیکە و ئەم وەڵاتە جێبهێڵم، تاکە یەک سوێدی نییە، من نامەیەک، پۆستکارتێک، ئیمەیلێکی بۆ بنێرم، یا زەنگێکی بۆ لێدەم و بە تەلیفۆن دوو پەیڤی لەتەکدا بگۆڕمەوە. پێتوانەبێت تەنێ من وابم، نەخێر، مانەندی من زۆرن، ڕەنگە جیاوازییەکە ئەوە بێت، من دەیڵێم و ئەوان نایڵێن. تۆ لێرە، موزەففەر ئەننەوواب(مظفرالنواب) گوتەنی:"انت كما الاسفنجة تمتص الحانات، ولا تسكر"، تۆ ئیسفەنج ئاسا، گشت مەیخانەکان هەڵدەمژیت و مەست نابیت. تۆ لێرە تەنیایی دەتخواتەوە و هەڵتدەلووشێت و تەنیایی دەخۆیتەوە و هەڵدەلووشیت و هەرگیزیش مەست نابیت و هێندەی دی، وەدووی خەڵکی وەک خۆتدا وێڵیت و گەرەکتە بەوانەوە و لەنێو ئەواندا و بە کاوێژکردنەوەی هەرچی تفت و تاڵ و خۆش و ناخۆشی، کەونە ڕۆژانێکتە،کۆڵەپشت ئاسا دەستبەرداری نابیت و لەگەڵ خۆتدا دەیگەڕێنیت و ئەمسەر و ئەوسەری دونیایشی پێ

دەکەیت و هەر دەشتەوێت ڕۆی کەیت و بیکەیتەوە و پێیدا بچیتەوە و تەواوی وردەواڵە و ناواخنەکانی بڵێیتەوە و بخوێنیتەوە و ببینیتەوە و هەمیشەش پێت خۆشن و پێت ڕندن و پێت باشن و بەدەگمەن، شاشییەکیان تێدا دەبینیت و هەموو ڕاستن، هەموو جوانن، هەموو خۆش و شیرینن، تەنانەت ئەوانەیشیان تاڵ تاڵ و دزێو دزێو بوون، ئێستاکە هێندە لەبەردڵان و دڵڕفێنن، حەز ناکەیت بۆ تاکە یەک چرکەیش، لێت بزربن و لەبەر چاوت نەبن. من بۆ خۆم تا ئەوڕۆیش، کە دەکاتە بیست ساڵە لەم سوێدەم، تا ئێستاش تاکە یەک خەونم نەدیوە، ڕووداوەکانی، کەسەکانی، شوێنەکانی، دیمەنەکانی، ژینگەکەی، یا هەر شتێکی دیکەی، لە سوێد بێت، بەڵکە هەر لەولام(وڵات) و لەتەک ئەواندام. من ئێستاش خۆشترین قسەوباسێک، کە ڕۆحم فێنک دەکەنەوە و بزەیەک بە ڕۆژەکانم دەدەن، ئەو قسەوباس و شۆخی و نوکتە و خەنینانەن، لەتەک هاوڕێگەلی تەمەنێکی ئەولامدا، دەمگەڕێننەوە بۆ کووچە و کۆڵانەکانی کەلار و شاکەل و کۆڵەجۆ و کفری و کەرکووک و بەغدا و سلێمانی و هەولێر و بۆ نێو باخەکەی "حوسەین مەیە" و "حاجی غایب" هەنار و زەردەلوودزین و بۆ سواری پاسەکەی حاجی حەسەن و بۆ نێو منداڵە چڵمن و قۆڵی چاکەت بە چڵم سواخدراوەکان و بۆ مێردمنداڵە چەتوونەکان و بۆ سەر گوفەکەکان، کە لە سەردەمێکدا خۆشترین یانە و جێی خڕبوونەوەی منداڵە لاسارەکانی ئەو سەردەمانە بوون و بۆ کن شێتەکان و بۆ سەر عارەبانە شێلم و نووکی کوڵاو و پاقلەفرۆشەکان و پیاسەی ئێوارانی شۆرجە و شاترلوو و تەپەی مەلاعەبدوڵڵای کەرکووک و باسی سێتاقان و تەیراوەی هەولێر و تەپەی کەڵان و باوەشاسوار و قەڵای شێروانە و... لەگەڵ منداڵەکانی خۆمدا، کە هەندێک جار شتی زارۆکایەتی خۆمیان بۆ دەگێڕمەوە، ئەو یادەوەرییانە دەبنە هەوێنی باسەکان و وەک فیلمێک بەبەرچاومدا تێدەپەڕن و منیش

بۆیـــان دەگێـــڕمەوە و ئەوانـــیش پێیـــانوایە هـــیچ نەبێـــت ئەو ژیـــانە ڕابوردووەی مـن هەنـدێک گـۆڕان و ساکاری و سانایی و جیاوازیی تێدا بـووە و بەوەش چێژێکـی بەخشـیوەتە ئەو ڕۆژگـارە. پێموایـە هـەر کـە مـرۆڤ بـەرەوپیـری، گەورەسـاڵی و پیـری چـوو و تـەمـەن گەیشـتە پاییزەڕۆژانی خـۆی، ئیـدی ئـەو یـادەوەری و کـەونـەدیمـەن و وێنـە و خەڵکانەی جاران، جارانی زوو، خۆشەویستتر دەبـن و مـرۆڤ هـەمیشـە لـە گەشتێکی ڕۆحییدایە بە نێویاندا و هەمیشە حەز دەکات بەسەریان کاتەوە و بیاندوێنێت.

جڤاکی سوێدی، جڤاکێک نییە خـەڵکی مانـەنـدی ئێمـە، بـەلای خۆیـدا ڕاکێشێت، بەڵکە زۆرجاران جڤاکێکە دەست بەڕووی تۆ و منی گەورەساڵ و بارگران و چەقیوی فەرهەنگێکی دیکەی، تا ڕادەیەک فرەدوور لـەمـەی ئەمانەوە، دەنێت. مـن لـەو جیاوازییانـە دەترسـم و پێمناخۆشـە، منـداڵێک، لاوێک، یا هەر مرۆڤێکی کورد، تووشی ببێت و لەو سەرەگێژییەدا بژێت، بۆیـە پێیـان دەڵـێم، نەکـەن وەڵات بـەجێبهـێڵن و بێنـە ئـەوروپا. سـاڵی پار کـەشـتییەکی پـڕ لـە کـورد، لـە کـەنـاری بـەنـدەرەشـارێکی فرانسـەدا گیرسایەوە، خەڵکی شەکەت و ژنی ئاوس و منداڵی نەخۆشی پڕ بوو، بوو بە هەڵلا، کەسێک لە ڕۆژنامەی "مێتـرۆ Metro"ی سـوێدیدا نووسیبووی، ئەوەی ئەوڕۆ بەسەر کوردی عیراقدا تێپەڕ دەبێت، ڕێک بـە پێچـەوانـەی جوولەکەکانـەوەیـە. ئـەوان سـالانی 1930 و 1940، هـەمـوو سـامان و مـوڵکی خۆیانیـان لـەکۆڵ خـۆ دەکـردەوە و ئـەوروپـا و ئـەمـەریکایـان جێدەهێشت و بەهەر شێوەیەک بووایە، دەگەڕانەوە ئیسرائیل و وەڵاتیان چێ دەکرد، کەچی کورد هـەرچی هەیـە دەیفرۆشێت، هـەمـوو هـەوڵێک دەدات، بۆ ئەوەی وەڵاتەکەی خۆی جێبهێڵێت و بـە هـەرشێوەیەک بێت، بگاتە ئەوروپا!

***حەكیم كاكەوەیس: دەستتان بە نووسینێك كرد و ویستتان تیایدا بەرپەرچی سامی شۆڕش بدەنەوە، کەچی هێشتا زنجیرە نووسینەکەتان لە سەرەتادا بوو، سامی شۆڕش باروبنەی گواستەوە جێیەكی تر، چۆن ئەمە پەكی نووسینەكەتانی نەخست؟***

ئەمجەد شاكەلی: ئەو نووسینەی من، كە بەرپەرچدانەوەیەكی"سامی شۆڕش"ە، لە بەهاری 1997 دا نووسیومە، لێ دەرفەتی بڵاوكردنەوەییم بۆ نەڕەخسا، چونكە كەس شتێك بڵاو ناكاتەوە، ئەگەر هێندەی نووكەدەرزییەكیش زیان بە پەزەكانی بگەیەنێت. زۆرجاران خەڵك، خۆ لە قسەی ڕاست و زەق و ئاشكرا، دەبوێرن و خۆیانی لێ كەڕ دەكەن، تەنێ بۆ ئەوەی لە خۆیانی تێك نەدەن و كڵاوەكەی سەریان با نەیبات. دواتر هاوڕێیانی بڵاوكراوەی "پەیام" لە لەندەن، خودا خێریان بنووسێت، بەڵێنی بڵاوكردنەوەی ئەو گوتارەیان دا. تا هەنووكەش نۆ بەشی لێ بڵاوبووەتەوە و لەبەر ئەوەی ماوەیەكی زۆریشی پێچووە و هەموو گوتارەكە، بە جارێك نەخراوەتە بەرچاوی خوێنەر، جارنا و پێش بڵاوكردنەوەی ئەو بەشەی، كە دەبێ بكرێت، گۆڕانكاری لە گوتارەكەدا دەكەم.

"سامی شۆڕش" سوارە و ئێمە پیادە. ئەو حەربائاسا، هەر جارەو ڕەنگی پێستی، بە گوێرەی كات و شوێن و پێویستی و بەرژەوەند دەگۆڕێ و چ باكیشی نییە! دەنا كێ هەیە هێندە بەلەز و گورجوگۆڵ و بەدەستوبرد و بوێرانە، بتوانێت لە ماوەی چەند ساڵێكدا، سەنگەر، وەك كراس و گۆرەوی و دەرپێ بگۆڕێت و لە "جەلالی"یەوە ببێتە "كۆمۆنیستی سەركردەیەتی نێوەندی (القیادة المركزیة)" و دواتر "گرێدراوی بەعس" و دیسان "جەلالی" و دواتر "نێزیكی دەسگاكانی ڕۆژاوا" و دواتریش "گرێدراوی پارتیی". كێ ئەمەی پێ دەكرێت؟ هەلپەرستییش، كە لە سیاسەتدا باوە، بە تایبەت لە وڵاتگەلی لای خۆمان،

هونەرێکە، زرنگی و لێزانینی دەوێت و بە هەموو کەس ناکرێت. لەبەر درەنگ بڵاوبوونەوەی، هەر بەشێکی ئەو نووسینە و ماوە کەوتنە نێوانیانەوە، ڕەنگە فریای ئەوە نەکەوێت، هەمووی بڵاوبێتەوە،"سامی شۆڕش"، لە سەنگەرێکی دیکەدا بێت. کات و هۆکاری دیکە، پەکی ئەو نووسینەم ناخەن.

من موناقەشەی ئەو ڕا و بۆچوونە چەوتانەی "شۆڕش" دەکەم، کە بەڕاستیان نازانم و پێشموایە، ئەو بۆخۆیشی، ئێستا بەڕاستیان نازانێت. ئەوەی دواکتێبی "سامی شۆڕش"، "تنوع الكرد في العراق" چاپی هەولێری، پەخشخانەی ئاراسی ساڵی 2000ی بینیبێت، ڕاستی ئەو قسەیەی سەرەوەی من و دەندە (گێڕ) گۆڕینی "سامی شۆڕش"ی، بۆ دەردەکەوێت. "سامی شۆڕش"، نەک 180 دەرەجە، بەڵکو 360 دەرەجە، دەگەڕێتەوە، یا دەچێتە پێشەوە، نازانم! و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە و بەوەش مرۆڤ تووشی سەرەگێژە دەکات، چونکە نازانیت لە چ خانەیەکدایە! دەگێڕنەوە دەڵێن، "مەحموود پاشای جاف"، نۆکەرێکی هەبوو ناوی "نەزەر" بوو. جارێکیان پاشا پێویستی بە شتێک دەبێت و بە دەنگی بەرز بانگی نەزەر دەکات: "نەزەر هۆ نەزەر!"، لێ نەزەر دەنگی نابێت. پاش ماوەیەکی دی، پاشا دیسان بانگی نەزەر دەکاتەوە و لەپڕ، نەزەر دەست لەسەر سینگ، لەبەردەم پاشادا ڕادەوەستێ و دەڵێ: "بەڵێ قوربان". پاشا دەڵێ: "پێشتر بانگم کردیت، نەبووی، ئەوە لەکوێ بووی؟"، نەزەریش دەڵێ: "پاشا وەڵڵا لە خزمەت شێخووم، ڕۆحم وەقوروانی سەی دەرقاپێکەی وێ / لە خزمەت شێخ بووم ڕۆحم بە قوربانی سەگی بەردەرگاکەی بێت". پاشایش دەڵێ: "نەزەر وایش نا". نەزەریش یەکسەر دەڵێ: "پاشا کەواتە کوتامە دایکی". پاشایش دەڵێ: "نەزەر نە وا، نە وایش". "سامی شۆڕش" و سامی شۆڕشانیش، نەزەرئاسا،

یا ڕۆحیان دەکەنە قوربانی سەگی بەردەرکەی شێخ، یانیش دەکوتنە دایکی شێخ و لە نێوەنددا، هیچی دیکە نابینن.

لە ستۆکهۆڵم، لەپرسەی منداڵێکی مامۆستا "پشکۆ نەجمەددین"دا دانیشتبووین، کاک "ڕەفیق سابیر" و چەند کەسێکی دیکە وەژوور کەوتن. خەڵک لەو جۆرە پرسانەدا، لە ئەوروپا، جارنا دادەنیشن و فاتیحە و شتی وا ناخوێنن و جارنایش دەیخوێنن. دیارە ئەوەش بە گوێرەی بیروباوەڕ و دیتنی ئەو کەسەیە، کە دەچێتە پرسەکە. پاش تۆزێک، تەماشای خاوەن پرسە و ئەوانە دەکەن و ئیدی خەڵکەکەش بە خێریان دەهێنن. یا کە دادەنیشن، هەر یەکسەر دەڵێن ئەلفاتیحە و دوای، کە دەستیان بەدەم و چاویاندا هێنا، واتە: تەواوبوون و ئیدی خەڵکەکەش دوای ئەوە بەخێریان دەهێنن. کاک "ڕەفیق"، کە دانیشت، فاتیحەی نەخوێند و سەیری کەسیشی نەکرد و بەخێرهێنانەکەیشی، بڕێک دواکەوت و بوو بە ژێر لێوەوە. پاش ماوەیەک، کاک "ڕەفیق" و هەندەک خەڵکی دی، بۆ جگەرەکێشان، هەستان و چوونە دەرێ. منیش لەگەڵیان وەدەرکەوتم. بەکاک ڕەفیقم گوت، وەک فاتیحەت نەخوێند، دەبوو سەیری خەڵکەکە بکەیت، بۆ وەی بەخێرت بهێنن، دەنا، کە سەیری زەوی و بەرپێی خۆت بکەیت، ئەو خەڵکە نازانن چ بڵێن! گوتی: ئەوە سی ساڵ زیاترە، من دژی خودا و ئایین قسە دەکەم، ئێستا ئەگەر فاتیحە بخوێنم، واتە درۆم لەگەڵ خۆم کردووە و ئەو خەڵکەش دەڵێن بنۆڕە ئەو کابرایە!.

ئەو گوتارەی من، کە دوو بەشی لە "پەیام"دا بڵاوبووەوە، گۆڤاری "گوڵان"یش ئەو دوو بەشەیان بڵاوکردەوە، بەڵام دوای ئەوەی، کە ئیدی لەگەڵ فەرمانڕەوایانی گوندەکەی ئەوبەردا، کەوتنە چاوبڕکێ و بەرەو نێزیکبونەوە دەچوون و سوێندیان بەسەری یەکدی دەخوارد و کاک و مام، کەوتە نێوانەوە، پێیانوابوو، کە ڕەنگە زیانێک بە پەزگەلەکە بگەیەنێت، ئیدی بێ متەق و بەخشکەیی ڕایانگرت. من پێموایە،

هەموودەم ڕاستییەکان دەبێ بگوترێن و لێیان نەسڵەمێینەوە. عەرەب دەڵێن "الساکت عن الحق شیطان أخرس/ ئەوەی لە ڕاستی بێدەنگە، شەیتانێکی لاڵە". خۆ ئەگەر ڕاستییەکان پێوەندیان بە چارەنووسی گەل و جڤاکەوە هەبێت، ئەوا دەبێ بە دەنگی بەرز و ڕاشکاوانەتر بگوترێن. ئەو باسەی "شۆڕش" و ئەوەی منیش، کارێکن پێوەندیان بە مێژووەوە هەیە و کێشەیەکە دەبێ ساغ بکرێتەوە و گرێیەکە دەبێ بکرێتەوە. ئەو ململانێیەی نێوان "بارزانیزم" و نەیارە ئایدیۆلۆژییەکانی وی، کە لەنێو پارتییدا بوون و پاشان ماڵی خۆیان جوێکردەوە و بە "جەلالی" ناوبانگیان دەرکرد، دەبێ ناوێکی لێ بنرێت. "سامی شۆڕش"، نەیارانی بارزانی بە چەپ ناونووس دەکات، و منیش بە پێچەوانەکەی ناونووسیان دەکەم. یەکێک لەو دوو بۆچوونە، دەبێ ڕاست و دروست بن، نەک هەردووکیان. مێژووی ئیسلام، هەر دوای کۆچی دوایی پەیامبەر، ئەوەی لە دیتن و بە ڕاستزانینی جڤینەکەی "سەقیفەی بەنی ساعیدە / سقیفة بني ساعدة" و ئیسلامی ڕەسمییەوە، نووسراوە، سەرلەبەری هەڵە و درۆ و نادادی و ساختەچێتی و نائیسلامییە. ڕووپەلە دیرۆکەکەی "سامی شۆڕش"یش، کە هەوێنی نووسینەکەی من بوو، هەر دیتنێکی سەقیفانە، عوسمانانە، ئەمەوییانە و یەزیدانەی، بەشێکی مێژووی کوردە. بە بڕوای من، دەبێ سەرەداوی ڕاستییەکان بدۆزرێنەوە و بڕگەکانی مێژوویش، بەناوی خۆیانەوە، ناو بنرێن و بخرێنە خانەی ڕاست و شایستەی خۆیانەوە.

***حەکیم کاکەوەیس: ئەگەر پەیکەرێک بۆ بارزانی بکرێت، دەبێ چی لەسەر بنووسرێت؟***

ئەمجەد شاکەلی: نامەوێ بەراوردی "بارزانی" لەگەڵ "ستالین"دا بکەم و هیوادارم قسەکەم بە هەڵە لێکنەدرێتەوە. مانگی نیسانی 1986، بە

گەشتێک لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا چووبووینە سۆڤیێت، لە "تبلیس"ی پێتەختی گورجستانەوە، چووین بۆ سەردانی شارەکەی "ستالین"."گۆری". پەیکەرێکی تا بڵێی زەلامی "ستالین"، لەو گۆڕەیدا چووبووە ئاسمان. دەمزانی ئەوە "ستالین"ە، وەلێ، کە دیتم لە بنی پەیکەر و لەسەری پەیکەر و لە هیچ جێگەیەکیدا، هەر هیچی لەسەر نەنووسرابوو. منیش پرسیارم لە گایدەکەمان کرد، ئەوەی، ڕێنوێنی دەکردین و هەموو شتێکی بۆ باس دەکردین، کە کابرایەکی ڕووس بوو و بە سوێدی لەگەڵ ئێمەدا قسەی دەکرد، ئەویش پرسیارەکەی بۆ کابرای گورجستانی وەرگێڕا. پرسیارەکەشم ئەوەبوو، بۆ ناوی "ستالین"،ساڵی مردنی، لە دایکبوونی، یا هیچ شتێکی دیکە، لەسەر ئەو پەیکەرە نەنووسراوە. کابرای گورجستانی، دای لە قاقای کەنین و وەختبوو ببوورێتەوە و سەیرێکی منی کرد و شتێکی بە زمانەکەی خۆی گوت. گایدەکە بە سوێدی گوتی: ئەوە دەڵێ:"جا ستالین چ پێویستییەکی بەوەیە، ناوی بنووسرێت یا نە، هەموو دونیا دەزانێت ئەوە ستالینە و لەو دونیایەشدا هەر یەک ستالین هەبووە". خەڵک ئێستا لە سەر ستالین، چ دەڵێن و چۆنی دەبینن، ئەوە شتێکی دیکەیە و من قسەم لە سەر ئەوە نییە، بەڵام هاونیشتمانانی "ستالین"، دیارە نەک هەموو، "ستالین"یان خۆش دەویست، پێموایە "بارزانی" پێویستی بەوە نییە، لە ژێر یا لەسەر پەیکەرەکەیدا هیچ شتێک بنووسرێت، ئەو گەلێک لە پەسن و نووسین و پەیڤ، مەزنترە و هیچ یەکێک لەوانەش، ناتوانێت بارزانی بە تەواوی بناسێنێت.

***حەکیم کاکەوەیس: من وای بۆ دەچم، چەند ناحەزانی بارزانی خراپەی دەڵێن، ئەو گەورەتر دەبێ،کەچی چەند هێندێ لە ڕێبوارانی***

***ڕێبازەکەی چاکەی دەڵێن، زیانی پێ دەگەیەنن، دەبێ هەردوولا نەیانزانیبێ بۆچی دەژیا؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئیمام "عەلی" دەڵێت: "هلك في رجلان: محب غال، و مبغض قال/ واتە دوو پیاو، دووکەس، دوو دەستە، دوو جۆرە مرۆڤ، بەهۆی منەوە، تێدا دەچن، کەسێک، کە گەلەک زێدە منی خۆش دەوێت، و کەسێک، کە گەلەک زێدە ڕقی لێم دەبێتەوە". دەستەی یەکەمیان ئەوانەن، کە "عەلی"، بەخودا دەزانن و دەیپەرستن. دەستەی دووەمیشیان ئەوانەن، کە دژایەتی دەکەن و خراپەی دەڵێن و جنێوی پێ دەدەن. ئەو دوو دەستەیە، بەپێی لێکدانەوەی وشەی"تێدادەچن"، دیارە دەبێ بچنە دۆزەخ. من پێموایە ناحەزان و پێڕەوانی ڕێبازی "بارزانی"یش، هەردوو هەر نانی "بارزانی" دەخۆن و هەردوو هەر بەهۆی "بارزانی"یەوە دەناسرێن، چونکە مەسەلە هاوبەشەکە لە نێواندا،"بارزانی"یە، وەک دوژمن و وەک ڕێبەر. ناحەزانی "بارزانی"، ساڵانێکی دوورودرێژە، لێی دەخوێنن و لەبەرچاوی خەڵک، دەیدزێوێنن دەیانەوێت، ناو و مێژووەکەی، بسڕنەوە، لێ خەڵکی کورد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، مەزنیی ئەو پیاوەی بۆ دەردەکەوێت. خەڵکی کورد دەزانێت، مێژووی کورد، ئەگەر "بارزانی"ی لێ دەربهێنرێت، کە ناکرێت، هیچی گرنگی نامێنێتەوە. "بارزانی" دەکاتە درەوشاوەترین و پرشنگدارترین و لەبارترین و هەڵکەوتووترین، دیاردە و مێژووی، گرنگترین پەنجا ساڵی کورد. "بارزانی"، دەکاتە بنیاتنەر و نیشانە و ناسنامەی، بزاڤی کوردایەتییەکی جەماوەری سەرتاسەریی کوردستان. هەرچی ڕێبوارانی ڕێبازەکەشیەتی، چ پێویستییەکیان بەوە نییە، چاکەی "بارزانی" بڵێن. مێژووی "بارزانی"، بۆخۆی زمانحاڵی بارزانییە و شاکارەکانی دەگێڕێتەوە. "بارزانی"، کە بۆخۆی لە ژیاندا بوو، هەرگیز لەوانە نەبوو، حەز بە پێداهەڵدان و پێداهەڵگوتن بکات. بارزانی، هزرڤان و فەیلەسووف و

تیۆریساز نەبوو و هەرگیزیش بانگەشەی، ئەو شتگەلەی نەکردووە، بەڵام "بارزانی" شۆڕشگێڕ بوو، پێشمەرگە بوو، سیاسی بوو، ڕێبەر و سەرکردە بوو و خۆشەویستی گەل بوو. ئەگەرچی نەیارەکوردەکانی بارزانی، هەمیشە وەک شەیتان، لەکن موسوڵمانان، دەیاننۆڕییە و دەنوڕنە بارزانی، لێ بۆ کورد و لەکن زۆرینەی کورد، لە ڕیزی پێشمەرگە و سەرکردە مەزن و شۆڕشگێڕەکانی وەک "گیڤارا"، "ماو"، "گاندی"، "کاسترۆ"، "ماندێلا" و، ئەوانەدایە. هەموو جیهان بە کوردیشەوە ئەوە دەزانن. ئیدی بارزانی، چ پێویستییەکی، بە پەسن و پێداهەڵدان هەیە؟ هەموو پەسن و پێداهەڵدانێکی سەرکردە و ڕێبەر، و دۆزینەوە و هەڵبەستنی درۆ بە ناوییەوە و زلکردنەوە و فشکردنەوەی بێ بناخە و ڤالای، دەکاتە دروستکردنی دیکتاتۆر و کەسپەرستیی و زیانپێگەیاندنی. مرۆڤی مەزن، کە "بارزانی"یش یەکێکە لەوان، کردارەکانی چاکەی دەڵێن و بەرسڤی نەیارانی دەدەنەوە و بۆ خۆی مێژووی پرسەروەریی خۆی چێ دەکات. دیارە نەیارانی بارزانی، کە بە هەموو توانستێکیانەوە ویستوویانە و دەیانەوێت، ناوی "بارزانی"، لە بیرگەی خەڵکی کورددا بسڕنەوە، بۆ نەگەیشتن بەو ئامانجانەی، بارزانی، لە پێناویدا دەژیا، بڕێک زیاتر لێی تێگەیشتوون و دەیانزانی و دەزانن بۆچی دەژیا و ژیانیشی دەیکردە، کورتبوونەوەی تەمەنی ئەوان و پتر ڕسوابوونیان. هەرچی پێڕەوانیشیەتی، دەبوو زۆرتری لێوە فێربن و قووڵتری بخوێننەوە و پیرۆزی بکەن.

***حەکیم کاکەوەیس: وای دەبینم، ئەگەر بارزانی شۆڕشی ئەیلوولی بەرپاکردبێ چاکی نەکردووە و ئەگەر ئەو بڕیاری کۆتایی شۆڕشی ئەیلوولی دابێ، چاکی کردووە، لێرەدا ئەگەرچی خوێندنەوەکەمان بۆ***

***مێژوو ڕەنگە نوێ بێ، پرسیار ئەوەیە، ئایا بارزانی خاوەنی چاکەکە و خراپەکەش بوو؟***

ئەمجەد شاکەلی: پێش هەر شتێک، من ئەو شەڕە چەکدارییەی، لە ئەیلوولی 1961دا سازکرا، واتە دەستیپێکرا، هەروەک پێشتریش، لە نووسینی دیکەمدا گوتوومە، بە شۆڕشی نازانم، بەڵکە تەنێ، وەک یاخیبوونێکی چەکداریی، کە بەشێک بووە، لە نەخشەی کەسک"طرح سبز"ی، ئێرانی شا و وەڵاتانی دژ بە عیراقی کۆماریی عەبدولکەریم قاسم، سەیری دەکەم، لێ لە 1963وە، ئیدی دەشێ ناوی شۆڕشی لێبنرێت. پێشموایە هەرگیز بارزانی، لەگەڵ بەرپاکردنی وەها شەڕێکی، وەک 1961ی ماڵوێرانکەردا نەبووە و بەڵکە تێوەگلێنراوە و بەسەریدا سەپێنراوە، چونکە ئەوەی، کە تا ئەوڕۆش بەسەر کورددا دێت، لە هەڵە و نەهامەتی و بەزمی دیکە، هەر باجی دەستپێکردنی جەنگی چەکداریی "1961"ە. ئەگەر بووچوونەکەی منیش هەڵەبێت، واتە: ئەگەر ڕاست بێت و بارزانی شەڕی چەکداریی ئەیلوولی بەرپا کردبێت، ئەوا هەرگیز کارێکی باشی نەکردووە، بەڵکە هەڵەیەکی مێژوویی، گەلەک مەزنیشی کردووە. هەرچی کۆتاپێهێنانی شۆڕشی ئەیلوولیشە، پێموایە لە جێی خۆیدا بوو. ئەوەی کتێبی "رحلة الى الماضي القريب" ی "جەرجیس فەتحوڵڵا"، بخوێنێتەوە، بەچاکی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو شۆڕشە لەو دواییانەدا کەوتبووە چ بار و ڕەوشێکەوە! هەزارویەک دەردی تێکەوتبوو و بەرەو بۆگەنبوون دەچوو، ئەودەمی مرۆڤ دەگاتە ئەو بڕوایەی، کە بارزانی، نەک هەر چاکی کرد، بەڵکە گەلەک چاکی کرد. ئەگەر بارزانی وەها کارێکی نەکردایە، لەو بڕوایەدام بە عیراق و ئێران و ئەمەریکاوە، دەچوونە خوێنیی کورد و دەیانتاساند و قڕانیان تێدەخست. بێگومان خەڵکانێک هەن، تا هەنووکەش ئەو وەرچەرخانە، بە مێژووی "ئاشبەتاڵ" و "خیانەت" و شتگەلی دیکە ناو دەبەن، بەڵام هەر ئەو خەڵکانە،

بۆخۆیان لە نێو شۆڕشدا بوون، کە بارزانی بەردەوام نەبوو، ئەگەر ئەوان هێندە شۆڕشگێڕ بوون، بلا بەردەوام بوونایە و درێژەیان بە شەڕی چەکداریی بدایە. لێ نەتوانینی بەردەوامبوون، بوودەڵەیی ئەوان، و ڕاستیی کارەکانی بارزانی، دەگەیەنێت. بێجگە لەوەش، ئەوە سەلماندنیی یەک شتی فرەگرنگە و ئەویش ئەوەیە، کە ئەوان بە بارزانییەوە شت بوون و دەیانتوانی کار ئەنجام بدەن و بێ بارزانی لەگەڵ "هیچ"دا یەکسان بوون.

***حەکیم کاکەوەیس: باوەڕ ناکەم فکری کەسێکی وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد لە توێی نامیلکەیەکدا، کەپێی دەڵێن پەیڕەو و پرۆگرام، جێی ببێتەوە، ئایا بارزانی جێی دەبووەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: چ بیری مامۆستا مەسعوود موحەممەد، چ بیری بارزانی، لە چەند ڕووپەلی نامیلکەیەکدا، هەرگیز جێیان نابێتەوە. ئەوان بیریان، گەلەک لە نامیلکە و مامیلکە، مەزنتر و فراوانترن. مامۆستا مەسعوود موحەممەد، کۆمەڵێکی زۆر کتێب و نووسینی هەن، دیارە هزری کەسێکی وەک ئەو، لە توێی یەک نامیلکەدا جێی نابێتەوە، ئەگەر هاتبا و جێی بووایەتەوە، ئەوا ڕەنگە پێویستی بە نووسینی ئەو هەموو کتێبانە نەکردبا. مامۆستا مەسعوود موحەممەد، وەک پیاوێکی بیریار (هزرڤان)، کە پتر بەلای فیلۆسۆفیدا دەڕوات، بیرەکانی گرێدراوی یەک فەلسەفە و یەک ئایدیۆلۆژیا نین، و لە چوارچێوە و قالبی یەک فەلسەفە و یەک ئایدیۆلۆژیادا، خۆ نانوێنن و لە خوێندنگەیەکی هزریی تایبەتەوە، سەر هەڵنادەن، لێ هێڵێکی گشتیی، لە جیهانبینی و ڕێباز و ڕێڕەوی هزریی ئەودا، وەدی دەکرێت و ئەگەر هەر بێتوو بمانەوێ، لەگەڵ یەکێک لەو خوێندنگە هزرییانەدا، کە بیر بۆی دەچێت، بەراوردی بکەین و لێی نێزیک بخەینەوە، دەشێ بگوترێ، کە لە دیدی "کۆنسەرڤاتیزم"ی،

بە "لیبرالیزم" بۆیە کراوەوە، نێزیکە و پتر وەک "لیبرال-کۆنسەرڤاتیف"ێک، جیهان دەبینێت و دەکرێ بخوێندرێتەوە. هەروەک پێشتریش گوتم، بارزانی هەرگیز خۆی بە فەیلەسووف نەزانیوە، لێ بارزانی خودانی ئایدیۆلۆژیایەکە و ئایدیۆلۆژیاسازییش، بە گوێرەی "عەلی شەریعەتی" مەزن: "کاری پەیامبەرانە، نەک کاری فەیلەسووفان". بارزانی، خۆی بە سیاسی، پێشمەرگە و شۆڕشگێڕ زانیوە و پەیامی ئایدیۆلۆژیای کوردایەتیی، بە خەڵکی کورد ڕادەگەیاند و خەڵکیش، بەهۆی کار و خەبات و ئایدیۆلۆژیاکەیەوە، بەسەرکردە و ڕێبەریان زانیوە و خۆشەویست و گەلێر بووە. پێموایە ناکرێ، بیری بارزانییش، بخرێتە توێی نامیلکەیەکەوە. نەیارانی بارزانی، کە دەیانەویست بارزانی بخەنە چوارچێوەی، چەند دێڕێکی لاوازی پرۆگرام و پێڕۆی حیزبەوە، کە بۆ خۆی لە بنەڕەتدا، لەقاڵبدانی مرۆڤ و هزر و ئازادییە، هەرگیز پێیان نەکرا. ئەوی شۆڕشگێڕ و یاخی و سەربەز، وەک هەموو شۆڕشگێڕان و یاخییان و سەربەرزانی دیکەی ئەم جیهانە، گەلەک لەوە ئازادتر و مەزنتر بوو، بۆیە ئەو ڕەفزی هەموو چوارچێوەیەکی دەکرد، هەربۆیەشە بیری وی، لە چوارچێوەی کتێب و نامیلکەدا، جێی نابێتەوە.

***حەکیم کاکەوەیس: دوای ڕاوەستانی شۆڕشی ئەیلوول، کورد لە بارودۆخێکی نالەباردا بوو، ئەمەیان ڕاستە، بەڵام کە شۆڕش دەستی پێکردەوە، هەرکەسەو دەیویست بیسەلمێنێ خۆی دایمەزراندۆتەوە. ئایا چاکیان کرد دایانمەزراندەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: هەرگیز چاکیان نەکرد. گیروگرفتی خەڵکی ئێمە ئەوەیە: زۆرینەی کارمان، بێ بیرلێکردنەوە و نەخشەدانان دەیکەین. زۆرجاران بۆ خۆمان بیر ناکەینەوە، بەڵکە دەمانەوێ، خەڵکی لەبری ئێمە بیر بکەنەوە. ئەوەی، کە پێیشی دەڵێن شۆڕش، هەروا و بەپێی تیۆری

"پەنا بە خوا" و "تەوەككەل بەخوا" و "قیروسیا" و ئەوانە، دەستی پێدەکەین و بیر لە ئەنجامەکانی ناکەینەوە. من دەڵێم بارزانی، کە 1975 کۆتایی بە شۆڕش هێنا، کارێکی چاکی کرد، کەواتە هەڵگیرساندنەوەی شەڕی چەکدار، نەک شۆڕش، هەر دوای ماوەیەکی کەم، کارێکە دژی، ئەو کارەی بارزانییە و نەک هەر خراپ بوو، بەڵکە هەر بەسەقەتی و گۆجیی هاتە ئاراوە. کوردی هەموو کوردستان، پاش هەرەس، لە حاڵێکدا بوون، کە پێویستییان بە پشوویەکی دوورودرێژ هەبوو، بۆ ئەوەی بە خۆیاندا بچنەوە و بیرێک لە حاڵی خۆیان بکەنەوە. بۆ ئەوەی جارێکی دی، وێڵ نەبن و هەڵە کۆنەکان واژوو(دووپاتە) و دەپاتە نەکەنەوە.

یاخیبوون و ڕابوون، لە ئەنجامی چەوساندنەوە و تەنگپێهەڵچنین و چەپاندن و سەرکوت و دەمکوتکردنەوە و تووڕەبوون و ڕەفزکردنەوە و گوشارەوە، سەرهەڵدەدا و ئەگەر ڕێبەرایەتییەکی لێزان و هۆشیار و دڵسۆز و وەڵاتپارێزی هەبێت، دەبێتە شۆڕش، بەڵام ئەگەر وا نەبێت، ئەوا دەبێتە بەڵا و ماڵوێرانی و تێداچوون. تووڕەبوون و ڕەفزکردن و یاخیبوون و ڕابوونیش، کارگەلێکی عەفەوی و خۆڕسکیین و بە تۆبزی بە سەرخەڵکدا ناسەپێنرێن. خەڵک بۆخۆی دەبێ، دژی کاری نارەوای دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا بوەستێتەوە. خەڵک دەبێ پێیان بڵێ نا، ئیدی بەسە و بکەوێتە وێزەیان. با دوای هەرەسی 1975، خەڵکی کورد تاکە تاکە و لێرە و لەوێ، خۆیان بچوونایەتە سەر داگیرکەرانی گوندەکانیان و ڕاویان بنایەن. مەگەر ئەوە کۆمەڵە ساڵێک نییە "عەرەفات"، لەگەڵ ئیسرائیلدا پێکهاتووە و خۆی و دۆزی فلستینیشی، داوەتە دەست ئیسرائیلییەکانەوە و تا دێت زیاتریش، لەبەردەم ئیسرائیلییەکاندا دادەچەمێتەوە و کڕنووشیان بۆ دەبات، بەڵام کوشتن و بڕینی گەلی فلستینی، نەک هەر تەواو نەبووە و کەمنەبووەتەوە، بەڵکە هەر درێژەی

هەیە و ئەوەی، کە ڕابووە و بەرەنگاری ئیسرائیل بووەتەوە و بەرخۆدان بووەتە کارێکی ڕۆژانە و هەمیشەیی، عەرەفات و دەستە و دەسگا، سازشکار و پارەخۆر و مشەخۆرەکانی نین، بەڵکە منداڵ و مێردمنداڵ و لاوان و کیژۆڵانی فلستینین. ئەوان نەوەی بەردەفڕکێ و دارلاستیک و بەردەقانین. ئەوانن، خۆڕسکانە، هەر لە خۆڕا، هەڕەمەکییانە، بێ سەرکردە و بێ ڕێکخستن ڕاپەڕیون. کوردیش دەیتوانی وا بکات، لێ کورد هەرگیز ئەوەی نەکردووە و پەی بەو شێوە خەباتە نەبردووە. بەڵکە هەردەم چاوی لەدووی ئەوە بووە، زەلامێک پەیدا بێت و فووی پێدا بکات و جاڕی یاخیبوون بدات، ئەوجا ئەویش بەکاوەخۆ، وەدووی کەوێت. ڕەنگە بڵێن ساڵی 1991، خەڵک ڕاپەڕی! ساڵی 1991، دوای ئەوەی حوکوومەتی عیراق، بەهۆی لێدانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانییەوە، داری بە سەر بەردییەوە نەمابوو، هێزی لەبەر بڕابوو و نووزەی تێدا نەمابوو، ئەودەم لە کاتی ئەوپەڕی لاوازی و گیانەڵڵادا، کورد، ئەویش سەرەتا جاش و سووکەجاشی کورد، پەلاماری حوکوومەتیان دا و دەستیان لێوەشاند. وەها کارێک، هەرگیز لەگەڵ ڕابوونی فلستینییاندا "ئینتیفازە / إنتفاضة" بەراورد ناکرێت.

مانگی تەممووز و ئابی ساڵی 1980، هێشتا لە کوردستان بووم، لەسەر کەڵەکەکەی، نێوان بەردەسوور، کە سەر بە کەلارە لە گەرمیان، و مەیدان، کە سەر بە خانەقینە، کوردی دەرکراوی، بارکراوی، زەوی و خانوو و موڵک داگیرکراوی، ئەو گوندانەی لای قۆرەتووی خانەقینم بینیوە، کە بە هۆی دەرکردنەوە، لە کەلار دەژیا. لە کەلارەوە چووە بۆ گوندەکەی خۆی، بۆ ئەوەی کوێخا (موختار)ی گوند، کە عەرەبێکی داگیرکەر بوو، کاغەزێکی بۆ مۆر بکات، بۆ کارێکی ڕەسمی، دەمگوت باشە کاکە ناکرێ، ئێوەی خەڵکی ئەو گوندە، شەوێک بچنە سەر ئەو داگیرکەرانە و دەستیان لێبوەشێنن؟ خۆ ئەوانیش هەر چەند ماڵێکن و

هێـز و شـتی وایـان نییـە؟ یـا هـیچ نـەبێ خـانوو و خـەلـە و خـەرمـان سـووتاندنێ، تـاڵانکردنێ، بۆمبـا فڕێدانـە ڕێـی ئۆتۆمبیلێکیانـەوە؟ کـابرا وەختبوو زیرە بکات و دەمی بە یەکدا دەهات و دەیگوت: برا ئەوە بە کێ دەکرێ و کێ دەتوانێ خۆی لە قەرەی ئەو باسانە بدات! لێ ئەوەی پـێ دەکـرا، کـە منـەت و سـەگبـابیی، کـابرای داگیرکـەری گوندەکـەی تەحەممول بکات. دەبوو خەڵک، خۆی وای لێ هاتبا، ئەوانەی بە گوشار دانابا و ئەو تەنگپێهەڵچنینانە وای لێکردبان، بووایەنەتە ئاگر و تەقینەوە.

میشـێل فۆکـۆ دەڵێـت:"لـە هـەرکوێیـەک دەسـەڵات هـەبێت، لـەوێ بەرەنگاربوونەوە هەیە"، لای ئێمە، لەو وەڵاتەی خۆمان، دەسەڵات هەبوو، چ دەسـەڵاتێکیش، دەسـەڵاتی بـەعس، بـەڵام بـەرەنگاربوونـەوە، مـەبـەستم بەرەنگاربوونەوەی خەڵک بۆ خۆی، کاردانەوەی خەڵک، بەرپەرچدانـەوەی دەسەڵات، لە لایەن خەڵکەوە، لە لایەن تاکەکانەوە، ئەمـەیان نـەبوو. خـۆی ئـەمـەیان گرنگـە و ئـەمـەیان پێـوەر و نیشـانەیە، بـۆ ڕەسینی هـەسـت و هزری نیشتمانپەروەری و گیانی شۆڕشگێڕی. ڕەنگـە ئێسـتاکە ئـەو جـۆرە کارانە، بەلای هەندەک سیاسەتکار و خەڵکی دیکەوە، بە کاری خراپکاری و تەرۆریستی دابنرێن و خەڵک هەبن، شانازی بـەوەوە بکـەن، کـە کـورد لـە پـاکی و مرۆڤدۆسـتی خۆیـەوە، ئـەو جـۆرە کارانـەی بـەرانبـەر نـەیارانی نەکردووە. ئەگەر تەرۆریزم، ئامرازی بـە زۆر و بـە تـۆبزی، بـەکاربردنی تونـدوتیژی بێـت، بـە مـەبـەستی گەیشـتن بـە ئامـانجی سیاسـی، ئـایینی، ئایدیۆلۆژی، یا هی دیکە، دژی خەڵکی سیڤیل(مـەدەنـی)، واتـە: خـەڵکانێک، کە هیچ پێـوەنـدێکیان بـە کـاری سـەربازی و چەکداری و ئـەوانـەوە نییـە، ئەوا کـورد، بـە نـەکردنی ئـەو جۆرە کارانـە، کارێکی خراپـی نـەکردووە و باشـی کـردووە. نـەکردنی ئـەو جـۆرە کارانـە، ڕەنگـە مرۆڤدۆسـتی و شارسـتانیەتـی کـورد پێشـان بـدات، بـەڵام کـە کـورد ئـەو جـۆرە کارانـەی بـەرانبـەر خـەڵکانێک، کـە لـە خزمـەتـی کـاری سـەربـازی و کوردسـتان

داگیرکردن و کوردکوشتندا بوون، نەکردووە، ئەوەی سەلماندووە، کە نەزان و بێدەسەڵات بووە و، کە تاکە یەک شێوازە خەباتیش دەزانێت، دەنا بۆ لە شەڕی نێوخۆی کورد- کورددا، ئەوەی لە مرۆڤ ناوەشێتەوە و فەرهەنگی ئاژەڵانی لێڕەوارانیش پەسەندی ناکات، لە هەمبەر یەکدی ئەنجامیان داوە، لە "بەپریمزسووتاندن" و "بەتەورکوشتن"ەوە، تا دەگاتە ماڵ و موڵک و خەلە و دەغڵ سووتاندن و داگیرکردن و تەنانەت ژن داگیرکردنیش!

کورد، کە کاری تەرۆریستی نەکردووە، جەنگی خۆی و داگیرکەرانی کوردستانی، هێناوەتە نێو ماڵی خۆیەوە و گڕی، لە خانوو و دەغڵی خۆی بەرداوە و کوردستانەکەی خۆی وێران کردووە. من پێمواپە ماڵسووتاندن و جۆخینسووتاندن و تراکتۆر و ماشینی درووێنە شکاندن و وەدەرنان و تەنانەت، کوشتنی وەرزێرکی عەرەبی داگیرکەری گوندێکی کوردستان، یا سووتاندنی ئۆتۆمبیل و پایسکیل و ماتۆر و ماڵ و وەدەرنان و تەنانەت، کوشتنی کارگەرێکی عەرەبی داگیرکەر، کە هێنراوەتە جێگەی کوردێکی کەرکووک یا خانەقین، یا زیانلێدان و وەدەرنان و تەنانەت، کوشتنی عەرەبێکی دەهەزاریی، داگیرکەری کەرکووک، هەرگیز کارێکی تەرۆریستی نییە، بە مەرجێک منداڵ و ژن و پیری، ئەو جۆرە کەسانە، تێکەڵ بەو کارانە نەکرێن. ئەو کارانە، بە پێچەوانەی سیاسەتکارانی کوردەوە، من بە خەباتێکی ڕەوای، کوردێکی داگیرکراو و لانەوازکراوی دەزانم. دەزانی بۆ! چونکە ئەو کارگەرە عەرەبەی کۆمپانیای نەوتی کەرکووک، و ئەو عەرەبەگوندنشینەی داگیرکەری پارچە زەوییەکی کوردستان، لەگەڵ سەربازێکی عیراقی، ئەمنێکی عیراقی، موخابەراتێکی عیراقی و هەر بەعسییەکی عیراقیدا، هیچ جیاوازییەکی نییە. ئەویش سەربازە، ئەمنە، موخابەراتە، بەعسییە، ئەنفالچییە، کیمیابارێنە و مرۆڤکوژە، ئەگەر ئەوانە نییە، چۆن بە

داگیرکردن و زەوتکردنی، موڵک و ماڵ و جێگە و ڕێگەی مرۆڤی دیکە، بلا نەک کورد، بەڵکە شەیتانیش، قایل دەبێت! کەواتە بۆ دەبێ دەستیان لێ بپارێزرێت!. بە پێچەوانەوە، ئەوەی وەدەریان نا و زیانیان پێ بگەیەنێت و لە نێویان بەرێت، دەستی سەوز دەبێت و کارێکی قارەمانانە و شۆڕشگێڕانە دەکات و هەرگیز بە کاری تەرۆریستی نایەتە ژماردن، بەڵکە دەبێ وەک کارێکی دژەتەرۆریزم "کۆنتراتەرۆریزم"، بێتە ژماردن. کورد زۆر لە مێژە گوتوویەتی:"جێی سندان قوززەڵقورتە" یا "جێی مشت پێلەقەیە"، عەرەبی، بە تەماحخستنەبەر و چەشە و بەڵێنی هاوردەی عەرەباندن و داگیرکەر، کە بێجگە لەو زمانەی خۆی، زمانی تالان و چەپاو و داگیرکاریی، زمانێکی دیکە تێناگات. تۆیش گەرەکە بە تۆبزی و بە زۆر وەدەری نێیت، دەنا هیچ چارەیەکی دیکە نییە.

سەپاندنی شەڕی چەکدار بە سەر خەڵکی کورددا، بەناوی شۆڕش و شتی واوە، هەمووەدەم حاڵەتی پەلەکردن و شپرزەیی، بەسەر خەڵکدا سەپاندووە و هێناوەتە گۆڕێ. ئەوانەی دوای هەرەسی 1975، بۆ هەر مەبەستێک و بە دنەدانی هەر کەس و لایەنێک، دەستیان بە شەڕی چەکدار کردەوە، ئیدی شۆڕشی نوێی ناو دەبەن، یا هەرچی دی، دەیانەویست، تەنێ یەک شت بسەلمێنن، ئەویش، کورد ماوە و شەڕی پێ دەکرێت، لێ لەسەر حیسابی چی و کێ؟ تۆ هەر کارێک ئەنجام دەدەیت، گەرەکە دوای ئەنجامدانی، هەڵسەنگاندێکی بۆ بکەیت، بیرێکی لێ بکەیتەوە، بزانیت، باشت کردووە یا خراپ، هەر پەیڤێکی دەدەرێنیت، دەبێ دواتر بزانیت، باشت گوتووە یا نە. هەڵە و کێماسی و شاشییەکانت لە کوێدا بوون و چۆن بۆ کاری داهاتووت، دەستبەرداریان دەبێت و خاسیان دەکەیت. کورد، ئەو هەموو شۆڕش و جەنگی چەکداری و ڕابوونانەی کردووە، بێ ئەوەی پێش دەستپێکردنی کارە نوێیەکەی خوێندنەوە و پێداچوونەوەیەک بۆ کارەکانی پێشووی بکات و لەبەر

ڕووناکایی ئەوەدا، نەخشەیەک بۆ کاری نوێی داڕێژێێت. بۆ کارێکی وەها گرنگ و چارەنووسساز، مرۆڤ ناکرێت، هەر بە فیقەی زوڕنا یا شمشاڵی دەرەکییەک بکەوێتە سەما. ئەگەر بەرایی و پێشینە و دەسپێکەکان، نەخوێنرێنەوە و تاوتوو نەکرێن و هەڵنەسەنگێندرێن و خاسە و خراپەی بە باڵای یەکدی نەگیرێن و بەراورد نەکرێن، تێهەڵچوونەوە بە کارێکی نوێ، شپرزەیی و چەوتیی، ڕێبەرانی سیاسیی کورد دەگەیەنن. نەکردنی کارێکی زیانبەخشی وا، گەلێک پتر قازانج بە پرسی کورد دەگەیەنێت، لەوەی جەنگ هەر بۆ جەنگ و شۆڕش تەنێ بۆ شۆڕش، نەک بۆ مرۆڤ، بکرێت. ئێمە دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کە سیاسەتبازان لە وەڵاتانی خۆماندا، دیارە لە شوێنانی دیکەی ئەو جیهانەشدا هەروان، لەبەرپاکردنی شەڕ و ئەوانەدا، قازانج دەکەن، ئەوان نین دەکوژرێن، بەڵکە لاوانی خوێنگەرمی خەڵکەئاساییەکەن. سیاسەتبازان بە هۆی شەڕ و ئاژاوەوە، گیرفانپڕکردنی خۆیان مسۆگەر دەکەن. ئەوان دەوڵەمەندانی جەنگن، کەی بیر لە خەڵکەماڵوێرانەکە دەکەنەوە!. ئەو شەڕانە زۆرجاران، هەر لە پێناوی شەڕ و بۆ خۆشیی ساز دەکرێن، و زۆرجارانیش دەستێکی دەرەکی لە پشتەوەیە، بۆ ئەوەی میللەتگەلی وەک ئەوانەی لای خۆمان، هەرگیز ئیسراحەت و ئارامیی بەخۆیانەوە نەبینن.

***حەکیم کاکەوەیس: حیزبەکانی کوردستان شانازی بە زۆریی ژمارەی شەهیدانەوە دەکەن. زۆریی شەهید شانازییە؟***

ئەمجەد شاکەلی: زۆرجاران لە بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنی حیزبەکانی کوردستاندا، ئەو شانازیکردنە وەبەرچاو دەکەوێت. لەو بڕوایەدام، ڕەگ و ڕیشەی شانازیکردن بە شەهیدبوونەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی ئیسلام، چونکە شەهیدبوون لە ئیسلامدا، لووتکەی بڕوابوون و سووربوونە،

لەسەر ئایینی ئیسلام و بڕوابوونە بە داهاتوویەکی خۆشتر و سەروەری و ژیانێکی بەردەوام لە بەهەشتدا، کە دەکاتە جیهانێکی دیکە و درێژەپێدانی ڕەوڕەوەی ژیان. عەلی شەریعەتی دەڵێت:"شهید قلب تاریخ است همچنان که قلب به رگهای خشک اندام خون حیات زندگی میدهد"، واتە: شەهید دڵی مێژووە، وەک چۆن دڵ بە ڕەگی ئەندام هشک، ژیان و زیندووی دەدات. شەهید زیندووڕاگری، ژیانی مرۆڤە زیندووەکانە. "ئیمام خومەینی"، دەیگوت: "تمام زندگانی ما از عاشوراست" واتە: تەواوی ژیانی ئێمە لە عاشووراوەیە. دیارە مەبەستی ئیمام خومەینی، لایەنە حوسەینییەکەی عاشوورایە.

عاشوورا لە دیوە حوسەینییەکەیەوە، ترۆپکی کاری شۆڕشگێڕیەتی و خۆبەختکردن و سووربوونە، لە پێناوی گەیاندن و پەخشکردنەوەی پەیام و بڕوادا و ڕووناکترین خاڵێکە، لە مێژووی ئیسلامدا. هەرچی دیوە یەزیدی- ئەمەوییەکەیشیەتی، ناحەزترین و دزێوترین و تاریکترین و بێفەڕترین پەڵەیە، بە دیرۆکی ئیسلامەوە. حوسەین، وەک نیشانەیەکی درەوشاوەی باوەڕ، پەیام، یاخیبوون، شۆڕش، وزە و هێز و بەردەوامبوونی، بە کاری شۆڕشگێڕانە بەخشی و بە خوێن، لە عاشورادا، وەک ڕوشدی ئەلعامیل (رشدي العامل) دەڵێ:"دوا قەسیدەی خۆی دەنووسێت". حوسەین، شەهیدبوونی کردە سیما و دروشم و ئارمی، شۆڕشی هەمیشەیی، لە پێناو مرۆڤ و درێژەپێدانی ژیاندا. تۆ بنۆڕە دروشمی:"كل يوم عاشوراء وكل أرض كربلاء"، کە دەکاتە: هەموو ڕۆژێک عاشوورایە و هەموو خاکێک کەربەلا. واتە: گڕی عاشوورا، ئاگرێکی زیندوو و هەمیشەیی و بێخامۆشبوونە. شۆڕشێکە و گشت خاکێکی ئەم جیهانە، تەواوی گۆی زەوی، دەگرێتەوە. ئەم دروشمە، ئەم بیرە، ئەگەر بەچاوی ئەمڕۆ تەماشای بکەین و بیخوێنینەوە، لێکدانەوەیەکی گیڤاریستانەی، عاشوورا و کەربەلایە، واتە: گیڤاراندنی

عاشوورا و کەربەلایە. گیڤارایەک، کە بۆی گرنگ نەبوو، کەی و لە کوێ دەمرێت، بەڵکە ئەوەی بۆ گرنگ بوو، کە شۆڕشگێڕان هەمیشە خۆڕاگر و ڕاوەستاو بن و هەموو زەوی پڕ کەن لە هاتوهاوار، تا جیهان و سەرمایەداری و ئیمپریالیزم و چەوسێنەران و دەسەڵاتداران، نەتوانن لە سەر لەشی هەژاران و چەوساوەکان برازێن. گیڤارایەکی ئەرژەنتینی، لە کووبا، لە کۆنگۆ، لە بۆلیڤیا دەشۆڕشێ، کار و دەسەڵات جێدەهێڵێت و لە بۆلیڤیا شەهید دەکرێت، هەموو خاکێک بۆ ئەو، شۆڕشگەیە و هەموو ساتێک بۆ ئەو دەمی شۆڕش چێکردنە، ئەمە ئەگەر زیندووڕاگرتنی شۆڕش نەبێت دەبێ چی بێت؟ ئەمە ئەگەر بەردەوامبوون و درێژەپێدان و هەمیشەیی، کاری شۆڕشگێڕی نەبێت، دەبێ چی بێت؟ ئەمە ئەگەر جیهاناندنی شۆڕش نەبێت، دەبێ چی بێت؟ ئەمەی گیڤارا، هەموو ڕۆژێک بۆ شۆڕش، هەموو خاکێک بۆ شۆڕش، ڕێک سەلماندنی تیۆری، عاشوورایاندن و کەربەلایاندنی، کاری شۆڕشگێڕیەتییە.

ڕەنگە حیزبەکانی کوردستان و خەڵکی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیش، هەر لەو دیتنەوە بنۆڕنە زۆریی، ژمارەی شەهیدان. بە بڕوای من ئەوە کارەساتە، چونکە زۆریی ژمارەی شەهیدان، لە حیزبەکانی کوردستان، دەکاتە زۆریی ژمارەی کوژراوان لێیان، کە دەکاتە کەمبوونەوەی ژمارەی چەکدار و هەواداریان. ئەگەر جارنایش سەرکەوتن وەدەست بهێنرێت، ئەوا زۆرجاران لە ئەنجامی دۆڕان و بەزیندا، دۆڕان و بەزینی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە، دەنا خوانەخواستە مەبەستم شەهیدەکان نییە، ئەو خەڵکانە شەهید دەبن. شەڕی چەکداریی پارتیزانی، شەڕی بەرانبەر و بەرەیی نییە و بەگوێرەی تیۆریسازانی ئەو شەڕانەش دەبێ، بە کەمترین گیان و زیان، کاریگەرترین گورز و فرەترین زیان، لە هێزی دوژمن بدرێت. ئەگەر حیزبەکانی کوردستان، زۆرترین ژمارەیان لە شەڕ لەگەڵ دوژمندا، لێ شەهید ببێت، ئەوە کەی دەکاتە پێڕۆکردنی

تیـۆری پـارتیزانیی. تـۆ بنـۆڕە شـەڕی "پـەکەکـە" و لـەشـکری تورکیـا لـە 1984ەوە، هـەردەم ئـەگـەر پێنج یـا حـەفـت سـەربـازی تورکیـا کـوژرابن، ئەوا پازدە یا حەڤدە پێشمەرگەی ئەوان شەهید بوون. ئەوجا ئەوە چ شانازییەکە! ئەوەماڵوێرانییە، حیزبێک لاوانی پێبگەیەنێت، بۆ ئەوەی لە شەڕێکی وەهادا، بیانداتە کوشت و ببێتە هۆی وێرانکردنی هەزاران گوند و ئاوارەبوونی میلیۆنان مرۆڤی کورد. فرەجار حیزبەکانی کوردستان، ژمارەی ئەو چەکدار و کەسانەی خۆیشیان، کە لە جەنگی نێوخۆیاندا کوژراون، شەڕی نێوان حیزبە کوردییەکان، کە دەکاتە شەڕی کورد و کورد، دەخەنە سەر لیستی شەهیدەکانیان و بەوەش ژمارەکە زیاد دەکات. هەندەک جار تەنانەت ناوی هەندەک سەرکردە و بەرپرسی حیزبیی گەورەش، کە لە سەر جێگە و ڕەنگە بە هۆی فرەخۆرییانەوە، ترخەیان کردبێت و بە ئینتەلا، یا لە ئەنجامی خواردنەوەی زۆریشدا بووبێت، بەمەرگی خودا مردوون، نەک لە نەبەرد و شەڕگەدا، یا بە قەنارە و فیشەک، دەخرێنە نێو لیستی شەهیدانەوە و مۆری شەهیدیان لێدەدەن. ڕەنگە ئەگەر لە دیدێکی تەسکی حیزبییەوە، بنۆدرێتە چەمکی شەهیدبوون و بیروباوەڕ، دیارە ئەوانیش وا دەکەن، ئەو کارە ڕاستییەکی تێدا بێت، لێ ئەگەر "حوسەین" و "گیڤارا"، نموونە و پێوەری شەهید بن، کە لای من وایە، ئەوا گەرەکە بە تەواوی ئەو لیستانەدا، بچینەوە و سەرلەنوێ بیانخوێنینەوە و بژار و پۆلێنیان کەین و چەمکی "شەهید"یش پێناسە ڕاستەقینەکەی خۆی بدەینەوە.

***حەکیم کاکەوەیس: لە دیدارێکی کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئەلجەزیرەدا (نوري القیسي)ی سەرنووسەری گۆڤاری (الشعر) گوتوویەتی گوایە دەسگای فرانکلین پارەی داوەتە (بدر شاکر السیاب) تا هێندێ کتێبی***

***منداڵان بکاتە عارەبی. ئەو کتێبانە لە بەریتانیادا قەدەغە بوون، ئەمە چۆن دەبینیت ؟***

ئەمجەد شاکەلی: من ئەو پرۆگرامەم نەدیوە و ئاگاداری ئەو مەسەلەیەش نیم و "نووری ئەلقەیسی"ش ناناسم، لێ دەزانم،کە ئەسسەییاب(السیاب)نەدار و هەژار و نەخۆش بووە و لەنێوان ساڵانی 1960-1964دا، بەدەست دەردەوە، ناڵندوویەتی و لەنێوان نەخۆشخانەکانی بەیرووت و پاریس و لەندەن و کووەیتدا، بەشوێن تۆزێک ئارامی و کەمکردنەوەی ئازارەکانیدا، هاتوچۆی کردووە. ئەو، کە خودانی هیچ سامان و پارە و پووڵێک نەبووە، ڕەنگە نەبوونە و پێویستیی وای لێکردبێت، سەر بە ماڵی دوژمندا بکات.

ئەوروپاییان ئەوەی بۆ خۆیان خراپە و بڤەیە و چەپەڵە و نەگونجاوە، هەواڵەی وڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەمی،لەمەڕ خۆمانی دەکەن.ئەوان نەک هەر ئەدەبی قەدەغەکراوی خۆیان،کە دەبێتە هۆی تێکدانی مێشکی منداڵ و گەورەی ئێمە، دیکتاتۆری بەکرێگیراو و سیاسیی قورمیشکراو و ڕەوشەنبیری مێشکشۆردراوی ئەوروپایێنراو و فیلمی سێکسی و شەڕ و بابەتی نەخۆشی و گرێکوێرە دەروونییەکانی خۆیان، کە لاوانی ئێمە دەتەپێنن و دادەڕووخێنن، دەرمانی کاتبەسەرچوو و قەدەغەکراو، پیسی و پاشاخوڕی کارگە و فابریک، جگەرە و خواردنەوە و قوتووەخۆراکی کاتبەسەرچوو و قەدەغەکراوی خۆیشیان، بۆ وەڵاتانی ئێمە کلدەکەن و دەرخواردمان دەکەن و وەڵاتانمان پیس دەکەن و دەردەدارمان دەکەن و پاشانیش، دەرمانە بۆگەنکردووەکانی خۆیشیان لە ئێمەدا، مشکی ئەزموونگەئاسا، دەئەزموونن و بەرەبەرە لەبەینمان دەبەن. ڕەنگە، ئەسسەییابی بەدبەخت، هەر ئاگای لە قەدەغەبوونی، ئەو کتێبانەش نەبووبێت!.

***حەکیم کاکەوەیس: نوێبوونەوە لە شیعری عارەبیدا، کە دوایی شیعری کوردیش لاسایی کردەوە، هەر لە سەییابەوە دەستی پێکرد، دەبێ ئەمەش پیلانێکی فرانکلین نەبووبێ؟***

ئەمجەد شاکەلی: نوێکردنەوەی شیعری کوردی، لاساییکردنەوەی نوێبوونەوەی شیعری عەرەبی نییە. "گۆران"ی مەزن، کە ڕێبەر و پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری کوردییە، لە سەرەتای ساڵانی 1930دا، پێش نوێکەرەوەی شیعری عەرەبی "ئەسسەییاب"، کەوتووە، تەنانەت پێش "نیما یووشیج"ی فارسانیش کەوتووە. بیری نوێکردنەوەی شیعری کوردی، لە ڕێگەی کارتێکردنی ڕێبازی ڕۆمانتیک، کە ئەودەم تازەگەری بووە و لە ڕێگەی ئەدەبی تورکی و ئینگلیزییەوە، بەگۆران گەیشتووە. گۆران، بێجگە لە تورکی، شارەزایی لە زمانی ئینگلیزیشدا هەبووە. هەرچی "شێخ نووری شێخ ساڵح"یشە، کە ئەگەر لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، نۆرەیەکی بووبێت، لە ڕێگەی ئەدەبی تورکی و خوێندنەوەی "تەوفیق فیکرەت" و "نازم حیکمەت"ەوە، بیری تازەکردنەوەی شیعری کوردیی لا ڕەسیوە هەر بۆخۆیشی لاساییەکی زۆری تەوفیق فیکرەتی کردووەتەوە. نوێکردنەوەی شیعری کوردی، لەسەر دەستی "گۆران" بووە. گۆران، تا ڕادەیەک 15 ساڵان، پێش "ئەسسەییاب" و "نازک ئەلمەلائیکە"و "ئەلبەیاتی"، کە پێشەنگی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی بوون، کەوتووە، کە دەکاتە ئەوەی، شیعری کوردی پێش شیعری عەرەبی و شیعری فارسی، نوێ کراوەتەوە. شیعری عەرەبی نوێ، کە بە شیعری ئازاد "الشعر الحر"، ناوی دەرکرد، لە "ئەسسەییاب" و "نازک ئەلمەلائیکە" و "ئەلبەیاتی" و دواتریش "بڵند حەیدەری"یەوە دەستپێدەکات و سەرەتاکانیشی، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1946 و 1947. ئەوان، کە ئیدی بابەتی جڤاکی و سیاسییان، هێنایە نێو شیعرەوە، لە ژێر کاریگەریی، شاعیرانی چەپی جیهانیی، وەک "نازم حیکمەت"، "لۆرکا"، "پابلۆ

نیـرۆدا"، "مایاکۆڤسـکی"، "ئێلـوار" و "ئـاراگۆن" دا بـوون. بێجگـە لـەوەش شـاعیرانی وەک "ت.س.ئیلیـۆت"، "ئیـدیت سـتویل"، "ئیـزرا پـاوەنـد"، "سپیندەر"، "سانت جۆن پێرس"، کاریان کردووەتە سەر "ئەسسەییاب". شـیعری نـوێی "ئـەسسـەییاب"، لـە دیـوانی "گـوڵ و ئـەفسـانە / أزهـار و أساطیر"ەوە، کە ساڵی 1950، بڵاوکرایەوە و شیعری نوێی "ئەلبەیاتی" لە دیــوانی "کــووزە شــکاوەکان / أبــاریق مهشــمة" ،کــە ســاڵی 1954، بڵاوکرایەوە، دەستپێدەکات.

نوێکردنـەوەی شـیعری کـوردی، بـۆ دەبـێ پلانـی فـرانکلین، یـا هـەر کەسێکی دیکە بێت، خۆ کارێکی خراپ نەبوو! هەموو نوێکردنەوەیەک، پێشکەوتنی هـزر و جڤاک و پێویستیی ڕەوتـی ژیان، دەیهێنێتە گـۆڕێ و دەیسـەلمێنێـت. بـەڵام دەبـێ ئـەوەش بـزانین، کـە نوێکردنـەوە، ناکاتـە سـڕینەوە و پێشێلکردن و پشتگوێخستن و بـە هیچ نـەزانینـی، بـەرهـەم و کارگـەلێکـی پێشـتر. نوێکردنـەوە و تـازەگـەریـی، دەکاتـە ئـەوەی، دەق، هەموو دەمێک، پاراوی و تەڕایەتی و ناسکایەتی و جوانی خۆی بپارێزێت، بـا ئـەو دەقـە، پێش سـەدان ساڵیش نووسرابێت. خـانی، مـەلای جزیـری، نالی، مەحوی، شێخ ڕەزا، هەرگیز کۆن و ئێکسپایەر نابن و کاتیان بـەسـەر ناچێت. گـۆران، کـە ڕێبـەری نوێکردنـەوەی شیعری کوردییـە، نـەهـاتووە، هەرچی ئەدەب و شیعری پێش خۆیەتی، بسڕێتەوە و جاڕی ئـەوە بـدات، کـە هـەمـوو شـتەکان لـەوەوە دەسـتپێدەکەن، و ئـەو دەسـتپێکی شـیعری کوردییە، و کەسی دی هیچ نییە. "گۆران"ێک، کە دەروێش عەبدوڵڵای لـە بێتهـۆڤن گـەلـێ زیـاتر، بـە ڕۆح ئاشنا بێـت و سیاچەمانـە و ڕەشبەڵەک و قۆپی قەرەداغ و هەورامان و سروشت و کچانی وەڵاتەکەی خۆی، پێ لە هــەمــوو شــت جــوانتر بــن، نوێکردنــەوەکــەی، بــۆ ڕازاندنــەوە و زێدەجوانترکردن و ئازادکردن و بەرینکردنەوەی، ڕەهەندە هزرییەکانی شیعری کوردیی کردووە، نەک بۆ سەقـەتکردنـی. ئێستا لـە نێـو کـورددا،

شـاعیر و خۆبەڕۆشـنبیرزانی وا دەبینییـەو، کـە ڕای لـە هـیچ دەقێکـی ئەوانەی پێش خۆی نییە. ڕۆژێک بە ناوی "ڕیالیزمی سۆسیالیستی"یەوە و ڕۆژێــک بــە نــاوی "وجوودییــەت" و بێهــوودەیی"عــەبــەســییەت" و "ناماقوولّ"ەوە و ڕۆژێک بەناوی "سوریالیزم" و "دادایزم"ەوە و ئێستاش بــە نــاوی "پۆســت مــۆدێرنیزم" و "بونیادگــەری" و هەڵوەشــاندنەوە "تــەفکیکییــەت" وە و... دەق و کـار و داهێنـان و هـزری پـێش خۆیـان، کوللەئاسا، دەسڕنەوە و لە نێو دەبەن. ئەوەی، دەم لە نوێکردنەوە و تـازەگـەری و... دەکـوتێ، دەبـێ شـارەزای هـەمـوو کـون و قـوژبن و وردەکاری و مێژوومییەکی، ئەدەب و هزر و شیعری پێش خۆی بێت، و لـەسـەر ئـەو بناخەیـە، شـتەکانی خـۆی، کەڵەکـە بکـات و چـێ بکـات و بڕازێنێتەوە، چونکە مۆدێرنیزم، دیاردەیەک نییە، تەمەنی تەنێ ئەم سەد ساڵەی دواییـە بێـت، بەڵکـە ڕەگ و ڕیشـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ کلاسیک و مێژوویـەکی قـووڵی پێشـتریش. بـە پێچـەوانـەی ئـەو بابـەتـە خەڵکـەوە، "گۆران"، خۆی بە درێژەپێدانی تەواوی مێژووی شیعر و ئەدەبی کوردی، نـەک سـەرەتای شیعر و ئـەدەبی کـوردی، زانیـوە، ڕێک بـە پێچـەوانـەی هەندەک زڕەشاعیرو و زڕەنووسەر و زڕەڕەوشەنبیر و خۆبـەبیریارزانی کوردی ئەم سەردەمەوە.

***حەکیم کاکەوەیس: ئێستاش جوو، بەشێوەیەک یادی ئەو کارەساتانە دەکــەنــەوە، کــە نازییــەکان بــەســەریــان هێنــان، وەک ئــەوەی ئێســتا ڕوویانداب، بەڵام کیمیابارانی هەڵەبجە، قەڵادزێی 74ی داپۆشی و ئەنفال هەمووانی سڕییەوە و شەڕی ناوخۆ ئەنفالیشی خستە پەراوێزەوە، ئـەمـە پیلانە و لێمان دەکرێ، یا هەر خۆمان بیرمـان کۆڵـە؟ دەبێ چی بۆ ئـەو کارەساتانە بکەین؟***

ئەمجەد شاکەلی: کورد یەکێکە لەو گەل و کۆمەڵە خەڵکانەی، مێژوو ناخوێنێتەوە و ڕووداو و لێقەومان و شتگەلێکی پێیدا تێپەڕ بووە، گەلەک زوو لە بیر دەکات. مێژووی کورد، تا ڕادەیەکی لەبەرچاو، هەمووی دووبارەبوونەوەیە، چ دووبارەبوونەوەیەکیش! تۆ بنۆڕە ئەو هەڵە زلزلانەی، سیاسەتکاران و سەرانی کورد، بە درێژایی ئەو مێژووە زانراوەی کورد، کردوویانە و چەندبارەیان کردووەتەوە. گەلانی دیکەی ئەم جیهانە، تۆ نموونەی جوولەکەت هێنایەوە، هەموو ورد و درشتێکی خۆیان، پاڕاستووە و پێیدا دەچنەوە و بە هەزارویەک شێوە و جۆری دیکە، لێی ورد دەبنەوە و دەیخوێننەوە و شتی نوێی لێهەڵدەکرێنن. جوو، لە یەکەم ڕۆژی بوونیانەوە تا ئەوڕۆ، هەرچی شتە لەبارەی خۆیان و مێژوویان و ئایینیان و فەرهەنگیانەوە، خڕ کراوەنەتەوە و پارێزراون و ڕۆژانەش، شتگەلی نوێیان دەخرێنە سەر. جوو بە نووسین، بە فیلم، بە قسە و باس، بەوێنە، بە نامە، بە تەلیفۆن، بە ئابووری، بە تەکنیک، بە سیاسەت، بە فەلسەفە، بە تەلەڤزیۆن، بە هەموو بەشەکانی مێدیا، بە هەرچی شتێک، کە بە خەیاڵدا دێت، باس لە مێژوو و بەسەرهات و کڵۆڵی خۆیان دەکەن. تۆ بنۆڕە ئەو شوێنەوار و جێگەگەلەی، لە سەردەمیکدا خووی تێدا کوژراون و سووتێنراون و قڕان کراون، تەواوی ئەو شوێنانە، داخاو و ئاوشڤەیس و هی دیکە، هەموو کراونەتە مۆزە و هەرچی پاشماوەی ئەو قوربانییانەیە تێیاندا هەڵگیراون و پارێزراون و پێشانی هەموو مرۆڤایەتی دەدرێن. لە لەتەکاغەزێکەوە کە لە گیرفانی کەسێکدا بووە، کاتێک بۆ کوشتن و سووتاندن براوە تا دەگاتە مووی سەر و مووی لەش و فڵچەی ددان و چیلکەی ددان پاککردنەوە و مووروویەک و فڕکێتە و قردێلە و بازنگ و قەڵەم و نینووکبڕ و دەرپێیەک و کڵاوێک و پشتێنێک و هەر شتێکی دیکەی ئەوانەوە. سەرەڕای ئەوەی، کە جوو ئەوڕۆکە کەڵەگا و نێرەکەری هەموو جیهانن

و تــەواوی سیاســەت و ئــابووری و کــارگێڕی و هــەوســاری هــزری و فەرهەنگیی، ئەم جیهانەیان بەدەستەوەیە، هێشتاکە خەڵک، تەنانەت تۆ و منی خاوەن مێژوولکەیەکی نیوەچڵی هەرەساوی، ئەنفالاوی، هەڵەبجاوی، قەڵادزێاوی، تەعریباوی و سەدان "اوی" تریش، هۆن هۆن فرمێسکیان بۆ دەڕێژین و بەزەییمان پێیاندا دێتەوە. ئەوان کاریکی وایان کردووە و دەکەن، هەموو جیهان لەگەڵیاندا بگریێت و کارەساتگەلێک، کە بەسەریاندا هاتووە، لە هی هەموو خەڵکانی دیکە، مەزنتر و کاریگەرتر، بێنە بەرچاو. دیارە تاوانی نازییەکان، بەرانبەر ئەوان هی لێخۆشبوون و لەبیرچوونەوە نییە، لێ مێژووی مرۆڤایەتی، تژی و لێوانلێوە، لەسەدان کارەساتی جەرگبڕی دیکەش، کە هەرگیز نابێ لەبیربچنەوە؛ تاوانی ئەوروپاییان و ئەمەریکاییان لەهەمبەر ئیندیانەکانی هەردوو ئەمەریکای سەروو و خواروو و قڕکردن و سڕینەوەی هەرچی شوێنەواریانە، تاوانی سپیپێستانی ئەوروپایی بەرانبەر ڕەشپێستانی ئەفریقایی، کە چۆن وەک کۆیلە ڕاوەدەکران و دەگیران و دەبرانە ئەمەریکا و دەکوژران و تەنانەت مامەڵەی ئاژەڵیشیان لەگەڵ نەدەکران. ئەتۆمبارانی هیرۆشیما و ناگازاکی، لەلایەن ئەمەریکاوە. کوشتنی خەڵکی ڤیێتنام لەلایەن ئەمەریکاوە. ئەو جەنگانەی، کە لە ئەفریقای خواروو و ڕواندا و شوێنانی دیکەدا، لەلایەن ئەوروپا و ئەمەریکاوە سازکران. سەدان ساڵی داگیرکردن و کوشتنی خەڵکی ئەلجەزایر، لەلایەن فرانسییەکانەوە. داگیرکردنی فلستین و ڕۆژانە کوشتنی خەڵکی بێتاوانی فلستینی. ئەنفال و هەڵەبجەی کورد. ئەمانە و سەدانی تر، کەچی باس هەر باسی "دایکی عەباسە" و تەنێ کاغەزی جوولەکە دەخوێنرێتەوە و تەنێ ئەوانن، کە کوژراون و لێقەوماون و گوناهن و گەرەکە کۆمەک بکرێن و باس بکرێن، و کوژراوی خەڵکی دیکەش حیسابی پاییزەوەرینی گەلادارێکی بۆ ناکرێت.

کـورد، کـە مێـژووی خـۆی لـەبیـر دەکـات و کـارەسـاتەکان و لێقەوماوییەکانی خۆی زۆر باس ناکات و ناخاتە بەرچاو، ئەوە هیچ، کە بۆخـۆی بیرکۆڵـە، و شـت زوو لـە یـاد دەکـات، و پـەنـد لـە ڕابـوردوو وەرناگرێـت، و مێـژوو ناخوێنێتـەوە، و بـە وردیـی، بیـر لـە ڕووداوەکـان ناکاتـەوە، و شیکردنەوەیـەکی بابـەتیانـەی، بـۆ مێژوولکەکـەی خـۆی نییـە، تـەوژم و ڕەوتـی ڕووداوەکـان و سیاسـەتـی جیهانیشـی لـەگـەڵ نییـە. سیاسەتی جیهانی، مەبەستم سیاسەتی ڕۆژاوا "ئەمەریکا و ئەورووپا"یە، کە حیساب بۆ خەڵکانێک دەکەن، سەر بە خۆیان بن، لە خزمەتی خۆیاندا بن و بە قازانجی وان کار بکەن، و بەرژەوەندەکانی وان بپارێزن، یا هەڕەشە لە بەرژەوەندەکانی وان بکەن، و زیان بـە قازانجـەکانیان بگەیـەنن. کورد هـیچ یـەکێک، لـەو دووانـەی پـێ نـەکراوە و ناکرێـت، و نـە خـودانی ئابوورییـەکی مـەزنـە، و نـە فـەرهـەنگێکـی بـەهێـزی کـارا و کاریگـەر و قووڵیشی هەیە، کە پەیامی بۆ هەموو مرۆڤایەتی پێ بێت. ڕەنگە تـەنێ وەک ئـامراز و سـەرچـاوەی سـەرێشـەی خـەڵکانێک، کـە ڕۆژاوا بیـەوێـت، خجڵیـان"مـەشـغوولیان، سـەرقاڵیـان، سـەرگـەرمیـان، خـەریکیـان" کـات، و دەستیان بگرێت، سوودێک بە ڕۆژاوا بگەیەنێت، دەنا چی دیکە؟ من ناڵێم پیلانە و لێمـان دەکرێـت، لێ تـا ڕادەیـەک لـەو بڕوایـەدام، کـورد لـەلایـەن کۆمەڵگـەی دەوڵـەتـان و دەسـەڵاتدارانی جیهانـەوە، حیسـابی زڕ "زڕکـچ و زڕکوڕ"ی بۆ دەکرێت و لە دەرێ کرۆکی بازنەی سیاسەتە مەزنەکەیە. ناسین و دەستنیشانکردنی دۆست و دوژمن، کە بۆخۆی زانستێکە، کورد تاڕادەیـەک تێیـدا کۆڵـەوارە، کـارێکی یـەکجار پێویسـتە. بـەڵام بـا خـەڵکی کورد، دەست لەسەر ئەژنۆ دانـەنیشـن و تـەنێ گازنـدە، لـەدەرەکییـەکان نەکەن، بەڵکە بەر لە هەر کەس و هەر شتێک، لەخۆوە دەست پێ بکـەن، بۆ لەخۆوە دەستپێکردنیش، بەخۆداچوونەوە و سـەرلـەنوێ خوێندنـەوەی مێژوو، بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە و دۆزینەوەی ناسنامەی خۆ، مـەرجێکـی

سەرەکییە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. وەک ئامرازیش، بیری هۆز و خێڵ و زاراوە و باژێڕ و حیزبچێتی، وەلاوەنان و لەبری ئەوە، وەک کورد و کوردستانی بیرکردنەوە، کورد بەرەو ئامانج دەبات. بۆ ئەوەی کورد، دەنگی خۆی بگەیەنێتە جیهان، خەڵک لە کارەسات و دەردەکانی خۆی ئاگادار کاتەوە، گەرەکە مینا (وەک) منداڵێکی گرینۆک و وڕکگر و چەتوون، مینا لاوێکی سەرەڕۆ و کەللەشەق و تووڕە و یاخی بەدەنگەدەنگ و هاوار و قیڕە، گوێی سیاسەتکاران و دەسەڵاتدارانی جیهان، کەڕ کات و خەو لە چاویان بزڕێنێت و پشوویان لێ بڕەوێنێتەوە و بێ وچان و حەوانەوە، هەمیشە و بەهەموو ئامراز و شێوەیەک، برین و دەردەکانی خۆی نیشان بدات و سیپاڵە خوێناوییەکانی، لە سەر هەموو تەنافێکی ئەو دونیایە هەڵخات. نەهێڵێت دیمەنی زارۆک و ژنە بەژارخەولێخراوەکانی هەڵەبجە و گوڵاڵەسوورە سیسێنراوەکانی هەڵەبجە و زیل و منداڵ و کێژووڵە و لاو و پیری بۆ تۆپزاوابراو و زیڕە و شەق و تێهەڵدان و ڕاتەکاندنی ئەنفالکراوانی، کاڵ ببنەوە و لە یاد بچن. کورد خۆی گەرەکە ئەوە بکات. ئەو کارە تەنێ بە کورد خۆی دەکرێت و هیچ یەکێکی دیکەی ئەم جیهانە، لە بری کورد نایکات. جوولەکە وا دەکەن، زۆرجاران بە درۆیشەوە، بلا کوردیش، کە بەڕاستیتی، لەو ڕووەوە شتێک لەوانەوە فێر بێت. ئەنفالی کورد، هەڵەبجەی کورد و وەدەرنانی کوردی فەیلی و خانەقین و کەرکووکی کوردستان، چییان لە شەوەکریستاڵ و هۆلۆکۆستی جوولەکان کەمترە! جیاوازییەکان لەوەدان، ئەوانەی جوولەکە "باوکدارن" و خودانیان هەن و ئەوانەی کورد "بێباوک" و بێ خودانن. کوردێک، زارۆکەکانی بە ئەلفبێی ئەنفال و هەڵەبجە و کۆڕەو، دەست بە یەکەم وانەی ژیان بکەن، دەبوو و دەبێت، سڵ لە هیچ نەکاتەوە و جیهان بهەژێنێت و سەرنجی تەواوی مرۆڤی ئەم جیهانە و هەرچی دەسەڵاتدارانە، بە لای خۆیدا ڕاکێشێت و بە تۆبزی ناچاریان

کات، گوێی بۆ ڕادێرن. موزەففەر ئەننەوواب (مظفرالنواب) دەڵێت:"ان تراب العالم لا يغمض عيني جمجمة تبحث عن وطن"، خۆڵی هەموو جیهان، چاوانی کەللەسەرێک، کە منەی وەڵاتێک دەکات، نانووقێنێت. چاوانی، کەللەسەرانی شەهیدانی ئەنفال و هەڵەبجە و لاوانی کوردانی فەیلی و زیندانییەکانی دیکەی هەموو کوردستان و کورد، ئەوڕۆ وەدووی وڵاتدا دەگەڕێن و ئەوڕۆ زاری ئەو کەللەسەرانە، سترانی ئازادی دەچڕن و چاوەکانیان دەبنە چرا و ڕێگەی ڕزگاری و سەرخۆبوون ڕۆشن دەکەنەوە. ئەوڕۆ ئیدی، کاتی ئەوە هاتووە، مەترسیی لەنێوچوون، تینێک بە ڕەوتی ڕزگاری بدات و کورد یەکخات و بە یەک دەنگ هاوار بکات و خەڵکی کورد، مرۆڤی کورد، بۆ خۆی، ڕێگەی ئازادی تەواو و یەکجاریی بگرێتە بەر.

***حەکیم کاکەوەیس: ئەدەبی کوردی کەمتر خۆی لەو کارەساتانە دەدا، کە بەسەر کورددا دێن، کارەساتەکان بۆ کێشەی باوکسالاری و سەربەستی ژن و کێشەی کرێکار بوونەتە پەراوێز. ئایا ئەرکی ئەدەب نییە وەک جووەکان، کورد لەسەر خوێنی خۆی بڕوێنی؟***

ئەمجەد شاکەلی: بۆ ئەوەی ئەدەب، خۆی لە قەرەی کارەسات و ڕووداوگەلێک بدات، کە بەسەر گەلێک، یا کۆمەڵەخەڵکێکدا دێن، ڕەنگە پەلەکردن و هەڵپە، پێویست نەبێت. هەر ڕووداوێک، کارەساتێک، لێقەومانێک، کە بەسەر خەڵکێکدا، تەنانەت تاکەکەسێکیشدا تێدەپەڕێت، کاتێکی دەوێت، تا ئەو خەڵکە یا ئەو کەسە، هرسی بکات و پێیدا بچێتەوە و لە ڕەهەندگەلێکی جیاوازەوە، لێی بنوڕێت و نوێژەن و لە دیدێکی نوێوە بیخوێنێتەوە. ڕەنگە هێشتا زوو بێت، چاوەڕوانی کاری مەزن، لە نووسەر و قەڵەمبەدەستی کورد بکەین، بۆوەی تەواوی کارەساتەکان، بخەنە چوارچێوەی ڕۆمان و شیعر و چیرۆک و فیلم و شانۆ و تابلۆ و

داهێنـان و شـاكارەوە. كـورد، هێشـتا بـە تـەواوەتـی مێژوولكەكـەی خـۆی نازانێت و نەنووسیوەتەوە. كورد، تا ئێستاش نەیتوانیوە، ئامـاری ڕێكوپێك و تـەواو، لـەمـەڕ لـەنێـوبردی لاوانـی كـوردی فـەیلی، ئـەنفـال، هەڵـەبجـە، شـەهیـدانی ڕابوونـەكان و شۆڕشـەكانی، عـەرەبانـدن، ڕەو، توركانـدن، كـۆچپێكردن و... سـەدان بـەزمـی دیكـە، خڕكاتـەوە. كـارێكی جیـددی، لـە بـارەی دۆكیـۆمێنتێر و پـۆلێنكردنی زانیـاری و ئـەو ئامارانـەی، كـە لـە بـەردەسـتدان، نـەكردووە. كـورد، بـە بـەراورد لـە تـەك جوولەكـەدا، خەڵكێكی نەخوێندوو، هەژار، نەدار، نەزان، سافیلكە، بیرگەلاواز، خۆنـەنـاس و... هـەرچـی جوولەكـەشـە، تـەنانـەت تـاكی جوولەكـەش، مـۆزەخانەیەكـە، كەلـەپوورخانەیەكە، "شـەرەفنامـە"یەكـە بـۆ خـۆی. هـەمـوو تـاكێكی جـووو "ئیبنولئەسیر"، "ئیبن خەلدوون"، "ئەلتەبەری"، "شەرەفخانی بدلیسـی"، "مـەلا مـەحمـوودی بایـەزیـدی"، "مـەلا جـەمیـل ڕۆژبـەیانی" و "كـەمـال مـەزهـەر ئەحمەد"ێكە بۆ خۆی. كوا كورد وایە؟ ئەوەتا كەموكوت و لێرە و لەوێ، كـارەسـات و ڕووداوكـان، لـە هـەنـدەك كـاری ئـەدەبـی و هونـەریـدا، دەبینرێنـەوە، لـێ هێشـتا زۆری مـاوە. بـەردەقـارەمـان، 1963، دەرسیم، مەهاباد، هەرەس و پێشمەرگە، هەڵەبجە، بارزان، براكوژی، شێخی پیران، ئـاگری و ئـەوانـە، لـە ڕۆمـان و چیـرۆك و شـیعر و تـابلۆدا، جاروبـار سەرەتاتكێمان لـەگـەڵ دەكـەن. ڕەنگـە "هـەرەس"ی موحـەممـەد مـوكری، "ڕێگـا"ی موحـەممـەد مـەولـوود (مـەم)، "تـەونـی جاڵجاڵۆكـە" ی حـەكیم كاكـەوەیس، "چـاڵی جـەرگـی پیـرەژن" ی حوسـەین عـارف،"دەربـەنـدی پەپوولە"ی شێركۆ بێكەس،"دارەكەی بەرماڵمان"ی ئـەحمـەد موحـەممـەد ئیسـماعیل، تـابلۆ هونـەرییـەكانی قـەرەنـی جـەمیـل، "پـردی ئارتـا" و "ڕووتبوونـەوە" و "دەسـت" و "دوو پێغـەمبـەر"ی فـازڵ جـاف و...چـەنـد نموونەیەك بن. ئەگەر ئەوانەش، كە بـە زمانانی نـاكوردی، بۆ نموونـە: ڕووسـی، عـەرەبـی، فارسـی و تـوركی و...ئـەوانـە و لـەمـەڕ كـوردەوە

نووسـراون، بخەینـە چوارچێـوەی دەردەکوردەکـەوە، ئـەوا دەکـرێ "دمـدم"ی عـەرەبێ شـەمۆ، و ئـەلـڕیش" الـریش "ی سـەلیم بـەرەکات، و حەمەلەڕ"ئینجەمەمـەد"ی یـەشار کـەمال و "آبشـورا"ی عـەلی ئـەشرەفی دەروێشـیان و کوللـە"الجـراد"ی موحیـەددیـن زەنگـەنـە و سـەردەمـی هــەلاتن"زمــن الهــروب" و درێژتــرین ســاڵ"أطــول عــام"ی زوهــدی ئـەلداوودی...بە هـەمـان چاو تـەماشا بکـەین. دیارە وەک پێویسـت، ئـەو بابەتانـە زۆرکـەم خۆیان لـە قـەرەدراوە. ئێمـە ئـەگـەر چاوەڕێی شاکاری، مانەندی "جەنگ و ئاشتی" و "لانەوازان" و"ڕەگەکان" و "دۆکتۆر ژیڤاگۆ" و "ڕۆژهەلاتی زەریای ناوەڕاست" بکەین، دەبێ پشوومان درێژ بێت.

مـن باسکردنی سـەربـەستیی ژن و کێشـەی کرێکار و بـاوکزاڵیم، پێ کارێکی خراپ نییە، چونکە ئەو باسانە، پێوەنـدی ڕاستەوخۆیان، بـە ژیانی خەڵکی کورد و باری جڤاکی و ڕەوشی ئابووری و نانپەیداکردنەوە هـەن. چارەسـەرنـەکردنی ئـەو کێشـانە، ئـەگـەر شـانبەشـانی کێشـە مـەزنـەکان نەڕوات، پێموایە لەنگییەک لـە بـەرەوپێشچوونی کۆمەڵگـەدا ساز دەکات. گـەلـەک جـار نووسـەر و هونـەرکـاری کـورد، لـە ترسـی سانسـۆر و دەسـەلاتدارانی دوژمنـدا، و بـۆ ئـەوەی بیانوویـان بـەدەستەوە نـەدەن، و تووشـی گێچـەڵ نـەبـن و پەیامەکەیشیان بـە خـەڵک بگەیـەنـن، پـەنایـان بـردووەتـە بـەر باسـکردنی کێشـەی کـورد، لـە شـێوە و چوارچێـوەی باسکردنی، کێشـەی ژن و کارگـەر و باوکزاڵیـدا. زۆرجـاران پـەیڤی زل و باسـی گـەورە، لـە پـەنـای پێویسـتییە هـەنووکەییەکـە و ژیانـە ڕۆژانەکـەدا، گرنگیی خۆیان لە دەست دەدەن. نان، ئـاو، خـەو، خـانوو، دەرمـان و... بـۆ برسـی، تینـوو، شـەکەت، لانـەواز، نـەخـۆش و...لـە باسـی دیکـە گرنگتـر و پێویسـتترن. ئـەو بابـەتانـە (کارگـەر، ژن، نـان، ئـازادی تـاک، ململانێـی چینایـەتـی، خێـڵ)، کـە بـە ڕای مـن بونیـاد و پێکهاتـەی جڤـاکی کـوردی دەردەخـەن، خۆلێبواردنیـان، زیـان بـە فراژووتنـی کۆمەڵگـەی کـوردی

دەگەیەنێت. خەڵکی وا هەن، تۆ باسی هەر مەسەلەیەک بکەیت، دەسبەجێ دەڵێن، جا کەی وەختی ئەوەیە، خۆ ئێمە دەوڵەتمان نییە! ئێمە دەوڵەتمان هەبێت یا نە، ژن و کارگەر و زارۆک و چین و سێکس و...کێشەی ئەوانەمان هەن. ئێمە دەوڵەتمان هەبێ یا نە، خەلکی کورد، نان دەخۆن و نان پەیدا دەکەن، نەخۆش دەکەون، گان دەکەن، زاوزێ دەکەن، کار دەکەن، دەکڕن و دەفرۆشن، دزی دەکەن، مرۆڤ دەکوژن، دەخۆنەوە، نوێژ دەکەن، دەمرن و...چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی ئەو جیهانە، بەند نییە، بە بوون و نەبوونی دەوڵەتەوە. خۆ ئەسیووپیا، ئەفغانستان، سۆمال، ڕواندا و... هەموو دەوڵەتن، لێ هەزارویەک دەرد ڕووی تێکردوون. نووسەر، هونەرکار، بە وشە، بە فڵچە، بە مۆسیقا، بە کامیرا، بە تەختەی شانۆ، دەتوانن لەڕێگەی "عومەری خاوەر"ەوە، "عەبەئامە"وە، "کەژاڵ خدر"ەوە، "ئەرپە"وە، هەجیجییەکەوە، خوێندنگەیەکی ڕووخاوەوە، مینێکەوە،کارگەرێکی کازێوەی بەردەم ئەحمەداغای کەرکووکەوە، جۆتکارێکی کوێرەگوندێکی جزیرەوە، تلیاکییەکی کووچەیەکی کرماشانەوە، دارێکی بڕاوەوە، مزگەوتێکی سووتاوەوە و کوشتنی کێژێکی جوانی قوربانیی بیری ژەنگرتووی شەرەف و ناموسی خێڵ بەدەستی باوک یا برایەکی خۆی و... دەیان وردە شتی دیکەوە، خۆ لە قەرەی بابەتگەل، هێندە هەستەوەر و مەزن بدەن، کە شاڕۆمان، شاشیعر، شافیلم، شاچیرۆک، شاشانۆ، شاتابلۆی، هێندە هێزا و نایابی لێ پەیدا بێت، شان لە شانی، شاکارە جیهانییەکان بدەن. ئێمە ئەگەر بمانەوێت، خەڵک لە کارەساتەکانمان ئاگادار کەینەوە، دەبێ لەو وردەواڵانەوە دەست پێ بکەین و لەو دەروازەیەوە وەژوور کەوین. ئەوروپایی و خەڵکی دیکەش، پتر لەو شتگەلانەی، کە لە ناخی کۆمەڵ و ناوەوەی مرۆڤەوە نێزیکن، تێدەگەن.

کوردێکی کەرکووکی، کە ساڵانی 1980، لە ئیتالیا دەژیا، زۆرجاران دەیگوت، ئەمە چییە ئەم حیزبە کوردییانە، کە بەیان و بڵاوکراوە و شتی وا دەردەکەن، دەنووسن چوار سەربازمان لە "بانمەقان" کوشت و دوو سەربازمان لە "قەرەهەنجیر" گرت و ڕەبییەیەکمان لە "بازیان" وێران کرد، ئیتالی یا ئەورووپایی، چی لە بانمەقان و قەرەهەنجیر و سەربازکوشتن و ئەمانە تێدەگات! لەو بەینەدا فیلمی "ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان"ی هونەرکاری هەڵکەوتوو "بەهمەن قوبادی"م دیت. قوبادی نەهاتووە شۆڕشی شێخی پیران، بارزانی یا شێخ مەحموود، بکاتە فیلم، ئەوە هەم تەکنیکێکی پێشکەوتوو و هەم پووڵێکی یەکجار زۆری گەرەکە، ئەو هاتووە بابەتگەلێکی گچکە و کوێرەئاواییەکی، ئەو کوردستانەی هەڵبژاردووە و زیرەکانە و زێدەجوان توانیویەتی؛ بە هۆی هێسترەمەستەکان و مەهدی و ئەیووب و ڕۆژین و یاسین و ئامینە و... ئەوانەوە، نەگبەتی و کڵۆڵی و داماوی و سەختیی ژیانی، بەشە زۆرینەکەی خەڵکی کورد، بخاتە ڕوو و بە پاسدار و قاچاخچی و خوێندنگەی گوندەکە و تەلەدڕکاوییەکەی سنوورە نەبینراوەکەش، تەواوی بەدبەختییە سیاسییەکە، پێشان بدات، بێ ئەوەی، بە یەک وشەیش، باسی سیاسەت بکات. من پێموایە هونەری ڕەسەنی لەو جۆرە و پێشاندانی، کزۆڵەکیژووڵەیەکی منداڵ، پیرەژنێکی جەرگسووتاو، خانووەسووتاو و ڕووخاوێکی گوندێک، لاوێکی لاواز و هەموو لەش برینداری زیندانی، ژوانی نیوەشەوی نێو کادێنی، دوو دڵداری گوندیی، ئاوازێکی ڕەسەنی کوردەواری و... لە شیعر، ڕۆمان، چیرۆک، فیلم، شانۆ، تابلۆ، کۆنسێرتێکدا، هەزار هێندەی ساڵانێکی فشەی سیاسەت و خەڵک بە کوشتدان و قسەی زلی قوڕات و هیچ سەوزنەکەر، کاریگەر و پەیامگەیێنەرترن.

***حەكیم كاكەوەیس: فەلسەفە، وەک هەندەسەی نائیكلیدی و گۆڕاوە ئاڵۆزەكانی ماتماتیک و فیزیای ناوكی، بابەتی بە ناز و فیزی دەستەیەكی كەمی میللەتانە، كەچی لای كورد، بۆتە بابەتێكی جەماوەری و لەیەک شاردا هەزاران فەیلەسووف و تالبی فەلسەفەمان هەن! ئەمە دیاردەیەكی ئاساییە یا تەماویكردنی بارودۆخە سیاسییەكەیە؟***

ئەمجەد شاكەلی: لەم ئەوروپایە، كە بۆ خۆی لانكی فەلسەفەیە و لە گریكییەكان و كەڵەفەیلەسووفانی، وەک "ئەریستۆ"، "ئەفلاتوون"، "سۆكرات"ەوە، تا دەگاتە "كانت"، "دیكارت"، "نیچچە"، "شۆپێنهاوەر"، "هیگڵ"، "ماركس" و... دەیانی دیكە، لە خاكیدا پەیدابوون و پێگەییوون و پەیامی خۆیان، بە جیهان و مرۆڤایەتی ڕاگەیاندووە، وەها كارێک، وەک ئەوەی كوردستان، وەدی ناكرێت. فەلسەفە، بابەتێكی جەماوەری نییە، پێوەندی بە ژیانی ڕۆژانە و ڕەوشی سیاسی و نانپەیداكردنەوە هەبێت، بەڵكە تا ڕادەیەک، هی خەڵكانێكی بێكار و ژیان مسۆگەرە، كە دەتوانن بە سەعاتان، بە دیار شتێكی بچكۆلانەوە، دانیشن و ڕابمێنن و لێی ورد بنەوە. هی خەڵكانێكە، كە دەتوانن دووبەش و زیاتری كاتیان، لە كتێبخانانەدا بەسەر بەرن. هی خەڵكانێكە، كە دەتوانن شەوان و ڕۆژان دانیشن و دەمەتەقە لەسەر ئەوە بكەن، كە ئایا مریشک لە هێلكەیە یا هێلكە لە مریشک. بوون، خوا، مردن، ژیان و... چ دەگەیەنن؟ هی خەڵكانێكە، مێشكی خۆیان بجەڕێنن و بیریان بۆ باسگەلێک و شتگەلێک تەرخان كەن، كە بە لای مرۆڤی ئاساییەوە، نەک هەر پێویست نییە، بەڵكە كاتكوشتنیشە.

ئەم جۆرە باسانە، لە ئەوروپا، لە نێو كارگە، جادە، قاوەخانە، یا لە نێو هۆڵێكی مەزندا و لەگەڵ یەک دوو هەزار كەسدا، ناكرێن. زۆرجاران بابەتی فەلسەفەیی، لە ئەوروپا لەنێو بازنەیەكی دە دوازدە، ئەگەر هەر زۆر بێ، بیست كەسێكدا، دەخرێتە بەر باس و قسەی لەسەر دەكرێت.

لێرە لە سوێد، پرۆگرامێکی ڕادیۆییان هەیە، بەناوی "ژووری فەلسەفە Filosofiska Rummet/"، لەوێدا بابەتگەلی فەلسەفەیی زۆر نایاب و بەشێوەیەکی زۆر جوان و لێزانانە، دەخرێنە بەرباس. بەڵام ئەوەی، هەموو خەڵکی شێخەڵڵا، ئەسحابەسپی، حەسیرەکە، یا تۆڵەفرۆش، خرکەیتەوە و باسی "نیچچە" و "پۆست مۆدێرنیزم" و "هیگل" و "فۆکۆ" و "ژاک دریدا" و "کۆمەڵگەی مەدەنی" یان بۆ بکەیت، و تەواوی تیۆرییەکانی ئەوان و لەمەڕ ئەوانیشەوە بهێنیت، و بەڕاستە و میللیمیتر و هوققە و باتمان، بەسەر کۆمەڵگەی کورددا، بیانپێوی و لەفەن پۆشاکێکی دووراو، لەبەریان کەیت، ئەمەیان کارێکە، تەنیا "ڕۆشنبیری کورد" پێی دەکرێت و بەس. نابەخودای، ئەمە هەرگیز دیاردەیەکی ئاسایی نییە، جا ئیدی ئەو فەیلەسووفانە بۆ خۆیان، چ دەڵێن بلا بڵێن. گۆڤاری تایبەت بە فەلسەفەش لە ئەوروپا، پێموایە هەر نییە و ئەگەر هەشبن، هەموو خەڵک بە لایاندا ناچن و نایانخوێننەوە، چونکە کاری ئەوان نییە، بەڵکە ئەوە سەرتەڵێکی خەڵکەکە، دەستەبژارێک،، ڕەنگە خۆ بەو بابەتانەوە خەریک کەن،

کچێکی سوێدی، گۆڤاری "ڕەهەند"، کە لە سوێد دەردەچێت و ڕووپەلەکانی خۆ لە سێسەد و چوارسەد دەدەن، بە دەست کوڕە کوردە هاوڕێکەیەوە دەبینێت و دەپرسێت: "ئەم کتێبە زلە چییە و باسی چ دەکات؟". کوڕەش دەڵێ: "ئەوە گۆڤارێکی فەلسەفەیی هزرییە". کچە دەڵێ: "بە چ زمانێکە؟" کوڕە دەڵێ:" بە کوردییە". کچە دەڵێ:" چما کورد گۆڤاری وا زلی تایبەتی فەلسەفەیی هەیە؟". کوڕە دەڵێ: "بەڵێ". کیژە دەڵێ:" دەی باشە، ئیتر ئەوە بۆ، کە هێلیکۆپتەر و فڕۆکەکان نانتان بۆ فرێدەدەنە خوارەوە، وەها بە دوویدا هەڕادەکەن!".

دەردێکی هەرەمەزنی خەڵکانی خۆبەڕۆشنبیرزانی وەڵاتی ئێمە ئەوەیە، دەم لە شتی یەکجار زل دەکوتن. کورد زوو گوتویەتی: "بەردی زل

هەڵگرتن، نیشانەی نەهاویشتنێتی". لە وەڵاتی خۆمان، کەسێکی خوێندوو، یەک دوو گوتاری وەرگێڕدراو، لە بارەی "مارکس"، "فۆکۆ"، "سارتر"، یا هەر زبەلاحێکی دیکەی لەو بابەتانە، دەخوێنێتەوە، یەک حەفتە دوای ئەوە، کۆڕ لەسەر بیری ئەوان، ڕێبازی ئەوان و نووسینەکانی ئەوان دەگرێت و نەک هەر تەنێ ناوەڕۆکی ئەو گوتارەی، کە خوێندوویەتییەوە، باس دەکات و دەمەتەقەی لە سەر دەکات، بەڵکە تەواوی پێچوپەنای فەلسەفە و بیریشیان، شیدەکاتەوە و بەرسقی هەموو پرسیار و سەرسووڕمانی ئامادەبووان و بینەران و بیسەرانیش دەداتەوە. گرفتی خۆبەڕۆشەنبیرزانانی، نەک هەر کورد، بەڵکە زۆرینەی جیهانی سێیەم ئەوەیە، کە لە دیدی فەرهەنگیانی ڕۆژاواوە و بە پێوەری ڕۆژاواییانە و بە مێشکێکی ڕۆژاواییانەوە، جڤاک و فەرهەنگ و بیر و گشت شتێکی، کورد و جیهانی سێیەم، دەخوێننەوە و دەبینن. ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر بە کۆمەڵەکانی خۆیان نامۆن و لە خەڵکی خۆیانەوە دوورن. زۆرجاران خوێندنەوەکانیان، هی کوردەکان، کۆپییەک و گوتنەوەیەکی بابەتگەلێکن،کە ڕەوشەنبیرانی فارس یا عەرەب،"داریووشی شایەگان"، "ئەدۆنیس"، "ئێدوارد سەعید"، "موحەممەد عابید ئەلجابیری"،"فاتیمە ئەلمەرنیسی"، "نەووال ئەسسەعداوی"، "سادق جەلال ئەلعەزم"و... خستوویانەتە بەر باس و ئەمان، ئەوەی ناوی جڤاکی ئێرانی و عەرەبییە، لێی لا دەبەن و جڤاکی کوردی و مرۆڤی کورد و پیاوی کورد و ژنی کورد و شتی دیکەی، دەخەنە جێگە و بەو جۆرە دەیکوردێنن و بە وشەگەلی ڕەزاگرانی، وەک "خود" و "شوناس" و کۆمەڵە وشەیەکی دیکەی، وەک "مەحاڵ"، "زەمەن"، "شەفافییەت"، "ئەبەدییەت"، "ئەزەلییەت"، "ئولفەت"، "جەسەد"، "مەنفا"، "حەقیقەت"، "حوزوور" و... تژی دەکەن و ئیدی ڕووپەلی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبانی

پێ ڕەش دەکەنەوە و لە تەلەڤزیۆن و ڕادیۆیشەوە، دەمێشکی لاوانی کوردی دەئاخنن.

گەلەک جاران ئەم ڕەوشەنبیرە ئەوروپانشینانە، کە دەچنەوە کوردستان، وەک نەریت، لەسەر خوانی دەسەڵاتدارانی ئەوێ، کە زۆرجاران بۆ خۆیشیان، قسەیان پێ دەڵێن و دەیانسڕنەوە، دەخۆن و لە هوتێلەکانی ئەوانیشدا دادەبەزن و میوانی بەرپرس و دەسەڵاتدار و کارگێڕانی ئەوێ دەبن و لە هەموو باژێڕێک، تەلەڤزیۆنێک، ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێکی دەسەڵاتدا، کۆڕ و گفتوگۆ دەکەن و دەنووسن و بۆوەی ئەوە پێشانی کورد بدەن، کە لە ئەوروپاوە هاتوونەوە، بە تۆپەڵێک وشەی زلی وەک، "فۆبیا"، "مۆدێرنەتە"، "پۆزەتیڤ"، "ئێگزۆتیک"، "هێرمۆنیتیکی"،"گلۆبالیزەیزەیشن" و... دەیانی دیکەی مینا وان، قسە و باسەکانیان دەڕازێننەوە، وەک بڵێی فەڕ و خێر و بەرەکەتیان، بۆ هەژاران و پارووەنانیان بۆ برسی و لەیستۆکیان، بۆ منداڵان و ئازادییان، بۆ ژنانی کوردستان بردبێتەوە. وەک بڵێی هێلکەی زێڕین، بۆ خەڵکی کورد بکەن، منەت و نازیش بەسەر خەڵکی وەڵاتدا دەکەن. منەت و ناز بەسەر تەنانەت، ئەو نووسەر و فەرهەنگدۆستانەیشدا دەکەن، کە ئامادەی کۆڕەکانیان دەبن و گوێیان لێ دەگرن، کە دڵنیام لەوەی، بەدەگمەن ژەمەخۆراکێکی باش، لە ماڵیاندا دەخورێت و پارەی ئەوەیان لە باخەڵدا نییە، لەیستۆکێکی جوان بۆ منداڵەکانیان، یا دیارییەک بۆ ژنەکانیان بکڕن. من پێموایە، ئەو جۆرە باسانە بۆ خەڵکی کورد، وەک ئەوە وایە، بە برسییەک، کە نانی دەست ناکەوێت، بگوترێ بۆ کێک ناخۆیت؟

پێش پەنجا ساڵێک، لە"کەلار"، کە ئەودەم ئاواییەکی گەورەی دەڤەری گەرمیان بوو، و لە 1974یشەوە، حوکوومەتی بەعس، بۆ لەتوپەتکردنی کەرکووک، کردی بە قەزا،"مامۆستا مەلا موحیەددینی

حاجی سەعیدی زەڵزەڵی" هەبوو، مەلای گوند بوو. پیاوێکی ڕێزدار و زانا بوو و خەڵکەکە زۆریان، ڕێز لێ دەگرت. مامۆستا بەهۆی پایەی ئایینی و مەلایەتی و نێزیکی لە دەسەڵاتەوە، کە ئەودەم بەگزادەجافەکان بوون، هەمیشە خوانی پڕ بوو و خۆشی دەگوزەراند. جارێکی لە جێگەیەک نان دەخوات و خۆراکەکە برنجی تەنیا دەبێت، پاش ئەوە تووشی "خاڵۆ مستەفا تۆراخ" دەبێت، کە یەکێک بوو لە هەژارترین و نەدارترین خەڵکی دێ. "مامۆستا مەلا موحیەددین" بە "خاڵۆ مستەفا تۆراخ" دەڵێت: "مسەفا! تۆ مووسیبەتی وات دیوە؟ خاڵۆ مستەفا تۆراخیش دەڵێ: "مامۆستا موسیبەتی چی؟ مامۆستا مەلا موحیەددینیش دەڵێ: " برنج بە تەنیا بخۆیت!".

خەڵکی کورد، پێش فەلسەفە و مەلسەفە، نان، ئاو، دەرمان، جادە، خوێندنگە، کار، پۆشاک و خانوویان، گەرەکە. خەڵکی کورد، پێش "پۆست مۆدێرنیزم" و "مۆدێرنیزم"، "پری مۆدێرنیزم"یان دەوێ. خەڵکی کورد، بنگە و بنەما و پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان دەوێ، نەک قسەی زل و فشەی بێبەری دەمبەتاڵانە و قوڕات.

کە ئەوروپاییەک، دەم لە "پۆست مۆدێرنیزم" یا هەر ڕێباز و فەلسەفەیەکی ڕۆژاوایی و "ئیزم"ێکی دیکە دەژەنێ، دیرۆکی جڤاکەکەی، زمانەکەی، فەرهەنگەکەی، خاکەکەی و مرۆڤەکانی زێدەکەی، هەر هەموو، پێیدا تێپەڕیون و لەگەڵیدا ژیاون و بەشێکە لە هزر و جیهانبینیان. کورد، کە هێشتا "مۆدێرنیزم"ی بە خۆیەوە نەبینیوە، چی داوە لە "پۆست"ەکەی و کوا لێی تێدەگات؟ تۆ وەرە باسی "پۆست مۆدێرنیزم" و "کۆمەڵی مەدەنی" بۆ میللەتێک بکەیت، کە لە هەر سێ چوار ڕستەی ئاخاڤتندا، یەک دوو جار بڵێ: "بیلا مانا / بلا معنی"، "حاشا لە تۆ"، "حاشا لە ئێوە"، "لە شەرعدا شەرمی نییە"، "مەعزەرەتم هەیە"،

"مەعزەرەت دەخوازم"،"دوور لەڕووت"، "بە خوشکم بێت"، "بە دایکم بێت"، "تۆیش وەک برامی"و...

میللەتێک، کە هێشتا هاووەڵاتییانی، لەبەرانبەر قانووندا، وەک یەک تەماشا نەکرێن و دەسەڵاتدار و پارەدارەکەی، ئەگەر لایەنی یەکەمی تاوانێک بن و ئەوان تاوانبار بن، بێتاوان و بێگوناه دەربکرێن و بێدەسەڵات و ڕووتەڵە و لاتەکەی، ئەگەر لایەنی دووەمیش بن و بێتاوان بن لەو تاوانەدا، تاوانبار بکرێن. عەرەب دەڵێن:"أنا وأخي على إبن عمي وأنا و إبن عمي على العدو"، واتە: من و براکەم دژی پسمامەکەم و من و پسمامەکەم دژی دوژمن. لە وەڵاتی ئێمە، میکانیزمی جووڵانەوە و هەلسوکەوت و ڕەوتاری خەڵکەکە و پێوەند و گرێدراویی تاکەکان، لە سەر بنەمای خوێن و خزمایەتی و قانوونی خێڵ و هزری خێڵ و...دامەزراوە و هەرگیز بە خوێی چێشتیش، لەگەڵ چەمکی کۆمەڵی مەدەنیدا یەکناگرنەوە.

ئەوەی پێشان دەدرێت و دەخرێتە ڕوو، تەنێ پینەکردنێکی لێنەزانانە و سەقەتکردنی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی و دەستەواژە هاوچەرخەکانە. کاری باش، پلەی باش، پایەی بڵند، خزمی بەرپرس و خەڵکی نێزیکی دەسەڵاتدار، وەریدەگرن، با ئەوەیشی، کە ملانێی دەکات، سەنگی خۆی توانا و لێزان و شارەزا و خودان ئەزموونیش بێت.

میللەتێک، کە لە هیچ یەکێک لە شارەکانیدا، لە تەواوی وڵاتەکەیدا، تاکە یەک شەقامی نەبێت، هێڵی پەڕینەوەی پیادەڕێی بە سەرەوە بێت و شۆفێرەکانی لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکانیانەوە سەر دەرکەنە دەرەوە و بە پیادەڕۆکان بڵێن: کوێراییتانە بۆ بە سەر جادەکەدا دەڕۆن! یا بۆ خۆتان لە ئۆتۆمبیل لانادەن! و بچووکترین گیروگرفتی هاتوچۆی ئۆتۆمبیل لە وەڵاتەکەیدا چارەسەر نەکرابێت، باسکردنی پۆست

مۆدێرنیزم بۆ یەكێكی وا، چ بەرهەمێكی دەبێت و چ دەگەیەێت و بۆ باسی لێوە بكرێت!

میللەتێك، كە هێشتا لەبری وشەی "كێر، كیر" بێژێ "زەكەر" و بەدەرپێی ژن بڵێ "ئاوەڵكراس" و پێی شەرم و حەیاچوون بێت، ئەگەر دەرپێی ژن لە تەنیشت دەرپێی پیاوەوە، دوای شۆردنی لەسەر تەناف، بۆ وشككردنەوە هەڵخات! میللەتێك، كە هیچ یەكێك لە ژنان و كچانی، واتە: مێینەی، لە نێو پۆل، كارگە، ماڵ، خێزان، كۆمەڵێك برادەردا، ئەگەر تەنگاو بێت و میزی بێت، نەتوانێ بڵێ دەچم دەمیزم، یا زۆرم میز دێ! ئەز، بۆخۆم سەدان جارم لە كچە سوێدی هاوكارمەوە ژنەفتووە، گوتوویەتی زۆر تەنگاوم و دەچم دەمیزم. نەك هەر ئەوە، بەڵكە دەستی خستووەتە سەر كوزی و گوتوویەتی، وا كردم بە خۆمدا!. ڕەنگە سەرەتا بەلامەوە سەیر بووبێت، لێ دواتر لێی ڕاهاتووم و زانیومە، ئەوە بەشێكە لە فەرهەنگەكەی و بۆ ئەو وەك ئەوە وایە، بڵێ ئاو دەخۆمەوە.

ساڵی 1984 و 1985، ماوەی شەش حەفت مانگان، لە نێو گۆڕستانێكی ستۆكهۆڵمدا كارم دەكرد. كاری من گیابڕین و دارپەرچكردن و گوڵدانان و ئەو جۆرە شتانە بوو. گۆڕستانی ئەوروپا، لە جوانترین و ڕازاوەترین و خاوێنترین، باخچە گشتی و تایبەتییەكانی خۆمان، جوانتر و ڕێكوپێكتر و خۆشترن. نیوەڕۆیەكی، كاتی وچانمان بوو، لەگەڵ چەند هاوكارێكمدا، لە پەنا دیوارێكی جێی كارەكەمدا، ڕوونیشتبووین و جگەرەمان دەكێشا و خۆمان لەبەر خۆرەكە هەڵخستبوو. یەكێك لە هاوكارەكانمان، كە ناوی "دان" بوو و خەڵكی كەنەدا بوو، بە لاماندا ڕۆیشت و یەك دوو هەنگاو دووركەوتەوە و شێخی شاعیران، شێخ ڕەزای مەزن گوتەنی:"هەر لە ناكاو زرمەیەك هات..."، زرمەیەكی لێوەهات و بایەكی لێ بەربووەوە. نەخێر یەكێكی دی و دووی دیكەیشی وەدوودا هاتن. من خۆم پێنەگیرا و دام لە تریقەی

پێکەنین. کاتێکی تەماشا دەکەم، لە من زیاتر، یەک کەسی دیکە ناکەنێت. "ماتس"، کوڕێکی سوێدی بوو، بەرپرسی ئەو دەستەیە بوو، من کارم تێدا دەکرد، گوتی:"ئەوە بە چ دەکەنی؟".منیش گوتم:"بە تڕی ئەو کابرایە".گوتی: "جا ئەوە کەنینی بۆچییە! ئەوە مەسەلەیەکی سروشتی و کەسەکییە". ئیدی، بەڕاستی من بۆ خۆم شەرم دایگرتم و هیچم نەگوت. "دان"یش، کابرای تڕکەن، کە قاقاکانی منی گوێ لێبوو، بەدەم فیکەکێشانەوە، بەبزە و خەندەیەکی گاڵتەئامێزەوە، ئاوڕێکی لێدامەوە و هیچی دی. ئێمەی کورد باسکردنی میزکردن و تەنگاوبوون، لە کەنیشک و خوشکانی خۆیشمان، چەندە گچکەش بن، قەبووڵ ناکەین و مەسەلەی بالێبەربوونەوەش بەلامانەوە، حەیاتکان و ئاوڕووچوون و شەرمە. لەم ئەوروپایە، پەڕۆی بێنوێژی و دەرپێی ژنان و لاستیکی گانکردن، وەک بنێشت و قەڵەم، لە فرۆشگەکاندا دەفرۆشرێن و کچانیش، زۆر ئاسایی داوایان دەکەن و دەیانکڕن، لێ کوا لە کوردستانەکەی ئێمەدا وەها شتێک هەیە!

من پێموایە وەها شتگەلێک و ئاساییبوونیان لە نێو ئەوروپاییاندا، ئەنجامی فراژۆتن و گۆڕانکاریگەلێکی ئابووری، هزری، جڤاکی و فەرهەنگین، کە ئاوەز و جیهانبینی مرۆڤی ئەوروپاییشیان لەگەڵدا گۆڕاوە. تۆ، ناتوانیت کۆمەڵێکی نیوەڕەوەندی، نیوەکشتوکاڵیی، نیوەدەرەبەگیی، خێڵفەرهەنگی، کەمخوێندووی، چارەکەبۆرژوازی، تازەسەرەتاتکێکەر لەگەڵ بازرگانیدا و نیوە زۆر شت و هەموو شت نیوەچڵ، لەگەڵ ئەوروپای سەرمایەداریدا، بەراورد بکەیت و هەرچی ئەوان (ئەوروپاییان)،دەیڵێن و دەیکەن، کۆپێ بکەیت و بیبەیتەوە، خۆرهەڵات و کوردستانەکەی لەمەڕ خۆمان. دەستبەکوزەوەگرتن و دەمیزمی کیژەسوێدییەک و تڕلێدانی"دان"ی کەنەدایی، کە بەرهەمی گۆڕانیی جڤا- فەرهەنگیی ئەوروپایین، ئیدی چاک بن یا خراپ، بە

پێشکەوتن، دانانێم و نەبوونیشیان، لە نێو جڤاکی ڕۆژهەڵاتدا، بە دواکەوتن دانانێم و دەشزانم، چەندە ئەوانە بە ئێمە نامۆن، بەشێکی زۆری بابەتەکانی "پۆست مۆدێرنیزم" و "کۆمەڵی مەدەنی"ش، بەو شێوەیە، بە ئێمە نامۆن.

ڕووناکبیری فارس و عەرەب، ئەگەر خۆ لەو باسانە هەڵقورتێنێت، ئەوا پێشتر، "قورئان"، "نەهجولبەلاغە"، "فیردووسی"، "عەتتار"، "ڕوومی"، "ئیبن روشد"، "حەللاج"، "ئیبنبولعەرەبی"، "ئیبنولهەیسەم"، "ئەلکیندی" و... ئەوانەی خوێندووەتەوە و هەرس کردووە و دواتریش شارەزایی، لەوانەی ئەوروپادا پەیدا کردووە. ڕووناکبیری ڕۆژاوازەدەی کورد، کە دێت هەرچی شتی کورد هەیە دەیسڕێتەوە و گەل و وەڵاتەکەی خۆی، لە فەرهەنگ و مێژووی ناوچەکە و ڕۆژهەلات، دادەبڕێت و تەنێ ڕێبازە فەلسەفەییەکانی ئەوروپا دەبینێت، پێموانییە ئەمە کارێکی ئاسایی بێت، بەڵکە دوورخستنەوەی، ئاوەزی لاوانی کوردە، لە دیتنی دەردەکان و بارەسیاسییەکە و خۆدۆزینەوە و لەسەرپێیخۆڕاوەستان. ڕووناکبیری ڕۆژاوازدەی کورد، کە هێندە پەرۆشی فەلسەفە و هزرە، ئەوەندەی دەنوڕێتە ئەوروپا، یەک لە سەد(1%)ی ئەوە بنوڕێتە چین، ژاپۆن، تیبێت، هیندوستان، ئێران، عەرەب، کورد خۆی، کۆنفۆشیۆسایەتی، تاویزم، زێن، یۆگا، بوودایەتی، هیندۆیزم، مەزدایەتی، ئیسلام، سۆفیایەتی، یارسان و ئێزدیایەتی، بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات، پێموایە سوودبینتر دەبێت و باشتر دەنۆڕێتە ژیان و ڕوونتر دەبینێت و ڕۆحیشی بەو باسانە ئاشناترن، تا ناوە زلەکانی ئەوروپا. ڕووناکبیری ڕۆژاوازدەی کورد، دەبێ وەک تەییب تیزینی (طيب تيزيني) دەڵێ، باش لەوە تێبگات، کە "چۆن سەرمایەداری دیاردەیەکی مرۆڤتەپێن و هونەرسڕەوە و جوانیکوژە، هەر بەو جۆرەیش مۆدێرنیزم، کە لە ژێر عەبای کۆمەڵە فێرگە و ڕەوتێکی ئەدەبی و هونەریدا، وەک "الانطباعية"، "التعبيرية"، "التكبعيبية"،

"المستقبلية"، "الرمزيـة"، "التصـويرية"، "الدادائيـة" و "السـريالية" دا سـەری هەڵدا، بووبە هۆی ڕووخاندنی، هەموو شتێکی مرۆڤایەتی و گشـت بـەها مرۆڤایەتییە باوەکانی سەردەمی ئەدەبی ڕۆمانسی و سەربـاری ئـەوەش، هونەری بەرەو بەرەڵایی و بێئومێدی برد و بەوەش مـۆدێرنیزم، دەبێتـە دژی خۆی و لەگەڵ سەرمایەداریدا یەک دەگرنەوە".

ستۆکهۆڵم،
تەمموزی 2001

# کوردستان دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بە سەر ڕووخاندنی حوکوومەتی بەعسدا

***دەنگــەکان: تێپــەڕبوونی زیــاتر لــە ســاڵێک بــە ســەر ڕووخانــدنی حوکوومەتی بەعس، خەڵکی عیراق بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی چۆن دەڕواننە وەزعییەتی ئێستای عیراق و بەڵێنەکانی ئەمریکا؟***

ئەمجــەد شــاکەلی: ڕاســتییەکەی، مــن بــە هــیچ جۆرێــک ڕوانــین و بۆچوونی خەڵکی عیراقم، بۆ گرنگ نییە و مەبەستیشم نییە، بزانم چۆن ڕەوش و کێشەکان دەبینن و تەنانەت چیشیان بە سەر دێت. ئەوەی بۆ مــن گرنگــە و جێــی باســە، چارەنووســی کوردســتان و دیتنــی خــەڵکی کوردستانە، لەمەڕ ڕەوشی ئێستای عیراق و بەڵێنەکانی ئەمەریکا. بەشێکی یــەکجار زۆری کــورد، دەتــوانم بڵــێم زۆرینــەی کــورد، کۆڵێــک گەشبینانە دەنۆڕنــە ڕەوشــی کــورد، دوای ڕووخــانی ڕێژیمــی بــەعس و لــەوەش گەشــبینانەتر دەنۆڕنــە بەڵێنــەکانی ئەمــەریکا و ڕۆڵــی ئەمــەریکا، لــە کوردســتان و عیراقــدا. ئــەو خەڵکانــە پێیانوایــە، کــورد وەک نەتەوەیــەک، تەواوی کارەکانی، بۆ جێبەجێ کراوە و ئەمەریکا، هەموو چتێک لە بری ئەو دەکات و بۆ خۆی(نەتەوەی کورد) بلا لێی پاڵداتەوە و "سەرڕەحەت

دڵ بێ گرێ" لێی بنوێت. دیارە ئەم بۆچوونە، چەندە بێزاری و وەڕزبوونی خەڵک لە ڕێژیمی بەعس و ئاواتخواستن بە ڕزگاربوون لەو ڕێژیمە بە هەر جۆرێک بێت، هێناویەتییە ئاراوە، دەهێندە لە لایەن هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە، بەوەی هەردەم باسی دۆستایەتیی خۆیان و ئەمەریکا دەکەن و ئەمەریکا وەک پەناگە و پشتیوان باس دەکەن، زەوینەی بۆ خۆشکراوە و ئەوانن، پەرەیان بەو جۆرە بیرکردنەوەیە داوە و دەدەن. خەڵکانێکیش هەن، وەلێ زۆرکەم و دەگمەنن، دەزانن و لەوە تێگەیشتوون،کە ئەمەریکا هیچی بۆ کورد نەکردووە و هیچی تایبەتیش بۆ کورد ناکات.

ئەمەریکا بۆ بەرژەوەندی خۆی هاتووەتە ئەو دەڤەرە و هەر وەک چۆن دەنۆڕێتە تەواوی ئەو نەتەوە و ئایین و ئایینزایانەی دیکەی ئەوێ، هەروایش دەنۆڕێتە کورد و بە دەستی پەتی و ڤالا هاتووەتە ماڵی کورد. ئەمەریکا بەرمیلە نەوتێکی کەرکووک، بە هەموو کورد ناگۆڕێتەوە. من پێموایە ئەمەریکا و تەواوی زلهێزان و دەوڵەتانی داگیرکەر و کۆڵۆنیالیست، کە دەچنە هەر وەڵاتێک و جێگەیەکی ئەم جیهانە، بە لەتکردن و بەشینەوەی خەڵکی وەڵاتەکە، بە سەر ئایین و ئایینزا و نەتەوە و دەستە و خێڵ و هۆز و حیزب و بنەماڵە و...دەیان شتی دیکەدا، دەستپێدەکەن و هەر ئەو تەرزە دیتنەشە دەبێتە بنەما و بنگەی سیاسەت و ڕەوتاریان لەو شوێنانەدا. ئەوان هێز و دەسەڵاتیان، لە پارچەکردنی نەتەوە و وەڵاتی داگیرکراوەوە، وەدەست دەهێنن.

ئەمەریکا، وەک سەرانی کورد و زۆرینەی کوردیش بانگەشەی بۆ دەکەن و خۆیانی پێ ژیر دەکەنەوە و خەونی خۆشی پێوە دەبینن، ئەگەر ڕاستی کردبا و پرسی کوردی مەبەست بووبا و بیویستبا کوردستان بکاتە قەوارەیەک و کورد بگەیەنێتە ئەنجامێک، ئەوا بە تۆبزییش بووایە، هەر لە یەکەم ڕۆژێوە، ئەو دوو کارگێڕییەی سلێمانی

و هەولێری، دەکردە یەک. ئەمەریکا، ئێستا بە ڕدێنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان پێدەکەنێت و بۆیشی بکرێت، کارگێڕیی دیکەش لە کوردستاندا چێ دەکات و قوت دەکاتەوە. ئەو خەڵکانەی، جۆرێکی دیکە ڕەوشەکە دەخوێننەوە و دەزانن، کە ئەمەریکا، سەرانی کورد و نەتەوەی کوردیشی خاپاندووە و دەسخەڕۆ کردووە، گەلێک کەمن، وەلێ دەبێ لە دەرکەوتن و ئاشکرابوونی ڕاستییەکانیش هیوابڕاو نەبین.

***دەنگەکان: کێشەی تەعریب بە کوێ گەیشتووە، هیچ پلانێکی ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردستان لە کارایە بۆ بنەبڕکردنی ئەو کێشەیە، بەتایبەت لە کەرکووک و خانەقین؟***

ئەمجەد شاکەلی: بەشێکی یەکجار کەمی عەرەبی هاوردە، کە لەچاو ژمارەی عەرەبدا لە کوردستان، هەر هیچ نییە، کوردستانیان جێهێشتووە و زۆرینەی عەرەبی هاوردە ماونەتەوە. ئەمە ئەگەر باسی باشووری کوردستان بە گشتی بکەین، لێ تەواوی عەرەبی کەرکووک، کە کرۆکی پرسی کوردە و کلیلی هەموو کێشەکانی کوردستانە، هەر لە شوێنی خۆیان و هەر ماونەوە. عەرەباندن، بێجگە لەوەی سیاسەت و کاربۆکردن بووە و هەیە، ئایدیۆلۆژیا و فەرهەنگە. لە کوردستاندا، مادام هێشتا کەونەجاش و کەونەبەعسی و کەونەموستەشار و کەونەخۆفرۆش و کەونەقەڵەمفرۆش، لە گۆڕێدا هەبن و دەستیان بڕوات و کارگێڕ و بەرپرس بن، ئەوا هەرگیز عەرەباندن نابڕێتەوە و هەر دەشمێنێت. ئەورۆ ئەو ئایدیۆلۆژیا و فەرهەنگە ماوە و بەهێزە و درێژەیشی پێ دەدرێت. لە کوردستاندا، پرۆسێسی خۆعەرەباندن، پێڕۆ دەکرێت و بەڕێوە دەچێت. مرۆڤی ئاسایی کورد، بێ ئەوەی قیچێک بیر لە ئەنجام و کاریگەریی بکاتەوە و بێ ئەوەی دیرۆک بخوێنێتەوە و بێ ئەوەی

هەستی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی خۆی بکاتە دادوەر و پێوەر، بۆ خۆی بەشدارییەکی چالاک و کارا، لەو پرۆسێسەدا دەکات.

دەسەڵاتدارانی کوردستانیش، کە بۆ خۆیان هاندەر و ڕێبەری عیراقییاندنەوەی کوردن، هەرگیز ئەوەی بیری لێ نەکەنەوە و بە خەیاڵیاندا نەیەت، ئەو باسەیە. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، نەک هەر هیچ نەخشە و بەرنامەیەکیان بۆ نەهێشتنی عەرەباندن نەبووە و نییە، بەڵکە بۆ خۆیان بە والاکردنەوەی دەرگەی کوردستان بە ڕووی عیراقدا و بە عیراقییاندنەوەی کوردستان، گەشە بە پرۆسێسی عەرەباندن دەدەن. ئەورۆ تەنێ کەرکووک و خانەقین و مەندەلی و بەدرە و مووسڵ نین، کە عەرەبێنراون، ئەورۆ بێخاڵ و جندیان و سولاف و سوارەتووکە و گەلیی عەلی بەگ و شەقڵاوە و ئەحمەداوا و ئاوێسەر و سەرچناریش دەعەرەبێنرێن. لە تەواوی ئەو شوێنانەدا، تۆ گوێت لە یەک کاسێتی کوردی و یەک مووزیکی کوردی نابێت. تابلۆی سەر فرۆشگە و ڕیستۆران و چایخانە و هوتێل و مەیخانەکان، هەمووی بە عەرەبین. ئەو پارچە کاغەزەی، کە خاوەنی گەراژ و پارکینگەکەی، کە ئۆتۆمبیلی تێدا ڕادەگریت، دەتداتێ، بە عەرەبی لە سەری نووسراوە و یەک وشەی کوردیی لە سەر نییە. ناوی خۆراک و ئەو شتانەی هەر ڕیستۆرانێکی ئەو ناوە بگرە، بە زمانی عەرەبی نووسراوە و یەک وشەی کوردیی تێدا نییە. ئەو عەرەبانەی دێنە ئەو شوێنانە، یەک ڕێزە، یەک تۆز، نە ڕێز و نە حورمەتیان بۆ تایبەتمەندییەتیی خەڵکی کورد و کوردستان نییە. ئەوە هیچ، کە ئەوان بۆ خۆیان بێڕێز و بێحورمەتن، وەلێ ئێمە، دەسەڵاتدارانی خۆمان، کوردەکەی خۆمان و کوردستانەکەی خۆمانیان، سووک کردووە و بێڕێزی پێ دەکەن. دەسەڵاتدارانی هەموو جیهان، سنوورێک بۆ خەڵکی بیانی، کە دێنە نێو وەڵاتەکەیانەوە دادەنێن،

وەلێ دەسەڵاتدارانی کورد، لە پێناوی پتر توندوتۆڵکردنی پێوەندی خۆیان بە عەرەب و پتر زەنگینبوونی خۆیان، وەها کارێک هەرگیز ناکەن.

وەنەبێ تەنێ لەو شوێنە فێنک و شوێنی گەشت و سەیرانانەی کوردستان، بەو شێوەیە بێت، بەڵکە لە نێو بازێڕە گەورەکانی کوردستانیشدا، هەر وایە. فرۆشگەی"مازی"، لە دهۆک، کە یەکێکە لە فرۆشگە گەورەکانی کوردستان، تاکە یەک وشە بە زمانی کوردی لە سەر کاڵاگەلێکی، کە دەفرۆشن نابینییەوە. پارە و ناوی کاڵاکە، بە عەرەبی نووسراون و لە بنیشەوە نووسراوە(دهوک- عراق). تۆ ئەگەر ئەو نووسینە گچکەیەت نەکردە کوردی و ئەو (دهوک- عراق)ەت نەکردە(دهۆک-کوردستان)، تۆ ئەگەر تابلۆی ناوی شار و ژمارەی ئۆتۆمبیلەکانی کوردستان، کە نووسراوە:(اربیل/عراق یا سليمانية/عراق یا دهوک/عراق یا کرکوك/عراق)ت، نەکردە هەولێر/کوردستان، کەرکووک/کوردستان، سلێمانی/کوردستان، دهۆک/کوردستان و تۆ ئەگەر تەواوی تابلۆی هوتێل و فرۆشگە و مەیخانە و مووزیک و لیستی ناوی خۆراک و...ئەوانەت نەکردە کوردی و تۆ ئەگەر دەرگای تەواوی کوردستانت، خستە سەرپشت، بۆ هاتنەناوەوەی عەرەب و ڕێگەت پێدان بە ئارەزووی خۆیان، لەوسەری کوردستانەوە بۆ ئەوسەری کوردستان، تەراتێن بکەن و تۆ ئەگەر زەوی و خانوو و خاکی کوردستانت فرۆشتنە عەرەب و بە تورکمانت کردنە دیاری و بەسەریاندا بەشیتنەوە، هەرگیز چاوەنۆڕی نەمان و لاچوون و سڕینەوەی عەرەباندن، مەکە و هیچ هیوایەکیشت، بە قسەی هیچ دەسەڵاتدارێک نەبێت. تورکەکان، هەرچی بەرهەم و کاڵایەکی خۆیان، کە لە کوردستان دەیفرۆشن، بە هیچ زمانێکی دیکەی بێجگە لە تورکی، لە سەری نانووسن. من بۆ خۆم بەفرگری تورکیم بینی، کە بەو شێوەیە بوو، کاغەزی سەر بەفرگرەکە، بە تورکی، تەواوی زانیارییەکانی لەمەڕ بەفرگرەکەوەی، لە سەر

نووسرابوو، وەک ئەوەی هەموو جیهان تورکزمان بن. ئەوە سیاسەتی خەڵکی دیکەیە و ئەوەش سیاسەتی دەسەڵاتدارانی کورد! لە کەرکووکی کوردستانەوە، نەوت، بە لۆری و تانکەر و تریلای زل زل، دەبرێت بۆ تورکیا و لەوێ لە پاڵاوگەکانی ئەوێ، دەپاڵێورێت و دەکرێتە بەرهەمی دیکە و لێک جیا دەکرێتەوە و بەنزین و چتی دیکەی لێ دەردەهێنرێت. ئەو بەنزینە جارێکی دیکە دێتەوە کوردستان و لە بەنزینخانەکانی کوردستاندا دەفرۆشرێت، بەڵام لە سەری دەنووسن:"بەنزینی تورکی"، وەک بڵێی ئەوە بەنزینی باوکی ئەتاتورک بێت و خێری بە کوردستان کردبێت. هیچ بەرپرسێکی کورد، هیچ کوردێکی ئاسایی، هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە و ناپرسێت: چما بەنزینی تورکی؟ مەگەر ئەوە نەوتەکەی کەرکووکی دڵ و قودسەکەی خۆت نییە! لە فرۆشگە و دوکانی وردەواڵەفرۆشەکاندا جۆرە خەنەیەک دەفرۆشرێت، دەزانی چی لە سەر نووسراوە؟ لە سەری نووسراوە:"ئەتاتورک"!! من بۆ خۆم ئەو خەنەیەم لە سلێمانی دیت. هیچ کوردێک ناپرسێت: بۆ ئەتاتورک؟ نەدەکرا ناوێکی دیکەی لێ بنرێت! ناوی هەر شێت و گەوواد و لەشفرۆش و سۆزانییەکی کوردستان، لەو کیسەخەنەیە بنرێت، گەلێک باشتر و شەریفتر نییە، لەوەی ناوی ئەتاتورکی بەسەرەوە بێت!

خەڵکی کورد بۆ نەهێشتنی عەرەباندن، دەبێ لە مێشکی خۆیەوە دەست پێ بکات و پێشەکی، لە مێشکی خۆیدا بیسڕێتەوە و دواتریش، ڕێگە بە هیچ عەرەبێک نەدات، شۆخیی بە فەرهەنگی کورد بکات. عەرەباندن پێش ئەوەی بکرێتە سیاسەت و کاری ڕۆژانە و پێڕۆ بکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ هەستی خۆبەبچووکزانی و هەستی کێماسی و خۆبەکەمترزانی لە عەرەب و تورک و فارس و ئەمەریکایی و هەموو خەڵک و نەتەوەیەکی دیکە. من کە باسی عەرەباندن دەکەم، تورکاندن و فارساندنیش، هەر بەو جۆرە دەبینم وەلێ ئێمە ئێستا قسەمان لە سەر

عەرەباندنــە. بــۆ نەهێشــتنی عەرەبانــدن، گەرەکــە ئــەو هەســتە لــە ڕەگوڕیشـەوە دەربهێنرێـت و بهاوێژرێـت، دەنـا تـا ئـەو هەستە هـەبێت، کـورد هـەرگیز لـە عەرەبانـدن، تورکانـدن و فارسـاندن، ڕزگـاری نابێـت. کـەناڵی تەلـەڤزیۆنی"الشـرقیة"، کـە کـەناڵێکی عیراقییـە، بـە کامیرایەکـەوە دەچێتــە"بێخــاڵ"، بــۆ پێشــاندانی ڕەوشــی گەشــت و گەشــتیاران و ئــەو عەرەبانــەی دەچنــە ئــەوێ، بــۆ ڕابــواردن و شــۆخیی بــە کــورد کــردن، کۆمــەڵێک قەشــمەری کــورد، بــە خــۆ و بــە مــووزیکێکی کــوردی و چەنــد ئاوازێکی کوردی و کەسێک، کە گۆرانی دەچڕێت، دەکەونە هەڵپەڕین و خۆبادان، بۆ ئەو کەناڵە عەرەبییە و لە نێو گۆرانییەکەشدا بەو کەناڵەدا هەڵـدەڵێت و باسـی دەکـات. هـەر چەنـد ڕۆژان جارێـک "الشـرقیة"، ئـەو سووکایەتییە پێشان دەداتەوە و بێخاڵیش وەک بەشێک لە "عیراقی هیـوا و ئاشتی" پێشان دەدات.

تۆ باسی بنەبڕکردنی عـەرەباندنی کەرکووک و خانـەقین دەکـەیت، ســەرکردەیەتیی سیاســیی کــورد، یــەک عــەرەبی لــە کــەرکووک وەدەرنـەناوە. حیزبـە دەسـەڵاتدارەکان، دڵـی یـەک عـەرەب ناشـکێنن و کاغــەز و مۆڵــەتی مانــەوە و بــەڵێنی پاراستنیشـیان لــە کــەرکووک، پــێ دەدەن. هــەرچی عــەرەبی خانەقینیشــە، زۆریــان ئێســتاکە لــە "جەلــەولا" نیشتەجێن. بەرپرسانی کورد، ڕێیان پێ داون، کە لەوێ بژین. عـەرەبی جەلەولا و عەرەبی کەرکووکیش، سەگی هار ئاسا، لاقی یەک کورد بـە سەلامەتی دەرناکەن و دەیگەزن. لە کەرکووک لە مانگێکدا چوار پێنج بەرپرسی کورد، دەکوژرێن، واتە: هەر حەفتەو یەکێک. لە جەلـەولایش هـەر بـەو جۆرەیـە. ئـەوڕۆ هـەرچی نـاکوردە لـە کەرکووکـدا، شـتاقیان دۆستی کورد نین و نەیاری کوردن و هەر ئەوانیشـن، کـورد دەکـوژن و دژی کوردستانیبوونی کەرکووکن و کەرکووک بە هی خۆیان دەزانن.

سـەرانی کـورد، لـە قینـی یەکـدی و بـۆ خرِکردنـەوەی دەنـگ و ڕاکێشـانی مـەیلی عـەرەب و تورکمـان و فلانـە هـۆز و خێـڵ و دەسـتە، هەریەکـەو لـە ئاستی خۆیـەوە، هـەرچی کارئاسـانیی هەیـە، بـۆ عـەرەبی دەکـەن. ئـەو قـانوون و فۆرمپڕکردنـەوە و کاغەزبازییـەی، کـە سـەرانی کورد پێیانوایە، عەرەبی کەرکووکی پێ دەردەکەن، من بۆ خۆم هێندەی ڕێزەیەک بڕوام پێ نییە. عەرەب، بەو جۆرە لە کەرکووک ناچنە دەرێ. کـەرکووک پێویسـتی بـە وردبـی و کـارێکی تایبـەت و خێـرا و بوێرانەیـە، وەهـا کـارێکیش بـە خەڵکگـەلێک ناکرێـت، کـە بـە کـەرکووکییان بڵـێن:"بـا خەڵکی کەرکووک بچن بۆ خۆیان، کاری خۆیـان بکـەن. ئێمـە لـە سلێمانی هێلانەیـەکمان دروسـت کـردووە، بـا لێمـانی نەشـێوێنن". کـەوابوو، خـەڵکی لەو جۆرە، با ئیدی بە ناوی کوردەوە قسان نەکەن و تەنێ باسـی "نێـوانی قلیاسـان و گـۆیژە" بکـەن و چیـدی مێشـکی خـەڵکی کـوردیش نەبـەن، بـە قسـەی زل و فیشـاڵ. کـە ئـەو جـۆرە خەڵکـە و مانەنـدی ئەوانـە، ڕێبـەری کورد بن، هەرگیز چاوەنۆڕی نەمان و بنبڕکردنی عەرەباندن مەبە.

***دەنگـەکان: هـیچ گۆڕانکارییـەکـی جیـددی بـەرچاو دەکـەوێت لـە گوزەرانی خەڵکی کوردستان بە بەراورد بە پێش ڕووخانی بەعس؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئـەوەی، ڕەنگـە بـە گـۆڕان دابنرێـت و جێـی سـەرنج بێـت، فرەبـوون و بـەهێزبوونی هێـزی کـڕین(توانسـتی کـڕین)ە لـە کـن خەڵکی کوردستان، بە بـەراورد لەگـەڵ پـێش ڕووخـانی ڕێژیمـی بەعسـدا. بێجگە لەوەی ئەو خۆراکە مفت و بەلاشەی، کە جاران و ئێستایش، خـەڵک وەریـدەگرت و وەریـدەگرێت، مووچـەی کارمەنـد و کارگـەر، ئـەوڕۆ زیـادی کـردووە. ئـەوڕۆ خـەڵک بـەو پووڵـەی وەریـدەگرێت، دەتوانێـت بـژی. خـەڵک ئێسـتاکە، پتـر وەدووی خـانووکردن و ئۆتـۆمبیلکڕین و ناوماڵەکڕین و چتی زیادە کڕینەوەن. ئەمە ئەوە ناگەیـەنێت، کـە هـەموو

خەڵکەکــە وابــن، بــەڵام بەشــێکی زۆری، بەتایبــەت ئــەوەی گرێــدراوی دەســەڵاتە، وایــە. ئــەورۆ، چینێکــی تــا بڵێــی زەنگیــن لــە بەرپرســانی حیزبــە دەســەڵاتدارەکان و ئەوانــەی ســەر بــە ئــەوانن، چــێ بــوون و گــەورەترین ســەرمایەیــان بــە دەســتەوەیــە، بــەڵام کــێ خێــر لــەو ســەرمایەیە دەبینێــت، بێجگە لە خۆیان و خــەڵکانی نێزیکیــان! دەســەڵاتدارانی کوردســتان، تــەواوی کوردســتان، تــەواوی ســامان و مــاڵ و مــوڵکی خــەڵکی کوردســتان، بــە کۆمپانیایــەکی گــەورەی دادەنــێن و بــە گــوێرەی تیــۆری"مــاڵی خــۆم هــی خۆمــە و مــاڵی تــۆیش هــەر هــی خۆمــە"، بــە هــی خۆیــان دەزانــن و لەبــەر ئەوەی هیچ قانوونێکیش نییە سنوورێک بۆ دەسەڵات و ملهوڕییان دانێت، دەتوانن چۆنیان بووێت، بەو جۆرە بکەن و چییان بووێت بیکەن. ئەورۆ، تــۆ و منــی ئەوروپانشــین، کــە دەچینــەوە کوردســتان، هــەژارین و ئــەو باســانەی لــەوێ و لــە زۆر دانیشــتندا دێنــە گــۆڕێ و خــەڵک باســی دەفتەر(ئەوان، کە دەڵێن دەفتەر، مەبەستیان دەهەزار(10000) دۆلارە) و گەڵا و ئەوانە دەکەن، ئێمەین، کە لێیان تێناگەین و حەزیش ناکەین ئەو باسانە بژنەفین. خەڵک، دیارە نەک هەموو، پتر ئەوانەی سەر بە حیزب و دەستە سیاسییەکانن، یا لە نێو ئەواندا خەڵک دەناسن و خزم و کەسیان لە نێواندایە، ئەورۆ لە کوردستان، مووچەی شەهیدانە، شۆڕشی ئــەیلوولانــە، شۆڕشــی نوێیانــە، شۆڕشــی گوڵانانــە، زینــدانیی سیاســییانە، نووسەرانە و دەیان شتانە و جۆرە مووچەی دیکە وەردەگرن. خەڵک، ئەورۆ بە ناوی سەندیکا و دەیان شتی دیکەوە پارچە زەوی وەردەگرن و دەیفرۆشن و دەیکەنە خانوو. هی وا هەیە، ئەو وەرگرتن و بەزمە، لە چەند لا و چەند شوێنەوە دەکات. هی وا هەیە، پیری کەنەفتی مردووی سەرجێگەی چل ساڵی پێشتری، کردووەتە شەهیدی ڕێگەی کورد و کوردستان و پووڵی پێ وەردەگرێت. هی وا هەیە، باوکی، نەنکی، برای،

خەسووی، ساڵانێکە بە مەرگی خودا مردووە، کەچی بە شەهیدانی 1ی شوباتی 2004ی هەولێری داوەتە قەڵەم و پارەی پێ وەردەگرێت.

وەها بارێک، بەشێکی زۆری خەڵکەکەی، فێری مشەخۆری و لامژی و تەڵەکەبازی و ساختەکاری کردووە. تەواوی ئەو بارە، ڕەوشێکی وای نەهێناوەتە گۆڕێ، بنگەی ئابوورییەکی تۆکمە و بەهێز و سەربەخۆ، لە کوردستاندا بێتە ئاراوە. ئابووریی کوردستان، بە ئابووریی تورکیا، ئێران، سووریا و عیراقەوە گرێدراوە. ئابووریی کوردستان، ئابوورییەکی پاشکۆیە. سەرمایەدارانی کورد، لە پێناوی قازانجی خێرا و زوو و زۆرتر دەوڵەمەندبوون و وەدەستخستنی پارەیەکی زۆر، بێ هیچ سەختی و سەرەڕۆییەک، هەرچی پێوەندێکی ئابوورییانە و هەرچی پرۆژەیەکی ئابوورییانە، بە دەوڵەتە داگیرکارەکانی کوردستانەوەی گرێدەدەن و لە بەپاشکۆکردنی ئەو ئابوورییەدا، ڕۆڵێکی مەزن و لەبەرچاویان هەیە. دەسەڵاتی سیاسیی کوردستانیش، هەرچی کار و پرۆژەی ئابووریی وڵات هەیە، دەیداتە کۆمپانیا تورکیاییەکان و وەڵاتانی دەوروبەر. وەڵاتێک ئەگەر بنگەیەکی ئابووری و فەرهەنگیی سەربەخۆی نەبێت، نابێتە وەڵات.

ئەوڕۆ چەندین کۆمپانیای تەلیفۆنی مۆبایل لە کوردستاندا هەن، بەڵام لە نێوان ئەو کۆمپانیانەدا، چ پێوەندێک نییە. تۆ لە کۆمپانیای"سانا" یا "کۆڕەک"ەوە لە هەولێر، ناتوانیت زەنگ بۆ کۆمپانیای "ئاسیا"ی سلێمانی لێدەیت، تەنانەت ئەگەر تۆ و ئەوەیشی زەنگی بۆ لێدەدەیت لە هەولێریش بن. لە سلێمانییەوە بۆ فلانە کۆمپانیای هەولێر یا دهۆک زەنگ لێنادرێت، بەڵام لەنێوان باژێڕەکانی کوردستان و بەغدا و باژێڕەکانی دیکەی عەرەبستانی عیراقدا، زۆر بە هاسانی پێوەند هەیە. لە کوردستانەوە، زەنگ بۆ ئەوسترالیا و سوێد و برازیل و کۆنگۆ لێدە، گەلێک هاسانترە لەوەی لە سلێمانییەوە زەنگ بۆ هەولێر لێدەی.

یـەکێـک لـە کارەسـاتە هـەرە مەزنـەکانی کوردسـتان، پیسـکردن و ژاراویکردنـی ژینگەیـە. سەرتاسـەری کوردسـتان، گوفـەک و زبڵـدانێکی گەورەیە و هەرچی پیسیی لەو وڵاتەدایە، تێیدا هەڵدەڕیژرێت، لەوسـەری وەڵاتـەوە بـۆ ئەوسـەری وەڵات، دێـت و دەڕوات و بڵاودەبێتـەوە، بـێ ئەوەی کەس بیرێکی لێ بکاتەوە. لە دەڵقە ڕەشە ژاراوییە نایلۆنەکانەوە بگـرە، تـا دەگاتـە شووشـە و پلاستیکی کۆکـاکۆلا و توکـاکۆلا و زەمـزەم و جۆرەکانی دیکەی خواردنەوە و تـا کاغـەز و کەوڵـەچلووره و بەستەنی و قوتوو و پارچەئاسن و لەتـەئۆتۆمبیل و...هـەزاران چتـی دیکـە هـەن، فـڕێ دەدرێنـە سـەر خـاک و نێـو ئـاو و دار و چیـا و دەشـت و نێـو هـەوا و سروشتی وەڵاتی کوردستان، خـەڵک هـەر لـەخۆڕا دەمـرن و بێ ئـەوەی کـەس هۆکارەکـانی بزانێـت. سـەدان نەخۆشـی سـەیر و سـەمەرە، لـەو وڵاتـەدا بـڵاو بوونـەوە و قڕانیـان خسـتووەتە نێـو خـەڵک، بـێ ئـەوەی چارەسـەر بکـرێن. خـەڵک دەڵـێن، کاریگـەریی ئـەو خۆراکـە مفتەیـە، کـە وەریدەگرن و بە سەریاندا دابەش دەکرێت. ئەو خۆراکە، هەروا و بێ هـیچ کـۆنترۆڵ و لێنـۆڕینێـک دێتـە کوردسـتانەوە و دەبەشـرێتەوە و دەخورێـت. ئۆتۆمبیلـە شـکاوی جیهـان، دەبرێنـەوە کوردسـتان و لـەوێ دەفرۆشـرێن. ئاووهـەوای سـلێمانی، هـەولێر، دهـۆک و کـەرکووک، لـە پیسی و ژاراویبوونیدا، هیچ جیاوازییەکی لەگـەڵ ئاووهـەوای تـارانێکی 14-15 ملیـۆنی و لەنـدەنێکی 12- 13 ملیۆنیـدا نییـە، باشـە بـۆ؟ ئەگـەر پیسـبوونی ژینگـە و مردنـی زوو و خێـرای خـەڵک و زۆربـوونی جـۆری نەخۆشـی و ژاراویکردنـی ئاووهـەوا و خـاک و سروشـت، بـەوەی، کـە ئۆتۆمبیل زۆر بووە و خەڵک هێزی کڕینی بەرز بووەتەوە و پتر دەستی دەڕوات و بەسـتەنی زیـاتر دەخـوات و کۆکـاکۆلا پتـر دەخواتـەوە و کـاڵا زیاتر بەکار دەبات و دەدڕێت و مەسرەف دەکات، پاساو بـدرێت، ئـەوە مـن بـۆ خـۆم هـەرگیز، بـە گـۆڕان و بەرەوپێشـچوون و خۆشـگوزەرانیی

دانـانێم، ڕێـک بـە پێچەوانـەوە، چـاوەنۆڕی بـاری دژوارتـر و گـەلێک خراپتریش، لە وەها وەڵاتێک دەکەم.

هەرچی کارگێڕییە لە کوردستان، کە ماوەی سێزدە ساڵێکە، هـەردوو زلحیزبەکەی کوردستان سەرپەرشتیی دەکەن، گەندەڵییەکی وای تێدایـە، کە ژیانی خەڵکی تاڵ کردووە، گەندەڵییەکە لە سەری سەرەوە تا خـواری خـوارەوەی گرتووەتـەوە. کـورد لـەمێژە گوتوویـەتی:"ماسـی لـە سـەرڕا بۆگــەن دەکــات"، دەســەڵاتداریەتیی کوردســتانیش لەســەرڕا بۆگــەنی کردووە و دزی گەورە و چەپاوکەری گەورە و تاڵانکەری گەورە و تێرە و نەوسن و چڵێسی گەورە، لەسەرەوەن و ئـەوانن، گەندەڵییەکـەیان ساز کـردووە. وەهـا گەندەڵییـەک، مەگـەر بـە لەبنڕاهەڵتەکانـدنی تـەواوی دەســگا و بەڕێوەبەرایــەتی و کارگێڕییــەکان و گــۆڕینی ســەرلەبەری، لەســەرڕا و بـەرەوخوار، گـۆڕینێکی ڕادیکالانـە، چارەسـەر بکرێـت، دەنـا ئـەویش دەستی لـێ بشـۆ، چونکـە گۆڕینی ڕادیکالانـە، خـەڵکانێکی ڕادیکـاڵ دەتوانن ئـەنجامی بـدەن، نـەک مشـەخۆر و دزانـی وەک دەسـەڵاتدارانی وەڵاتەکـەی لەمـەڕ خۆمـان. بەرپرسانی وەڵاتەکـەی ئێمـە، وەک "گەنـە" و "زەروو"یان لێ هاتووە، گەنە و زەروو، تا پێیـان بکرێـت، خـوێن دەمـژن و ئێـدی، کاتێـک تێـر دەبـن و لـێ دەبنـەوە و مـڕ دەبـن، دەتـەقن، وەلـێ دەسەڵاتدارانی کوردستانەکەی ئێمە، هەرگیز نە مڕ دەبن، نـە تێر دەبن و نە دەشتەقن، هەر بۆیە هەرگیز لێ نابنەوە. وەڵاتێـک ئـەوە حاڵی بێت، کوو چاوەنۆڕی ئـەوەی لـێ دەکرێـت، ببێتـە دەوڵـەت و خـاوەنی ئابووری سـەربەخۆی خـۆی. ئابووریی سـەربەخۆ و فەرهـەنگی سـەربەخۆ، نەتـەوە دروسـت دەکـات و وڵاتێـک دەکاتـە دەوڵـەت و گـەلێک دەکاتـە خـاوەن دەســەڵات. وەڵاتێــک ئــەوە حــاڵی بێــت، چــۆن چــاوەنۆڕی ئــەوەی لــێ دەکرێت، گوزەرانی هاووەڵاتییان و خەڵکەکەی بەرەو باشیی بڕوات.

***دەنگەکان: هیچ ئامادەباشییەک لە کوردستان بەرچاو دەکەوێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر بارگرژییەک لەگەڵ حوکوومەتی قەومیی عەرەبی لە پێناو بەرژەوەندەکانی خەڵکی کوردستاندا؟***

ئەمجەد شاکەلی: پێموانییە هیچ نەخشەیەکی لەو جۆرە، لەکن دەسەڵاتدارانی کوردستان هەبێت. ئەگەر هەیانبووایە، ئەڵبەتە لەشکرێکی یەکگرتوویان، بۆ تەواوی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، پێکدەهێنا. ئەوان تا ئێستاش هێزە چەکدارەکانی خۆیانیان، نەکردووەتە یەک هێز و هەر حیزبە و خاوەنی لەشکری خۆیەتی. بێگومان تا ئەو هێزانە نەبنە لەشکری کوردستان، ئەوا هەرچەندی بۆ خۆیان بانگەشە بکەن و بڵێن، میلیشیا نین، ئەوا هەر میلیشیان. تۆ سەیری هێزی چەکداری فڵانە حیزب بکە، کە سەر بەو حیزبە بێت و ئامادە بێت، دژی حیزبێکی دیکەی کوردستان بچێتە سەنگەرەوە، ئەمە چۆن میلیشیا نییە! ئەمە میلیشیایە و تۆزێکیش. ئەمە چ جیاوازییەکی لەگەڵ چەکدارەکانی موقتەدا ئەسسەدر (مقتدى الصدر)دا هەیە، کە بە میلیشیا دەژمێردرێن؟ ئەو "سەگ بە حەوشە" و "فڕکان فڕکان"ەی ئەوڕۆ بە موقتەدا ئەسسەدر دەکرێت، من هیچ بە دووری نازانم، سبەی بە چەکدارەکانی کوردیش بکرێت.

سەرانی کورد، وا پشتیان لێ کردووەتەوە، وەک بڵێی نە عەرەبیان دیوە و نە کوردستان ئەنفال و کیمیاباران کراوە! زمانی سەرانی بەغدا و حیزبە عەرەبەکان و تەواوی ناکوردان، زمانێک نییە، هەرگیز چاوەنۆڕی ڕۆژێکی خۆشی بۆ کورد لێ بکرێت. ئەوان، حوکوومەتی بەغدا و هێزەکانی ئەمەریکا، ئێستا لە قۆناغێکدان، لە هێزە گچکەکانەوە دەستپێدەکەن و پاشان بەرەو هەوراز هەڵدەکشێن. دەسەڵاتدارانی بەغدا، هەرگیز وشەی فیدرالی و کوردستانیان بە زاردا نایەت، ئەگەر فرە تەنگاو نەبن. کەواتە ئەو بارگرژییە هەر هەیە و هەر دەبێ

چاوەنۆڕی زیاتر گرژبوونەوەی بکەین، بەڵام سەرانی کورد، هەر کە بەرپرسێکی عەرەب یا عیراقی دەبینن و لەگەڵیاندا دادەنیشن، ئیدی هەموو چتێک لەبیر دەکەن و دەکەونەوە خەیاڵی"هەربژی کورد و عەرەب رمزالنضال"ەکەی پێش 46 ساڵان.

***دەنگەکان: نێوان جەماوەر و ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردستان چۆن دەبینیت، ئەحزابی دەسەڵاتدار هەوڵیانداوە بۆ نزیکبوونەوە لە جەماوەر یان کەلێنەکە گەورەتر بووەتەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، هەرگیز هەوڵی خۆنێزیکخستنەوەیان لە جەماوەر نەداوە. ئەوان جەماوەریان کردووەتە، پاشکۆی خۆیان. ئەوان نانی جەماوەر و کوردەکەیان بە دەستە و بیانەوێت، خەڵک دەوڵەمەند دەکەن و دەیانکەنە میلیۆنێر و پارەدار و خودانی هەموو شتێک و بشیانەوێ، نانی خەڵک دەبڕن. خەڵکانی سەربە خۆیان، گیرفانپڕ و تێروتەسەل و خۆشگوزەران و ئەوەیشی لەگەڵیان نەبێت، دەبێ هەمیشە وەدووی بژێو و ژیاندا غاردات و هەناسەبڕکێی تووش بێت. ئەوەی ئەورۆ لەو حیزبانەوە نێزیکە، شوێنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و خێزان و بنەماڵە و عەشیرەتەکەی کەوتووە، دەنا خەڵکێکی کوردپەروەر و وەڵاتپارێز و خۆبەکوردستانیزان، ناکەونە شوێن ئەو جۆرە حیزبانە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت، کە لە نێو، ئەو حیزبانەدا، خەڵکی کوردپەروەر و وەڵاتپارێز و خۆبەکوردستانیزان نین، هەن، بەڵام دەنگیان نابیسرێت و کەس گوێیان لێ ناگرێت.

ئەوەی ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە دەیکەن و خۆیان بە سیاسەت و کوردایەتی و خزمەت دەیدەنە قەڵەم، پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەوەی ئەوان دەیکەن، دژی بەرژەوەندی کوردستان و خەڵکی کوردە و

سووککردن و گچکەکردنەوە و بێبایەخکردنی کورده. حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان، ئەگەر دزی دەکەن و ئەگەر زەویوزاری کوردستان داگیر دەکەن و دەفرۆشن و دەکڕن و ئەگەر سازش لە سەر هەموو پیرۆزییەکی کوردستان و کورد دەکەن و ئەگەر کوردستان بە نەیارانی کورد دەفرۆشن، هەر بە خزمەتی کوردستان و کورد، بە کوردستانییان و نەتەوەی کوردی دەفرۆشنەوە و منەتیان بە سەردا دەکەن. ئەگەر ترس و پێویستی و خۆپێداهەڵواسین و ماستاوساردکردنەوە و مەرایی نەبێت، هیچ شتێک، جەماوەری کورد، بەو حیزبانەوە، گرێ نادات. درز و کەلێنی هێندە زەلام، لە نێوان خەڵک و ئەواندا هەیە، بە هیچ شتێک پڕ ناکرێتەوە. کە جەماوەر هیچ ناڵێت، هۆیەکەی ئەوەیە، ئازادی ڕادەربڕین لەگۆڕێدا نییە و ئەوان (حیزبەکان) نانی خەڵکیان بە دەستە، ئەوان، تێڵایان بەدەستە و خەڵکیش دەستی پەتییە.

***دەنگەکان: دوا پرسیاریشمان پێمان خۆشە لە دەرگای ڕۆژنامەگەری دەین. فەزای ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستاندا چۆن دەبینی بە بەراورد بە پێش ڕووخانی بەعس؟***

ئەمجەد شاکەلی: هەرچی ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردستانە، هەمووی سەر بە حیزبە. ئەوەیشی، بانگەشەی ئەوە دەکات سەر بە حیزب نییە، جێگەیەک، دەسگەیەک، خەڵکێک، بەرپرسێک، لایەنێک، کەسێکی لە پشتەوەیە و کۆمەکی پێ دەکرێت، دەنا ڕێگە نادرێت قسە بکات و ڕەخنە بگرێت. ئازادی ڕۆژنامەگەری، بە ناو و لەسەر کاغەز هەیە، بەڵام لە واقیعدا وا نییە. ڕۆژنامەیەک یا بڵاوکراوەیەک، کە برێک باسی کێشەکانی خەڵک بکات و ڕاستی بخاتە پێش چاوی خەڵک، هەمیشە دەنووکی دەسەڵاتدارانی لەسەرە و ڕێگەی

پێنادەن بە ئارەزووی خۆی قسان بکات و بەردەوام هەڕەشەی داخستن و دەمکلۆمکردنی لێ دەکەن. ئەوجا من لە تۆ دەپرسم، ئەوە پێی دەگوترێ ئازادی؟

لەم ئەوروپا و جیهانە ئازادەدا، ڕۆژانە ڕەوتار و کردار و گوتاری هەرچی بەرپرسی وەڵاتە، دەخرێنە ژێر پرسیارەوە و هەر کارێکی دەیکەن، ئەگەر یەک قیچ لە قانوونی وڵاتەوە دوور بێت، لێی دەکەنە هەڵڵا و لە قاوی دەدەن. سەرۆکی حوکوومەتێک ئەگەر دۆلارێک یا کرۆنێکی زیادەی وەرگرتبێت، یا بە هەڵەی سەرف کردبێت، دونیای لێ پڕ دەکەن و پەلکێشی سەر تەلەڤزیۆنی دەکەن و بە دز و و دەیان وشەی توند، ناوی دەبەن و پەنجە دەکەنە چاویدا، کوا لە کوردستانەکەی تۆ و مندا وەها کارێک دەکرێت؟ کێ دەزانێت، مووچەی سەرۆکی حوکوومەت، یا وەزیر، یا بەرپرسێکی حیزبی، یا شۆفێر و پاسەوانێکی ئەوان، لە وەڵاتەکەی ئێمەدا، چەندە؟ کێ دەزانێت بەرپرسانی حیزب و سەرانی حوکوومەتەکانی وەڵاتەکەی ئێمە و ژن و زارۆک و قەوم و خوێشیان، چەندیان موڵک و خانوو و زەوی و ئۆتۆمبیل و مووچە هەیە و چەندیان پارەوپووڵ، لە بانکەکانی ئەوروپا و وەڵاتانی دیکەدا هەیە؟ سەرۆک حیزبی وەڵاتەکەی لەمەڕ خۆمان، نیوەی وڵاتەکە دەفرۆشێتە تورک و عەرەب، بێ ئەوەی، هیچ ڕۆژنامەیەک یا کەسێک، ئەو مەسەلەیە بخاتە بەرباس! بەرپرسانی حیزبەکانی وەڵاتەکەی ئێمە، بە ئارەزووی خۆیان و وەک تەگە(نێری) دەکەونە نێو کچان و ژنانی وەڵات، بێ ئەوەی کەسێک بوێرێ، خۆی لە قەرەی وەها باسێک بدات!

هەرکاتێک مایکڵ مۆر"Michael Moore" ەکانی کوردستانیش بێ ترس و دانبەخۆداگرتن و خۆخواردنەوە، توانییان ڕەخنە لە ترۆپکی دەسەڵات و سەرکردە و بنکردە بگرن و هەموو کارە دزێو و

ناڕەواکانیان، بخەنە بەرباس و هەموو کورد بە هەموو چتێکی ئەوانیان زانی، هەرکاتێک میدیای کورد و میدیاکانی کوردستان توانییان، هەموو چتێــک بڵــێن و بنووســن و پێشــان بــدەن و تــەواوی شــاراوەکان و پەردەپۆشەکان، لەژێر بەڕەوە بخەنە سەر بەڕە و ئاشکرا کەن و بچنە نێو ماڵ و موڵک و ژمارە حیسابی بانک و ژووری نووستن و خواردن و خواردنەوەی بەرپرسەکانمانەوە و لە هیچ شتێک نەسڵەمینەوە و تووشی هیچ سزا و نانبڕینێک نەبن، ئەودەمی دەشێ بڵێین، بەڵێ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەری و میدیا، لە کوردستاندا ئازادە.

2004 - 08 – 25

**سازدانی گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان"**

# ڕووخانی بەعس و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عیراق و خەونی کوردستانێکی سەربەخۆ

***دەنگەکان: ئەمڕۆ زەمینەیەکی ڕەخساو و لەبار بۆ کورد فەراهەم بووە تا بتوانێ چارەنووسی خۆی لە جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دیاری بکات، ئایا پێت وانییە سەرکردایەتی سیاسی کورد لەپێناو بەرژەوەندی حیزبی و بنەماڵەیی ڕێگرە لەبەردەم ئەم خواستەی کورد و خەریکە ئەم دەرفەتە لەدەست دەدرێ، بە بڕوای تۆ چ هەنگاوێک پێویستە(چ بکرێت باشە) تا کەڵک لەم دەرفەتە مێژووییە وەرگرین؟***

ئەمجەد شاکەلی: خەڵکانێکی حیزبی یا هەواداری حیزبە کوردییەکان زۆر جاران، کە تۆ باسی سەربەخۆیی و جاڕدان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانیان لەگەڵدا دەکەیت، کۆمەڵێک پاساو بۆ سەختی و ئاستەنگی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان دەهێننەوە و وا پێشان دەدەن، هەلومەرجی نێودەوڵەتیی، هەڵوێستی دەوڵەتانی دەوروبەری کوردستان، سیاسەتی ئەمەریکا و ئینگلستان، هەڵوێستی دەوڵەتە عەرەبەکان، هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیسلامی، ناڕەزایی سوننە و شیعە و عەرەب و تورکمانی عیراق و ناڕەزایی حیزب و دەستە سیاسییە

ناكوردییەكانی عیراق و ....تەواوی ئەمانە، بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئەوەدا نین و ڕێگە نادەنە كورد، كە باشووری كوردستان لە عیراق، جودا بكاتەوە و دەوڵەتی كوردستان ڕابگەیەنێت. كە تەواوی ئەو هێزانە دژی خواستی سەربەخۆیی كوردن، ئەوە ڕاستییەكە و هەموو دەیزانین، لێ مرۆڤ دەبێ هەلومەرج و ڕەوشی كوردستان و كوردیش لەبەرچاو بگرێت.

بەشێكی باشووری كوردستان، لە ساڵی 1991ەوە، بە واقیع و پراكتیک لە عیراق دابڕابوو و جودا بووبووەوە و خاوەنی سەربەخۆیی بوو و تەواوی مەرجەكانی دەوڵەتی: خاک، پەرلەمان، حوكوومەت، لەشكر، ئابووری، ئاڵا، پارە و ...ی تێدا بوو.

پێش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و دوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە، تاكە گەلێک، نەتەوەیەک، خەڵكێک لە عیراقدا، كە خاوەنی هێز بوو و خاوەنی دەسەڵات بوو و لەشكری ڕێكوپێكی هەبوو و توانستی جەنگ و كۆنترۆڵی هەبوو و كە ئێستایش هەروایە، كورد بوو و كوردە.

نێزیكترین خەڵكانێک لە هێزەكانی ئەمەریكا و ئینگلستان و ڕۆژاواوە، كە بڕیاری ڕووخاندنی بەعسیان دابوو و ڕێبەری هێرش بوون بۆ سەر ڕێژیمی عیراق، هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەكانی باشووری كوردستان بوون، كە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دابڕانیان لە عیراق، بەهێزترین پێوەندیان لەگەڵ ئەمەریكا و ئینگلستاندا هەبوو.

تەواوی ئەوانەی بە تەمای ڕووخاندنی سەددام حوسەین بوون، لە عەرەب، توركمان، كلدانی، ئاشووری، سوننە، شیعە و ئەوانەی ناوی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقییان لەخۆ نابوو، هیچ یەكێكیان پانایی یەک كیلۆمیتری چوارگۆشەیان لە خاكی عیراقدا بەدەستەوە نەبوو و خاوەنی هیچ نەبوون و هەموو لە كوردستانەوە دەیانەویست سەددام حوسەین بڕووخێنن و لە كوردستان، لەسەر خوانی كورد دەلەوەڕان.

کورد، کە وەها بار و هەلومەرجێکی بۆ هەڵکەوتبوو، زۆر بە هاسانی، دەبوو هەر لە 1991ەوە ئەو بەشە ئازادەی کوردستان بکاتە پێگەی بارهێنانی خەڵک و باسی ئازادی کوردستان، گۆڕینی قانوون، سیستمی خوێندن، پەروەردە، ئابووری، میدیا، پارە و پێش هەر شتێکیش مێشکی خەڵک و سڕینەوەی ناوی عیراق لەنێویدا، زەوینە بۆ ئەوە خۆشکرابا، بنەماکانی دەوڵەت چێ کرابا و تەواوی هەوڵەکان ئاراستەی خۆجوێکردنەوە لە عیراق درابا. دەبوو لەگەڵ هەڵبژاردنی یەکەم پەرلەمانی کوردستاندا و لە فۆرمی دەنگداندا، پرسیاری ئەوەیشی تێدا بووایە، کە ئایا دەتەوێت کوردستان سەربەخۆ بێت یا نەء؟ ئەودەمی زۆرینەی خەڵک دەنگی بۆ سەربەخۆیی دەدا و ئەم ڕاپرسی و بەزمەی، کە پاش ڕووخانی سەددام حوسەین هاتە ئاراوە و کە بەرەبەرە وا خەریکە بەرەو خامۆشیی دەڕوات، هەر لەو دەمییەوە دەبووە ڕاستییەک و دەچەسپا.

کێشەی هەرە مەزنی کورد لەوەدایە، سەرکردەیەتییە سیاسییەکەی، نە پێش ڕووخانی سەددام حوسەین و نە پاش ڕووخانی، نە لەگەڵ ئەمەریکادا، نە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیدا، نە لەگەڵ کەسدا، هەرگیز باسی ئازادی کوردستانیان نەهێناوەتە گۆڕێ و هەمیشە سووربوونە لەسەر پاراستنی یەکپارچەیی خاکی عیراق و وەک عیراقییەک بیر و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە و پێیانوابووە، کە ئیدی بەزاندنی هێڵی بازنەی فیدرالی کارێکی گەلێک دژوارە و کارەساتی گەورەی لە دواوەیە. ئەوان دەبوو پێشوەخت ئەو باسەیان لەگەڵ"دۆستەکانیاندا"، وەک بۆ خۆیان شانازی پێوە دەکەن و خۆیانی پێوە بادەدەن، کردبا و جەختیان لەسەر ئەوە کردباوە، کە سەربەخۆیی کوردستان، بیروڕا و خواستی نەتەوەی کوردە و خەڵکی کورد ئەوەیان دەوێت. دەبوو هەر لەگەڵ ڕووخانی سەددام حوسەینیشدا، هێزی لەشکری کورد بچووبایەتە نێو

باژێڕەكانی تەواوی ئەو دەڤەرانەی كوردستان، كە لەژێر دەسەڵاتی سەددام حوسەین ڕزگاریان بوو و گەڕانەوە ئامێزی كوردستان، وەك: كەركووك، خانەقین، جەلەولا، سەعدییە، مەندەلی، شنگال، مووسڵ، بەدرە، جەسسان و تەواوی خاكی كوردستانیان بخستایەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ئەوەیان بكردایەتە واقیعێك.

دیارە سەركردەیەتیی سیاسیی كورد، هیچ وای نەكرد و كارەكەی لەبەر ملانێی حیزبی و بەرژەوەندی دیكەی خۆی، هەروا بە نیوەچڵی هێشتەوە و چارەنووسی تەواوی دەڤەرە نوێ ئازادكراوەكانی باشووری كوردستانی، بە ناوی هەڵبژاردن و دەنگدان و ڕاپرسییەوە دایەدەست دەسەڵاتدارانی بەغدا و عیراقەوە و كارێكی وای كرد تەنانەت ئەو بەشەیشی، كە لە 1991ەوە لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بوو، ئەویشی بە عیراقەوە گرێدایەوە. سەرانی كورد، سەركردەیەتیی سیاسی كورد، بە هەڵەداوان وەدووی عیراق كەوتوون و بە شوێنیدا غار دەدەن. ئەوان خۆیان بە چەسپ و كەتیرە و بە تۆبزی ویستوویانە و دەیانەوێت، كوردستان بە عیراقەوە بنووسێنن. ئەوان خۆیان لەبری تێكدان و لێكجوداكردنەوە و پاژكردن، عیراقی لەبەریەكهەڵوەشاوە و تێكچوو و داتەپیو و ڕووخاویان دروست كردەوە و ژیاندەوە. بەردەوامبوونی سەركردەیەتیی سیاسی كورد لەسەر ئەم سیاسەتەی ئێستای و ئەو تێزانەی خەڵكی كوردی پێوە سەرگەرم كردووە، چارەنووسی كورد و پرسی باشووری كوردستان بەرەو ئاسۆیەكی نادیار و ناڕوون و تەماوی دەبات و هێندەی ڕێژەیەك دڵخۆشیی خەڵكی كوردی تێدا نابینرێتەوە. سەركردەیەتیی سیاسی كورد، ئەمڕۆ وازییەكی دۆڕاو دەكات و گرەو لەسەر هێسترێكی جدەو و لەڕ و تۆپیو و دەستوپاسست و كەمهێز و زامدار دەكات، كە ناوی عیراقە و ئەو عیراقەش هەر هێندەی خۆشە

بێتەوە سەر خۆی و هێز پەیداکات و قەڵەو بێت، ئەودەمی شێخ ڕەزای تاڵەبانی گوتەنی:

"گەر قەڵەو بێ ئەم ئەجنەنێرە لێرە تەسخیر ناکرێ

غەیری چەند دەروێشی ڕیففاعی بە زەبری جەلجەلووت"

من پێموایە ئێستاش خەڵکی کورد، ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکانی کورد، میدیای کورد، سەربەخۆییخوازی کورد، لەشکری بێکارانی کوردستان، تەواوی ژنان و لاوان و خەڵکی کوردستان، دەرفەتیان هەیە و بواریان ماوە و دەتوانن، بە بەشداربوون لە هەڵبژاردنی عیراقدا و بە ڕێپێوان و خۆپێشاندان و دەنگەدەنگ و هاتوهاوار و ڕووبەڕووبوونەوە، لە کوردستان و لە دەرێی کوردستان، خواستی خۆیان بۆ سەربەخۆیی و ئازادی کوردستان، بڵند بکەنەوە و بە گوێی جیهاندا بدەن و ئەمەریکا و ئینگلستان و یەکیەتیی ئەوروپا و یەکیەتیی دەوڵەتان(UN) هەراسان بکەن و ئەگەر کاریش گەیشتە ئەوەی، بەکاربردنی هێز پێویست بکات، با کوردستان و کوردیش هێندەی چەکدارەکانی نەجەف و سامەڕڕا و فەللووجە و ڕەمادی و مووسڵ، کە شەڕی خۆترێن و ناڕەوا دەکەن، بەرگریی لە ڕەوایەتیی کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد بکەن.

2004 - 11 – 17

**ئامادەکردنی: گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان".**

# دەنگدان و بەشداریی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا

(وەڵام بە چەند پرسیارێکی ڕۆژنامەی"ئاسۆ")

1. لە دەرێی کوردستان و بەتایبەت لە ئەوروپا، خەڵک زۆرجاران هەر بە لای سندووقی دەنگدانیشدا ناڕۆن و ئارەزووی دەنگدانیان نییە. لە ئەوروپا بەوانەی دەنگ نادەن دەڵێن:"ڕاکشاوانی سەر قەنەفەکان"، واتە: بۆ خۆیان لە ماڵەوە ڕادەکشێن و دەنوون و ناچن دەنگ بدەن. ژمارەی کوردی ئەوروپا و دەرێی کوردستان کەم نین و ڕەنگە خۆ بدەن لە میلیۆن و زیاتریش، ئەگەر بەشێکی زۆری ئەمانە دەنگ بدەن، دیارە کاریگەریی لەسەر زیادکردنی دەنگی لیستی کوردستان دەبێت، بەڵام ئایا ئەو خەڵکەی دەرەوە بڕوایان بەو دەنگدانە هەیە؟ ئایا دەنگ دەدەن؟ ئەمە پرسیارێکە، هەر تاکێکی کوردی دەرەوە هەریەکەو بە جۆرێک وەڵامی دەداتەوە. من بەشبەحاڵی خۆم، نە بڕوام بە دەنگدان هەیە و نە دەنگیش دەدەم.

2. زۆرینەی کوردی دەرەوە و من بۆ خۆیشم یەکێکم لەوان، داوا دەکەن، کورد بەشداریی لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا نەکات، لەبەر ئەوەیە، کە کوردستان بە بەشێک لە عیراق نازانن و عیراقاندنی

کوردستان و گرێدانەوەی بە عیراق و ڕاکردن وەدووی عیراقدا لەلایەن سەرکردەیەتیی سیاسیی کوردەوە بە کارێکی نەباش و سووکایەتی بە پرسی کورد و خواستی جەماوەر و خەڵکی کورد دەزانن. هەر لەو سۆنگەیەشەوە فیدرالییش هەروا دەبێنن و بە سووکایەتیپێکردن بە خواستی گەلی کوردی دادەنێن. کورد دەبوو هەوڵی لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی عیراقی دابا، نەک دروستکردنەوە و پاراستنی وەک خاکێکی یەکپارچە. کورد دەبوو هەوڵی خۆجیاکردنەوەی لە عیراق دابا نەک خۆپێوەگرێدانی. سەرباری ئەوانەش هێشتا کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و شارەبان و مەندەلی و بەدرە و...ئەو دەڤەرانەی کوردستان نەخراونەتەوە سەر کوردستان، ئیدی خەڵک بۆ دەنگ بدات! من ڕێزی ئەو کوردە دەگرم، کە بەشداریی هەڵبژاردنی عیراق ناکات و خۆشەویستیم بۆی هەیە و بۆ خۆیشم دژی دەنگدانم.

3. سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، کە بڕوای بە فیدرالی و یەکیەتیی خاکی عیراق و چارەسەرکردنی پرسی کوردە لەنێو عیراق و لەگەڵ عیراقییاندا، ڕەنگە بە بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا وەک یەک دەنگ و یەک لیست، شتێکی خراپ نەبێت و بەو جۆرە کاریگەرییەکی باشتریان هەبێت، وەلێ لەسەر ئاستی کوردستان و بە یەک لیست، هەرگیز کارێکی باش نییە و دژی سەرەتاییترین پرنسیپەکانی دیموکراتییە و دژی خواست و ئازادی ڕادەربڕینی خەڵکی کوردە و دژی"ململانێی حیزب" و "کۆمەڵگەی مەدەنی" و ...ئەوانەیە، کە سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، بۆ خۆی بانگەشەی بۆ دەکات. ئەو یەک لیستییە، تەنێ لە ترسی دۆڕانی دەسەڵات و لە ترسی هاتنەپێشەوەی خەڵکی دیکە و دەنگی دیکەیە و درێژەدانە بە پاوان و قۆرخکردنی دەسەڵات و ئابووری و جۆرێکە لە دیکتاتۆرییەکی گشتی. ئەگەر بشمانەوێت پێناسەی بکەین، ئەوا ناتوانین لە "دیموکتاتۆری" زێتر ناوێکی

دیکـەی لێبنێـین. ئـەو یـەک لیسـتییە تـەنێ لـەبۆ بەرژەوەنـدی حیزبـە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانە و بە هیچ جۆرێک بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردسـتان نییـە. سـەرکردەیەتیی سیاسـیی کـورد، کـە هێنـدە بـە پەرۆشەوەیە بۆ بەرژەوەندی گەلی کوردستان، وەک خۆی بانگەشەی بۆ دەکـات، ئـەدی بـۆ لـە 1994ەوە تـا ئـەمڕۆ، باشـووری کوردسـتانی کردووەتـە دوو دەوڵـەتی زۆر دوور لەیـەکتر و جیـاواز و هـەرچی کـورد هەیە لەم جیهانەدا هاوار دەکات، ئەو دوو لەتەی کوردستان بکەنەوە بە یەک و ببنەوە یەک کارگێڕی و یەک سەرکردەیەتی و یـەک ڕێبەریـەتی، کـــەچی هـــەر گوێیشـــی نـــادەنێ! یـــەو یەکخســـتنەی حوکوومـــەت و کارگێڕییـەیان، دەبێتـە هـۆی کەمکردنـەوەی دەسـەڵاتیان و ئـەم یـەک لیستییەی ئێستایان دەبێتـە هـۆی چڕکردنـەوەی دەسـەڵاتیان، بۆیـە ئـەوی یەکەمیان ناکـەن و ئـەمی دووەمیـان دەکـەن و باگـەلی کوردستانیش بـۆ خۆی هەر هاوار بکات.

4. کـورد ئەگـەر مـاڵی خـۆی ڕێکخـات و دیـواری نێـوان کـارگێڕی و دەسەڵاتەکانی خۆی بڕووخێنێت و یەکدەنگ بێت و هێزەکانی بکاتە یەک و پێش حیزبایەتی کوردایـەتی بکات، زۆر چـاک دەتوانێـت هـەر بـە هاتنـە سەر شەقام و ڕێپێوان و خۆپێشاندان، لە ناوەوە و لە دەرێـی کوردستان، هەموو جیهان بێدار بکاتەوە و لە ناوەوەی کوردستانیش بەوانە و کاری شۆڕشگێڕانە، تەواوی خواستەکانی خـۆی بسـەپێنێت و جاڕی سـەربەخۆیی کوردسـتانیش بـدات. کـورد، کـە خـۆی بـە عیراقـەوە ببەسـتێتەوە، لـە دەرەوەی کوردستان نـە کـەس بە هاوارییـەوە دێـت و نـە کەسیش لێـی تێـدەگات، بـەڵام ئەگـەر باسـی سـەربەخۆیی و دەوڵـەت بکـات، هـەموو ئـازادیخوازانی جیهـان و تەنانـەت دەوڵـەتانیش تێدەگـەن و زۆرینـەی مـرۆڤیش پشـتگریی دەکـەن. ئـەو عیراقـەی، کـە ئـەمڕۆ سـەرانی کـورد گـرەوی لەسـەر دەکـەن، گـورگێکی تۆپیـوە و ئـەمان خۆیـان زینـدووی

دەكەنەوە بۆ ئەوەی بەریدەنە گیانی خۆیان. لەنێو ئەو عیراقەی ئێستادا، لە دوای ئەمەریكا و ئینگلستان، كورد هێزی سێیەمە. كورد خودانی لەشكر و ئەزموونی جەنگ و خەبات و كارگێڕی و كەچەدیموكراتییەكە و بەو هێزەی دەتوانێت هەموو شتێك بكات و خۆی بسەپێنێت. من پێموایە سەركردەیەتیی سیاسیی كورد ئێستاكە، كە كەركووك و مووسڵ ناگرێت، لە كاتێكدا كە ڕۆژانە دەیان كوردیان تێدا قڕان دەكرێن و سەردەبڕدرێن و ئەو تەنێ تەماشا دەكات و چاوەنۆڕی عیراق و عیراقییانە شتێكی بۆ بكەن، لە ئازایەتی و دڵسۆزییەوە نییە بۆ گەلی كوردستان، بەڵكە تەنێ لە نەوێران و خەمساردی و لەترسی لەدەستدانی دەسەڵاتی خۆی و دەسەڵاتگرتنەدەستی خەڵكانی ڕادیكاڵ و شۆرشگێر و كوردستانیی نێو گەلی كوردستانە.

2004 – 12 – 06

# له یادی مەرگی
# کارڵ مارکسی فیلۆسۆف و شۆڕشگێڕ
# له 14 – 03 – 1883دا

***دەنگــەکان: پــاش ئــەم گۆڕانکارییــە سیاســی و ئــابووری و کۆمەڵایەتییانەی لە ماوەی ئەم سەدەونیوەدا بەسەر مرۆڤایەتی هاتووە، ئاسۆیەکی تر، گەڕانەوەیەکی تر، بۆ مارکسیزم چۆن دەبینیتەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: مارکسیزم وەک فەلسەفە و تیۆری و ئایدیۆلۆژیا و ڕێبازێکی سیاسی - ئابووری - جڤاکی، پەیام و بەرنامە و پرۆگرامێکی تاڕادەیەک تۆکمە و پتەو و تەواوی بۆ مرۆڤ پێیە. تەواوی ئەو قەیران و کێشانەی ئەوڕۆی جیهان، کە بەشێکی هەرە زۆری پێوەندیان بە باری ئــابووری مــرۆڤ و نــاڕەوایی دابەشــبوونی ســامان و نــادادی و چەوساندنەوەی مرۆڤ و جیاوازیی چینایەتییەوە هەیە، کە هێشتا هیچ چارەســەرییەکیان بــۆ نەبینراونــەوە، پێموایــە لــە مارکســیزمدا ئــەو چارەسەرییە هەیە و مارکسیزم بەرسڤدەرەوەی زۆرێک لەو کێشە و گیروگرفتانەیە. لە نێو تەواوی ئەو دید و فەلسەفانەی، کە مرۆڤ لەم یەک دوو سەدەیەدا پەنای بۆ بردوون و پێیوابووە تیماری برین و دەردەکانی خۆی پێ دەکات و وەڵامی پرسیارەکانی دەداتەوە، هیچیان هێنــدەی مارکســیزم وەڵامــی پرســیارەکانی نەداوەتــەوە و هێنــدەی

مارکسیزم دەرمانی دەردەکانی نەکردووە. گەڕانەوە بۆ مارکسیزم، گەڕانەوەیە بۆ چارەسەکردنی دەردەکانی مرۆڤ و بێگومان وزە و توانست و هێزێکی نوێ بە مرۆڤ دەبەخشێت، لێ دەبێ بە چاوێکی دیکە و لە دیدێکی دیکەوە لە مارکسیزم بنۆڕدرێت و بخوێنرێتەوە. وەک دۆگم و کۆمەڵە تیۆرییەکی ڕەها و چەقبەستوو و هیشک و تەواوی ڕاستیی وەرنەگیرێت و نەبێت و نەکرێتە ئایین. کە چەوسانەوە و نادادی و هەژاری و بەشخوراو و دەوڵەمەند هەبن و کە سەرمایەداری بناخە و بنەما و هۆ و سەرچاوەی تەواوی ناهەمواری و دەرد و بەدبەختی و نەگبەتییەکانی مرۆڤ بێت، ئەوا مارکسیزم لە ئێستا و لە داهاتووشدا هەرگیز کۆن نابێت و هەمیشە وەک چرایەک، ئاپۆرەی خەڵک و جەماوەری چەوساوان، پێویستیان پێیەتی، بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی ژیانیان و هەمیشە وەک پەیام و ڕێباز و نەخشەیەک دەستدەدات و دەگونجێت، بۆ چێکردنی جیهانێکی باشتر و بێ چەوسانەوە و یەکسان.

***دەنگەکان: ئایا مارکسیزم ، بەهای تازەگەری خۆی لە دەست نەداوە ، ئەگەر لە دەستی نەداوە چۆن دەتوانێ حزووری خۆی ، گونجانی عەمەلی خۆی لە چەرخی بیستویەکدا بسەلمێنێ؟***

ئەمجەد شاکەلی: فەلسەفەی مارکسیزم، کە لە دوو بەش پێکهاتووە: ماتریالیزمی دیالکتیکی، کە فەلسەفەی سروشت و لە سروشت بەدەر(میتافیزیک)ە و ماتریالیزمی مێژوویی، کە فەلسەفەی مێژووە، ماتریالیزمە دیالکتیکییەکەی لێکدانەوە و شیکردنەوەیەکی ماتریالیزمانەی سروشت و بوونە، چونکە تەواوی ڕاستیگەلێکی پێوەنددار بە سروشتەوە، بەتەواوەتی ماددین و سروشت و بوون 100% و تەنێ ماددەن و شتێکی دیکە نین. ماتریالیزمی دیالکتیکی، هەرچەندە مارکس بۆ خۆی دارێژەریەتی، چ پێوەندێکی بە بەرنامە کۆمۆنیستییەکەی مارکسەوە نییە

و تێکـەڵکردنیان کـارێکی ناڕاسـتە، چونکـە دوو شـتی جیـاوازن. کۆمـۆنیزم، هەڵوێســتێکی جڤاکییــە و لەگــەڵ هــەموو فەلســەفە و بیروباوەڕێکــدا دەگونجێت و ویکدێتـەوە. دەشـێ مـرۆڤ ماتریالیسـتی دیالکتیکی بێـت و کۆمۆنیســت نــەبێت و پێچەوانەکەیشــی هــەر ڕاســتە. دەکــرێ مــرۆڤ کۆمـۆنیزم وەک بەرنامـە و ڕێبـاز و پرۆگرامێکـی ئـابووری وەرگرێـت و بڕوای بە ئایینێکی دیاریکراویش هەبێت. کە مارکس پشتگریی کۆموونەی پاریس(مارس- مایسی 1871) دەکات، کە کۆموونەیەکی مارکسیستییش نەبوو، ئەو وەک شۆڕشگێڕێک و خـەباتکارێکی جڤاکی پشتگریی دەکات و ئـەوەش نیشـانەی هەسـتی هاودەردییـەتی لەگـەڵ چەوسـاواندا و تـەنێ مەسەلەکە هـۆش و ژیربێـژی نییە و ئەو دەیـەوێت کۆموونـەی پاریس، هەرچەندە تایبەت نـەبووە، تـەنێ بە کارگەرانـەوە، وەک نموونەیـەک بـۆ بزاڤــی کارگــەران و چەوســاوەکان و هــەژاران بــەکار ببــات و بیکاتــە سەرمەشــق و ســەرچاوەی ســروش وەرگــرتن بۆیــان. ماتریــالیزمی مێژوویی فەلسـەفەی مرۆڤـە و مـرۆڤیش تێکەڵاوییەکە لـە پێوەندگـەلێکی مـاددی و گیانـەکی و هــەرگیز نابێتــە ماددییــەکی تــەواو. مــارکس لــە نووســـینەکانی خۆیـــدا بـــە درێژایـــی و ورد لەمـــەڕ ماتریالیزمـــە مێژووییەکەیــەوە نــەدواوە و تــەنێ بنــەما و ڕەگــە بنەڕەتییــەکانی دەستنیشـان کـردووە و دانـاوە. وەگەڕخـەر و بزوێنـەری مێـژوو لـەکن مـارکس، کـاری ئـابووری و بەرهەمهێنانـە، کـە لـە ڕێبازەکەیـدا نـەک لـە فەلسەفەکەیدا هاتووە. مارکس لە تێز و نووسینەکانیدا هیچ دیاردەیـەکی کاریگــەری ئــابووری، جڤــاکی، مــاددی، ڕەوانــی یــا گیانــەکی، پشــتگوێ نەخستووە و هەموویانی لەبەرچاو گرتووە.

مارکسـیزم لـەکن مـارکس ڕێبـاز و بەرنامەیـەکی ڕێنیشـاندەرە نـەک باوەڕێکی ڕەقهەڵاتوو، چونکە ئەو زۆرجاران ئەو هێڵە دەبەزێنێت. مـرۆڤ لـەکن مـارکس بوونـەوەرێکی مـاددی و گیانەکییـە و تـەنێ بـە خـۆراک و

پێویستییە ماددییەکان ناژی. کە مارکس پێش هەر شتێک جەخت لە سەر پێویستییە ماددییەکانی مرۆڤ دەکات و پێیان لە سەر دادەگرێت و لە سەریان چڕ دەبێتەوە، ئەوە وەڵامدانەوە و پەرچەکرداری ڕووتکردنەوەی مرۆڤە لە پێویستییە ماددییەکانی، لەلایەن دەسەڵاتی دەوڵەت و دەسەڵاتی سامان و سەرمایەوە. ئەوەی کە بە پێچەوانەوەی ئەو کارەوە دەکات و تەنێ جەخت لەسەر پێویستییە گیانەکییەکان دەکات، ئایینە"ئاسمانییەکان" و ئایینکارانن، کە داوا لە هەژاران و خەڵکە ڕەشۆکییەکە دەکەن خوداپەرستی بکەن و بە هەژاری و ژیانی نەداری خۆیان و خۆشگوزەرانییش بۆ خەڵکە تایبەت و زەنگینەکان قایل بن و هەرگیز ئەو باس و جیاوازییە نەخەنە ژێر پرسیارەوە و چاوەنۆڕی پاداشتی جیهانێکی دیکە بن. مارکس کار بۆ خۆشگوزەرانیی خەڵکە ڕەشۆکییە نەدارەکە دەکات و ئەو خەڵکانەش لە سەردەمی ئەودا، کارگەرانی ئەوروپا بوون و ئێستاش زۆرینەی تویژ و چینگەلێکن، کە زۆرینەی خەڵک و مرۆڤی ئەم جیهانە پێکدەهێنن.

کە مارکسیزم پرۆژەیەکی سیاسی بێت و ڕێبازی ئازادی و ڕزگاری مرۆڤ بێت و هەوڵێک بێت بۆ گۆڕینی جیهان، بۆ جیهانێکی پڕداد و باشتر و ئاسوودەتر و ئارامتر و خۆشگوزەرانتر و ئازاد، ئیدی بۆ دەبێت بەهای خۆی لەدەست دابێت، لە کاتێکدا کە زۆرینەی مرۆڤ ئەوەی بووێت! من پێموایە هیچ فەلسەفەیەک بەهای خۆی لەدەست نادات. ڕەنگە فەلسەفەیەک لە سەردەمێکدا بگاتە دوندی مەزنیی و بڵاوبوونەوە و کاریگەری و خەڵکانێکی زۆر بیکەن بە ڕێبازی ژیانیان و بڕوایان پێی هەبێت و خۆیانی تێدا ببیننەوە و لە سەردەمێکیشدا بسیسێت و کز و لاواز ببێت و خەڵک لێی بتەرەکێتەوە، لێ هەرگیز نامرێت. مارکسیزم، کە یەکێکە لەو فەلسەفانەی لە ڕۆژگارێکدا تەواوی مرۆڤایەتیی هەژاند و کوودێتایەکی لە هزر و دید و جیهانبینی مرۆڤدا کرد و بە کردەوەش –

هەرچەندە بە شێوەیەکی هەڵە و ناتەواو و گۆج- بوو بە ئایدیۆلۆژیای چەندین ملیار مرۆڤ و چەندین نەتەوە و دەوڵەتی جیهان، هەرگیز تازەگەریەتیی لەدەست نەداوە و نەدۆڕاوە و ئەگەر بە وردی و بە قووڵی و بە شێوەیەکی زانستی و وەک خۆی بخوێنرێتەوە و بخرێتە گەڕ و کاری پێ بکرێت و چەوت و خوار لێکنەدرێتەوە، ئەوا جارێکی دیکە شوێنی خۆی لە ڕەوتی مرۆڤایەتیدا دەکاتەوە و لەگەڵ نەک تەنێ چەرخی بیستویەکدا، بەڵکە لەتەک چەرخەکانی دوای ئەوەشدا دەگونجێت و سوودمەند دەبێت و خزمەت بە مرۆڤ دەکات.

***دەنگەکان: ئەوەی لە سۆڤیێەت و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات ڕوویدا، هەرەسی ڕێژیمە عەسکەرتاریەکان بوو، بەڵام لەبەر هەر هۆیەک بووبێ لەباری مێژووییەوە تا ئەمڕۆش، ئەم هەرەسە کراوەتە ئۆباڵێکی گەورە، بە سەر مارکس و مارکسیزمدا، بە ڕای ئێوە ئەمەی ڕوویدا، هەرەسی چی بوو؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەوەی لە سۆڤیێت و وەڵاتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا ڕوویدا، هەرەسی ڕێژیمە سەربازی و دیکتاتۆرییەکانی ئەو وەڵاتانە و پارتییە لەشکرتارییەکانی ئەوان بوو، هەرەسی مارکسیزم نەبوو. مارکسیزم پرۆژەیەکی تەواوی هزری، ئابووری، سیاسییە و میلیۆنان خەڵک وەدووی بیروباوەڕەکەی کەوتن و دەیان وەڵات بە ناوی ئەوەوە دەوڵەتیان دامەزراند، ئەگەر ئەو میلیۆنان خەڵک و وەڵاتانەش هەرەسیان هێنابێت، ئەوە هەرەسی مارکس و مارکسیزم نییە، بەڵکە هەرەسی هەڵە و چەوتیی ئەو ڕێژیمانەیە. سۆڤیێت و وڵاتانی ڕەددوکەوتووی، مارکسیزمێکی وەرچەرخێنراو، گێڕوگەواڕ، چەوت، خواروخێچ، لار و نامرۆڤانەیان پێڕۆ دەکرد. ئەوان لێنینیزم و ستالینیزم و برێژنێڤیزم و چاوچیسکۆیزمیان، کە ئەوانە بۆ خۆیان شێواندنی مارکسیزم

بـوون و دزێوانـدنی مارکسـیزم بـوون، کردبـووە فەلسـەفە و ڕێبـاز و ئایـدیۆلۆژیای خـەڵک و دەوڵـەت و سیاسـەت و ئـابووری و فەرهـەنگ و ژیـان. لێنینیــزم و ســتالینیزم و برێژنێڤیــزم و چاوچیســکۆیزم و...هــیچ لایەنێکی مرۆڤایەتی و جێگەیەک بۆ دەمەتەقە و لێڕامان و شیکردنەوە و وردبوونەوەیان تێدا نەبوو و هەرگیز بەرڕەخنە نەبوون و لە ژینگەیـەکی داپڵۆسێنەر و سەرکوتکەر و دیکتاتۆریی زێتر شتێکی دیکە نەبوون. ئەو لادانــە لــە مارکســیزم دەوڵەتگــەلێکی تۆتــالیتێری چێکردبــوو، کــە مارکسـیزمێکی وەرچـەرخێنراویان دەرخـواردی مێشـکی خـەڵک دەدا و خـەڵک تێیانـدا بـە هەڵـە دەیانۆڕییـە مـارکس و مارکسـیزم و بـە هەڵـە لێکیاندەدایەوە و بە هەڵە دەیانخوێندەوە. کە داپڵۆسێنەر و چەوسێنەر و دیکتـاتۆر هـەرەس دەهێنێـت و دادەتـەپێت و دادەڕووخێـت، مـارکس و مارکسیزم چ تاوانێکیـان هەیـە! ئـەوەی سۆڤیێت و ئـەوروپای خۆرهـەڵات هەرەسـی دیکتـاتۆر و تۆتـالیتێران بـوو و هەرەسـی شاشـی و چـەوتی و ئایــدیۆلۆژیای نامرۆڤانــەی دەســەڵاتدارانی ئــەو وەڵاتانــە بــوو، نــەک هەرەسی مارکسیزم.

***دەنگـەکان: لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا، ئێـوە چـۆن دەڕواننـە چەمکـەکانی: دیکتاتۆری پرۆلیتاریا،کۆمۆنیزم ؟***

ئەمـجەد شـاکەلی: ڕەنگـە وشـەی دیکتـاتۆری، کـە ئیـدی پێوەنـدی بـە هەر دەستە و گرۆ و خـەڵک و کەسێکەوە هـەبێت، هـەر بـۆ خـۆی بڕێـک ناحـەز و دزێـو بێتـە بـەرگوێ و چـاو. ئـەمـڕۆ هەلومەرجـەکانی ژیـان لـە جیهانـدا گـۆڕانێکی زۆریـان بـە سـەردا هـاتووە. ئـەو پرۆلیتاریایـەی، کـە مـارکس و ئـەنگڵز و مارکسیزم باسیان لێـوە دەکـرد و دەکـەن، ئێسـتاکە ڕێک وەک خۆی نەماوە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەو گۆڕانـە وەنـەبێ خێر و بەرەکەتی سەرمایەداری بێت، بەڵکە قوربـانی و خـەبات و کۆشش

و ئاگـایی کارگـەران و کـارایی سـەندیکاکان و پێشـکەوتنی تـەکنۆلۆژیا و ئابووری، هێناویانەتە گۆڕێ و سەپاندوویانە. ئێستاکە ئامێر و ماشین و کەرەسـتە و کەلوپـەل، لـە زۆر جێگـەی ئـەم جیهانـە، شـوێنی دەسـت و بـازووی ڕووتـی کارگـەرانی گرتووەتـەوە و کارگـەر کـەمتر هێـزی خـۆی بەکار دەبات، بۆ بەرهەمهێنانی کاڵا. ئێستا کارگەری ئەورووپا و ئەمـەریکا و کەنەدا و ئەوسترالیا و وەڵاتانی جیهانی یەکەم، زۆریان لە بۆرژوازییـانی هەنـدێک وەڵاتـانی جیهـانی سێیەم خۆشگوزەرانترن و باشـتر دەژیـن، لـێ لەگـەڵ ئەوەشـدا کارگـەر خـودانی بەرهـەمی خـۆی نییـە و سـەرمایەدار هەمیشـە هـەر فێڵـی لـێ دەکـات و هـەر بەشـی دەخـوات. تـا کارگـەریش نەبێتە خودانی بەرهەمی خۆی و خودانی بڕیار و بەش لـە کارگـەدا، ئـەوا تـەواوی مافـەکانی خـۆی وەدەسـت نـەهێناوە. کـە وایـش نـەبێت، ئـەوا کارگـەر دەبێـت هـەوڵی گرتنەدەسـتی دەسـەڵات بـدات و ببێتـە خـاوەنی بەرهـەم و قـازانج و کـاڵا و دەسـەڵات، بـەڵام نـەک بـە ڕێگـەی کوشـتن و کوودێتـا و لـەنێوبردنی خـەڵکانی چینـەکانی دیکـە، بەڵکـە لـە ڕێگـەی سەندیکای بەهێز و ڕاستگۆ و نوێنەری ڕاستینەی کارگەرانەوە.

کـە مـارکس بـاس لـە چینـی کارگـەر دەکـات، بـاس لـە جـەماوەر و ئـاپۆرەی خـەڵک دەکـات. بـاس لـە زۆرینـەی خـەڵک دەکـات و بـاس لـە ژمارەیـەکی دیـاریکراو و کـەم ناکـات. خـەڵک بـەلای مارکسـەوە، خەڵکـە ڕەشـۆکی و برسـی و ڕەشـوڕووت و ڕەجـاڵ و مافخوراوەکانـە. مـارکس باس لە هەموو کۆیلە و چەوساوان دەکات. باسی چەوساوەیی وەرزێـران و کارگـەران دەکـات، کـە زۆرینـەن و باسـی چەوسـێنەران(دەرەبـەگان و سەرمایەداران و دەوڵەمەندان) دەکات، کە کەمینـەن. ئێسـتاش هەروایـە. لە تەواوی جیهانـدا چەوسـاوان زۆرینـەن و لـە وڵاتـانی ئێمەشـدا هەروایـە، وەرزێران و کارگەران زۆرینـەن، کـە ئـەوانیش چەوسـاوانی کۆمەڵگـەکانی ئێمـەن. هـەرچی کۆمۆنیزمیشـە لـە جڤاکێکـدا دێتـە دی و دەچەسـپێت و

شـوێنی خـۆی دەکاتـەوە، کـە قۆنـاخی سۆسـیالیزمی بڕیبێـت و خـەڵک و جڤاکەکـەی ئاسـتی هۆشـیاری و فەرهـەنگییان هێنـدە بـەرز بوویێتـەوە و هێنـــدە لـــە ڕووی ڕەوشـــت و هەڵســـوکەوتەوە خـــاوێن و دەســـتپاک بووبنەوە، کە هـەموو شتێک بـۆ هـەمووان بێـت. تـا کۆمەڵگـە نەگاتـە ئـەو ئاستە، ڕەنگە کۆمۆنیزم تەنێ وەک یۆتۆپیایەک بێتە بەر چاو و بیـری لـێ بکرێتـەوە، بـەڵام بـە مـن شتێکی نـەکردە و مـەحاڵ نییـە و پێموایـە ئەگـەر چەوساوەکانی جیهان لێبڕانیان هەبێت و خەبات بکەن، ڕۆژێـک دێـت هـەر دەیگەنێ.

***دەنگـەکان: دەوری مارکسـیزم لەسـەر چـەپی کـورد لـە ڕابـردوو و ئیستادا چۆن دەبینن؟***

ئەمجەد شاکەلی: لە نێو کورددا بزاڤێکی چەپی یەکگرتووی سـەربەخۆ هەرگیز نەبووە و نییە. لەنێو کورددا خەڵک هەبوون و هـەن، کـە خـۆ بـە چەپ دەزانن و دەکەونە خانەی چەپەوە. بەشـی هـەرە زۆری چـەپەکانی کـورد، لـە نێـو پارتییـە چـەپ و سۆسیالیسـت و کۆمۆنیسـتەکانی وەڵاتـانی داگیرکـەرانی کوردسـتاندا کاریـان کـردووە و دەکـەن، کـە فرەجـاران کاریگـەریی نەتـەوەی سەردەسـت – عـەرەب، تـورک، فـارس، ئەرمـەنی، ئازەری، گـورجی، ڕووس- یـان لـە سـەر بـووە و بـە ئـازادی و سـەربەخۆ نەیانتوانیوە، دەربڕی تەواوی هەستی چەوساوەکانی نەتـەوەی کـورد بـن. لەنێو حیزبە نەتەوییە کوردییەکانیشدا جارجار دەنگی چەپ و چـەپخوازی هـەبووە و هەیـە، لـێ هـەرچی ئەوانەشـە تـەنێ وەک تـاک و بـۆ خۆیـان، خۆیان بە چەپ زانیوە، دەنا ئەو پارتییانەی ئەوان کاریان تێدا کـردوون و دەکـەن، هـەرگیز چـەپ نـەبوون و زۆرجـارانیش دژی چـەپ بـوون. ئـەو ڕەوشـە لـە نێـو کـورددا ئێسـتاش هەروایـە. مارکسیسـتە کوردەکـانیش زۆرجـاران و بـە کاریگـەریی مارکسیسـت و کۆمۆنیسـت و سۆسیالیسـتانی

نەتــەوە سەردەســتەکان، فشــەیان بــە کێشــەی کــورد هــاتووە و لێکدانەوەیەکی چەوتیان، بۆ مارکسیزم و سۆسیالیزم هەبووە و لە دیدی نەتـەوە سەردەسـتەکانەوە لـە پرسـی کوردیـان نۆڕیـوە. مارکسیسـت و چـەپـەکانی کـورد، مارکسـیزم و سۆسـیالیزم و کۆمۆنیزمیـان، لـە ڕێگـەی وەرگێڕانــە عــەرەبی، فارسـی، تـورکی، ڕووسـی، ئەرمـەنی، ئـازەری و گورجییەوە خوێندووەتەوە و هەرگیز لە سەرچاوە ئەسڵییەکانی خۆیانەوە نەیانخوێندووەتـەوە. ئـەو وەرگێڕانانـەش زۆرجـاران، تـژی بیروبـاوەڕی نادروسـت و هەڵـە، کـراون. ئەگـەر مارکسیسـتانی وەڵات و نەتەوەگـەلی دیکـەی ئـەم جیهانـە، مارکسـیزمیان وەک چرایـەک بـۆ ڕۆشـنکردنەوەی ڕێگــەی ئــازادی چەوســاوانی نەتــەوە و وەڵاتــەکانیان بــەکار بردبێــت و سـوودیان لـێ وەرگرتبێـت، ئـەوا زۆرینـەی مارکسیسـتانی کـورد، وەهـا کارێکیان نەکردووە. زۆرینەی مارکسیستانی کورد فرەجاران، کوچک لـە ئـاگر گـەرمتر، گـەلێک زیـاتر، لـە نەتەوەییـەکانی نەتـەوە سەردەستەکانی کوردســتان و داگیرکــارانی کوردســتان، دژ بــە مافــە ڕەوا و تەنانــەت ســەرەتاییەکانی نەتەوەکــەی خۆیــان(کــورد) بــوون و زۆرجــارانیش کوردبوونیان پێ شەرم بووە. فرەجاران ئەوانیش (چەپی کورد)، ڕۆڵێکی نـەئێنی(نێگـەتیڤ، سـلبي، منفـی)یـان لـە بەرەوپێشـبردنی پرسـی کـورددا بینیوە و بەربەستیان لە ڕێگەی ئازادیی کوردستاندا چێ کردووە. ئێستا و دوای گۆڕانێــک، کــە بــە ســەر جیهانــدا هــاتووە و دوای تێکشــکان و داڕووخانی سۆسیالئیمێریالیزمی سۆڤیێت و دەوڵەتە ڕەدووکەوتووەکانی، لە نێو کوردیشدا، وەک گەل و نەتەوە و خەڵکانی دیکە، چەپی کوردیش، گەیشـتووەتە ئـەوەی، خـۆی بدۆزێتـەوە و سـەرلەنوێ ڕەوشـی نەتـەوە و وڵاتەکـەی بخوێنێتـەوە و واقیعییانـەتر بارەکـە ببینێـت. بـەڵام ئێمـە دەبـێ ئەوەشمان لە بیر نەچێت، کە چەپەکانی کورد تا هەنووکەش نـەیانتوانیوە لە ڕێکخراوێکدا، یا لـە چەنـد ڕێکخراوێکدا، بـە گـوێرەی جـۆر و جیـاوازیی

ئایـدیۆلۆژیا و هـزر و چـەپایـەتیی خۆیـان، خۆیـان سـازدەن و خۆیـان کۆکەنـەوە و تـەدارەکی خۆیـان ببیـنن. چـەپـی کـورد، ئـەوە هـیچ لـە ڕابوردوودا، هێشتاش بوونێکی دەڵەمەیی و نەڕەسیو و ناکۆنکرێتی هەیە و تا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی، لە کاریگەری و پاشکۆیەتی و وابەستەیی، ڕێکخراو و پارتییەکانی نەتەوە سەردەستەکان و نەتەوەییەکانی کورد، ڕزگار بکات و بوونی خۆی وەک بزاڤێکی سەربەخۆ و ئازاد و خورت بسەلمێنێت.

2005 - 03 – 11

**ئامادەکردنی: گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان".**

# له یادی حەڤدەمین ساڵڕۆژی تراژیدیای ئەنفالدا

***دەنگەکان: ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە، نەک ئەوەی، کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمڕۆ دەیەوێت ، بکرێت بەمێژوو؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەنفال وەک هەیە و وەک ئەوەی ڕوویداوە و وەک ئەوەی پاشماوەی مرۆڤەکانی باسی لێوە دەکەن و وەک ئەوەی دۆکیۆمێنت و گەواهەکان دەیگێڕنەوە و پێشانی دەدەن، ئەگەر کرابێتە مێژوویش، نەکراوەتە مێژوویەکی یەکگرتوو و تۆکمە و یەکپارچە. لێرە و لەوێ زانیاری و وێنە و فیلم و قسە و نووسین و...بە شێوەیەکی گەلێک کەم و سنووردار خڕکراونەوە، بەڵام ئەوانە هەموو شتێک نین. لێرە و لەوێ پرۆگرامی تەلەڤزیۆنی چێ دەکرێت و فیلم ساز دەکرێت و گوتوبێژ و دیدار لەگەڵ خەڵکدا ئەنجام دەدرێت، بەڵام هێشتا من بۆ خۆم بە ناتەواو و نیوەچڵیان دەزانم، چونکە بەشێکی زۆری ئەو کارانە، لە دەسەڵاتە کوردییەکەوە سەرچاوە دەگرن و سەرهەڵدەدەن، کە ئەویش پتر بە مەبەستێکی تایبەتی خۆی ئاراستەی دەکات و هەموو شتێک ناڵێ و هەموو شتێک باس ناکات و لە هەموو شتێک ناکۆڵێتەوە و ناپێچێتەوە و خۆ لە قەرەی هەموو شتێک نادات. بەو جۆرەش ئەو مێژووەی، کە

دێتە ئاراوە، مێژوویەکی پچڕپچڕ و لێکدابڕاو و بێ سەروبەر و ناتەواو دەردەچێت. ئێستاش لەو دۆکیۆمێنتانەی، خڕکرانەوە و بە فڕۆکە گوازراونەوە بۆ ئەمەریکا، سەدان هەزار زانیاری وردی لەمەڕ ئەنفال و قوربانییان و تاوانکارانی تێدان، لێ چ سوودێک لەوانە وەرگیراوە!. ناوی هەزاران تاوانباری تێدان، لێ کێ دەستی پێیان ڕا دەگات!. دەسەڵاتی کورد هەمیشە شتەکان وەک خۆیان پێشان نادات و دەرناخات. هەمیشە شتەکان، لەبەر مەبەستێکی تایبەت، بە شلەپەتەیی دەهێڵێتەوە و ناچێتە بنجوبناوانی باسەکانەوە و وەدووی سەرەداوەکاندا وێڵ نابێت. هۆی ئەوەش دیار و خویایە، چونکە داوێنی خۆیشی دەگرێتەوە.

ڕاستە تاوانی ئەنفال لە ئەستۆی بەعس و دەسەڵاتدارانی بەغدا و عیراقدان، لێ کورد بۆ خۆیشی ڕۆڵێکی لەبەرچاویان لە ئەنجامدان و ڕەسینیدا دیتووە. کوردگەلێک هەبوونە، جاش و سیخوڕ و بەعسی و ئاساییش و موخابەرات و نۆکەری ڕێژیم بوونە و ڕێک وەک بەعسی و سەددامییەکان، دەستیان لە ئەنفالدا هەبووە و ئەنفالی کوردیان کردووە. لەو کوردە ئەنفالچییانە(ئەنفالکارانە)، ئێستاکە زۆرێکیان لە کوردستان دەژین و دەسەڵاتدارانی کوردستان پەنایان دەدەن و دەیانپارێزن و کۆڵێکیش ڕێزیان لێ دەگیرێت و هەموو خۆشگوزەرانییەکیشیان بۆ دابین دەکرێت. کوردگەلێکی دیکەش هەن، کە بۆ خۆیان ئێستاکە لە نێو دەسەڵاتە کوردییەکەدان و ڕۆژێک لە ڕۆژان لە چیا بوون و چەکدار بوون و کاری حیزبییان کردووە و خۆیان بە شۆڕشگێڕ زانیوە، ئەوانیش ڕۆڵیان لە ئەنفالدا بینیوە و وازیی کردووە، لێ کێ ئێستاکە دەوێری هەر ناویشیان بهێنێت!.

بۆ ئەوەی ئەنفال وەک خۆی بخوێنرێتەوە و بکرێت بە مێژوو، گەرەکە ئەوەی هەیە و نییە لەمەڕ ئەنفالەوە خڕ بکرێتەوە. تەواوی ئەو دۆکیۆمێنتانەی لەو بارەوەن، تەواوی ئەوەی لە سەر ئەنفال نووسراون،

فیلم، وێنە، کاغەز، جل، کۆگۆڕ، ئێسک و پروسک و هەر شتێکی پێوەندی بە ئەنفالەوە هەیە خڕ بکرێنەوە. گوتوبێژ و قسەوباس و دیدار لەگەڵ تەواوی ئەو کەسانەی پێوەندیان بە ئەنفالەوە بووە و هەیە، لە خێزان و ژن و منداڵ و باوک و دایک و خوشک و برا و مێرد و خزم و کەس و هاوکار و هاوسێ و هاوگوند و هاوشارییەوە بیگرە تا دەگاتە ئەوەی، کە سەرەداوێک لەو بارەوە دەزانێت، هەتا ماون و ئەوانیش عیزرائیل ئەنفالی نەکردوون، بکرێت. گەواهیی ئەو خەڵکانە لە سەر بەرپرسان و بەعسییان و جاش و تاوانکارانی عیراق و کورد و تەنانەت ئەوانەی نێو دەسەڵاتە کوردییەکەش خڕبکرێنەوە و تەواوی ئەوانەی، کە ئەگەر ڕێژەیەک تاوان و زانیاریشیان لەو بارەوە هەبێت بخرێنە بەر پرسیار و پاشان بە گوێرەی قانوون بە سزای خۆیان بگەیەنرێن. ئێمە بۆ ئەوەی لە ئەنفال تێبگەین و بیکەین بە مێژوو، باشتر وایە بنۆڕینە جوولەکە.

جوولەکە هێندەی ڕێژەیەک مێژووی خۆیان بە فیرۆ نەداوە و نادەن. ئەو شەوە کریستاڵە و هۆلۆکۆستەی، کە بەسەر واندا هات، تۆ بنۆڕێ بزانە چی لێ پەیدا بوو و چی لێ ساز بوو و چی لێ چێکرا! تاکە یەک بیرەوەری ئاننە فرانک"Anne Frank"، کە کیژۆڵەیەکی جوولەکە بوو و لە تەمەنی 16 ساڵیدا لە زیندان و شوێنی خڕکردنەوە زۆرەملییەکانی نازیستەکاندا گیانی لە دەست دا و کە باسی خۆی و خێزانەکەی و خۆشاردنەوە و دەردەسەرییەکانی خۆیان بە دەست نازییەکانەوە دەکات، تا ئێستاکە سەدان وەرگێڕان و فیلم و قسەوباسی لێ بووەتەوە و بەردەوامیش شتی نوێی لێ هەڵدەدەگۆزرێت. جوولەکە ئێستاش ئەمسەر و ئەوسەری جیهان تەی دەکەن و وەدووی تاوانبارانی نازییاندا، کون بە کون دەگەڕێن و هەروا دەکەن، لە ئەمەریکای لاتین و لە شوێنانی دیکە، دانەیەک و دووان و سیان و چوار و...دەدۆزنەوە و هی وایان تێدایە تەمەنیان خۆ لە هەشتا و پتر دەدات و لاقیان لە لێواری

گۆڕدایە و لێوەلەرزەیانە، لێ ئەوان پشتی ملیان دەگرن و دەیاندەنە دادگا و تۆڵەی هەزارانی وەک ئاننە فرانک و ئاننەفرانکەکانیان لێ دەکەنەوە و سەریان لە گۆڕی بابیان دەنێن. جوولەکە ڕۆژ نییە و سەعات نییە و چرکە نییە، زانیارییەکی زیادە و نوێ لەمەڕ قوربانییانی ئەنفالەکانی خۆیانەوە نەدۆزنەوە و خڕنەکەنەوە و نەخەنە سەر خەرمانی زانیارییەکانیان. بەوەش مێژووی خۆیان ساغ دەکەنەوە و بەهێزتر دەکەن و تۆکمەتر دەکەن و کەلێنی تێدا ناهێڵن. ئەوەی بەسەر جوولەکەدا هاتووە، نێزیکەی شێستوپێنج شێستوشەش ساڵێکە و ئەوەی بە سەر کوردیشدا هاتووە حەڤدە هەژدە ساڵێکە. ئەوەی کورد یەک لەسەر سێ و تۆزێک لە یەک لەسەر سێ زیاتری ئەو ماوەیەیە، کە جوولەکە پێیدا تێپەڕیون، لێ ئەوەی کورد بۆ ئەنفالەکەی خۆی کردوویەتی، نەک یەک لەسەر سێ، بەڵکە یەک لەسەر میلیۆنی ئەوە نییە، کە جوولەکە بۆ ئەنفالەکانی خۆیان کردوویانە.

دەسەڵاتداری کورد لە بری دادگاییکردن و سزادانی بەرپرسان و تاوانکارانی ئەنفال، لە بەعسییان و سەددامییان و جاشی کورد و حیزبیی کورد، ژیانیان خۆش دەکات و دەیانپارێزێت و داڵدەیان دەدات. دەسەڵاتداری کورد، ئەو پارە و پووڵەی بۆ چەقەنە و قنگبادان و کۆنگرەی پڕوپووچ و ئاهەنگگێڕان، بەم بۆنە یا ئەو بۆنەوە، سەرفی دەکات، بەشی خڕکردنەوەی کۆمەڵێک زانیاری نوێ لەمەڕ ئەنفالەوە دەکات. ئەوەی بۆ کۆنگرەیەکی ژنانی کوردی ئەورووپانشین لە ئەورووپا سەرف دەکرێت، ئەگەر بۆ ژنانی ئەنفالی سموود(ڕزگاری)ەکەی گەرمیانی کەرکووک، سەرف بکرابا، ئێستا بڕێک لە داماوی و نەهامەتییان کەمتر دەبووەوە.

ئەوەی جوولەکە لە بارەی ئەنفالی خۆیانەوە کردوویانە، خڕکردنەوەی هەموو داتایەکە، خڕکردنەوەی هەموو زانیارییەکە،

هـەموو شـتێکە، دەنـگ، ڕەنـگ، نووسـین، وێنـە، جلوبـەرگ، خـۆراک، شـوێنەوار، نامـە، گوتـوبێژ، فـیلم و...هـەزاران وردە شـتی دیکـە، کـە بـە خەیاڵی ئێمەی کورددا هەر نایەت. کورد پێش هەر شتێک پێویستی بە خڕکردنەوەیەکی وایە و گەرەکە تەواوی ئەو زانیارییانە بکاتە داتا و وەها کارێـک یەکـدەنگیی دەوێـت و نێوەنـد و دەسـگایەکی توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوە و دیراسـەکردنی دەوێـت و دامەزرانـدن و چێکردنـی مۆزەخانەی دەوێت و بە کوردییەکەی، گەرەکە کۆمەڵێک شوێن و بنکە، بۆ خوێندنەوەی ئەنفال بکرێنەوە و بودجە و پووڵیان بۆ تەرخان بکرێن و کـادر و خـەڵکـی لێـزان و لێبڕاویـان تێـدا دامـەزرێنرێن و تـەواوی ئاسانکارییان بۆ بکرێن و بواری هەڵدانەوەی هەموو پەردەکانیان بدرێتێ و بە تەواوی ڕاستگۆییەوە ئەنجامی کارەکانیان بخەنە پێش چاوی خەڵک. سـەرباری ئەوانـەش بـێ سڵەمینەوە هـەوڵ بـدرێت بـۆ، تێوەگلانـدن و دادگاییکردنی تەواوی ئەو کۆمپانیا و دەوڵەت و خەڵکانەی پێوەندیان بە ئەنفالەوە هەبووە و کۆمـەکیان بـە عیـراق کـردووە و ئاگایـان لـە ئـەنفال بووە و هەموویان بهێنرێنە زمان.

***دەنگەکان: ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا، سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال؟***

ئەمجەد شاکەلی: کاری "ڕۆشنبیر"ی کورد، ئەگەر کورد ڕۆشنبیری دەرێـی دەسـەڵاتی هەیـە، هـەر ئەوەیـە، کـە بـە داتـاکردنی ئـەنفال و خڕکردنـەوەی هـەموو زانیارییـەک لـە بارەیـەوە و گوشارخسـتنە سـەر دەسـەڵات بـۆ ئەنجامـدانی ئـەو ئەرکانـە، بـە ئـەرکێکی سـەرەکی خـۆی بزانێـت و کـاری بـۆ بکـات و خـەڵـک جـۆش دا و هـان دا و ئـارامی و بێدەنگیی وێژدانی تۆپیوی زلهێزان و دەسەڵاتدارانی جیهان بهەژێنێت و خـەو لـە چاویـان بزڕێنێـت و هـەموودەم مەرگسـتان و ئەنفالسـتانی

کوردستانیان بیر بخاتەوە. یەکێک لەو هەوڵە باش و جیددی و دڵخۆشکارانەی لەمەڕ پەخشکردنەوەی دۆکیۆمێنتەکانی ئەنفالەوە، کە کراوە، وەرگێڕانی کتێبی:" GENOCIDE IN IRAQ , The Anfal Campaign Against the Kurds" کە لە ئامادەکردنی" Human Rights Watch/Middle East Watch"ە، مامۆستا موحەممەد حەمەساڵح تۆفیق، لە ئینگلیزییەوە کردوویە بە کوردی. کتێبەکە بە کوردی ناوی"جێنۆساید لە عیراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد"ە. مامۆستا موحەممەد حەمەساڵح تۆفیق، یەکەم جار ئەو کتێبەی بە ناوی خوازراوی"سیامەندی موفتیزادە"وە وەرگێڕا و چاپ و بڵاو کردەوە، بەڵام دواتر و بۆ چاپی دووەمی، بە ناوی خۆیەوە(موحەممەد حەمە ساڵح تۆفیق) بڵاوی کردەوە. من سەرباری دەستخۆشی لە مامۆستای هێژا موحەممەد حەمەساڵح تۆفیق، هیوادارم نموونەی دیکەی وەک ئەو پەیدا بن، بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و بەدواداچوون و بە دۆکیۆمێنتکردنی ئەنفال و قوربانییانی ئەنفال، نموونەشیان سموودی گەرمیانی کەرکووکە، کە بۆ خۆی پەیکەرێکی مەزنی ئەنفالە و هەر لە شوێنی خۆیدایە و دانیشتووانی سموودی گەرمیانی کەرکووکە، کە هەریەکە و ئەنفالستانێکە بۆ خۆی و هەزاران چیرۆک و یادەوەری و خۆزگە، لە دڵ و مێشکیاندا گرمۆڵە بووە، نەک هەر هیچ نەکراوە، بەڵکە پشتگوێیش خراون و ئاوڕیشیان لێ نادرێتەوە.

***دەنگەکان: دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە؟***

ئەمجەد شاکەلی: لەبەر ئەوەی ئەنفال لە یەک ڕۆژدا ئەنجام نەدراوە، ڕەنگە ئاسان نەبێت یەک ڕۆژی بۆ دیاری بکرێت، بەڵام ڕەنگە بشکرێت ڕۆژی دەستپێکردنی ئەنفال یا دوارۆژی ئەنفال، یا چەند ڕۆژێک یا حەفتەیەک بە ڕۆژانی ئەنفال دابنرێت. ئەنفال، کۆستێکی هێندە گەورە

و خەمێکی هێندە قووڵە، کە من بۆ خۆم پێموایە، دەبوو کورد هەمیشە بە زیندوویی ڕایگرێت و هەمیشە و بەردەوام لێیداتەوە و بیلێتەوە و بە چاوی تاوانبارانیدا بداتەوە. شیعە کارەساتی شەهیدبوونی ئێمام حوسەین، وەک یادەوەرییەکی زیندوو ڕادەگرن و هەموو ڕۆژێک لەکنیان عاشوورا و هەموو خاکێک کەربەلایەکە. کوردیش دەبوو و دەبێ ئەنفال و هەڵەبجە و تەواوی دیرۆکە ئەنفالاوییەکەی، بکاتە یادێکی زیندوو و گرێکی خامۆشنەبووی زیندوو و پەلامارێکی توند و ڕقێکی خەست و تووڕەییەکی بێئەندازە و هاوار و قیرە و قیژەیەکی تیژ و شۆڕشێکی بەردەوام، بۆ کەڕکردنی گوێیی ئەنفالچییان و هاوکارانیان و دەسەڵات و زلهێزانی جیهان و وەئاگاهێنانەوەی مرۆڤایەتی. دەسەڵاتدارانی کورد و زلحیزب و سەرانی کورد، لە مراندن و کزووڵەکردن و خامۆشکردنەوە و خاوکردنەوەی گیانی بەرهەڵستکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی کورددا، بۆ زیندووڕاگرتنی یادی ئەنفال و بە مێژووکردنی ئەنفال، ڕۆڵێکی لەبەرچاویان هەیە و بۆ ئەوەی پاشەڵی خۆیان دەرنەکەوێت، ئامادەن هێندەی دیکە، سەری خۆیان حیزکەن و چاوپۆشی نەک هەر لە ئەنفال، بەڵکە لە زۆر شتی دیکەش بکەن.

2005 – 04 -14

**ئامادکردنی: گۆران عەبدوڵڵا بۆ ماڵپەڕی"دەنگەکان".**

# پرسی ڕووناکبیریی، ئەرکی ڕۆشنبیر و ڕەوشی ڕۆشبیریی کوردی

***ستیڤان شەمزینانی: گۆشەنیگاکان لەمەڕ ڕۆڵی ڕۆشنبیر لێکجودان، ئاراستەیەک وا بیر دەکاتەوە ڕۆشنبیر بوونەوەرێکی خەیاڵیی دابڕاوە لە دنیای دەوروبەر و بە تەنێ کاری بەرهەمهێنانی مەعریفەیە، یەکێک لەو بیرمەندانەی ئەم بیرکردنەوەی هەیە (ژان بیندا) یە، بەڵام لە بەرامبەردا ئاراستەی دووەم پێیوایە ڕۆشنبیر سەرباری بەرهەمهێنانی مەعریفە بەشداریی و هەڵویستی هەیە لە هەمبەر ئەو ڕووداوانەی لە دەوروبەریدا هەن، هزرمەندی ناسراوی ئەمەریکی بە ڕەگەز عەرەب(ئیدوارد سەعید) بە درێژایی یەکێک لە کتێبەکانی (وێناکانی ڕۆشنبیر) هەوڵیداوە بەمجۆرەی سەرەوە پێناسەی ڕۆشنبیر بکات، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە دەرەوەی بازنەکانی نووسین چییە؟ ئایا ڕۆشنبیر مافی ئەوەی هەیە بە ناوی جەماوەرەوە قسە بکات و ڕێنوێنیان بکات یان ئەرکی ڕۆشنبیر حیایە لەم ڕۆڵە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەگەر بڕیار بێت تەواوی مرۆڤی ئەم سەرزەوییە، پۆلێن بکرێن و هەر یەکەو یا هەر چەندیان بخرێنە خانەیەکەوە و ناوێکیان

لێبنرێن، یا بە سەر چەند کار و چین و ڕەگەز و پیشە و ڕەنگ و ئایین و ڕادەی خوێنــدەواری و ...دا، دابــەش بکــرێن، ئــەوا پــێش ئــەو پــۆلێن و بەشینەوەیە و پێش ئەوەی وەک ڕۆشنبیر، وەرزێر، کارگەر، قەرەج، چینی، برازیلی، زیمبابۆیی، ڕەشپێست، سپیپێست، هـەژار، سـەرمایەدار، دز، فەلـە، جوو، موسـوڵمان، بـوودایی، بێئـایین، دێـوەرە و... بناسـرێن، ئـەوان مـرۆڤن. مرۆڤیـەتی مـرۆڤ پێش هـەر شتێکی دیکـە دێـت و دواتـر دەترنجێنرێتـە خانەیەکـەوە و نـاوێکی لێـدەنرێت. ڕۆشـنبیریش لـەو ڕێسـایە بـەدەر نییـە، چونکە ئەویش بەشێکە لـە مرۆڤایـەتی. کـە ڕۆشـنبیر مـرۆڤ بێـت، بێگومـان وەک هــەر مرۆڤێکــی دیکــەی ئــەم جیهانــە ئــەویش ڕۆڵــی لــە ژیــان و بـەردەوامبوونی ژیانـدا هەیـە. ئـەوەی، کـە ڕۆشـنبیر کەسـێکە کـاری وی، بـەکاربردن و بەرهـەمهێنان و ئافرانـدنی هـزر و فەرهـەنگ و زانیارییـە و کەسێکە خاوەنی مێشکێکی بەهێزە و ئاوەزێکی تیژ و کارای هەیە و مێشکی دەخاتە گەڕ و ئاوەز دەدەرێنێت، چ گازندە و لارییـەکمان لێـی نییـە، بـەڵام کە ڕۆشنبیر بە دابڕان لە دەوروبەر و بێ هیچ پێوەندێک، لەگـەڵ خـەڵک و جڤاک و مرۆڤدا، وەک ماشێنێک، تەنێ خەریکی ئەو کـارە بێـت و خـۆی لـە هەموو جیهان دابرێت و خۆی کڕ بکات و گوێیەکانی خۆی بئاخنێـت و هـیچ نەژنەفێت و چاوەکانی بنووقێنیت و خـۆی لـە ئاسـت ئـەوەی ڕوودەدات و دەقــەومێت، نابینــا بکــات، ئــەوە ڕۆشــنبیر لــە بوونــەوەرێکی هەســتیار و هۆشــیارەوە، دەکاتــە ڕۆبــۆت و لــە گیانلەبــەر و زینــدووەوە، دەیکاتــە کۆمپیووتــەرێکی بێگیــان، دەیکاتــە کتێبێکــی قەبــە و ئەســتووری گــەرد و تۆزلێنیشتووی سەر ڕەفی کەونە کتێبخانەیەک.

کەسانێک، کـە دەرچووی فێرگـە و خوێندنگـە و زانسـتگە بـن و خـاوەن بەڵگەنامە و بڕوانامە و شەهادە و مەدرەک و تێز و ئەو جۆرە شتانە بـن، یا کاری هۆشەکی و مێشکیی بکەن، ئەوانە بە خوێندوو و خاوەن بەڵگەنامـە و بە کاری مێشکییەوە خەریکبوو (ئینتێلێکتوێل، ئینتێلیکچوێڵ یا ئینتێلێجێنسیا)

دادەنرێن، بەڵام هەرگیز بە بەڵگەنامە و خوێندنگە و زانستگە و ئەو کارانە، مــــرۆڤ نابێتـــە ڕەوشـــەنبیر. ڕەوشـــەنبیر وەک عـــەلی شـــەریعەتی دەڵێ:"شێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤێکە، بەڵام ئینتێلەکتوێل شێوەی کاری مرۆڤێکــە و بــە پێــی ئــەم قانوونــە، هەنــدێ ڕۆشــنبیر ئینتێلــەکتوێلن و هەنــدێکیش نــە، و بــە پێچەوانەیشــەوە، هەنــدێک لــە ئینتێلەکتوێلــەکان ڕۆشنبیرن و هەندێکیشیان نە". ژیان، تەنێ فەرهەنگ نییە و ڕۆشنبیریش تاکەکـەس نییـە لـەم جیهانـەدا. کـە فەرهـەنگ(ڕۆشـنبیری، ڕوونـاکبیری) "دەربڕینـی خـەون و پەرۆشـەکانی مـرۆڤ بێـت بـە جـوانترین و نایـابترین شێوەکانی داهێنان و کردەی گەڕانێکی هەمیشەیی بێت بە دووی بەرسڤی پرسیارە نوێبووەکانی ژیانـدا"وەک عەبدوڕەحمان مونیف دەڵێ، ئـەودەم ڕۆشـنبیریش، بەشـێکە لـە چـەرخی ژیـان و جووڵانـەوە هەمیشـەییەکە و بەشدارێکی چالاکە، لە بوارەکانی دیکەی ژیـان و ڕێـڕۆی ژیانـدا. وەک هـەر مرۆڤێکی دیکە، ڕۆشنبیریش لە دەرێی بازنـەی فەرهـەنگ و کـاری هـزری و نووسین و جیهانی نووسین، دەشێ ئەرکی مرۆڤانەی خۆی هەبێت.

ئەگــەر پاســاوێک بــۆ نــەمانی ڕۆڵــی فەرهــەنگ و جــاڕدانی مردنــی ڕوونـاکبیر لـە هەنـدێک شـوێنی ئـەم جیهانـەدا درابێـت و بـدرێت، ئـەوە وەڵاتگـەلێک دەگرێتـەوە، کـە قـانوون تێیانـدا سـەروەرە و کـە ڕێکخـراوە مەدەنییـەکان و میـدیا و دادگـەری و ئـازادی بیـروڕا و دەربـڕین و کـاری خێرخوازی و خۆبەخشی و بیمە و دەستبەرکردنی ژیان و ئـابووری و کـار و هـــەموو جـــۆرە ســـەقامگیرییەکی ژیانیـــان تێـــدا مســـۆگەرن و کـــە چەوساندنەوە و کـەلێنی نێـوان نێـر و مـێ و جیـاوازی مـرۆڤ و مرۆڤیـان تێدا نەماوە و کە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵک، ڕێکخراوە، ئەوە وەڵات و جڤاکگـەلی خۆشگوزەران دەگرێتـەوە، ئەوە وەڵاتـانی کوردسـتان و جیهـانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات ناگرێتەوە. ئەرکی فەرهەنگ و ڕووناکبیر لـە سوێد، مۆنـاکۆ، سویسـرا، لوکسـومبۆرگ و ئەنـدۆڕا، جیـاوازە لـە کوردسـتان و

ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی. لە سوێد، مۆناکۆ، سویسرا، لوکسومبۆرگ و ئەندۆڕا، ڕووناکبیر دەتوانێت گوێی خۆی لێ داخات و لەگەڵ کتێب و وشە و نووسینی خۆیدا و بێ خۆگرێدان بە خەڵک و بێ گوێدانە دەوروبەر، کاری خۆی ئەنجام بدات، لێ لە کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ڕۆژهەڵات، فەرهەنگ و ڕووناکبیر هەڵگری هەموو دەردەکانی خەڵکن و ڕۆڵیکی "مامەخەمەیی"انەیان دەکەوێتە سەر. ئەرکی فەرهەنگ و ئەرکی ڕووناکبیر لە کوردستان و ڕۆژهەڵات و جیهانی ئیسلامی و وەڵاتانی پاشکەوتوو و بەجێماو، ئەرکێکی تاڕادەیەک جیاوازە لە وەڵاتانی دەستەی یەکەم. ئەوەی ئێدوارد سەعید دەیڵێ ڕاستە و ڕێک وایە. ئەرکی ڕووناکبیر لە وەڵاتانی دەستەی دووەم، ئەرکی ڕێنوێن و ڕێبەر و چاوساغ و ڕێنیشاندەرە. ڕووناکبیر ڕۆشنگەرە و تاریکایی دەڕەوێنێتەوە. ئەرکی ڕووناکبیر، هەژاندنی بەستەڵەکی بیری چەقبەستوو و وەلانانی ڕێسا "جۆاکراگر"ەکانە.

کە ڕۆشنبیر کەسێک بێت سەروسەودای لەگەڵ کاری هزری و ئاوەزییدا هەبێت، کەواتە کەسێکیشە خودانی بیر و دید و ئاوەزێکی تیژە و لە زۆرینەی خەڵکەکەی دی خێراتر و ڕوونتر ڕووداوەکان دەبینێت و دەیانخوێنێتەوە و دەپرسێت و هەوڵی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەدات و وەدووی چارەسەری دەرد و کێشەکاندا دەگەڕێت و ئاگادارە لەوەی دێتە پێش و پێشبینی دەکات و لە تەواوی ڕووداوەکاندا ئامادەیی هەیە و هەڵوێست دەنوێنێت. ڕۆشنبیر، کورد گوتەنی "کەسێکی چاوکراوەیە"و ئەگەر بێهەڵوێست بێت لە هەمبەر دەوروبەر و ڕووداوەکاندا، لە کتێبە تۆزلێنیشتووەکەی سەر ڕەفەکە و کاسێتێکی سواوی جاران موزیک لەسەرتۆمارکراو زیاتر شتێکی دیکە نییە. لە دەرێی بازنەی فەرهەنگ و لە نێو بازنەی فەرهەنگدا، ڕۆڵی ڕۆشنبیر، هەڵوێستە لە تەواوی ئەو ژینگەیەی تێیدایە. هەڵوێستە لەوەی لە جیهاندا ڕوودەدات و لە تەواوی پێشهاتەکان.

مـرۆڤ بـۆ خـۆی هەڵوێسـتە و بێهەڵوێسـتیی سـڕینەوەی مرۆڤـە، ئیـدی ڕۆشنبیر بێت یا نە. کە ڕۆشنبیریش بـوو، ئـەرکێکی پتـری دەکەوێتـە سـەر. مەحوی دەڵێ:

"سەر کە جۆشێکی نەبێ، من زرکەتاڵم بۆچییە!

دڵ کە هۆشێکی نەبێ، شیشەی بەتاڵم بۆچییە!".

ڕۆشنبیرێک، کـە چاوساغ و هـۆزان و ڕێنـاس و چاوکراوە بێـت، ئەگـەر ڕووناکییـەکی نـەبێت و جـۆش و هۆشـێک بـە دەوروبـەر نەبەخشـێت و پێشەنگ نەبێت، چ جیاوازییـەکی لەگـەڵ زرکـەتاڵ و شیشـەی بەتاڵـدا هەیـە! کە ڕۆشنبیر زادەی کۆمەڵ  بێت و یەکێک بێـت لـە خـەڵک و لـە جـەماوەر، ئیـدی بـۆ ناتوانێـت بـە نـاوی جـەماوەرەوە بپـەیڤێت و ڕێنـوێنی جـەماوەر بکات. ڕەنگە ڕۆشنبیریی جیگەی سیاسەت و کارگێڕی نەگرێتەوە و تـەواوی کارەکانی کارگێڕی و سیاسەتی پێ نەکرێت، لێ ڕۆشنبیر دەتوانێت جێگـەی سیاسـی و کـارگێر بگرێتـەوە و کارەکـانی ئـەوان ئـەنجام بـدات. ڕۆشـنبیر دەتوانێـت ببێتـە هانـدەر و بزوێنـەر و هەڵسـووڕێنەر و ڕێبـەری سیاسـی. نموونەگـەلی وەک پەیامبـەری ئیسـلام(موحەممـەد)، ئیمـام عـەلی، کـارڵ مـارکس، عـەلی شـەریعەتی، ئیـدوارد سـەعید، لیۆپۆڵـد سیدار سینگۆر، ژان پــۆڵ ســارتر، ڤــاچلاڤ هاڤــڵ، هــادی ئەلعەلــەوی، ڕێــژێ دۆبــرێ و... نموونەگـەلێکـی زینـدوون، کـە چـۆن لـە پرۆسێسـی سیاسـی و هانـدانی جەماوەر و ڕێبەرایەتیدا ڕۆڵی کارای جووڵێنەر و هەڵسووڕێنەریان بینیوە.

***ستیڤان شەمزینانی: ڕۆشنبیری ناسراوی عەرەب دکتۆر (عەلی حەرب) لەکتێبی (ڕەخنە لە ڕۆشنبیر و وەهمەکانی دەستەبژێر) دوای شیکارییەکی مەعریفی چڕوپڕ دەیەوێت پێمان بڵێت چیدی ڕۆشنبیر ئەو کائینە نییە کە ڕەخنە لە دنیا و شتەکان دەگرێت بەڵکو لەم ساتەوەختە بە دواوە خـودی ڕۆشنبیر لـە بـەردەم ڕەخنەیەکی هەمەلایەنەدایە، ئەگـەر بـەم پێیـە بێـت***

***خـودی ڕۆشـنبیریش لەبـەردەم ئیشـکالیەتێکی زۆردایـە و ئـەو بـووە نموونەییە نییە، کە پێشان سکێچی بۆ کێشرابوو ، ئەگەر بێینە سەربارسی ڕۆشنبیری کـورد (جیا لـەوەی گومانمـان لـە هـەبوونی کائینێـک بـەناوی ڕۆشنبیری کـوردەوە هەیە) بەڵام ئەگەر گریمانەی ئەوە بکـەین ئیمـەی کـــوردیش ڕۆشـــنبیری جیـــددیمان هەیـــە، دەپرســـم ئیشـــکالیەتە ستراکتۆرییەکانی ئـەم ڕۆشـنبیرە چـین و چـۆن دەتـوانین دەستنیشـانیان بکەین؟***

ئەمجەد شاکەلی: هەرچەنـدە ڕووناکبیر، نووسـەر، فیلۆسـۆف، بیرمەنـد یا هـەر فەرهـەنگکارێکی دیکـە، کـە بـۆ خـۆی وەک تاکێـک، وەک مرۆڤێـک، دەهــەژێ و مێشـکی دەخاتــە گــەڕ، بــۆ دەربڕینــی هەســت و نــاوەوە و بیرکردنـەوەی خـۆی و دەرانـدنی، پـێش هـەر شـتێک وەک خۆویسـتنێک و پێویسـتییەکی کەسـەکی، بـۆ پێشـاندان و خۆدانەناسـین و ئاماژەیـەک بـە هەبوونی خۆی، وەها کارێک دەکات، بەڵام ئیدی ئەو کارەی، کـە لـە خـۆی جودا بووەوە و کەوتە بەرچاوی خەڵک و بڵاوبووەوە، دەبێتە بەشێک لـەو فەرهەنگــەی لەبەردەســتدایە و دەبێتــە هــی خــەڵک و جێــی بــاس و ســەرنج. ڕۆشــنبیر وەک چاودێرێــک و جیهــانبینێکی وریــا و خوێنــەرێکی بەردەوامی دەوروبەر و هزرکارێکی قـووڵ و خـودان هەڵوێسـت، هـەرگیز ئـەو ڕۆڵـە ڕەخنەگرانـەی خـۆی لەدەسـت نـادات و هەمیشـە هــەڵگری پەیامێکـە بـۆ مرۆڤایـەتی، پـەیامی ئـازادی و داد و یەکسـانی و فرەیـی و هەمیشە دژی چەوساندنەوەی مرۆڤە، لێ ئـەوەیش بـەو واتایـە نایـەت، کـە ڕۆشـنبیر، خــۆی بــە پەیامبــەر بزانێــت و تــەنێ مۆچیــاری ببەشــێتەوە و پێبوابێـت، ئـەوەی ئـەو دەیڵێـت تـەواوی ڕاستییە و جێـی ڕەخنـە و گازنـدە نییـە. دیـارە ڕۆشـنبیریش وەک هـەموو مرۆڤێکـی دیکـە، لـە ڕەوتـار و گوتارەکانیــدا، هەڵوێســتەکانی دەخوێنرێنــەوە و دەبینــرێن و وەک هــەر مرۆڤێکی دیکە، ئەویش هی ئەوەیە بەرڕەخنە بێت. ئـەوەی کـار دەکـات و

هەڵوێست دەنوێنێت و ڕەخنە دەگرێت، ڕەخنەیشی دێتە سەر. ئەوەی هیچ ناکات و دەست بە کڵاوی خۆیەوە دەگرێت تا با نەیبات، کەس ناوی نابات.

ئەنتۆنیۆ گرامشی دەڵێ:"هەموو خەڵک ڕۆشنبیرن، بەڵام هەموویان پێیان ناکرێت ئەرکی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگەدا ئەنجام بدەن". بەو پێوەرە ئەگەر هەموو مرۆڤ و لە نێو ئەوانیشدا هەموو کورد، ڕۆشنبیر نەبن، ئەوا لە نێو کورددا خەڵکی ڕۆشنبیر هەبوون و هەن. ڕەنگە ڕۆشنبیری وەک مارکس، سارتر، برترەند ڕەسڵ، ئیدوارد سەعید، عەلی شەریعەتی، داریووش شایەگان، ئۆکتاڤیۆ پاس، پۆڵ ڕیکۆر، مەکسیم ڕۆدنسن، سادق جەلال ئەلعەزم، ئەلعەفیف ئەلئەخزەر، میشال فۆکۆ، ژاک دیریدا، عەبدوڕەحمان مونیف، خۆسێ ساراماگۆ، ئەدۆنیس و... تا ئێستا لە نێو کورددا پەیدا نەبووبن، لێ لە ئاستی دیکەدا کوردیش خەڵکی هەیە.

گرفتێکی بنەڕەتی، کە رۆشنبیری کورد هەیەتی، نەبوونی زەوینە و بناخە و بنەمایەکی فەرهەنگیی کوردیی تۆکمە و بەهێزە، کە ڕۆشنبیری کورد لە سەری ڕاوەستابێت و بتوانێت هەردەم بۆی بگەڕێتەوە. ئەوەی فەرهەنگی کوردی تا هەنووکە وەبەرهەمی هێناوە، بێجگە لە کۆمەڵە دەقێکی شیعری و چەند چیرۆکێک(ئەویش تەمەنی کۆنترینیان ناگاتە سەد ساڵێک، مەبەستم چیرۆکە) و چەند دانە مێژوونامەیەک(کە بە هەر هەموویانەوە مێژوویەکی نیوەچڵ و ناڕوون دەدەنە دەستەوە)، هیچی دیکەی لێ هەڵناکرێنرێت. تەمەنی نووسینی کوردی بۆ خۆی لە 500 - 600 ساڵێک پتر نییە. هەموو توێشەبەرە و کۆلەپشتی فەرهەنگیی ڕووناکبیریکی کورد، لە فەرهەنگی نەتەوەکەی خۆی، ئەو چەند سەد ساڵەیە، ئەویش زۆر ناتەواو و پچڕپچڕ و نیوەچڵ. کورد نە فیلۆسۆفی تێدا هەڵکەوتووە و نە کاری فەرهەنگی و هزری زۆر گەورەی تێدا

ئەنجام دراوە، هەربۆیە وەها ژینگەیەکی بەژ، چ ڕووناکبیریکی گەورەی لێ نەکەوتووەتەوە و هەر ئەوەی لێ شین بووە، کە هەیە.

هەرچەندە بە من، هەر چۆن تیۆری یەکیەتیی هەبوون"وحدةالوجود"ی سۆفییایەتی، هەموو گەردوون، هەموو بوون، بە یەک یەکە دادەنێت، فەرهەنگی هەموو جیهانیش بەو جۆرە، یەک فەرهەنگە. فەرهەنگ موڵکی یەک کەس و یەک نەتەوە و یەک وەڵات نییە. لێ لە هەر کۆمەڵ و لە هەر وەڵات و لە نێو هەر نەتەوە و خەڵکێکدا، جۆرە فەرهەنگێک هەیە، کە برێک تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵ و وڵات و زمانەی پێوە دیارە و هەر ئەوەیشە دەبێتە بنگەی جیهانبینی فەرهەنگی ڕۆشنبیرانی هەر کۆمەڵ و ژینگە و جوگرافیایەک. هەر ئەوەیشە، کە ڕۆشنبیری کورد، زۆرکەم لێی سوودمەندە، چونکە بنگەیەکی فشوفۆڵ و شلەپەتە و دەڵەمەیی هەیە، کە تا ئێستا نەڕەسیوە. ڕۆشنبیری کورد، یا خۆبەڕۆشنبیرزانی کورد، زۆرینەی پێویستییە فەرهەنگییەکانی خۆی، بە پەنابردنە بەر فەرهەنگی دەوروبەر(عەرەبی، فارسی، تورکی) پڕ کردووەتەوە و لەوانەوە زانیاری هەڵگۆزیوە. کە وەها کارێکیشی کردووە، کەمجاران لە هەندێک کاریگەری نەیێنی(نیگەتیف)انەی ئەو فەرهەنگانە دەرباز بووە، بەڵکە گەلێک جار، بێ ئەوەی بە خۆ بزانێت، ڕێک کەوتووەتە ژێر ئەو کاریگەرییەوە و کەسیەتی خۆی فەرامۆش کردووە و پتر بە لای توانەوەیشدا چووە و هەندێک جاریش بۆ خۆی و بە زانینەوە، کۆپێی ئەو فەرهەنگانەی بە خەڵکی کورد فرۆشتووەتەوە و ئەو فەرهەنگانەی کاوێژ کردووەتەوە.

ڕووناکبیری کورد، بەرهەمی ئەو ژینگەیەی، کە تێیدایە، هەرگیز گرنگییەکی زۆری بە فەرهەنگێکی دەرێی فەرهەنگی ئەو ژینگەیەی خۆی نەداوە و ئەگەریش لە بواری فەرهەنگەکەی خۆیدا کارێکی کردبێت، هەرگیز لێکۆڵینەوەیەکی داهێنەرانە و کارێکی جیددی، لەمەڕ فەرهەنگەکەی خۆیەوە، بە دەرێی ژینگە و چوارچێوە جیۆگرافیایەکەی

خۆی پێشکەش نەکردووە و نەیتوانیوە ناسنامەیەکی بەهێز و سەربەخۆ و ڕوون، بە فەرهەنگی کورد ببەخشێت. من ناڵێم ڕۆشنبیرانی کورد، بەڵام دەڵێم"ئەوانەی سەروسەودایان لەگەڵ کاری ڕۆشنبیریدا هەیە" و خۆ لەنێو فەرهەنگییاندا دەبیننەوە، پێویستییەکی یەکجار مەزنیان بەوە هەیە، کە ئاگاییان لەمەڕ فەرهەنگی دەرێی ئەو بازنە جیۆگرفیاییە و ژینگەیەی تێیدان، هەبێت. ئەوڕۆ بە هۆی ئینتەرنێت و ژیانی کوردێکی زۆرەوە، لە دەرێی کوردستان(لە دیاسپۆرا)، دیارە خەڵکانی دیکەیش هەروا، دەستپێڕاگەیشتنی هزر و کاری ئاوەزی و فەرهەنگی هەموو جیهان، تاڕادەیەک هاسانتر بووە.

ڕۆشنبیری کورد ئەگەر بە سیما و پۆشاک بۆ خۆی هاوچەرخانە پێشان بدات و وا بێتە بەرچاو، لە ناوەوەی خۆیدا هێشتا خێڵەکییە، سێکسیستە، گیرۆودەی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسییە، توندڕۆیەکی حیزبی و گرێدراوی دەستەیەکە و وەلائی بۆ ئەوانە زیاترە، تا بۆ مرۆڤایەتی و بەها مرۆڤییەکان. ڕۆشنبیری کورد گیرۆدە و گرێدراوی دەسەڵاتە و کەمجاران دەتوانێت خۆ لە دەسەڵات و خوانی چەوری دەسەڵات، ڕاپسکێنێت و هەڵبێت. ئەو ڕۆشنبیرە جیددییە، کە مێشکی خوێنەری کورد بە خۆیەوە خەریک بکات و بیری تازە بەرهەمبهێنیت و پرسیار بورووژێنێت و کۆمەڵ بهەژێنێت و هەمووەم بە ڕخنە و وەڵام و هۆدۆزینەوە، نوێکردنەوەی فەرهەنگ و جڤاکی، لەبەرچاو گرتبێت، لە نێو کورددا نییە. ئەوەی هەیە زۆرجاران دڵسۆزیی بۆ پێوەرەکانی حەقپەرستی و دژایەتی چەوساندنەوە و کڵۆڵی مرۆڤ، کە گەرەکە لای ڕۆشنبیر، بێ گوێدانە ئەوەی سەر بە چ نەتەوەیەکە و سەر بە چ حیزبیکە و سەر بە چ ڕەگەز و خێڵ و ئاینێکە، هەبێت، ئەو نییەتی و لە داو و بازنەی حیزب، ڕەگەز، خێڵ، ئایین، نەتەوە، چین، کەمجاران خۆی دەرباز دەکات، بەڵکە ڕێک لەو بازنەیەدا دەخولێتەوە و هەندێ جار تا ڕادەی ئەوەی لە کووچە

و کۆڵان و قوژبنەکانی تیرە و بەرەبابیشدا سەرەتاتکێت لەتەکدا دەکات. زۆرجارانیش بەشێکی زۆری ئەوانەی پێیان دەگوترێ ڕۆشنبیر، لە پۆلیسەکانی دەسەڵات زیاتر، کۆشکەکانی دەسەڵات دەپارێزن و لەوان زیاتر، لە کۆشی دەسەڵات و پیاوانی دەسەڵاتدان.

گرفتێکی مەزنی دیکەی فەرهەنگییانی کورد ئەوەیە، کە تا ڕادەی هەرگیز، هەڵەکانی خۆیان نابینن و ناقابلیشن بە دەرخستنییان لە لایەن خەڵکی دیکەوە. وەها ڕەوشێک دەبێتە هۆی چەواشەکاری خەڵک و تێکەڵکردنی ڕاست و درۆ و دروست و هەڵە، کە فرەجاران بۆ مەبەستێکی تایبەتی سیاسی و شێواندنی مێژوو ئەنجام دەدرێت. ئەم حاڵەتە لە ئەنجامی خۆبەڕاستزانین لە هەموو شتێک و لە هەموو بوارێکدا و ڕەخنەلەخۆنەگرتنەوە سەرهەڵدەدات. ڕووناکبیر، بە گەڕانەوە و خوێندنەوەی خۆ و گوێگرتن لە خەڵک و ڕەخنەلەخۆنەگرتن، چەوتییەکانی خۆی دەبینێتەوە و  داکۆکی لە چەوتبوونیان ناکات.

***ستیڤان شەمزینانی: تاوەکو ئێستا وا بیر لە ڕۆشنبیر کراوەتەوە، کە دەبێت پەیوەندیی ئەو بە دەسەڵاتەوە بە فۆرمێکی ئۆپۆزیسیۆنانە بێت، یان بە واتایەکی تر ڕۆشنبیر وەک نەیارێکی شێلگیر و سەرسەختی دەسەڵات بە تایبەت دەسەڵاتی سیاسی بینراوەتەوە ، من لەم دەرفەتەدا دەپرسم دەبێت پەیوەندیی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە چۆن بێت؟ ئایا پەیوەندییەکی ئۆپۆزیسیۆنانە بێت یان بە فۆرمێکی تر؟***

ئەمجەد شاکەلی: بە پێی عەلی شەریعەتی، ڕووناکبیر یا ڕەوشەنبیر، کەسێکە، کە "خاوەنی دیتنێکی ڕەخنەگرانەیە. ڕۆشنبیر نە فیلۆسۆفە، نە زانایە، نە نووسەرە و نە هونەرمەند. ڕۆشنبیر توندڕۆیەکی ئاگایە، کە ڕۆحی سەردەم و پێویستیی کۆمەڵگەی خۆی، هەست پێ دەکات و خاوەنی دیتنێکی هۆدۆزەرەوانەیە و ڕێبەرێکی هزرییە. ئەم ئاگایی و دیتنە،

ئاگایی و دیتنێکی تایبەتە، کە پتر لە ڕێگەی ئەزموونی جڤاکی و کاری شۆڕشگێڕییەوە، دێتە دی و دەڕەسێت، نەک لە ڕێگەی تەنێ بیرکردنەوەی هۆشەکی و خوێندنەوە و خوێندنی فێرگەفیلۆسۆفییەکان و ڕشتەزانستییەکانەوە..". ڕۆشنبیر کەسێکە، پەرۆش و پێویستی و خواست و ئاواتەکانی کۆمەڵەکەی، لە دڵدایە و هەستیان پێ دەکات و هەوڵدەدات، بۆ چاککردن و هێنانەدییان و هەوڵدەدات بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی چینایەتی و ستەمی میللی و هەموو جۆرە ستەمێکی دیکە.

ڕۆشنبیر، مەرج نییە دەرچووی زانستگە و خاوەن بڕوانامە بێت و مەرجیش نییە، مرۆڤ بەوانە ببێتە ڕۆشنبیر. دەکرێ مرۆڤ نەخوێندەواریش بێت و وەک "گۆران"ی مەزنیش دەڵێ:"نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند نە ئوستادێ پەلی گرتی"، بەڵام ڕۆشنبیر بێت. پەیامبەری ئیسلام موحەممەد و ئەبووزەر ئەلغەفاری (أبوذرالغفاري)ی، بە گوێرەی عەلی شەریعەتی، دوو نموونەی ئەو ڕاستییەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، کە هەردووکیان نەخوێندوو بوونە. ڕۆشنبیر، دەوروبەر و کۆمەڵ و خەڵکی خۆی، باش دەناسێت و باش لێیان تێدەگات و لاسایی ناکاتەوە و بە وەرگێڕان و کتێب و سەرچاوە، شت فێر نەبووە و سەرچاوەی زانستیی ئەو، کۆڵان و بازاڕ و کارگە و کێڵگە و گوند و ڕووداو و نەریت و ڕەوتار و زمان و شێوەی ژیانی خەڵکە. ڕۆشنبیر، گەڕیدەیەکە وێڵی دوای ڕاستی و دادە و شەیدای گۆڕان و ئازادییە. مارکس، نموونەیەکی تەواوی ڕۆشنبیرە. ئیمام عەلی، لە ئیسلامدا، نموونەی ڕۆشنبیرێکی گەورەیە، تۆ بنۆڕە نەهجولبەلاغە"نهج البلاغة"کەی، کە نەک هەر دەوروبەر و ڕۆژ و ناخی خەڵک و کۆمەڵ، بەڵکە داهاتوویشی خوێندووەتەوە و گەلێ جار دەشێ وەک نەخشەڕێگەیەک سەیر بکرێ، چونکە تژی ئەزموونە. ژان پۆڵ سارتر، ئیدوارد سەعید، ناووم چۆمسکی، نموونەگەلێکی ئەم سەردەمە نوێیەی ڕەوشەنبیرن.

ڕۆشنبیر، كەسێكە ئازادانە دەهزرێت و شۆڕشگێڕانە و ئەناركیستانە و هەمیشە ڕەخنەگرانە، كۆتەكان دەپسێنیت، بتەكان دەشكێنێت، سنوورەكان دەبەزێنێت، سەیری ڕووداوەكان دەكات و هەرگیز، سازش لەگەڵ گوتار و ڕەوتاری، خاوەن هێزەكاندا ناكات و بە ئاشكرا و ڕاشكاوانە و بوێرانە، دەنگی خۆی، دژ بە ستەم و ناڕەوایەتی و بۆ داد و ڕەوایەتی بڵند دەكاتەوە. ڕەوشەنبیر، هەموودەم لە بەرەی بەرهەڵستكارانی دەسەڵاتە، هەر دەسەڵاتێك بێت، دەسەڵاتی هێزداران، یا هی لاوازان، چونكە دەبێ هەمیشە هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت و لە ستەم و نادادیی هێزداران بێدەنگ نەبێت و ڕێگەیش بە لاوازان نەدات، ببنە ستەمكار و زۆردار. بۆ پێوەندی ڕۆشنبیر بە دەسەڵاتەوە، لە فۆرمی نەیارێكی سەرسەختی دەسەڵات و ڕەخنەگرێك لە دەسەڵات و وێڵبوویەكی دوای داد و حەقپەرستی و یەكسانی و ئازادی و داكۆكیكارێكی مرۆڤایەتی زیاتر، چ فۆرمێكی دیكە بۆ رۆشنبیر نییە.

فرانز فانۆن دەڵێ:"خواستی ڕۆشنبیر هەرگیز ئەوە نییە، پۆلیسێكی سپی بگۆرێت بە یەكێكی خۆیی"، ئەگەر ڕۆشنبیر ملكەچی دەسەڵات(دەرەكی یا خۆماڵی)، ئابووری، سیاسی، ئایینی یا هەر جۆریكی دیكە بوو، و لە ڕەخنە چووەوە، ئیدی دەبێتە ڕۆشنبیری دەربار یا ڕۆشنبیری فەرمی و دەبێتە پاشكۆ و داكۆكیكاری دەسەڵات. پۆلیس ڕەنگی هەرچییەك بێت و بە هەر زمانێك بئاخڤێت و سەر بە هەر سیاسەت و ئایینێك بێت، هەر پۆلیسە و هیچی دی. دەسەڵاتیش بە هەر زمانێك بپەیڤێت و هێزی خۆی لە هەر ئایین و ڕێباز و ئایدیۆلۆژیایەكەوە وەرگرێت، هەر دەسەڵاتە و هەرگیز نابێتە شتێكی دیكە و هەرگیز نوێنەرایەتی خەڵك ناكات، مەگەر ئەو كاتەی، كە نامێنیت و كۆمەڵێكی ئەناركیستی جێی دەگرێتەوە، كە هەموو شت بۆ هەمووانە، ئەو دەمە ئیدی ڕۆشنبیریش دەتوانێت بێدەنگ بێت و دژایەتی تەواوی كۆمەڵ نەكات. ڕۆشنبیر، بۆ ئەوەی هەمیشە پرسیاری

نوێ و بیری نوێ و گیانی نوێ چێ بکات، هەرگیز نابێ لەگەڵ دەسەڵاتدا سازش بکات، بەڵکە گەرەکە هەمیشە سەنگەری لە دەسەڵات گرتبێت، تا نەمانی دەسەڵات، هەموو دەسەڵاتەکان!!!

***ستیڤان شەمزینانی: دەبینین ململانێ و گوتاری نووسین و بڵاوکردنەوە لە کوردستان لە ئاستێکی هێندە نزمدایە، کە خاڵی بووەتەوە لە هەر داهێنان و خولقاندنێکی دیالۆگ، بە ئەندازەیەک نووسین بەهای خۆی لەدەستداوە و هیچ بایەخێکی نەماوە ئەوانەشی دەنووسرێن سەرلەبەریان کۆپێ و جووینەوەن، ئایا ئەم کێشەیە پابەندە بە هەژاریی کەلەپووری ڕۆشنبیریی ئێمە یاخود وابەستەیە بە خودی تاکی نووسەرەوە، کە بێتوانایە لە داهێنان و خستنەڕووی تێز و بیرۆکەی نوێ؟***

ئەمجەد شاکەلی: کەلەپووری فەرهەنگیی کورد، هەژارە، لاوازە، کەمە، ڕەقەنە، نزمە، ئەمە ڕاستییەکەو هەموو دەیزانین. ئەو ژینگەیەی ڕۆشنبیری کوردی تێدایە، ژینگەیەکی داخراو، دواکەتوو، دژەئازادییە، ئەمەیش ڕاستییەکی دیکەیە و هەر هەموو دەیزانین، بەڵام داهێنان کارێکی کەسەکی و بەرهەمی هزریی مێشک و ئاوەزی مرۆڤێکە. زۆرێک لەوانەی، کە خەڵک لە کوردستان بە ڕۆشنبیریان دەزانن و پێیان دەڵێن ڕۆشنبیر و بۆخۆیان ناوی ڕۆشنبیریان لە خۆ ناوە، خەڵکانێکن سەر بە دەسەڵات و لە سەر خوانی دەسەڵات دەلەوەڕێن. ئەمانە بڵندگۆ و کارمەند و پۆلیسی دەسەڵاتن و لە خزمەتی دەسەڵاتدان و فەرهەنگێک وەبەرهەم دەهێنن، بە قازانجی دەسەڵات، نەک بە قازانجی خەڵک، چونکە دەسەڵات و خەڵک لە کوردستان، لە دوو سەنگەری جیاوازدان. ئەمانە بە گوێرەی هەلومەرج و ژینگە، بیروڕای خۆیان دەگۆڕن و لە ئاست هەموو نادادی و ستەمێک، بێدەنگی هەڵدەبژێرن و لافی وەڵاتپارێزی و پاراستنی "دەسکەوتە نیشتمانییەکان" لێدەدەن، تەنێ بۆ ئەوەی بەرژەوەندەکانی

خۆیان، تەنێ خۆیان و کەسانی نێزیکیان بپارێزن. ڕووناکبیری نۆکەری دەسەڵات و تێرە و ترخنی سەر خوانی دەسەڵات، هەرگیز ناتوانێت هاوڕازی خەڵک و هاوژانی مرۆڤ بێت. ئەم جۆرە"خۆبەڕۆشنبیرزان" انە هەرگیز لەوەی ئێستاکە زیاتریان پێ ناکرێت.

میشێل فۆکۆ، لە یەکێک لە تێزەکانیدا"لا نۆرمالیزاسیۆ – *La normalisation*" واتە: سروشتاندن یا دەستەمۆکردن، پێیوایە دەسەڵات لە کۆمەڵی نوێدا، یا لە جڤاکێکی نوێخوازدا، کە لە ڕوانگەی ئەوەوە کۆمەڵە ڕۆژاواییەکانن، تەماشای مرۆڤ وەک برکەیەکی دەستەمۆکراو دەکات و لەو جڤاکانەدا دەسەڵات لە هەموو شوێنێک و لە گشت بوارێکدا، وەک تۆڕێکی لێکئاڵاو و پێوەندیک هەیە. دەسەڵات لە ڕێگەی دەسگا نوێیەکانییەوە(خوێندنگە، سەربازگە، کارگە، زیندان، پۆلیسخانە، کارگێڕی)، تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسا، وەک تۆڕێک، لەشی جڤاک داگیر دەکات و تاکەکانی کەویی دەکات. ئەو کۆمەڵەی فۆکۆ باسی دەکات، کۆمەڵی "1984"ی "جۆرج ئۆروێڵ" و کۆمەڵی براگەورە"*Big Brother*"ی ئەوڕۆی ڕۆژاوایە، لێ کۆمەڵەکانی دیکەی ئەم جیهانە، بە کوردیشەوە، هەنووکە لەو بۆچوونە ڕیزپەڕ نین، ئێستاکە ئەوانیش چ ڕێگە و نموونەیەکی دیکە لەبەرچاو ناگرن و نابینن و ئێستاکە هەر ئەو ڕێچکەیەی ڕۆژاوای"سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد و هەموو شتێک لە پێناوی پارەدا"یان، گرتووەتە بەر و ئەوەیش بە تاکە ڕێگە دەزانن و لە هەموو شتێکدا و تەنانەت لەو دەستەمۆکردنەیشدا، لاسایی ئەوان دەکەنەوە. دەسەڵات، بە تایبەت لە وەڵاتگەلێکی وەک کوردستان و گەندەڵستانەکانی دیکەی ئەم جیهانە، هەمیشە چوارچێوەی هزرین و جیهانبینی کۆمەڵ دیاری دەکات و دەیخاتە چوارچێوەیەکی تایبەتەوە و ڕۆشنبیرانی دەسەڵاتیش لەو بازنە و چوارچێوەیەدا دەخولێنەوە و کاریان، ئارایشتکردن و ڕازاندنەوە و پاساوهێنانەوەیە، لەکن کۆمەڵانی خەڵک و جەماوەر، بۆ

دەسـەڵاتی خانـەخوێیان. لـە وەهـا کەسـانێکی ڕەدووکـەوتووی دەسـەڵات و نۆکەری دەسەڵات و جلخواری دەسەڵات، چاوەنۆڕی چی دەکرێت لـەوەی زیاتر کە هەیە! دیارە ناکرێـت هـەرچی نووسـەر و ڕۆشـنبیری کوردستانە بخرێنـە ئـەو خانـەیەوە، چونکـە هـەن، بـەڵام زۆرکـەم، هـیچ پێوەنـدێکیان لەگەل دەسەڵاتدا نییە و وەک ئەوە وایە لە دوڕگە و خـاک و وەڵاتێکـی تـر و لەنێو خەڵکێکی دیکەدا، نەک کوردستان و کورددا بژین.

گوتـار و پـەیڤین لـە وەهـا کۆمەڵگەلێکـدا، وەک ئـەوەی کوردسـتان، چوارچێوەدار و سنووردارە و ڕێگە بە هەموو کەس نادرێت، قسـەی خـۆی بکـات. خـەڵکانێک ڕێگـەی پـەیڤینیان پـێ دەدرێـت، و خـەڵکانێکی دیکـەیش دەمکوت دەکرێن و تەنێ مـافی گوێگرتنیـان هەیـە. سـەردەمانێک ئەوانـەی ڕێگـەی پەیڤین و دەمکردنـەوەیان هـەبوو، بـە پلـەی یەکـەم پیـاوانی ئـایینی بوون، کە زۆرێک لەوانیش وابەستە و ئارایشتکەر و دوعـاخوێنی دەسـەڵات بوون، لێ ئێستاکە بـە نـاوی دیموکراسـی و کراوەیـی و فرەییـەوە، ڕێگـە بـە هەنـدێکی دیکـە دەدرێـت، کـە بێنـە گـۆ، بـەڵام بێجگـە لـە سیاسـەتکاران و تێڵبەدەسـتان و ڕوونـاکبیرانی پاشـکۆیان، قسـەی کەسـانی دیکـە و خـەڵک نـاخوات. تـۆ بنـۆڕە ڕەوشـی ژن، لـە جڤاکگـەلی وەک ئـەوەی کـورددا، کـە چەندە سەختە بۆی دەم بکاتەوە و چەندە خەتەرناکە ئەگـەر شـتێک بڵێـت بە دڵی کۆمەڵ نەبێت و چۆن لێکدەدرێتـەوە و دەخرێتـە چوارچێوەی شتە حـەرام (تـابوو)ەکانـەوە. بێجگـە لەوانـەیش چەنـدین باسـوخاس هـەن، لـەو جڤاکانەدا، بۆ خۆیان"تابوو"ن و خەڵک ناوێرن خۆیان لە قەرەیان بدەن.

ئێمـە دەبـێ لـە کوردسـتان، جیـاوازیی لـە نێـوان دوو جـۆرە فەرهەنگـدا بکەین، فەرهەنگێک، کە گرنگیی دەدات بە داهێنان و لیکۆڵینـەوەی جیـددی، لــە بــواری هــزر و ئــەدەب و هونــەردا و خــۆی بــە بابــەتی ڕۆژانــە و هەنووکەییــەوە کــەمتر خــەریک دەکــات و فــەرهــەنگێکی دیکــە، کــە فەرهەنگێکــە میــدیا (تەلــەڤزیۆن، ڕۆژنامــە، ڕادیــۆ، گۆڤــار، حەفتەنامــە،

مانگنامـە، بڵاوکـراوەی حیزبـی و دەسـەڵات و...) پەخشـی دەکەنـەوە، کـە بەشی زۆری ڕێویڵکار و سەرلێشێوێنەر و چەواشەکار و تژی ئایدیۆلۆژیا و بیری حیزبە و ڕێکلام و پرۆپاگەندەیە، بۆ دەسگاکانی دەسەڵات و دەسگا ئابووری و هێـزە ئابوورییـەکان و لـە خزمـەتی ئەواندایـە. ئـەم فەرهەنگـە دەشێ بە جۆرێکی دیکە، ئەگەر باشتر بەکار ببرێت، خزمـەت بـە کۆمـەڵانی خەڵک و کێشەکانیان بکات، لێ بەو جۆرە نییە. هـەر بۆیـە ئـەو ئاستنزمی و لێکتێنەگەیشـتنەی، کـە هەیـە و دێتـە ئـاراوە و دەبێتـە هـۆی نـەبوونی گوتـوبێژێکی جیـددی و نەورووژانـدنی پرسـیار و نەخوێندنـەوەی یـەکتر، ئەوانەیش لە بارگرانی زیاتر، شتێکی دیکە بە خـەڵکی کوردستان پێشکەش ناکەن. ئەو گەڕەلاوژەیە، ئەگـەر لـە پەناوە فەرهـەنگێکی دیکـەیش هـەبێت، دایدەپۆشێت و ئەگەر لـە پەناوە خـەڵکانێکیش هـەبن، کە مـن دڵنیام هەن، خەریکی کارێکی جیددی بن، ناویان لە نێواندا نابێت.

ئێسـتا لـە کوردسـتان، ڕۆژ ڕۆژی دابەسـتە و کاسەلێسـانی دەسـەڵاتە، ئەوانـەی دێنـە سـەر تەلەڤزیۆنـەکان و لـە بنـەوەی ناوەکانیـان، لـە سـەر پەردەی تەلەڤزیۆنەکە، دەنووسرێت"ڕۆشنبیر" یا "ڕووناکبیر". مـن چەنـدین دیداری گەورە ڕووناکبیرانی جیهانیم لە سەر تەلەڤزیۆنە ئەوروپاییەکانـەوە دیتـووە، لـێ هـەرگیز لـە بنـەوەی نـاوەکانیـان، نەنووسـراوە "ڕۆشـنبیر" یـا "ڕووناکبیر"، بەڵکە تەنێ ناوی خۆیان نووسراوە. نەک هەر ئەوە، ئێستا هـی وا هەیــە لــە کوردســتان، کــە دێتــە ســەر تەلــەڤزیۆن، دوای "د"ی دۆکتۆرەکـەی و ناوەکـەی، بۆی دەنووسـن"بیرمەنـد". هـیچ ڕووناکبیرێکی ڕاسـتەقینەی جیهـانی و هـیج بیرمەنـدێکی ڕاسـتەقینەی جیهـانی، بێجگـە لـە کـورد، ناتوانێـت بـە خـۆی بڵێـت"ڕۆشـنبیر" یـا "ڕوونـاکبیر" یـا"بیرمەنـد" یـا "مامۆسـتا" یا بڵێـت"مـن وەک ڕووناکبیرێـک" یـا "ئێمـەی ڕۆشـنبیران"، ئەمـە تەنێ لـە کـورد دەوەشێتەوە. مرۆڤـی "ڕۆشـنبیر" و "بیرمەنـد" و "مامۆسـتا"، خەڵک وایان پێ دەڵێن نەک خۆیان بە خۆیان بڵێن! ئەو گوتاری نووسین و

بڵاوکردنـــــەوە و فەرهەنگـــــەی میـــــدیای کوردســـــتان، ئەگـــــەر سەدلەسـەد(100%)یشـی بـۆ خۆهەڵواسـین بـە دەسـەڵاتدا نـەبێت، ئـەوا نەوەدلەســەد(90%)ی بــۆ ئەوەیــە. ئەوەیــە فەرهــەنگی جاشــایەتی و مشـەخۆری و کاسەلێسی (عـەرەب گوتـەنی: إرتـزاق). فەرهەنگێکە خـەڵک چەواشە دەکات و ڕاستیت لێ دەکا بە درۆ و درۆت لێ دەکاتە ڕاستی. ئەوانەی لەو بوارەدا چالاکن زۆر بێشـەرمانە، چەقۆکێشترین، داوێنپیسترین و مرۆڤکوژترین زەلامت لێ دەکەن بە قارەمان و کلکەنەوتینەی تەواوی کوردکـوژی و خۆفرۆشـترین زەلامـت لـێ دەکـەن بـە گیڤـارا و مانـدێلا. کـەمتیارێکی مردارەوەبووخـۆر و چەقـەڵێکی خوێڕیلـە و ڕێوییـەکی گـەڕت، لـێ دەکـەن بـە شـێر و پڵنـگ. ئەگـەر ئەمـە نموونەیـەکی ئـەو فەرهەنگـە بـاوەی کوردسـتان و ئـەو خۆبەڕۆشـنبیرزانانەی کوردسـتان بێـت، مـرۆڤ چاوەڕێی چ داهێنـان و دیالۆگێکی جیـددی لـێ بکـات. لـە وەهـا ژینگەیەکدا هەر ئەوە دێتە بەرهەم.

***ستیڤان شەمزینانی: زمانی نووسین لە میدیا و پێگـەکانی بڵاکردنـەوەدا زمـانێکی زیـاد لـە پێویسـت تونـد و زبـرە، یـان بەواتایـەکی تـر وشـە ڕۆڵـی گوللە دەبینێت و میکانیزمێکە بۆ سڕینەوەی ئەویتری بەرامبـەر، ئایا مـافی ئەوەمان نییە بڵێین زمان و گوتاری ڕۆشنبیریی ئێمە هێشتا لە دیوەزمـەی دیـدێکی شـەڕئەنگێزانە و کولتـووری لـەناوبردن و تواندنـەوەی بەرامبـەر ڕزگاری نەبووە؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە فۆرم و تەرزێکی تر بدۆزینـەوە بۆ نووسین، جیا لەم شێوازە باوەی، کە لیپاولیپە لە ڕۆحی تۆڵەسەندنەوە و تێکشکاندن؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: تـەواوی ئـەو خەڵکانـەی ئـەوڕۆ لـە کوردسـتاندا و کوردگــەلێکی دەرێــی کوردســتانیش، کــە خجڵــی کــاری فەرهــەنگین، کۆنترینیان و تەمەندرێژترینیان، ڕەنگە ئێستا نێزیکەی 70-80 ساڵێک بێت.

ئێمە لە ماوەی ئەم شەش حەفت سەدەیەی تەمەنی فەرهەنگی کوردیدا، دوای مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، شەرەفخانی بدلیسی، مەولەوی، نالی، مەحوی، حاجی قادری کۆیی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و... یەک دوو نەوەیەکمان، بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە(ئایینی، نەتەوەیی، ڕاسترۆ، دیموکراتخواز، چەپ، مارکسیست و...)، لەم چەند ساڵەی پێشووەدا زۆریان لەدەستچوون و لێیشیان ماوە، هەرچی کاری فەرهەنگیی جیددی هەیە، لەم شەست حەفتا ساڵەی پێشووەدا، لە سەر دەستی ئەوان ئەنجام دروابوو. نەوەیەکی وەک: تەوفیق وەهبی، موحەممەد ئەمین زەکی، ڕەفیق حیلمی، گۆران، هەژاری موکریانی، عەلائوددین سەجادی، مەلا شوکور موستەفا، هێمن، مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی، مەسعوود موحەممەد، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، جەمال نەبەز و... چواریەک و سێیەکی تەمەنی ئەو نەوەیە و سێ لەسەر چواری یا تەواوی تەمەنی ئەم نەوەیەی ئێستا، لە کوردستانێکدا گوزەراندوویانە و گەورەبوون، کە مەیدانی جەنگ و پێکدادانی"براکان" و "کوردکوژی" و "براکوژی" و حیزب و دەستەی سیاسی جۆراوجۆر و چەپ و ڕاست و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوەیی و ئینتەرناسیۆنالی و سەدان بەزمی دیکە بووە. ئەوەی کاری فەرهەنگیشی کردبێت، لە سیاسەتەوە بۆ فەرهەنگ چووە و لە خوێندنگەی سیاسییەوە، لە دەرکەی فەرهەنگی داوە و بە چاوێکی سیاسییانەوە لە فەرهەنگی نۆڕیوە. من دەزانم سیاسەت و فەرهەنگ، تەواوکەری یەکدین، سیاسەت بە واتا فرەوانەکەی، وەک زانستی بەڕێوەبردن و چارەسەردۆزینەوەی کێشەکان و بزوێنەری خەڵک و هەوڵدان بۆ باشتر و جوانتر و خۆشترکردنی ژیانی مرۆڤ، نەک دیتنی هەموو دیاردەکان، لە دەلاقەی سیاسەتی تەسک و بەرچاوتەنگی حیزب و ئایدیۆلۆژیاوە، ئەوەیە کارەسات، چونکە ئیدی فەرهەنگیش دەدرێتە بەر چەپۆک و سنووری بۆ دادەنرێت.

مـاركس دەڵـێ:"جـەنگ جووڵێنـەری مێـژووە"، لـێ مرۆڤـی جەنگدیـدە، جەنگگەستە، بـە تایبـەت جـەنگ و پێكـدادانێكی چـەوت و نـاڕەوا و بێبنـەمای، وەک ئەوانـــەی کوردســـتان، مرۆڤێكـــی نیگـــەران و ناســـەقامگیر و لەسەرپێیخۆڕانەوەستاو و ڕاڕا و ئاوەزبرینـداری، لـێ دێتـە بەرهـەم. جـەنگ و شـۆڕش و هەڕەشـە، گـەلێ جـاران مـرۆڤ لـە بوونـەوەرێكی ئـارام و ئاشـیخوازەوە، دەكەنـە دڕنـــدە و تونـــد و دەستوەشـێن و تـــووڕە و زیانبـەخش. هـەموو ئـەو خەڵكانـە سیاسـەتاوی (یـا ڕەنگـە حیزبـاوی ڕاسـتتر بێت) بـوون. ئـەوەی سیاسـەتاوی(حیزبـاوی) دەبێـت، دیـارە پتـر لـە وڵاتـانی مینـا ئـەوەی لەمـەڕ خۆمـان، زمـانزبر و قسـەتیژ و تەنگەحیقڵـدان و تونـد دەبێت. ئەوانە ئێستایش هـەر لـە دیـدی حیـزب و ئایـدیۆلۆژیاوە، دەنۆڕنـە یەكـدی و هـەر بـە مێشـكی، سـەرۆكی فەرمانـدە، ڕێبـەری حیـزب، سـەركردەیەتی، كۆمیتـەی نێوەنـدی و مەكتـەبی سیاسـی، دەهـزرێن و ئـەوەی لـە نێـو خانەكـەی خۆیانـدا نـەبێت و لـە نێـو بازنەكـەی تـردا بێـت، ئێســـتایش بـــە ناڕاســـت و چـــەوتی دەزانـــن. ئەوانـــە ئێســـتایش ژدانۆڤیانە(بەشینەوەی زانست و فەرهـەنگ و ئـەدەب و...بـە سـەر زانسـت و فەرهــەنگ و ئــەدەبی سـپی، ئیمپریالیسـتی و بـۆرژوازی و زانسـت و فەرهــەنگ و ئــەدەبی ڕەش، داگیركـراو و پرۆلیتـاری) دەنۆڕنـە تـەواوی كردەی فەرهەنگی و كردەی داهێنان.

سیستمی دەسەڵاتی یەكحیزبە و یەكئایدیۆلۆژیا و یەكڕەنگە، مرۆڤـی دڕ و فەرهـەنگی دڕ، چـێ دەكـات، كـە هەمیشـە لـە هـەوڵی لـەنێوبردنی ئـەوی دیكەدایـە، چونكـە ئـەو تـەنێ خـۆی و ئـەوەی خـۆی پـێ ڕاسـتە و ئـەوی دیكەیشی هەموو پێ چەوتـە. ئـەو بیركردنـەوە و لێنـۆڕین و خوێندنەوەیـە، كە فەرهەنگكارێكی شەڕەنگێز و دژی ئەوی دیكەی لێ دەكەوێتـەوە و كـە دەیـــەوێ ئـــەوی دیكـــە بســـڕێتەوە، ئـــەوە لـــە گیـــانی خۆبەزلزانییـــەوە سەرهەڵدەدات، كـە هەركەسـەو تـەنێ خـۆی پـێ شتە و ئـەوی دیكـەی پـێ

هیچــە. هــاوڕێم "ئاســۆس جــەمال قــادر"ی نووســەر و ڕۆژنامــەنووس، ســەرەتای ســاڵانی 1980 لــە شــام لــە بەشــی زمــانی ئینگلیــزی زانسـتگەی دیمەشـق دەیخوێنـد. بـۆ ئـەوەی بتوانێـت بـژی و بژێـوی خـۆی وەدەسـت بهێنێـت، وەدووی کـاردا دەگـەڕێت. دەچێتـە کـن ڕێکخـراوە ڕزگـاریخوازە فلستینییەکان، کە ئەودەمی لە برەودا بوون و زۆر بوون، بۆ ئـەوەی کـاری نووسین، وەرگێڕان، یا شتێکی لەو جۆرەی دەستکەوێت. چەند دانەیەک لـە بنکـەی ئـەو ڕێکخراوانـە دەگـەڕێت، هـیچ ئـەنجامێکی نابێـت، پاشـان دەچێتـە کن دەستەی (بەرەی گەلێری ڕزگاری فلستین- سـەرکردەیەتی گشـتی، بـە عەرەبییەکەی"الجبهة الشعبیة لتحریر فلسـطین- القیادةالعامـة")، کـە ئەحمـەد جبریــل ســەرکردەیەتیی دەکــرد. ئــەودەمی گۆڤــاری"بــۆ پێشــەوە(إلــی الأمام)"یان دەردەکرد. ئیدی دەچێتە بنکەکەیان و پاش سڵاو و ئەوانـە، کـە پێی دەڵێن فـەرموو چ کارێکـت هەیـە و ئـەویش دوای ئـەوەی خـۆی پێیـان دەناسێنێت و باسی خۆی دەکات، کە خوێندکارە و کـوردی عیراقـە، دەڵـێ: هــاتووم ئەگــەر کــارێکم بــدەنێ. ئــەوانیش دەڵــێن: چ کارێکــت بــدەینێ؟ ئـەویش بـە پێکەنینـەوە دەڵـێ: بـۆ نموونـە کـاری تیۆریسیەن، مـونەززیر(بە عەرەبی: منظـر)، بمکـەن بـە مـونەززیر یـا بیرمەنـد، هزمەنـد(بە عەرەبـی: مفکـر)! ئـەوانیش دەدەن لـە قاقـای پێکـەنین و دەڵێن: جـا ئێمـە بـۆ خۆمـان هەمووکمان مونەززیر و موفەککیرین! ئیدی لەبەر سەمەرەیی و "قـوت"ی قسەکەی، کارێکی وەرگێڕانیان لە گۆڤارەکەیاندا پێ دا.

ئەوانەی ئێمە هەریەکەو خۆ بە تیۆریسیەنێک دەزانێـت و هیچـی دیکـە بـۆ ئـەوی دیکـە ناهێڵێتـەوە. ئـەوجا ڕووناکبیر و نووسـەر و فەرهـەنگییان، کاتێـک دەکەونـە سـەر ڕێچکەیـەکی ئـارام و بیرکردنەوەیـەکی هێمنانـە و خوێندنەوەی بەرانبەر و گوێلەیەکترگرتن و گوتوبێژێکی نەرم، و فـۆرمێکی دیکــەی نووســین و دەربڕینێکــی دوور لــە گیــانی تۆڵەســەندنەوە و بریندارکردنی یەکدی دەدۆزنەوە، کە ئیدی نەبنە دەسکەلای دەسـەڵات و

کەوڵی حیزب(کە کوشندەترین دەردێکە، دووچاری مرۆڤایەتی بووە و لە هەمووانیش زیاتر دووچاری کورد) و ئایدیۆلۆژیا فڕێدەن و هیچ جۆرە دیتنێکی ستیریۆتایپ (*Stereotype*)انەیان لەهەمبەر ئەوی دیدا نەمێنێت و بەرانبەریش بە هاوتای خۆیان بزانن و وەک خۆیان بیخوێننەوە. وەها ژینگەیەکی ئازاد، ڕووناکبیر و نووسەری ئازاد، دێنێتە بەرهەم و پێدەگەیەنێت. مرۆڤیش، کە ئازاد بوو، بێترس و ئارام و دڵپاک و بێکینەیە و ڕقی لە کەس نابێتەوە و زمانیشی هەرگیز ئەو زبری و تیژییەی نامێنێت.

2007- 08 -27

**ئامادەکردنی: ستیڤان شەمزینانی بۆ گۆڤاری"بیاڤ".**

**لە گۆڤاری: (بیاڤ) ی ژمارە 25ی ئەیلوولی 2007 و لە لاپەڕە 152- 166دا، بڵاو کراوەتەوە.**

# ئەلفبێی لاتینی و
# زمانی ستاندارد

***ڕەوشت موحەممەد: بوونی گرفتی جۆراوجۆر لە ڕێنووسی کوردیدا، دروسنەبوونی ڕێنووسی ستاندارد و فراواننەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردیی وەکو پێویست، تاچەند پەیوەندی بە سروشتی پیتەکەی خۆیەوە هەیە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ڕێنووس، وەک مەسعوود موحەممەد دەڵێت: "دەفری نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییە و هەر تەقەڵێکی هەڵوەشێتەوە کەلێن دەدا بۆ فرەوان بوونی مەودای لەگەڵ یەکدیدا و نەگونجانی نووسەران. میللەتێک هێندی کورد پێویستی بە یەکیەتی هەبێت ناشێ خوێندەوارەکانی لە هەوەڵ هەنگاوی خامەگیرییانەوە، کە ڕێنووسە، لەیەکدی بترازێن. ئێمە کە لەسەر چۆنیەتی نووسینی(کەرەباب)ی بەری سۆران و (ئەفەنگی) بەری بابان پێک نەیەین چۆن لە ئاست شتە ژیوەریە گرنگەکان تێک دەگەین". ئەگەر مەبەست لە ڕێنووسی کوردی، ئەم ڕێنووسە بێت، کە ئێمە بەکاری دەبەین و باس لە گرفتە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕێنووسە بکەین، پێموایە گرفتی هێندە مەزن و لەبەرچاو لەم ڕێنووسەدا نییە. ڕەنگە هەندێک وردە گرفتی وەک: لکاندنی پێشگر و پاشگر بە ناو و کردارەوە یا

نووسینی (و) یا (وو) بۆ هەندێک وشە یا نەبوونی ئەوەی عەرەب پێی دەڵێت"الكسرةالمختلسة"، کە لە تیپی لاتینیدا کراوە بە"İ" و لە ڕێنووسی کوردییشدا بە "ی" دەنووسرێت یا نووسینی دەنگی "وێ"، کە لە زمانی سوێدیدا بە"Ö" دەنووسرێت و کوردیش بە"و + ێ" دەینووسێت، ڕەنگە ئەمانە برێک وردەگرفت بن، لە ڕێنووسی کوردیدا، کە شتگەلێکی هاسان و کەمن و چارەسەرکردنیان، بە جقینی چەند زمانەوانێک و چەند پسپۆرێکی بارهێنان و خوێندن و ڕاگۆڕینەوە و پێکهاتنیان لە سەری دێتە دی.

مامۆستایەکی ئێراناسی(ئێرانیستیک/Iranian Studies) بە ناوی "کارینا جەهانیCarina Jahani"، لە زانستگەی "ئوپسالا" لە سوێد، کە ئێستا پرۆفێسسۆرە، سەردەمێکیش مامۆستام بوو، دەیگوت:"کوردەکان زۆر زیرەکانە، گیروگرفتی ئەلفبێیان چارەسەر کردووە و خۆیان لە گرێ و سەختیی ئەلفبێی عەرەبی ڕزگار کردووە و دوورخستووەتەوە و ئەگەر ئەلفبێی کوردی لەگەڵ فارسییشدا بەراورد بکرێت، ئەوا کوردییەکە زێتر پێشکەوتووە".

ئەم ڕێنووسە کوردییەی، کە ئێستا لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زمانی کوردیی پێ دەنووسرێت و تەواوی گەنجینەی فەرهەنگ و هزری کوردی چەند سەدەیەکی پێ نووسراوەتەوە، گەلێک بیراز کراوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەگەر نووسین بە ئەلفبێی عەرەبی لە سەدەی حەوتەمی زایینەوە، هاتبێتە کوردستان، ئەوا ئەودەمە نووسین بە زمانی کوردی نەبووە و هەرچیش نووسرابێت، هەر بە عەرەبی یا فارسی نووسراوە، چونکە ئەوانە زمانی دەسەڵاتداران و فەرمانڕەوایانی کوردستان بوون. کورد ئەو دەمیش وەک ئێستا بۆ خۆی خاوەنی خۆی نەبووە، بەڵام ئیدی لە دەسپێکی بە کوردی نووسینەوە، کە نێزیکەی شەش حەفت سەدەیەکە، کورد توانیویەتی

ئـــەلفبێ عـــەرەبی- فارســـییەکە بەرەبـــەرە هـــەموار بکـــات و لەگـــەڵ تایبەتمەندیەتی زمانی کوردیدا بیگونجێنێت.

ئەلفبێ و زمان دوو شتی جیاوازن. ئەلفبێ نیشانە و هێمایەکە بۆ ئەو فـۆنێم و دەنگانـەی، کـە لـە زمانـدا دێنـە دەرانـدن. ئـەو نیشـانە و هێمایانەش، کە ناوی ئەلفبێیان لێ دەنرێن، مرۆڤ بۆ خۆی دروستیان دەکـات و دایانـدەنێت و لـە سـەریان پێکـدێت و ڕێکدەکـەوێت. ئەگـەر زمـان تایبـەت بێـت بـە گـەلێک یـا کۆمەڵـە مرۆڤێـک، کـە پێـی دەپـەیڤن و لەیەکتر تێدەگەن و مـۆرک و موڵـک و ناسنامەیەکی نەتـەوەیی هـەبێت، ئـەوا ئـەلفبێ ئـەو تایبەتمەندییـەی نییـە. هـەموو ئەلفبێیـەک، بـە بڕێـک دەسکاری و گونجانـدن، لەگـەڵ هـەر زمانێکـدا، دەتوانێـت دەربـڕی ئـەو زمانە و هەموو جۆرە زمانێک بێت و هەموو جۆرە دەنگێک بـدەرێنێت و مـرۆڤیش هـەر کاتێـک ویسـتی و بـە پێویسـتی زانـی، دەتوانێـت بـۆ هـەر دەنگێک، هێمایەک چێ بکات.

ئەو ڕێنووسـەی ئـەوڕۆ کـورد بـەکاری دەبـات، بـۆ خـۆی ستانداردە و جێی خۆی گرتـووە، چونکـە چەنـد سـەدەیەکە تـەواوی هـزر و فەرهـەنگی کـوردی پـێ نووسـراوەتەوە و نێزیکـەی سەدەیەکیشـە ئـەلفبێی زمـانی خوێندن و نووسینی میلیۆنان خوێندکار و زمانی سیاسـەت و کارگێڕیشـە. ئەگـــەر بڕۆکەیـــەک ناتەواویشـــی هـــەبێت، بـــە قیچێـــک دەســـتکاری زۆر کەمەوە، هیچ دەردێکی نامێنێت.

هەرچی فراواننەبوون و پێشنەکەوتنی زمـانی کوردییـە وەک پێویسـت، ئـــەوەیان باسـێکی تـــرە. بـــە بـــڕوای مـــن فرەوانبـــوون و پێشـــکەوتن یـــا فرەواننـەبوون و پێشـنەکەوتنی، هـیچ زمـانێکی ئـەم جیهانـە، پێوەنـدیان بـە ڕێنـووس و تیـپ و ئـەلفبێی زمانەکـەوە نییـە، بەڵکـە فاکتـەری دیکـە لـەو بوارەدا ڕۆڵ دەبینن. ئەگەر لە ڕووی جیهانییەوە بنۆڕینـە فرەواننـەبوون و پێشنەکەوتنی زمانی کوردی، ئەوا دەبێ گرنگیی کـورد بـۆ خـۆی وەک

نەتەوەیەک و ڕۆڵی کورد لە پرۆسە و ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا، لەبەرچاو بگرین. ئایا کورد خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەهێز و کاریگەرە و چ گرنگییەکی ئابووری یا سیاسی لە سەر نەخشەی جیهان هەیە؟ ئایا کورد گەنجینەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەندی هەیە یا چ داهێنانێکی فەرهەنگی خستووەتە سەر فەرهەنگیی جیهانی و مرۆڤایەتی؟ پێموایە هەموومان وەرامی ئەو پرسیارانەمان بە هاسانی پێ دەدرێنەوە و گرنگیی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی کوردیش دەزانین! کەوابوو ئەو باسە چ پێوەندێکی بە تیپ و ڕێنووسەوە نییە. هەرچی فرەوانەبوون و پێشنەکەوتنی ڕێنووس و زمانی کوردییە لە نێو کورددا و نەبوونی ئەم ڕێنووس و زمانە، بە زمانی هەموو کورد ئەوە گەلێک هۆی هەن: ژێردەستەیی کورد وەک نەتەوەیەک، پارچەپارچەیی و دابەشبوونی خاکەکەی و خۆی، بە سەر چوار پێنج دەوڵەتدا، نەبوونی دەسگا و سیستمێکی خوێندن و بارهێنانی سەرتاسەری، نەبوونی دەسگای میدیای سەرتاسەری و زۆریی شێوەزار و بنزار و دابڕانی کورد لە یەکدی، کاڵفامی و سستی هەستی نەتەوەیی و چێکردنی تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی و... هەموو ئەمانە کارێکی وایان کردووەتە سەر ئەوەی، کە زمانی کوردی بە ڕادەی پێویست و بە گوێرەی سەردەم، پێشکەوتن و فرەوانبوون بە خۆیەوە نەبینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا و سەرباری ئەو هەلومەرجەی زمانی کوردی تێدا بووە، گرفت و ئاستەنگی هێندە گەورەی نەهاتووەتە پێش و گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتووە و گەلێک چووەتە پێش و ئێستا تاڕادەیەک هەموو شتێکی پێ دەنووسرێت و لە هەموو بوارێکدا بەکار دەبرێت.

***ڕەوشت موحەممەد: بەڕای تۆ باسوخواسکردن لەسەر گۆڕینی ئەلفبێی عەرەبی کاریگەری سیستمی جیهانگیری نییە بۆ سەر وڵاتانی بچووک و بێهێز؟***

ئەمجەد شاکەلی: باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێ، لە نێو هیچ گەل و نەتەوە و خەڵکێکی دیکەدا نییە و پێموایە تەنێ کوردە و ئەویش "خەڵکانێکی سافیلکە و بار بە سەر زمان و فەرهەنگی کوردییەوە"، کە کێچ کەوتووەتە کوڵیان و بە دەستی خۆیان خەریکن ئەوەیشی هەیە، دەیدۆڕێنن و ماڵی خۆیان وێران دەکەن. ئەو ئەلفبێیەی ئەمڕۆ کورد پێی دەنووسێت و خەڵک ناوی عەرەبی و فارسی لێ دەنێت، بەڵێ لە بنەڕەتدا عەرەبییە و ئەویش لە ئارامییەوە هاتووە و کورد لەگەڵ هاتنی ئیسلامدا لە عەرەبی وەرگرتووە، ئەمڕۆ کوردییە و هیچی دیکە نییە. تۆ بنوڕە ئەو زمانانەی، کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن، ئینگلیزی، فرانسی، ئەڵمانی، سپانیۆلی، سوێدی و... تەنانەت تورکییش، هیچ یەکێک لەو خەڵکانەی ئەو زمانانە بەکار دەبەن، ئەلفبێیەکانی خۆیان بە ناوی زمانێکی دیکەوە ناو نابەن. هەرکەسەو ئەلفبێیەکە بە هی خۆی دەزانێت، فرانسی بە ئەلفبێی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی فرانسی، ئینگلیز بە ئەلفبێی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی ئینگلیزی و تورکیش، تەنانەت تورک، بە ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی دەڵێ: ئەلفبێی تورکی، کە لە ڕاستیشدا لە کاتی دامەزراندن و سەپاندنیدا لە لایەن "ئەتاتورک'ەوە، هەر بە ناوی ئەلفبێی"کەمالی"یەوە، بڵاوکرایەوە.

هیچ فارسێک لە جیهاندا نابینییەوە بە ئەلفبێی زمانەکەی خۆی بێژی ئەلفبێی عەرەبی، لە کاتێکدا زمانی فارسی نەک هەر ئەلفبێیەکەی بەڵگە 60-70%ی وشەکانیشی عەرەبین. دەڵێن کچە فارسێک لە خولێکی فێربوونی زمانی سوێدی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا لە پۆلێک پێکەوە دەبن. خوێندکارەکان هەریەکەو خەڵکی وەڵاتێک دەبن و چەندین جۆرە

زمانی جیاواز قسان دەکەن. مامۆستاکەیان، کە سوێدی دەبێت داوایان لێ دەکات هەرکەس بە زمانی خۆی، بەرانبەر وشەی "تاک – Tack"ی سوێدی، کە بە واتای "سپاس"ی کوردی دێت، وشەکە بە زمانەکەی خۆی بڵێت. یەکێک دەڵێ:"شوکرەن" و یەکێک دەڵێ:"سپاسیبا" و یەکێک دەڵێ:"سوپاس" و یەکێک دەڵێ:"گراسیاس" و کچە فارسەکەیش دەڵێ:"مێرسی" و کچێکی فرانسییش، کە لە تەنیشت کچە فارسەکەوە دادەنیشێت دەڵێ:"مێرسی"، کچە فارسەکەیش بە سەرسووڕمانە یەکسەر دەڵێ:"شما هم میگن میرسی! واتە: ئێوەیش دەڵێن مێرسی!". کچە فرانسییەکەیش بە پێکەنینێکەوە دەڵێ:"بەڵێ ئێمەیش دەڵێین مێرسی". مەبەستم ئەوەیە فارس ئەو "مێرسی"یە فرانسییە بە هی خۆی دەزانێت!.

ئێمە ئەگەر ئاوڕێک لە مێژووی خواست و باسوخواسی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) بۆ لاتینی لە کن کورد بدەینەوە دەبینین، ئەو داخوازی و هەوڵانە، پتر لە خەڵکانی ناکورد و بیانییەوە بوونە و ئەوان ویستوویانە ئەلفبێی کوردی بگۆڕن، دیارە بە کاریگەری ئەو هەوڵانەی بیانییان و شانبەشانی ئەوانە، لەنێو کوردیشدا، وەها داخوازی و تەقەلایەک هاتووەتە ئاراوە.

لە ساڵی 1905 دا "مۆرگان"، داوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی، کردووە.

لە سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانی و لە ساڵی 1913دا، لە لایەن "مێجەر سۆن"ەوە، هەوڵی دانانی ئەلفبێیەکی لاتینی دراوە، بەڵام ئەو ئەلفبێیە بڵاو نەبووەتەوە.

لە ساڵی 1930دا، زانای ئەرمەنی"ئیسحاق مۆرگۆڵۆڤ" و "عەرەبی شەمۆ"، ئەلفبێیەکی لاتینییان داناوە و لەنێو کوردەکانی سۆڤێیتدا، تا ساڵی 1938 بەکاربراوە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "ڕێیاتەزە"، کە بە کوردی دەردەچێت، لە ژمارەی یەکەمییەوە، لە ساڵی1930-1938، بە لاتینی

دەرچــووە. لــە ســاڵی 1938-1955،"ڕێیاتــەزە"، دەرنــەچووە و لــە 1955یشەوە تا ئێستا، بە تیپی کریلیک دەردەچێت.

لە ساڵی 1931دا" ئێدمۆنز"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە.

"پیێر ڕۆنـدۆ"، ئەفسـەری فرانسـی لـە شـام، پێش ئـەلفبێ لاتینییەکـەی "جــەلادەت بــەدرخان"، یەکــەم ئــەلفبێی کــوردی بــە تیپــی لاتینــی بڵاوکردووەتەوە.

"تۆما بوا"یش، هەوڵی ئەو گۆڕینەی داوە.

ساڵی 1933"مینۆرسکی"یش هەوڵی گۆڕینی ئەلفبێی کوردی داوە.

تەواوی ئەوانە بێجگە لە "عـەرەبی شـەمۆ"، هـەموو کەسانێکی نـاکورد بوونە.

لە نێو کورد خۆیشیدا:

لە ساڵی 1931دا و دوای گۆڕینی ئـەلفبێی تـورکی لـە لایـەن "مستەفا کــەمال ئــەتاتورک"ەوە، دەســتەی "خۆیبــوون" لــە دیمەشــق، بڕیــاری بەکارهێنانی ئـەلفبێی لاتینیـان لـەبری ئـەلفبێی عـەرەبی بـۆ زمـانی کـوردی دا.

"جەلادەت بەدرخان"، ئەلفبێ لاتینییەکەی خۆی، لە ساڵی 1932دا، بڵاو کردەوە و گۆڤاری"هاوار"ی لە ژمارەی 24ەمیـەوە ئیـدی بـە تیپـی لاتینـی دەرکرد.

"عەبــدوڵڵا جــەودەت"، لــە گۆڤــاری"ڕۆژی کــورد"دا، داوای گــۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کردووە.

"عەبدوڕەززاق بەدرخان" داوای گۆڕینی ئـەلفبێی کـوردی بـۆ ڕووسـی کردووە.

ساڵی 1925،"موحەممەد ئـەمین زەکـی" و "میـرزا موحەممـەد باشـقە"، کتێبچەیەک بە لاتینی بۆ خوێندنگەی سەرەتایی ئامادە دەکەن.

ساڵی 1933،"تەوفیق وەهبی"، کتێبی "خوێندەواری باو"ی بڵاوکردەوە، کە پتر تیپی ئینگلیزی بەکار بردبوو.

ساڵی 1956، "جەمال نەبەز"، کتێبی "نووسینی کوردی بە لاتینی" دەرکردووە و دەنگی "ڵ" و "ڕ"ی بۆ ئەلفبێیەکەی بەدرخان زیاد کردووە و پاشانیش دەنگی"وێ/Ö"ی خستووەتە سەر و بەو گۆڕانانە تا ڕادەیەک ئەلفبێیەکەی بەدرخانی کاراتر کردووە. لێ ئەوانەی، تیپی لاتینی بەکار دەبەن بۆ نووسینی کوردی، ئەو گۆڕانکارییەی "جەمال نەبەز"یان لەبەرچاو نەگرتووە.

ساڵی 1972،"گیوی موکریانی" کتێبی "ئەلف و بێی کوردی وێنەدار بە تیپی لاتینی"ی دانا.

"سادیق بەهائوددین ئامێدی"یش یەکێک بوو لەو دەنگانەی داخوازی لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی دەکرد.

"عەزیز ئاکرەیی"یش لەگەڵ گۆڕینی ئەلفبێی کوردیدا بوو بۆ لاتینی و لەو بوارەدا نووسیویەتی.

ئەگەر تەماشایەکی ئەو بیانییانە بکەین، کە ئەو خواستەیان خستووەتە بەرباس و کۆششیان بۆ وەها کارێک کردووە، دەبینین زۆرینەیان دوو جۆرە مرۆڤ بوون، بڕێکیان خەڵکی سەر بە کڵێسە و ئایینی مەسیحی بوون و بڕەکەی دیکەیشیان ئەفسەر و دەستوپێوەندی لەشکر و وەڵاتانی کۆڵۆنیالیستی بریتانیا و فرانسە بوون. من، هۆ و مەبەستی بنەڕەتیی ئەو باس و داخوازییەی بیانییان دەگێڕمەوە بۆ:

دابڕینی کورد و نامۆکردنی لەو شوێنگە جیۆگرافیایەی تێیدایە، نەک بەوەی کورد بکەنە قەوارەیەکی سیاسی و خاوەنی خۆی، بەڵکە تەنێ بۆ ئاژاوەنانەوە و دوورخستنەوە و جوێکردنەوەیان لە گەلانی دەوروبەریان و چێکردنی کێشە لە نێوان کورد و ئەو گەلانەدا.

هۆیەکی ئایینی- فەرهەگی: کە مەبەستی مەسیحییاندنی گەلی کورد بووە و بەوەش دابڕینی بووە لە ژینگە ئیسلامییەکەی و لە فەرهەنگی عەرەبی - فارسی- ئیسلامی.

هەرچی کورد خۆیشی بووە، کە هەوای گۆڕینی ئەلفبێی کوردی بۆ لاتینی کەوتووەتە سەر، دیارە ئەودەمە، بە چاولێکەری کردەکەی مستەفا کەمال ئەتاتورک بووە، کە ئەودەمی(و تەنانەت ئێستاش) بەشێکی زۆری کورد، بە چاوی ڕێز و گۆڕان و شۆڕشەوە، لە تورکیای کەمالیستیان نۆڕیوە و کۆڵێک بە ئەتاتورک و تورکیای نوێ و سیکولاریزمە گۆجەکەیانەوە سەرسام بوون.

سالانی دوای بڵاوبوونەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی "جەلادەت بەدرخان"یش، بیانووی زۆر هێنراونەوە بۆ ئەو گۆڕینە، کە زۆریان دەخرێنە چوارچێوەی، ناتەواوی و کێماسی و ناڕێکوپێکی و...ئەلفبێی کوردییەوە.

داخوازیی ئەم کوردەی ئێستا بۆ گۆڕینی ئەلفبێی کوردی، دەکرێ بخرێتە چوارچێوەی سەرسوورمان و واقوڕمان بە ڕۆژاوا و ڕۆژاواپەرستییەوە و بەشێکە لەو دەردەجیهانگەرییەی، کە هەموو جیهانی گرتووەتەوە. ئەگەر ئەو باس و داخوازییە کاریگەرییەکی جیهانگەری بێت لە سەر کوردی بچووک و بێهێز، ئەی وەها کاریگەرییەک بۆ نەکەوتووە و ناکەوێتە سەر، من ناڵێم زمانانی عەرەبی، فارسی، ئوردوو، بەنگالی و...چونکە ئەوانە زمانگەلێکی گەورەن، بەڵکە زمانانی ئەمازیغی، تیگرینی، ئەمهاری، کلدانی، ئاشووری، سریانی، ئەرمەنی، ئازەری(لە ئێران)، جۆرجی و...؟ خۆ ئەوانەیش زمانگەلێکی بچووکن و هیچ لە زمانی کوردییش بەهێزتر نین! هیچ یەکێک لە خاوەنی ئەو زمانانە ئامادە نین، ئەلفبێی زمانەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە لاتینی، چونکە دەزانن، ئەوە

لـە ماڵشـێواندنی خۆیـان زیـاتر، شـتێکی دیکـەی لـێ شـێن نابێـت. بـا نموونەیەکت لەو بارەیەوە بۆ باس بکەم:

پاییزی 1985، لە یەکێک لە کتێبخانەکانی شاری ستۆکهۆڵمدا، گۆڤاری "حۆیۆدۆ"م بەرچاوکەوت، کە ئۆرگانی یەکیەتیی ئاشوورییانە لە سوێد و بە زمانانی عەرەبی، ئاشووری و سوێدی دەردەچێت. لەوێدا و لە بەشە عەرەبییەکەیـدا و لـە گوتارێکـدا سـەبارەت بـە کـۆنگرەی یەکیـەتیی ئاشـوورییان لـە سـوێد، کـە پێشـتر گیرابـوو، ئاوهـا نووسـرابوو:"بابـەتی دووەم، کە کۆنگرە گرنگییەکی تایبەتی پێ دا، لێدوان و دەمەتەقە بوو لەمەڕ ئەو بڕیار و ئاگادارییەی، کە دەسگای دەوڵەتیی کاروباری بیانییان لە 1983دا دەریکردبوو، بە دانانی ناوی نوێ بۆ زمانی سریانی، کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردن پێڕۆی کردووە و دەیەوێت ئەلفبێی سریانی بگۆڕێ بۆ ئەلفبێی لاتینی و وەک هەنگاوی یەکەمیش کتێبی "توخوقورنیا"، کە تایبەتە بۆ فێرکردنی منداڵان لە چاپ درا. وەک ئاشکرایشە، یەکیەتیی لە کاتی خۆیدا بە هەموو شێوەیەک هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری دا، بۆ بەرپەرچدانەوە و وەلانانی ئەو هەوڵ و کۆششە، کە دەکران بۆ لێدانی شوێنەواری ژیاری و زمانە پیرۆزەکەمان. بۆ نموونەیش: پێوەندکردن لەگەڵ مامۆستایان و خێزانی منداڵاندا و ڕەفز و ڕەتکردنەوەی کتێبەکە و گرتنی پارێزەرێک بۆ شکاتکردن، لە دەسگای دەوڵەتی کاروباری بیانییان. کۆنگرە هەڵوێستی ڕاست و نەگۆڕی خۆی نوێ و دووپات دەکاتەوە، بەرانبەر بە هەر کەسێک، کە ڕێگە بە خۆی دەدات و دەیەوێت لە پایە و ڕۆڵی زمان و کەلەپوورەکەمان لە ژیاریی مرۆڤایەتیدا، کەم بکاتەوە و لێڵ و تەماوی بکات و تێکبدات. ئێمەیش هاوار دەبەین بۆ ئەو برا و هاوڕێیانەی، کە ڕەنگە پێشکەوتنی ژیاریی ئەورووپا، کە ئێمەیش ئینکاری ناکەین، مەستیان بکات، داوایان لێ دەکەین، لە ڕووخاندنی گرنگترین پایە و بنگەی

شــوێنەوارماندا بەشــداری نەکــەن و منداڵــەکانمان لــەو تیپانــەی، کــە شوێنەوار و بیری باوباپیرانی پێ نووسراونەتەوە - لێرەشدا بوار کەمە، لەو ڕۆڵە مەزنە بدوێین، کە ئەم تیپە و ئەم زمانە لە ژیاریی مرۆڤدا بینیویانــە- بــێ بــەری بکــەن. کــۆنگرە نــاڕەزایی دەربــڕی و بڕیــاری ڕەتکردنەوە و ڕەفزی کاری بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردنی دا و لە سەر داوای قانوونیی خۆیشی بەردەوام دەبێت".

ئــەوە هەڵوێســتی، خــەڵکێکی ئاگــا و بەتــەنگ زمــان و فەرهــەنگ و مێژووی خۆیانەوە هاتووە و ئێستایش لە هەموو دەمێک زیاتر و توندتر، ئەو ئاشووری و سریان و کلدانانە باوەشیان بە فەرهەنگ و زمان و ئەلفبێی زمانەکەی خۆیاندا کردووە و هەرگیز بە خەیاڵیش بیریان بەلای گۆڕینی ئەلفبێدا ناچێت. ئەگەر جیهانگەری و مەستبوون بە ئەورووپاوە، کاریگەرییان لە سەر گەلان و وەڵاتانی بێهێز و بچووک هەبووایە، ئەوا دەبوو ئەو سریان و کلدان و ئاشوورییانە، پێش هەر خەڵکێکی دیکە، ئــەلفبێی خۆیــان بکردبایەتــە لاتینــی، چونکــە هــەم بچــووک و بێهێــزن و هــەمیش وەک ئــایین عیسایین، کــە ئــەوە بــۆ خــۆی پاساوێکە و دەبــوو هانــدەرێک بووایــە بۆیــان، بــەڵام نــەء، خــەڵکی ئاگــا و هۆشــیار، وەهــا هەڵەیەک ناکەن.

***ڕەوشت موحەممەد: دوای بڕیاری ئەتاتورک لەمەڕ ڕەتکردنەوەی ئەلفبێی عەرەبی، بەدرخانییەکان هەرچەندە چەوساوە و ئاوارەی دەستی بوون، بەڵام هەر دوای ئەم بڕیارە ئەلفبێی لاتینییان بەکار هێنا، ئێوە ئەمڕۆ چۆن ئەو هەنگاوەی بەدرخانییەکان دەخوێننەوە؟***

ئەمجــەد شــاکەلی: جــەلادەت بــەدرخان، لــە ســاڵی 1932دا، ئــەلفبێ لاتینییەکــەی خــۆی بــڵاو کــردەوە و بــە قســەی خــۆی، ئــەو لــە ســاڵی 1919ەوە، دەستی بە ڕێکخستنی ئەو ئەلفبێیە کردبوو. لە پێشگوتنی

کتێبێکدا، کە لە ساڵی 1932دا، لە شام نووسیویەتی، جەلادەت بەدرخان، باسی ئەوە دەکات، کە ساڵی 1919، لە خەرپووت و دیاربەکر و چیای مەلەتیێ و لە نێو عەشیرەتی (ڕەشوان یا ڕەوان)دا، کاتێک کە لەگەڵ "مێجەر نۆئێل" ناوێکی ئینگلیزدا دەبێت، کە سۆرانی دەزانێت و هەوڵدەدات فێری کرمانجی بێت، کاتێک کە مەتەڵ و ستران و چیرۆکان کۆدەکەنەوە و دەنووسن و بەراورد دەکەن، نۆئێل بەرانبەر بە تیپی عەرەبی، تیپی لاتینی دەنووسێت و دەستنووس و خەتی خۆی بە هاسانی دەخوێنێتەوە. ڕەفیق حیلمی، لە بەرگی یەکەمی "یادداشت"ەکەیدا، لە بارەی "مێجەر نۆئێل"ەوە، باسی ئەوە دەکات، کە: نۆئێل، یەکێک بووە لە ئەفسەرە ئینگلیزە شارەزاکانی هەرێمی کوردستان و ڕاوێژکاری شێخ مەحموود و یەکەم نوێنەری ئینگلیز بووە لە کوردستان. زمانانی فارسی و فرانسەیی زۆر باش زانیوە و لە ئێراندا زۆر ماوەتەوە. لە ڕێی سیاسەتەوە خزمەتی بریتانیای کردووە. ڕۆژی 01-11-1918، لە کۆبوونەوەیەکدا، بە خەڵکی سلێمانی، کە "عولەما، ئەشراف، سادات و توججار"ی تێدا بەشدار بوون، بە ناوی نوێنەری بریتانیاوە قسەی کردووە و بەو خەڵکەی ڕاگەیاندووە، کە شێخ مەحموود، لە لایەن حاکمی گشتیی عیراقەوە بە حوکمداری کوردستان، ناسراوە. نۆئێل و لە پشت ئەویشەوە "ویڵسن"ی حاکمی گشتیی عیراق، دەیانەویست لە دەسەڵاتی شێخ مەحموود کەڵک وەرگرن و لە هەرێمی کوردستاندا، بێ هێزێکی سەربازی، دەسەڵاتی ئینگلیز جێگیر بێت و بە هۆی شێخ مەحموودەوە، سیاسەتی حوکوومەتی بریتانیا، بەڕێوە ببەن. نۆئێل، ناوی (حاکمی سیاسی) لێ نرا. حیلمی دەڵێت "زەمان بە دڵی (نۆئێل) بچوایە بەڕێوە شکم لەوەدا نیە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند، نۆئێل، شوباتی 1919 چووەتە تورکیا و لە لایەن کۆمەڵگەکانی سیاسی کوردیشەوە، میر جەلادەت بەدرخان و دوو کوردی تریش گەیشتوونەتە

لای و لەگەڵ "نۆئێل"دا یەکیان گرتووە و بە ناو کوردەکانی خەرپووت و دیاربەکردا سووڕاونەتەوە و بۆ کورد و کوردستان گفتوگۆیان کردووە".

جەلادەت بەدرخان، کە باسی "نۆئێل" دەکات دەڵێت:"ب بلێکرنەکە بیانی، لێ بێ دژواری دەست نڤیسا خۆ دخواند، لێ بەلێ ئەز، هەیا کو من (وو) ژ (ۆ) و (ی) ژ (ێ) دەرخستن، دکەتم هەزار دژواری"، ئەوجا دەڵێ:"د جهدا قەرارا خو دا و ژ خورا ب حەرفێن لاتینی ئەلفابێ یەک لێک ئانی" و پاشان باسی ئەوە دەکات، کە سوودی لە ئەلفبێی یۆنانی و ڕووسی و لاتینی و فرانسەیی وەرگرتووە، بۆ چێکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ کوردی و کاتێک تورکان ئەلفبێی لاتینی خۆیان بڵاوکردەوە ئیدی ئەمیش"ژ بونا هێمانکرنا خوەندنا نڤیسارێن مە ژ کوردمانجێن ترکیرا، مە دەنگێن هن حەرفان ب هەڤ گوهارتن ئو هەرچەند هەبو مە ئەو چەند ژ ئەلفابێ یا خوە خست نێزیکی ئەلفابێ یا ترکان کر". بەدرخان، باسی ئەوەیش دەکات، کە پرسی بە، زۆر خوێندەوار و زانا و نووسەری کورد و بیانی کردووە، بۆ نووسینی ئەلفبێ لاتینییەکەی و گوایە سێزدە ساڵ هەوڵی بۆ داوە. بە بڕوای من، جەلادەت بەدرخان، بۆ دانانی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، پرسی بە هیچ زمانزانێکی کورد نەکردووە، بەڵکە بڕیارێکی نابەرپرسانە و سەرەڕۆیانەی، خوێندەوارێکی هزر و فەرهەنگ ئەوروپاییێندراو بووە و بە تەنێ بۆ خۆی و بێ بیرکردنەوە لە ئەنجامەکانی، داویەتی. بەدرخان، هەروەک پرسی بە کوردیزانی دیکەی کورد نەکردووە، بۆ خۆیشی زاراوە کوردییەکانی دیکەی نەزانیوە و تەنێ لە ڕوانگەی زاراوەی کرمانجیی باکوورەوە ئەو بڕیارەی لەبەرچاو گرتووە.

مێژووی گەشەکردن و گۆڕانکاریی ئەلفبێی کوردی، پێشانمان دەدات، کە تا ساڵی 1930یەکان، تاکە ئەلفبێیەک،کورد پێی نووسیوە، ئەلفبێی کوردی"تیپی عەرەبی" بووە و هەموو کوردیش لە هەموو ناوچەیەکی

کوردستاندا و هەر زاراوەیەکی بوویێت، پێی نووسیوە. گۆڕانی ڕێژیمی تورکیا، لە خیلافەتەوە بۆ کۆماریی و هاتنی موستەفا کەمال ئەتاتورک، بۆ فەرمانڕەوایی تورکیا و گۆڕینی ڕێنووس و ئەلفبێی زمانی تورکی، لە ئەلفبێی عەرەبییەوە بۆ لاتینی، کەسانی وەک "جەلادەت بەدرخان"ی خستووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە دەبێ کوردیش ئەلفبێی خۆی بکاتە لاتینی. ئەڵبەتە جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی ئەوە دەکات. بەدرخان، لە ساڵی 1932دا و پاش ئەوەی، کە لە تورکیا ئەلفبێ کرایە لاتینی، ئەلفبێیەکەی خۆی بڵاوکردەوە و بۆ نێزیکخستنەوەیشی لە ئەلفبێی تورکی لاتینی، هێندێک دەنگی کوردیی وەک دەنگە تورکییەکان لێکرد. دوای بڵاوکردنەوەیشی ئیدی بەرەبەرە، ئەلفبێ لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان، جێی خۆی گرت و بوو بە بنگەی نووسینی کوردی بە تیپی لاتینی و تا ئێستاش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەبرەودایە.

بانگەشەی جەلادەت بەدرخان و ئەوانی وەک وی بیر دەکەنەوە و هەندێک لە خوێندووانی کورد لەمەڕ گۆڕینی ئەلفبێی کوردی، بۆ ئەلفبێی لاتینی، لە خراپی و ناپەسەندیی ئەلفبێی عەرەبی و باشی و جوانی و تۆکمەیی ئەلفبێی لاتینییەوە نییە، بەڵکە لە چاولێکەری و مۆدەیەکی باوی لاساییکردنەوەی هەموو شتێکی ئەوروپاییەوەیە و هیچی دی.

دانانی ئەلفبێی لاتینی و بڵاوکردنەوەی لە لایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە، نەک هەر خزمەتی بە پرسی نێزیکخستنەوەی زاراوە کوردییەکان لەیەکدی و یەکگرتنی زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد نەکردووە، وەک بۆ خۆی باسی دەکرد "د هەرتشتی دا یەکیتی..دیەکیتی یا زمێن دا گاڤا پێشین یەکیتی یا عەزمانە"، بەڵکە گەورەترین زیانیشی بە کورد و زمانەکەی بەخشی و تاوانێکە لەهەمبەر زمانی کوردی و یەکیەتیی کورد ئەنجام درا.. ئینگلیزەکان و فرانسەییەکان و پەیمانی لۆزان، چەند ڕۆڵێکی خراپیان لە دابەشکردنی کوردستاندا بینیوە،

"جەلادەت بەدرخان"یش، کارێکی هێندە خراپی کردووە و ڕۆڵێکی هێندە خراپی، لە لەتوپەتکردنی زمانی کوردی و کورددا بینیوە. ئەو خەڵکانەیشی، ئەوڕۆکە شوێنپێ و ڕێگەی ئەویان گرتووەتەبەر، لە خزمەت بە لێکدابڕان و پەرتکردنی کورد و خزمەت بە نەیارانی زێتر، چ ڕۆڵێکی دیکە نابینن.

سازکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی، لە لایەن "جەلادەت بەدرخان"ەوە، وەنەبێ پێویستییەکی مێژوویی بێت و کورد لەبەر ئەوەی، تیپی لاتینی بەکار نەبردبێت پەکی کەوتبێت، بەڵکە بە کاریگەریی"مێجەر نۆئێل"ی ئینگلیز و لەژێر کارتێکردن و هاندانی ئەودا و بە کاریگەریی "ڕۆژێ لیسکۆ" و "تۆما بوا" و "پییێر ڕۆندۆ"، جەلادەت بەدرخان، هاتووەتە سەر ئەو ڕایەی، کە دەبێ تیپی کوردی بگۆڕێ بۆ لاتینی، چونکە "نۆئێل" وەک نوێنەرێکی ئینگلیزی کۆڵۆنیالیست و ئەوروپاییەک، دروستکردنی ڕاڕایی و دوودڵی لای جەلادەت بەدرخان و سەلماندنی پەسەندی و باشیی ئەلفبێی لاتینی لای وی، بۆ تێکدانی یەکیەتیی زمانی کوردی و دابڕینی فەرهەنگی کوردی لە فەرهەنگی ئیسلامی، بە ئەرکێکی خۆی زانیوە و هەوڵی بۆ داوە.

جەلادەت بەدرخان، هەر بە بڵاوکردنەوەی ئەلفبێ لاتینییەکەی و بە دەرکردنی گۆڤاری "هاوار"، بە کۆمەکی کۆڵۆنیالیستانی فرانسی لە شام و لە ژمارە بیستوچوارەمییەوە بە تیپی لاتینی، ئیدی دەستیدایە پرۆژەیەک، کە لە خزمەتی کۆڵۆنیالیستان و دژ بە یەکیەتیی کورد بوو. ئەو کۆڵۆنیالیست و ئەوروپاییانە، سەرلێشێواندن و دواخستنی، نەک تەنێ کورد، بەڵکە تەواوی ڕۆژهەڵات و جیهانی سێیەم، مەبەستیانە و بە هەموو شێوەیەک و لە هەموو بوارێکیشدا کاری بۆ دەکەن. زمانیش یەکێکە لەو بوارە هەرەگرنگانە، دەنا بیانووی جوێکردنەوەی "وو" لە "ۆ" و "ی" لە "ێ"، مەسەلەیەکی هێندە گرنگ و دژوار نییە و نەبووە، مرۆڤ

بخاتە سەر ئەوەی، کە دەبێ ئەلفبێی زمانەکەی خۆی بە بڕیارێکی یەک کەسیی و دەسبەجێ بگۆڕێت، وەک جەلادەت بەدرخان بۆ خۆی باسی دەکات. جەلادەت بەدرخان، بێ ئەوەی ئاگاداری ڕەوشی زمانی کوردی بێت، وەک یەکەیەکی جیانەکراوە، و بێ ئەوەی شارەزایی و زانیاری لە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردیدا هەبێت، و بێ بیرکردنەوە لە بەرژەوەندی کورد وەک نەتەوەیەک، و بێ لەبەرچاوگرتنی دواڕۆژی کوردستان، ئەو بڕیارە کوشندەیەی لەمەڕ گۆڕینی ئەلفبێ داوە و بەوەیش هەڵەیەکی هێندە مەزنی کردووە، کە چاککردن و پینەکردنی یەکجار سەخت و دژوارە.

تۆ ئەگەر بنۆڕیتە چۆنیەتی گۆڕینی ئەلفبێی تورکی(عوسمانی – عەرەبی) بۆ تیپی لاتیننی یا تورکی" کەمالی"، کە بۆ خۆیان وایان ناو نابوو، ئەوەت بۆ ئاشکرا دەبێت، کە بە بڕیارێکی سەرپێی و دەسبەچێی وەک ئەوەی جەلادەت بەدرخان، جێبەجێ نەکراوە، بەڵکە بە پرۆسێسێکی دوورودرێژ و ورد و هەمەلایەنە و بەکاوەخۆ و تۆکمەدا تێپەڕیوە: تورکەکان، کە لە نێوان ساڵانی 1923-1928دا، کارێکی وایان کرد، کە هەر نووسینێک لەبارەی زمانەوە نووسرابا زۆرتر لە ڕێنووس و ئەلفبێ دەدوا. ئیدی بە هەموو شێوەیەک لێکۆڵینەوە و نووسین لە سەر ئەو مەسەلە گرنگە ئامادە دەکرا تا لە مارتی ساڵی 1926دا لە باکۆ کۆنگرەی تورکناسی بەسترا. لەو کۆنگرەیەدا مەسەلەی پەسەندکردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانە تورکییەکان وەک یەکێ لە مەسەلە بنەڕەتەکان خرایە پێش چاو. لەو کۆنگرەیەدا بڕێ تورکناسی بە ناووبانگ لە مەسەلەکەیان کۆڵییەوە و ئەلفبێی عەرەبی و ئەلفبێی لاتینییان بە بالای یەکتر گرت و لەگەڵ یەکیان بەراوردکردن و گرنگیی ئەلفبێی لاتینییان بەوردی ڕوونکردەوە و لەبەرچاوگرت. پاش کۆششێکی زۆر و پاش بەراوردکردنێکی وردی هەردوو ئەلفبێیەکە و دەمەتەقەیەکی زۆر لە

سەریان، هێشتا دوابڕیاری یەکلاکەرەوەی لە سەر نەدرا و تەنێ ئەوەیە، کە ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرا. پاش ئەو پەسەندکردنە بە دوو ساڵان و لە 9 ی ئابی ساڵی 1928دا، پاش ئەوەی، کە کەمال ئەتاتورک گوتارێکی خوێندەوە و گوتی:"زمانە شیرین و دەوڵەمەندەکەمان ئیتر لەمەوپاش بە تیپی نوێباوی تورکی خۆی دەنوێنێ. پێویستە خۆمان لە پیت و پێوار و نیشانەبەنی و نائاشنایانەی کە چەندین چەرخە بیر و هۆشیان لە چوارچێوەیەکی ئاسندا شاردووینەوە ڕزگارکەین". ئەتاتورک بە گۆڕینی ئەلفبێ و کردنی بە لاتینی، وەک خۆی دەڵێت، بۆ ئەوە بوو، کە بیر و هۆشی تورکان، لەو چوارچێوە ئاسنینە، کە تیپی عەرەبی و ئایینی ئیسلامە، ڕزگار بکات! لە یەکی نۆڤەمبەری ساڵی 1928دا، ئەنجومەنی میللەت ئەلفبێی لاتینی پەسەند کرد و چەندین کۆڕ و کۆمەڵەش، وەک "کۆڕی زمان" و "کۆمەڵی وردکردنەوەی زمانی تورکی" دانران بۆ لێکۆڵینەوە و کارکردن، لە سەر هەموو لایەنێکی زمانی تورکی. ئیدی لە پاش ئەوەوە لە بنی هەمانەکەیان دا، و خۆیان گوتەنی، خۆیان ڕزگار کرد. وەلێ ئەو خۆڕزگارکردنە هەرگیز سروشتیی نەبوو و بە خواست و ئارەزووی خەڵک و بە هۆی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵەوە نەبوو، بەڵکە کارێکی ناسروشتی و دەستکرد و زۆرەملێ بوو بەسەر گەلانی تورکیادا سەپێنرا و لەپێویستیی ژیانی فەرهەنگی و لەناخی گەل و پێویستییەکانیەوە هەڵنەقوڵابوو. هەربۆیە ئیدی پاش ئەوەش دوای جوێکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، فێرگە و خوێندگە ئاینییەکان داخران و فێرگە و خوێندنەوەی نوێباو کرانەوە. بەوەشدا دەردەکەوێت، کە بۆ دژایەتی ئایینی ئیسلام، ئەتاتورک، دەبوو مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە هەڵتەکێنێت، ئەویش بە گۆڕینی ئەلفبێ عەرەبییەکە و کردنی بە ئەلفبێی لاتینی، کە لە ڕاستیدا ئەلفبێیەکی لاتینی نەبوو، بەڵکە تورکی بوو و تایبەت

بۆ زمانی تورکی دانرابوو، هەربۆیەش بە ناوی "ئەلفبێی کەمالی"یەوە واتە: کەمال ئەتاتورکەوە ناو نرابوو.

ئەگەر بنوارینە ئەزموونی خەڵکێکی دیکە، هەرچەند برێک لە کوردستان و کورد و زمانی کوردییەوە دوورن، کە تیپیان گۆڕیوە، بێگومان لەوانیشەوە هەندێک شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، ئەو خەڵکەش گەلی "ڤیێتنام"ە. گۆڕینی ئەلفبێ لە ڤیێتنام، بە پرۆسێسێکی دوورودرێژدا تێپەڕیوە. ماوەی هەزار ساڵێک و تا دەوروبەری ساڵانی 1800، هەموو نووسراوێک، ئیدی کتێب و هەموو شتێکی دیکە، بە تیپی چینی دەنووسران. پێش دووسەد ساڵێک، کە فرانسییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی گەیشتنە ئەو ناوە، لەگەڵ خۆدا تیپی لاتینییان گەیاندە ئەوێ و لە شارە گەورەکانی ڤیێتنامدا، لەگەڵ پرۆپاگەندەی عیسایەتیدا لە نێو خەڵکدا بڵاویان کردەوە و خەڵکیش وردەوردە دەستیان بە بەکارهێنانی کرد. ڤیێتنام تا دەوروبەری 1820، کۆلۆنی چین بووە و لەوەش بە دواوە تا 1954 کۆلۆنی فرانسە بووە. ئیدی بە حوکمی ئەو بار و ڕەوشە، بێگومان نەک بە بڕیار، تیپی لاتینی وردەوردە جێی تیپی چینی گرتووەتەوە. تا ئێستاش کتێب و نووسینی ڤیێتنامی، بە تیپی چینی ئەو سەردەمە، هەر ماون و زۆر شت هەن، کە هەر نەکراونەتە تیپی لاتینی. هەرچەندە لە 1920ەوە لە خوێندنگەکاندا، خوێندن و نووسین کرا بە تیپی لاتینی، بەڵام تا ئێستاش ئەلفبێی چینی هەر ماوە و خەڵک هەردوو ئەلفبێیەکە دەزانن.

خەڵک، تەنانەت ئەو تورکەیش، کە جەلادەت بەدرخان، لاسایی کرددونەوە و پێیان سەرمام بووە، دەبینین چەند بەرەبەرە و هەنگاو بە هەنگاو ئەو کارەیان ئەنجام داوە و هیچ کەس هەروا لەخۆڕا و بێ بیرکردنەوە، وەها بڕیارێکی نەداوە. ڕەنگە لێرەدا پرسیارێک وەبیردا بێت، کە بەڵێ جەلادەت بەدرخان ئەو بڕیارە سەرپێیەی بە لاتینییاندنی

ئـەلفبێی کـوردی دا، بـەڵام خـۆ ئـەو نـە دەنگـی بـە هـەموو کـورد ڕا دەگەیشت تا بیری لاتینییانـدنی ئەلفبێی کوردییان پێ ڕا بگەیـەنێت و نـە دەسـەڵاتداریش بـوو تـا بـە سـەر کـورددا بیسـەپێنێت و کەواتـە ئیـدی بـۆ پێڕۆ کرا و جێی خۆی گرت و بوو بە ڕاستییەک؟

جـەلادەت بـەدرخان، لـە سـەردەمێکدا ئـەو بیـرەی بـۆ هـات و ئـەو ئەلفبێیەی هێنایە گۆڕێ، کە سەردەمی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بوو. لەو سەردەمەشدا کۆمەڵـە بیـر و ئایدیۆلۆژیایـەک بـە زەقـی هاتبوونـە ئـاراوە و بووبوونـە بنەمای هزری دەسەڵات و خڕبوونەوەی خـەڵک لێیان و وەدووکەوتن و سەرسامبوونی خەڵک پێیان. لەو سەردەمەدا:

بیری سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم لـە 1917دا و لـە شۆڕشی ئوکتۆبـەردا لە سۆڤیێت، بوو بە دەسەڵات و موژدەبەخشی "ئازادی و سەرفرازی" بۆ گەلانی جیهان.

بیری نەتەوەیی عەرەبی و بیری سەربەخۆیی عەرەب و ڕزگاربوونیان لە کۆڵۆنیالیزم و چێکردنی قـەوارە و دەوڵـەتی نەتـەوەیی عـەرەبی، جێی خۆی گرت.

ناسیۆنالیزمی ئێرانـی، کـە ڕەزاشـا نوێنەرایـەتی دەکـرد و لـە 1925-1941 فـەرمانڕەوای ئێـران بـوو، کۆمـەڵێک گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی و ئابووری و ڕۆژاوایاندنی هێنایە گۆڕێ.

ناسیۆنالیزمی تورکی(کەمالیزم)، مەبەستم سـەردەمی فـەرمانڕەوایی مستەفا کـەمال ئـەتاتورک خۆیـەتی، کە لـە 1923-1938 بـەردەوام بوو، چونکە کەمالیزم ئێستاش ئایدۆلۆژیای دەسـەڵاتی تورکیایە، کە تورکیای لە هەموو پێوەندێکی ئیسلامی – عەرەبی – ڕۆژهەڵات، دوورخستەوە.

بیــری سۆســیالیزمی نەتــەوەیی(نــازیزم)، کــە لــە 1933-1945 ئایدۆلۆژیای دەسەڵات بوو لە ئەڵمانیا و خەریکبوو ببێتە گەورەترین و بەهێزترین دەسەڵاتی جیهان.

تـەواوی ئەوانـە چ وەک هـزر و ئایـدیۆلۆژیا و چ وەک دەسـەڵات و نموونەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و جڤاک و چ وەک نەخشە و بەرنامـەی کـار، ئایـدیۆلۆژیا و هێزگـەلیک بـوون، ئەگـەر بـە ڕواڵـەتیش بێـت، داوای گــۆڕان و نوێژەنکردنــەوە و بیــرازی جڤاکیــان دەکــرد و دەیانەویســت کۆمەڵگـە و دەوڵـەت سـەرلەنوێ و بـە جـۆرێکی جیـاواز دابمەزرێننـەوە و دژەئـایین بـوون، هەربۆیـەش گەشـەیان کـرد و بـەرەوپێش چـوون و سـەرکەوتن و میلیۆنـان خـەڵکیش وەدوویـان کـەوتن. ئـەو ئایدیۆلۆژیانـە کاریگەرییەکی وایان کردە سەر خەڵکێک لە نێو کوردیشدا و سرووشێکی وای پــێ بەخشــین، کــە پێیانوابێــت هــەموو گۆڕانیــک، تەنانــەت ئەگــەر تێکدانیش بێت، کارێکی خاسە و دەبێ لاسایی بکرێتەوە و هەر ئـەوەش وای لێکــردن، کــە پــەنا ببەنــە بــەر لاســاییکردنەوە و گــۆڕینی ئــەوەی دەتـوانرێ بگـۆڕدرێ و دژایـەتی ئـایین، بـەو هیوایـەی ئـەو کارانـە کـورد بەرەو ڕزگاربوون و ئازادی دەبەن یا بەو گۆڕینە کورد دەگاتـە ئـاوات و دەچێتە ڕیزی ئەوانـەوە. جـەلادەت بـەدرخان، کـە لـە ژێـر کاریگـەری ئـەو بیرکردنەوەیەدا، ئەو بڕیارەی دا، دەیزانـی ئـەو بـۆ خـۆی دەسـەڵات نییـە، بـەڵام لـەوە دڵنیـا بـوو، کـە خـەڵکێکی زۆری کـوردی مەسـتی ئـەو جـۆرە بیرکردنــەوە و ئایدیۆلۆژیایانــەن، شــوێنپێی ئــەو هەڵــدەگرن و وەدووی دەکــەون. بــە بــڕوای مــن، هــەر ئــەو دیــد و بۆچــوون و هــزر و ئایدیۆلۆژیایانەی ئاماژەم پێدان، کە نە ئـەودەمی و نـە ئێسـتایش هیچیـان بـۆ کـورد نـەکردووە و ناکـەن، هـەر ئەوانـەن ئێسـتاش خـەڵک لـە دەوری تیپــی لاتینــی خڕدەکەنــەوە و ختووکــەی هەســتی خــەڵک دەدەن. بیرکردنـەوەی بـەدرخان و ئەوانـەی ئـەودەم و ئێسـتایش، کـە داخـوازی

لاتینییانـدنی ئـەلفبێی کـوردی دەکـەن، هـەر یـەک بناخـە و سـەرچاوەیان هەیـە و هـەر ئـەو سەرچاوەیەشـە، ئێستایش وا لـە خـەڵک دەکات پێڕۆی بەدرخان بن و پەرە بەو ڕێبازەی ئەو بدەن.

جـەلادەت بـەدرخان و کـامڕان بـەدرخانی بـرای زۆر لـە مێـژ بـووە لـە ژێر کاریگەریی ڕۆژاوا و نێوەندە دەسـەڵاتدار و بڕیاردەرەکانیانـدا بوونـە و خواستی ئەوانیان جێبەجێ کـردووە. کامڕان بـەدرخان یەکـەم کوردێـک بـووە، کـە پێوەنـدی بـە ئیسـرائیل و زایۆنیزمـەوە هـەبووە و کـاری بـۆ کردوون و بنەماڵەی بەدرخانیش هەر لە سـەردەمی میرنشینییەکەیانەوە لەو جۆرە پێوەندانەیان هەبووە. ئەو جـۆرە پێوەندانـە و تێکـەڵاوی دەسـگا سیخوڕی و بڕیاردەرەکانی ڕۆژاوا و ئیسرائیل، نە ئەودەم و نە ئێستایش، هیچ کاتێک بە قازانج و سوودی کـورد نەشکاوەتەوە، بەڵکە ئـەوان لـەو پێوەندانـــەدا ســـوودمەند بـــوون و کـــوردیش دۆڕاو. گـــۆڕینی ئـــەو ئەلفبێیـەیش هـەر دەکەوێتـە خانـەی ئـەو دۆڕانـە مەزنانـەی، کـە بـە سـەر کـورددا هـاتووە. مـن ئـەو کـارەی جـەلادەت بـەدرخان لـە تـاوان زیـاتر، ناتوانم هیچ ناوێکی دیکەی لێ بنێم.

***ڕەوشت موحەممەد: یەکێ لەو گرفتانەی لە ئەلفبێی عەرەبیدا باس دەکـرا، دەوتـرا بـۆ فێربـوونی کەسـانی بێگانـە زەحمەتـە، بـاس لـەوەش دەکرێت کە بەکارهێنانی تیپی لاتینـی لـە زمـانی (دیجیتـاڵ و تـەکنۆلۆژیا) نزیکمان دەخاتەوە، ئەم ڕایە چەند لە ڕاستییەوە نزیکە؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: ئەوانـەی بانگەشـەی گـۆڕینی ئـەلفبێی کـوردی بـۆ لاتینـــی دەکـــەن، بـــاس لـــە هەنـــدێک گیروگرفـــت و کێشـــەی ئـــەلفبێی کـوردی(تیپـی عـەرەبی) دەکـەن و بڕێـک پاسـاو، بـۆ لاتینییانـدنی ئـەلفبێی کوردی دێننەوە. ئەوەی ئەوان دەیڵێن لە پاساو زیاتر هیچـی دیکـە نین. ئەوان دەڵێن، بۆ ئەوەی بیانی فێری کوردی ببێت، تیپی لاتینی دەرمانە و

چارەسەر و کارەکە فرە هاسان دەکاتەوە. من هەرگیز ئەو قسەیە بە ڕاست نازانم و بڕوام پێی نییە، چونکە ئەگەر بیانییەک بیەوێت زمانێک فێر بێت، ئەوا زۆر بە هاسانی فێری دەبێت، سا ئیدی تیپەکەی هەرچی بێت. هەزاران بیانی، بە تایبەت ئەوروپایی و ئەمەریکایی، هەن، کە عەرەبی، فارسی، عیبری، چینی، ڕووسی، سۆمالی، ئەمهاری، کۆریایی، ئوردوو، ئاشووری، ئەرمەنی، سانسکریت و... دەیان زمانی دیکە، کە بە تیپی لاتینیش نانووسرێن، زۆرچاک دەزانن و بە هاسانییش فێری بوون. مەسەلەی فێربوونی زمانی کوردی لە لایەن بیانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی کورد بۆ خۆی وەک نەتەوەیەک و ڕۆڵی کورد لە پرۆسە و ڕووداوە ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەکانی ئەمڕۆی جیهاندا. کورد، کە نە خاوەنی پێگەیەکی ئابووری و سیاسی بەهێز و کاریگەرە و نە گرنگییەکی ئابووری یا سیاسی لە سەر نەخشەی جیهان هەیە و نە گەنجینەیەکی فەرهەنگیی دەوڵەمەند و نە چ داهێنانێکی فەرهەنگیشی خستووەتە سەر فەرهەنگیی جیهانی و مرۆڤایەتی و نە زمانەکەی زمانی وەڵاتێکی سەربەخۆ و ڕووگەی گەشتیارانیشە، بۆیە بیانییان هێندە وەتەنگ فێربوونی زمانەکەیەوە نین. کەوابوو ئەو باسە چ پێوەندێکی بە تیپ و ڕێنووسەوە نییە.

ئەگەر تەماشایەکی دەوروبەری خۆمان بکەین و بنۆڕینە هاوسێیەکانی کورد، عەرەب و فارس، کە کوردی عیراق و ئێران، بە تیپێک دەنووسن، هەمان تیپی ئەوانە بە تۆزێک دەستکارییەوە، ئەوان تا چ ڕادەیەک فێری کوردی بوون! من پێموایە هەرگیز هێندەی ژمارەی قامکەکانی دەست، عەرەب و فارس نابینینەوە، زمانی کوردی بە نووسین و خوێندنەوە بزانن. هەروەها لایەنەکەی دی و هاوسێیەکەی دیکەشمان، تورک، ئەوڕۆکە کوردی تورکیا ، تیپی لاتینی بەکار دەبەن و تورکیش هەمان تیپ، چ تورکێک هەیە کوردی بە نووسین و خوێندنەوە بزانێت!

لامواية مەسەلەكە هەرگيز كاری بە سەر تيپەوە نييە، بەڵكە بەرژەوەند و ڕۆڵی ئەو زمانە لە جيهاندا، كارەكە ساغ دەكاتەوە. بێجگە لە لايەنی ئابووری و سياسی، ئايينيش ڕۆڵێكی مەزنی هەيە. خەڵكێكی زۆر بۆ ناسين و تێگەيشتن لە ئيسلام، خۆ فێری عەرەبی دەكەن و قورئان دەخوێننەوە. بۆ تێگەيشتن لە جوولەكە، چ وەك ئايين و چ وەك بير و سايكۆلۆژی، خەڵك خۆ فێری عيبری دەكەن. بۆ تێگەيشتن لە "باگاڤەگيتا"ی كريشنا و ئايينی هيندۆيزم، خەڵك خۆ فێری زمانی سانسكريت دەكەن و بۆ تێگەيشتن لە ئايينە كۆنەكانی ئێرانيش، خەڵك خۆ فێری ئاڤێستا و پەهلەوی دەكەن، بەڵام كورد لەو بارەيەشەوە كڵۆڵە و خاوەنی ئەو جۆرە شتانە نييە، هەرچەندە ڕەنگە بگوترێ، كورديش نووسراوی ئايينی تايبەتی خۆی هەيە، لەفەن "مسحەفی ڕەش" و "جلوە" و "سەرەنجام"، لێ ئەو نووسراوانە نەك هەر بيانی، بەڵكە كورد بۆ خۆيشی نەيانيبينيوە و لە نێو خەڵكدا بڵاو نەبوونەوە. جاری وايش هەيە خەڵكی لەبەر سياسەت و بۆ چوونەناو كۆمەڵی كۆمۆنيستييەوە و بۆ كاری سيخوڕی، ديارە جاران، زمانی چينی و ڕووسی فێر دەبوون.

من پێموانييە، فێربوونی عەرەبی و عيبری و سانسكريت و چينی و فارسی و ئەرمەنی و تيگرينی، بۆ ئەورووپاييەك، بەو تيپانەی كە هەيانە، هەرگيز لە فێربوونی كوردی بەم تيپانەی، كە هەيەتی، هاسانتر بێت، وەلێ سێكوچكەی "ئابووری، سياسی، ئايين"، ديارە دەكرێت "فەرهەنگ"يشيان لە هەندێك باردا بخرێتە سەر، چونكە خەڵكانيكی زۆر تەنيا بۆ شارەزابوون لە فەرهەنگی عەرەب و فارس و خوێندنەوەی ئەفسانە و شيعر و چيرۆكی عەرەبی و شاكارەكانی حافز(حافظ) و سەعدی و عەتتار(عطار) و ڕوومی و فيردووسی و سەدان شاكاری ديكە، لە بوارەكانی هزر و فيلۆسۆفی و مێژوو و هەموو جۆرە

زانستێکدا، کە بەو تیپە عەرەبییانە نووسراون و دەنووسرێن، خۆ فێری ئەو زمانانە دەکەن، کارەکە سەختتر یا هاسانتر دەکەن.

زمانی دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا، زمانی ئابووری و بازاڕ و پارەن و ئەوانەن برەو بە زمان دەدەن. تۆ بنۆڕە چین و ژاپۆن و ئیسرائیل و کۆریا و هیندوستان و زمانانی چینی و ژاپۆنی و عیبری و کۆریایی و هیندی، چ ڕێگرێک لەبەردەم ئەو زمانانەدا هەیە، کە هیچیان ئەلفبێی لاتینی بەکار نابەن و ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەیە، بەریان لە پێشکەوتن و نزیکبوونەوەیان لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵ گرتبێت و بگرێت! ئەو وەڵاتانە هەر هەموویان ئەوڕۆ شانلەشانی وەڵاتە هەرە پێشکەوتووەکانی خاوەن تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵی جیهانی، وەک ئەمەریکا و بریتانیا و فرانسە و ئەڵمانیا دەدەن و هەندێک جاریش لە پێشی ئەوانەوەن. ئەوان و بە تایبەت چین و ژاپۆن و کۆریا، تەواوی بازاڕەکانی جیهانیان بە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵی خۆیان داگیر کردووە. هیندوستان، لە بواری کۆمپیووتەر و تەکنۆلۆژیای زانیاری"IT"دا، لە دوای ئەمەریکا و ئەوانەوە، پێشەنگە. جوولەکە، گرنگترین دەسگاکانی ئابووری و میدیا و زانستگە و زانستی جیهانییان بە دەستە و خودانی مەزنترین گەنجینەی ئاوەزن لە جیهاندا. چین، وەک هێزێکی ئابووری گەورە و بەو ئەلفبێیەی خۆیەوە، کە هەیەتی، بەرەو ئەوە دەچێت، لە داهاتوودا کۆنترۆڵی هەموو جیهان بکات.

مامۆستایەکی زمانی ئینگلیزی و خەڵکی شاری لەندەن بە ناوی"ئایۆنا گرانت – Iona Grant" دەیگوت، خەڵکە دەوڵەمەندەکانی گەڕەکەکانی"هۆڵلاند پارک – Holland Park" و "نۆتینگ هیڵ گەیت - Notting Hill Gate" ، کە دوو گەڕەکی دەوڵەمەندنشینی شاری لەندەنن، ئێستا "لەلە"ی چینی و مامۆستای چینی بۆ منداڵە گچکەکانیان دابین دەکەن، بۆ ئەوەی منداڵەکانیان فێری زمانی چینی ببن، تا لە

داهاتوودا بۆیان ئاسان بێت و بتوانن لە چین و لە گەڵ چینیدا کاری ئابووری و بازرگانی ئەنجام بدەن!

زمانی سۆمالی، کە یەکێکە لە زمانە سامییەکان، بە تیپی لاتینی دەنووسرێت و ئەگەر سانایی فێربوون و نێزیکبوونەوە لە دیجیتاڵ و تەکنۆلۆژیا، بە تیپی لاتینی بووایە، ئێستا دەبوو نیوەی ئەوروپا زمانی سۆمالییان زانیبا و سۆمالیش ئێستا هێندەی ئەڵمانیا و ئیتالیا و فرانسە و ئینگلستان و...لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵەوە نێزیک بووایە. کەواتە نە هاسانی فێربوونی کوردی لە لایەن بیانییانەوە و نە نێزیکبوونەوە لە تەکنۆلۆژیا و دیجیتاڵ، چ پێوەندێکیان بە ئەلفبێی لاتینییەوە نییە و ئەوە تەنێ قسەیەکی بێ بنەما و نازانستییە.

***ڕەوشت موحەممەد: لە کتێبی (پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن)دا فەرهاد شاکەلی دەڵێ: کورد دووجار تووشی لێکترازان و دابەشبوون بووە، جاری یەکەم دوای دابەشبوونی کوردستان و چەسپاندنی سنوورە سیاسییەکانی نێوان دەوڵەتە تازەدامەزراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێکرد، بەڵام دابڕانی دووەم کە خەتەرناکتر و قوڵترە، بەلای ئەوەوە دوای پەیدابوون و تەشەنەکردنی ئەلفبێی لاتینی ڕوویدا. ئەم دەربڕینە - دابەشبوونی ئەلفبێی نووسین ترسناکترە لە دابەشبوونی خاک و جوگرافیا - بەنیسبەت منەوە شۆکێک بوو، چونکە "دابەشبوونی یەکەم" دیاریی دوژمنەکانمانە، بەڵام "دابەشبوونی دووەم" ئەمڕۆ بەناوی پێشکەوتنی کوردەوە تەرح دەکرێت، تو لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەوەی فەرهاد شاکەلی دەیڵێت، کۆڵێک ڕاستە. منیش دابەشبوون و لێکترازانی کورد، لە ئەنجامی دابەشکردنی وەڵاتەکەیان(کوردستان)م پێ ئاسانتر و ئاساییترە لەو دابەشبوون و لێکترازانەی، کە لە ئەنجامی پەیدابوون و تەشەنەکردنی تیپی لاتینییەوە

هاتە گۆڕێ، چونکە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی بۆ زمانی کوردی بووەتە و دەبێتە هۆی دابڕان، لە هەموو مێژوو و فەرهەنگ و ئەدەبی نووسراوی کورد، کە سەرلەبەری بە (تیپی عەرەبی) نووسراون. هەروەها دەبێتە هۆی دابڕان لە فەرهەنگی ئیسلامی، کە 1400 ساڵێکە فەرهەنگی کوردیشە. ئەلفبێی لاتینی، کورد لەو فەرهەنگە مەزنە و لە دوو زمانی مەزنی، عەرەبی و فارسی، کە کۆڵەکەی فەرهەنگی ئیسلامن، دوور دەخاتەوە. تەواوی ئەو فەرهەنگ و ئەدەبە نووسراوەی، کە ئەوڕۆکە کورد هەیەتی و شانازیی پێوە دەکات، سەرجەمی لە پاش ئیسلامەوەیە و کورد هیچ شتێکی نووسراوی پێش ئیسلامی نییە و ئەگەر هەیشیبێت، ئەوا ئەوڕۆکە لە ئارادا نییە و پێشموانییە تازە پەیدا ببێت.

ئەو جۆرە دابڕانە فەرهەنگی و مێژووییە لە نێو کوردی باکووری کوردستان و کوردی کەونە سۆڤێتدا بە ڕوونی وەدی دەکرێت. دابڕانی باکووری کوردستان ڕەوشێکی وەهای هێناوەتە گۆڕێ، کە کێشەکە تەنێ ئەلفبێ نییە، بەڵکە جۆری بیرکردنەوە و جیهانبینیشە. ئەوان(بە تایبەت سیاسەتکار و خوێندووانیان) بێ ئەوەی بە خۆ بزانن، تورکانە و کەمالیستانە دەهزرێن و لە بازنەی بیرکردنەوەی ڕەسمیی تورکیا و فیلۆسۆفیی کەمالیزمدا دەخولێنەوە و سەختە شێوەیەکی دیکەی بیرکردنەوە و دیدیان پێ پەسەند بێت. تەواوی ئەو ڕەوشە، کەسیەتییەکی تا ڕادەیەک تورکێنراوی لێ ئافراندوون، کە لە هەموو ڕەوتار و گوتارێکیاندا وەدی دەکرێت. زۆرجاران دۆست و برادەری کوردی باکووری کوردستانم، کە کتێبێکی کوردی بە ئەلفبێی عەرەبی نووسراویان دیوە، بە قورئان یا هەر کتێبێکی عەرەبییان زانیوە و هەرگیز بەلای ئەوەدا نەچوون، کە ئەوە کوردییە و ئەگەر گوتوومە ئەوە کوردییە، گوتوویانە: ها سۆرانییە! کوردی بە لای ئەوانەوە، تەنێ ئەوەیە، کە بە تیپی لاتینی نووسرابێت. ئیدی دابڕان و نەگبەتی دەبێ چۆن بێت!

تەواوی ئەو نەوەیەی، بە ئەلفبێی لاتینی گۆشکراوە، کە باس لە شیعر، چیرۆک، شانۆنامە، مێژوو یا هەر شتێکی دیکە بکرێت، پێیانوایە لەو کاتەوە دەستپێدەکات، کە "جەلادەت بەدرخان" گۆڤاری "هاوار"ی دەرکرد و ئەلفبێی لاتینی هاتە ئاراوە و پێش ئەوە ئیدی کورد خاوەنی هیچ نەبووە. ئەم دیتنە هیچی لە دیتنێکی تورکانەی کەمالیستانەی، بە تیپی لاتینی ڕاهاتوو، کە نەک هەر فەرهەنگ، تەنانەت مێژووی وەڵاتەکەیشی لە لاتینییاندنی زمانەکەیەوە دەبینێت، دوور نییە. با لێرەدا و لەم بارەیەوە، لەبارەی خۆناسین و خۆلەبیرچوونەوەوە، گێڕانەوەیەکی بیریاری مەزن، "دۆکتۆر عەلی شەریعەتی"ت، وەبیر بهێنمەوە، کە زۆر جوان مەبەستی ئەنگاوتووە و نموونەیەکیشی هێناوەتەوە، کە کتومت لەو نموونانەی سەرەوە دەچێت و ڕێک واقیعی ئاستی بیرکردنەوەی لاتینینووسانی کوردیشت دێنێتە بەرچاو:

شەریعەتی دەڵێ:"کە لە سویسراوە بۆ ئێران دەگەڕامەوە، هاوڕێیەکەم خوێندکارێکی زانستگە بوو. تورک بوو و خەڵکی ئیزمیر بوو. ئەندازیاری کشتوکاڵ بوو و لە سویسرا خوێندبووی. چ هاوڕێیەک لەمە باشتر دەبێت؟ لە دڵی خۆمدا گوتم: ئەم هاوڕێیە زۆربەی خاڵە نادیار و گرێ ناڕوون و شاراوە و تەماوی و وردەکانم لەمەڕ "هونەری پێکهاتنی کۆمەڵگەی تورکی"یەوە، لەڕووی ئایینی و فەرهەنگی و سیاسی و جڤاکییەوە بۆ ڕوون دەکاتەوە و هەر بە نووکی پەنجەکانی ئەو کارەش دەکات. ئەو لاوێکی خوێندووی دونیادیدە بوو و فرانسەییش بە چاکی دەپەیڤی. لە گفتوگۆیەکانمدا لەگەڵیدا لە ماوەی چەند ڕۆژدا هیچم سوود لێ وەرنەگرت...ئەمەش چیرۆکێکی دیکەیە. کە گەیشتینە ئیستەنبوول، ڕێپێوان و پێشاندانێکی لەشکریمان دیت...پرسیم: دەبێ ئەمە چی بێت؟ گوتی: لەشکری تورک ئاهەنگی چل ساڵەی دامەزراندنی دەگێڕێت. گوتم: چل سەدە؟ پێکەنی و گوتی: نا، هۆشت لە کوێیە، چل

ساڵ. جاری دووەم پرسیمەوە: چل چی؟ دووبارە جەختی کردەوە: چل ساڵ. پاشان بۆی ڕوون کردمەوە، کە من مێژوو و ڕابردووی تورکیا نازانم و گوتی: دەوڵەتی تورک و زانستگە و ژیاری و بنگە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان و حوکوومەت و لەشکر لە تورکیادا، هەمووی پێش چل ساڵان دامەزراون. ئیدی دوای ئەوە نەمتوانی تەحەممولی بکەم و لە هاوڕێیەتی ئەم بیریارە، کە سەر بە نەتەوەیەکی نوێیاو و تازەکییە، کە مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی تەمەنی مرۆڤێک، هەڵاتم. وام دەهاتە بەرچاو، ئاسمانی قوستەنتینییە هێشتا دوا ڕووداوی مەزنی لەبیرە و بۆ منیش وەک ئەوە وابوو، کە دوێنێ ڕوویدابێت. لەشکرەکانی موحەممەدی فاتیح ساڵی 1453ی زایین، بە دەرکەکانی ئەم شارەدا، کە دڵی ئیمپراتۆریای ڕۆژهەڵاتی ڕۆمانی بوو و مەزنترین نێوەندی ژیاری سەدەکانی ناڤین بوو، وەژوورکەوتن و مەسیحایەتییان بە ژیاریی ڕۆژهەڵاتیی نەتەوەییەوە، لە کەناری زەریای ناوەڕاستەوە هاویژتە کەنارەکەی دیکە، ئەم ساڵەش(کە نەک ساڵی دامەزراندنی لەشکری تورکیای موسوڵمانی ئەمڕۆیە) بە کۆتایی چاخەکانی ناڤین و سەرەتای چاخی نوێ لە ڕۆژاوادا دانرا. ئەم لاساییکەرەوە بۆشە لەخۆنامۆیە سەیدا ئەندازیارە، کە لە سویسرا خوێندوویەتی و سۆزی(سبەینێ) دەبێتە مامۆستایەک لە زانستگەدا، یا دەبێتە وەزیری کشتوکاڵ لە دەوڵەتێکدا، کە سەرتەڵ و هەڵبژاردەی چینی بیریاری کۆمەڵەکەیەتی، نازانێت لەشکرەکە پێش شەش سەدە دامەزراوە. لەو کاتەوە، کە گەورەترین کاری سەربازیی ئەنجام دا، ئەو کارەی، کە بووە دەسپێکی بەشێک لە بەشەکانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەر لەو کاتەش بە دواوە، مەزنترین ئیمپراتۆریای لە سەدەکانی ناڤین و نوێدا دامەزراند و دەسەڵاتی بە سەر تەواوی دەوڵەتەکانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و یۆناندا گرت. ئەو مزگەوت و پەرستگە مەزنانەی، باپیرانی لە یۆگوسلاڤیا، بوڵگاریا، ڕۆمانیا

و یۆنـــان، چێیـــان کـــرد، ئێســـتاش نیشـــانەی مـــەزناهی و هێـــز و دەسترۆیشتوویی سیاسی و فەرهەنگی و هزریی ئەوانن. ئەوان تا فرانسە و ئیتالیا چوون و ڤیەننایان تا سەرەتای سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەم، چەندجاران گەمارۆ دا. لە زەریای ناڤیندا گەورەترین هێزی زەرياییان هەبوو...چی دی بڵێم؟ پێش هەزار ساڵ بەری جەنگی خاچایەتی و لافاوی هێرشی چەکدارانەی گەلەکۆمەکی ڕۆژاوای دژ بە وەڵاتە ئیسلامییەکان گرت. ئێستاکەش شمشێر و قەڵغان و تۆپەکانیان، کە ئایەتی جیهادیان لە سەر نەخش کراوە، لە مۆزە سەربازییەکاندا لە ئەوروپا، سەرنجی هەرکەسێک، تەماشایان بکات، ڕادەکێشێت...چی دی بڵێم؟ پێش ئەوەی ناوی ڕۆژاوای نوێ لە جیهانـدا هـەبێت و ڕۆشـنایی ئیسـلامیش لـە خۆرهەڵاتـەوە هـەڵبێت، ئـەم خاکـە لانکـی ژیـاریی بیزەنتـی و ڕۆمـانی ڕۆژهەڵات بووە. مێژووی هەزار ساڵی ئەم ئوممەتەش نیشانەی هێزی لەشـکریی و ژیـاریی و زانسـت و بـاوەڕ و فەرهـەنگ و ئیمپراتۆریـای جیهانی و دەسەڵاتی ڕەهایە بە سەر کەوشەنێکدا، کە دەکەوێتە نێوان خۆرهەڵات و خۆراواوە. لە نێوان جیهانی ژیاریی کۆن و جیهانی ژیاریی نوێدا، سێبەری هەردوو باڵی لەیەک کاتدا بەسەر ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوادا، پەخش کردبووەوە. تا جەنگی یەکەمیش مەزنترین هێزی ئیمپراتۆریایی و سەربازیی بوو لە ئەوروپا و بەشێکی مەزنی ئاسیادا. عەرەب و یۆنان و باکووری ئەفریقا و تەواوی ئەوروپای خۆرهەڵات، لەژێر دەسەڵاتیدا بوون. پێش چل ساڵان، لە ئەنجامی تەکنیکی سەربازیی ئەوروپایی لە پشتییەوە و خەنجەری ئێرانی- عەرەبی لە پێشییەوە، بە سەر ئەژنۆیدا دادەچەمێتـەوە و کڕنـووش دەبـا، و ئینگلیـز وەڵاتـی عـەرەبی لـێ دەستێنێتەوە، و ئەوروپا، یۆنان و بولگاریا و ڕۆمانیا و یۆگوسلاڤیای لێ دادەبڕێت و لە تەنگەیەکدا ئابڵۆقەی دەدات. پاشان ئەتاتورک و لاوانی خوێندووی ئەوروپاپێندراو، کە سوڵتانی عوسمانی بۆ خوێندنی تەکنیکی

سەربازیی ئەوروپایی و زانستی ئەوروپایی نوێ و زمانانی ئەوروپایی و زانیاری و ژیاریی ئەوروپایی، شاندبوونی بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی و ئابووری و سیاسی و فەرهەنگیی ئەوروپا بوەستنەوە، دەسەڵاتیان گرتە دەست. ئیدی ئەو هێزە جیهانییە مەزنە، پارچەپارچە بوو. ئەو ئیمپراتۆریا عوسمانییە پان و بەرینە گۆڕا و بوو بە دەوڵەتێکی بەزیوی لەتلەتکراوی بچووک. لەو هەموو وەڵاتە ڕۆژاوایی و ئاسیایی و ئەفریقاییانەش تەنێ ئیستەنبوول و ئەنقەرەی بۆ دەمێنێتەوە. پاشانیش تیپی لاتینی دەبێتە ئەلفبێی و وەچەیەکی نوێ پەیدابوو و بەو ئەلفبێیە فێر دەبێت و وەها باوەڕ دەهێنێت، کە مێژووی ئەو لە چل ساڵ پێشترەوە دەستپێدەکات، واتە: لە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە یا بە تەواوی لەو کاتەوە، کە بەزێنران و لەتلەتکران و گەیشتنە ئەوپەڕی لاوازی و بێبایەخی و دزێوی. لەشکریش – لەگەڵ ئەو هەموو داستانی قارەمانییەتییەی، کە لە ڕابردوویدا هەیە- مێژووی لەو ساتەوە دەست پێ دەکات، کە بەزێنراوە....سەیرە و چ سەیرێک".

ئەمەی شەریعەتی دەیگێڕێتەوە، نموونەیەکە بۆ هەموو لاتینینووسێکی باکووری کوردستانیش، کە لە ڕووی زمان و فەرهەنگەوە، بە موو لە تورک، جوێ ناکرێنەوە و ئەوانیش لەو باوەڕەدان، کە مێژوو، فەرهەنگ و ئەدەبیاتی کورد، لەگەڵ لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردیدا، سەریان هەڵداوە.

تاقیکردنەوەی مامۆستایەکی زمانی کوردیت بۆ دەگێڕمەوە، کە پێوەندی بە باسی دابڕانەوە هەیە، ئەو مامۆستایە دەڵێ: لە خوێندنگەیەکی باژێڕی کارڵسگوگە"Karlsgoge"ی سوێد، وانەی زمانی کوردیم دەگوتەوە. لە پۆلەکەمدا دوو شاگردم لابوون، تەمەنیان 11 و 12 ساڵان بوون، برا بوون، خەڵکی باکووری کوردستان بوون و بە کرمانجی ژووروو قسەیان دەکرد. نێزیکەی چەند مانگێک وانەم پێ

گوتنەوە، ئەڵبەتە بە تیپی لاتینی و کرمانجی ژووروو، واتە وەک ئەوەی، کە خۆیان دەیانویست. پاش ئەو ماوەیە پێم گوتن، ئەگەر هەوڵی ئەوەیش بدەین، لە مانگێکدا یەک دوو سەعاتێک تەرخان بکەین، بۆ فێربوونی تیپی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ ئەوەی فێر بن و شارەزا بن لەو شێوە نووسینەدا و زێتریش لەبەر ئەوەی منداڵە کوردەکانی دیکەی هاوەڵیان بەو تیپانە دەیانخوێند، بۆ ئەوەی ئەمانیش چاویان بەو تیپانە ڕابێت. ئیدی ئەوانیش گوتیان باشە. هەر یەکەمجار، کە کتێب و کەرەستەی خوێندنم، بۆ بردن و دەستمکرد بە ڕوونکردنەوە بۆیان و بۆم نووسین، کە گەڕانەوە ماڵێ و ڕۆژی دووەم هاتنەوە، گوتیان: باوکمان دەڵێ ئەمە عەرەبییە و کوردی تەنێ بە لاتینی دەنووسرێت. گوتم باشە مەیخوێنن. ئیدی هەر لە دوای ئەوەوە هەر، کە کتێب و نووسین و وانەی منداڵەکانی دیکەیان دەدیت، دەیانگوت ئەمە عەرەبییە و کوردی نابێ وا بێت. بەرەبەرە لە خوێندنی لاتینییەکەیش سارد بوونەوە و لەنێو خۆیاندا بە تورکی قسەیان دەکرد. کە دەمگوت بۆ تورکی قسان دەکەن، مەگەر ئێوە کورد نین، دەیانگوت ئێمە کوردین..تورکین..تورکین..کوردین. مەسەلەکەم بە باوکیان ڕاگەیاند. باوکیان یەکێک بوو لەوانەی، کە لەنێو حیزبێکی کوردیدا، خۆی بە سەلجووقە و سەرکردە دەزانی، بەم شێوەیە وەرامی دامەوە:"جا برا پێویستە تورکییەکە بزانن و تورکی زمانی یەکەمیان بێت و چ شەرمیش نییە ئەگەر لەماڵەوە بە تورکی قسان بکەن. تورکی زمانێکی گەورەیە و ئێمە بە کوردی چیمان هەیە! ئەو زارۆکانە سبەینێ، کە مەزن دەبن کوا کتێبی فیلۆسۆفی بە کوردی هەیە! مارکس، ئەنگڵز و لێنین، کوا بە کوردی هەن! هەر دەبێ بە تورکی بیخوێننەوە". پێم گوت:"کاکە ئەگەر ئێمە بە دەستی خۆمان خۆمان بتوێنینەوە، ئیدی بۆ ڕەخنە لە تورک و عەرەب و فارسەکە بگرین، یا بۆ سیاسەت دەکەین! بۆ خوێندنەوەی

مـاركس و لێنـین دەبـێ منداڵـەكانت فێـری تـوركی بـن، بـەڵام ناتـەوێت منداڵەكانت، بۆ ئەوەی خانی و جزیری و نالی و مەولەوی و حـاجی قـادر و شێخ ڕەزا و مەحوی و گۆران بخوێنێتەوە، فێری كوردی بن".

نموونەیەكی دیكەت بۆ باس بكـەم: لەگـەڵ هەڤاڵێكمـدا، یـادی بـەخێر، كـە خـەڵكی دەڤـەری بادینـان بـوو و زانستگەیشـی لـە عێـراق بـە عـەرەبی خوێنـدبوو، لـە سـوێد جارێكیـان باسـی كتێـب و چاپەمـەنی و خوێندنـەوەی كوردیمـان دەكـرد، گـوتی:"مـن بـە تیپـی عـەرەبی نـاتوانم بخوێنمـەوە، كوردی هەر بە لاتینی دەخوێنمەوە".

گــەڕەكێك لــە لەنــدەن هەیــە بــە نــاوی "هارینگــەی-Haringey"، شەقامێكی زۆر درێژی تێدایە بە ناوی "گرین لەین – Green Lane"، ئەمبەر و ئەوبەری ئەو شەقامە و كۆڵانەكانی سەر ئەو شـەقامە هـەموو، فرۆشــگە و چێشــتخانە و قاوەخانــە و شــیرینیفرۆش و ســەوزە و میوەفرۆش و تەراشخانە و دۆكتۆر و هەموو جۆرە شتێكی دیكەیـە و لـە سەر تەواوی ئەو شوێنانەیش ناوەكانیان بە توركی نووسـراون و بەشـێكی زۆریـان نـاوی توركییـان هەیـە و لـەناو ئەوانیشـدا نـاوی هەنـدێك بـاژێڕی كوردستان(دیاربەكر، حەڕان، غازی عەنتەب) و ناوی وەك(مزگین، دیار، شیروان) هەن. بەشێكی زۆری ئەوانە كوردن، بەڵام تۆ هـەرگیز ناتوانیـت بزانیــت ئەوانــە كــوردن یــا تــوركن، چونكــە بــە دەگمــەن و هەڵــە و ڕێككەوتیش وشەیەكی كوردیـت بـەر گـوێ ناكـەوێت و تاكـە زمـان لـەوێ توركییـە و جارجـاریش وشـەیەكی ئینگلیـزی دەژنـەفیت. لـە یـەكێك لـە كۆڵانــەكانی ئــەو شــەقامەدا، بنكەیــەكی گــەلێك گــەورە و فرەوانــی كۆمەڵەیەكی كوردی هەیە، كە سەر بە هەڤاڵانی "پەكەكە"یە. كە دەچیتـە ژوورەوە، یـەك وێنـەی لادیـواریی گـەورەی "عەبـدوڵڵا ئۆیجـالان"، كـە دەستی بڵند كردووەتەوە و سڵاوت لێ دەكات و پێشوازیت لێ دەكات و دەیـان وێنـەی شـەهیدان بـە دیوارەكانـەوە هەڵواسـراون و تەلـەڤزیۆنێكی

زەلام پێیە، لێ ئەوەی گوێت لێ نابێت، زمانی کوردییە، هەموو گەورە و گچکە، ژن و پیاو، بە تورکی دەپەیڤن و کۆڵێکیش لەکنیان ئاساییە. ئەگەر ئەوە دابڕان نەبێت دەبێ چی بێت!

ئەلفبێی لاتینی وەچەیەکی وای هێناوەتە بەرهەم، دۆمەڵان ئاسا، بێ ڕەگوڕیشە و بێ هەستکردن، بەو ماڵوێرانی و دابڕان و پێ لە زەوی بڕاوی و لە هەوادا مەلەکردن، ڕێک وەک ئەوەی عەلی شەریعەتی، لەمەڕ وەلانانی ئەلفبێی عەرەبی و هەڵبژاردنی تیپی لاتینی بۆ ئەلفبێی تورکییەوە ئاماژەی پێ دەکات و دەڵێت: "وەچەیەکی نوێ فێری بوو و پەروەردە کرا، ئیدی ئەوانە وا باوەڕیان هێنا، کە مێژووی ئەوان لەو ساڵانەوە دەست پێ دەکات، کە ئەلفبێ بووەتە لاتینی". ئەگەر ئەوە، ئەودەمەی شەریعەتی ئەوەی گوتووە، پاش چل ساڵان، لە گۆڕینی ئەلفبێ و بە شێوەیەکی بنەڕەتی و وەک پرۆسێسێکی لەسەرەخۆ و تۆکمە و نەخشەبۆداڕێژراو، حاڵی تورکی خودان دەوڵەت بێت، دەبێ کوردێکی بە لاتینی نووس، چی بەسەر بێت و چۆن بیر بکاتەوە!

موحەممەدی مەلا کەریم لە بارەی ئەلفبێی لاتینییەوە دەڵێ: "پێوەندیمان بە کەلەپووری کۆنی خۆمان و گەلانی عەرەب و فارسەوە ئەبڕێت، کە ناتوانین نەڵێین بەشێکی گەورەی بناخەی کولتوورمانی لێ پێک دێت".

تۆ تەماشایەکی ئەو گەلە موسوڵمانانەی یەکیەتیی سۆڤیێتی کۆن بکە، کە چۆن یەکیەتیی سۆڤیێت، بە زۆر و تۆبزی ئەلفبێی ڕووسی بە سەریاندا سەپاند و دەستیانی لە ئەلفبێیەکانی خۆیان پێ هەڵگرتن، تەنێ بۆ ئەوەی پێوەندیان بە کەلەپووری کۆنی خۆیان و گەلانی عەرەب و فارسەوە، کە بەشێکی گەورەی بناخەی فەرهەنگیانی لێ پێک دێت، نەمێنیت و بەو کارەش بە تەواوی لە فەرهەنگی ئیسلام و گەلانی هاوئایین و هاوزمانی خۆیان دابڕێن. لە هەمان کاتیشدا، کە ئەو

سیاسەتەی سۆڤێت لەهەمبەر گەلانی موسوڵمان ئەنجام دراوە، گەلانی ئەرمەن و گورۆزینی، کە ئەوانیش لە نێو هەمان سۆڤییێتدا دەژیان، ئەلفبێی خۆیان هێڵرانەوە و نەگۆڕدران و نەکران بە ڕووسی. گەلانی موسوڵمانی سۆڤییێت، تەنانەت گەلانی دیکەی ناموسوڵمانیش، لە سایەی سۆڤییێتدا، چ پاشەڕۆژێکی گەش و ڕووناکیان نەبوو، بەڵکە کۆڵێکیش سەختیی و ناهەمواریان تووش بوو. ڕادەی دواکەوتوویی سۆڤییێتیش، ئەگەر بۆ خەڵکی دیکە هەندێ کون و کەلەبەری ژیانی فەرهەنگییانی پڕ کردبووبێتەوە، ئەوا بۆ ئەوان(گەلانی موسوڵمان) نەک هەر پڕی نەکردبووەوە، بەڵکە کون و کەلەبەری دیکەی بۆ کردبوونەوە و پتر ڕووساندبوونی و لە فەرهەنگی خۆیانی داماڵییوون. لەبیرچوونەوەی تیپی عەرەبی و فارسی، زیانێکی زۆری بە پێوەندی فەرهەنگیی ئەم گەلانە بەڕابوردووی خۆیان و گەلە موسوڵمانەکانی هاوسێیانەوە گەیاند، کە ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە. هەر بۆیەش پاش ئەو گۆڕانانەی، لە سۆڤییێتدا هاتنە ئاراوە و پاش نەمانی سۆڤیێت، گەلانی موسوڵمانی ئەوێش، ئازەری و تاجیک و ئۆزبەک و...داوای گەڕانەوەیان بۆ ئەلفبێی عەرەبی و فارسی جارانی خۆیان کرد، چونکە پاش ئەو گۆڕانانە و پاش تێپەڕبوونی شێست حەفتا ساڵێکی ژیانیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕووسیدا، زیان و مەترسی ئەو دابڕان و بچڕانی پێوەندەیان بۆ دەرکەوت. دیارە کوردیش بە تیپی لاتینی، هەرگیز لەوان باشتری بەسەر نەهاتووە، بەڵکە هەر زۆر خراپتریشی بەسەر هاتووە و دێت، چونکە هەر نەبێت ئەوان قەوارەیەکی سیاسی خۆیان هەبووە و هەیە، چ لە نێو سۆڤییێتدا بووبێتن یا لە دەرێی سۆڤیێت.

دانانی ئەلفبێی لاتینی و بەکاربردنی بۆ زمانی کوردی، لادانە لە قانوونێکی سروشتیی زمانەکە و ڕێک وەک دەرچوونی شەمەندەفەرێکە لە هێڵەکەی خۆی و بەلاڕێدا چوون و وێڵبوونی کەسێک. زمانی

تورکییش بە هۆی ئەتاتورکەوە تووشی ئەو دەردە بوو. بۆ کورد دەبێ شەفەندەفەرە لە هێڵ دەرچووەکە بگێڕدرێتەوە سەر هێڵە ڕاستەکەی خۆی و کابرای وێڵبوویش، بخرێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست، نەک هەموو شەمەندەفەرەکانی دیکەش بە سەر هێڵە چەوتەکەدا بڕۆن و هەموو خەڵکیش ڕێگەوێڵەکەی کابرا بگرنەبەر وهەڵەکانی زمانی تورکی و ئەتاتورک دووپات بکەنەوە. ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) بزاڤ و گیانێکی زیندوو بووە و هەیە لەنێو ژیانی کورددا و تێکەڵە بە ویژدان و بیرکردنەوە و مێژووی کورد، بە بەکاربردنی ئەلفبێی لاتینی ئیدی کورد نووسراوی سەر کێلی گۆڕەکانی باوان و باوک و باپیر و داپیریشی بۆ ناخوێنرێتەوە و لەوەش بێبەریی دەبێت. کەواتە کورد لەپێناوی چیدا ئەو پێوەندەی ببرێت و چاوەڕوانی چ خێر و بێرێکی تایبەتی بێت لە بەکارهێنانی تیپی لاتینی!

بە پەیدابوونی تیپی لاتینی ئەو پێوەند و یەکیەتییە فەرهەنگی، زمانی، هەستی، ویژدانی، گیانەکییەی نێوان کورد و کورد نەما و کوردەکەی باکووری کوردستان، تا هات و تا دێت لە کوردەکەی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دوورکەوتەوە و دووردەکەوێتەوە و تا دێتیش لە تورک و زمانی تورکی و فەرهەنگی تورکی و بیرکردنەوەی تورکیی (کەمالیزم)ەوە، نێزیکتر دەبێت و پتر تێکەڵی دەبێت و تێیدا دەتوێتەوە. تا ئەم ئەلفبێیە لاتینییە نەهاتبووە گۆڕێ، مەلا و فەقێ و خوێندکاری هەموو پارچەکانی کوردستان، بێ گوێدانە سنوورەکانی نێوان وەڵاتانی داگیرکارانی کوردستان و بێ گوێدانە جیاوازیی زاراوە، بەنێو یەکدا دەهاتن و دەچوون و سوودیان، لە مامۆستا و زانست و خوێندن، لە هەموو قوژبنێکی کوردستان وەردەگرت. هەرچی مزگەوتەکانی جزیرە و بۆتان و ئامەد و حەڕان و تەنانەت ئیستەنبوول و باژێڕە تورکەکانیش بوون، جممەیان دەهات لە خوێندکاری کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی

کوردستان و بە پێچەوانەیشەوە. ئەو سنوورانەی نێوان تورکیا(باکووری کوردستان) و عیراق(باشووری کوردستان) و ئێران (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) و سووریا(ڕۆژاوای کوردستان) و ئەو نەخشە شەیتانییانەی وەڵاتانی ئیمپریالیزم بە دابەشکردنی کوردستان و ئەو دەسەڵاتە دڕندە و نامرۆڤانەی فەرمانڕەوایانی ئەو وەڵاتانەی کوردستانیان لە نێواندا بەشراوەتەوە، هیچیان هێندەی تیپی لاتینی، کوردیان لەیەکدی دانەبڕی!

ژنێکی فلستینی، کە مامۆستای زمانی عەرەبی بوو لە ستۆکهۆڵم، پێش چەند ساڵێک پرسیاری ئەوەی لێ کردم، بۆ وانەی کوردی بە دوو سێ منداڵی کورد، کە لەو فێرگەیەدا بوون، ئەو کاری تێدا دەکرد، ناڵێمەوە، چونکە مامۆستای کوردییان نەبوو. گوتم:"منداڵەکان خەڵکی کوێن؟" گوتی:"وا بزانم کوردی تورکیان". گوتم:"ئەوان بە کرمانجی ژووروو و تیپی لاتینی دەخوێنن و من بە کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی وانە دەڵێمەوە". گوتی:"جا کە واتە دوو زمانی کوردی هەن! واتە ئێوە دوو میللەتن". گوتم:"نەخێر یەک زمانی کوردی هەیە و ئێمە یەک میللەتین، بەڵام بارودۆخی جیۆگرافی و سیاسی و دابەشبوونی کورد بە سەر چەند وەڵاتێکدا و نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و...وای لێکردووین". گوتی:"جا خۆ ئێمە بیست سی زاراوەمان زیاتر هەن و جیاوازیی هێندێکیشیان دەگاتە ڕادەی لێکتێنەگەیشتن و لەگەڵ ئەوەشدا یەک زمانی نووسین و یەک ئەلفبێمان هەیە. سیاسەت و سنوور و دابەشبوون کەی کاردەکەنە سەر یەکیەتی زمان و ئەلفبێ". من بۆ خۆم زۆر بڕوام بە وەرامەکەی خۆم بۆ ئەو خانمە نەبوو و زۆر چاکیش دەمزانی ئەو ڕاست دەکات و قسەکەی ئەو دروستە. دەردەکە لە بنەڕەتدا سنوور و زاراوە نەبوو و نییە، بەڵکە تیپی لاتینییە و هیچی دی.

دایکم، کە باسی کەسێکی سەرلێشێواو و گومڕێی کردبا دەیگوت:"نە کەر خوایە و نە ڕایەت بەنە" واتە"نە بەندەی خودایە، کە لە ژێر فەرمانی

ئەودا بێت و بە گوێی ئەو بکات و نە ڕەعیەتی خەڵک و بەندەکانی خودایشە، کە هەوڵێک بۆ دونیا بدات"، مەبەستی دەستبەربوون بوو لە هەردوولا، واتە: وەک "کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو". ئێستا لاتینینووسانی کورد، هەم لە عەلی بوون و هەم لە عومەریش، هەرچی فەرهەنگی نووسراوی کورد و عەرەب و فارسە، کە تیپی عەرەبین، لە دەستیان چووە و سەری لێ دەرناکەن و بۆ ئەوان لەگەڵ زمانی چینی و عیبریدا چ جیاوازییەکیان نییە، بەو لاتینییەش نە بوونەتە ئەورووپایی و نە پێشکەوتوون، بەڵکە پتر لە زمان و فەرهەنگ و جیهانبینی تورکی و تورکەوە نێزیک بوونەوە.

***ڕەوشت موحەممەد: دەکرا بەدیاریکراوی پەنجە بخەنە سەر هەریەک لەو کێشە و گیروگرفتانەی کە لە هەریەک لەو پیتانەدا هەیە لە کاتی بەکارهێنانیاندا بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی، داخۆ بە بەراورد گرفتی کامیان گرانتر و بنچینەییترە؟***

ئەمجەد شاکەلی: یەکێک لەوانەی داوای لاتینییاندنی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) دەکرد، سادیق بەهائوددین ئامێدی، بوو. ئامێدی ئەم کێماسییانە لە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)یدا دەستنیشان دەکات:

1. نەبوونی دەنگی(وی-Ü،û) وەک ئەوەی، لە تورکی و ئەڵمانیدا هەیە و لە سوێدییشدا بە(Y) دەنووسرێت، بۆ نموونە: شێوەی دەربڕینی ئەم وشانە: سوور، دوور، دوو، موو، توو، بوو، بووک، خەسوو، خەزوور، گوو، تووتن، تووتی، تووڕک(توودڕک)، هوون(ئێوە)، نووا(پێش)، لووت، تووتکە، چوو و... کە لە دەڤەری بادینان، نەک هەمووی، و لە زاراوەی لوڕی و دەڤەری کرماشان و ئیلام و خانەقین و لە هەندێک ناوچەی گەرمێندا لە خوارووی کوردستان دەبنە: سویر، دویر، موی، توی، بوی، بویک، خەسوی، خەزویر، گوی، تویتن، تویتی،

تویرِک، هوین، نویا، لویت، تویتکە، چوی و...، کە بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) نانووسرێن. هاوڕێم فەهمی کاکەیی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس، بۆی گێڕامەوە گوتی:"لە سەردەمی پێشمەرگایەتیدا، جارێکیان لە مامۆستا "مەلا عەزیزی سیامەنسووری"، کە کادرێکی کۆنی پارتیی دیموکراتی کوردستان بوو، پرسیم: مامۆستا گوو خۆشە یا گوی. ئەویش گوتی: وەڵڵا برا گوی وەدەم خۆشە". مەبەستی هەردووک کاکەیی و سیامەنسووری لە "گوو" و "گوی"، شێوەی دەربڕین و دەنگەکەیان بووە.

2. دەنگی (i)ی تیپی لاتینی، کە عەرەب بە "الکسرةالمختلسة" ناوی دەبات، بە تیپی کوردی نانووسرێت.

3. دەنگی (ز) بۆ: بەز، پەز، زاڤا و...، کە لە هەندێک دەڤەری بادینان بە (ظ) دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەکە نەبوونی(ظ)ە.

4. دەنگی (ت) بۆ: تاڤ، تۆڤ، تەڤ، تاری و...، کە لە هەندێک ناوچەی بادینان و هەندێک وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ط) دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەکە نەبوونی(ط)ە.

5. دەنگی (س) بۆ: ساڵ، ساڤا، ساماڵ، سوور و...، کە لە هەندێک ناوچەی بادینان و هەندێک وشە لە زاراوەی سلێمانیدا، بە (ص)دەردەبڕدرێت، واتە: ناتەواوییەکە نەبوونی(ص)ە.

ئەو دەنگانەی "ئامێدی" بە کێماسییان دادەنێت و لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)دا بەکار نابرێن یا دەبرێن، بەرهەمی پرۆسێسێکی دووروودرێژە و لە ئەنجامدا وای لێ هاتووە. دەنگی(وی-y،Ü،û)، کە هەندێک ناوچەی بادینان و لوڕ و زەنگاباد و چەند دەڤەرێکی گەرمێن بەکاری دێنن، هەموو کورد بەکاری ناهێنێت، منیش پێموایە هەبوونی باشە و دەبوو تیپێکی بۆ دانرابا، بەڵام کە نییە و دانەنراوە، لوڕێک و زەنگابادییەک و گەرمێنییەکیش ناتوانن بە تیپی کوردی و بە زاراوەی خۆیان ئەو دەنگە بنووسن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان قایلن بەوەی، کە نییە

و نانووسرێت و وەک خەڵکەکەی دیکە دەنووسن و ڕەخنەش ناگرن. دەنگی (ط، ظ, ص) عەرەبین و تەنانەت فارسیش، کە بەکاریان دەبەن، وەک کورد دەیانکەنە (ت،ز،س)، هەرچەندە ئەوان(فارس) دەیاننووسن، وەلێ وەک عەرەب نایانخوێننەوە، ئیدی ئەگەر بە تەنێ لە ئامێدی وا بگوترێ، خۆ هەموو کورد وا ناڵێن. ئەگەر بەو پێوەرە بێت، خۆ دەبێ کوردێکی هەورامییش داوای ئەوە بکات، کە دەنگی (ذ، ث)، کە لە هەورامیدا هەن و زۆریش بەکار دەبرێن و لە ڕێنووسی کوردیی ئەمڕۆدا بوونەتە (ز، س) و فارسیش دەنووسن (ذ، ث)، بەڵام بە(ز، س) دەیخوێننەوە، بنووسرێن. ئەو دەنگانەی(وی-Ű ⁄ y،û، ط، ظ، ص)، کە لە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی)دا نانووسرێن و ئامێدی بە کێماسی و کەلێنیان دادەنێت، لەو تیپە لاتینییانەیشدا، کە "جەلادەت بەدرخان" دایناون و ئەو بەلایەوە پەسەندن و ئەوڕۆ کوردی باکووری کوردستان پێی دەنووسن و وا بەرەو ئەوەیش دەڕوات، تەواوی کوردانی سەر بە زاراوەی کرمانجی ژووروو بیکەن بە ئەلفبێی خۆیان، لەوێشدا بەکار نابرێن و نانووسرێن و نین.

ئەگەر بەو شێوە بکرێت، کە ئامێدی دەیەوێت و ئەلفبێیەکە بە دڵی خەڵکی ئامێدی بێت و (ط، ظ، ص) و ئەوانە بگێڕدرێنەوە بۆ ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)، ئەوا دەبێ(ث، ذ)یشی بۆ زیاد بکەین، چونکە لە هەوراماں بەکار دەبرێن و لەبەر خاتری خەڵکی هەولێریش، هەرچی (ڵ)ە، بکرێن بە (ر)، "دووکەڵ" و "ماڵ" و "گوڵ"، بکرێن بە "دووکەر" و "مار" و "گور"، لەبەر سلێمانییانیش هەرچی (ەند، ەن)، بکرێن بە (نگ) و (س، ت)یش، لە "سەد" و "تایە" و "سەگ"دا، بکرێن بە (صەد، طایە، صەگ) و لەبەر موکریان و ئەو ناوەش، هەرچی (ر) بکرێن بە (ڕ)، "شەراب" بکرێت بە "شەڕاب" و "فرانسە" بکرێت بە "فڕانسە" و "پرۆسێس" بکرێت بە "پڕۆسێس" و "حەرام" بکرێت بە "حەڕام".

بۆ كورد دانانی تیپی (ز) لە بری(ذ، ز، ض، ظ) و دانانی (س) لە بری(ث، س، ص) و دانانی(ت) لە بری(ت، ط)، كە لە عەرەبیدا هەن، بارێكی گەورە و گرانمان لە سەر شان لادەبات و دەبێ نەمانی ئەو دەنگانە و كردنیان بە یەك دەنگ، بە پێشكەوتن و سەركەوتن بدەینە قەڵەم، بەڵام ئەگەر بێتو بۆ هەموو دەنگێكی شێوە جیاجیاكانی زمانی كوردی تیپێكی تایبەت دابنرێت، ئەودەمی تیپەكانی ڕێنووسی زمانی كوردی گەلێك زۆر دەبن. هەرچەندە من بۆ خۆم ئێستاكە لە سەر ئەو ڕایەم، كە دانانی هەندێك تیپی وەك"وی(y،ü،û)، وێ(Ö) و ئەلكەسرەلموختەلیسەی عەرەبی، واتە: تیپێك لەبری"، كارێكی پێویستە بۆ ئەلفبێی كوردی(تیپی عەرەبی).

زۆرێك لە كوردانی سەر بە زاراوەی كرمانجی ژووروو و لە نێویشیاندا "جەلادەت بەدرخان" و "سادیق بەهائوددین ئامێدی" و هی دیكەیش، كە بانگەشەیان بۆ لاتینییاندی ئەلفبێی كوردی كردووە، وەنەبێ هەر ئەو كێماسییانەیان لەبەرچاو گرتبێت و بڕێك وردە سەرنجیان بووبێت یا هەبێت، بەڵكە ئەوان هەر پێیان باشتر بووە، كرمانجی ژووروو بە لاتینی بنووسرێت و پێیانوابووە، ئەلفبێی كوردی(تیپی عەرەبی) بۆ نووسین بە كرمانجی ژووروو دەست نادات و ناڕێكە و ناتەواویی زۆرە و كرمانجی ژووروو بە تیپی لاتینی نەبێت هەرگیز باش و ڕەوان و دروست نایەتە نووسین.

هەرچی گیروگرفتی ئەلفبێی لاتینییە ڕەنگە بتوانین لەم چەند خاڵەدا دەستنیشانیان بكەین:

1. ئەو دەنگانەی، كە بەشێكی زۆریان عەرەبین و هەندێكیشیان دەنگی ڕەسەنی كوردیین، وەك (ث، ح، ذ، ص، ض، ط، ظ، ع، غ) بە تیپی لاتینی نانووسرێن. ئەمڕۆ، كە شیعری مەلای جزیری، خانی، نالی، مەحوی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی و تەنانەت گۆرانیش، كە دەكرێنە تیپی

لاتینــی، ناتەواوییــەک و کــەلێنێکی زۆر گــەورە وەپــێش دێــن، ئــەویش نــەبوونی ئــەو تیپانەیــە، کــە لــە عەرەبیــدا هــەن و لــە لاتینیــدا نــین. ئــەو دیاردەیە بە زۆری لە شیعری کلاسیک و ئەدەبیاتی کلاسێکدا، وەپێش دێـت. بێجگـە لەوانـەش، تیپـی(ح، ع، غ)، کـە لـە ئـەلفبێی کـوردی(تیپـی عەرەبی)دا هەن و لە زمانی کوردیدا و لە هەموو زاراوەکاندا هەن و بـەکار دەبـرێن، لـە لاتینییەکـەدا دەبنـە(X،E,H)، کـە لەگـەڵ(هـێ، ئـە/ ە، خ)دا چ جیاوازییان نییە. حەسەن، حوسەین، حەسیرەکە(گەڕەکێکی شاری کەرکووکە)، حەمە، موحەممەد، ئەحمەد، حاڵ، حەپەی سەگ، حیلکەی ئەسپ، حوکوومەت، حەکیم، عەلی، عالم، عالەم، عەلیم، باعەباع، عیسا، عەرەب، جومعە، دەعبا، دەعەجانی، غالی، غاردان، غەوزی بەغدا، غەزاڵ، غەیرە، غەبغەبە و...لە لاتینییەکەدا دەبنە: هەسەن، هوسەین، هەسیرەکە، هەمـە، موهەممـەد، ئەهمـەد، هـاڵ، هەپـەی سـەگ، هیلکـەی ئەسـپ، هوکوومـەت، هـەکیم، ئـەلی، ئـالم، ئالـەم، ئـەلیم، بائـەباء، ئیسـا، ئـەرەب، جومئە، دەئبا، دەئەجانی، خالی، خاردان، خەوزی بەخدا، خەزاڵ، خەیرە، خەبخەبـە و... دیـارە هـەرچی وشـەگەلی قورئانیشـە وەک: (رحمـن)، (رحـیم)، (عـبس)، (والضحی) و...لــە لاتینییەکــەدا دەبنــە: (ڕەهمــان)، (ڕەهـیم) ، (ئەببەسـە)، (وەززوهـا)و...ئـەودەمیش قورئـان بـۆ کـوردانی موسوڵمان لە قورئانیەتی دەکەوێت و دەبێتە شتێکی دیکە.

2. دەنگـی(ڵ، ڕ)، کـە لـە کرمـانجیی خـواروودا هـەن، لـە لاتینییەکـەدا نانووسـرێن: گـوڵ، گـەڵا، دڵـداری، قەڵـەو، دەڵـپ، بـەڵا، دەڵاڵ، پڵاو، پاڵتۆ، پـێڵاو، ناوگـەڵ، گـەماڵ، مڵـە، لێـڵ، گۆپـاڵ، گـاڵۆک، کـەڕ و لاڵ، مـاڵ، ڕاز، دڕک، مـەڕ، زەڕەی نێرەکـەر، تـڕ، پـڕ، قڕەقـڕ، مشـتومڕ، بـڕین و...لـە لاتینییەکەدا دەبنـە: گـول، گـەلا، دلـداری، قەلـەو، دەلـپ، بـەلا، دەلال، پلاو، پالتۆ، پێلاو، ناوگەل، گەمال، ملە، لێل، گۆپال، گالۆک، کـەر و لال، مـال، راز، درک، مەر، زەرەی نێرەکەر، تر، پر، قرەقر، مشتومر، برین و...

من لەو بڕوایەدام، کێشە و گرفتی ئەلفبێی لاتینی گەلێک زۆرتر و بەرینترە و چارەسەرکردنیشی گەلێک دژوارترە، هەرچی ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبیە)، بە بڕێک ماندووبوون و کارێکی یەکجار کەم و کات بۆ تەرخانکردنێک، بە ئاسانی ئەنجام دەدرێت، بەڵام پێش هەر شتێک دڵسۆزی و لێبڕان و بڕیاری دەوێت!

***ڕەوشت موحەممەد: ئەو دەستکەوت و پێشکەوتن یاخود گرفت و کێشانە چین، ڕووبەڕووی ئەو بەشانەی کوردستان بوونەتەوە، کە پیتی لاتینی بەکار دەهێنن؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەو بەشانەی کوردستان، کە تیپی لاتینییان تێدا بەکار دەبرێت، باکوور و رۆژاوای کوردستانە. بەڵام لەو بەشانەدا بە جۆریکی فرەوان بەکار نابرێت، چونکە هەم ڕێگە پێ دراو نییە و قەدەغەیە و هەمیش زمانی خوێندن و ڕەسمی و میدیا نییە. دیارە کوردانی باکوور و ڕۆژاوا، پتر ئەو تیپانە لە ئەوروپا بەکار دەبەن. کوردانی سۆڤییەتی جارانیش ئەوڕۆ پتر لاتینی بەکار دەبەن. من بەشبەحاڵی خۆم، هیچ جۆرە دەسکەوت و پێشکەوتنێک، لە بەکارهێنانی تیپی لاتینیدا نابینم و پێشموانییە کوردانی ئەو بەشانە چییان وەدی هینابێت. ئەوەی من دەیبینم، کۆمەڵێک گرفت و کێشەیە، تووشی بوون و ڕووبەڕووی بوونەوە، کە تاڕادەیەکی زۆر بۆ خۆیان هەستی پێ ناکەن و بیری لێ ناکەنەوە و پێی نازانن. ئەو گرفتانە ڕەنگە لەم خاڵانەدا خۆ بنوێنن:

1. بەکاربردنی تیپی لاتینی، بووەتە هۆی دابڕانێکی تەواوی ئەوانەی بەکاری دەبەن، لە تەواوی فەرهەنگێکی کوردی، کە بە ئەلفبێی کوردی (تیپی عەرەبی) نووسراوەتەوە. ئەمە وەنەبێ تەنێ ئەوە بگرێتەوە، کە بە زاراوەکانی کرمانجی خواروو(سۆرانی)، هەورامی یا لوڕی نووسراونەوە،

بەڵکە تەنانەت ئەوانەیش دەگرێتەوە، کە بە کرمانجی سەروویش، بەڵام بە تیپی عەرەبی نووسراونەوە، وەک: جزیری، خانی، فەقێ تەیران، بایەزیدی، برێفکانی و...ئەوەی بە کرمانجی سەروو لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و بە تیپی عەرەبی نووسراوەتەوە.

2. بەکاربردنی تیپی لاتینی، بووەتە هۆی دابڕانێکی تەواوی ئەوانەی بەکاری دەبەن، لە تەواوی فەرهەنگی عەرەبی و فارسی و ئەو زمانانەی دیکەی بە تیپی عەرەبی دەنووسرێن. ئەمەش بووەتە هۆی ڕکبوونەوەی لاتینینووسان، لە هەموو نووسینێکی هەردوو نەتەوەی سەردەست، عەرەب و فارس، کە بووەتە هۆی هەوڵدان بۆ خۆجوێکردنەوە و خۆدابڕین لەوان، لە هەموو ڕوویەکەوە. دیارە لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە جێی خۆیەتی، لێ لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایینی و فەرهەنگییەوە، کارێکی نادروستە و ناکرێت و وەها کارێک لە دیتنێکی نەتەوەیی تەسک و دابڕانێکی فەرهەنگی و کاڵفامی زێتر هیچی دیکە نییە.

3. گرفتێکی هەرە مەزنی لاتینینووسان و ئەوانەیشی بانگەشەی بۆ دەکەن و ئەو دەڤەرە جوگرافییایەیشی تێیدا بەکار دەهێنرێت و ئەو خەڵکانەیشی سەرسامن پێی، ئەوەیە ئەوان دیتنێکی ئەنتی ئیسلامی"دژەئیسلامی" فرە خەست و توندیان هەیە و دژی هەموو پێوەندێکن لەگەڵ ئیسلامدا و لەگەڵ هەموو خۆدابڕینێکن لە ئیسلام. گەلێک لەو کوردە "هاوچەرخ و نوێخواز و پێشکەوتنخواز" و "ئەوروپاییێندراو" و "مەستی جیهانگەری"یانە، پێیانوایە تەواوی نەگبەتی و کلۆڵی کورد، بە هۆی ئیسلامەوەیە و ئیسلام بە هۆی دواکەوتنی کورد دەزانن. ئەو دواکەوتن و کلۆڵی و نەهامەتی کوردەیش، ئەوان لە ئەلفبێی عەرەبیدا دەیبینن.

ئێمــە ئەگــەر لــە ڕووی مێژوویيــەوە بنۆڕينــە ســەرەتای هەوڵــدانی خۆقوتـاركردن لـە تيپـی عـەرەبی و سـازكردنی تيپـی لاتينـی، دەبينـين لـە كەســانێكەوە، كــە هــەم نــاكورد"غــەيرەكورد" و هــەم ناموســوڵمان "غەيرەموسـوڵمان" بـوون، دەسـتيپێكردووە و سـەريهەڵداوە، كەسـانێكی وەک: "مێجـەر سۆن"، "ئيسحاق مۆرگۆڵـۆڤ"، "ڕۆژی لێسكۆ"، "تۆما بـوا"، "پيێـر ڕۆنـدۆ" و "مێجـەر نۆئێـل"، كـە هەنـدێكيان هانـدەری جـەلادەت بـەدرخان بوونـە، بـۆ دانـانی ئـەلفبێ لاتينييەكـەی. ئـەو كەسانەيش وەک ئايين مەسيحی بوون و بە مەبەست، هـەوڵی دوورخستنەوەی كورديـان، لە ئەلفبێی عەرەبی- ئيسلامی داوە.

ئەو دەنگانـەی، لـە نێـو كـورد خۆيـدا، كە پێيانوايە ئيسلامبوونی كـورد، هۆی پاشكەوتنيەتی، هيچ بناخە و بنەمايەكی زانستی و وردبينانـەيان نييـە و چ بەڵگەيەكی سەلمێنەر و قايلكەريش بۆ پشتيوانيی بۆچوونەكانيان نييە. ئێمــە ئەگــەر بنۆڕينــە جيۆگرافيــای كوردســتان و تــەواوی خۆرهــەڵاتی نێوەڕاســتيش، دەبينــين جڤاكگــەلێكی ناموســوڵمان وەک: فەلــە"ديــان، مەسـيحی، عيسـايی"، لـەنێو ئـەو وەڵاتانـەی ئـەو دەڤـەرەدا دەژيـن. ئـەو فەلانــەش بــە ســەر كۆمــەڵێک نەتــەوە و گەلــدا دابــەش دەبــن؛ وەک: "ئەرمــەن"، "ئاشــووری"، "كلــدان"، "ســريان" و... هەنــدێک لــەو نەتــەوە و گەلانـەيش، هـەر لـە سـەرەتای مێـژووەوە، لـەو خاكـەدا ژيـاون و خـودانی شارســـتانييەت و فەرهەنگــــەلێكی مـــــەزنيش بوونـــــە و بـــــۆ نووســـــينی زمانەكانيشيان، ئەلفبێی تايبەتی خۆيان هەبووە و هەيە و بە نێزيـک تيپـی لاتينيشـدا هـەرگيز نـەچوون. بێجگـە لـەو "ديـان"انـە، خـەڵكانی ديكـەش، كـە وەک ئـايين؛ "ئێـزدی"، "يارسـان"، "عەلـەوی"،"دورزی"، "مەنـدائی، سابيئە" و "زەردەشـتی"ن، و وەک نەتـەوەيش؛ كـورد، عـەرەب، تـورک يـا فارسـن و لـەو دەڤـەرە ژيـاون و دەژيـن و هەندێكيشـيان ئـەلفبێی تايبـەتی خۆيـان هەبووە و هەيە. باشـە ئەگـەر ئيسـلام، كـوردی دواخسـتبێت، ئـەی ئەوانـە

بەو ناموسوڵمانیەتییەی خۆیانەوە، بۆچی نەک هەر پێشنەکەوتوون، بەڵکە گەلێک لە کوردە موسوڵمانەکان دواکەوتووترن!

4. خۆ بە پێشکەوتنخواز و هاوچەرخ و نوێخواززانیی، وای لە هەندێک کوردی لاتینینووس کردووە، کە تیپی لاتینی بۆ هەموو کورد هەڵبژێرن و بە باشی بزانن، چونکە تیپی لاتینی زمانگەلێکی پێشکەوتووی وەک ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمانی و سپانیۆلی و... پێ دەنووسرێن، کە زمانی دەیان وڵاتی پێشکەوتوون، بەڵام تیپی عەرەبی و فارسی لە وەڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئیسلامیدا بەکار دەبرێن، کە وەڵاتگەلی جیهانی سێیەم و چوارەمن. ئیدی بۆوەی کوردیش لە دواکەوتوویی و ڕۆژهەڵاتیەتی دووربکەوێتەوە، بە ڕای ئەمانە، دەبێ تیپی لاتینی بەکار بهێنێت. ئەم بیرکردنەوەیە ئەنجامێکی هێندە خراپی بە دواوەوەیە، ئەویش سڕینەوەی هەرچی فەرهەنگێکی کوردە، کە بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) نووسراوە، کە دەکاتە تەواوی گەنجینەی فەرهەنگی کوردی.

ئەوەی پێیوایە، ئەگەر زمانی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی نووسرا، ئیدی کوردییش دەچێتە ڕیزی زمانە پێشکەوتووەکانی وەک، ئینگلیزی و فرانسەیی و ئەڵمانی و ئیسپانیۆلی و... هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات، چونکە تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی ئابووری و جڤاکی و هەلومەرجی ژیان و خۆشگوزەرانیی ئەو گەلانەی، کە خۆیان خاوەنی ئەو زمانانەن - ئەورووپا، نەک وەڵاتانێک، کە بندەست و داگیرکراو بوونە و بە تۆبزی فێری ئەو زمانانە کراون - چەندین سەدە لە پێشی کوردەوەن، بەو پێشکەوتنەش زمان پێشدەکەوێت و مەسەلەکە چ پێوەندی بە تیپگۆڕینەوە نییە و بە تیپی لاتینی خەڵک پێش ناکەوێت. ئەگەر وا بووایە، دەبوو زمانی تورکی و سۆمالی، کە ئەوڕۆ بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، لە ڕیزی ئینگلیزی و فرانسەیی و...دا بووایەن، یا بە هۆی ئەلفبێی لاتینییەوە، تورکیا و سۆمال

لە ڕیزی وەڵاتانی ئەوروپای ڕۆژاوا و ئەمەریکادا بووایەن و ژاپۆن و چین و کۆریا و ئیسرائیلیش، کە ئەلفبێی تایبەتی خۆیان هەیە، لە ڕیزی وەڵاتانی جیهانی سێیەم و چوارەمدا بووایەن. لە کاتێکدا کە تەواو بە پێچەوانەوەیە، تورکیا و سۆمال، دەرۆزە دەکەن و ئیسرائیل و ژاپۆنیش ملانێی ئەمەریکا و ئەوروپای ڕۆژاوا دەکەن.

ئەگەر زۆریی خەڵکیش، کە بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسن بکرێتە پێوەر، ئەوا چین، کە یەک ملیار مرۆڤە، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسن. بێجگە لەوانیش زمانانی دیکەی وەک، عەرەبی، فارسی، ئوردوو، هیندی، ژاپۆنی، کۆریایی، عیبری، ئەرمەنی، هیندی، تیگرینی، ئەمهاری، گورۆزینی، بەنگالی و...دەیانی دیکەش، بە ئەلفبێی لاتینی نانووسرێن، کە ئەمانەش لەگەڵ چینییەکاندا دەگەنە سێ - چوار ملیار و پتر. هەرچەندە کەم و زۆری خەڵکانێک، کە کام ئەلفبێ بەکار دەبەن، چ گرنگییەکی نییە.

5. ئەلفبێی لاتینی کارێکی وای کردووەتە سەر زاراوەکانی زمانی کوردی، کە پتر لەیەکی دوورخستوونەوە. ئەوڕۆ ئەگەر لە ڕووی زمانەوانیشەوە یەک زمانی کوردی هەبێت، لە واقیع و پراکتیکدا یەک زمانی کوردیی یەکگرتوو و ستاندارد، کە هەموو کوردی هەموو کوردستان پێی بخوێننەوە و بنووسن و بپەیڤن، نییە، بەڵکە زۆر ئاشکرایە، زمانی کوردی، ئێستا بە چەند ئەلفبێ و زاراوە دەنووسرێت. کرمانجی سەروو/(تیپی لاتینی، تیپی عەرەبی، تیپی کریلیک)، دملی(زازاکی)/ تیپی لاتینی، کرمانجی خواروو/ تیپی عەرەبی. بە دەگمەن هەڵدەکەوێت کوردێک، هەردوو زاراوەی (کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو)، بە ڕێکوپێکی و بە تەواوی بزانێت، ئەگەر بڵێم هەر نییە، ڕەنگە درۆ نەبێت. بۆ کوردێک، کە بە کرمانجی خواروو و تیپی عەرەبی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی ژووروو بەو تیپە لاتینییەی، هێندەی فێربوونی زمانێکی بیانی سەختە. بۆ کوردێکیش، کە بە کرمانجی ژووروو

و تیپی لاتینی دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، فێربوونی کرمانجی خواروو و بە تیپی عەرەبی، هەمان سەختیی هەیە. خۆ ئەگەر باس لە دملی (زازایی) و ئەلفبێی کوردیی سۆڤیێت بکەین، ئەوا مەسەلەکە یەکجار ئاڵۆز و سەخت و دژوار دەبێت. بۆ یەکێکی نەک هەر ناکورد، بەڵکە بۆ کوردیش، فێربوونی ئەو هەموو کوردییانە، وەک فێربوونی سێ چوار زمانی بیانی وایە. ئەگەر خۆمان نەخاپێنین و بە چاوی واقیع بنۆڕینە مەسەلەکە، پێموایە جیاوازیی نێوان نۆرویژی و سویدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێک کەمترە لە جیاوازیی نێوان زاراوەی هەولێر و سلێمانی و جیاوازیی نێوان دانمارکی و سویدی، کە دوو زمانی سەربەخۆن، گەلێک لە جیاوازیی نێوان کرمانجی ژووروو و کوردیی فەیلی کەمترە. پێموایە ئەگەر هەموو کورد، هەر بە ئەلفبێ کوردییەکەی خۆیان(تیپی عەرەبی) قایل بووایەین و قایل ببن و بەو زاراوەی کرمانجی خواروەوە، کە لە سەردەمی میرنشینی بابان و نالی شاعیر و 1922ەوە، کە بووە زمانی فێرکردن لە باشووری کوردستاندا، تا ڕادەیەک بووەتە زمانی ئەدەبیی یەکگرتووی کوردی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و زۆر لە مێژە جێی خۆی کردووەتەوە و چەسپاوە و بووەتە زمانی خوێندن و کارگێڕی و میدیا، بیاننووسیبا و بیریان لە یەکیەتیی زمانی کوردی بکردبایەوە، کارەکە وای بەسەر نەدەهات و جیاوازیی نێوان زاراوەکانیش هێندە مەزن و زەق نەدەبوو. ئەو زاراوە بەو ئەلفبێیەیەوە، کە ئەوڕۆ بووەتە زمانی ستاندارد لە دوو بەشی کوردستاندا، ئەگەر بکرێ بە زمانی ستانداردی هەموو کوردستان، ئەودەم ئیدی چ گیروگرفتێک نامێنێت و چۆن هەرچی عەرەبی جیهان هەن، بە جیاوازی ئەو هەموو زاراوانەیانەوە، کە هەیانە و جیاوازی هەندێکیان دەگاتە ڕادەی لێکتێنەگەیشتن، لە دەوری یەک زمانی ستاندارد خڕبوونەوە، کە بنەمای تەواوی فەرهەنگ و

شارستانییەت و مێژووییانە و لە بنەڕەتیشدا زاراوەیەکی بچووکی هۆزێکی عەرەبە، کە "قورەیش"ە و دواتریش، بووەتە زمانی قورئان و ئیدی بووەتە زمانی هەموو عەرەب و زمانی ئایینی ئیسلامیش. کە زمانە کوردییەکەیش وای لێهات و بوو بە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی، ئەودەمی چ کێشەیەک نە بۆ کورد و نە بۆ ناکوردیش وەپێش نایەت.

6. ئەلفبێی لاتینی هەستێکی وای لای زۆر کورد، بە تایبەت ئەوانەی بە کرمانجی ژووروو دەنووسن، ئافراندووە، کە زێتر خۆ بە کرمانج، نەک کورد بزانن، یا بە دەربڕینێکی دی تەنێ کرمانجی ژووروو، نەک زاراوەکانی دیکە، بە زمانی کوردی بزانن. دروستبوونی ئەو هەستە و گەلاڵە و تەشەنەکردنی، لەو باس و نووسین و بانگەواز و داخوازییانەوە هەڵدەقوڵێت و سەرهەڵدەدات، کە ساڵانێکی زۆر و دوورودرێژە، کەسانێکی زۆر هەوڵی بۆ دەدەن و بانگی بۆ دەدەن. جەلادەت بەدرخان و سادیق بەهائوددین ئامێدی، لە سەرووی ئەو کەسانەوەن، هەردەم لەوە دواون، کە تیپی لاتینی پڕبەپێستی دیالێکتی کرمانجی ژوورووە. زۆری دیکەیش هەمان بیروڕایان هەیە و ئەوڕۆکە لە ئەورووپایش لەو دەنگانە زۆرن و زۆر خەڵکیش بە مەبەست و لە زانینەوە، کار بۆ ئەوماڵجیایی و لێکدابڕانە دەکەن. لە ئەورووپا و شوێنگەلی دیکەیش زۆر گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی بڵاودەبنەوە، کە بە دوو سێ زاراوە و دوو ئەلفبێ دەردەچن. تەلەڤزیۆن و میدیاکانی کوردستان و شوێنانی دیکە، هەردەم بە چەند دیالێکتێکی کوردی پەخش دەکەن. بێجگە لەوانەش دەیان کتێب ئەوڕۆکە لەم زاراوەوە وەردەگێڕدرێتە سەر ئەو زاراوەی دی، نەک هەر ئەلفبێیەکەی دەگۆڕدرێت، بەڵکە زمانەکەیشی، ڕێک وەک ئەوەی، ڕووسی بکرێتە عەرەبی یا سپانیۆلی بکرێتە فارسی و...ئەز بۆ خۆم هەرگیز ئەو دیاردەیە بە نیشانەی لەشساغی دانانێم و هەرگیز لەگەڵیدا نیم و ئەوەش بێجگە لەوەی، کە سەختیی جیاوازیی دیالێکتە

کوردییەکان دەسەلمێنێت، دیاردەیەکی شووم و پڕ لە نەگبەتییشە، کە پتر بە زانینەوە و بۆ خۆمان مەسەلەکە سەختتر دەکەینەوە و کۆمەک بە لێکدابڕان دەکەین.

7. ئەلفبێی لاتینی، کارێکی وای کردووە، کە نووسەرێکی کورد، یا شاعیرێکی کورد، تەنێ دەنگی بە نیوەی، بڕێک زیاتر یا کەمتر، خوێندووی کورد بگات. ئەمەش ڕەوشێکی وای دروست کردووە، کە نووسەر و شاعیرانی کورد، تەنێ لە لایەن خەڵکانێکەوە بخوێنرێنەوە، کە بەو ئەلفبێیەی ئەوان پێی دەنووسن، دەخوێننەوە و ئەوانەی ئەلفبێیەکەی دیکە بەکار دەبەن، نایانخوێننەوە و تەنێ لە نێو جیۆگرافیای ئەلفبێیەکەی خۆیشیدا دەناسرێتەوە. نووسەرێکی کورد، کە بە تیپی لاتینی دەنووسێت، تەنێ خەڵکانێک دەیخوێننەوە، کە بە تیپی لاتینی دەخوێننەوە. دیارە ئەو نووسەرەیش، بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) دەنووسێت، ڕەوشی لە ڕەوشی نووسەری یەکەم باشتر نییە. هەر یەکێک لەو نووسەرانەش ئەگەر باس لە ئەدەبیاتی کوردی بکەن، بە تایبەت ئەدەبیاتی ئەمڕۆ(تازە)ی کورد، هەر باس لە ئەدەبییاتێکی کوردی دەکەن، کە بەو ئەلفبێیەی خۆیان نووسراوە و دەنووسرێت. بە دەگمەن هەن ئەوانەی، کە چوونیەک و بێجیاوازی و لێزانانە، لەگەڵ هەردوو یا هەرسێ ئەلفبێدا مامەڵە بکەن. لە چل(40) میلیۆن کورد، ڕەنگە لە باشترین حاڵدا 30%ی، کە دەکاتە دوازدە(12)میلیۆن، خوێندەوار هەبێت. لەو دوازدە میلیۆنە 1%ی ئەگەر نووسین و خوێندنەوەی هەردوو ئەلفبێیە سەرەکییەکان، عەرەبی و لاتینی بزانێت، ئەوا دەکاتە 120هەزار کەس. من، لە باشترین حاڵدا، لەو بڕوایەدام، نەک 120هەزار کەس، بەڵکە 1200 کەس، کە دەکاتە 0،01%ی سەرجەمی خوێندووی کورد و 0،003%ی سەرجەمی کورد، نییە، بتوانن ئەو دوو ئەلفبێیە وەک یەک بەکار ببەن و ئاگاداری هەموو شتێکی سەر بە ئەلفبێیەکەی دیکەیش بن.

ئەگەریش هەبن، دەبێ سوپاسگوزار بین. ئەگەر نووسەر یا شاعیر یا باسکارێکی عەرەب یا فارس یا تورک، تەواوی خەڵکانی سەر بەو گەل و نەتەوانە بیانخوێننەوە و بیانناسن، ئەوا لای کورد ئەو ڕەوشە نییە. دەکرێ نووسەرێکی عەرەب، ناوی "نووسەری هەموو عەرەب"ی لێ بنرێت، وەلێ نووسەرێکی کورد، لەبەر ڕەوشی زمان و ئەلفبێیەکەی، هەرگیز نابێتە "نووسەری هەموو کورد"، بەڵکە لە باشترین حاڵدا "نووسەری نیوەی کورد" یا "نووسەری سێیەکی کورد"ە و بەوەش، دەبێتە "نیوەنووسەر" یا "نووسەرۆکە" یا "مینی نووسەر" یا شتێکی دیکە. هەرچی ڕەوشی سترانبێژ و شانۆکار و سینەماکار و مووزیکژەنە، تا ڕادەیەک حاڵیان لە حاڵی نووسەران باشترە، چونکە ئەوان هێندە ئەلفبێ و نووسین بەکار ناهێنن.

هاوینی 1984، لە "خوێندنگەی بەرزی گەلیی بیسکۆپس ئارنوێ - Biskops Arnö Folkhögskola" لە "بیسکۆپس ئارنوێ Biskops Arnö " لە سوێد، خول(کۆرس)ێکی یەک حەفتەیی کرابووە، بۆ باسکردن لە بارەی زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردییەوە. نێزیکەی سی چل کوردێک، بەشدارییان تێدا کرد و منیش یەکێک بووم لەوان. فەرهاد شاکەلی و ڕەشۆ زیلان، سەرپەرشتکارانی خولەکە بوون. یەکێک لە چالاکییەکانی کۆرسەکە ئەوە بوو، بانگهێشتنی هەندەک خەڵکی شارەزا و لێزان لە بواری ئەدەب و زمان و مێژووی کورددا بکرێت، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و باسی ئەزموونی خۆیان، پێشکەش بکەن. یەکێک لەو کەسانەی بانگهێشت کرا، سەیدا"جگەرخوین"ی شاعیر بوو. فەرهاد شاکەلی، شاعیری میوانی پێشکەش کرد و پاشان "جگەرخوین" باسی ژیانی خۆی و شیعرەکانی خۆی کرد و ماوەیەک قسەی کرد. پاشان گوتیان کێ پرسیاری هەیە با بفەرمووێت. لەبەر ئەوەی "جگەرخوین" پیر بوو و گوێی گران بوو، دەبوو ئەوەی، پرسیار دەکات بچێتە تەنیشتییەوە

دانیشێت. برادەرێکی کەرکووکی پرسیاری هەبوو، هەڵسا و چووە کنی دانیشت و گوتی: مامۆستا ڕەئیت چییە بە لەتیف هەڵمەت و شیعرەکانی؟ منیش قاقایەکی پێکەنین گرتمی و یەکسەر خۆم پێ نەگیرا و هۆڵەکەم بەجێهێشت. دوای چارەکە سەعاتێک، کە باسەکە تەواو بوو و هەموو هاتنە دەرێ، هەندێک لەو برادەرانە لە منیان پرسی، کە بۆ وام کرد!. گوتم: برا "جگەرخوین" نەک لەتیف هەڵمەت، بەڵکە "گۆران"ی شاعیریش بەو مەزنییەی خۆیەوە ناناسێت!

ئێستا من لە تۆ دەپرسم، سەرباری ئەو هەموو گرفتانە، گرفت و کێشەی دیکە ماون، مەبەستم لە ڕووی فەرهەنگییەوە، تووش و ڕووبەڕووی ئەو بەشانەی کوردستان، کە تیپی لاتینی بەکار دەهێنن، بنەوە!!!

***ڕەوشت موحەممەد: فەرهاد شاکەلی، لە دیدارێکیدا دەربارەی تیپی لاتینی دەڵێت: (ناکوردیو نازانستی)یە. دەکرێ ناکوردی بێت، چونکە لەگەڵ دەنگەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێ، بەڵام چۆن نازاستییە لە کاتێکدا بەشێکی زۆری زمانە زیندووە جیهانییەکان بەکاری دەهێنن؟***

ئەمجەد شاکەلی: تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی، ناکوردین، چونکە تەواوی ئەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا هەن، دەرنابڕن و هەموو دەنگێک تیپی خۆی نییە. بۆ نموونە"ح، ڕ، ع، غ، ڵ"، ئەمانە هیچ تیپێک نییە، هەر یەکێک لەو دەنگانە دەربڕێت، کەوابوو دەکرێ بخرێتە خانەی نازانستیشەوە، دیارە ئەمەیان بۆ زمانی کوردی، چونکە لە بناخەدا لە سەر بنگە و بنەمایەکی زانستی، واتە: لەبەرچاوگرتنی تەواوی پێویستییەکانی زمانی کوردی(بە هەموو زاراوەکانییەوە) و تەواوی دەنگەکانی زمانی کوردی و پێوەندی زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی دیکەی ئێرانیدا و خوێندنەوەی باری جیۆگرافیایی و ژینگە و  و دیرۆک

و هەلومەرجەکانی دیکەی زمانی کوردی و پێوەندی زمانی کوردی بە ئایینی ئیسلام و زمانی عەرەبییەوە(وەک زمانی ئایینی ئیسلام نەک لە ڕووی بنەچە و ڕەگی زمانەوە)، دانەنراوە و هیچ یەکێک لەوانە ڕەچاو نەکراوە. بێجگە لەوانەش ئەو لاتینییەی جەلادەت بەدرخان، کە ئێستاکە بووەتە بناخەی لاتینییاندنی زمانی کوردی، لاساییکردنەوەیەکی لاتینییە تورکییەکەی 'مستەفا کەمال'ە و هیچی دی. زمان، کە بنگەی پێکهاتنی نەتەوە، کلیلی فەرهەنگی نەتەوە، کەرەستەی هەست و ئاوەز و هۆش و بیرکردنەوەی نەتەوە، بناخەی یەکیەتی نەتەوە، ناسنامەی نەتەوە و پردی پێوەندی نەتەوە بە جیهان و نەتەوەکانی دیکەوە پێکدەهێنێت، هەروا بە بڕیارێکی سەرپێی ئەلفبێیەکەی، کە گرنگترین کەرەستەی زمانەکەیە، ناگۆڕدرێ. زمان نیشتمانە و ناشێ بگۆردرێ و ناشێ دەسکاری بکرێت. ڕەنگە چێکردنی ئەلفبێیەک بۆ نووسینی زمانێک، کە پێشتر ئەلفبێی نەبوویێت و تەنێ زمانی ئاخافتن بوویێت، کارێکی فرەهاسان بێت و چ دژوارییەک ساز نەکات، وەک ئەوەی سۆمال. کاتێک، کە موحەممەد سیاد بەڕی، کە لە 1969-1991 سەرۆک کۆماری سۆمال بوو و بە کوودێتایەک هاتە سەر کار، لە 1970دا، ئەلفبێی لاتینی کردە ئەلفبێی زمانی سۆمالی، کە پێشتر ئەو زمانە چ ئەلفبێیەکی نەبوو و تەنێ زمانی زارەکی بوو. هەرچەندە ئەو کارەی "سیاد بەڕی"یش، تەنێ بۆ دوورخستنەوەی سۆمال بوو، لە ژینگە "ئیسلامی – ئەفریقی – عەرەبی"یەکەی، لێ لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو لاتینییەی سۆمال، یەک حەمکە زانستیتر بوو، لە لاتینییەکەی جەلادەت بەدرخان و ئەوانەیشی چاو لەو دەکەن. ئەوەیان بۆ کورد، دەنا لاتینی بۆ زمانگەلێکی ئەورووپایی، کە بنچینەی فەرهەنگ و زمان و هەموو شتێکیان بەو تیپانەوە گرێدراوە و هەرچییان هەیە بەو تیپانە نووسراوەتەوە، بۆ

دەبی نازانستی بێت، مەبەستم بۆ ئەورپاییان. ئەو پرسیارە لە فەرهاد شاکەلی بۆ خۆی بکەیت، ڕەنگە وەرامی زیاتر و باشترت بداتەوە.

***ڕەوشت موحەممەد: بەشێک لە ڕووناکبیرانی کورد بە قەناعەت و دڵنیاییەوە لەگەڵ بەکارهێنانی تیپی لاتینیدان، تەنانەت لە ئەمڕۆشدا، هەشە پێیوایە ئەم کارە بۆ ئێستای کورد نەگونجاوە، دەکرێت بیر لەو کارە بکرێتەوە وەختێک کورد چارەنووسی کەوتە دەست خۆی و دەوڵەتی هەبوو، بەڕای تۆ ئەمڕۆ یاخود هەر زرووفێکی تر زمانی کوردی پێویستی بە چارەسەرێکی وا هەیە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەوەی هەوای لاتینی لە کەللەی داوە، لاتینییاندنی زمانی کوردی بە چارەسەری هەموو دەردەکانی کورد دەزانێت. ئەوانە، هەر بە پێخاوسی تێیکەوتوون، بەشێکی زۆریان نەک هەر ڕووناکبیر و خوێندوو نین، بەڵکە هیچ جۆرە ئاگاییەکیان لە بارەی زمانەوە نییە و هی وایشیان تێدایە، زمانی کوردی هەر نازانێت. هاوڕێم "تاهیر هەورامی"، کە ماوەیەک لە "خوێندنگەی بەرزی گەلیی- Folkhögskolan" لە "بیسکۆپس ئارنوێ - Biskops Arnö " لە سوێد دەیخوێند، جارێکی گێڕایەوە، کە کۆمەڵێک لەو "زمانەوان و زماناسانە"ی، کە هەریەکەو لە وەڵاتێکی ئەوروپاییەوە دەهاتن و زووزوو لەوێ خڕدەبوونەوە و لە ژێر ناوی"کورمانجی"دا، لە بارەی زمانەوە دەدوان، لەوێ دیوە و لە یەکێکیانی پرسیوە، ئەمانە چۆن زمانزانن و لەبارەی زمانەوە چییان کردووە، وەک نموونەش دەست بۆ یەکێک ڕادەکێشێت و دەڵێ ئا ئەوە! کابرایش دەڵێ، ئەوە شوان بووە لە کوردستان، کرمانجی باش دەزانێت. پرسیاری یەکێکی دیکە دەکات، کابرا دەڵێ، ئەوە لە ئیتالیا چێشتخانەی هەیە، کرمانجییەکی باش دەزانێت! ئەو"فیلۆلۆگ" و

"لینگویست"انە، کێشەکانی زمانی کوردی لێکبدەنەوە و داهاتووی زمانی کوردی دیاری بکەن، دەبێ زمانی کوردی چی بەسەر بێت!

بەشێکی زۆری ئەمانە بە چاوی سیاسەت و بە مێشکێکی تورکی و کەمالیستانە و سەرسامییەکی تا ڕادەی مەستبوون بە ئەورووپا و جیهانگەرییەوە و ڕقبوونەیەک لە ئیسلام و هەموو پێوەندێک بە ئیسلامەوە، هاواری لاتینییاندنی زمانی کوردی دەکەن. ئەمانە، زۆرجاران ئەم بیانووانە دەهێننەوە بۆ سەرخستنی پرۆژە و بیری لاتینییاندنی زمانی کوردی:

1. جوانی و ئاسان و ڕەواننووسین، کە گوایە لە بەر ئەوەی کوردی زمانێکە لە زمانە ئارییاییەکان، ئیدی بە لاتینی نەبێت جوان و ئاسان وڕەوان پێی نانوسرێت.

2. ئابووری و کات، کە گوایە ئەم جۆرە نووسینە بە "ئەلفبێی عەرەبی" لەڕووی ئابووری، کات و ئەرکەوە، زۆر لە سەر کورد دەکەوێت.

3. ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)، تەنێ بۆ دیالێکتی سلێمانی و سۆرانی دەستدەدات و لاتینییەکە بۆ کرمانجی سەروو چاکترە و کرمانجی ئەگەر بە لاتینی نەنووسرێت، هەرگیز بە باشی پێی نانووسرێت.

4. زانین لە نێو میللەتی کورددا بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) ناچێتە سەر.

5. بیانییان بەم تیپانەی ئێستای زمانی کوردییەوە(تیپی عەرەبی)، ناتوانن فێری کوردی بین.

6. تیپی لاتینی خێراتر کورد پێش دەخات و دەیباتە ڕیزی گەلان و وەڵاتانی پێشکەوتووەوە.

بۆ بەرسڤدانەوەی ئەو بیانووانە دەتوانم بێژم:

ئەگەر زمانی کوردی یەکێک بێت لە زمانە ئارياييەکان و لە نێو هەرەپێشکەوتووەکانی ئەوانیشدا بێت، وەک هەندێک کەس پێیانوایە، چی داوە لەوەی بە چ تیپێک بنووسرێت، جوان و ئاسان و دروست و ڕەوانە! خۆ زمانی فارسییش لە زمانە هەرەپێشکەوتووەکانی ئارییە و بە تیپی غەیرەلاتینیش دەنووسرێت، کەچێ زۆر جوان و دروست و ئاسان و ڕەوانیشە. بە بەراوردیش ڕێنووسی کوردی گەلێک لە ڕێنووسی فارسی پێشکەوتووترە، بە تایبەت لە ڕووی چارەسەرکردنی بزوێن(ڤاوڵ) و لابردنی هەندێک کۆنسونانت، کە تایبەتن بە زمانی عەرەبییەوە و هێشتا لە فارسیدا ماون. فارسان هەرگیز گلەیی لە بەختی خۆیان ناکەن و قایلن بەو ڕێنووسەی خۆیان و هەر بەو ڕێنووسەش، هەزاران شاکاریان لە بوارەکانی هزر و فیلۆسۆفی و مێژوو و هەموو جۆرە زانستێکدا نووسیوە و دەنووسن و هەرگیز پێشموانییە، مەگەر خودا سەری لێ شێواندنبن، بەتەمای گۆڕینی ئەلفبێیەکەیان بن!

من هەرگیز ناتوانم لەوە تێبگەم، کە بۆ ئەم جۆرە ئەلفبێیە لە ڕووی کات و ئابووری و  ئەرکەوە زۆر لە سەر کورد دەکەوێت. دەبێ ئەو لەسەرکەوتنە چ پێوەندێکی بە شێوەی تیپەوە هەبێت! خۆ ئەو تیپانەی کورد پێیان دەنووسێت"تیپی عەرەبی"، لە تیپی چینی، ژاپۆنی، ئەرمەنی ، تیگرینی، ئەمهاری، ئاشووری و عیبری، سەختتر نین. ئێستا تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتن و چاپ و چاپەمەنی و کۆمپیووتەراندنی هەموو بوارەکانی ژیان، بە تایبەت جیهانی چاپ و پەخشکردنەوەی نووسین بە هەموو جۆرەکانییەوە و میدیای بینراو، هەموو جیهانی گرتووەتەوە و کوردیش لێی بێبەش نەبووە و نابێت.

لەوەتی نووسین بە کوردی هاتووەتە گۆڕێ، کورد بە هەموو زاراوەکانییەوە، بێ جیاوازی، بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی)ی نووسیوە و چ گرفت و کێشەیەکی لەگەڵدا نەبووە. تەواوی ئەدەبیاتی

کرمانجی سەروو و خواروو و هەورامی و لوڕی(باباتاهیر، جزیری، خانی، نـالی، مەولـەوی، مـەحوی و... ) هــەموو بــەو ئەلفبێیــە نووســراون تــا ئەتاتورک نەهاتبووە سەرکار و ئـەلفبێی تـورکی نـەلاتینرابوو و "جـەلادەت بەدرخان"یش کوێرەڕێی شوێنپێی تورکانی نەگرتەبەر و ئـەلفبێی کـوردی نەلاتیناند، ئەم پەتای تیپی لاتینییە، نەکەوتبووە نێو کـوردەوە و کـوردیش وەک عەرەب و فارس و هەموو ئـەوانی دیکـەی ئـەلفبێی عـەرەبی بـەکار دەبـەن، بـە ڕەوشـی خـۆی قایـل بـوو. بانگـەوازی ئـەوەی هـەر زاراوە و ئەلفبێیـەکی خـۆی هـەبێت، بێجگـە لـە کوتکـوتکردنی زمـانی کـوردی و جوێکردنــەوە زێتــر هیچــی دیکــە نییــە، وەک ئێســتا بــە چــاوی خۆمــان دەیبینین.

ئەگەر خەڵک لە بڵاوکردنەوەی زانیاری بن و ئـەوەیان لا مەبەسـت و گرنگ بێت، ئەوا بە تیپی بزمارییش بێت، دەتوانن بڵاوی بکەنەوە. ئەگـەر بــەراوردێکی وەک یــەک و دوولایــەنی و هاوســەنگ بگرینــە بــەرچاو، پێموانییە میللەتانێک، کە بە تیپی غـەیرەلاتینی دەنووسـن، لـە میللـەتانێک، کـە بـە تیپـی لاتینـی دەنووسـن، کـەمتر زانیـاری و هـزر و فەرهـەنگ بـڵاو بکەنەوە. تۆ بنۆڕە فارس، عەرەب و... کە چەند بە بەرهـەمن و چەنـدین کتێــب لــە بــواری جوداجــودادا دەدەرێــنن. چاوێــک لــە کتێبخانــەی ئێرانی(فارسی) بکە بزانە چی تێدایە و چی تێدا نییـە! ئـەو مەسـەلەیە بـە ڕادەی خوێنـدەواری و پێشـکەوتنی هـەر میللەتێکـەوە بەنـدە و چۆنیـەتی تیپەکـە، هـیچ ڕۆڵێـک لـەو بارەیـەوە نابینێـت. ئاگـایی و هۆشیاربوونەوە و پێشکەوتن چ پێوەندێکی بە ئەلفبێ و تیپەوە نییە.

ئەگــەر بیــانووی بارهێنــان و فێرکردنــی زارۆک و خوێنــدن بێــت لــە فێرگــە و خوێندنگەکانــدا و نموونــەیش زارۆکــی کــوردی بــاکووری کوردستان بێت، کە ناتوانن کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کـوردیی باشـوور و ڕۆژهەڵات کوردستان بخوێننەوە، لەبەر ئەوەیە ئەوان بە تیپی کوردیی

باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕانەهاتوون و نایزانن و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی سنوور و سیاسەتی تورکیاوە، هەر ناگەنە ئەوان. منداڵی کوردی باکووری کوردستان، نەک هەر بڵاوکراوە و نووسینی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و بە تیپی عەرەبی نووسراو ناخوێننەوە، بەڵکە بە خوێندنەوەی کوردیی لاتینییش هەر ڕانەهاتوون، چونکە ئەوان بە کوردی ناخوێنن و زمانی خوێندنیان تەنێ تورکییە. ئەو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییانەی، کە بە تیپی لاتینی دەنووسرێن، لە ئەورووپا و دەرەوەی کوردستان دەردەچن و بە دەگمەنیش ناگەنەوە کوردستان. واتە: زارۆکی کوردی تورکیا مەگەر لە ئەورووپا، ئەویش ئەگەر زۆر بە تەنگییەوە بن، فێری زمانی کوردی ببن.

بیانی، بە تایبەت ئەورووپاییان، ئەگەر لە فێربوونی زمانێک بن، چ باکیان بەوە نییە بە چ ئەلفبێ و تیپێک دەنووسرێت. ئەوان کۆمەڵێک فاکتەری دیکە پاڵیان پێوە دەنێت بۆ فێربوونی هەر زمانێک. لەم ئەورووپایە خەڵکی وا هەبوون و هەن، زمانانی چینی، هیندی، عەرەبی، فارسی، ئاشووری، عیبری، ئەرمەنی و...دەزانن، ڕەنگە خەڵکی سەر بەو زمانانە خۆیان هێندەی ئەمان، باشی نەزانن. "هێنریک سامۆێل نوییەری- Henrik Samuel Nyberg" سوێدی، کە لە نێوان 1889-1974دا ژیاوە و پرۆفێسسۆری زمانە "سامی"یەکان بووە لە زانستگەی "ئوپسالا"ی سوێد و فیلۆلۆگ (زمانەوان)، ڕۆژهەڵاتناس و دیرۆکزانی ئایینییش بووە. هەرچی زمانانی عەرەبی، پەهلەوی(فارسی کۆن)، فارسی نوێ، ئارامی، سریانی، عیبری، ئەمهاری، ئەرمەنی، سانسکرێت و ...دەیانی دیکەی، کە بە تیپی نالاتینیش دەنووسرێن، بێجگە لە زمانانی ئەورووپایی و جیهانیی دیکە، هەمووی زانیوە. زمانی عەرەبی بە زاراوە جیاوازییەکانییەوە بە جۆرێک زانیوە، کە خەڵکی سەر بەو دیالێکتانە،

نـەیانزانیوە و هەستیان بـەوە نـەکردووە، کـە ئـەم پیاوە عـەرەب نییـە یا کەسێکی سەر بەو زاراوەی خۆیان نییە.

تۆ چاو بدە کەناڵە تەلەڤزیۆنە عەرەبییەکان، جاری وا هەیە ئەوروپایی و ئەمەریکایی و ڕووسی وا، دێنە سەر ئـەو کەناڵانـە و بـە عـەرەبی قسان دەکـەن و پرسـی سیاسـی و ئـابووری و فەرهـەنگی شـیدەکەنەوە، هـەر دەڵێی عەرەبی، زمانی دایکیانە. بیانییـان، کـە پێویسـت و نیـاز و خواستیان بـە فێربـوونی زمـانی کـوردی بـوو، کـوردی بـە تیپـی جنۆکـانیش، نـەک عەرەبی نووسرابێت، هەر فێری دەبن.

ئەوەی پێیوایە، ئەگەر زمانی کوردی بە ئەلفبێی لاتینی نووسـرا، ئیـدی کــوردیش دەچێتــە ڕیــزی گەلــە پێشــکەوتووەکانی جیهانــەوە و زمــانی کـــوردییش وەک، ئینگلیـــزی، فرانســـەیی، ئـــەڵمانی، ســـپانیۆلی و... پێشدەکەوێت، هەڵەیەکی یەکجار گەورە دەکات، چونکە شـوێن و جێگـەی سیاسـی، ئـابووری، فەرهـەنگی، ژیـاری و...هـەر گـەل و نەتەوەیـەک لـە جیهانـدا، ئـەو پێشـکەوتنە دیـاری دەکـات. ئـەو ڕاسـتییانەی، دەبنـە هـۆی پێشـکەوتنی گـەل و وەڵات و زمـان، چ پیوەنـدێکی نزیـک یـا دووریـان بـە جۆری ئەلفبێوە نییە و تیپگۆڕینیش بۆ لاتینی نابێتە هـۆی پێشخستنی گـەل و زمان. ئەگەر وا بووایە، دەبـوو زمـانی تـورکی و وەڵاتـی تورکیا، کـە وا بـۆ هەشتا ساڵ دەچێـت تیپـی لاتینـی بـەکار دەبـەن، ئێستا وەک سـوێد و ئـەڵمانیا و ئینگلسـتان و فرانسـە و ئەمـەریکا بووایـە، و ئیسـرائیل، ژاپـۆن، چـین، کۆریـا و... لـە ڕیـزی وەڵاتگـەلێکی دواکـەوتووی وەک مۆریتانیـا، جیبـــۆتی، کوردســـتان، ئەفغانســـتان و... بووایـــەن، کـــەچی ڕێـــک بـــە پێچەوانەوەیە.

مـن لـە هـیچ یـەکێک لـەو پاسـاوانەی بـۆ لاتینییانـدی ئـەلفبێی زمـانی کوردی دەهێنرێنەوە، تێناگەم و پێشموانییە کورد نە لە ئێستایدا و نـە لـە داهاتوویشـیدا، بـەوەی کـە خـودانی دەوڵـەت بێـت یـا نـە، پێویسـتی بـەوە

هـەبێت، ئـەلفبێی خـۆی بگۆڕێـت و بیکاتـە لاتینـی. ئـەلفبێ چ پێوەنـدێکی بـەوەوە هەیـە، تـۆ دەوڵـەتت هەیـە یـا نـە! مەگـەر ئێران دەوڵـەت نییـە! مەگــەر ئەفغانســتان دەوڵــەت نییــە! مەگــەر عــەرەب پتــر لــە بیســت دەوڵــەتیان نییــە! مەگــەر جوولەکــە، ئەســیووپیا، ئێریتریــا، پاکســتان، ئەرمەنستان، گورجستان، بـەنگلادیش، چین، کۆریا و... هـەموو دەوڵـەت نین! کێ لەوانە بیری لە گۆڕینی ئـەلفبێ کردووەتـەوە بـۆ لاتینی و کام لەوانە لەبەر نەبوونی تیپی لاتینی پەکی کەوتووە!

ئەوەی هەندێک کورد بە کێشە و گرفت ناوی دەبەن، واتە: ئـەلفبێی کـوردی(تیپـی عـەرەبـی) و وەدووی چارەسـەر و دەرمانـەوەن بـۆی و پێیانوایە تیپی لاتینی ئەو دەرمانەیە، بیرکردنەوەیەکی گۆج و سەقەتە و مـن بـۆ خـۆم، هـیچ نەخۆشـی و دەردێـک لـە ئـەلفبێی کوردییـدا نـابینم و ئەگـەریش کێماسـییەک، یـا وردە کـەلێنێکیش هـەبن، ئـەوە هـەر ناکاتـە ئەوەی، نە لە ئێستادا و نە لە داهاتوویشدا، کورد دەستبەرداری بێت و بیکاتە لاتینی. ئەمـە وەک ئـەوە وایـە تـۆ خانوویەکی باشـت هەیـە و تێیـدا دەژی و ڕەنگـە برێـک ڕەنگکـردن یـا چـاککردنی پەنجەرەیـەکی پێویسـت بێت و هـیچ پێویستییەکی بـە تێکدان نـەبێت ، تـۆ بێیـت و بیرووخێنیـت و بڵێی مـن لـەبری ئەمـە خانوویـەکی دیکـە دروسـت دەکـەم. هـیچ خـاوەن ئاوەزێک مێژووی چەندین سەدەی خۆی ناسڕێتەوە و خۆی ناکاتـە پەنـد، وەک ئەوەی کە بە سەر گەلی تورک و تورکیادا هاتووە.

***ڕەوشــت موحەممــەد: بــەکارهێنانی تیپــی لاتینــی لــە کەناڵــەکانی ڕاگەیاندنـەوە بەتایبـەت دوو حزبـی دەسـەڵاتدار، چ پاسـاوێکی زانسـتی هەیـە، لـە کاتێکـدا ئـەو ئەلفبێیـەی لـە ڕابـردوو و ئێستاشـدا بـە ڕەسمی بەکاردێت لە خوێندن و دیراسە و هـەموو بوارە ڕەسمییەکانی تریشدا،***

***ئەوە مانای نەبوونی سیاسەتێکی فەرهەنگی ناگەیەنێت؟ تا چەند کارێکی سەرکەوتووە ئێمە بچینە ژێر باری بڕیاری هەوڵی تاکەکەسەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: بەکارهێنانی تیپی لاتینی لە میدیای کوردستاندا و بە تایبەت لە کەناڵی تەلەڤزیۆنەکانی دەسەڵاتەوە، هیچ پاساوێکی زانستی نییە و هەڵەیەکی گەلێک مەزنیشە. ئەو تەلەڤزیۆنانە لە پێشبڕکێیەکی گەلێک خێرادان لەو بوارەدا. تۆ کەمجار بەو ئەلفبێ کوردییەی، کە لە ڕابوردوو و ئێستادا، زمانی فێرکردن و خوێندن و کارگێڕی و ڕەسمی بووە، نووسین دەبینیت. ئەو کەناڵە تەلەڤزیۆنانە لەگەڵ کەناڵە تورکییەکانی تورکیادا، لەو ڕووەوە، چ جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. ئەوە هیچ، کە دەق و ناو و سەردێڕی نووسینەکان و ناوی گۆرانی و ناوی پرۆگرام و زۆری دیکەیش، کە من ئێستاکە وەبیرم نایەنەوە، دەبینی تەنانەت وشەگەلی وەک"هەواڵ، هەواڵەکان، دەنگۆباس"، خەریکن لەبەین دەچن و وشەی نیووز"News"ی ئینگلیزی جێگەیان دەگرێتەوە و کە تۆ چاو دەدەیتە تەلەڤزیۆنەکە لەو کاتەیدا، کە نووسراوە"News "، هەر بە ئینگلیزییەکەی، وادەزانیت لە ئینگلستان، ئەمەریکا یا هەر وەڵاتێکی دیکەی ئینگلیزی زمانیت. وشەی"سپۆرت"، جێی بە وشەی "وەرزش"، لەق کردووە و کورد وا خەریکە وەرزشی لەبیر دەچێتەوە.

ئەو تەلەڤزیۆنانە و ئەوانەیشی، کە لە پشتیانەوەن و سیاسەت و شێوە و نەخشەی کارکردنیان دادەڕێژن، ئەگەر پێیانوایە ئەو کارە لەبەر کوردی باکووری کوردستان دەکەن، چونکە ئەوان ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) نازانن، ئەوە کارێکی یەکجار سەقەتە. ئەوە بیرکردنەوە و بۆچوونێکی سیاسییانەیە بۆ کێشەی زمان یا سیاسەتی زمان. ئەگەر ئەوان لە ڕووی یەکیەتی خاک و نەتەوەی کورد و بەرژەوەندی کوردەوە بیانڕوانیایەتە پرسی زمان، ئەوا هەر ئەو کوردی و ئەلفبێیەی باشووری کوردستانیان بەکار دەبرد و بەوەش کوردی باکووری کوردستان، بۆ

خوێندنەوە و لێتێگەیشتنی برێک خۆیان شەکەت دەکرد و چاو و گوێیان بەو جۆرە نووسیانە ڕادەهات. تۆ دەزانی ئەوەی ئەوان دەیکەن، تەمەڵکردنی خەڵکی لاتینینووس و خوێنەری لاتینییە و هەنگاوێکە بەرەو بەڕەسمی ناساندنی ئەو تیپانە و ڕێگەخۆشکردنێکە بۆ بەکارهێنان و بەرەبەرە جێگرتنەوەی ئەلفبێ کوردییەکەی ئێستا و چاوبڕکێیەکیشە لەگەڵ ئەوروپا و ئەمەریکا و جیهانی مەسیحیدا.

من پێموایە ئەگەر لە سیاسەتدا، دژایەتی ئایین یا ئایینی ئیسلام یا حوکمی ئاخوند و ویلایەتی فەقیە لە ئێراندا، و کۆمونیزم لە سۆڤییێتدا(جاران)، و فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر و بنەماڵە و تاکەحیزب و تاکەکەس و شۆڤینیزمی عەرەبی لە عیراقدا(سەردەمی بەعس) و لە سووریادا، و شۆڤینیزمی تورکی و کەمالیزم لە تورکیادا، سوودێک بە ئۆپۆزیسیۆنی نێو ئەو وەڵاتانە یا کورد ببەخشێت، ئەوا ئەلفبێی زمانی کوردی (تیپی عەرەبی) لە باکووری کوردستان و لە تورکیا، چەکی خۆڕزگارکردنە و دەکرا و دەکرێت سوود لەوە وەربگیردرێت و بەوەش تەنێ بەوە، خۆ لە شۆڤینیزمی تورکی و تورکی بە ئەلفبێی لاتینی نووس، و ئەرمەنستان و گورجستان و ئازەربایجانی بە کریلیکی و هی دیکە نووس، جوێ بکرێتەوە. پێشموایە ئەگەر لە تورکیا، ئەرمەنستان، گورجستان، ئازەربایجان و شوێنانی دیکە، کە ئەوڕۆ بە ئەلفبێی لاتینی و کریلیک و شتی دیکە دەنووسن، ئەلفبێ عەرەبییەکەی زمانی کوردی لە شێوەیەکی نهێنیشدا بمابایەوە و لەنێو خەڵک و مزگەوت و پەناوپێچدا وەک "کڵامە پیرۆزەکانی یارسانەکان و زمانی عیبری لە نێو جوولەکەی پەڕیوەی هەموو دونیادا و هەموو جۆرە نهێنییەکی خۆش"، ئەوا تا ئێستاش دەما و لەبەر ئەوەی، کە قەدەغەیش بوو، خەڵک پتر لێی نێزیک دەبوونەوە و فێری دەبوون و وەک چەکی خۆجوێکردنەوەیش، لە ئەلفبێ و فەرهەنگی سەردەست و دەسەڵاتدار بەکار دەبرا.

هـەرچی سیاسـەتی فەرهەنگییـە و ئـەوەی پێـی دەگـوتری سیاسـەتی فەرهـەنگی، ئـەمڕۆ لـە کوردسـتاندا نییـە. سیاسـەتی فەرهـەنگی بـە واتـای گرنگییـدان بـە فەرهـەنگ و دەوڵەمەنـدکردنی و پاراسـتن و پێشخسـتنی گشـت ژینگـە فەرهەنگییـەکان. کـە دەکاتـە هـەرچی کـاری فەرهـەنگی و زمانەوانی و میدیا و چاپ و پەخش و ئەوانەیە، بە گـوێرەی نەخشـەیەکی تۆکمـە و ورد و فرەلایەنـە، لـە لایـەن پسـپۆر و شـارەزایانی ئـەو بـوارەوە دابنرێـت، بـە لەبـەرچاوگرتنی مێـژووی نەتـەوە و هـەموو ڕەهەنـدە فەرهـەنگی و بەرژەوەنـدە نەتـەوەیی و نیشـتمانییەکان و بـە پشـتگریی دەسەڵاتێکی سیاسی دڵسۆز و لێوەشاوە، بخرێتە گەڕ و پێڕۆ بکرێت و بە پێـی ئـەو نەخشـەیە هـەموو کارەکـان ئـەنجام بـدرێن، ئـەمڕۆ ئـەوە لـە کوردستان نییە و نابینرێت و هەستی پێ ناکرێت. پاشاگەردانییەکی زۆر ئاشـکرا لـەو بـوارەدا وەدی دەکرێـت و هـەر کەسـێک لـەو بـوارەدا کـار دەکـات، ئیـدی پێیوایـە بـۆ خـۆی هەوسارەبەدەستی فەرهـەنگ و زمـانی کـوردی و میرفەرهـەنگ و میرزمانـە و چـۆنی بـۆ بلـوێ وەهـای داژوا. دیـارە ئـەوەش هـەرگیز ئـەنجامێکی باشـی نابێـت و لـە وەهـا بوارێکیشـدا کاری تاکەکەسی هەرگیز لـە کـاری فرەیـی و هـەرەوەزی سـەرکەوتووتر نابێت. لە کوردستان سەرباری وەزارەتی فەرهەنگ، بە سەدان لق و چل و پۆیەوە، هێندەی دەسگا، ڕێکخراو، کۆمەڵە، یانە، یەکیەتیی، گرۆ، دەستە و مەکتەبی کاوێژکار"ڕاوێژکار" و بنکەی فەرهەنگیی لێیـە، کـە لـە ژمـارەی نانەواخانــە و دەرمانخانــە و چــالاوی ئاوخواردنــەوەکان پتــرن. ئــەو دەسگایانەش هێندە ڕۆژنامـە، حەفتەنامـە، مانگنامـە، وەرزنامـە، بڵاوکـراوە، پەخشـخانە، ڕادیـۆ و تەلـەڤزیۆنیان لەبەردەسـتە، کـە نایەنـە ژمـاردن. تەواوی ئەوانە مەیدانی پێشبڕکێی پارەخواردن و بە فێڕۆدانی پارەن، کە خــەڵکی کوردســتان چ پێویســتییەکیان پێیــان نییــە، چونکــە ئەگــەر 1% خزمـەت بـە خـەڵک بکـەن، ئـەوا 99% خزمـەت بـە دەسـەڵات دەکـەن و

بانگەشــە و پرۆپاگەنــدە بــۆ دەســەڵات دەکــەن و مێشــکی مرۆڤــی کوردستانی بۆ دەسەڵات سڕ دەکەن، جا توو خوا ئەوە بوو بە سیاسەتی فەرهەنگی! وەها سیاسەتێکی فەرهەنگی نەبوونی گەلێک قازانجترە لە بوونی بۆ خەڵکی کوردستان.

نەک هەر سیاسەتی فەرهەنگی، بەڵکە سیاسەتی خوێندنیش نییە. فێربوون و بارهێنان و خوێندن، کە دەسپێکی چوونەنێو زەریا و جیهانی زمانە و گرنگترین قۆناخی ژیانە بۆ زارۆکان، کە لەوێوە یەکەم هەنگاو دەنێن بەرەو جیهانی خوێندەواری و فەرهەنگ. زارۆک لەوێوە بنگەی زمانی دادەڕێژێ و لەوێوە خۆشەویستی زمان و فەرهەنگی لا دروست دەبێت و لەوێوە نیشتمانی خۆی دەناسێت. تۆ بنۆڕە سیاسەتی فێرکردن و بارهێنان و خوێندن لە کوردستان، کە ئێستا لە چ قەیرانێکدایە! ئێستا دوای نێزیکەی سەد ساڵێک لە خوێندنی زمانی کوردی لەو وەڵاتەدا، وا خەریکە تارمایی مەترسییەکی گەورەی هەڵوەشانەوە و داڕووخانی سیستمی خوێندنی زمانی کوردی دێتە ئاراوە و هەرچی ڕێسە دەیکاتەوە خوری و هەموو ئەوەی کراوە دایدەتەپێنێت. دەڤەری بادینان وا خەریکی بڕیاردانی ڕەتکردنەوەی ئەو زمانە کوردییەیە، کە زۆر لەمێژە هەم زمانی خوێندن و هەم زمانی ڕەسمیی خەڵکی کوردستان بووە. ئەگەر ئەوە سەربگرێت و دەسەڵاتی کوردستان چارەسەری نەکات، سبەینێ چوار هەنگاوی گەلێک زیانبەخش و خەتەرناکی بەدوودا دێن و پاش ئەمە بە ماوەیەکی کەم:

1. ئەلفبێی زمانی کوردی لەو دەڤەرە دەلاتینییێنرێت.

2. خەڵکانی سەر بە زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی(هەورامی، لوڕی و...) و تەواوی بنزاراوەکانی (ماچۆ"زەنگەنە، کاکەیی، جموور، ڕۆژبەیانی"، زەنگابادی، باڵەکایەتی، خۆشناوەتی، شێخبزەینی، کەڵهوڕ،

لەک، جاف و...)، هەر هەموو ڕێگەی بادینان دەگرنەبەر و ئەوانیش داوای خوێندن بە زاراوەکانی خۆیان دەکەن.

3. مامەڵە لەگەڵ زاراوەکاندا وەک زمانی سەربەخۆ دەکرێت و هەر زاراوەیەک بەرەبەرە دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ.

4. ئەودەمە ئیدی بوونی کورد وەک یەک نەتەوە لێکدەترازێ و لە یەک نەتەوەوە دەبێتە چەندین نەتەوە.

لە کوردستان نە سیاسەتی فەرهەنگی و نە سیاسەتی خوێندن و نە سیاسەتی ئابووری و نە سیاسەتی کشتوکاڵ و نە سیاسەتی ئەلەکتریک و ئاو و سووتەمەنی و ترافیک و نە هیچ سیاسەتێکی دیکە، تەنانەت سیاسەتی سیاسەتیش، نییە. سیاسەتکار و دەسەڵات چ خەمێکی جیددی و هەنووکەیی بۆ مەترسییەکان ناخۆن. زۆرجاران هێندەی خەڵکێکی دیکەی ناکورد لەخەمی کورددان، دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆی هێندەی خەم نییە. بنۆڕە دۆستێکی دێرین و خەمخۆری کورد، کە هەردەم لە کورد باشتر ڕەوشی کورد دەخوێنێتەوە، چۆن ئەو خەمەی هەڵگرتووە. تۆ بنۆڕە زانای مەزنی تورک"ئیسماعیل بێشکچی"، کە چۆن ڕەوشی زمانی کوردی پێ دژوارە و چۆن چارەسەرکردنی بە کارێکی هەنووکەیی دەزانێت. بێشکچی دەڵێت:"بەکارهێنانی زمانی کوردی و بنیادنان و گەشەپێدانی زمانێکی هاوبەشی نووسین لە نێو کورددا مەبەست و ئەرکێکی سیاسییان تێدایە. ئەو ئەرکە سیاسییە ئەمەیە: کوردستان وەڵاتێکی دابەشکراو و پارچەپارچەیە. حاڵی نەتەوەی کوردیش هەروایە. سیاسەتی کۆڵۆنیالیستانەی(پەرتکە و زاڵبە) خاسەتێکی هەڵوردەی هەیە، کە نابێ لە بیرمان بچێتەوە و چاوپۆشی لێ بکەین. ئەم سیاسەتە دەتوانێ لە هەر کات و شوێنێکدا بچێتە بەرگێکی ترەوە و دەربکەوێتەوە. کۆمەڵی کوردەواری زۆر بە قووڵی دابەشکراوە. کورد لە تورکیا و ئەوروپا تیپی لاتینی و لە عیراق و سووریا و ئێران تیپی عەرەبی و لە سۆڤیەت

تیپی کلیریک بەکار دەهێنن، بەم پێیە بەکارهێنانی ئەم تیپە جیاوازانە، بووەتە هۆی ئەوەی باش لەیەکتر تێنەگەن. جا بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە لەکار بخەین، دەبێ تێبکۆشین زمانێکی کوردی هاوبەش، لە ڕووی نووسینەوە بنیاد بنێین. ئەم مەسەلەیە خەباتێکی گورج و گۆڵانەی درێژخایەنی پێ دەوێ. بۆیە چاوەڕوانکردنی دامەزراندنی دەوڵەت و دواخستنی ئەم ئەرکە بۆ ئەو کاتە هەڵەیەکی گەورەیە. ئەو هەڵوێستەی کە بایەخی پێویست بە زمان و فەرهەنگ دەدات، ڕێ بۆ کاروانی بنیاتنانی دەوڵەت خۆش دەکات و نێزیکی دەخاتەوە".

لەودەچێت نەک هەر سیاسەتکارانی کورد، بەڵکە خەڵکی ڕووناکبیر و فەرهەنگی و خوێندووی کوردیش، هەندێکیان نەبێت، بەتەنگ زمانی کوردییەوە نەبن و پەرۆشی کێشەکانی نەبن و بڕێکیشیان هەر ئاگایان لەو کێشانە نەبێت. ئەوەی داوای لاتینییاندنی زمانی کوردی دەکات، هەرگیز بیری بۆ ئەنجامە خراپەکانی ئەو کارە ناچێت و هەر بۆیەش میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەکاتە سەکۆ و بڵندگۆی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی تیپی لاتینی. ئەوانە داهاتووی زمانی کوردی لە پۆشاکێکی لاتینییدا دەبیننەوە، کە بەلای ئەوانەوە ئەوە هەموو شتێکە. کورد نابێ دەستەودامان دانیشێت و چاوەڕێی داهاتوو بکات، داخوا زمانی کوردی لە سەر دەستی ئەو بەرپرسانەی میدیا و ڕاگەیاندن و دەسەڵاتدارانی بێئاگای کورد، چی بەسەر دێت یا پێیوابێت، کە ئیدی بڕاوەتەوە و زمانی کوردی دەلاتینێنرێت و دەبێ بە چەپڵەوە بەرەپیری بچین. دەسەڵاتداریەتی کوردستان ئەگەر هەست بە بەرپرسیاریەتی دەکات، بۆ خۆی دەبێ ئاگایانە و بەرپرسانە بڕیاری خۆی بدات و چاوەڕێی داهاتوو نەکات، چونکە چەندی ئەو کێشەیە دوابخرێت چارەسەرکردنی دژوارتر دەبێت.

پرۆفێسسۆر "بوو ئویتاس – Bo Utas"، پرۆفێسسۆری زمانانی ئێرانی و چەند ساڵ سەرۆکی بەشی ئێراناسی لە ئەنیستیتووی زمانانی ئەفریقایی – ئاسیایی لە زانستگەی ئوپسالا لە سوێد، کە ئێستا خانەنشینە، لە گوتارێکیدا بە ناوی"زاراوەکوردییەکان و زمانی نووسین"، کە بە زمانی سوێدی لە گۆڤاری"Svensk- Kurdisk Journal"و لە ساڵی 1986دا بڵاوکراوەتەوە، دەنووسێت:" بەکاربردنی سێ جۆرە ئەلفبێی جیاواز بۆخۆی، گیروگرفتی پراکتیکی دێنێتە پێشەوە... ئەوەی ئێستا لەبەرچاوە ئەوەیە، کە ڕەنگە کەس لەنێو هیچ یەکێک لەو وەڵاتانەی، کە ئەو ئەلفبێ عەرەبی، لاتینی و کریلیکییەی تێدا بەکار دەبرێن، ئامادەی ئەوە نەبێت، دەستبەرداری ئەلفبێی تایبەتی خۆی ببێت. هەروەها پێکهاتن لەسەر یەک ئەلفبێ، لەسەر حیسابی ئەوانی دیکە، لە تاراوگەیش، کارێکی سەختە، ئەگەر هەر نەکردە نەبێت. هەرچی جیاوازییە زمانەوانییەکانە، کە لەنێوان هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکاندا، کرمانجی و سۆرانی، هەن، ئەوانە ئەمڕۆ هێندە گەورەن، کە بێگومان بۆ نێزیککردنەوەیان لە یەکدی، کارێکی یەکجار دووروودرێژ و ئاگایانەی دەوێت. بۆ وەدیهێنانی شتێکی لەو بابەتە، دەسەڵاتێکی نێوەندەکی پێویست دەکات، کە لە سەرووی بەشبەشی و دەڤەردەڤەرییەوە بوەستێ و بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ بەردەوامی و نوێنەرایەتی خەڵکی هەبێت (یا ئامرازی دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت، کە بەرژەوەندی لایەک بەسەر لایەکانی دیکەدا بدات). لە کاتی نەبوونی وەها دەسەڵاتێکدا، ڕەنگە لەبارترین ڕێگە ئەوە بێت، کە ئاگایانە هەوڵ بدرێت بۆ تێگەیشتنێکی زێتر لەنێوان زاراوەکاندا، بۆ نموونە بەهۆی ئەوەی، کە ڕێگە بە هەموو دیالێکتە جیاوازەکان و شێوەکانی نووسین بدرێت، کە پێکەوە لە چاپەمەنی، خوێندن و وانەگوتنەوە، شانۆ، پەخشی ڕادیۆ و شتگەلی دیکەدا، پێکڤە بڵاو

بنەوە و پێشان بدرێن و ئەمەش شتێکە، کە بێگومان کوردەکان بۆ خۆیان دەبێ خەریکی بن و هەوڵی بۆ بدەن".

کەواتە ئەو دەسەڵاتەی پێویستە بۆ بەگژداچوونی بەشبەشی و دەڤەردەڤەری، نەک هەر ئێستا بەڵکە لە ساڵی 1991ەوە لە کوردستان هەیە و ئەمڕۆیش لە هەموو دەمێکی دیکە زیاتر ئەو دەسەڵاتە جێگیرترە و ئەوە ئەرکی ئەو دەسەڵاتەیە، کە ئێستا ئیتر بڕیاری ڕاست و دروست و واقیعییانە بدات و کارێکی وا بکات، کە هەموو ئەو دیالێکتە کوردییانە بەرەو ئەوە نەڕۆن هەریەکەیان ببێتە زمانێکی سەربەخۆ، بەڵکە ئەو زاراوەی، کە جێی خۆی گرتووە، بکرێتە زمانی خوێندن و زمانی ڕەسمی هەموو دەڤەرەکانی کوردستان و لە پەنایشیدا هەموو زاراوەکانی دیکە لە میدیادا و وەک زاراوەیەکی دەڤەری و لە دەڤەرەکانی خۆیاندا بەکار بهێنرێن. دەسەڵاتی کوردستان گەرەکە لەوە تێبگات، کە زمانی کوردی ئێستا لە قەیراندایە و لەبەردەم دووڕیانێکدایە و دەبێ هەرچی زووە چارە بکرێت و یەک لەو دوو ڕێیە هەڵبژێرێت. دەسەڵاتی کوردستان، ئەگەر ماڵوێرانی و کوشتنی زمانی کوردی و بەشینەوە و زێتر لەتکردنی کوردی دەوێت، ئەوا با تەواوی زاراوە و بنزاراوەکان بەکەیفی خۆیان بکەن و هەموویان ببنە ڕەسمی و هەریەکەو ئەلفبێیەک بۆ خۆی هەڵبژێرێت و ناوی خۆی لە زاراوەوە بگۆڕێ و بیکا بە زمان، ئەگەریش یەکیەتیی کورد و یەکیەتیی کوردستانی گەرەکە، ئەوا ئەوەی سەدان ساڵە بنیات نراوە و بنگەکەی ئەو ئەلفبێ و زمانە کوردییەی ئێستای باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ناوی ئەلفبێ و زمانی ڕەسمی کوردستان(کە ئێستا نیمچە سەربەخۆیە)ی لێبنێ و کێشەکە ببڕێتەوە. دیارە ئەوەش، ئەوەی دووەم، بڕیاری دروست و هەڵبژاردنی ڕێگەی ڕاستە و بەوەش ئیدی ڕێگە لەو لاتینییە دەگیرێت. هەرچەندە کوردستان هێشتا نەبووەتە دەوڵەت، لێ ئێستا

دەوڵەتۆكەیە، بۆیە من پێموایە زمانی یەگرتووی كوردی، گەلێک لە دەوڵەتی كوردی پێویستره و بە زمانی یەكگرتوو بناخەی دوارۆژێكی ڕۆشن و چەسپاو دادەنرێت و هەرچی پەلەكردنیشە لە یەكلاكردنەوەی ئەو كارە، زووتر و خێراتر بۆ پێشەوەچوونە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی كورد. دەسەڵاتی كوردستان ئەگەر ئەوەی پێ نەكرێت ئیدی چی پێ دەكرێت!

***ڕەوشت موحەممەد: بەشێكی زۆر لەو ڕەخنە و تێبینیانەی لەسەر ئەلفبێی گونجێنراوی عەرەبی بۆ كوردی تۆمار كراون، لەسەردەمێكدا بوون كە كتێبی چاپكردن وەک ئێستە نەبووە، بۆ چاپكردنی نووسینی كوردی گرفت هاتۆتە پێش، هەروەها لەو كاتەوە تا ئێستە ڕێنووس و ئەلفبێی كوردی گەلێک دەستكاری كراوە، ئێوە ئەگەر سەرنج لەو تیبینی و ڕەخنانەی ڕابردوو بدەن، تا چەندە ئەمڕۆ ڕاست و دروست دەردەچن؟***

ئەمجەد شاكەلی: پێموایە لە وەرامی پرسیارەكانی پێشوودا، باسمان لەو ڕەخنە و تێبینیانەی لە سەر ئەلفبێی كوردی(تیپی عەرەبی) كرد، كە هەندێک كەس دەیخەنە ڕوو. تۆ ئەگەر بنۆڕێتە نووسینە كوردییە كۆنەكانی سەردەمی جزیری و خانی و.. دواتریش نالی و مەولەوی و.. دواتریش شێخ ڕەزای تاڵەبانی و.. دوای ئەوەیش گۆران و... ئیدی تا ئێستا، دەبینیت گۆڕانێكی یەكجار گەورەیان بە سەردا هاتووە. جاران لەگەڵ ڕێنووسی عەرەبی و فارسیدا، جیاوازییەكی ئەوتۆیان نەبوو. تەنانەت لە سەردەمی دەستپێكردنی خوێندن بە زمانی كوردی لە 1922دا، ڕینووسی كوردی وەک ئێستا نەبوو. ئێستاكە زۆر چووەتە پێش و دەتوانم بڵێم هەموو ناتەواوییەكانی زمانی كوردی پڕ دەكاتەوە. ڕەنگە تەنێ گرفتی ئەلكەسرەلموختەلیسە "الكسرةالمختلسة" و

ئەلکەسرە"الکسرة" کە بە (ی) دەنووسرێن، ئەمانە بڕێک ناجۆربن، بۆ نموونە تۆ بنۆڕە ئەم ناو و وشە عەرەبییانە، کە لە زمانی عەرەبیدا بە "بلال"، "هلال"، "سالم"، "ماهر"، "طاهر"، "صادق" و "حزب" دەنووسرێن، کە دەیانکەیە کوردی بە "بیلال"، "هیلال"، "سالیم"، "ماهیر"، "تاهیر"، "سادیق" و "حیزب" دەنووسرێن، لێرەدا ئەو تیپی "ی"ە لە شێوەی نووسیندا، لەگەڵ تیپی"ی"ی لە ناوی"سیروان" و "میران" و "هیران"دا چ جیاوازییەکیان نییە، دەبوو بۆ ئەو "ی"انەی لە "بیلال"، "هیلال" و...دا هەن، تیپێک هەبووایە یا ڕەنگە هەر بە "بیلال" و "هیلال" و... نووسرابان، بەڵام بە بێ دانانی دوو خاڵەکانی "ی"ەکە، واتە: تیپێکی"ی"ی بێخاڵ لە شێوەی "ی" ناوەڕاست، بەڵام بێ خاڵ چێ کرابا یا ڕەنگە هەر بەکارهێنانی چوکلەیەکی وەک کەسرەی عەرەبی، کێشەکە چارەسەر بکات. دەنگی"وێ" کە بە دوو تیپ دەنووسرێت لەگەڵ نەبوونی دەنگی"وی/ y،Ü،û"، کە تا ڕادەیەک پێویستە هەبن، بڕێک بن لە وردە گرفتەکان، تەواوی ئەوانەش زۆر بە ئاسانی چارەسەر دەکرێن، ئەگەر خواستی ڕاست بۆ گۆڕان و چاکسازی هەبێت. لەوانە بترازێت پێموایە هیچ ڕەخنەیەکی دیکە جێی خۆی نییە و مانەوەی ئەوانەیش کاریگەرییەکی خراپ ناکاتە سەر ئەلفبێی کوردی. تۆ سەیری ئەلفبێی عەرەبی و فارسی بکە، کە بۆ کەسێکی ئەو زمانانە نەزانێت و لە واتای وشەکان تێنەگات، چەند سەختە خوێندنەوەی هەر وشەیەک، دیارە بە هۆی ئەو بزوێنانەوە، کە گەرەکە بەکار ببرێن، هەرچی کوردییە، ئەگەر کەسێکی زمانەکەیش نەزانێت و تێی نەگات، لەبەر گۆڕینی ئەو بزوێنانەی لە عەرەبی و فارسیدا هەن بە تیپ لە کوردییەکەدا، ئەوا کوردییەکە، گەلێک ئاسان و ڕەوان دەخوێنرێتەوە. هەرچی پرسی چاپ و چامەنی و پەخشخانە و ئەوانەیە، پێموایە ئەمڕۆ لە کوردستان سەدان دەسگای چاپ و پەخشخانە هەن و بە باشترین شێوەیش کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و حەفتەنامە و مانگنامە و وەرزنامە

و سەدان شتنامە و هیننامەی دیکە چاپ دەکەن. ئەگەر لە ڕابوردوودا گلەیی و ڕەخنەیەک لە چاپ و بڵاوکراوەی کوردی بووبێت، تەکنۆلۆژیای چاپ و کۆمپیووتەر ئێستا کارەکانیان هێندە ئاسان کردووە، کە هەرگیز بواریان بۆ هیچ ڕەخنە و گازندەیەک لەمەڕ سەختیی بڵاوکردنەوە بە ئەلفبێی کوردی(تیپی عەرەبی) نەهێشتووەتەوە. ئێستا زمانی کوردی(بە تیپی عەرەبی) زۆر بە جوانی و ڕێکوپێک و ڕەوان لە کۆمپیووتەر و ئینتەرنێتدا شانبەشانی زمانانی دیکە، کە بە تیپی نالاتینی دەنووسرێن، لەگەڵ هەموو زمانە زیندووەکانی جیهاندا بەکار دەهێنرێت.

2007-09 -05

**سازدانی: ڕەوشت موحەممەد**

**ئەم دیدارە لەگەڵ چەند دیدارێکی دیکەدا، بەشێکە لە کتێبێک، بە ناوی (ئەلفبێی لاتینی...زمانی ستاندارد) ، کە لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشک) ە و (ڕەوشت محەمەد) ، ئامادەی کردووە و (فەرهاد شاکەلی)، پاشگوتاری بۆ نووسیوە، لە چاپخانەی چوارچرا، لە کوردستان، لە ساڵی 2008دا، بڵاوکراوەتەوە و لە لاپەڕە 123-186ی ئەو کتێبەدایە.**

# پێشکەوتنی وڵات و خەڵک و جڤاک، بەندە بە دەستەبەرکردنی ئازادی بیروڕادەربڕین و گوتنی هەموو شتێک

(لەبارەی پرۆژەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە)

***ئاسۆ عوسمان، پرسیاری یەکەم: یەکێک لەبڕگەکانی پرۆژەیاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، کە ئێستا لە لایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پەسەند کراوە، باس لەوە دەکات، کە دەبێت ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان، ئەو هەواڵ و زانیارییانە بڵاونەکەنەوە، کە زیانی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت، ئەمە لەکاتێکدایە، کە لەو پرۆژەیاسایەدا، ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە، کە ئاسایشی نەتەوەی چییە تا ڕۆژنامەنووسان خۆیانی لێ بەدوور بگرن، پرسیارەکەی من ئەوەیە بوونی ئەم بڕگەیە لەم یاسایەدا نابێتە کۆت و بەند بۆ ئازادی ڕاگەیاندن لە کوردستان؟***

***ئاسۆ عوسمان، پرسیاری دووەم : لە پرۆژەیاسای سەندیکادا هاتووە، کە نابێت ڕۆژنامەنووسان بابەتێک یان هەواڵێک بڵاوبکەنەوە، کە پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە لەکەدار بکات، پێتانوایە ئەم بڕگەیە لەم یاسایەدا ئامانج لێی بەرتەسککردنەوەی ئازادییەکانی ڕۆژنامەنووسان بێت لەکوردستان؟***

ئەمجەد شاکەلی: هەرچەندە ئەو دوو پرسیارە لە ڕواڵەتدا جودان، لێ لە ناوەڕۆکدا هەر یەک شتن و دەکرێ بە یەک وەرام، وەرام بدرێنەوە. هەردوو دەستەواژەی"ئاساییشی نەتەوەیی" و "پیرۆزییەکانی کۆمەڵ"، دەستەواژەگەلێکی تا بڵێی لاستیکین و لێکدانەوەیەکی زۆر هەڵدەگرن. دەسەڵات، کە قانوون دادەڕێژێت، دەتوانێت ئەوەی دەیەوێت بیخاتە نێو چوارچێوەی ئاساییشی نەتەوەیی و پیرۆزییەکانی کۆمەڵەوە و دەشتوانێت ئەوەی نایەوێت لە ئاساییشی نەتەوەیی و پیرۆزییەکانی کۆمەڵی دەرهاوێژێت. ئەوەی ئێستاکە دەسەڵاتی کوردستان، ناوی ئاساییشی نەتەوەیی لێدەنێت، هەر بۆ خۆیان، سەرانی دەسەڵات و حیزبانی دەسەڵات، هەمیشە وەک هێلکەی پاککراو و پرتەقاڵی توێکڵلابراو، لەبەردەستی هەرچی دەسگای ئاساییش و سیخوڕ و هەواڵگری، وەڵاتانی داگیرکارانی کوردستان و هی دیکەشدایە دایانناوە و خڕ لە مشتیان ناون. هەر لە میانەی چل و ئەوەندە ساڵەی جەنگی نێوخۆی خۆیاندا، بە کۆمەکی دەسگا سیخوڕییەکانی وەڵاتانی دەوروبەر یەکدییان ڕاو دەنا و هەموو درشت و وردێکی ئەوەی ئێستا بە نهێنی دادەنێن، بۆ خۆیان بۆ ئەو دەسگایانەیان ڕۆ دەکرد و هەڵدەڕشت. زانیاریدان بە هەر نەیارێکی کورد، لە سەر هەر بزاف و حیزبێکی کوردستانی، بەشێکە لە ئاشکراکردنی ئاساییشی نەتەوەیی، دەسەڵاتی کوردستان، ئێستا و زۆر لەمێژیشە وەها کارێکیان کردووە و دەکەن. ڕەنگە ئەوان، سبەینێ و دوای پێڕۆکردنی ئەم قانوونە، باسکردن و لەقاودان و ئاشکراکردنی سامان و موڵک و دزی و فزی، گەندەڵێکی دەسەڵاتدار و دزێکی بەرپرس و مشەخۆرێکی خۆبەفریشتەزانی ئەو گەندەڵستانە، بخەنە چوارچێوەی "ئاساییشی نەتەوەیی"ەوە، بەڵام ئایا ئەوە ئاساییشی نەتەوەییە! ڕۆژانە لەم ئەوروپایە دەیان نهێنی بەرپرسان و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ئاشکرا دەکرێت.

ئەوەیشی ناوی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەی لێدەنێن، ئەگەر مەبەست، کەسایەتی کورد و هەندێ نەریتی کوردەواری و سروودی نیشتمانی کوردستان و ئاڵا و ئەوانە بێت، ئەوا بە بڕوای من، هیچ یەکێک لەوانە هی ئەوە نین، کە میدیا نەتوانێت دیوار و پەرژینیان بسمێت، هی ئەوە نین، مرۆڤ نەتوانێت قسەیان لە سەر بکات. دەمی کلۆمکراو و ڕێگەنەدان بە قسەلەسەرکردنی هەموو شتێک، کەسیەتییەکی داخراو و تێکشکاو و کۆمەڵێکی نائاگا و چەقبەستوو دەئافرێنێت. خەڵک لە وەڵاتانێکدا، کە ئازادی ڕادەربڕینی تێدا هەیە، هەرچی شتە و هەرچی بابەتە دەیخەنە بەرباس و قسەی لە سەر دەکەن. خەڵک باس لە بوون و نەبوونی خودا، دروستی و نادروستی ئایین، پێکەوەژیانی نێر و نێر و مێ و مێ، ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی دزی، لابردنی شا و گۆڕینی بە ڕێژیمی کۆماری، گۆڕینی کۆمەڵگە و ڕووخاندنی سەرمایەداری، باس لە ئاڵا، لە ئایین، لە فلانە سیاسەتکار و فلانە کەسێک لە مێژوودا، دەکەن، کە هیچیان لە پیرۆزییەکانی کۆمەڵەکانی کوردستان کەمتر نین و کەسیشیان لە سەر دەمکوت ناکرێن. کێ لەوانەی پێیان دەگوترێ سەردارانی کورد لە مێژوودا، هی ئەوەیە مرۆڤ ڕەخنەی لێ نەگرێت! سروودی ئەی ڕەقیب و ئاڵای کوردستان، بۆ دەبێ بەرڕەخنە نەبن! شیربایی و مارەبڕینی کچی چواردە ساڵان لە پیاوی بەساڵداچوو و کوشتنی ژنان لە سەر "شەرەف و نامووس" و گوێڕایەڵی بۆ دەسەڵاتداری گەندەڵ و دز و مرۆڤکوژ، بۆ دەبێ باس نەکرێن و خەڵک لییان یاخی نەبێت! ئێمە ئەگەر تەنێ لە سەر ڕابوردوو بژین، ئەو رابوردووە ناتەواو و دەڵەمەییەی هەمانە و هەموو خواروخێچی و چەوتی و نەریتگەلێکی، کە هەزاربارەبوونەوەی کۆمەڵێک سەقەتی و نادروستی دید و تێڕوانینگەلێکی کەڵەکەبووی ساڵگەلێکی فرەن، هەرگیز ناتوانین، چرایەک بۆ داهاتوو هەڵکەین و گۆڕین بەرپا بکەین.

کۆمەڵی کورد، ئێستاش کۆمەڵێکی چەقبەستووە و زۆر بە سەختی، خوو و ڕەوتارگەلێکی تەنانەت خراپیش، واز لێ ناهێنێت. هەزاران کۆت و بەندی ناسروشتیی، جڤاکی کوردیان شەتەک داوە و مێشکی مرۆڤی کوردیان جەڕاندووە. لە کوردستاندا، تاکە یەک جۆرە خەڵک ئازادن، ئەویش دەسەڵاتداران و بەرپرسان و کاسەلیسانی دەوروبەریان و سەرمایەدارانن. ئەوانە هەموو ئازادییەکیان بۆ دەستەبەر و مسۆگەرە. لە دزیکردن و مرۆڤکوشتن و تالانکردنەوە تا دەگاتە مێبازی، ئەوان ئازادن و دەتوانن زۆر بە هاسانی ئەنجامی بدەن، دەنا بۆ خەڵکەکەی دی چ ئازادییەک هەیە! کێ دەتوانێت لەهەمبەر ئەوانەدا بکۆکێت و نهێنییەکیان هەڵماڵێت! مەگەر ئەوە نییە، ئەو ڕۆژنامە و ئەو کۆڤار و ئەو ماڵپەڕی ئینتەرنێت، دادەخەن و زاری کلیل دەدەن، تەنیا لەبەر ئەوەی باسی فلانە سەرکردەی کردووە یا شتێکی بڕێک بوێرانەی گوتووە!

دەکرێ ڕۆژنامەنووس مافی ئاشکراکردنی ناو و وێنەی کوژەرێک و کوژراوێکی نەبێت پێش دادگا و پۆلیس و قایلبوونی کەسوکاری کوژراوەکە، یا مافی ئەوەی نەبێت پێوەندێکی نهێنی سێکسی نێوان دوو مرۆڤ بە ناو و وێنە ئاشکرا بکات، ئەوانە جێی خۆیانن، لێ ئەمەی "پەرلەمانی مردووان" نەک پەرلەمانی کوردستان، چونکە لە هەرجی بچێت لە پەرلەمان ناچێت، داوای دەکات و دەیەوێت بیسەپێنێت، قانوونێکە تەنیا لە ڕێژیمێکی فاشیست و دیکتاتۆریدا پیادە دەکرێت.

ئەگەر ڕۆژنامە و میدیا، دەسەڵاتی چوارەم بن، وەک لە هەموو جیهاندا باوە، ئەوا ناکرێ هیچ ڕێگەیەکیان لێ بگیرێت. بۆ وەڵاتێکی وەک کوردستان، کە لە ڕووی فەرهەنگ و شارستانیەتییەوە، نوقمی دواکەوتوویی و بەستەڵەکی هزرییە، دەرگاکردنەوە بۆ هەموو قسە و گوتار و بیر و دید و بۆچوونێک و گوتنی هەموو شتێک و ڕەخنەگرتن

لە هەموو شتێک، پێشی دەخات و بازی پێ دەدات. پێشکەوتنی وەڵات و خەڵک و جڤاک، بەندە بە دەستەبەرکردنی ئازادی بیروڕادەربڕین و گوتنی هەموو شتێک. هیچ شتێک وەک ڕاستییەکی سەدلەسەد نابێ سەیر بکرێت و هیچ پیرۆزییەکیش هی ئەوە نییە، کە مرۆڤ لێی بێدەنگ بێت.

ئەو دوو برگەیە نەک هەر بەرتەسکردنەوەی ئازادی ڕۆژنامەنووسانە، بەڵکە دەمداخستن و زمانبڕینیانیشە. تۆ کە نەتوانی قسەی دڵی خۆت بکەیت و هەموودەم بترسێت لەوەی، ڕەنگە لە سەرت بکەوێت، چۆن دەتوانیت بڵێیت ئازادیت! مرۆڤ تەنێ بە نان ناژی و ئازادی وەک نان و هەوا بۆ مرۆڤ پێویستە.

2007 - 12 – 07

**ئامادەکردنی: ئاسۆ عوسمان.**

# شكستی كورد لە عیراق و ئەرك و هەنگاوەكانی ئاینده

***ستیڤان شەمزینانی: هەنووکە لە پێنج ساڵی تەواو نزیک دەبینەوە بەسەر داڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ئیراقدا، ماوەی ئەم پێنج ساڵە کورد وەک لایەنێکی کاریگەر بەردەوام لە کێشمەکێش و گفتوگۆ و جەنگی سارددا بووە لەگەڵ بەغداد، وەها دەبینرێت کورد بە درێژایی ئەم پێنج ساڵە هیچ دەستکەوتێکی سیاسی بەدەست نەهێناوە بەڵکو سنوور و مەودای دەستەڵات و دەستکەوتەکانی لە جێگەی خۆیدا ڕاوەستاون، ئایا دەکرێت بڵێین لایەنی کوردیی لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا شکستخواردوو بووە؟ ئایا هەموو ئاماژەکان جۆرێک لە شکست بۆ لایەنی کوردیی نیشان نادەن؟***

ئەمجەد شاکەلی: مەبەست لە لایەنی کاریگەر، لایەنێکە توانیبێتی و بتوانێ ڕای خۆی بچەسپێنێت و بوونی خۆی بسەلمێنێت و سەنگ و قورسایی خۆی لە ڕەوتی ڕووداوەکان و کارڕایی و ئەنجامدان و پێڕۆ و جێبەجێکردنی کاردا، بینیبێت و ببینێت و نۆرەی بڕیاردەر و دروستکاری بڕیار ببینێت. کورد لە بەغدا، لە سەردەمی پاش بەعسدا، هەرگیز ئەو نۆرەیەی نەدیوە و ناشیبینێت. ئەو ڕۆڵە کاریگەرییەی تۆ دەیدەیە کورد

لە دەسەڵاتی بەغدای دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس، زۆر زۆری لێ زیادە، کورد لە ڕۆڵی "پارسەنگ"ی بەولاوە، چ نۆرەیەکی دیکەی نەبینیوە. کام تای تەرازووەکە سووک بووبێت، کورد لە لایەن ئەمەریکاوە لەوێ دانراوە، بۆ ئەوەی هەردوو تای تەرازووەکە وەک یەکیان لێبێت. ئەو خزمەتەی کورد بە حوکوومەتەکان و ڕێژیمی عیراقی پاش بەعسی کردووە، هیچ لایەنێکی دیکە نەیکردووە. کورد هۆیەکی بنەڕەتی بەهێزکردنی هەردوو لایەنی سوننە و شیعە بووە و فرەترین سوودی بەوان و نەخشەکانی ئەوان گەیاندووە و کۆمەکی بە چەسپاندنی دەسەڵاتی ئەوان کردووە. کورد لە لایەن ئەمەریکای داگیرکاری عیراقەوە و لە لایەن عیراقییانی دەسەڵاتیشەوە، هەر ڕۆڵی "پارسەنگ"ی پێ ڕەوا بینراوە. گەلێک جار بۆ ژێرکردنەوەی لایەنێک لە لایەنەکان، ڕۆڵی ناوبژیکار و گەلێک جاریش ڕۆڵی گورگەکەی نێو "گورگانەشەوێ"و جنۆکە و مێردەزمەی پێدراوە و دەدرێ. کورد لە دەسەڵاتی بەغدادا، هەمیشە ڕۆڵی کوڕە گوێڕایەڵ و سەلارەکە و ڕۆڵی "وەڕوێرکە"ی بینیوە. هەرچییەکیان پێ گوتبێ و بە سەریدا سەپاندبێ، ئەم نەئی بە زاردا نەهاتووە. ئەم هەر لەگەڵ بووە.

سەرانی کورد، لە سەر حیسابی گەل و خاک و خواستەکانی خەڵکی کوردستان، عیراقیان، وەک دەوڵەتێکی مردوو و هەڵوەشاوە و لەتلەت، دروست کردەوە و گیانیان بەبەردا کردەوە. بوونی کۆمەڵە سیاسەتکارێکی کورد لە بەغدا و لەنێو دەسەڵاتی عیراقدا، لە دوای ڕووخانی بەعس و (سەددام حوسەین)ەوە، هیچ جیاوازییەکی لەتەک بوونی سیاسەتکارانی کورددا لە بەغدای سەردەمی سەددام حوسەین و پێش سەردەمی سەددام حوسەین، بە سەردەمی(برایانی عارف) و عەبدولکەریم قاسم و سەردەمی(شا)یەتیشەوە، ڕەنگە تەنێ لە دەموچاو و کەسەکاندا جیاوازییەکی هەبێت. ئەگەر بنۆڕینە ڕۆڵی سیاسەتکارانی

کـورد لــە بەغــدا، لــە دروســتبوونی عیراقــەوە وەک دەوڵــەت و تــا ئـەمڕۆ، دەتـوانین سالانی 1970- 1974 وەک باشـترین سـەردەمێک بـۆ سەرکردەیەتی کورد نێو ببەین، کە ئەودەم هاوپشکی دەسەلات بـوو. لـە سەردەمی (شا)یەتی عیراقیشدا کەسانێکی لێوەشاوە و بوێر و دەمڕاسـت هەبوون، کە جێدەستیان لە سەر نەخشی ڕۆژگاری ئەو سەردەمەدا دیـار بــووە. کــورد لــە ســەردەمی 1958-1961ی (قاســم)یشــدا ڕۆڵــی لەبـەرچاوی لـە بەغـدا هـەبوو و لەگـەڵ عەرەبـدا یەکسـان بـوو. سـالانی 1966- 1970یـش حیزبـی جـەلالی، کـە ڕەوێـک سیاسـەتکاری لـە خـۆ خڕکردبــووەوە، لــە بەغــدا و لەگــەڵ بەغــدادا بــوو، بــەلام چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی هەبوو، لەوەی زیاتر خزمـەتی بـە حکوومەتـەکانی بەغـدای ئەو ڕۆژگارە و شۆڤینیزمی عـەرەبی دەکـرد و لـە پشتەوەش خەنجـەری لە بڕبڕەی پشتی بزاڤی ڕزگاریخوازی کـورد دەدا! ڕۆڵـی سیاسـەتکارانی ئێسـتای کـورد لـە بەغـدا، هـەر هێنـدەی ڕۆڵـی حیزبـی جـەلالی 1966- 1970 و ڕۆڵی تاها موحیەددین، هاشم ئـاکرەیی، عەبدوسسـەتتار تـاهیر شـەریف، ئەرشـەد زیبـاری، مـەلا مـاتۆر و موکـەڕڕەم تاڵـەبانی و زۆری دیکەی سەردەمی( سەددام حوسەین)ە.

کورد بەوەی سەرۆککۆمار و وەزارەتـی دەرەوە و جێگـری سـەرۆکی حوکوومــەتی وەرگرتــووە، چ ســوود و قــازانج و دەســکەوتێکی چنــگ نەکــەوتووە. ئــەو دوو کەســەی ســەرۆککۆمار و وەزیــری دەرەوەی عیـراقن، کـە کـوردن، لەگـەڵ هـیچ عـەرەبێکی نەتـەوەیی و عیراقییـەکی داکۆکیکـار لـە عیـراق و عیراقییەتیـدا، جیاوازییـان نییـە و ڕەنگـە ئەگـەر عەرەبێکی میانڕەو و عیراقییەکی دیموکراتیخواز بووایەن، پتر کەڵکیان بـە کــورد و کێشــەکانی گــەلی کوردســتان، گەیانــدبا. ئــەوان، بــە تایبــەت سەرۆککۆمارەکەیان، لە داهۆڵێک بۆ توقانـدنی کـورد زیـاتر، شتێکی دیکـە نییە. سـەرانی کـورد بـەوەی لـە بەغـدا تـەنیا بـە گرێـی ملـدا دەدەن و

هەمیشە لەگەڵن و ئیملایان پێ دەکرێ، بوون و نەبوونیان لە بەغدا چوون یەکە. ئەوان چ کێشەیەکی کوردیان چارەسەر نەکردووە و چ پرسێکی کوردیان بەرەوپێش نەبردووە. گرنگترین پرسی کورد، بە درێژایی سەدەی ڕابردوو و ئێستایش، پرسی کەرکووک و دەڤەرەکانی دیکەی باشووری کوردستانە، کە کێشمەکێشیان لە سەرە، سەرانی کورد چییان بۆ کردووە، لەوەی زیاتر، کە کوردستانیبوونی (کەرکووک)یان خستە ژێر گومانەوە بەوەی، بە دەنگدان و ماددەی 140ی بەدناو قایل بوون، کە ڕەوشی کەرکووک وەک ڕەوشی تکریت و نەجەف و ئەوانە تەماشا دەکات، کە برێک گۆڕانکاری لە سنووری ئوستانەکانیاندا ڕوویداوە. بوونی سەرۆککۆمارێک و کۆمەڵێک وەزیر و گزیر و ئەندام پەرلەمان و سیاسەتکار و حیزب و هەزاران کوردی دیکەی سەر بە دەسەڵاتی کورد لە بەغدا، تاکە یەک قانوونی (سەددام حوسەین)ی لەمەڕ کەرکووکەوە نەسڕییەوە! ناوی یەک گەڕەکی کەرکووکی عەرەبێنراوی لە ئەلعوروبە و ئەلبەعس و ئەلقادسیە و ئەلواسیتییەوە، نەکردە ناوێکی کوردی! تاکە یەک گوندی دابڕاو لە کەرکووک، کە خراوەتە سەر تکریت یا دیالە، نەگێڕایەوە سەر کەرکووک! یەک عەرەبی داگیرکاری بەعسی و کۆنەئاسایش و موخابەرات و سیخوڕی ڕێژیمی، لە کەرکووک وەدەرنەنا! تەواوی نەخشە و سیاسەتەکانی تورکیا و عەرەبی سوننە و وەڵاتانی عەرەبی بە هەموو وردەوەڵاکانیانەوەی بە سەردا تێدەپەڕێنرێ و ئەمیش ملی خۆی لێ خەواندووە و هەر باکیشی نییە! گچکەترین کێشە و دەردیسەری تاکە کوردێکی فەیلی، کە هەموو ژیان و دیرۆکیان گرفت و نەهامەتی و کێشە بووە و بۆ خۆیان دانیشتووی بەغدان و دوو هەنگاو لە کۆشکەکانی بەرپرسانی کورد لە"دەڤەری کەسک – المنطقةالخضراء - ەوە دوورن، چارەسەر نەکرد! سیاسەتکارانی کورد لە "دەڤەری کەسک"ی بەغدان، چونکە بژێو و تەڕ و

چـەور و ڕازاوەیـە و عـەرەب گوتـەنی:"ئـاو و سـەوزایی و ڕوومـەتی جوان(الماء والخضراء والوجە الحسن)". ئەوان لە بەغداوە پارەوپووڵی خەیاڵییان دەستدەکەوێت و بودجەی دەسەڵاتەکەی کوردستانیشیان، هەر لە بەغداڕا پێ دەگات، بۆیە بەغدا بۆ ئەوان، خوان و گیرفان و گەشت و ڕایـەخی سـوور و خۆشـگوزەرانییە، دەنـا ئەگـەر وا نەبووایـە، هـەر زوو بەغدایان جێدەهێشت و دەگەڕانەوە ماڵی خۆیان. ئەوان هیچ سیاسەت و کارێکیان لە بەغدا، سەرکەوتنی وەدەستنەهێناوە. ئەگەر لە تاکە یەک سیاسەتیاندا سەرکەوتوو بووبن، لە عیراقیاندنەوە و سووککردنی پرسی کورد و باشووری کوردستاندا بووە. مانەوەی ئەوان لە بەغدا، تەنیا چەقین و ڕاوەستان بووە لە شوێنی خۆیاندا و ئەگەر شتێکیش پێشان بدات، ئەوا شکستی سیاسەتی ئەوان و بوودەڵەیی ئەوان پێشان دەدات.

***ستیڤان شەمزینانی: ئەو دیمەنەی بە ڕوونی لە هاوکێشەی سیاسی ئیراقدا هەستی پێدەکەین، لایەنی عارەبی لە ڕێگەی دەستی دەستی و کاتکوشتن و خۆدزینەوەوە لەمپەر لە بەردەم ویستەکانی لایەنی کوردیی دادەنێت یان بەمانایەکی تر هەموو هەوڵێکیان بۆ بەرتەسککردنەوەی جوگرافیای دەستکەوتەکانی کوردە لە ئیراقدا، بەشێک لەچاودێران وەهای دەبینن دەبێت کورد بایکۆتی حکوومەتەکەی مالیکی بکات چونکە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی کابینەکەی مالیکی، هەندێکی دی ڕایدەگەیەنن هێشتا هەموو دەرگاکان دانەخراون و بوار ماوە بۆ گفتوگۆی زیاتر، بە بۆچوونی ئێوە کام هەنگاو دروست و واقیعیترە و چ کارێک پێویستە کورد لەو ڕووەوە پێی هەستێت؟***

ئەمجەد شاکەلی: بە بڕوای من، کێشەکە تەنیا کابینەکەی مالیکی نییە، کێشەکە کابینەکانی پێش (مالیکی)یشە، عەللاوی و جەعفەری و کێشەکە پەرلەمان و تەواوی دەسەڵات و زۆرێک لە حیزبەکانی دیکەی

عیراقیشــە. ئــەوان بــە هــیچ جۆرێــک لــە چوارچێــوەی بیروبــاوەڕی نەتەوەپەرســتی عەرەبایــەتی نەچوونەتــە دەرێ. ئــەوان ئێســتاش چ جیاوازییەکی مەزنیان لەگەڵ بیرکردنەوەی سەددام حوسەین و بەعسدا نییە و ئێستایش بۆ کورد، لە ماڵ و کەلاوەکەی خۆیشیدا (کوردستان)، حیسابی میوان دەکەن. بە دید و بیرکردنەوەیەکی لەو جۆرەوە، دیارە چــاوەڕێی هیچــی باشــتر، لــەو لایەنــە عیراقییانــەی نێــو دەســەڵات لــە بەغــدا(ســوننە، شــیعە، تورکمــان. فەلــە و هــەموو ناکوردێــک) ناکرێــت. کێشەکە جۆری دید و هزرین و بۆچوونی ئەوانە، بەرانبەر کورد. ئاوەز و هــزری دەســەڵاتی عــەرەب، لــە هــیچ کــونجێکی خــاکی عــەرەب و عەرەبســتاندا، لــە شــام و بەغــداوە تــا تەنجــە، هــیچ ناعــەرەبێک قــەبووڵ ناکات.

بنــۆڕە ئەمازیغییــەکانی مــەغریب و ئەلجــەزائیر و عیســاییەکانی خــوارووی ســوودان و دارفۆرییــە ئەفریقاییــە ناعەرەبــەکانی ســوودان و قوپتییــەکانی مســر و کــوردی ڕۆژاوای کوردســتان(ســووریا) و کــوردی باشووری کوردستان(عیـراق)، کێشـەی هـەموو ئـەم خەڵکانـە یـەک جـۆرە، کێشــەی گیرخــواردنی کەمینەیــە، بــە دەســت زۆرینەیــەکی لووتبــەرز و خۆبەزلزان و ملهوڕ و داخراوەوە، کە لە جیاوازی تێناگـات و هـیچ شـتێک، بە ئەوی دیکە، ڕەوا نابینێت. ئەوانەی دەسـەڵات لـە بەغـدا، ئـەوەی پێیـان بکرێــت، بــۆ کاتبەســەربردن و دەســتی دەســتی و کێشەســازکردن و خۆدزینەوە، لە هەموو خواست و ویستێکی گـەلی کوردستان، کردوویانـە، بەڵام بۆ ئەو فریو و خۆخڵافاندن و پشتگوێخستنە، بـە سـەر سیاسـەتکارانی کـورددا تێپـەڕێت! بـۆ سـەرانی کـورد ئـەوە قـەبووڵ دەکـەن! ئەمـە جێـی ڕامانە و کێشەکە لەوەدایە. ئەگەر هەڵوێست و دیدی لایـەنی عـەرەبی یـا دەسەڵاتی بەغدا، بەشێکی کێشەکە بێت، ئەوا بەشەکەی دیکـەی، لـە چـڕی و خەستیی، تێکەڵکردنەوە و گرێدانەوەی کوردستانە بە عیراقـەوە، کـە لـە

ئەستۆی سەرانی کورددایە، ئەوانن ئەنجامدەری، و لە خۆشبڕوایی خەڵکی کوردەوەیە، بە سەرانی خۆی و عیراقییەکان. کێشەکە لە سستی و خاووخلیچکی سەرانی کورد و نوێنەرانی کورددایە لە بەغدا.

سیاسەتکارانی کورد، لەبری هەڕاکردن وەدووی عیراقییەکاندا، دەبوو خۆکێشانەوەیان لە بەغدا، وەک گوشار و هەڕەشە، بەکار بردبا و وەها کارێکیان زووزوو کردبا و حوکوومەت لە دوای حوکوومەتیان، بەمەی (مالیکی)یشەوە، کە لە هەموویان شایستەتری ڕووخاندنە، ڕووخاندبا، تا خواستەکانی خەڵکی کوردستانیان بە سەردا دەچەسپاندن و دەسەپاندن. من هەرگیز لەوانە تێناگەم، کە دەڵێن، هێشتا هەموو دەرگاکان دانەخراون و بوار بۆ گفتوگۆی زیاتر ماوە! سەرانی کورد هەر بەوەی کوردستانیان لکاندەوە بە عیراق و گەلی کوردستانیان عیراقییاندەوە، گەورەترین سووکایەتییان بە گەلی کورد کرد و گەورەترین سازشکارییان ئەنجام دا و دەسبەرداری خواستی ئازادی و سەربەخۆیی بوون، کە بە کردەوە زەوینەی بۆ ڕەخسابوو. ئەو نۆرەیەی ئێستا سەرانی کورد لە بەغدا دەیبینن، هیچ جیاوازییەکی لەو نۆرەیەی سەرانی فەتح و فلستینییەکان نییە، کە لەگەڵ ئیسرائیلدا دەیبینن. دەسەڵاتی بەغدا، بە ئەمەریکاییەکانیشەوە، هیچی بۆ کورد پێ نییە. جیۆگرافیا و چوارچێوەی ئاوەز و هزری نەتەوەپەرستی عەرەب (دیارە ئێستا قسەکە لە سەر عەرەبە، دەنا ئەوە سیفەت و خەسڵەت و تایبەتمەندیی هەموو نەتەوەپەرستییەکە)، جێی کورد و هیچ ناعەرەبێکی تێدا نابێتەوە. گەلی باشووری کوردستان، بە هۆی سیاسەتی چەوت و سازشکارانە و پاشکۆیەتی سەرانییەوە، لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعسەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، سەری پێ شۆڕ دەکرێ و ئازادی و سەربەخۆیی و دەسکەوتەکانی کەم و کورتتر دەکرێنەوە و تەواوی مەرجەکانی خەڵکانی دژە خواستەکانی خۆی، بە سەردا دەسەپێنرێن و

ناچــار دەکــرێ، واز لــە خاکــە داگیرکراوەکەیشــی بهێنــێ. مەســعوود موحەممـەد دەڵـێ:"ئـەو بنەمایـە قەبووڵـە، داوا لـە داگیرکـەر و زەوتکـەر بکرێ، دەست لە داگیرکراو هەڵگرێ و بیداتەوە بە خاوەنی خـۆی، نـەک لایەنی تالانکراو، ناچار بکا، دەسبەرداری ئەوەیش ببێ، کە لای ماوەتـەوە و دەستی لە بنی هەمانەوە پێ دەربکا". سەرانی کورد، بۆ خۆیان، لە پێنـاوی هــەنگوینی دەســەڵاتدا، ئــەو بنەمایــەیان پێشــێل کــرد و دەســبەردای کەرکووکی تالانکراو و زەوتکراو و داگیرکراو بوون و دەستیشیان لـە بنـی هەمانەکەوە پێ دەر کرا. جوولەکە ئێستاش، کە باسی مێـژووی خۆیـان و بەســەرهات و لێقــەومان و ئاوشــڤەیز(Auschwitz) و هۆلۆکوۆســت (Holocaust) دەکەن، نـاوی "جـەنگی تەواونـەبوو، یـا جـەنگی نـەبڕاوە، یـا جەنگی کۆتایینەهاتوو(The Unfinished War)"ی لێدەنێن. ئـەوان، کـە ئێستا بۆ خۆیان کەڵەگای جیهانن و بۆ خۆیان جەنگ بە خەڵک دەفرۆشـن، پێیانوایە ئێستایش هەڕەشەی جەنگیان لە سەرە و هەمیشە لە جەنگـدان و ئەو جەنگە لە دژیان بووە، هەر درێژەی هەیـە، واتـە: ئـەوان لـە جـەنگێکی هەمیشـەییدا دەژیـن. کـورد گەرەکـە لـە دوو ڕووەوە تەماشـای ڕەوشـی خــۆی بکــات، یەکــەم: هەڕەشــە و جــەنگێکی ڕاســتەقینەی نــەبڕاوە و کۆتایینەهاتووی، هەر لە کۆنەوە لە سەرە و درێژەی هەیە و درێژەیشـی دەبێـت و دووەم: جـەنگێکی نـەبڕاوە و کۆتایینەهاتوویشـی لـە پێشـە، بـۆ ناچــارکردنی داگیرکــەرانی وەڵاتەکــەی، بــۆ دەســتبەردابوون لــەوەی داگیریان کردووە. ئێدموند بوێرک(Edmund Burke، 1729-1797)، سیاســـەتکار و تیـــۆریزان و نووســـەر و فیلۆســـۆفی ئایرلەنـــدی، دەڵــێ:"ئەوانــەی جارێــک، ئەگــەر بــۆ مــاوەی یــەک ســاڵیش بێــت، دەردەدەسـەڵاتیان گـرت و سـوود و قـازانج و دەسکەوتێکیان چنگکـەوت، هەرگیز بە خواستی خۆیان دەستبەرداری نابن". سەرانی کورد لـە بەغـدا، شینی "هەریسە"کە دەکەن، نەک شینی ئیمام "حوسەین". ئەوان کوژراو و

مەستی دەسەڵاتن و ناتوانن دەست لەو هەموو دەسکەوتە ماددی و تایبەتمەندییە کەسەکییانەیان هەڵگرن.

***ستیڤان شەمزینانی: بۆچوونێک هەیە دەستەڵاتی سیاسی کوردیی بەوە تۆمەتبار دەکات خۆی ڕۆڵی هەیە لە خولقاندنی گرفت و قەیرانی سیاسی لە ئیراقدا ئەمەش بەمەبەستی داپۆشینی قەیرانەکانی ناوخۆی کوردستان، تۆ پێتوایە سەرکردایەتی کورد هەمیشە لەڕێی پاساوی قەیرانەکانی ئیراقەوە بیەوێت قەیرانە لۆکاڵییەکانی ناو کوردستان لەبیر باتەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: پێموانییە سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، هێندە زیرەک بێ لەوەی، بتوانێ گرفت و قەیرانی سیاسی لە عیراقدا بئافرێنێ، ئەوە بیر و بۆچوونی نەتەوەپەرستانی عەرەب و عیراقییە یەک دەندەکانە و ئەوان وای لێکدەدەنەوە و دەبینن. دوو زلحیزبەکانی کوردستان(پارتی و یەکیەتیی)، تا سێ ساڵێکیش لە دوای ڕووخانی بەعس، هێشتا یەکدەنگ و یەکهەڵوێست نەبوون و هەریەکەیان حوکوومەت و میرنشین و هەرێمۆکەی خۆی هەبوو، ئێستایشی لەگەڵ بێت، کە بە ناو، یەک حوکوومەتیان هەیە، هێشتا شوێنەواری دووهەرێمۆکەیی و دوومیرنشینی و دووحوکوومەتییان پێوە دیارە و بە چاوی کزی، بێ چاویلکەی گەردیلەبینیش، درزەکەی نێوانیان، دەبینرێ. ڕەنگە ئەمان لە سازکردنی کێشە و گرفت، بۆ یەکدی و بۆ گەلێ کوردستان، نەک بۆ عیراق و عیراقییان، گەلێک زیرەک و لێهاتوو بن. دیارە مێژووی ئەم نیوسەدەیەی دوایە، گەواهی ئەوە دەدا. کێشەکانی باشووری کوردستان و ئەو قەیرانانەی، گەلێ کوردی، لەوێ تێدا دەژی، بە هیچ بێژنگ و سەرەن و پەردەیەک داناپۆشرێن و ناشێردرێنەوە. کورد وەک نەتەوە، وەک مرۆڤ و کۆمەڵە خەڵکێکی سەر ڕووی ئەم

گۆی زەوییە، بۆ خۆی لە قەیران و کێشەدایە. خاکەکەی، فەرهەنگەکەی، زمانەکەی، ژینگەکەی، پێوەندە جڤاکییەکانی، کشتوکاڵ و ژێرخان و ئابوورییەکەی و هەرچی هەیە، لە قەیراندایە. کورد وەک بەشێک لە مرۆڤایەتی، هیچ نەخشەیەکی بۆ هیچ یەکێک لەو قەیرانانەی تێیدا دەژی و هیچ نەخشەیەکی بۆ داهاتوو و نەوەکانی داهاتووی، نییە و سەران و سیاسەتکاران و بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی کوردیش، لەوەی زیاتر، ڕاوە پارەوپووڵ و سامان و موڵک و ژن دەکەن، چ پەرۆشێکی دیکەیان نییە. تۆ تەماشای ئەم هەموو قەیرانە بکە، کە گەلی باشووری کوردستانی تێدا دەژی: ئاو، ئەلەکتریک، کشتوکاڵ، سووتەمەنی، ڕێگەوبان، گەندەڵی، دزی، هەڕەشە و کەڵەگایەتی و هێرشی تورکیا، خۆراکی ژاراوی، کەرکووک و دەڤەرە داگیرکراوەکانی دیکە، زمان و شێوەزار، بارهێنان و خوێندن و پەروەردە، ژنکوشتن، خۆعەرەباندن و خۆتورکاندن و خۆفارساندن، داڕووخانی فەرهەنگی، دەرد و نەخۆشی، نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین، خراپتربوون و داڕزاوی باری ژیانی خەڵکی هەژار، بەرینبوونەوەی جیاوازیی چینایەتی، نەخۆشی و دەرمانی کاتبەسەرچوو، گرانی و ... سەدان دەردی دیکە، کە جەستەی کۆمەڵی کوردستانیان کونکون کردووە و لە ڕەگەوە دەیهەژێنن و بەرەو داتەپین و ڕووخان و لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی دەبەن.

کورد لە باشووری کوردستان، ئەمڕۆ، لە سایەی 17 ساڵی کارگێڕیی، "کۆنە پێشمەرگە و شۆڕشگێڕانی ئەوسا" و "تازە دز و گەندەڵ و شۆڕشگێیانی ئێستا"یەوە، بووەتە گەلێکی بێبەرهەم و مشەخۆر و هەڵلووش و مفتخۆر و مووچەخۆر، کە هەر "دەخوا و دەڕێ" و ژینگە پیس دەکات و وەڵاتەکەیشی بووەتە تاقیگە و گوفەکی هەرچی قرێژ و قرێژی و پیس و پیسی و خاشاکی، وەڵاتانی دەوروبەری و هەندێک لە وەڵاتە دوورەکانیش. ئەو وەڵاتە لە دواکەوتن و بەرەوپاشگەڕانەوەدا

پێشکەوتووە. کۆمەڵێک هەموو تاکەکانی بە یەک چاو تەماشا نەکرێن و یەک قانوون، کاروبار و ژیانیان بەڕێوە نەبات و هەموو یەک جۆرە دەرفەتیان بۆ نەڕەخسێنرێت، هەرگیز چاوەڕێی پێشکەوتنی لێناکرێت، بەڵکە چاوەڕوانی داڕووخان و داتەپینی لێ دەکرێت. وەلاتێکی ئەم سەردەمە جەنجاڵ و ئاڵۆز و پڕ گۆڕان و جیهانگەرییە، بیر و دید و جیهانبینی و هۆش و ئاوەزی هۆزگەرایی، خێڵگەرایی، دەستەگەرایی، گرۆگەرایی، خێزان و بنەماڵەگەرایی، حیزبگەرایی، سەرکردەپەرستی، ناتوانێت و ناشێت، بەڕێوەی ببات. پێشکەوتنی جڤاک و دەربازبوون لە قەیران و کێشە، بە خوێندنەوەی مێژوو و بنەما و سەرەتا و ڕیشەی قەیران و کێشەکان و تاوتوێ و هەڵسەنگاندن و لێفێربوونەوە دەکرێ، کە هۆش و ئاوەزێکی ڕەخنەگرانەی گەرەکە. هۆش و ئاوەزێک، هەرچی شتە و هەرچی کەسە و هەرچی مێژووە و هەرچی نەریتە و هەرچی پیرۆزییە، بخاتە ژێر پرسیارەوە. وەها عەقڵێک دەتوانێت، تەکانێک بە کورد بدات و بیخاتە سەر ڕاستەڕێ. سەرکردەیەتیی کورد، لەو ئاستەدا نییە و خودانی ئەو عەقڵەش نییە و ناتوانێتیش کورد بەرەو ئەو ئاقارە ببات. کورد بۆ خۆیشی وەک نەتەوە هێشتا لە پەراوێزی گۆڕانەکاندا دەژی و بەم بیرکردنەوە لاساییکارییە و خۆنەناسینەی ئێستایەوە و بە وەرگرتنی توێکڵ و خەڵتەی بەناو"پێشکەوتن"، گەلێ سەختە وەک نەتەوەیەک، بتوانێت لە کەنارێکی ئاسوودە و ئارامدا لەنگەر بگرێت و درێژە بە ژیان بدات. ئەو وەلاتە (باشووری کوردستان) هەر شایستەی ئەوەیە ناوی "گەندەڵستان" و "قەیرانستان"ی لێ بنرێت. دەسەڵاتی کوردستان، لە 1991ەوە، بەرپرسە لە تەواوی ئەو قەیران و کێشانەی لەو وەلاتەدا هەبوون و هەن و دێنە گۆڕێ. هیچ پاساوێک بۆ ئەو قەیرانانە نییە و مرۆڤی دووربین و هۆشیار و دڵسۆزی خاک و خەڵک، ئەو قەیرانانە و کەمتەرخەمی و گەندەڵی و ساختەکاری دەسەڵاتی

کوردستانیش، ڕوون و ئاشکرا دەبینێ. ئەوەی جێی داخە، خەڵکی وەڵاتی ئێمە، خەڵکە لێقەوماو و بەشخوراو و ستەمدیدەکە، هێشتا دەسەڵات وەک چەتر و نوێنەری خەڵک و پارێزەر و سێبەری خودا، دەبینن و هەموو مفتخۆری و دەوڵەمەندی و دزییەکی دەسەڵاتدارانیشیان، پێ ڕەوایە و وەک خواپێدان و بەش، بۆیان حیساب دەکەن.

2008 – 02 – 02

**ئامادەکردنی: ستیڤان شەمزینانی**

# زمانی ستاندارد بە زۆری و
# کەمی خەڵکەکە نییە،
# کە قسەی پێدەکەن

***ڕۆژنامە:*** **زۆرجار باس لە زمانی یەکگرتووی کوردی و دروستکردنی زمـانی سـتانداردی کـوردی دەکرێـت ، تـۆ چ ڕێگەیـەکت پێباشـە بـۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد بیگریتە بەر؟**

ئەمجـەد شـاکەلی*:* مـن پێموایـە ئێسـتا زمـانی سـتانداردی کـوردی بـۆ خۆی هەیە، ئەم زمانەی تۆ و من ئێستا پێی دەنووسین و دەخوێنینەوە، ئەمە بووەتە زمانی ستاندارد، ئەم ستانداردە بە پێوەرێک وەرگرین بۆ زمـان، ئـەم زمانـە (شـێوەزارە)ی، کـە بەهەڵـە ناویـان نـاوە سـۆرانی و بـۆ خـــۆی کرمـــانجی خـــواروە، زمانێکـــە لـــە ســـەدەی ڕابـــردووەوە، لە دەوروبەری 1920ەکانەوە خوێندنی ئەم وەڵاتەی پێ کراوە و زمانی ڕۆژنامـەوانی و کـاری ڕەسـمیی حوکوومـەت بـووە ، ئەگـەر حیسـابی حوکوومەتەکەی شێخ مەحموود بکەیت.

***ڕۆژنامـە: زۆر کـەس هـەن ئـەوە دەکەنـە پێـوەر، کـە کـام شـێوەزار زۆرینـــەی ئـــاخێوەرانی هەیـــە ئـــەوە بکرێتـــە زمـــانی ســـتاندارد تـــۆ لەمبارەوە ڕات چییە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەگەر حیسابی زۆرینە بکەین ڕەنگە کرمانجی سەروو بێت، ئەمە کەسمان لاریمان لێی نییە، بەڵام زمانی ستاندارد بە زۆری و کەمی خەڵکەکە نییە، کە قسەی پێدەکەن، ئەمە پێوەر نییە، زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە توانیبێتی جێی خۆی لە بواری میدیا و خوێندندا کردبێتەوە، زمانی ڕەسمیی دەوڵەت بێت (هەرچەند ئێمە تا ئێستا دەوڵەتمان نییە)، زمانی ڕەسمیی حوکوومەت بێت. ئەم زمانەی، ئێستا عەرەب پێی دەخوێنێت و پێی دەنووسێت و هەموو ڕێزمان و ڕێنووسی لەسەر دانراوە، زمانی کەمینەیەکی عەرەبە لە ناوچەی نیوە دوورگەی عەرەبیدا، کاتی خۆی قورەیش بەکاریان هێناوە و دواتریش بووەتە زمانی قورئان، ئێستا هەر ئەو زمانە بووەتە بنەمای زمانی عەرەبی و هێشتا بەکار دەبرێت.

***ڕۆژنامە: ئێستا هەوڵێک لە ئارادا هەیە بۆ زاڵکردنی شێوەزارێک بە سەر ئەم زمانە ستانداردەی، کە تۆ دەڵێیت چەند ساڵە دروست بووە، جێی خۆی گرتووە ئەمە چۆن دەبینی؟***

*ئەمجەد شاکەلی:* ئەمە کارێکی باش نییە ئەو شێوەزارەی، کە لەسەردەمی شێخ مەحمووددا کاری پێکراوە جێی خۆی گرتووە و خەڵک بەکاری دەهێنێت، ئەگەر لە هەندێک شوێن ئەم زمانەش نەبووەتە زمانێکی ستاندارد لەبەر ئەوە بووە، کە زمانی نووسین و خوێندن نەبووە و بواری بەکارهێنانی میدیای کوردی و زمانی ڕەسمیی کورد نەبووە.

***ڕۆژنامە: هەندێک لەوانەی لە بواری زماندا قسە دەکەن پێیانوایە زمانی ستاندارد بە پاڵپشتی بڕیاری سیاسی دروست دەبێت ، هەر ئەمەشە وایکردووە هەندێک کەس هەوڵی ئەوە دەدەن، کە زمانێکی***

***ستاندارد لەم سەردەمەی ئێستاماندا دروست بکەن، ئەو پاڵنەرە سیاسییانە چەند سەرکەتوو دەبن لە دروستکردنی ئەو زمانەدا؟***

ئەمجەد شاکەلی: پاڵنەر و فاکتەر و دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت ئەو زمانەی بیەوێت دروستی بکات، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە هەندێک شوێن وەرگرین، من ناڵێم وەک زمان، بەڵام وەک گۆڕینی ئەلفبێ باسی بکەین، ئەلفبێی لاتینی، کاتێک زیاد بەڕڕی سۆمال هاتە سەرحوکم زمانی نووسینیان نەبوو، لەبری ئەوەی دەست بە شێوەنووسینێک بکات یا ڕێنووسێک دانێت یا تیپێک بەکار بهێنێت بۆ نووسینی زمانەکەیان نزیک بێت لە عەرەبییەوە، چونکە زمانی سۆمالی بەشێکە لە زمانە سامییەکان، ئەو ئەلفبێی لاتینی هەڵبژارد و ئەلفبێی عەرەبی هەڵنەبژارد.

***ڕۆژنامە: لەوەتەی ئەم کیانە کوردییە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە گۆڕانکارییەک بەسەر زماندا هاتووە، تۆ ئەو گۆڕانکارییە بە سلبی دەبینی یا ئیجابی؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەو گۆڕانکارییانە بە ئاشکرا دیارن. ئەگەر لە ڕووی ڕێنووس و خاڵبەندی و هەندێک ڕێزمانەوە تەماشا بکەین، تاڕادەیەک هەست بە لاوازییەکی زۆر دەکەین. ئەگەر ڕەوشی ئێستای زمانی کوردی لەگەڵ سەردەمێکدا، کە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا هەبوو و ئەو دەمەی مەسعوود موحەممەد و چەندانی تر لەوێ کاریان دەکرد، بەراورد بکەین، لەو ڕووەوە ئەوان پێشکەوتوتر بوون و حاڵی زمانی کوردی باشتر بوو. نەمانی کۆڕی زانیاری کورد، زیانێکی زۆری بە زمان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردیی گەیاند، ئەم پاشاگەردانییەی لە زمانی کوردیدا دروست بووە دەرئەنجامی ئەوەیە، کە دەسگایەکی نێوەندەکی نییە، بتوانێت کۆنترۆڵی پرسەکانی زمان بکات و ڕەئی هەبێت لەو مەسەلانەدا، ئێستاش ئەو دەسگایەی بە ناوی کۆڕی زانیاری

کوردستـانەوە هەیـە، دەسـگایەکی ئیفلـیج و بێکـەڵک و بێکـارە  و هیچـی نەکردووە و هیچی پێناکرێت.

***ڕۆژنامـە: هەنـدێک ڕا هەیـە لـە سـەر هێنانـەوەی پیتـی لاتینـی بـۆ ڕێنووسـی زمـانی کـوردی، ئایـا ئەمـە چەنـد سـوود و زیـان بـە زمـانی کوردی دەگەیەنێت؟***

ئەمجەد شاکەلی: بەکارهێنانی تیپی لاتینی بۆ زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک بە قازانجی زمانی کوردی نییە، چونکە کورد ئێستا کۆمەڵێک حـەرفی هەیـە پێـی دەنووسـێت  و ئێسـتا مـوڵکی کـوردن و بـە هـیچ شێوەیەک نە عـەرەبین و نـە فارسین و نـە هیچـی تـر. هەندێک تیپمان خستۆتە سەر ئەو تیپانە، هەرگیز عەرەب نایانناسنەوە وەک (ژ ، چ ، گ) یـا ئـەو تیپانـەی حەوتـەکانیان لـە سـەرە یـا لـە ژێـرە،  ئەمـە لەلایـەک ، لە لایـەکی تـرەوە ئـەم تیپانـەی ئێستا بـەکاری دەهێنین چ ناتەواوییـەکیان هەیـە بـۆ زمـان؟ بـۆچی ناتـەواون؟ کوێیـان ناتـەواوە؟ دواتـر بـەکارهێنانی تیپی لاتینی زیانی ئـەوەمان لێدەدات، کـە ئـەوەی ئێمـە چەنـدین ساڵە لـە باوبـاپیرانی خۆمانـەوە بۆمـان ماوەتـەوە، وەک کەلـەپووریکی فەرهـەنگی نەتەوەیی لەناو دەچێت، چونکە ئەمـە دەسگای گـەورە گـەورەی پێویستە تا ئەوەی، کە چەندان ساڵە نووسراونەوە دووبـارە بخرێنـەوە سـەر تیپـی لاتینی، ئەم پەتایەش (تیپی لاتینی) ئێمە لە دەوڵـەتی تورکیاوە گرتوومانـە و بۆمان هاتووە، ئەوەش کـەمال ئـەتاتورک هێنـای بـۆ ئـەوەی تورکـەکان لـە ئیسلام و لـە عـەرەب دابڕێـت، ئەمـەش زیـانێکی زۆری لـە فەرهـەنگی تورکیـا و زمـانی تـورکی داوە، بـۆ نموونـە ئێسـتاش، تـورک کـە شـتەکانی خۆیان دەنووسن پێویستیان بە وشـەی عـەرەبی هەیـە، زمانەکـەیان چەنـد وشـەی خۆیـانی تێدایـە ئەوەنـدەش وشـەی عـەرەبی تێدایـە و هـەمووی بەهەڵە دەخوێننەوە، ئەمـەش زیـانێکی گەورەیـە بـۆ ئـەوان، دەیـان هـەزار

کتێب و دۆکیۆمینتیان هەیە تا ئێستا نەکراونەتەوە بە تورکی نوێ و تیپی لاتینی.

***ڕۆژنامە: ئەمڕۆ فەوزایەک لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا هەیە، ئەو فەوزایەش بۆتە مایەی زیاتر بێسەروبەرکردنی زمانی کوردی، کە هەر حیزب و کۆمپانیایەک دەسگایەکی ڕاگەیاندنی هەیە ئەمە مەترسی چەندە؟***

ئەمجەد شاکەلی: وەک پیشتریش وتم نەبوونی دەسگایەکی باڵا، کە هەمووکات بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکانی زمان بگەڕێیتەوە بۆی، ئەو ئاشووب و بێسەروبەری و پاشاگەردانییە دروست دەکات، ئەوەی ئێمە لە میدیای کوردیدا دەیبینین، فەوزایەکە ئەو پەڕی دیار نییە، هەر دەسگایەک شێوەنووسین و شێوەزمانێک بەکاردەهێنێت، دواتر لە دەسگا بینراو و بیستراوەکاندا، بە تایبەت تەلەڤزیۆنەکان، دەبینی بە دوو دیالێکتی کرمانجی خوارووو و کرمانجی سەروو، هەموو بابەتەکان پەخش دەکرێنەوە ، هەواڵێکی سۆرانی یەکێکی تری کرمانجی، گۆرانییەکی سۆرانی و یەکێکی کرمانجی، هەمووشتەکان لە سەر نیوەیە، وەک پەنجا بە پەنجاکەی سیاسەتی پێشووی ئەم دوو حیزبە دابەشکراوە. لە ڕووی نووسینیشەوە دەبینی هەر بلاوکراوەیەک شێوە داڕشتن و ڕێنووسێکی تایبەتی خۆی هەیە.

**سازدانی : محەمەد عەلی وەلی**

**لە ژمارە(212)ی ڕۆژی یەکشەممەی 2008-05-04ی ڕۆژنامەی "ڕۆژنامە"دا، بلاوکراوەتەوە.**

**من جیهان وەک یەکەیەک و**
**وەک وەڵاتیک و نیشتمانێک**
**بۆ هەموو مرۆڤ دەبینم**

***چاو: منداڵیی ئەمجەد لە دێیەکی بچووکی گەرمیانەوە دەستیپێکرد بەرەو ئەوروپا، دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئەوروپا ئینتیمات بۆ گوندەکەت چۆنە؟***

ئەمجەد شاکەلی: من لە کەلار لەدایک بووم و دواتر هاتینە دێی شاکەل، ئەو ئینتیمایەی تۆ باسی دەکەیت، من وای دەبینم: دوای ئەو دوورکەوتنەوە دوورودرێژەی، کە نزیکەی سی ساڵە لە دەرەوەم، ئەو هێز و تۆکمەیی و گەورەیی و واتافراوانەی جارانی نەماوە لام، کاتی خۆی ئێمە، کە بیرمان لە ئینتیما دەکردەوە، جۆرێکی تر بوو بە لامانەوە، ئینتیما بۆ کۆڵان، بۆ عەشیرەت، بۆ گوند، بۆ حیزب، بۆ شار، بۆ دەڤەر، بۆ نیشتمان، تارادەیەک ئێستا لای من شتەکان کاڵ بوونەتەوە. پێموایە هۆیەکی سەرەکی، کە لەوەدا رۆڵی هەیە مەسەلەی دوورکەوتنەوەیە، تۆ یەکەم ڕۆژ جانتاکەت هەڵدەگریت و بەرەو شوێنێکی نادیار کۆچ دەکەیت، دیارە من بۆ خۆم ئاوا ڕۆیشتم و ئامانجێکم نەبوو، کە بزانم بەرەو کوێ دەڕۆم، واتە هەڵاتم لێرە، دەڕۆیت و لە شوێنێکی تر دەگیرسێیتەوە، چەمکی ئینتیما لەلات دەگۆڕێت و دەبێتە شتێکی تر، دەبێتە ئەوەی، تۆ جیهان بە شێوەیەکی فراوانتر ببینیت، هەڵکەندنی ئەو ڕەگە و ڕواندنەوەی لە شوێنێکی تر، وات لێ دەکات، نە ئێرە بە وەڵاتی خۆت

بزانیت نە ئەوێ، ڕەنگە لە هەمان کاتیشدا، هەموو شوێنێکیش، بە هی خۆت بزانیت، من ناڵێم بێ ڕەگوڕیشەیی، بەڵام شتێکی وات لا دروست دەبێت، کە چەمکی نیشتیمان، چەمکی وەڵات، چەمکی دێ، چەمکی هۆز و ئەمانەت لەلا کاڵ دەبنەوە و گچکەتر دەیانبینی. ئێستا جوگرافیای ئینتیمای من فراوانتر و بەرینترە. من بۆ خۆم هەر بڕوام بە سنوور نییە و دژی سنوور و لەگەڵ ڕووخاندن و سڕینەوەی هەموو مەرزەکانی نێوان هەموو وەڵاتانی جیهاندام و جیهان وەک یەکەیەک و وەک وەڵاتیک و نیشتمانێک بۆ هەموو مرۆڤ دەبینم. من خۆم و هەموو مرۆڤێکی دیکەی ئەم جیهانە، بە هاووەڵاتی هەموو جیهان دەزانم و جیهان، بە من، هی هەمووانە و جێی هەمووانیشی تێدا دەبێتەوە.

***چاو: بە بەراورد بە سەردەمی لاویی تۆ و ئەوەی پێی دەوترێت گرووپی کفری، ئاستی ڕۆشنبیریی گەرمیان چۆن دەبینی؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەو دەمەی من لە قۆناغی دواناوەندی بووم لە شاری کفری ، ئەو گرووپەی تۆ باست کرد و زۆر جاریش لە میدیای کوردیدا باسی لێوە دەکرێت، ناوی گرووپی لێ نەنرابوو و شتێک نەبوو ناوی ڕێکخراوێکی لێنرابێت، بەڵام لە واقیعدا وەک گرووپ و دەستەیەکی زۆر چالاک بوو و کەسانێک بوون پەرۆشیان گۆڕانکاری و نوێکردنەوە بوو. ئەوان خەڵکانێک بوون، لە بواری فەرهەنگ و شیعر و ئەدەبدا کاریان دەکرد وسەرقاڵی خوێندنەوە بوون و وەدووی شتی نوێدا دەگەڕان. لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی(جاران ئەنوەر)، سەرقاڵی شیعر بوون و ئەوان پێشەنگی ئەو بزاڤی نوێخوازییە بوون. لەتیف حامید بەرزنجی و ئەحمەد شاکەلی، کە لە کەرکووک بوون، چیرۆکیان دەنووسی و ئەوانیش نوێخواز بوون و ئەوانیش وەک ئەو دوو شاعیرەی کفری داخوازیی گۆڕین و نویکردنەوەی ئەدەبییان دەکرد و پێوەندیان لەگەڵ لەتیف

هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی(ئێستا فەرهاد)دا هەبوو. هەڵمەت و بەرزنجی و ئەو دوو شاکەلییە، بنەما و بزوێنەر و دەسپێکی ئەو بزاڤە نوێگەرییە شیعری و چیرۆکی و ئەدەبییەی کفری و کەرکووک بوون، کە دواتر هەموو باشووری کوردستانی گرتەوە. هەموو ئەمانە شتی نوێ و بە شێوازی نوێ دەنووسی و بڵاویان دەکردەوە. ئەوانەی، لە کفری، لەو دوو شاعیرەی کفرییەوە نزیک بوون و مەیلیان بەلای ئەواندا هەبوو و کەیفیان بە شیعر و نووسین و بۆچوونەکانی ئەوانەی کفری و کەرکووکدا دەهات، کەسانێکی وەک: فەریق ئەمین، موحەممەد داماو(موحەممەد بێکراس)، عەلی عەبدوڵڵا، موحەممەد حەمەساڵح تۆفیق، کەنعان مەدحەت و ئەنوەر شاکەلی(ساڵی 1974 شەهید بوو) بوون، کە ئاگاداری ئەو مەسەلانە بوون و هەن. منیش یەکێک بووم لەو کەسانەی، کە لە نزیکەوە لەگەڵ ئەواندا هەڵسوکەوتم دەکرد، لێ من ئەودەمە لە بەغدا بووم. ئەمان شتی تازەیان پێ بوو و بابەتەکانیان زۆرجاران ڕەفزی شتە باوەکانی کۆمەڵ بوو، بەرەنگارییەک بوو دژی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و سیاسییە چەقبەستووەی، کە هەبوو. ئەوان نوێخواز بوون و گەرەکیانبوو گۆڕانیکی ڕادیکاڵانە لە شیعر و ئەدەبی کوردیدا بکەن و کردیشیان. لەتیف هەڵمەت و ئەنوەر شاکەلی(فەرهادی ئێستا) زۆر دەمێک پێش ڕوانگە بەیانێکیان بۆ تازەکردنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی دەرکرد و جاڕی گۆڕانیان دا. ئەگەر بەراوردی ئەو دۆخە بکەین بە جووڵانەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەبیی ئێستا دیارە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە و ئێستا خەڵکێکی زۆر پەیدا بوون، کە خەریکی نووسین و بڵاوکردنەوەن و لە بواری میدیادا دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە، ئیتر بە هەموو جۆرەکانی میدیاوە، بەڵام ئێستا تا ڕادەیەک وەک ئەوە وایە، کە کورد پێی دەڵێ زۆر و بۆر. خەڵکێکی زۆر لەو بوارەدا کار دەکەن، بەڵام لەناو ئەوانەدا چەندیان شتیان پێیە و چاکن؟ من ماوەیەکی کەمە لێرەم و زۆر

شارەزاییم لەو شتانەی  ئێرە و بەتایبەت گەرمیان نییە، بۆیە ناتوانم ئەو حوکمە بدەم، بە گشتی جووڵانەوەیەکی باش هەیە، بەڵام ئەو دەنگە زوڵاڵە بوێرە نەترسە سەربڵندەی ساڵانی 1960 و 1970ی ئەودەم نایەتە بەرگوێ، ئێستا ئەوانەیشی سەروسەودایەکیان لەتەک فەرهەنگدا هەیە تاڕادەیەک دەست بە کڵاوی خۆیانەوە دەگرن و هاتوهاوار ناکەن.

***چاو: ماوەیەک پێش ئێستا عیسا چیایی باسی لەوە کرد، کە کاتی خۆی بڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە بەناوی سێبەر، تۆ بەو پێیەی لێیانەوە نزیک بووی هیچ پەیوەندییەکت بەو بڵاوکراوەیەوە هەبوو؟***

ئەمجەد شاکەلی: نا ئاگام لەوە نییە، بەڵام وەک بیرم بیت ئەحمەد شاکەلی شتێکی دەردەکرد ناوی (هەللیلوویا) بوو ئەو کات عیسا چیایی ڕەنگە  منداڵ بووبێت، ئێمەیش بابەتمان لەو بڵاوکراوەیەدا دەنووسی، منیش شتم تێدا دەنووسی، جار بەجار دەردەکرا، بە ڕێکی نازانم چەندی جارێک، بەڵام بە چوار پێنج لاپەڕە دەردەکرا و لەنێوان گوندەکانی شاکەل(دێینە و سەیدە و شاکەل و سەعداوا و ئەوڵاقوت)ی گەرمیاندا بڵاوکراوەکە هاتوچۆی دەکرد و نێزیکەی 7 – 8 ژمارەیەکی لێ دەرچوو. شتیکی تر، کە ئەنوەر شاکەلی (فەرهادی ئێستا) دەریدەکرد، ئەو کات گەلێ منداڵیش بوو، هێشتا لە تەمەنی دە(10)، یازدە(11) ساڵان و ئەوانەدا بوو،  بەناوی (لادێ) بوو. تەنیا یەک پەڕە کاغەز بوو. ئەو (لادێ)یە گەلێک پێش (هەللیلوویا) بوو و نێزیکەی 50 - 60 ژمارەیەکی لێ دەرچوو، بۆ خۆی ئەویش شتێک بوو، بەڵام بە عەقڵی ئێستا لێکی بدەیتەوە ڕەنگە حیسابی منداڵانەیان بۆ بکرێت، ئیتر نازانم ئێستا لێیان ماون یان نا. منیش بڵاوکراوەیەکم بە ناوی ئەلوەعی(الوعي) بە عەرەبی دەردەکرد، ئەویش هەر شتێکی کرچوکاڵ بوو.

***چاو: ئێوە وەکو شاکەلییەکان هەر لە دوای شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیری گەورەی گەرمیان و بەتایبەت ئەم جیلەی ئێوە زۆرتر خەریکی نووسین و شیعر و ئەدەبیاتن، هۆکاری ئەوە چییە؟***

ئەمجەد شاکەلی: خەریکبوون بە شیعر و ئەدەب و کاری فەرهەنگییەوە لەنێو ماڵباتی ئێمەدا، لایەنێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، بنەماڵەی ئێمە هەر لە کۆنەوە خوێندەوار بوونە و لەگەڵ کتێب و ئەدەبییاتدا سەروسەودایەکیان هەبووە و تێکەڵ بە سیاسەت و بزاڤی ئازادیخوازی کورد بوون و لایەنێکی تری ئەوەیە سەر بە تەریقەتی نەقشبەندیین، کە بۆ خۆی ژینگەیەکی بە پیتی فەرهەنگ و ئەدەبە. ئەمە وای کردووە، سەروسەودایەکمان لەگەڵ ئەو بابەتانەدا هەبێت. کتێب و خوێندنەوە و پێوەند لەگەڵ شیعر و ئەدەبدا زۆر لەپێش شێخ ئەحمەدی شاکەلییشدا، لەنێو ماڵباتی ئێمەدا هەر هەبووە. مامی من شێخ مەحموودی شاکەلی، کە لە باوکم گەورەتر بووە و لە ساڵی 1923 لەدایک بووە و لە 1945دا و لەتەمەنی 22 ساڵییدا کۆچیدوایی کردووە، کەشکۆڵێکی دەستنووسی لەپاش بەجێماوە، کە بە دەست و خەتی خۆی نووسیوەتییەوە، ئەو کەشکۆڵە ئێستا ماوە و لای باوکمە، کە کۆمەڵێ شیعری شاعیرانی کۆ کردووەتەوە و هەر بە دەستنووسی ماوەتەوە، هەندێکیان شیعری دەگمەنن و لە شوێنی دیکە نین. هەر لەناو ئەو دەفتەری کەشکۆڵەدا کۆمەڵێک دروشمی لە وێنەی بژی کوردستانی گەورە و دەربڕینی زۆر جوانی نووسیون و هەن، کە هێمایەکن بۆ هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی و دڵسۆزیی ئەو. مامم یەکێک بووە لە ئەندامە باڵاکانی حیزبی هیوا و پێوەندێکی توندوتۆڵ و چڕی لەگەڵ مەلا سەیید حەکیم و مامۆستا عەزیز پشتیوان و ڕەشید باجەلان و سەرانی دیکەی حیزبی هیوادا هەبووە و گەلێ جار بۆ جڤین و کاری حیزبی و بۆ دیداری ئەو کەسانە، لە کەلارەوە چووە بۆ بەری ڕۆژهەڵاتی

سـیروان(بەری خـانەقین). باپیریشـم، بـاوکی بـاوکم(شـێخ سـولەیمانی شاکەلی)، فارسیزانێکی زۆر شارەزا و سەعدی ناسێکی توانا و شارەزایەکی بـاش بـووە لە ئەدەبییـاتی فارسـیدا، بـاوکم لە مـوحەممەد سـەعید بەگـی جـاف، کە هـاوڕێ و دۆسـتێکی گەلـێ نێزیکـی بـوو، دەگێـڕێتەوە، کە لە سـەرەتای سـاڵانی 1930، ڕۆژێـک فرۆکەیەکـی گچـکە لە کەلار لە نێزیکـی مـاڵی کەریـم بەگـی جـاف، سـەرۆکی ئەودەمـی جـاف، دەنیشـێتەوە و دوو پیاوی ئینگلیزی لێ دادەبەزن و دەچنە ماڵی میـری جاف. پیاوەکـان زمـانی فارسییان بـاش زانیـوە و پێـی پەیڤیـون و لەگەڵ کەریـم بەگـدا بە فارسـی دواون. بە میـری جـاف دەڵـێن، کە چەنـد بەیتێکـی شـیعری سـەعدی شـیرازییان لایە، پێویسـتیان بەوەیە کەسـێک بە فارسـییەکی جـوان، بۆیـان لێکبـداتەوە و بە ڕوونیـی لە واتـاکەی تێیانگەیەنێـت. میـری جـافیش دەڵـێ، تاکە یەک کەس شک دەبەم وەها کارێکی پێ بکرێ. دەسبەجێ دەنێـرێتە شـوێن شێخ بسـولەیمانی شـاکەلیدا. کە شیخ سـولەیمان وەژوور دەکەوێ، میـری جـاف و ئەو خەڵکانەیشـی لەوێ بـوونە هەمـوو وەک ڕێـز، بـۆی هەڵدەستنە سەر پێ و میـری جاف، شێخی شـاکەلی لە سـەرووی خۆیەوە دادەنێ. ئینگلیزەکان لەو کردەوەیەی میری جاف، سـەریان سـووڕ دەمێنـێ و لە میری جاف دەپرسـن، چۆنە وا لەبەر ئەو پیاوە ڕووتەڵە و هەژارە، وا هەڵدەستێتە سەرپێیان و ئەو هەموو ڕێزەی لێدەگرێ! میـری جاف دەڵێ، ئەم پیـاوە سـەییدە و بە ڕەچەڵەک نەوەی پەیـامبەری ئیسـلامە، بـۆیە وا ڕێـزی لـێ دەگیـرێ. پاشـان ئینگلیزەکـان شیعرەکە پێشـانی شێخی شـاکەلی دەدەن و ئەویـش دەیخـوێنێتەوە و بە زمـانێکی فارسـیی پـاراو و ڕەوان، تەواوی شـیعرەکە بـۆ ئینگلیزەکـان لێکـدەداتەوە و ڕوون دەکـاتەوە و ئینگلیزەکـان، لەو هەمـوو زانـین و وردیـیەی شـێخ سـولەیمان سـەریان سـووڕدەمێنێ و گەلێـک سپاسـگوزار و کەیفخـۆش دەبـن بەو کـارە و داوا لە شێخی شاکەلی دەکەن، لەگەڵیان بچێت بۆ بریتانیا و بەڵێنی پێ دەدەن،

بەوەی باشترین ژیان و خوێندنی بۆ دەستەبەر بکەن و دواتر بە کۆلێک زانیاری و پلەی باڵای خوێندەوارییەوە بگەڕێتەوە بۆ وەڵاتی خۆی، بەڵام شێخی شاکەلی بەوە قایل نابێت و دڵی نایەت وەڵات و کۆمەڵەکەی خۆی جێبهێڵێت و بەو ژیانە هەژار و سنووردارەی خۆی قایل دەبێ. شێخ سولەیمانی شاکەلی، پێش دامەزراندنی حیزبی هیوا، گەلێک لە مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)ی، کە دواتر بوو بە ڕێبەری هیوا نزیک بووە و پێشتریش لە دامەزراندنی حیزبێکی کوردیدا بەناوی (حیزبی ئازادی کوردستان)یا شتێکی لەو جۆرە، کە لە دەوروبەری 1930یەکاندا دامەزراوە بەشدار بووە.

لەمەڕ پێوەندی شێخ سولەیمانی شاکەلی بە سیاسەتەوە، موحەممەد سەعید بەگی جاف، جارێکی دیکە بۆ باوکمی گێڕاوەتەوە، کە لە ساڵی 1931و ئەو دەورانەدا و کاتی شۆڕشی بارزان، کە ئەودەمە شێخ ئەحمەدی بارزانی سەرکردەیەتی کردووە، شێخی بارزان، نامەیەکی ناردووە بۆ چەند کەسێکی دەڤەری گەرمیان بۆ ئەوەی ئەگەر پێویست بوو بە هێزێکی چەکدارەوە فریای بارزانییەکان بکەون و بە هانایانەوە بچن. نامەکە دەنێری بۆ سێ کەسایەتی دەڤەری گەرمیان: حەمەبەگی جاف(باوکی موحەممەدسەعید بەگ)، شێخ جەمالی تاڵەبانی و شێخ سولەیمانی شاکەلی، ئەودەمە ئەمان لە حیزبێکدا کار دەکەن، کە ناوی حیزبی ئازادی کوردستان، یا شتێکی لەو جۆرە بووە و دەوروبەری 700 کەسی خۆبەخشیان هەبووە، کە بە خۆ و بە چەکەوە، ئامادەبوونە بۆ هەموو کارێکی سەربازی و چەکداریی. بە نوێنەرایەتی ئەو حیزبە شێخ سولەیمانی شاکەلی بە سواری و بە شێوەیەکی نهێنی دەڕوات بۆ دەڤەری بادینان و ناوچەی بارزان و لەوێ لەگەڵ شۆڕشگێڕانی ئەو دەڤەرەدا کۆدەبێتەوە و چاوی بە شێخی بارزان دەکەوێت و مەیل و سۆز و ئامادەیی و کۆمەک و پەیمانی هاریکاریی چەکداری و سەربازی دەڤەری

گەرمیان و حیزبەکەی، کە خۆی لەگەڵی بووە، بەوان دەگەیەنێت. شێخ ئەحمەدی بارزانی پێی دەڵێ، هەرکاتێک پێویست بکات خۆیان ئاگاداریان دەکەنەوە و داوای کۆمەک دەکەن. شێخ سولەیمانی شاکەلی لەو سەفەرەیدا نێزیکەی یەک مانگی پێ دەچێ. شێخ عەلی شاکەلی، کە مامی باوکم بووە، بێجگە لەوەی پیاوێکی خوداناس و سۆفی و زاهید بووە، شارەزایی لە فەلەکناسیشدا هەبووە و شاعیر بووە و بە ناوی غالیب(غالب) شاکەلییەوە شیعری نووسیوە، لە گۆڤاری"دەنگی گێتی تازە"دا، شیعری بڵاو کردووەتەوە. خۆیشم بە بیرم بێ، لە ماڵی ئێمەدا هەمیشە کتێب و کتێبخانەیەکی باش هەبووە، کە ژمارەیەکی زۆری کتێبی کوردی و عەرەبی و تەنانەت فارسیشی تێدا بووە و هەموو ژمارەکانی گۆڤاری گەلاوێژ و گۆڤارەکانی هەتاو و هیوا و ڕۆژی نوێ و ڕۆژنامەی خەبات و دەیان بڵاوکراوەی تر لە ماڵماندا هەبوون، کە باوکم بەشداریی لە زۆریاندا هەبوو و بەردەوام بۆی دەهاتن. ڕەنگە شێخ ئەحمەدی شاکەلییش، هەرچەندە جیاوازیی تەمەن و جیهانبینییش لەنێوان ئەو و نەوەی ئێمەدا هەبووە، جۆرە کاریگەرییەکی ناڕاستەوخۆی، تەنێ وەک ناوێک و سروشبەخشینێک بەسەر ئێمەوە بووبێ، لێ تەواوی ئەو پاشخانە فەرهەنگییەی خێزانەکە بۆخۆی، وەک یەکەیەک، کاریگەریی هەبووە و ڕچە و سەرمەشقێک بووە بۆ ئێمە.

***چاو: وەکو نووسین کەی و لە کوێوە دەستت پێکرد؟***

ئەمجەد شاکەلی: من لەو کاتەی لە قۆناغی ناوەندی و دواناوەندیدا بووم، جاروبار، وردە بابەتم دەنووسی،بەڵام کەمجار بڵاوم دەکردنەوە، لە بڵاوکراوەکەی ئەحمەد شاکەلیدا بە کوردی نووسینم هەبوو، لێ نازانم چیم نووسیوە و چۆنم نوسیووە و گەلێ جاریش شتم دەنووسی، بەڵام بڵاوم نەدەکردەوە، ئیتر ڕەنگە جورئەتم نەکردبێ یان بەلامەوە لاواز بووە

و بڵاوم نەکردووەتەوە، بەڵام دواتر، کە چوومە بەغدا هەندێ شتم بڵاو کردەوە و یەکەم شتیشم بەناوی خوازراوەوە و بە عەرەبی بوو بە ناونیشانی (لەپیناوی فەرهەنگێکی سۆسیالیستی

دا"من أجل ثقافة إشتراكية")، وتارێکی کورت بوو، دواتر وتارێکی کورتی دیکەم هەر بە عەرەبی لەمەڕ شێوەزارەکوردییەکان و یەکخستنی زمانی کوردییەوە نووسی و هەر بە عەرەبی شتێکی ترم بە ناوی (حول حقيقة الوضع فی سيلان) بە ناوێکی خوازراوەوە لە گۆڤاری (الهدف)دا، کە بەرەی میللی ڕزگاریی فلستین لە بەیرووت دەریدەکرد، بڵاو کردەوە، ئەو گوتارەم لە ڕێگەی هاوڕێیەکی فلستینیمەوە بۆ ناردن. ئەو گوتارە وەڵامێک بوو بۆ نووسەرێکی سۆڤییێتی، کە ڕەخنەی لە جووڵانەوەی ماویستەکانی وەڵاتی سیلان گرتبوو، منیش وەڵامی ئەوم دابووەوە و داکۆکیم لە بزاڤی ماویستەکان کردبوو. ئەو وتارانە بە ناوی خوازراوەوە بوون. دواتریش دوو چیرۆکم لە حەفتەنامەی هاوکاریدا بڵاوکردەوە، یەکەمیان بە ناوی(ڕۆکفلەریش ئەگیرێت) بوو، بە ناوێکی خوازراوەوە بڵاو بووەوە و ئەوی دیکەیشیان بەناوی(باران، پارووبەک نان، گۆرانییەکیش) بوو، کە بۆ یەکەمجار بەناوی خۆمەوە بڵاوم کردەوە، ئیدی لەوێوە دەستمپێکرد، بەڵام زۆر بەکاوەخۆ.

***چاو: زۆر نووسینت هەیە دەربارەی چەپ و سۆسیالیزم بەتایبەت زنجیرە وتاری مێژووی نوێی چەپ لە کوردستان، بەقسەکانیشتدا دیارە دەمێکە لەگەڵ بیری سۆسیالیزمدا نێوانتان هەیە، ئەوە بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: لام وابێ بۆ سەردەمی منداڵی بگەڕێتەوە (بەپێکەنینەوە)، زۆر جاریش برادەرکانم ئەو پرسیارەم لێ دەکەن، من دەیگەڕێنمەوە بۆ منداڵیی ئەم گەرمیانەم، چونکە دێیەکەی ئێمە (شاکەل)

لە سێ نەتەوەی جیاواز پێکهاتبوو، کورد، عەرەب و تورکمان، هەرسێکی تێدا بوون. ئێمە بە منداڵی لەگەڵ ئەوانەدا پێکەوە بووین و لەگەڵ ئەوانەدا گەورە بووین و هەستی جیاوازی لە نێوانماندا نەبوو و وەک منداڵی ئەو نەتەوە جیاوازانەیش پێکەوە وازیمان دەکرد. یەکەم هاوڕێی منداڵیم لە شاکەل، کە بەردەوام لە ماوەی ئەو یەک دوو ساڵەی پێش چوونە خوێندنگەم، پێکەوە گەمەمان دەکرد، ئەحمەدی مەلا برایم بوو، منداڵێکی عەرەب بوو و لە هۆزی ئەلجومەیلی (الجميلي)، کوردییەکی یەکجارکەمی دەزانی. دواتر ئەوان باریان کرد و ئیدی تێکەڵ بە منداڵی کورد و تورکمان بووم و ئەوان بوونە هاوڕێم. ئەو جۆرە پێکەوەژیانە وای لێکردم، فێری قەبووڵکردنی جیاوازییەکان و قەبووڵکردنی ئەوی دیکە ببم. ئەوکاتیش من هەستی نەتەوەییم لەلا هێندە بەهێز نەبوو. من خەڵکەکەم وەکو مرۆڤ دەبینی و ئیتر کورد بوو عەرەب بوو تورکمان بوو، شتێک نەبوو بەلامەوە. ئێمە تێکەڵاوییەکی زۆرمان پێکەوە هەبوو و یەکماڵ و یەکخێزان بووین، ڕەنگە ئەوە سەرەتای دروستبوونی ئەو هەستە بێت. پاشان چوومە کفری بۆ خوێندن لەوێیش تێکەڵاویم لەگەڵ کۆمەڵێ خەڵکی تردا هەبوو، کە تورکمان و عەرەبیان تێدا بوون و کۆمەڵێ خەڵکی چەپم ناسی، کە تێیاندا هەیە تا ئێستاش وەک برادەریی پێوەندمان ماوە، کە چوومە بەغدایش زیاتر مەسەلەکەم لەلا تۆخ بووەوە و لەوێ تێکەڵاویم لەگەڵ کورد و عەرەب و تورکمان و شیعە و سوننە و ئێزدی و یارسان و مەندائی و مەسیحیدا پەیداکرد و ئیتر خۆم لە خانەیەکی چەپدا دۆزییەوە. دوای بەغدایش، کە لە کەرکووک ژیام تێکەڵاویم لەگەڵ هەموو جۆرە خەڵکێکدا، کە لە ڕووی ئایین و ئایینزا و نەتەوەوە جیاوازبوون، پەیدا کرد.

***چاو: ئێستاش بەردەوام لەو خانەدای؟***

ئەمجەد شاکەلی: مەبەستت خانەی چەپە! ئەو چەپەی داکۆکی لە هەژار و بەشخوراو و ستەمدیدە و چەوساوان دەکات و ئازادی و یەکسانی ئامانجیەتی و دژی سەرمایەداری و ستەم و نادادییە! بەڵێ ئێستایش هەر لەو خانەیەدام، لێ تەنێ وەک بیروباوەڕ و جیهانبینی، بەڵام ئەو کاتە وەک ئینتیمایش سەر بە گرووپێکی چەپ بووم، کە حیزبی شیووعی عیراقی (قیادەی مەرکەزی) بوو.

***چاو: لەنووسینێکدا دەڵێی بیروباوەڕ و هزر بەبێ ڕەوشت هیچ نییە و ئەوانەی بیری سۆسیالیستی هەڵدەگرن ئەگەر بە ڕەوشت سۆسیالیست نەبن ئەوا خائینن، پاشان باس لە ئیبراهیم ئەحمەد دەکەیت، کە بەناوی چەپەوە دژایەتی چەپی کردووە، چۆن ئەو خەڵکەت بەو ئاسانییە بە خائین دەرکردووە؟***

ئەمجەد شاکەلی: من ناڵێم خائین و خیانەتکار، بەڵام پێموایە ڕەوشتی سۆسیالیستانە خۆی ئەوەیە، کە بڕوات بە یەکسانی خەڵکەکە و عەدالەتی جڤاکی بوو، دەبێ خۆت لە سەرووی خەڵکەوە نەبینێت و تۆیش وەک هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵە ڕەوتار بکەیت. کرێکارێکی چەپی سۆسیالیست، کە دەبێتە ئەندامی سەندیکای کرێکاران و پاش ماوەیەک دەبێتە بەرپرسی سەندیکا و لەپڕ بە سەر سەندیکاوە دەوڵەمەند دەبێت و دەبێتە خاوەن خانوو و ئۆتۆمبیل و شتی تر، ئەمە لەچینەکەی خۆی دەردەچێت، کە چینەکەی خۆی گۆڕی و چووە چینێکی ترەوە، ئەوا ڕەوشتە سۆسیالیستانەکەی نامێنێ و لەو بیر و جیهانبینییە لا دەدات. سەبارەت بە ئیبراهیم ئەحمەد ڕەنگە ئەو خۆی بە چەپ زانیبێت و پێڕۆیانیشی ئەویان بە چەپ زانیبێت، بەڵام ئەو هەرگیز چەپ نەبووە، بەڵکە ئەو بە کردەوە، دژایەتی چەپەکانیشی کردووە، نەک هەر ئەوە تەنانەت ئەو هێڵەی پێڕۆی

ئیبـراهیم ئەحمـەدیش بـوو و وەک چـەپ خـۆی دەناسـاند وا نـەبوو، واتـە چەپ نەبوو.

***چاو: ئـەو حیزبانـەی، کـە ئێستا لـە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان وەکـو چـەپ و سۆسیالیسـت خۆیـان پێناسـە دەکـەن دەچنـە چوارچێـوەی ئـەو پێناسەیەوە؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: پێموایـە زۆرینـەی ئەوانـەی ئێسـتا لـە کوردسـتان بانگەشـەی سۆسـیالیزم دەکـەن، وەک ڕەوشـت و هەڵسـوکەوت، ئـەو بیرەیان هەڵنـەگرتووە. سۆسیالیزم و هـەر بیرێکـی تـر، کـە تـۆ بـڕوات پێـی هـەبێت ئەگـەر ڕەوشـتی لەگـەڵ نـەبێ، وەک کابرایـەکی موسـوڵمانە، کـە ئیـدیعا دەکـات دەڵـێ مـن موسـوڵمانم کـەچی پێـڕۆی هـیچ شـتێکی ئیسـلام ناکات، ئیتر چۆن پێی بڵێی موسوڵمان. ئەوانـەی ئێستا بـاس لـە سۆسیالیزم دەکەن، ڕەنگە لە دڵەوە پاک بـن، دیارە ئێستا هەنـدێکیان لـە دەسـەڵاتن و هەندێکی تریـان شـەریکی دەسـەڵاتن بـەڵام ئـەوەی سۆسیالیستی بێـت مـن لـەم کۆمـەڵی خۆمانـدا نـایبینم و شـتی وا نییـە، بـەڵکو پیچەوانەکـەی ڕاستە. ئەو حیزبانەی کوردستان، کە باسی سۆسیالیزم دەکەن، پێیەکیان لە خانـەی دەسـەڵاتدایە و داکـۆکی لـە گەندەڵییـەکانی دەسـەڵات دەکـەن و پینـەی هەڵەکانی دەسەڵات دەکەن و لە سەر خوانی دەسەڵات و بە پارەوپوولی دەسـەڵات دەژیـن و پێیەکـەی تریشـیان لـە دەرێـی دەسـەڵاتـە و باسـی سۆسیالیزم دەکەن.

***چاو: باسی چیرۆکت کرد ئێستا چیرۆک نانووسی؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: نـەخێر، ئێسـتا نایـنووسـم، وا بـزانم سـاڵی 1972 بـوو یەکەم چیرۆکم نووسی، بـەڵام ئێستاش چیـرۆک دەخوێنمـەوە و دووریـش نییە جارێکی دی، ڕۆژگارێکی دی، هەستی خۆم بە چیرۆک، دەربڕم.

***چاو: چیرۆکی کوردی لە ئێستادا چۆن دەبینی؟***

ئەمجەد شاکەلی: چیرۆکی کوردی لە ڕووی زمان و ناوەڕۆک و تەکنیکی نووسین و شتی ترەوە، ئێستا پێشکەوتووە و گۆڕانێکی باشی بە سەردا هاتووە، ئەمەش دیارە هەمووی نا. لەتیف حامید بەرزنجی، ئەحمەد شاکەلی و موحەممەد مەولوود(مەم)، چیرۆکنووسی باش و داهێنەر بوون. ئێستا حوسەین عارف، ئەحمەد محمد ئیسماعیل، عەتای نەهایی، عەبدوڵڵا سەڕاج، موحەممەدفەریق حەسەن، موحەممەد موکری، جەلیل کاکەوەیس، حەکیم کاکەوەیس، شێرزاد حەسەن و... چیرۆکنووسی باش و داهێنەر و لێهاتوون. ئێستا چیرۆک بە گشتی پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیووە و نووسەرەکان ڕاشکاوانەتر دەنووسن. جاران بە پێچوپەنا بۆ شتەکان دەڕۆیشتن، لە ڕووی زمانەوە گۆڕانی بە سەردا هاتووە دیارە نەک هەمووی، خەڵکانێکیش هەن چیرۆک دەنووسن وا نین.

***چاو: حەمەسەعید حەسەن بەم دواییانە لەنووسینێکیدا دەڵێ شیعر لە چیرۆک و ڕۆمان واقیعیترە و لە خوێنەرەوە نزیکترە و ڕاستگۆیانەتریشە، ئەمە چۆنە بەلای تۆوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: من دیارە شاعیر نیم و زۆریش سەرم لە شیعر دەرناچێت، بەڵام پێموانییە و لەگەڵ ئەو ڕایەدا نیم. چیرۆک زیاتر شتێکە پێوەندی بە ژیانی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانەی مرۆڤەوە هەیە، تۆ شتێک هەڵدەبژێری لەناو واقیعی ژیانی خەڵکەوە، کە باسی شتێکی کۆمەڵایەتی یان ڕووداوێک دەکات و وینەیەکت دەداتێ، کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەڵام شیعر پتر هەستە و مۆسیقایە و جوانییە، شتێکە ئەگەر زۆر بەقووڵی نەیخوێنیتەوە، هەموو کەس ناتوانێ تێبگات.

***چاو: وادیارە تۆ کارت بۆ منداڵانیش کردووە، ئەو کارانە چین و بۆ کەی دەگەڕێنەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: لەبارەی منداڵەوە کتێبێکم هەیە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر منداڵی کورد و خوێندنی کوردی لە هەندەران، کە زیاتر پێوەندی بە ژیان و خوێندنی منداڵی کوردەوە هەیە لە هەندەران، ئیتر ئەگەر ئەوە بەکارکردن بۆ منداڵ بێتە ژماردن من نازانم، بەڵام هەندێ چیرۆکی منداڵیشم لە زمانی سوێدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاو کراونەتەوە، پاشان لە گۆڤاری کۆچەر، کە گۆڤارێکی زارۆکان بوو و لە سوێد دەردەچوو کارم دەکرد و شتم تێدا بڵاو دەکردەوە. لە گۆڤاری مامۆستای کوردیشدا هەندێ چیرۆکی وەرگێڕدراوی منداڵانم بڵاو کردەوە، لەگەڵ ئەوانەیشدا لە سوێد وەک مامۆستا وانەم وتووەتەوە و لەگەڵ زارۆکاندا کارم کردووە.

***چاو: لەکتێبەکەی ئەم دواییەتدا (ئەوەی نابێ بگوترێ دەبێ بگوترێ) چی ماوە بیڵێی؟***

ئەمجەد شاکەلی: وەڵڵا زۆر شت ماوە (بەپێکەنینەوە)، جا چی گوتراوە، ئێستا ناتوانم بڵێم فلان شت ماوە، بەڵام زۆر شت ماوە، پێموایە شتەکان ئەگەر وترابێتیشن بە ناتەواوی وتراون و هێشتا ماون و قسەکان تەواو نەبوونە و درێژەیان هەیە.

***چاو: بچینەوە سەر باسی ئۆردووگای صموودی جاران و ناحیەی ڕزگاری ئێستا لە گەرمیان، تۆ کاتی خۆی لە نووسینێکدا داوات کردبوو، صموود و ئۆردووگاکانی تری دروستکراوی بەعس تەخت بکرێن و نەمێنن، ئەوەت لە چ ڕوانگەیەکەوە وت؟ ئێستاش لەسەری سووری؟***

ئەمجەد شاکەلی: پێموایە دەبوو ئەو کارە هەر زۆر زوو بکرایە و ئێستاش پێموایە دەبێ بکرێ، کاتێ من ئەوەم وت ساڵی 1992 بوو، کە یەکەم جار گەڕامەوە کوردستان، ئەم سموودەم بینی نێوەندی ئەنفالستان بوو، هەرچی خەڵکی پاشماوەی ئەنفال و دەربەدەرکراو و بەدبەخت و نەگبەت و بێوەژن و سیاپۆش هەبوون، هەموو لەوێ کۆ کرابوونەوە، دیارە ئێستایش هەر وایە، لەو ڕوانگەیەوە ئەوەم وت. پێموابوو سموود پەیکەری بەعسە، وەک ئەوەی پەیکەرێکی سەددام حوسەین لە شوێنێک دروست کرابێ و تۆ بیهێڵیتەوە، پاراستنی بەلامەوە تاوان بوو، من ئێستاش ئەو بۆچوونەم هەیە، بەڵام من ناتوانم بڵێم تۆ بچۆ ماڵەکان بڕووخێنە و خەڵکەکانی دەربەدەر بکە، خەڵکی زۆرینەی دێیەکانی گەرمیان و کەرکووکی لێیە، تۆ بچۆ دێیەکانیان ئاوەدان بکەوە و خزمەتگوزارییان بۆ دابین بکە و پاشان سموود تێک بدە و بیڕووخێنە، ئەمە نەک نەکراوە، بەڵکە دەبینم جۆرەها پرۆژەی تێدا کراوە و دەکرێ، ڕازێنراوەتەوە و کراوەتە شار، پێموایە ئەمە درێژەپێدانی سیاسەتی بەعسە و مانەوەی ئەم جۆرە ئۆردوگەیانە، درێژەپێدانی سیاسەت و یادکردنەوەی بەعسە، چونکە ئەمە لەسەر حیسابی گوندەکان کراوە، گوندەکان ڕووخێنران و ئاوەدان نەکرانەوە و خەڵکەکەیش لێرە مانەوە و هانیش دەدرێن بۆ ئەوەی بمێننەوە ئەمە یانی چی؟ گۆڕینی ناوی سموود بۆ ڕزگاری ناکاتە کورداندنی سموود و سڕینەوەی بەعس، ئێستاش هەر دەبەعسێنرێ، بەڵام لە لایەن کورد و دەسەڵاتێکی کوردییەوە.

***چاو: شێوازی ڕەخنەگرتن لە کوردستان لە سەر دەسەڵاتی کوردی زۆر کەس پێیانوایە، کە توند و زبرە و زیاتر کار لە سەر زمانی تەشهیر و وروژاندن دەکرێت، پێتوایە ئەوەی پێی دەوترێت ڕۆژنامەی زەرد لە کوردستان پەیدا بووبێت؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: مـن لەگـەڵ ئـەوەم، کـە ڕەخنـەی تونـد بگیرێـت و بەلامـەوە ئاساییە و ئـەوە مـافێکی سروشتیی هـەموو مرۆڤیکـە، ڕەنگـە وای لی بێت ئەو جۆرە ڕۆژنامەیە پەیدا ببێت، ئەو دیاردەیە لـە هـەموو جیهـان هەیـە لێـرەش ڕەنگـە زیـاتر قسـە لـە سـەر ڕۆژنامـەی هـاوڵاتی و ئاوێنـە و ڕۆژنامە ئەهلی و ناحیزبییەکان بێت، بەڵام من پێموانییە هـاوڵاتی یـا ئـەوانی وەک ئـەو چووبێتنـە ئـەو چوارچێوەیـەوە، مـن ئێسـتاش دەیانخوێنمـەوە و تاموچێژیان لێ وەردەگرم، بەڵام ئەگەر تۆ بـە نـاو، نـاوی کەسـێک بێنیـت و تۆمەتێکی خراپی بدەیتە پاڵ ئەوە خراپە، بۆ نموونـە هـاوڵاتی وابـزانم سـاڵی ڕابردوو بوو، هەواڵێکی لەسەر کەسێکی دانیشتووی ئینگلستان و گـەڕاوە بـۆ کوردستان، بڵاو کردەوە گوایە سیخوڕی بەعس بووە، ئەو پیاوە بۆ شـەوێ خۆی کوشت، ئەگەر ئەوە لە ئەوروپا بووایە ڕۆژنامەکە بەرپرسیار دەبـوو لە مەرگی ئەو کەسە، ئەوە شتێکی خۆش نییە بۆ تاکێک، مرۆڤێـک کـە بـەو شـێوەیە بـاس بکرێـت و نـاوی بزڕێنـرێ، لـە ئـەوروپا کەسـێک تاوانێکیشـی کردبێـت، تـا دادگـا نەیسـەلمێنێت، لـە هـەواڵ و شـتی وادا نـاوی ناهینرێـت، شتی وا لە ئەوروپا ڕوودات ڕۆژنامەکە لێی بەرپرسیار دەبێت و کەسـانی ئـەو کەسـەی خـۆی کوشـتووە، بۆیـان هەیـە داوای مـافی خۆیـان لـە ڕۆژنامەکە بکەن. بـە بـڕوای مـن میـدیای ئـازاد و ئـازادی ڕادەربـڕین، کـە لەم کوردستانە زۆر بـاس دەکرێـت و بانگەشـەی زۆری بـۆ دەکرێـت بـەو جـۆرە نییـە، کـە دەگـوترێ، بەڵکـە سـنووردارە و زۆرجـاران تووشـی چاولێسوورکردنەوە دەبێت. ئازادی ڕادەربـڕین ئـەوە دەگـەیەنێت، کـە تـۆ بتوانیت بێ ترس و بێ سانسۆر، هـەموو شـتێک بڵێیـت و تـەواوی هەڵـە و ناڕەواییـەکانی دەسـەڵات بخەیتـە پـێش چـاوی خـەڵک، ئـەوە پێـی نـاگوترێ تەشـهیر و وروژانـدن. دەسـەڵات بەرپرسـە لـە تـەواوی ورد و درشـتێکی خەڵک و وەڵات، کە هەڵە بکات و بەرانبەر خەڵک ناعادیل بێت، تـۆیش نـابێ لێی بێدەنگ بیت و گەرەکە پەنجـە بـە چاویـدا بکـەیت. دەسـەڵات، ئـەگـەر

دەسەڵاتێکی گەلێر و دیموکرات بێت، پێویستە ئامادەی گوێگرتن بێت و لە بەرانبەر گەل، بەرپرس بێت و هەموو ڕەخنەیەک قەبووڵ بکات و ددان بە هەڵە و ناتەواوییەکانی خۆیدا بنێ.

***چاو: ئێستا باس لەدروستکردنی زمانی ستاندارد دەکرێت، تۆ ڕات چییە لەو بارەیەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەوە شتێکی زۆر هەستیار و گەورەیە، کە خەڵک پێویستی بەوەیە باسی بکات و لێی بکۆڵێتەوە، پێموایە هەر لە زەمانی شێخ مەحموودەوە زمانێک بەکار هێنراوە بۆ نووسین و خوێندنەوە، ئەو زمانەی، کە تۆ و من پێی دەنووسین و دەخوێنینەوە، ئەمە بۆ خۆی بووەتە زمانێکی ستاندارد لەم بەشەی کوردستاندا، نەک هەموو کوردستان، گرفتی ئێمە لەوەدایە کوردستان یەک بەش نییە و بەشبەش کراوە، هەر یەکەو لە ئاوازێک دەخوێنێت، کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات بە حەرفی عەرەبی، کە ئێستا بووەتە کوردی و لە لای ڕاستەوە دەنووسن، کوردی تورکیا و سووریا بە لاتینی دەنووسن، ئەو لاتینییە من پێموایە بووەتە بەڵا بۆ ئەو خەڵکە، کە لاساییکردنەوەیەکی سیستمی ئەتاتورک و تورکیا بووە، گرفتەکە لەوێوە دەستپێدەکات، بەڵام ئەم زمانەی من پێی دەڵێم بۆ ئەم بەشە بکرێتە ستاندارد ئایا بۆ بەشەکانی تر لەبارە و دەبێتە زمانێکی ستاندارد بۆ هەموو کوردستان، ئەگەر کوردستانی گەورە دروست ببێت؟ ئەمە بۆ خۆی مەسەلەیەکی سەختە، لێ پێموایە دەبێ بکرێ و ئەوەش بە بڕیارێکی سیاسی یەکلایی دەکرێتەوە.

***چاو: زۆر کەس پێیانوایە تۆ ڕەشبینی لە دەسەڵاتی کوردی؟***

ئەمجەد شاکەلی: من لە چاوی ژنە گەرمیانییەکی هەژاری مێردئەنفالکراو و دەرۆزەکەرێک و پەککەوتەیەکی بێکەس و وەرزێرێکی

مانــــدوو و کارگـــەرێکی بێیانـــە و برســـی و خـــەڵکانی نـــاحیزبی و دوورەدەسەڵات و خەڵکانی پەراوێزێنراو و خوارەوەی پلیکانەی جڤاکەوە دەنۆڕمە دەسەڵات. من شتە بنەڕتی و بنگەییەکان و ژیانی خەڵکە هەژار و ئاساییەکە لەبەرچاو دەگرم، چی بۆ ئەوان کراوە؟ من هوتیلی 28 نهۆم و زۆریی زانستگە و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و تەلەڤزیۆن و سووپەرمارکت و ڕیستۆرانت و مۆبایل و ئەوانە بە پێشکەوتن و گەشەسەندن دانانێم، دەسەڵات تا ژێرخانی ئابووری وەڵات و باری ژیانی خەڵک چاک نەکات، من ناتوانم بە دەسەڵاتێکی نیشتمانیی دابنێم. وەڵاتێک بێ ئەلەکتریک، بێ ئاو، پڕ لە نەخۆشی و دەرد، پڕ لە ڕێگەوبانی خراپ، دەسەڵاتێکی وابەستە و گرێدراوی دوژمنان، کشتوکاڵێکی داتەپیو و هیچ و سفر، ژینگەیەکی پیس و گەمار و ژاراوی، دزی و گەندەڵی و دەیان دەردی دیکە، چۆن دەتوانم بەرانبەر دەسەڵاتیکی وەها ڕەشبین نەبم؟ دەسەڵاتێک ئێستایش قانوونەکانی بەعس پێڕۆ بکات و دەست لە سەر سینگ لە خزمەت نەیارانی گەل و وەڵات و خاکەکەیدا بێت چۆن دەتوانم بەرانبەری ڕەشبین نەبم؟ پاشان فرۆشتنی کەرکووک، کە پێوەندی بە هەموو کوردی تەواوی کوردستانەوە هەیە، چۆن ڕەشبینم ناکات؟

***چاو: لە نووسینێکدا هەموو مێژووی کورد بە هەرەس پێناسە دەکەی، ئەوە چۆن وایە؟***

ئەمجەد شاکەلی: بە ڕاستی من پێموایە مێژووی کورد مێژووی هەرەسە و کورد گەلێکی هەرەساوی و هەرەسێنراوە. تەواوی ئەو یاخیبوون و ڕابوونانەی ئێمە ناوی شۆڕشیان لێدەنێین هەموو هەرەسێنراون. سەرانی ئەو ڕابوونانە و ئەوانەی ئێمە بە نیشانە و سەرکردە ناویان دەبەین، هەر لە شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاک و شێخ مەحموودی مەلیک و قازی

موحەممەد و مەلا مستەفای بارزانی و عەبدوڕەحمانی قاسملووەوە تا دەگاتە ئەمانەی ئێستا، هەموو بە جۆرێک لە جۆرەکان هەرەسێنراون. دەستدانە چەک و یاخیبوونی 1961 و دووبارەکردنەوەی لە 1975دا لە باشووری کوردستان و 1979ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و 1984ی باکووری کوردستان و لێکترازان و کەرتبوونی 1964ی پارتیی دیموکراتی کوردستان و دەیان شتی دیکەیش هەموو هەر هەرەسن، ئەدی دۆڕانی کەرکووک و کارەساتی ژینگەی ئەم وەڵاتە و گەندەڵی و خۆسووککردن و ملکەچیی بۆ تورکیا و نەیارانی دیکەی کوردستان و ئەو هەموو سازشکارییەی سەرانی کورد، هەموو هەر هەرەس نین؟ ئەگەر نا دەبێ چی هەرەس بێ؟

***چاو: بەڵام ئەوە بەسەر ڕاپەڕینی نەوەدویەکیشدا دەسەپێت؟***

ئەمجەد شاکەلی: بەڵێ من پێموایە ئەوەی، کورد پێی دەڵێ ڕاپەڕین، کاتێک خەڵکی کوردستان ڕەویان کرد و وەڵاتیان بەجێهێشت و دواتریش هەرێمی نەفڕین دروست بوو، سەددام حوسەین ئیدارەکەی خۆی کێشابووەوە لێرە، من پێموانییە پێشمەرگە هاتبێت کوردستانی ئازاد کردبێت، واتە: بە شەڕ ئەم وەڵاتە ڕزگار نەبووە، بەڵکو کەرایەتی سەددام حوسەین و داگیرکردنی کووەیت و خۆکیشانەوەی لەم دەڤەرە و ڕۆڵی ئەمەریکا، ئەویش بۆ بەرژەوەند و قازانجی خۆی، ڕەوشەکەی بەرەو ئەمەی ئێستا برد، دەنا کورد و سەرانی کورد دەبوو هەر بیانگوتبا: ئەم نانە بەو ڕۆنە.

***چاو: زۆر جار گوێمان لە ڕەوەندی کوردی دەبێت کە گلەیی لە دەسەڵاتی کوردستان دەکەن و باس لە گەندەڵی و شتی وا دەکەن، ناکرێ ئەوانە بێنەوە لە کوردستان ئەو قسانە بکەن؟ چۆن دەکرێ لە ئەورووپاوە ڕەخنە لە دەسەڵاتێک بگری تۆ خۆت لە وڵاتەکەیدا ناژیی؟***

ئەمجەد شاکەلی: دەڵێن هیچ پەیامبەرێک لە وەڵاتی خۆیدا نابێتە پەیامبەر، من پێموایە ئەو خەڵکەی لە دەرەوەن لە تاراوگە، وەڵات بە شێوەیەکی ڕوونتر دەبینن، ئەوەی لێرە خەریکی نووسینە ڕەنگە زیاتر ئاگای لە ناوچەکەی خۆی هەبێت، بەڵام کەسێک لە دەرەوە ڕەنگە زیاتر هەموو کوردستان ببینێ و ڕوونتر لەگەڵ وەڵاتانی دیکە و دەسەڵاتی دیکەدا بەراوردی بکات، واتە ئاسۆی بینینی فراوانترە. ئەوەی بێتەوە لێرە کار بکات ئەو ئازادییەی لە دەرەوە هەیەتی لێرە نایبێ، پێموایە لێرە ئازادییەکان سنووردارن و ناتوانرێ هەموو شتێک بگوترێ بەڵام لە دەرەوە دەتوانرێ وەها کارێک بکرێت.

***چاو: شاکەل بۆ تۆ چی دەگەیەنێ؟***

ئەمجەد شاکەلی: شاکەل ناو و نازناو و مێژوویەکە و بەشێکە لە ناسنامەیەک، لە هەرکوێ ئەمجەد هەبێ شاکەلیش لەوێیە.

***چاو: فەرهاد شاکەلی؟***

ئەمجەد شاکەلی: شاعیرێکی تازەگەر و دەنگێکی جیاواز و زمانەوانێکی شارەزا و فەرهەنگکارێکی چالاکە و لێکۆڵینەوەی زۆری کردووە و یەکێکیشە لە کوردە دیارەکانی ئەورووپا.

***چاو: مەهاباد قەرەداغی وەکو شاعیر؟***

ئەمجەد شاکەلی: من مەهاباد زیاتر وەک فێمینیستێک دەبینم، ژنێکی بوێرە.

***چاو: شێرکۆ بێکەس؟***

ئەمجەد شاکەلی: شاعیرێکی گەورەیە و وێنەی شیعریی جوانی هەیە و زمانێکی خۆش و جوان و لەبەردڵان و زوڵاڵی هەیە و وەستایانەیش یاری بە وشەکان دەکات.

***چاو: لەتیف هەڵمەت؟***

ئەمجەد شاکەلی: شاعیرێکی بوێر و ڕچەشکێنە، هەر بە گەنجی تەحەددای دونیای دەوروبەری دەکرد، خەیاڵێکی بەرین و فراوان و زمانێکی پاراوی هەیە و هەمیشە عاشقە و هەر بە لاوێتی دەمێنێتەوە.

***چاو: هەژاری موکریانی؟***

ئەمجەد شاکەلی: یەکێکە لە کۆڵەکە و پایە مەزنەکانی زمانی کوردی، تا خوا حەز بکات حەزم لە زمانەکەیەتی، زمانێکی زۆر خۆش و پاراوی هەیە، سەرسامم بە زمانەکەی، کارە نایاب و هێژاکانی، ڕۆحی ئەو هەمیشە زیندوو دەهێڵنەوە.

**سازدانی: ئارام ئیکرام بۆ گۆڤاری" چاو".**
**ئەم دیدارە لە: گۆڤاری "چاو"ی ژمارە 3ی مانگی حوزەیرانی 2008 دا بڵاو کراوەتەوە.**

# ئەدەبی کوردی
# لە دەرەوەی زمانی کوردی

***ڕەوشت موحەممەد: چۆن قسە لەسەر ئەو ئەدەبە کوردییە دەکەن، کە تا ئێستا لەنێو زمانەکانی تردا ئامادەیی هەیە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەگەر مەبەستت لەو ئەدەبە کوردییە بێت، کە کراوەتە زمانی دیکە، ئەوا چمکێکی یەکجار کەمی ئەدەبی کوردی، لە نێو زمانەکانی تردا ئامادەیی هەیە. ئامادەیی ئەدەبی کوردی لەنێو زمانانی دیکەدا، تەنێ لەڕێگەی وەرگێڕانەوە دێتە دی، شتی زۆر کەم لە ئەدەبی کوردییەوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانانی دیکە. وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانی دیکە، گەلێک لاوازە و هیچی وا نەکراوە. نەک بۆ زمانە گەورەکانی جیهانیی وەک ئینگلیزی، فرانسی یا ئیسپانیۆلی و...، بەڵکە بۆ زمانی هاوسێکانی کوردیش وەک عەرەبی، فارسی و تورکیش، کارێکی لەبەرچاو نەکراوە. لەنێو باس و لێکۆڵینەوە و گوتارە فەرهەنگی و گوتوبێژە فەرهەنگییەکانی ڕووناکبیرێکی، نەک هەر ئەورووپایی و ئەمەریکایی و ئەوسترالی و ئەفریقایی و لاتین ئەمەریکاییەکدا، بەڵکە لە هی عەرەبێک، تورکێک یا فارسێکی هاوسێی کوردیشدا، بە دەگمەنیش باس لە ئەدەبی کوردی ناکرێت. ئەدەبی کوردی، بە خوێنەرێکی ئاسایی

چینـی، فرانسـی، برازیلـی، کۆنگـۆیی یـا تەنانـەت عـەرەب و تـورک و فارسـێکیش، نامۆیـە و بـە دەگمـەن بـەرچاوی کـەوتووە. لـە جیۆگرافیـای خوێندنـەوەی جیهانیـدا، ئـەدەبی کـوردی چ پانتـایی و پێگەیـەکی نییـە و خـەڵک هێنـدە شـارەزای نییـە. تـەواوی ئـەو ناشـارەزایی و نامۆییـەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی وەرگێڕان لە کوردییەوە بۆ زمانانی دیکە.

***ڕەوشـت موحەممـەد: بـەڕای تـۆ کێشـەکە تـەنیا سسـتی پرۆسـەی وەرگێڕانە بۆ زمانەکانی تر، یاخود نەبوونی دەق و ئەدەبێکیشە، کە لە ئاسـت دنیـادا بێـت، بـە شـێوەیەکی تـر، تـەنیا ڕێگـا بـۆ بـە جیهـانیکردنی ئەدەبێک وەرگێڕانە؟***

ئەمجەد شاکەلی: بێگومـان کێشـەکە بـە پلـەی یەکـەم سستیی کـردەی وەرگێڕانـە بـۆ زمانـەکانی تـر، چونکـە دەق و ئـەدەبێک هـەن، شایسـتەی ئـەوە بـن وەربگێـڕدرێن. هـیچ ئـەدەبێک نییـە لـە ئاسـتی جیهانـدا نـەبێت. ئەدەب بە هەر زمانێک نووسرابێت و بنووسرێت، چەندە ئەو زمانە هـی خـەڵکێکی زۆر بـەجێماویش بـن لـە ڕەوتـی شارسـتانییەت و هـی خـەڵکێکی ئەشکەوتنشینیش بن، مەگەر لە ڕووی داهێنـان و بەدەوکارییـەوە، دەنا چ جیاوازییـەکی لەگـەڵ بـاڵاترین ئـەدەبی جیهانیـدا نییـە. ئـەدەب ئەدەبـە، ڕووسـی، ئینگلیـزی، فرانسـی، ئـەڵمانی، ئیسـپانیۆلی، ئیتـالی، چینـی، فارسـی، هیندی، عەرەبی بێت، یا ئێریتریایی، کوردی، بەلووچی، سامی، تـاجیکی یـا ڕۆمـانی(زمـانی قـەرەچان). ئـەدەب، کـە ئاوێنـە و دەربـڕی هەسـت و ئەندێشە و خەون و سۆز و ئازاری مرۆڤ بێت و هەڵگری پەیامێک بێت، هەموو مرۆڤەکانی جیهان تێیدا بەشدارن و بـۆ هـەموو مرۆڤـە و زمـانی هـەموو مرۆڤـە، بـێ جیـاوازیی ڕەنـگ، ئـایین، نەتـەوە، خـاک، ڕەگـەز. بـۆ ئـەوەی مرۆڤـەکان، کـە خـاوەنی زمـانی جیـاوازن، یـەکتر بخوێننـەوە و لەیەکتر تێبگەن، دیارە وەرگێڕان، تاکە ئامرازێکە بۆ پەخشکردنی ئـەدەب

و ناساندنی بە جیهان، چونکە هەموو مرۆڤ بە یەک زمان ناخوێننەوە و ناهزرێن، ئاسانترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن و ناسینی بەرانبەر و تێگەیشتن لە فەرهەنگ و هەست و ئەندێشەکانی وی، وەرگێڕانی ئەدەب و هونەر و فەرهەنگەیەتی بۆ زمانی خۆ و بە پێچەوانەیشەوە، خۆدانەناسین بەوی دی، هەر لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە دێتە دی. لە دەلاقەی وەرگێڕانەوە خەڵکی سەر بە فەرهەنگی جیاواز، یەکتر دەخوێننەوە و دەناسن و تێکەڵاویی زیاتر لە نێوانیاندا دروست دەبێت. هەرچەندە وەک نووسەری ئیتالی ئیمبێرتۆ ئێکۆ، دەڵێ"وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک و ڕەوان، کارێکی هەرگیز نەکردەیە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ زمانانی دیکە و بە تایبەت بۆ زمانانی هاوسێیەکانی، واتە: تورک، عەرەب و فارس، کارێکی ئەرێنی و گەلێک گرنگە، چونکە بە وەها کارێک، ئەدەبی کوردی، مێژووی کورد، فەرهەنگی کوردی، هونەری کوردی، هزر و جیهانبینی کورد، دەچنە نێو ئەو نەتەوانەوە و بڕێک کار دەکەنە سەر دیدی ئەوان بەرانبەر کورد و کێشەکەی و بڕێک ڕوونتر و کراوەتر دەنۆڕنە نەتەوەی کورد و تا ڕادەیەکیش پتر لە مرۆڤی کورد تێدەگەن.

***ڕەوشت موحەممەد: ئەوەی کە ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی زمانی کوردیدا نییە و پرۆسەیەکی سستە، بە پلەی یەک کەموکورتییەکە لە ئەستۆی کێیە: ڕۆشنبیران، دەزگا ڕۆشنبیرییەکان، یاخود حوکوومەت؟***

ئەمجەد شاکەلی: لە ئەستۆی هەموویانە، ڕۆشنبیر، دەسگا فەرهەنگییەکان و حوکوومەتیش بە پلەی یەکەم. کە وەرگێڕان لە لایەن ڕۆشنبیرانەوە هێندە گرنگیی پێ نادرێت، زۆرجاران بە هۆی ئەوەوەیە، هەندێ نووسەر و ئەوانەی سەرقاڵی کاری فەرهەنگیین، بە پلەیەکی

نزمتری لە نووسینی خۆیانی دادەنێن. واتە: پێیانوایە، ئەگەر خەریکی وەرگێڕان بن، پێی کەم دەبنەوە و "پایە و ئاستی" ئەدەبییان دادەبەزێت و خەڵک بە چاوێکی نەویتر، تێیان دەنوارێت، یا خەڵک بە گوێرەی تیۆرییە هەڵەکەی "هەموو ڕێژیسیۆرێک، ئەکتەرێکی سەرنەکەوتووە و هەموو ئاوازدانەرێک، سترانبێژێکی سەرنەکەوتووە و هەموو وەرگێڕێک، نووسەرێکی سەرنەکەوتووە" پێیانوایە، ئەوەی خەریکی وەرگێڕان بێت، بۆ خۆی توانستی نووسین و دەربڕینی نییە. دیارە ئەمەی من دەیڵێم هەردوو لایەنی وەرگێڕان دەگرێتەوە هەم لە کوردییەوە بۆ زمانی دیکە و هەم لە زمانی دیکەوە بۆ کوردی. ئیدوارد سەعید دەڵێ: "چوونە نێو زمانێکی دیکەوە، هەمیشە و لە هەموو حاڵ و بارێکدا، سەرکەوتنە بۆ نووسەر"، مەبەستی ئەو لە وەرگێڕانە. ئەگەر نووسەری کورد لەوە تێبگات و پێڕۆی ئەوە بکات، ئەوا بێجگە لە سەرکەوتنی نووسەر، پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەدەب و فەرهەنگی کوردییشە.

دەسگا فەرهەنگییەکانی کوردستان، کاری وەرگێڕان دەکەن، لێ پتر لە زمانی دیکەوە، بە تایبەت عەرەبی، فارسی بۆ کوردی. وەرگێڕانی ئەدەبی کوردی بۆ زمانانی دیکە ناکەن. هەرچی حوکوومەتە، ئەگەر بەتەنگ ئەوەوە هاتبا، کورد و فەرهەنگی کوردی بە جیهان ناساندبا و بناسێنێت، دەبوو بۆ وەرگێڕان دەسگایەکی تایبەتی تژی وەرگێڕی کارامە و زمانزان و سەدان کۆمپیووتەر و سەدان ئامێری پێشکەوتووی دیکە و سەدان فەرهەنگی زمان و پارەوپووڵێکی زۆر و جێگە و شوێنی لەبار و تەواوی پێویستییەکانی وەرگێڕانی دابین کردبا و نەخشە و بەرنامەڕێژی کردبا بۆ کارەکانیان و هەرچی ئەدەبی کوردییە لە کلاسیکەوە تا دەگاتە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردی هەمووی وەرگێردرابا بۆ کۆمەڵێک زمانی ئەم جیهانە.

کورد چەند نموونەیەکی پرشنگداری لە بواری وەرگێڕاندا هەبوو، زانای هێژا مامۆستا "شوکور مستەفا"، کە شاکارەکانی یەشار کەمالی لە تورکیڕا کردبوونە کوردی، کە یەکجار وەستایانە، بلیمەتانە و زانایانە، کردوونی بە کوردی و چ کوردییەکیش، مەگەر هەر لەو هێژایە بوەشێتەوە و لە زاری وی بێتە دەر و لەو بڕوایەشدام - من بۆ خۆم تورکی نازانم- لە تورکییەکەی "یەشار کەمال"یشی تێپەڕاندبێت، هەروەها مامۆستا هەژاری موکریانی. مامۆستا شوکور مستەفا و مامۆستا هەژار، دەقیان، لە زمانانی دیکەوە دەکردە کوردی، بریا یەک دوو شوکور مستەفا و هەژاری موکریانی دیکەش هەبوایەن، دەقی کوردییان کردبایەتە زمانانی دیکە. موحەممەدی قازیی، کە کوردی مەهابادی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، نزیکەی شێست حەفتا شاکارەڕۆمانی جیهانیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، بەڵێ کاری جوان و چاکی کردووە، بەڵام ئەوە بۆ ئەدەبی کوردی هیچ کەڵکی نییە و هیچ ناگەیەنێت. بەشێکی زۆری ئەو خەڵکە کوردەی کاری وەرگێڕانی لە کوردییەوە بۆ زمانانی دیکە پێ دەکرێ، ئەمڕۆ دانیشتووی هەندەرانن، بە تایبەت ئەورووپا و ئەمەریکا، لێ ئەمانە چەندێکیان لە ئەدەبی کوردییەوە کردووەتە زمانانی ئەو وەڵاتانەی تێیدا دەژین! ڕەنگە دیارترین کارێکی وەرگێڕانی دەقی کوردی، ئەوانە بێت، کە لە بواری شیعر و چیرۆکدا، لە سوێد، کراونەتە سوێدی. دەسپێکی ئەو بزاڤەش دەگەڕێتەوە بۆ، گۆڤاری سوێدی- کوردی(Svensk-Kurdisk Journal)، کە کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوێد- کوردستان، لە 1985ەوە دەری دەکرد و 16 ژمارەی لێ دەرچوو و بۆ فەرهاد شاکەلی و چەند کەسێکی تر، کە چالاکانە کۆمەڵێک بەرهەمیان وەرگێڕا. لە سوێد بێجگە لە دیوانی شیعریی فەرهاد شاکەلی، دیوانی گۆران، شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیریش کراونەتە سوێدی. شیعری شیرکۆ بێکەس و فەرهاد شاکەلی،

کراونـە عـەرەبی و فارسـی و هەنـدێک زمـانی دیکـە و ڕۆمـانی بـەختیار عـەلی، کراوەتـە فارسـی و دیـارە لـەم وەڵات و ئـەو وەڵاتـی ئـەورووپایش وردە کـاری وەرگێـڕان کـراوە، لـێ بـە گـوێرەی پێویسـت و بـە گـوێرەی ژمـارەی کـورد لـە هەنـدەران و بـە گـوێرەی پێشـڤەچوونی کـاری فەرهـەنگیی لـە ئاسـتی جیهانیـدا نییـە. شـوێنگە و گرنگیـی هـەر نەتـەوە و وەڵات و گەل و زمانێکیش، لە نەخشە و دیـدی جیهانـدا، بەنـدە بە پایـە و گرنگیی سیاسی و ئابووری و فەرهـەنگیی ئـەو نەتـەوە و گـەل و وەڵات و زمانەوە. کورد، کە نۆرەیەکی کاریگەر و ئەوتۆی لە سیاسەت و ئـابووری و فەرهـەنگی جیهانیـدا نییـە، زمانەکەیشـی، لـە لایـەن خـەڵکانی نـاکورد و ئەورووپاییـەوە، هـەرگیز ئـەو گرنگییـەی پێنادرێت. بۆیـە ئەورووپاییـەکانیش هێنـدەیان بایـەخ بـە وەرگێڕانـی ئـەدەبی کـوردی بـۆ زمانـەکانی خۆیـان نەداوە، بە پێچەوانەی ئەدەبی عەرەبی و فارسی و تورکی، کە وەرگێـڕی ئـەورووپایی بـۆ خـۆی بـە شـوێنیاندا دەگـەڕێت و دەیانکاتـە زمانـانی ئەورووپایی. هەرچەندە ڕەوشی وەرگێڕانی ئـەدەبی فارسـی و عـەرەبی و تورکی بۆ زمانانی ئەورووپایی لە ڕەوشی زمـانی کـوردی گـەلێک باشـتر و لـە پێشـترە و بـەراورد ناکرێـت، لـێ لەگـەڵ ئەوەشـدا گرنگییـەکی ئـەورووپاییان بـە زمانـانی ئـەورووپایی و زمانـانی گـەل و وەڵات و نەتەوەگەلی نائیسلامی دەیدەن، گەلێک لەبـەرچاوتر و زیـاترە، لـەوەی بـە وەڵات و نەتەوەگەلی ئیسلامی و ئەفـەریقایی و جیهـانی سـێیەم و چـوارەم دەیدەن.

***ڕەوشت موحەممەد: بەڕای تۆ کێشەی ئـەدەبی کـوردی کێشـەی نـە بوونی بازار نییە؟ یانی ئەدەبێکی گەورە بازاڕێکی گەورەشی ناوێت؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: کێشـەی ئـەدەبی کـوردی، کێشـەی ئـەدەبی نەتەوەیـەکی بێقـەوارە و بێهێـز و نەناسـراو و نۆرەلاواز و سسـتی بـواری

فەرهەنگ و سیاسەت و ئابووری جیهانە. کورد نە زمانەکەی، زمانێکە، لە ڕیزی زمانە گەورەکانی جیهاندا بێت و نە فەرهەنگ و ئەدەبەکەیشی، شاکاری زۆر مەزن و گەورەی پێ نووسراوەتەوە، تا بچێتە ڕیزی فەرهەنگ و ئەدەبێکی لەبەرچاو و ناسراوی جیهان. زۆرینەی کوردیش خەڵکێکی بێسەوادن. ئەدەب لە نێو خەڵکی خوێندوودا برەوی هەیە و گەشە دەکات و خۆی دەداتە ناسین. تۆ بنۆڕە ئێرانی هاوسێی کوردستان، کتێبێکی ئەمڕۆ لە پاریس یا لەندەن یا برازیل دەردەچێت، پاش مانگێک لە تاران دەکرێتە فارسی. بێجگە لەوەیش هەرچی شاکاری فارسی هەیە، کراونەتە زمانانی زیندووی جیهان. وەرگێڕان ڕایەڵەیەکە گەل و نەتەوە و زمان و شارستانییە جیاوازەکانی جیهان پێکەوە دەبەستێت و گرێدەدات و پەنجەرە و دەلاقەیەکە، لێیەوە دەنۆڕدرێتە جیهان و فەرهەنگە جیاوازەکان دەبێنرێن و وەرگێڕیش پەیامبەر و نوێنەری شارستانی و فەرهەنگەکانن. وەرگێڕان زیندوویەتی گەلان و زمانەکانیان پێشان دەدات. وەرگێڕان هۆیەکی سەرەکی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و هزرە و کرانەوەیە بە سەر جیهانێکی گەلێک فراوان و بەریندا.

مەروە یا مرووە کرێدییە(مروة كريدية)، لە گوتارێکیدا لە 2008/11/06 و لە ماڵپەڕی ئیلاف(www.elaph.com) دا، ئاماژە بەوە دەکات، کە لە دەوڵەتێکی گچکەی وەک ئیسرائیل ساڵانە 15000 کتێب وەردەگێڕێت، بەڵام گشت وەڵاتانی عەرەب وێکڕا 330 کتێب وەردەگێڕن. بە گوێرەی ئامارێکی نوێی کۆمەڵەی دەوڵەتانی یەکگرتوو(UN)، لە سەردەمی خەلیفەی عەبباسی مەئموون کوڕی هاروون ئەڕڕەشید(مأمون بن هارون الرشيد)ەوە تا ئەمڕۆ تەواوی ئەوەی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بەرانبەر بەوەیە، کە لە ماوەی چوار ساڵدا، کراوەتە زمانی عیبری یا لە ماوەی یەک ساڵدا

كراوەتە زمانی ئیسپانیۆلی. تەواوی ئەو كاغەزەی عەرەب لە ماوەی یەك ساڵدا بەكاری دەبەن، بەرانبەر بەوەیە، كە یەك پەخشخانەی فرانسی بەكاری دەبات. ئەگەر ئەوە حاڵی عەرەب بێت، بەو هەموو دەوڵەمەندی و دەوڵەت و بەزمەوە، كە هەیانە، دەبێ كورد لە كوێی ئەو هاوكێشەیەدا خۆی ببینێتەوە!

***ڕەوشت موحەممەد: تۆ ئومێدێكی وات هەیە، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەدەبی كوردیش لە پاڵ ئەدەبە گەورەكانی دونیادا قسەو باسی لەسەر بكرێت؟***

ئەمجەد شاكەلی: ئەگەر دەسەڵاتداریەتیی كوردستان و دەسگا فەرهەنگییەكانی، سیاسەتێكی فەرهەنگیی درێژخایەن و نەخشەیەكی دوورودرێژ و تۆكمە و بەتەنگەوەهاتوویان هەبێت و پارەوپووڵێكی باش و توانستی دارایی و هەموو كۆمەكێكی دیكە بۆ وەرگێڕان دابین بكەن و گرنگیی پێ بدەن و هەموو توانستێك بخەنە بەردەست وەرگێڕ، ئەوا بێگومان كاری وەرگێڕان پەرەی پێ دەدرێت و ئەدەبی كوردی بە زمانانی جیهان ئاشنا دەكرێت و ئەودەمی، ئەدەبی باش، بەرهەمی باش، خۆی دەسەپێنێت و جێی خۆی دەكاتەوە. من گومانیشم لەوەدا نییە، كە لە نێو دەقی كوردیدا، دەقی زۆر باش و نایاب هەن، كە دەچنە نێو دەقە ئەدەبییە مەزنەكانی جیهانەوە و دەشێ قسەوباسیشیان لە سەر بكرێت.

***ڕەوشت موحەممەد: ئەو ئەدەبەی، كە نووسەرانی كورد بە زمانەكانی تر نووسیویانە وەك زمانەكانی (عەرەبی فارسی توركی...هتد)، ئەمانە دەتوانن ببنە سەفیری ئەدەبی كوردی لە دنیادا؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەدەبێکی کوردی ئەگەر بە زمانی کوردی نەنووسرابێت یا لە دەقێکی کوردی و زمانی کوردییەوە وەرنەگێڕدرابێتە سەر زمانێکی دیکە، ناکرێ بە ئەدەبی کوردی بژمێردرێت. ئەدەب، پێش هەر شتێکی دیکە، زمانەکەیەتی. نووسینەکانی تاهیر بین جەللوون(الطاهر بن جلون)، موحەممەد شوکری(محمد شوكري)، فرانسین، بەڵێ باس لە وەڵاتی مەغریب و وەڵاتی عەرەب دەکەن و دەربڕی هەستی عەرەبن، بەڵام ناکرێ بە ئەدەبی عەرەبی بژمێردرێن، چونکە زمانەکەیان عەرەبی نییە. تیۆدۆر کالیفاتیدس، نووسەرێکی بە ڕەچەڵەک یۆنانی، دانیشتووی سوێدە و بە زمانی سوێدی ڕۆمان دەنووسێت و زۆرجارانیش یۆنان و کۆمەڵگەی یۆنانی، هەوێنی باسەکانین، لێ ئەو ئەدەبەی ئەو بە ئەدەبی یۆنانی ناژمێردرێ. فیلمەکانی یلماز گوینای، کە ڕێژیسۆریکی کورد بوو، هەرچەندە کێشەی کورد پێشانی بینەر دەدەن، لێ لەبەر ئەوەی زمانەکەیان کوردی نییە، ناکرێ بە فیلمی کوردی بژمێردرێن. سترانەکانی جەعفەر حەسەن، ئەحمەد ئەلخەلیل، ڕەزا عەلی و شانۆییەکانی ئیبراهیم جەلال و جەعفەر عەلی، هەرچەندە بۆ خۆیان کوردن، ناچنە خانەی فەرهەنگی کوردییەوە، چونکە زمانەکەیان عەرەبییە. یەشار کەمال، سەلیم بەرەکات، عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، ئیبراهیمی یوونسی، هەیفاء زەنگەنە، عەبدولمەجید لوتفی، موحیەددین زەنگەنە، زوهدی داوودی، هەر هەموویان کوردن و نووسەری مەزنن و شاکاری جوانیان نووسیووە و هەمووشیان باس لە کورد، مرۆڤی کورد، کوردستان، جڤاکی کوردستان، هەست و ئازار و ئێش و سۆز و خۆشی و ناخۆشی و کێشە و خواست و جیهانبینی و مێژووی مرۆڤی کورد، دەکەن و دەردەخەن و دەردەبڕن، لێ لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانیان بە زمانانی دیکە(تورکی، فارسی و عەرەبی) نووسیوە، تۆ ناتوانیت بە ئەدەبی کوردی بیانژمێریت.

سوێدییەک یا فرانسییەک یا ئیسپانیۆلییەک، ڕۆمانەکانی یەشار کەمال، بە سوێدی یا فرانسی یا ئیسپانیۆلی، بخوێنێتەوە، ڕەنگە بزانێت، یەشار کەمال بە بنجوبناوان کوردە، لێ ئەو، یەشار کەمال وەک نووسەرێکی تورک دەناسێت، چونکە زمانەکەی تورکییە. هەمان دیتن و خوێندنەوە بۆ سەلیم بەرەکات و دەروێشیانیش دەکرێت. ئەدەبێک، کە نووسەرێکی بە ڕەگەز کورد، بە زمانێکی دیکەی ناکوردی دەینووسێت، هەر زمانێک بێت، زۆرجاران وەک هەتیوێکی بێ باوک و بێ دایکە، نە ئەدەبی عەرەبی، نە ئەدەبی تورکی، نە ئەدەبی فارسی یا ئەدەبێکی دیکە، دەیگرێتە خۆ و بە هی خۆی دەزانێت و نە دەشکەوێتە چوارچێوەی ئەدەبی کوردییەوە.

2009/01/20

**ئامادەکردنی: ڕەوشت موحەممەد**

**ئەم دیدارە لە لاپەڕە 7ی ژمارە 159ی ڕۆژی 2009/04/06ی ڕەخنەی چاودێردا، کە پاشکۆیەکی فەرهەنگیی ڕۆژنامەی چاودێرە، بڵاو کراوەتەوە.**

# ئەمڕۆی فەرهەنگ و
# ڕەوشەنبیری کورد

***ڕابەر فاریق: ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بە کەرەستەی مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئیستەی کوردستان بخوێننەوە و قەیرانەکان بەرەو چارەسەر بە کێش بکەن؟***

ئەمجەد شاکەلی: دۆزی گشتیی ئێستای کوردستان، یان هەر جڤاکێکی دیکەی ئەم جیهانە، تەنێ بە کەرەستەی نوێ و چەمکی جیهانی ناخوێنرێنەوە و بەرەو چارەسەریش نابرێن. لە نێوان جڤاکەکاندا کۆمەڵێک شتی هاوبەش و لێکچوو هەن، لێ سەدلەسەدیش وەکیەک نین. تۆ ناتوانێت تەواوی کەرەستە و چەمک و فەلسەفە و ئیدیۆلۆگی و دیدێکی گەورەفیلۆسۆفانی سیاسەت و کۆمەڵناسی و ئابووریزانانی فرانسی، یا ئینگلیزی و ئەڵمانی، کە بۆ جڤاکەکانی خۆیان بەکاربراون و دەستیانداوە و دەستدەدەن، بهێنیت و ڕێک بە ڕاستە و میللیمیتر بە سەر جڤاکەکانی سۆمال، چین، ڕواندا، ئەفغانستان، یا کوردستاندا بیانسەپێنیت و بەو پێوەرانە کێشە و قەیرانەکانیان چارەسەر بکەیت. سالانێک کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان و وەڵاتانی ئیسلامی و کوردستانی خۆیشمان، بە بێ ئەوەی چ پێشەسازی و پێشکەوتنی ئابوورییان بە خۆیانەوە بینیبێ، یا چینێکی کارگەری بەهێزیان تێدا پەیدا بووبێت، یا

چینـی بـۆرژوازی و سـەرمایەداریی گەیشـتبنە پلـەی ئـەوەی، کـە لـە ڕۆژاوادا وەدی دەکــران و هـــەبوون و ژیـــانی کۆمەڵگـــە و وەڵات و مرۆڤیان داگیر کردبوو، یا ئاگایی مرۆڤی ئەو وەڵاتانە و ڕادەی هزرین و دیـدیان، نـەک تـەنێ هـی خەڵکـە هـەژار و چەوسـاوە و بندەسـت و وەرزێـر و ڕەشـایی و کارگەرەکـە، تەنانـەت هـی خەڵکـە ڕوونـاکبیر و خوێندووەکـەش، گەیشـتبێتە ئاستی وەلانانی ئاوەز و بیـر و شێوەژیانی خێـڵ و تیـرە و ڕەوەندایـەتی و شـوانکارەیی و سـەرەتاییترین جڤـاکی کشتوکاڵیی، باس لە گۆڕینێکی توند و ڕاستەوخۆ و بـەتۆبزی دەکـرا، بـۆ دامەزرانـدنی سیسـتمێکی سیاسـیی وەک ئـەوەی لـە سـۆڤیێت و چـین هــەبوون، هەرچــەنـدە ئـەو جڤاکگەلـەش بـۆ خۆیـان بـە پێچەوانـەی تیۆرییەکـــەی مارکســـەوە، کە پێیوابـــوو و پێشـــبینیی ئەوەی دەکـــرد، شۆڕشـــی سۆسیالیســـتی لە جڤـــاکە پیشەســـازییەکانی ئەوروپـــادا ســـەرهەڵدەدەن، بووبوونـــە وەڵاتگـــەلێکی سۆسیالیســـتی. یەمـــەن نموونەیـەک بـوو لـە ڕۆژهـەڵاتی ئیسـلامی و عـەرەبی و خۆرهـەڵاتی ناڤینــدا، ئــەویش خــۆی ڕانــەگرت و هەڵوەشــایەوە. ئەفغانســتانیش، نموونەیـەکی دیکـە بـوو لـەو دەڤـەردا، ئـەویش، ڕێـک وەک عیـراق، کـە چۆن لە 2003دا، بە تانکی ئەمەریکی "دیموکراتی" بۆ برا، بە سەرەنێزە و تـانکی سـۆڤیێت، سیسـتمی کۆمۆنیسـتی بـۆ بـرا، بۆیـە ئـەویش خـۆی ڕانـەگرت. دیـارە مـن خۆڕانـەگرتن و هەڵوەشـانەوەی ئـەو تێزانـە، بـە خۆڕانـەگرتن و لاوازیـی تێـز و تێـۆریی مارکسـیزم و کۆمـۆنیزم نـازانم، چونکــە پێموایــە ئــەو کاتــەی، کــە موڵکییــەتی تایبــەتی نامێنێــت و ســەرمایەداریی وەک سیســتم هــەرەس دێنــێ، کــە ئــەوە ئامــانج و مەبەستی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزمە، ئەو کاتە ئیـدی مـرۆڤ لـە کـۆت و بەندی دارایی و سامان و مـاددە ڕزگـار دەبـێ و وەک مـرۆڤ بـەها و بوونی خۆی تێدەگات و دەدۆزێتـەوە، ئـەوەش کۆمـۆنیزم و ئـەنارکیزم

وەدی دەهێنن. هۆکاری تێداچوونی ئەو ڕێژیمانە یا سەرنەکەوتنیان، من، لە بە خراپ تێگەیشتن و خراپ خوێندنەوەوە و چەوت ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەوش و واقیعی ئەو کۆمەڵگە و وەڵاتانەدا دەیبینم، دەنا من لەو بڕوایەدام، پیادەکردنی سۆسیالیزم و یەکسانی و دادوەری لە جڤاکگەلێکی وەک ئەوانەی ئێمەشدا دەکرا و دەکرێ و کارێکی نەکردە نییە. دەکرێ تۆ چەمک و کەرەستەی نوێ بکەیتە دەسگر و چاویلکە و چوارچێوە، بۆ خوێندنەوەی واقیعی کوردستان، بەڵام تۆ ناتوانێت ڕێک وەک ئەو کەرەستە و چەمکانە واقیعەکە لێکبدەیتەوە و بخوێنیتەوە. تۆ ئەگەر بەو کەرەستە و چەمکانەش واقیعی کوردستانت خوێندەوە، ئەگەر نەگەیتە ئەو ئەنجامەی، کە گەرەکە ئەو واقیعە بگۆڕیت، کەرەستە و چەمکەکانی بەکارت بردوون، چ بایەخێکیان نامێنێت. گرنگ گۆڕینی ئەو واقیعە چەقبەستووە بەستەڵەکئاسایەیە، من مەبەستم واقیعە هزری و جیهانبینییەکەیە.

ڕۆشنبیری کورد، گەلێ جار، دوای لێشاو و قەرەباڵغیی جیهانگەری و بازاڕی ئازاد و نۆلیبرالیزم کەوتووە، پێیوایە، بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو چەمکانە و گوتنەوەیان و خۆهەڵواسین پێیاندا، ئیدی دەرگای هەموو گۆڕان و هەموو تازەییەکانی جیهان لەبەردەمیدا واڵا دەبێ. کەسانێک تا دوێنێ، کە دەیانویست کوردستان بکەن بە کۆپێیەکی سۆڤیێت، یا چین، یا ئەلبانیا، ئەوڕۆ ئەوانن، کوچک لە ئاگر گەرمتر، بانگەشەی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد دەکەن. ئەوێ ڕۆژێ بە کەرەستە و چەمکی مارکسیزم، باسیان لە گۆڕینی کوردستان و کۆمەڵگەی کورد دەکرد، ئەمڕۆ بە نۆلیبرالیزم و بازاڕی ئازاد و سەرمایەداری و کۆمپانیا و مەیخانە و قومارخانە و سیتی و مۆڵ و بەرزەهوتێل، گەرەکیانە جڤاکی کورد بگۆڕن، کە ئەوە گۆڕین نییە،

بەڵکە تەنێ گیرفاپڕکردن و لاساییکردنەوەیە. بۆ چارەسەری قەیران و کێشەکان، هیچ جۆرە چەمک و ئامراز و کەرەستەیەکی سیحرامێز نییە، بتوانێت دەسبەجێ و یەکودوو، کێشە نەهێڵێت و قەیران لەناو ببات. گەورە ڕووناکبیرانی کوردیش، ئەگەر هەبووبن یا هەبن، وەک بەشێک لە ڕووناکبیرانی جیهان، هەرگیز ڕێبەریەتیی بزاڤی جڤاکیی سەرکەوتوویان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا نەکردووە و بەوەش، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە، هادی ئەلعەلەوی(هادي العلوي) گوتەنی:" ڕووناکبیری گەورە لە هەمان کاتدا سیاسییەکی دۆڕاوە" با چەمکی جیهانی و ئامرازی نوێیش بەکار ببەن.

***رابەر فاریق: باشە کە چەمک و ئامراز و کەرەستەکان نەتوانن دەسبەجێ، یان بە شێنەیی و قۆناغ بە قۆناغ قەیرانەکان لە نێو ببەن، یان بەرەو چارەسەر بە کێشیان بکەن، ئەدی چی دەتوانێ، یان کۆمەکمان دەکا؟ ئەمە بە نیسبەت دۆخی گشتیی کوردستان. ئەگەر ئەم دۆخە بکەینە تایبەت و بپرسین، ئەدی لە هەمبەر پرسە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییەکانی خۆیاندا چییان کردووە، چی دەبێژی؟***

ئەمجەد شاکەلی: لەنێوبردنی قەیران و چارەسەرکردنی کێشەکانی جڤاک، تەنێ بە چەمک و کەرەستە و ئامرازی نوێ ناکرێن و تەنێ ئەوانە مەرج نین بۆ گۆڕین، بەڵکە پێش هەر شتێک بە خەڵک، بە مرۆڤ دەکرێن. مرۆڤیش پێش هەر شتێک هۆشە، ئاوەزە، هزرە، ئەوانەش لە زەوینە و کەش و ژینگەیەکی ئازاددا سەرهەڵدەدەن، مەبەستم زەوینە و ژینگەی مێشکی مرۆڤ خۆیەتی. شێرکۆ بێکەس، لە شیعرێکیدا لەمەڕ شیعرەوە، ئەگەر پرسیاری نەبوو، دەڵێ:

"تۆ ئەزانی،

شیعر کە پرسیاری نەبوو،

لەچی ئەچێ؟!
باوکم وتی:
لە ئاوێکی ڕاوەستاو و
لە زەنگێکی بێ زرنگە و
لە بڵێسەی خامۆشکراو!"

من دەڵێم، نە تەنێ شیعر، مرۆڤ، بۆخۆی وەک بوونەوەرێک، تا مێشکێکی کراوەی بە ڕووی هەموو بیر و دیدیکی ئازاددا نەبێت و گومان لە هەموو ڕاستی و جێگرتوو و چەسپاوییەک نەکات و هەموو دیاردە و پەیڤ و وشە و هزر و فەلسەفە و جیهانبینییەک نەخاتە ژێر پرسیارەوە، ناتوانێت خۆی بە خودانی مێشکێکی کراوە و ئازاد بزانێت، وەها مێشکێکیش، مێشکێکی داخراو و پرسیارنەبوو(بێپرسیار)، هەرگیز ڕەها نابێت و ئاوەز و هۆش و هزری گۆڕینوەدیهێنەر، وەبەرهەم ناهێنێت. کەواتە ڕەهابوونی مێشک، ڕەهابوونی بیرکردنەوە دێنێتە ئاراوە و بەوەش ڕەهابوونی هۆش و هزر دێتە گۆڕێ، ئیدی ئەودەم ئەو مرۆڤە هۆشیارە هزرمەندە ئاوەزدارە توانستی قەبووڵکردن و بەکاربردنی هەموو جۆرە چەمک و ئامراز و کەرەستەیەکی نوێی لا پەیدا دەبێ و بە شێوەیەکی دروست بەکاریان دەبات.

باسی نوێبوونەوە لە ئەدەب و فەرهەنگی نەک هەر کورد، بەڵکە فارس، عەرەب، تورک، بەنگالی، هیندی، ئەمازیغی و...بنەمایەکی خۆیی و خۆڕسکی نییە و بە کاریگەریی ڕۆژاواوە گەیشتووەتە نێو ئەو جڤاکانەوە. ئێمە کە بڕوامان بە تێکەڵاوی و کارلێکردن و دان و ستاندن و گۆڕینەوەی فەرهەنگەکانی جیهان هەبێت، تا ڕادەی بەیەکبوونی فەرهەنگ، ئەودەم کاریگەریی ڕۆژاوا کارێکی سروشتییە، لێ ئەوەی دەبێ بگوترێ ئەمەیە: ئەو نوێبوونەوەیە لە ژینگە و کەشێکی کوردیدا بۆ خۆی دروست نەبووە و خۆڕسکانە نەهاتووەتە گۆڕێ. نوێبوونەوە

لە فەرهەنگدا، لە گۆڕینی کۆمەڵگەوە پەیدا دەبێ. لە گۆڕینی پێوەندە جڤاکییەکان و گۆڕینی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و پیشەسازی و ژێرخانی ئابووری و کەشی سیاسی و تەواوی ئەوانەوە سەرهەڵدەدات و بەندە بەو ژینگەیەی، کە مرۆڤی تێدا دەژی. مرۆڤ زادەی ژینگە جڤاکییەکەیەتی بە خێزان و هۆز و چین و توێژ و دەوروبەرییەوە. بە هۆش و ئاوەزێکی شوانکارەیی و خێڵەکی، نوێبوونەوە وەبەرهەم نایەت. خۆراوا، دوای شکاندنی هەموو دیوار و بازنەکان، کە چواردەوری هزریان تەنیبوو، هزریان ئازاد کرد، ئیدی ڕەهابوونی هزر، تەواوی نوێبوونەوەکانی لە بوارە جیاوازەکانی: ئایین، کەلەپوور، جڤاک، زمان، ئازادی تاک، کۆمەڵگە، ئازادی گەڕان و گەشت و منەکردن و پشکنین، ئازادی پرسیار و ڕامان، ئازادی ڕادەربڕین، مرۆڤ، باسی خوا و فەرهەنگی، وەدووی خۆدا هێنا. مارکس، فێرمان دەکات، کە هێزی نوێبوونەوە، تازەگەری، بە گوێرەی دیالێکتیک، لە کۆڵەکە و پایە و بنەماکانی بزاڤی مێژووەوە. نوێبوونەوەی فەرهەنگ بە هەموو بەشەکانییەوە، شتێک نییە بەدەر و دابڕاو، لە نوێبوونەوە و گۆڕینی جڤاک، لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیان.

ساڵانی 1970ی سەدەی پێشوو، فەرهەنگی کوردییش، بە چیرۆک و شیعر و شانۆ و پەخشان و شێوەکاری و...گۆڕانێکی بەخۆیەوە بینی و تەکانێکی دا، ئەویش تۆ ناتوانی بێژی، کە هەروا و لە خۆڕا و بێ پێشینە و بە بڕیارێک، وەها کارێک ئەنجامدرا، نەخێر، هەرچەندە ئەوەی کورد، بە کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و شیعر 69ی ئەدۆنیس و بەیانە شیعرییەکەی فازڵ ئەلعەززاوی(فاضل العزاوي) و...بوو، لێ ئەودەمە، جیهان بە گشتی، بە شەپۆلێک گۆڕاندا تێپەڕی و تێدەپەڕێ و ژان دەیگرت و دەهەژا. ئەودەم، بزاڤی چەپ و مارکسیزم، ماویزم و

شۆڕشە فەرهەنگییەکەی چین، جیهانیان تەنیبووە، ئەودەم گیڤارا ڕابوو و شۆڕشی گەیاندە لوتکە و بە شەهیدبوونیشی مێژووی هەتاهەتایی پێکنەهاتنی چەوساوە و چەوسێنەری دروستکرد و بوو بە چرایەک بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگەی مرۆڤایەتی بەرەو جیهانێکی سۆسیالیستیی بێ چێن و بێ چەوسانەوە و پیرۆزیی دایە بەها و بیروباوەڕەکانی، کە ئاواتی تەواوی گشت چەوساوانی جیهانی وەخۆگرتبوو. ئەودەم خوێندکارانی فرانسا دژی سەرمایەداری و نادادی و ناڕەوایی و بۆ ئازادی، هەموو ئازادییەک، ڕابوون. ئەودەم ڕووناکبیرانی عەرەب، گۆمە مەنگە وەستاوەکەی فەرهەنگی عەرەبییان شڵەقاند. کوردیش، یا ڕاستتر، ڕووناکبیر و لاوانی کورد، وەک زایەڵەیەک بە دوای ئەواندا و بە چاولێکەریی ئەوان، نووزەیەکیان لێوەهات و جووڵەیەکیان کرد و کەوتنە پرسیارکردن و گومان و عەودالّی ڕاستییەکان بوون و وەدووی چارەسەر و وەرامدا، کەوتنە هەنگاونان. مرۆڤی کوردستانیی بە هەزار داو و کۆتی دزێوەوە، توند شەتەک دراوە و سەرخانە هزرییەکەشی، سەرخانی وەڵات و جڤاکەکەی، بۆ خۆی بەشێکە لەو کۆت و داوانە و بۆ خۆی بەرهەمهێنەری کۆت و داوە و بۆ خۆی سەپێنەری داخراوییە. شکاندنی ئەو کۆت و داوانە، گەرەکە بە سەر لاشەی سەرخانە هزرییەکەدا بڕوات،کە فەرهەنگ، بەشێکی سەرەکی و گرنگی ئەو سەرخانەیە. لەگەڵ هەڵتەکاندن و گۆڕینی ژێرخانە ئابوورییەکە، سەرخانەکەش دەگۆڕێ و فەرهەنگێکی نوێ بەرەبەرە خۆی دەسەپێنێت. هەرچەندە لە بواری فەرهەنگیشدا، گەلێک جاران، چەمک و کەرەستە و ئامرازی نوێ، بەکار دەبرێن، لێ هێشتاکە فەرهەنگی کوردی نەیتوانیوە لە ئاست پرسە هزرییە مەزنە مێشکخجڵکەر و مێشکجووڵێنەر و هەژێنەکاندا، ڕاشکاوانە خۆ دەرخات و بێتە مەیدانەوە. ژینگەیەکی کراوە و کەشێکی تەواو ئازاد، کە مرۆڤ خۆی تێیدا ببێتە

سەرچاوەی هەموو هزر و بەهاکان، تاکە مەرجێکە بۆ ڕەهاکردنی بیر و ئازادی بیرکردنەوە و هەموو نوێبوونەوە و داهێنانێک.

*ڕابەر فاریق: ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لە چی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێ خۆی نواندووە؟*

ئەمجەد شاکەلی: بەشێکی زۆری ئەوانەی کورد پێیان دەڵێ ڕۆشنبیر، چ جۆرە پێوەندێکیان بە ڕۆشنبیرییەوە نییە، بەڵکە "دابەزیوی هوتێلی ڕۆشنبیرین"، دیارە کورد گەلێک جاران جیاوازیی لە نێوان ڕووناکبیر و نووسەر و ڕۆژنامەوان و نوشتەنووسدا ناکەن و ئەوەی قەڵەمی بە دەستەوە بێت و چوار وشە بخاتە سەر کاغەز، ئیدی هەمزاغایە و ناوی ڕووناکبیری لێ دەنێن، نەک هەر خەڵک، تەنانەت بۆ خۆیشی ئەو ناوە لە خۆی دەنێ و بە خۆی دەڵێ "مامۆستا" و لە بنەوەی ناوەکەی دەنووسن"ڕووناکبیر"، ئەو نەک هەر شەرم ناکات بەڵکە بەوە گەلێک کەیفی سازە و بسکەی سمێڵیشی دێت. جاران لە هەولێر، هەر کەسێک پانتۆڵی لە پێ کردبا، پێیان دەگوت مامۆستا، لە شامیش بە هەموو کەس دەڵێن ئوستاد"استاذ". ڕۆشنبیران، چ لە کوردستان و چ لە هەر باژێڕستان و گوندستان و خاکستان و قوژبنستانێکی ئەم جیهانە، هیچ کات،گرۆیەکی یەکڕەنگ و یەکهزر و یەکدید و یەکپەرۆش، پێکناهێنن، بەڵکە زۆرجاران هەریەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنێت و جۆرێک بیر دەکاتەوە. زۆرێک لەوانەی کورد ناوی ڕووناکبیریان لێناون، خەڵکانێکن خۆیان بە دەسەڵاتدا هەڵواسیوە و لەسەر خوانی دەسەڵات دەلەوەڕێن و پەسنی دەسەڵات دەدەن و لە خزمەتی دەسەڵاتدان و چاویان لەدووی پارە و پووڵ و گیرفانپڕکردن و سامان و دەوڵەمەندبوونە و پاسەوانیان بە دواوەیەوە و چەکداری حیزب دەیانپارێزێ و نۆرەبڕیی ڕیزی دۆکتۆر و خوێندنگە و

ئەلەکتریک و ئاو و ئازووقە و زانستگە و ئۆتۆمبیل و زەوی و خانوو و باخ و مووچەی خانەنشینانە و شەهیدانە و ئەنفالانە و سەرکەژانە و نێودۆلانە و زیندانانە و بندیوارانە و هەموو شتێک، لە خەڵکی ئاسایی وەلات دەکەن و ئەگەر پێیان بکرێت نانی ئەو هەموو خەڵکە دەبڕن، تەنێ بۆ ئەوەی کیسەی خۆیان پڕ بێت. ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە، کەسانێکن بیرکردنەوە و مەبەستیان تێرکردنی زگ و بەرزگ و ئارەزووە ئاژەڵییەکانی خۆیانە و ئەگەر جاروباریێکیش دەم لە بابەتێک بکوتن و خۆ لە قەرەی باسێک بدەن و قسەیەک بگوڵمێنن، ئەوە هەر بۆ مەبەستە تایبەتییە کەسەکییەکانی خۆیانە، ئەوانە خەڵکانێکی تاریکبیر و خۆفرۆش و مشەخۆرن، چونکە ڕۆشنبیر، کە قەڵەمەکەی فرۆشت و بوو بە مەیموونی دەسەلات و بوو بە زوڕناژەنی دەسەلات و حیزب، دەکاتە ئەوەی تەنێ بیر لە خۆی دەکاتەوە و ئەویش وەک هەر پارەدار و سەرمایەدار و چاوچنۆکێکی دی، هەر خۆی مەبەستە. دیارە بەرانبەر ئەو جۆرە ڕووناکبیرە، جۆرێکی دیکە هەیە، کە ڕاستگۆیە و لەگەڵ دەرد و ئازاری خەڵک و وەلاتەکەیدایە و هەمیشەیش هەڵگری چرای ئازادی و ڕزگاری و یەکسانی و دژی چەوسانەوەیە و هاندەری گۆڕینە. ئەمانە بیر لە گۆڕینی جڤاک دەکەنەوە و مەبەستیانە کۆمەڵگەیەکی زیندووی خاوەن ئاوەز بئافرێنن، کە خەڵک بە مێشکی خۆی بیر بکاتەوە و کەس لە بری کەسێکی دیکە بیر نەکاتەوە.

***رابەر فاریق: لە نێو ڕۆشنبیرانی ئیستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەک (ڕۆشنبیری گەورەی کورد)، یا (شاعیری***

***گەورەی کورد) دەناسێنن؟ ئەم (گەورەییە) دەستەواژەیەکی لۆژیکییە، یان هەڕەمەکیی؟***

ئەمجەد شاکەلی: خەڵکی جیاواز لە نێو ڕووناکبیرانی کوردستاندا هەن، بەڵام کەمجاران وەک دەستە و گرۆ ئامادەییان هەبووە. سەردەمانێک ڕوانگەییەکان و سەردەمانێک مارکسیستەکان و سەردەمانێک بوونگەراییەکان (وجوودییەکان) و سەردەمانێک ڕەهەندییەکان و پۆستمۆدێرنیستەکان هەبوون و هەن. بوونی ئەم جۆرە گرۆیانە دیاردەگەلێکی ناساغ و دەردەدار و نەخۆش نەبوون و نین، بەڵکە بە پێچەوانەوە، دیاردەی لەشساغی و گەشیی و ئافراندن بوون و هەن. فەرهەنگ و هزر، بە فرەڕەهەندی و جیاوازی و گەنگەشە و فرەڕەنگیی، بنەمایەکی تەندروست بۆ جڤاکێکی تەندروست و زیندوو دەسازێنێت. ئەوەی، کە بە کەسێک بگوترێ "ڕۆشنبیری گەورەی کورد" یا "شاعیری گەورەی کورد"، هەرگیز دەستەواژەیەکی لۆگیکی نییە و زۆریش ناڕاستە. ئەم ڕۆشنبیری گەورە و شاعیری گەورەیە، هەر لە فەرهەنگەلێکی بەجێماوی وەک فەرهەنگی کورددا وەدی دەکرێ و زۆرجاران حیزب دروستی دەکات و بە گوێی خەڵکیدا دەدات. چما ڕووناکبیر و شاعیر پلەی سەربازین، کە لە مولازیمی دووەمەوە ببنە مولازیمی یەکەم و لە مولازیمی یەکەمەوە ببنە نەقیب و لە نەقیبەوە ببنە ڕائید و لە ڕائیدەوە ببنە موقەددەم و لە موقەددەمەوە ببنە عەقید و دواتر عەمید و لیوا و فەریق و مارشاڵ و... تا دوایی! تۆ ئەگەر نازناوی "ڕووناکبیری گەورە"ت دایە فلان و "شاعیری گەورە"ت دایە فلانی دیکە، ئەدی ئەو ڕووناکبیر و شاعیرەکانی دیکە چی لێ دەکەیت و چ پلەیەکیان دەدەیتێ! خۆ ناشێ ناوی "ڕووناکبیری بچووک" و "شاعیری بوودەڵە" و "ڕۆشنبیری خوێڕیلە" و "چیرۆکنووسی گەمژە"یان لێ بنێی. ڕووناکبیر لە جیهان و

تەمەنی مرۆڤدا زۆربوون و زۆرن، بەڵام کامیان هێندەی ڕێبەرانێکی وەک عیسای مەسیح و پەیامبەری ئیسلام و ئیمام عەلی و فیلۆسۆفێکی وەک مارکس، نۆرە و کاریگەرییان لەسەر هزری مرۆڤ بینیوە و خەڵکیان بە خۆوە سەرگەرم کردووە و خەڵکیان وەدووی خۆدا بردووە! من بە پێچەوانەی زۆری دیکەوە، کە تەنێ وەک بانگدەر و بانگەشەکارێک سەیریان دەکەن، عیسا و موحەممەد و عەلیم، بێجگە لە ڕێبەریەتی پێ ڕووناکبیریشن، ئەوان ڕوونابیرگەلێکی جڤاکین، کە لەنێو کۆمەڵدا ژیاون و کردەی گۆڕینی جڤاکیان بە ئەرکی خۆیان زانیوە و پیادەیان کردووە. تۆ ناتوانیت تەنێ ئەوان بە گەورە و کەڵەڕووناکبیر بزانیت و پلەی مارشاڵیان بدەیتێ و هیگڵ و نیچچە و برترەند ڕەسڵ و سارتر و ئیدوارد سەعید بسڕیتەوە یا پلەی مولازیمی دووەمیان بدەیتێ. ڕووناکبیر یا شاعیر هەریەکەو لە بوارێکدا ڕەنگە پێشەنگ بێت، لێ لە هەمان کاتدا ڕووناکبیرێکی دیکە و شاعیری دیکەش هەن، کە بە جۆرێکی دیکە پێشەنگن. بەشینەوەی ئەو نازناو و گەورەییانە، نە ڕووناکبیر و نە شاعیر، ناکاتە پلە یەک و گەورەییان پێ نابەخشێت، ئەگەر بۆ خۆیان، بە بەرهەم و هزر و داهێنانەکانیان، گەورە نەبن! ڕووناکبیری ڕاستەقینە و گەورە، کەسێکە داهێنەر، کەسێکە پێشبینی دەکات و داهاتوو دەخوێنێتەوە و دەبینێت، ئایا لەنێو کورددا، لەو جۆرە ڕووناکبیرە هەیە؟ ئەگەر هەشبێ، گەلێک دەگمەنە و لەبەر "ڕووناکبیرانی" مشەخۆر و کاسەلیس، کەمتریش وەبەرچاوان دەکەوێ.

***ڕابەر فاریق: کەسانێک هەن زۆر بە داخراوەیی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بە واتەیەکی تر: تەنیا دەڵێن (ئەم دەقە جوانە)، (ئەم دەقە ناشیرینە)، بە بێ ئەوەی بپرسن: بۆچی***

***جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگانانە بۆ چی دەگەڕێنێتەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: نەک هەر دەق، بەڵکە هەموو نووسینێک، داهێنانێک، دیاردەیەک، ڕووداوێک، بۆچوونێک یا هەر شتێکی ئەم ژیان و جیهانە، کە تۆ دەیبینی، دەیبیسی، دەیخوێنییەوە، ئاگات لێیە، کە مەبەست ئەوە بێت تۆ بیر و دید و ڕای خۆتی لەسەر دەربڕی، تۆ ناتوانیت بە یەک وشە، جوانە یا دزێوە، باشە یا خراپە، خۆشە یا ناخۆشە، گەمارە یا خاوێنە، هەروا سەرپێی، وەرام بدەیتەوە، بەڵکە گەرەکە، هەموو لایەنەکانی ئەو گوتنەی خۆت ڕوونبکەیتەوە و بێژی بۆچی وایە یا بۆچی وانییە. ئەوەی هەروا خێرا و بێ هەڵسەنگاندن و وردبوونەوە و دەسبەجێ مۆری دزێویی یا ڕەنگینیی بە دەقیکەوە بنێ، بە تایبەت دەقێکی سەنگین، پێموایە جۆرە پەلەکردنێک لە بڕیارەکەیدا هەیە، کە نیشانەی تەنکیی بیرکردنەوە و هەناسەسواریی پێوە دیارە. دەقی جوان و باش و دەقی نەباش و دزێو، گرێدراوی کاریگەری و نۆرەیانن لەسەر مرۆڤ. دەقی جوان، پەخشکردنی بەرامە و دەمکردنەوەی گوڵە و جووڵەیە و بزاوتە و نەسرەوتنە و بەخشینی شتێکی نوێیە بە جیهان و مرۆڤایەتی. دەقی جوان، شکاندنی بەستەڵەک و کردنەوەی ڕێچکەی نوێ و کردنەوەی دەلاقە و دەرگای نوێیە.

***رابەر فاریق: کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم نووسراوە (زارەکییە) و ئەویدی بە (نووسراوکراو)ە؟ هاوکات ئەو ڕەخنەیە (بنیاتنەر)ە و ئەویدیکە (ڕوخێنەر)ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە، هاوکاتیش؛ کەنگێ و بۆچی دەتوانیین ئەم پرسیار و پێودانگانە دەربېرین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین، هۆکارەکان کامانەن؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەدەبی زارەکی، ئەو ئەدەبەیە، کە لەسەر زمانی خەڵک بووە و دەماودەم لە نەوەکانی پێشووەوە گەیشتووەتە نەوەکانی دواتر. ئەوەی پێی دەگوترێ فۆلکلۆر، دەکەوێتە ئەو خانەیەوە. لاوێک هەستی خۆی بەرانبەر بە کچە چاوباشقاڵە جوانکیلەکەی هاوسێی، لە چەند وشەیەکدا، کە جوانیی ئەو کچە و حەزی ئەو لاوە، وای لێکردوون ببنە وشەگەلێکی کێشدار و سەروادار و جۆرە ڕیتم و ئاوازێک هەڵگرن و ببنە شیعر، دەربڕیوە و ئەو شیعرە دەماودەم بڵاو بووەتەوە و ئیدی بەو جۆرە دەیان و سەدان لەو شیعرانە خڕبوونەوە و لە سەرجەمی ئەوانە و لەو چیرۆکە ئەفسانەییانەی، پڕبوون و پڕن لە باسی دێو و درنج و جنۆکە و مێردەزمە و چەتە و دز و قارەمان و جەنگێڕ و هەموودەم گێڕدراونەوە و لەو فۆلکلۆرەی پێوەندیان بە هەندێک بۆنە و نەریت و ڕێساوە هەبووە، وەک: کاروباری کشتوکاڵ و ژیانی ئاوایی و درەو و ساوەرکوتان و مانگادۆشین و ئاودێری و بێری و هەندێک بۆنەی ئایینی، مانەندی ئاهەنگی جەژنان و مەولوودنامە و شەوی بەرات و هێلکەڕەنگکردنی ئێزدیان و جماتی یارسانییان و مردن و چەمەرە و شیوەن و بڕێک بۆنەی جڤاکیی وەک: زەماوەند و بووکگواستنەوە و لەدایکبوونی منداڵ و خەتەنەکردنی کوڕان و دەیان بۆنە و نەریتی دیکە، لەوانە هەموو ئەو ئەدەبە زارەکییە خڕبووەتەوە. ئەم ئەدەبە زارەکییە هەرچەندە جوانە و لەبەردڵانە و کاریگەرە و دڵخۆشکەرە، لێ مێشکگوشین و هونەر و ماندوبوونی تێدا بەکار نەبراوە، بەڵکە هەروەک چۆن دەربڕاوە و لە زار هاتووەتە دەر، هەر بەو جۆرە گەیشتووەتە ئێمە. ئەدەبی زارەکی، دەسپێک و بێژەری دیار نییە و کەسیش نازانێت، کەی گوتراوە و کێ گوتوویەتی. هەرچی ئەدەبی نووسراویشە، هونەری تێدا بەکار هاتووە و کەسێک پێوەی ماندوو بووە و هونەرکاریی تێدا کردووە و هەوڵیداوە بە جوانترین

شـێوە بیخاتـە بـەر دیـد و دەسـتی خوێنـەر و پێیـدا چووەتـەوە و هەڵەگیری تێدا کردووە و مەبەستی بووە چی بنووسێت و باسی چی بکـات و هەسـت و دیـد و جیهـانبینی و هـزر و تەنانـەت فەلسـەفە و کەسیەتیی خۆی تێدا نواندووە، تا ئافراندوویەتی.

ڕەخنە، ڕەخنەیە و ڕووخێنەر و بنیاتنەر چ واتایەکی نییە. ئەوەی تۆ و مـن و خـەڵکێک بـە ڕەخنـەی بنیاتنـەری دەزانین و دایدەنێین، ڕەنگـە خـەڵکی دەسـەڵاتدار و نووسـەرە هـەڵمش و مشـەخۆرەکانی دەوری دەسەڵات، بە ڕووخێنەری دابنێن و پێچەوانەکەیشی هەر ڕاستە، ئەوەی ئەوان پێیان بنیاتنـەرە، ڕەنگە لای خـەڵکی دیکە ڕووخێنـەر بێت. ڕەخنـە خوێندنـەوەی دەق و هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوە و لێوردبوونـەوە و پێشاندانی هـەموو هـزر و فەلسـەفەیەکی پشـت نووسینی ئەو دەقـە و لایەنـە بـەهێز و لاوازەکـانی ئـەو دەقەیـە و دەقـیش لـە نووسـەرەکەی جویێ ناکرێتەوە و تەواوی بیری نووسەرەکەیەتی و نوسـەرەکە خۆی و ڕەوشـی و جیهـانبینی، پیکهاتـە و کرۆکـی ئـەو دەقـەن و دەشـێ نووسەرەکەیشی وەک ئافەرێنـەری دەق، وەبـەر ڕەخنـە بکـەوێت. ئـەو ڕەخنەیەی تۆ لە منی بگریت و مـن بـە دڵـم نـەبێت، تـۆ نـاوی ڕەخنـەی بنیاتنەری لێ دەنێیـت، مـن نـاوی ڕەخنـەی ڕووخێنـەری لـێ دەنـێم. ئـەو ڕەخنەیەی مـن لـە تـۆی دەگـرم، مـن نـاوی بنیاتنـەری لـێ دەنـێم، تـۆش ئەگـەر پێـت بـاش نـەبێت، نـاوی ڕووخێنـەری لـێ دەنێیـت. ڕەخنـەی ڕووخێنـەر، ئـەو جـۆرە ڕەخنەیەیـە، کـە پێوەنـدی تـەنیا بـە ئـەدەب و دەقەوە نییە، بەڵکە لە پێوەندداریەتییشدا لە نێو کۆمەڵی ئێمەدا ڕۆژانە بـەکار دەبـرێ و دەگوترێتـەوە، کاتێـک یەکـدی دەشـکێننەوە و یەکـدی سـووک دەکـەن و نـزم تەماشـای یەکـدی دەکـەن، بـێ ئـەوەی لایـەنی هەسـتیاریی مـرۆڤ لێکبدرێتـەوە و شـێوەی دروسـتبوون و سروشـتی

مرۆڤ بخوێنرێتەوە، بەوەی کە ناتەواوییەکی لەش یا هۆش دەکرێتە نەنگی و هۆی گاڵتە و لاقرتێ.

***ڕابەر فاریق: ڕەخنەگرانمان بەدەر لە کاری خۆیان (ڕەخنەگر)ی، (بەدیل دۆزەرەوە)شن، پێتوایە ئەم دووانە گەرەکە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان هەبێ؟ کەی دەقی ئەدەبیی (ئەڵتەرناتیڤ) دەخوازی؟***

ئەمجەد شاکەلی: ڕەخنەگر، هیچ کاتێک مەرج نییە، ئەکادیمیست و خاوەن بڕوانامە بێت. ڕەخنەگری باش، خوێنەرێکی زیرەک و وردبین و بیرتیژ و شیکار و گومانکار و تژیی پرسیارە و ئاسۆی دیتنی بەرینترە و دوورتر دەبێنێت و دیوە شاراوە و نادیارەکانی نێو دەقەکە دەبینێت و ئەوەی لە دەقەکەدا نەگوتراوە و نەنووسراوە، ئەو دەیبینێت و دەیخوێنێتەوە، کە دەقیش دەخوێنێتەوە، لە منی خوێنەری ئاسایی بەرینتر و چڕتری دەخوێنێتەوە و بیر لە هەموو لایەنەکانی دەکاتەوە، لێ ئەمە ناکاتە ئەوەی ڕەخنەگر بریت(بەدیل)دۆزەرەوەش بێت، چونکە دەقی ئەدەبی چ بریتێکی نییە و ئەوەی نووسراوە و بڵاو کراوەتەوە، خاس یا خراپ، لاواز، یا بەهێز، ئیدی بووە بە هی خەڵک و دەکرێ قسەی لە سەر بکرێ و باس بکرێ و ڕەخنەی لێ بگیرێ.

***رابەر فاریق: بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاریی کاری لە سەر نەکراوە، بە شێوەیەک کە سەرچاوەمان لەمبارەیەوە هەبێ، لە کاتێکدا دەبوو ئێستە زیاتر لە جاران بایەخی پێ درابا، چونکە نائامادەییی لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، هەم بۆشایی و هەم قەیران و هەم دەرگەی داخستنی سەردەمێکیشمان بە ڕوودا دەکاتەوە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ڕەخنەی بەراوردکاریی، یان ئەدەبی بەراوردکاریی، بوارێکی گەلێک فراوان و بەرینە و پێویستی بە قووڵبوونەوەیەکی زیاتر و بایەخپێدانێکی زۆر و جیددی هەیە، بە خوێندنەوەی دەقی جیاواز و نووسەری جیاواز و بواری جیاواز و ژینگەی جیاواز و بە بالاگرتنی دەقی نووسەرێکی سەر بە زمان و نەتەوە و وەڵاتێک، بە دەقی نووسەرێکی دیکەی وەڵات و نەتەوە و زمانێکی جیاواز. بە باڵاگرتنی چیرۆکیک بە چیرۆکیکی دیکە و شیعرێک بە شیعرێکی دیکە و نووسەرێک بە نووسەرێکی دیکە، یان بەرواردکردنی داهێنانێکی ئەدەبی بە کارێکی هونەری وەک فیلم، شانۆیی، مۆسیقا و شێوەکاری. تەواوی ئەو بەراوردکارییە دەشێ، لە نێوان نووسەرێک یا دەقێکی کوردیدا و نووسەر و دەقێکی ناکوردی و سەر بە ژینگە و زمانیکی دیکەدا بکرێت. هەندێ جاریش وەها بەراوردێک لە نێوان نووسەر و دەقی یەک زماندا، بەڵام سەربە ژینگە و فەرهەنگ و وەڵاتی جیاوازدا دەکرێت، بۆ نموونە مەغریب و سووریا(زمانی عەرەبی)، ئەمەریکا و نیوزیلاند (زمانی ئینگلیزی)، کۆنگۆ و توونس و فرانسا (زمانی فرانسی)، ئێران و تاجیکستان و ئەفغانستان (زمانی فارسی). وەها کارێک زمانزانین و چێژی دەوێ. نەبوونی ڕەخنەی بەراوردکاری، بۆشاییەک دەسازێنێت، بەڵام مەرج نییە ببێتە هۆی قەیران و دەرگەداخستن بە سەر سەردەمێکدا. ئەدەبی بەراوردکاریی و ڕەخنەی بەراوردکاریی، بۆ خۆی وەک بەشێک لە ئەدەب و چالاکیی ئەدەبی، گەلێک کۆن نییە، هەموو ئەو خوێندنگە و ڕێبازانەی، کە بە ڕێبازی فرانسی و ئەمەریکی و ئەڵمانی و... ناسراون، کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ دوو سەدەیەک لەمەوبەر، واتە: ساڵانی 1800. لە نێو ئەدەبی کوردیدا، ڕەخنەی بەراوردکاریی ژانرێکی نوێیە، پێموایە نووسەر و ڕەخنەگری کورد، هێندە خۆی لە قەرەی نەداوە و

بـە سـەری نەکردووەتـەوە. ئـەوە نابێتـە هـۆی مـاڵوێرانیی کـورد و پووکانەوەی ئەدەبی کوردی، لێ هەبوونی، تەکانێکی بەهێز بە ئـەدەبی کوردی و ناساندنی بە جیهانی دەرەوە دەدات و دەکات.

***ڕابەر فاریق: لە ئیستەدا، داهێنان و ڕیکلام هاوئاستن لە خستنەڕووی ئاستی دەق لـە کوردستاندا، بـەڵام ئـەو ڕیکلامـەی لێرەدا مەبەستمە دابەشـبووە بــە ســەر خوێنــەر و ڕاگەیانــدن و دەســەڵاتی سیاســی حیزبەکان. بۆئەوەی نووسەری ئیبداعکار پردێک دروست بکات، بۆ بە یەکترگەییشتنی داهێنان و ڕیکلام، ئەوە چییە لە وەها وەختێکدا دەبێت بە کۆمەکاری تەندروست؟***

ئەمجەد شاکەلی: داهێنان و ڕیکلام دوو شتی جیاوازن و هەرگیزیش لە یەک ئاستدا نین. خوێنەری زیـرەک، زۆرچاک نووسـەری داهێنـەر و دەقی بەرز و هێژا، لە نووسەری دانەهێنەر و دەقی بێهێز و هیچنـەگۆ، جیا دەکاتەوە و جیاوازییەکانیان بە ئاسانی دەبینێت. تۆ بنۆڕە هەنـدێک لەو میعر و قسە هیچوپووچانەی هـەژاری موکریانی و جەگـەرخوین و گۆران، کە لە بارەی ستالین و ڕووس و لێنین و عیراق و دابەشکردنی عەردەوە گوتوویانە، کەی ڕەوایە ئەوانە لەگەڵ شاکارەکانی جەزیری و نالی و مەحوی و گۆران و شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و فـەرهاد شــاکەلی و عەبــدوڵڵا پەشــێو و ڕەفیــق ســابیر و ئەنــوەر قــادر موحەممەددا، بە یـەک چاو تەماشا بکـەیت. شـەفیق ئەلکـەمالی (شفیق الكمالي)یەک، کە بەعس کردبـووی بـە کوێخـای ئـەدب و فەرهـەنگ لـە عیراقدا و عەبدوڕەززاق عەبدولواحید (عبدالرزاق عەبدالواحـد)ێک، کـە نازنـاوی "شـاعیری دایکـی نەبـەردەکان" و "شـاعیری قادسییە"ی بەعسـی وەرگرتبــوو، هــەرگیز بــە بــەدر شــاکر ئەسســەیاب و موزەففــەر ئەلننــەوواب و حەسـەب ئەششـێخ جەعفـەر و ئـەدۆنیس، نـاپێورێن و

هەمیشــە ئــەوان گــرگن و کورتــەباڵان و ئــەمانیش بــەژن زراف و کەڵەگــەتن. لــە کۆمــەڵی کوردیشــدا، وەک زۆرێــک لــە کۆمەڵــە ڕۆژهەڵاتییــەکان، دەسـەڵات، دەسـت بەسـەر هـەموو شـتێکدا دەگـرێ، بـواری فەرهـەنگییش، یەکێکـە لـە بـوارە دەستبەسـەرداگیراوەکان و زۆر جـاران، نووســەرانی ســەر بــە دەســەڵات و ئەوانــەی بــۆ دەســەڵات دەنووسـن، گۆڕەپانەکـە داگیـر دەکـەن و ڕووناکییەکـە دەخرێتـە سـەر ئەوان، بەڵام ئەوە دیاردەیەکی کاتییە و نووسەری باش و دەقی باش، وەک چـۆن "بـە بێژنـگ بـەری خـۆر ناگیرێـت"، هـەرگیز ناشـاردرێنەوە. دەق یــا نووســەرێک، کــە ڕاگەیانــدنی حیــزب و دەســەڵاتی سیاســی گەورەی دەکەنەوە و ڕیکلامی بۆ دەکەن، ئەگەر بۆ خۆی(دەق) شتێکی تێدا نـەبێت و (نووسـەر)شتێکی پـێ نـەبێت و نووزەیـەکی لێـوە نەیـەت، هــەرگیز وەک داهێنــان و داهێنــەر تەماشــا نــاکرێن و پلــەی هێژایــەتی وەدەستناهێنن.

***رابەر فاریق: دیکارت ڕوانینێکی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هـەم"، بـەڵام ئـەوەی شـاراوە ماوەتـەوە، ئەمەیـە: کـام (بیـر کردنـەوە) دەتوانیت (بوون)یکی پڕجووڵە و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێ، هاوکـات بیرکردنـەوە لـە کـن تـاکی هۆشـیار تـا چەنـد پەیوەسـتە بـە (ئاگایی) و (ئەوانیدیکە)وە؟***

ئەمجــەد شــاکەلی: بــوون و نــەبوونی مــرۆڤ و پێناســەکردنی دەگەڕێتـەوە سـەر ئـەوەی چـۆنی دەبینـین. مـرۆڤ، کـە هاتـە دونیـاوە ئیدی هەیە، چونکە دەژی، دەخوا، دەڕێ، دەسێکسێ،کار دەکا، دەمـرێ و... بــەڵام بــوونێکی وا ئــاژەڵیش هەیــەتی، هەرچەنــدە تــا ڕادەیــەک جیاوازییەکی هێندە مەزن لە نێوان ئێمـەی مـرۆڤ و ئاژەڵـدا، لـە لایەنـە فیزیکییەکـەوە نییـە و ئـەوەی ئێمـە لـە ئـاژەڵ جـوێ دەکاتـەوە، لایەنـە

ئاوەزی و هۆشەکییەکەیە. ئاژەڵ مێژوویان نییە و ئێمە مێژووداریین. ئاژەڵ بیرگەیان یا نییە یا هەر یەکجار کورت و کەمخایەنە. منی بیرکەرەوە، ئەگەر منێک نەبێت، هەمیشە مێشکی بارگرانی پرسیار و گومان و دوودڵی و وردبوونەوە بێت، هەرگیز منێک نییە، کە هەبێت، بەڵکە منێکی ناچالاک و خاووخلیچک و خوێڕیلە و سستە، کە تەنێ هەیە و هەناسە دەدات و بۆشاییەک لە سەر ئەم زەوییە پڕ دەکاتەوە. منێکە چەندبارە دەبێتەوە و سەرهەڵدەداتەوە و دەمرێ و لەگەڵ منەکانی تردا، هیچ جیاوازییەکی نییە. ئەگەر مەبەست لە بوونی مرۆڤ، وەک ئایینە ئاسمانییەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، تەنێ بۆ خوداپەرستن و کڕنۆشبردن و ملکەچبوون بێت بۆ دەسەڵاتێکی باڵا و هێزیکی بانتر، ئەوە بوون نییە، ئەوە تەنێ بۆشایی پڕکردنەوەیە. ئەوە بوونێکە لە چوارچێوەی بازنەیەکدا، کە جێگەی پرسیار و گۆڕان و بیرکردنەوەی تێدا نابێتەوە، ئەوە ژینگەیەکە ڕەقەن و بێئاو و بەژ، کە نەمامی پێشکەوتنی تێدا ناڕوێ و جڤاکێکی سڕکراو و تاڕادەیەک مردوو دەئافرێنێ. مرۆڤ شارستانی و ژیاری دەئافرێنێ و هۆش دەکاتە پێوەر بۆ بەردەوامبوون و درێژەپێدانی ژیان و بە ورووژاندنی پرسیار و داهێنان و بەدەوکاریی و ئافراندن، بوونی خۆی دەسەلمێنێت. بوون، ئەگەر پەیامێکی نەبێت ئەوە هیچ واتایەکی نابێت.

***ڕابەر فاریق: چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟***

ئەمجەد شاکەلی: شیعری جوان، چیرۆکی جوان، ڕۆمانی جوان، مۆسیقای جوان، تابلۆی جوان، خەیاڵی جوان و خۆش، چپەی جوان، مرۆڤی جوان، خۆشەویستیی، هەموو خەونی خۆش و جوانن و مرۆڤیش، ئەگەر خەونی نەدیت، ئیدی دەمرێت. مرۆڤ بە خەونەوە،

بە ئومێدەوە، دەتوانێت درێژە بە ژیان بدات. من لەو بڕوایەدام جوانی و خۆشەویستی، واقیعی تاڵ دەگۆڕن، بەڵام نەک بە شێوەیەکی شۆڕشگێڕانە و ڕادیکاڵ و سەروبن. ئەو جوانی و خۆشەویستییە، بیر و جیهانبینی و ناوەوەی مرۆڤ دەهەژێنن و هەژاندنیش گۆڕانی بەدوودا دێت. بەشێکی زۆری داهێنان و شاکارەشیعر و شاکارەهونەر و شاکارەڕۆمانەکانی ئەم جیهانە، خەیاڵێکی خۆش و خەونێکی فێنکی جوانن و خراونەتە نێو چوارچێوەی مەبەستەکانەوە. بێ خەون و خەیاڵ، ژیان تەنێ چەقەچەقی ئاش و تەقەتەقی ماشێن و دەنگێکی ناساز و ژاوەژاوە.

***رابەر فاریق: کۆمەڵگە و تاکی کوردیی توانیویانە لە گۆڕانە بەردەوامەکاندا خۆیان بەرجەستە بکەن و جۆرێک لە فرەڕەهەندیی ڕوانین بەرهەم بهێنن؟***

ئەمجەد شاکەلی: تاکی کورد و جڤاکی کوردستان، بەشێکی دابڕاو نین، لە مرۆڤی سەر ئەم زەوییە و ئەم جیهانە. ئەوانیش وەک هەموو مرۆڤ و جڤاکەکانی دیکەی مرۆڤایەتی، بە جۆرێک لە جۆرەکان، کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی تێکەڵاویی و پێوەندە جیهانییەکانەوە. هەر گۆڕانێک لە بوارێکی ژیاندا، ئابووری، سیاسی، زانستی، تەکنیکی، فەرهەنگی و... لە جیهاندا ڕوو بدات، کار دەکاتە سەر هەموو جڤاکێک و تاکێکی ئەم جیهانە و کوردیش، یەکێکە لەوان و تاکی کوردیش، لەوەی لە دەوروبەری و لەوپەڕی دونیا دەگوزەرێت، بە ڕێژەیەک ئاگادارە. بە هۆی ئەو ئاگاداربوونەوە، فرەڕەهەندیی و ڕوانینێکی بەرینتر وەبەرهەم دێن، کە ڕێک دەبنە هۆی گۆڕانی بەردەوام و نوێبوونەوە، کە مەرج نییە گۆڕان و نوێبوونەوەیەکی فرەخێرا و لەپڕ بن.

***ڕابەر فاریق: بۆچی خوێنەرانی کورد لە سەروەختی خوێندنەوەی کاریگەرترین و گەورەترین ڕۆمانی دنیادا، وەها هەڕەمەکی پێشوازی لەم ژانرە دەکەن؟ هاوکاتیش، تۆ بڵێیت ڕۆمان ئەڵتەرناتیڤی هەموو بۆشاییەکانی ئەدەب بێت؟***

ئەمجەد شاکەلی: بە بڕوای من، لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆدا، کەم کەسی کورد، خۆی بە خوێندنەوەوە خەریک دەکات. ئەوەی دەخوێنێتەوە لەنێو جڤاکی کورددا، خەڵکێکی یەکجار کەمن. ئەوانە خەڵکێکن بۆ خۆیان، ئارەزوویەکی فەرهەنگی و ئەدەبی و هونەرییان هەیە. خەڵکی ئێمە، هێندەی دەم لە سیاسەت دەکوتن و مێشکیان سیاسەتاوی بووە، یەک لە سەدی ئەوە، خۆیان بە خوێندنەوەی ئەدەب و هزرەوە خەریک ناکەن. هەندێک رۆمان، کە پێشتر، ڕیکلامێکی زۆریان بۆ دەکرێت و زۆریان لە بارەوە دەنووسرێت و نووسەرەکانی، بە هۆی نێزیکییانەوە لە دەسەڵات و دەسگاکانی ڕاگەیاندن و حیزبەوە، دەخرێنە بەر ڕووناکی و هەڵدەدرێن، ئەودەمی خوێنەریان بۆ پەیدا دەکرێن. ئەو جۆرە نووسەرانە یا ڕۆمانەکانیان بە ویست و خواست، گەورە دەکرێن، خەڵکی ئێمەش، یان ڕاستتر، خوێنەری ئێمە شوێنی ئەو هەڵڵا و دەنگەدەنگە دەکەون و زۆر بە جیددی شوێنی ئەو عەشاماتە دەکەون. ڕۆمان، بەرینایییەک و ئاسۆیەکی گەلێک هەراو لە ئەدەبدا پڕ دەکاتەوە و بەشێکی فرەی کووچە و کۆڵانەکانی ژیان و ئەندێشەکانی مرۆڤ و خەم و خواست و ویست و ئۆمێد و دەردەکانی دەگرێتەخۆ و مێژووی کۆمەڵێک دەداتە شاندا، لێ ناتوانێت جێ بە شیعر لەق کات و پاڵ بە چیرۆکەوە بنێ و بیانسڕێتەوە و دەست بخاتە ناقرەیان و بیانتاسێنێت. ڕۆمان، نۆرەی خۆی و شیعر و چیرۆکیش، نۆرەی خۆیان دەبینن و هەریەکەیان بۆشاییەک پڕ دەکەنەوە و هەریەکەیان پەیامێک

دەگەیەنن. ئەوروپا، کە زێد و جێی لەدایکبوونی ڕۆمانە، تا ئێستاش شیعری جوان و چیرۆکی جوان و بەشەکانی دیکەی ئەدەب، بە بەردەوامی دێنێتە بەرهەم.

***رابەر فاریق: دەتوانین بڵێین کولتووری ڕۆژهەڵات کولتوورێکە دەکرێ ببێتە کەرەسەی داهێنانگەلێک، بەڵام ڕۆژهەڵاتییەکان سوودی ئەوتۆیان لێی وەرنەگرتووە لە بەرابەر ڕۆژئاواییەکاندا. ئەوە نووسەرانی ئێمەن کە جیهانبینییان تەسکە و ناتوانن لە کولتوور دەقی ئافرینەرانە بەرهەم بهێنن، یان بینینی هەر کولتوورێک لە دوورەوە باشتر قووڵاییەکانی دیار دەکەون؟ یان چیی؟***

ئەمجەد شاکەلی: فەرهەنگ، بە بڕوای من، لە هەر جیۆگرافیا و لەنێو هەر نەتەوە و گەل و وەڵات و خەڵکێکدا بێت و هەرچەندی تایبەتمەندیی خۆی هەبێت، بۆ هەموو مرۆڤایەتییە، بە واتایەکی تر: فەرهەنگی مرۆڤ، ئەگەر سەربە شوێن و خاک و کۆمەڵ و ئایین و نەتەوە و زمانی جیاوازیش بێت، هەر یەک فەرهەنگە و بۆ تەواوی مرۆڤەکانی سەر ئەم زەوییەیە و هەرگیز لەیەکدی دابڕاو نییە، بەڵکە وەک زنجیرێک تەواوی گەوەکانی گرێدراوی یەکدین. ڕۆژهەڵات جیۆگرافیایەکی تا بڵێی بەرینی فەرهەنگیی دەگرێتە خۆ. جیهانێکە پڕ لە فەرهەنگی جیاواز. جیهانێکە پر لە داهێنان و ئافراندن. جیهانێکە پڕ لە خەون و خەیاڵ و ئەفسانە و سیحر. تۆ بنۆڕە ئەو هەموو ئایین و پەیامبەریەتی و فەلسەفە و ڕێباز و هزر و شیعر و ئەدەب و پەیامە مرۆڤانە و نووسینە مەزن و پڕبایەخ و بەهادارانەی، لەو ڕۆژهەڵاتەدا وەبەرهەم هاتوون: بوودایزم، کۆنفۆشیانیزم، تاویزم، شامانیزم، میتراییزم، جوولەکایەتی، مەسیحییەت، ئیسلام، سۆفیزم، شیعە، عەلەوی، هیندۆیزم، ئێزدیایەتی، یارسانی، زەردەشتی، مەندائی، نەقشبەندی،

قادری، یۆگا، زێن و دەیان ڕێباز و بیر و هێڵ و ئایین و ئایینزا و فەلسەفەی دیکە. تۆ بنۆڕە فەرهەنگی چین و ژاپۆن و هیندوستان و ئێران و عەرەب، چییان بە فەرهەنگیی جیهانی پێشکەش کردووە. تەواوی فەرهەنگێک، کە ئەمڕۆ ڕۆژاوا شانازی پێوە دەکات، لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ فەرهەنگی گریک (یۆنان) و پاشماوە و درێژەپێدانی ئەو فەرهەنگەیە. ئەمڕۆ زاڵبوونی تەکنیک و ئابووری و سیاسەت و هێزی ڕۆژاوا، کاریگی وای کردووە، فەرهەنگەکەیشی بە سەر فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتدا زاڵ بێت و باڵادەست بێت. ڕۆژاوا بە ڕێنێسانس و ئازادی بیر و ڕەهاکردنی ئاوەز و هزر، گرەوی پێشکەوتنی فەرهەنگیی و زاڵبوونی، لە ڕۆژهەڵات بردەوە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی، کە ئیدی خەڵک پشت لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵات بکەن و پێیانوابێت هیچی تێدا نەماوە و ڤالایە. نووسەرانی ئێمە، بەشێکی زۆریان، سەرسامبوونێکی زیاد لە پێویست بە فەرهەنگی ڕۆژاواوە پێشان دەدەن و تەواوی فەرهەنگ و پاشخانی ڕۆژهەڵاتیەتی خۆیان دەسڕنەوە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بەشێکە لە دەردەڕۆژاوایەتی (ڕۆژاوازەدەیی)، کە ئەوانە دووچاری بوون. لە فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتدا هێندە کیشوەر هەن، کە هێشتا نووسەرانی ئێمە نەیاندۆزیوەتەوە. هێندە سنوور هەن، کە هێشتا نەیانبەزاندووە و بە سەریدا نەپەڕیونەوە. جیهانبینی ئەو نووسەرانە، کە بە بێ ئەوەی بە خۆ بزانن، سەرسامی سیاسەت و بازاڕی ئازاد و تەکنیک و لیبرالیزمی ڕۆژاوان، وای لێکردوون، مەستی فەرهەنگی ڕۆژاوا بن، ئەوان مەستی ئیدیۆلۆگیی کۆڵۆنیالیستانەی ڕۆژاوان، کە پەیامی سڕینەوەی نەک هەر فەرهەنگەکەیان، بەڵکە هی خۆیانیشی پێیە، ئەوان مەستی زانستی ڕۆژاوایی نین. ئەو نووسەرانە، ئەگەر هەندێک لە دیرۆک ورد ببنەوە و تەماشایەکی دەوروبەری خۆیان بکەن، فەرهەنگی ڕۆژهەڵاتەکەی

خۆیان هێندەی تێدایە، کە سروشبەخش بێت و ببێتە بنەمای ئافراندن و داهێنـان. ڕەنگـە تیـۆری "دەنگـی دەهـۆڵ لـە دوورەوە خۆشـە" یـا "سترانبێژی گەڕەک، مرۆڤ ناخاتە سەما"، لە سەردەمێکدا، لەتەک ئەم ڕەوشە فەرهەنگییەی ئێستادا، ویَک هاتباوە، لێ ئێستا هەموو دەرگەکان کراوەن و هیچ شتێکی شاراوە نییە و فەرهەنگی دوور نەماوە و هەموو فەرهەنگێک نزیکە.

***ڕابەر فاریق: بەردەوام کۆمەڵێک کەس هەن پێیانوایە ئایین نەبێت باشـترە، ئـەم تێڕوانینـە بنچینەیـەکی تەندروسـتی هەیـە؟ ئەمـە دەرهاویشتەی دنیای مۆدیرنیتەیە، یان شتیکی دیکە؟ هیچ کۆمەڵگەیەک دەتوانێت بەبێ ئایین درێژە بە ڕەوتی پێشکەوتنی خۆی بدات؟***

ئەمجەد شاکەلی: بوون و نەبوونی ئایین، بە دەستی تۆ و من و ئەو کۆمەڵە کەسە نییە. هەر لە سەردەمی بوونی مرۆڤەوە تا ئەمڕۆ، هەر لەو کاتەوەی، کە مرۆڤ لە مەیموونیەتی دەرچووە و بووە بە مرۆڤ و لە ئەشکەوتدا ژیاوە و گەڵای داری بە گەڵ و گون و گوانی خۆیەوە پێچـاوە، مـرۆڤ بـۆ خـۆی وەدووی هێزێـک لـە خـۆی بـەهێزتر و بـە دەسەڵاتتردا گەڕاوە و نـاوی بـۆ دۆزیوەتـەوە و هـەر جڤـاک و خـەڵکێک ناوێکی تایبەتیان لەو هێزە ناوە. خەڵک ئەو هێـزەی بـە پێویسـت زانیـوە، بۆ وەی لە تەنگانەدا بە هانایانەوە بێت. ئەو هێزە فریادڕەسێک بووە و هەمیشە مـرۆڤ هـاواری پـێ کـردووە و پـەنای بـۆ بـردووە. زۆرجـاران مرۆڤ وێنای ئـەو هێزەیـان وەک شـتێکی دونیـایی و لەبـەرچاو و بینـراو کردووە، کە لە شێوەی ئاژەڵێکدا خۆی نواندووە یا لـە شـێوەی مرۆڤـدا بووە. ئەوەتا چەندین نەتەوە و گەل و خەڵکی سـەر ئـەم گـۆی زەوییـە، مانگا بە پیرۆز دەزانن و هی وایش هەن، سرشت یا شتێک لـە سرشـتدا دەپەرستن و هی دیکەش هەبوون و هەن بەرد و بت و کۆتەڵ و شتی

دیکه دەپەرستن. ئایینی میترایی، با و باران و ئاگر و بەهار و کەژ و ئاسمان و لێڕەوار و شەوی پێ پیرۆز بوو و پێڕەوانی دەیانپەرستن. ئایینــە یەکتاپەرســتەکانی وەک جوولەکایــەتی، عیســایی و ئیســلام، هەرسێیان بڕوایان بە بوونی یەک خودا هەیە، کە سەروو و سەرەتا و خاوەن و ئافەریدە و کۆتایی هەموو بوونە و دەبێ بپەرسترێت. ئەم هەموو ئایینە لە مانگاپەرستەوە بیگرە تا دەگاتە بەرد و بت و خوا، تۆ ناتوانیت هەروا هێڵێکی چەپوڕاستی بە سەردا بێنێت و بیانسڕیتەوە و بڵێی نەبن باشترە. هەرچەندە ئایین، هەموو ئایینەکان، بە تایبەت ئایینە ئاسـمانییەکانی وەک جوولەکایـەتی، عیسـایی و ئیسـلام، لـە دەسـتپێکدا، وەک کۆمــەڵێک قــانوون و ڕێســا، بــۆ ڕێنــوێنی مــرۆڤ و ڕێکخســتنی کاروباری مرۆڤ و کۆمەڵ و پێوەندداریەتیی مرۆڤ لەتەک یەکتردا، هـاتوون، لـێ لایـەنێکی دیکـەی گرنگیشـیان تێدا بـووە و هەیـە، ئـەویش ڕێکخستنی پێوەندی مرۆڤە بە خوداوە. بە بڕوای مـن ئـەو ڕایەڵـە و پێوەنداریەتییەی مـرۆڤ و خـودا، کە دیـوێکی گرنگیـی ئایینـە، بابـەتێکی کەسەکی تایبەتە و مرۆڤ بۆ خۆی چۆنی ئەنجام دەدا یا نادا، پێوەنـدی بە خۆیـەوە هەیـە. عەبدولکەریم سرووش دەڵێ:"ئێمـە چ ئـەزموونێکی ئایینی گشتگر و بـە کۆمـەڵمان نییـە، ئەزموونەکە هەمیشـە کەسـەکی و خۆیەکییە. ئێمە بە تەنێ خۆمان لە عیشقدا، لە خۆشەویستیدا دەژیـن و بە تەنێ دەمرێن و ئەزموونی ئایینییش بە تەنی خۆمان تێیدا دەژین".

لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانی شێوەی ژیانی مـرۆڤ و ئابووری و جڤـاک و هـزردا، دیـدی مـرۆڤیش لەهەمبـەر ئـایین، گـۆڕانی بەسـەردا هـاتووە و زۆر وەک پێویستییەک نایەتە بەرچاو. زۆرجاران پێکهاتنی خـەڵک لـەنێو جڤاکـدا لـە سـەر کۆمـەڵێک ڕێسـا و قـانوون و جـۆری هەڵسـوکەوت و نەریت، بۆ خۆی دەبێتە ئایین و خـەڵک پێڕۆی دەکـەن و پێیـان سـەختە لێی لابدەن، بەڵام بـە تێپـەڕبوونی کـات و گـۆڕانی هەلومەرجـەکان، ئـەو

پێکهاتنانە دەگۆڕێن بۆ پێکهاتنی نوێ و خەڵکەکەش بە خەڵکی تر و هی دوای ئەوان، جێیان دەگیرێتەوە و ئەودەمی ڕێسای نوێ و دیدی نوێ، جێی ئەوانی پێشوو دەگرنەوە، کەواتە: هەر سەردەمەو جۆرە ئایینێک یا دیدێک باوی دەبێت و گۆڕانی هەلومەرجەکانی ژیان و پێشکەوتنی هۆش و هزر و ئابووری و تەکنیک و زانستیش، زەوینەی گۆڕین لە دیدی مرۆڤدا، لەهەمبەر ئایین دێنێتە گۆڕێ و زەوینەش خۆش دەکات بۆ گونجاندنی ئایین لەگەڵ ڕۆژگار و پێویستییەکانی سەردەمدا. نەبوونی هیچ ئایینێکیش، یا بێ ئایینی، کار لە ڕەوتی مرۆڤایەتی ناکات و سەدان کۆمەڵ لەم جیهانەدا هەن بێئایینن و کاروباریشیان گەلێک لە جڤاکە ئاییندارەکان باشتر و ڕێکوپێکتر بەڕێوە دەچێت. ئایین، برێک ڕێسا و قانوونی خۆی هەیە، بۆ مردن و لەدایکبوون و هاوسەرگیریی ژن و پیاو و هەندێک جەژن و بۆنەی دیکە، کە هەر بۆنەو تایبەتمەندیەتیی خۆی هەیە، ئیدی شێوەی ناشتنی مردوو و ناولێنانی منداڵ و مارەبڕینی بووک و زاوا و نوێژ و ڕۆژوو، کە هەر ئایینەو بە جۆرێکی ئەنجام دەدات. برێژنێفی سەرۆکی پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیێت و سەرۆکی پێشووی وەڵاتی سۆڤیێت، هەرچەندی وەک کۆمۆنیستێک بڕوای بە ئایین نەبوو، لێ کە مرد، قەشەیان هێنایە سەری و برایە کڵێسە و وەک عیساییەک بە خاک سپێردرا. دەمەوێ بڵێم، هەندێ جار، مرۆڤ نازانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ هەندێ پێشهات و ڕووداودا بکات، بۆ ئەوە پەنا دەباتە بەر ئایین و لە ئایینەوە وەڵامی بەشێک لە پرسیارەکانی دەستدەکەون. مارکسیستەکان دەیانگوت، هونەر جێی ئایین و خوداپەرستی دەگرێتەوە و مرۆڤ ئەودەمی چ پێویستییەکی بە ئایین نییە. لایەنە قانوونی و جڤاکی و ڕێکخستنەکەی ئایین، مرۆڤی ئێستا بە ئاوەزی نوێ و هزری نوێ و دیدی نوێ، قەرەبووی دەکاتەوە و مرۆڤ بۆ خۆی نەخشەی

چۆنیەتیی کار و ژیان و پێوەندداریەتییەکان دادەڕێژێ و چ پێویستی بە هێزێکی سەرەوەی مرۆڤ یا ئەودیوی سرشت نییە، بۆی داڕێژێ. ئەو ئارامییە گیانەکییەی مرۆڤێکی خوداناس و خودان باوەڕ هەستی پێ دەکات، هەرگیز کەسێکی گوماناوی و پڕدڵەڕاوکێ هەستی پێ ناکات. دیارە مرۆڤێکی تەواو بێباوەڕ و خودانەناسیش هەمان ئارامییە گیانەکییەکەی مرۆڤە خودان باوەڕ و خوداناسەکە هەست پی دەکات، ڕەنگە لەو ڕووەیشەوە ئایین هێشتا و تا ماوەیەکی زۆر و درێژی تر کاریگەریی خۆی هەبێت و بشمێنێت. ئێستاش پێڕۆیانی مووسا و عیسا و موحەممەد و شیڤا و کریشنا و بوودا(هەرچەندە ئەم سێیەی دوایین ئایینی ئاسمانیی نین) و...گەلێک لەوانە زۆرترن، کە بێئایینن.

***ڕابەر فاریق: لە هەموو وڵاتێک و ئایینەکاندا، کۆمەڵێک یاسا و تایبەتمەندیی هەن، کە پێویستە ئەو مرۆڤانەی قبووڵیان دەکەن بچنە ژێر ڕکێفیانەوە، ئەگەر ئەم کۆمەڵە یاسا و تایبەتمەندییانە نەمێنن، مرۆڤ دەتوانێت بە شێوەیەکی قووڵ و تۆکمەتر باس لە هەبوون و ژیان و ئاوەزی خۆی بکات؟***

ئەمجەد شاکەلی: پرسیاری پێشوویش تا ڕادەیەک هەمان مەبەستی هەبوو. من لەو بڕوایەدام، ئەو قانوون و تایبەتمەندییانەی لە ئاییندا هەن و لە وەڵاتاندا پێڕۆ دەکرێن، لەگەڵ کاتدا و لەگەڵ گۆڕانی مرۆڤ و جیهان و بیرکردنەوە و ئاوەزدا، بەرەبەرە کاڵ دەبنەوە و ئەو نۆرەیەی، کە لە دەسپێکدا هەیانبوو، نایانمێنێت. مرۆڤ چارەنووسی خۆی و نەخشە و ڕێگەی ژیانی خۆی ڕادەستی هێزێکی نادیاری دەرێی سرشت ناکات و کەس بە گەورە و سەرورەری خۆی نازانێت و تا بۆی بکرێ و بۆی بلوێ لە بازنەی بەستەڵەکئاسای ئایین خۆی دەرباز دەکات.

***ڕابەر فاریق: ئایین لە توانایدا هەیە بەرگری لە ئازادیی و فیکر و ژیانی تاکەکەس بکات؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئایین، ڕێسا و قانوون و وردەکارییەکانی، کە دانراون و لەلایەن مرۆڤەوە لێکدراونەتەوە، لە قاڵبدانی هزر و ئازادی و ژیانی مرۆڤە و تەواوی بیرکردنەوە و جووڵانەوەی مرۆڤ، بە ئایین، چوارچێوەدار و سنووردار دەبێت. مێشک لە مەنگەنە دەدرێت و هزر لە شوێنی خۆیدا چەقدەبەستێ، ڕێک وەک سەهۆڵبەندانێکی ئەم وەڵاتانەی سەرێی گۆی زەوی. مرۆڤ، ناتوانێت ئەو هێڵانەی بۆی دانراوە ببەزێنێت و لەو بازنەیە دەرچێتە دەرێ. ئایین، هەموو شتەکان، ئەوەی تووشی مرۆڤ دەبێت و هەموو بوونی مرۆڤ، دەداتە دەست خوداوە، یا هێزێکی سەرەوەی مرۆڤ و بوون و سرشت، کە لە سەرووی هەموو شتێکەوەیە و ئەو بڕیاری هەموو شتێک دەدات و ئەوەی دێتە ڕێگەی مرۆڤ، بە دیتنێکی ئایینی، لە نێوچاوانی نووسراوە و هەر زۆر پێشتر لە لایەن خوداوە بڕیاری لە سەر دراوە، کەوابوو، هیچ جۆرە ئازادی و بیر و ژیانێکی تاکەکەسیی لە نێو ئەو ژێنگەیەدا جێی نابێتەوە و مرۆڤ هەرگیز توانستی هەڵبژاردنی لەبەردەمدا نییە و مینا زارۆکێکی قوماتکراوی نێو بێشکە و زیندانییەکی شەتەکدراو بە کۆت و لە قەفەسدا بەنداکراو، توانستی هیچ جووڵانەوەیەکی نییە.

***ڕابەر فاریق: کەنگێ ئایین بەربەست دروست دەکات لە بەردەم زیاتر کرانەوەی جیهاندا، هاوکاتیش تا چەند کراوەیە لە بەردەم بەربەستە گەورەکاندا؟***

ئەمجەد شاکەلی: کاتێک ئایین دەرگەی بیرکردنەوە لە مرۆڤ دابخات و ڕێگە بە مرۆڤ نەدات، بە ئارەزووی خۆی ببزوێ و ڕای

خۆی دەربڕێت و بهزرێت و هەڵسوکەوت بکات و بخوات و بخواتەوە و بپۆشێت و لەشی خۆی بەکاربهێنێ، و بچێتە نێو تەواوی وردەکارییەکانی ژیانەوە و هەموو شتێک لە مرۆڤ بسێنێتەوە و ڕادەستی هێزێکی بانەکی بکات، ئەوە گەورەترین بەربەستە لەبەردەم کرانەوەی مرۆڤدا، کە دەکاتە کرانەوەی جیهانیش، چونکە مرۆڤ بۆ خۆی خاوەنی جیهانە و خۆی یەکسانە لەگەڵ جیهاندا. من بۆ خۆم بڕوام وایە، ئەو هەموو بەند و گرێ و داخراوییەی بە ئایینەوە دەلکێنرێن، بەشێکی زۆریان یا هەموویان، لە داهێنانی ئەوانەن، کە بە ناوی ئایینەوە قسان دەکەن، واتە: پیاوانی ئایینی و کارمەندانی ئایینی و ئامۆژگاریی بەخشەرەکانی دەسەڵات(وعاظ السلاطين)، کە خۆیان بە جێگر و بریکار و یاریدەر و وتەبێژی خودا دەزانن، دەنا بنەمای ئایین و سەرچاوەی یەکەمی ئایین، کە بنەمای بوون و ژیان بێت و دەسپێکی دەسپێکەکان بێت، پێموانییە هەرگیز ئەو ئاڵۆزییەی ئافراندبێ، چونکە ئەو ئافەرێنەرە، کە خودایە، خودای تەواوی مرۆڤە، بە هەموو ڕەنگ و زمان و فەرهەنگ و جیۆگرافیا و سێکس و هزر و نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاوازییەکانیانەوە. خودای گێتی و بوون و هەموو شتێکە. بەو پێیە، دەبێ ڕێگر نەبێت لەبەردەم کرانەوەی جیهان و تێکەڵاوبوونی مرۆڤدا. بیری بوونی خودا، وەک ئافەرێنەریکی ژیان و بوون و گێتی تاڕادەیەک بیرێکی جوانە، لێ ئەوەی کە ناوی ئەو خودایە دەزڕێنێ و دزێوی دەکا، ئەوانەن، کە خۆیان بە جێگر و بریکار و بڵندگۆی وی دەزانن. ئەوانەن، کە تەواوی ڕاستییەکان لەکن خۆیان دەبینن و بەرانبەرەکانیان بە هەڵە و چەوت دەزانن و کێشە لەنێوان ئایینەکان و مرۆڤەکاندا چێ دەکەن و پێیانوایە، کە خودا تەنێ خودای ئەوان و ئایین و ئایینزاکەی ئەوانە. وەها کارێک عەرەباندن و مەسیحیاندن و جوولەکاندنی خودا و بە تۆبزی ترنجاندنی خودایە دەنێو چوارچێوە و

ژیـــنگە و جیۆگرافیـــا و ڕووبەرێکـــی تەسکوتروســـک و تەنـــگەبەر و بچووککردنەوەی خودایە.

***ڕابـەر فـاریق: دەشـێت (بـوونی ئـایین) پێوەسـت بکرێـت بـە درێژبوونەوەی (بوونی مرۆ)وە؟***

ئەمجەد شاکەلی: مەرج نییە وا بێت، ڕەنگە مـرۆڤ لـە مەودایـەکی درێـژدا و پـاش چەنـد سـەدەیەکی دیکـە، هـیچ جـۆرە پێویسـتییەکی بـە ئایین نەمێنێت و باسێکیش لە ئایین تەنێ وەک مێژوو بکرێت. تـۆ هـەر ئێستا و لەم سەردەمەدا دەبینیت، مرۆڤ هێندەی جاران پابەندی ئایین نییـە و ئـایین، ئـەو نـۆرە کارایـەی جـاران، لـە ژیانیـدا نابینێـت، تـۆ لـەوە گـەڕێ، ئـەمڕۆ ئـایین لـە بەشـێکی زۆری جیهانـدا و لـە سـەر دەسـتی کۆمـەڵێک بازرگـانی سیاسـی و سیاسـەتکاری سـاختەکار، کراوەتـە کـاڵا و وەک ئامرازێـک بـۆ چەوسـاندنەوەی مـرۆڤ و کوشـتنی ئـازادی و لـەنێوبردنی مـرۆڤ بـەکار دەبـرێ. تـۆ دەزانـی وەڵاتـی چـین، کـە گەورەترین کۆمەڵگەی مرۆڤە لەم جیهانەدا و خاوەنی شارستانییەکی 4 - 5 هەزار ساڵە و زیاتریشە، وەڵاتێکە هەرگیز ئایینی بە خۆیەوە نەدیوە و ئایین تێیدا زاڵ نەبووە و بێ ئایین ژیاوە و دەژی، مەبەستم ئایینێک، کە بڕوای بـە تاکـە خودایـەک یا چەنـد خودایـەک هـەبێت و بـڕوای بـە زیندووبوونـەوەی دوای مـردن و لێپرسـینەوە هـەبێت! کۆنفۆشـیانیزم، بوودیزم، شامانیزم و تاویزم، کە خەڵکی چین پێڕۆیانیانن، هیچیان ئایینی خـودایی و ئاسـمانی و بڕوابـوو بـە زیندووبوونـەوە و ژیـانێکی دیکـە و لێپرسینەوە نین، بەڵکە ئەوانە پتر فەلسـەفە و ڕێبازیکی ژیانن. هـەرچی مەسـیحییەت و ئیسلامیشـە، کـە ئایینگـەلێکی ئاسـمانیین، هـەزار و چەنـد سـەد سـاڵێکە گەیشـتوونەتە چـین و لـە چـاو ئـەو ڕێبـاز و فەلسـەفە ڕەسـەنانەی چـین خۆیـدا، کـە لـەنێو کۆمـەڵی چینـدا ڕەگیـان داکوتـاوە،

هێندەیان کاریگەری نییە. ئیندیانەکانی هەردوو ئەمەریکای باشوور و یاکووریش، کە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ، ئایینی ئاسمانییان نییە و پتر سرشتپەرستن و ئەوەی لای ئەوان ئایینە گرێدراوی سرشتە. ڕاستافارییەکان، کە پتر لە جامایکا و ئەسیووپیا هەن، کۆنە ئیمپراتۆری ئەسیووپیا، هایلا سیلاسی، بە گیانی خودا و خودا دەزانن و ئەو دەپەرستن. لە ئەفریقا چەندین کۆمەڵگە و خەڵک هەن، بڕوایان وایە، کە لە پاڵ خودایەکی مەزندا، کە ئافەرێنەری هەموو گەردوونە، چەند خودای گچکەگچکە هەن، کە کۆمەکی پێ دەکەن. هەندێک کۆمەڵگەی دیکە هەن لەو بڕوایەدان، کە لە هەموو شتێکدا تەنانەت بێگیانیش، بەشێکی گیانیی خودای تێدایە. خەڵکانێکیش هەن ئاژەڵ، دەپەرستن. مرۆڤ، بێ ئایین ژیاوە و بێ ئایینیش دەتوانێ بژی.

***ڕابەر فاریق: بە درێژاییی مێژووی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی، داهێنان و تێپەڕاندن هەبووە و بەردەوامیش دەبێت، ئەمەیش لە (حاجی قادری کۆیی) و (نالی) و (مەولەوی) و (سالم) و (کوردی)یەوە بگرە، تا (مەسعوود محەممەد) و (شوکور مستەفا) و سەردەمی ئەمڕۆمان. لێرەشەوە ئەمە دەڵێم کە ئافراندن پێوەندیی بە هەبوونی مرۆڤەوە هەیە، واتە: تا ژیانکردن لە سەر زەوی بەردەوام بێت، ئەم ڕەهەندەیش درێژە دەکێشێت. ئایا کۆمەڵگەی کوردیی تا چەند کراوە بووە لە بەرانبەر قبووڵکردنی دەقە نەمرەکاندا؟ هاوکات ئێمە دەزانین مەگەر چۆن، ئەگینا دەقی ڕەسەن هەردەم دژ دەکەوێتەوە لەگەڵ مێژوو، بۆیە لە پاڵ ئەم پرسانەی سەرەوەدا، دەپرسم: دەوری مێژوو چییە لە ناساندن و پەردەپۆشکردنی داهێناندا؟***

ئەمجەد شاکەلی: دەقی جوان و تۆکمە و پڕ لە هزر و سروشبەخش، دەقێکە هەرچی داو و گرێ و دەسرازە و کۆت هەیە،

هەمووی تێکدەشکێنێ و دەپسێنێ و وەک باڵندەیەکی سرک دەفڕێ، دەقێکە سەر بۆ هێچ چەمکێکی ڕۆژانەی باو و سواو نەوی ناکات، تابوو دەشکێنێ، کاوێژ ناکات و ناجوێتەوە و ڕێگەی نوێ بۆ دەربڕین دەبینێتەوە، ئازادە و بێنیازە لە هەموو دەسەڵات و سیاسەت و سەروەرێک و نابێتە کۆیلەی هیچ یەکێک لەوان، وەها دەقێک، هەمیشە خۆی دەسەپێنێت و لە ڕیزی پێشەوەدا دەبێت و نۆرەی پێشەنگ دەبینێت. مێژوو، مرۆڤ دروستی دەکات و دەقی خاس و دەقی خراپیش، هەر مرۆڤ دەیداتە دەر. نە مێژوو و نە مرۆڤ، ناتوانن دەقێکی بێفەڕ و خوێنتاڵ و مردوو، بکەنە داهێنان. دەقی خراپ، لاڵە و بە مردوویەتی لەدایک دەبێت و لەباردەچێت و دەقی خاسیش، گیاندارە و زیندووە و هەموو بەربەست و کۆسپەکان دەڕووخێنێت و هەژان دروست دەکات. گەلێ جار، کات دەڕوات و ڕۆژگار تێدەپەڕن، مرۆڤ درەنگانێک، وەئاگا دێنەوە و بەها و بایەخی دەقێکی پشتگوێخراویان بۆ دەردەکەوێت یا دەقێک، کە بە هۆیەک لە هۆیەکان، لە سەردەمێکدا، کەنار خراوە و زۆر گرنگیی پێ نەدراوە، دێتەوە مەیدان و خەڵک بە جۆرێکی دیکە دەیخوێننەوە و چاوی لێ دەکەن. دەقی چاک هەمیشە زیندووە و هەرگیز نامرێت. دەقی نەمریش دەقێکە بەرهەمهێنەر، دروستکار و نوێکەرەوە و ئافەرێنەر، دەقێکە هەمیشە وەدووی دۆزینەوەی نوێ و جیهانی نوێدا وێڵە و بەردەوام دەربڕی نیگەرانییە هەمیشەییەکانی مرۆڤە. بە خوێندنەوەی شیعرێک، چیرۆکێک، ڕۆمانێک یا پەخشانێک، ئەگەر هەستت کرد مێشکت جووڵەی تێدەکەوێ و ئەگەر کەوتیتە هزرین و پرسیارت لا دروست بوو و ئەگەر ئاسۆی هزرت بەرینتر بووەوە و چێژێک بە گیانت بەخشرا و هەستت ختووکەی هاتێ، ئەگەر گریای یا بزەگرتتی و خەنیت، ئەودەمە دەزانیت ئەوە دەقیکی مەزنە. دەقی مەزن و

داهێنەر و تۆکمە، تەنێ سیپاڵی دوێنێی لەبەردا نییە و باس لە دوێنێ ناکات و تەنێ بۆ ئەمڕۆ نییە، بەڵکە بۆ داهاتوو و ڕۆژانێکە، کە هێشتا ئێمە چاوەڕوانیانین. ئەو دەقەی ئەمڕۆ خزمەت بە مرۆڤی کورد دەکات و دیدی فراوانتر دەکاتەوە و ڕوونتر پێی دەبینێ، دەقێکە دژی باو و مەنگیی کۆمەڵگە و سیاسەت و دەسەڵاتی چەوت و دەسگا ئایینەییە وشکهەڵاتووەکان و پێکهاتە فەرهەنگییە ژەنگرتووەکان و هەموو ئەو دەسگایانەی مرۆڤ دەخەسێنن و دەمکوت دەکەن. دەقێکە هەموو ئەو سەقامگیرییە فەرهەنگییە دەڕووخێنێ و دید و بیستن و زمان و مێشک، دەکاتەوە و ئازاد دەکات. دەقی داهێنەر و بەهادار، ئەو دەقەیە، کە جێگە و شوێن و کاتی بۆ نییە و دەقێکە بۆ هەموو شوێن و هەموو کاتێک، وەها دەقێک هەرگیز نامرێت.

**مارسی 2010**

**ئامادەکردنی: ڕابەر فاریق.**

**ئەم دیدارە لە سێ ژمارەی حەفتەنامەی"ڕووبەری داهێنان"دا، ژمارە 21ی 2010/06/29 و ژمارە 22ی 2010/07/06 و ژمارە 23ی 2010/07/13 و بە سێ بەش بڵاوکراوەتەوە. دیدارەکە لە سازدانی"ڕابەر فاریق" ە، بەڵام لە حەفتەنامەکەدا هەر بە ناوی ڕووبەری داهێنانەوە بڵاو کراوەتەوە.**

# تەوەری کەلتوور

# و

# ئەدەب

***غەمگین بۆڵی: ئایا کەلتوور چ پەیوەندییەکی بەئەدەبەوە هەیە؟ بەیەکگەیشتی کەلتوورە جیاوازەکان و پێکدادانی شتەکان دواجار لە قازانجی ئەدەب کۆتایی دێت؟ رۆڵی ئەدەب بەسەرکەلتوورەوە چی دەبێت؟***

ئەمجەد شاکەلی: پێش هەر شتێک، من بۆ خۆم وشەی "کەلتوور" یا "کولتوور Kultur/Cultur" یا "کەڵچەر Culture" یا هەر شێوەیەکی دیکەی ئەو وشانەم، کە زۆرێک لە نووسەرانی کورد بەکاریان دەبەن، بەلاوە نە پەسەندە و نە خۆشە و نە جوانە. ئەو وشانە، لە بنەڕەتدا دەگەڕێنەوە سەر وشەی "کولتوورا Cultura " و "کولتووس Cultus "ی زمانی لاتینی، کە زمانی نووسین و خوێندن و زانستی ڕۆمانییەکان بووە و ئێستا زمانێکی مردووە، ڕێک وەک زمانی پەهلەڤی ئێرانی. کورد تا ئێستا نەیتوانیوە لەسەر یەک وشە یا دەستەواژە بۆ فەرهەنگ، پێک بێت. هەریەکەو بە ئارەزووی خۆی و بە گوێرەی ئەوەی لە کوێ دەژی، دەستەواژەیەک بەکار دەبات، ئیدی:کەڵچەر، کەلتوور، کولتوور، ڕۆشنبیریی(دەگوترێ وەزارەتی ڕۆشنبیریی)،ڕەوشەنبیریی، ڕووناکبیریی، چاند(بە کرمانجیی سەروو)، هەموو ئەوانە بەکار دەبرێن. کورد، کە

نەتەوەیەکی ئێرانییە و زمانەکەشی یەکێکە لە زمانە ئێرانییەکان، حەقوایە وشەی "فەرهەنگ" بەکار ببات و ببڕێتەوە، چونکە ئەو وشەیە لە بنەمادا، وشەیەکی ڕەسەنی زمانانی ئێرانییە.

فەرهەنگ، بە واتا فراوانەکەی تەواوی لایەنە گیانەکی، هۆشەکی، هەستەکی و شێوەی ژیانی جڤاکیی، هەموو جڤاکێک دەگرێتەوە. ئەدەب (شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، ڕەخنە، فۆلکلۆر)، هونەر(ستران، سەما، نیگارکێشان، وێنەگرتن، پەیکەرتاشیی، سینەما، شانۆیی، موسیقا)، میدیا (ڕۆژنامەنووسیی، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن)، ئایین، فیلۆسۆفیی، ئەفسانە، نەریت، ڕەوشت، پەروەردە، بارهێنان، چاندن و کشتوکاڵ، کاری دەستیی، پۆشاک، خۆراک، خانوو و هونەری تەلارسازی و...هەموو ئەمانە بەشێکن لە فەرهەنگ. مرۆڤ، کە باس لە فەرهەنگ دەکات، فرەجاران دەستەواژەی: فەرهەنگی خۆراک، فەرهەنگی پۆشاک، فەرهەنگی خواردنەوە، فەرهەنگی بازرگانی، فەرهەنگی کشتوکاڵ، فەرهەنگی کارگێڕی، فەرهەنگی گەشتکردن، فەرهەنگی دەیان شتی دیکە بەکار دەبات، چونکە هەر بوارێکی ژیان، فەرهەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەدەب، بەشێکی گرنگە لە فەرهەنگ و یەکێکە لە بنگە و کۆڵەکە هەرە قاییم و بتەو و بنەڕەتییەکانی فەرهەنگ. بە بڕوای من، فەرهەنگە جیاوازەکان، هەرگیز دژ بە یەکدی نین و پێکدانادەن، بەڵکە پێکدەگەن و تێکەڵ دەبن و لەنێو یەکدیدا دەتوێنەوە و دەبن بە یەک. ئەگەر وا دانێین هەر نەتەوەیەک، گەلێک، کۆمەڵەخەڵکێک، خاوەنی یەک فەرهەنگ بن، ئەوا ناتوانرێ ئەوە بسەلمێنرێ، کە ئەو فەرهەنگەی هەیانە سەدلەسەد هی خۆیانە و هەرگیز لەتەک چ فەرهەنگی دیکەدا تێکەڵ نەبووە یا کاریگەریی چ فەرهەنگێکی دیکەی بەسەرەوە نەبووە و نییە. لەم جیهانەدا فەرهەنگی سەدلەسەد نییە و فەرهەنگیش چەسپاو و نەگۆڕ نییە، بەڵکە هەمیشە لە گۆڕان و نوێبوونەوە و لەنێوچووندایە.

بێگومان، تێکەڵاوی فەرهەنگیی و کارلێکیان لەیەکدی، دەبێتە هۆی بەهێزکردنی نەک هەر ئەدەب، بەڵکە هەموو بەشەکانی دیکەی فەرهەنگ، بەمەرجێک، ئەگەر بە مەبەست و وەک هزرێکی داگیرکارانە، کۆڵۆنیالیستانە و ئیمپریالیستانە، فەرهەنگێکی زاڵ و باو، بە تۆبزی، نەسەپێنرێت بەسەر فەرهەنگی گەل، نەتەوە، وەڵات یا کۆمەڵەخەڵکێکدا، کە خۆیان لەنێو یەک فەرهەنگدا دەبیننەوە، بە مەبەستی سڕینەوە و لەنێوبردنی فەرهەنگەکەیان. ئەدەب، وەک پاژێکی سەرەکی و گرنگی فەرهەنگ، هەمیشە، وزە و هێز دەداتە فەرهەنگ. فەرهەنگە بەهێزەکان، لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرە بەهێزەکانیانەوە دەناسرێنەوە.

***غەمگین بۆڵی: وەک ئاشکرایە بە درێژایی مێژوو کەلتووری ئێمە لە لایەن نەیارانی کوردەوە بە هەموو شێوەیەک لەناو براوە، ئایا بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەلتوورە چی دەبێتە دەستپێکی کۆمەککردنی؟***

ئەمجەد شاکەلی: کورد، وەک نەتەوە و بە درێژایی مێژوو، هەرگیز خاوەنی فەرهەنگێکی تۆکمە و بەهێز و کاریگەر، کە توانیبێتی کار بکاتە سەر فەرهەنگی دیکەی خەڵکی دیکە، نەبووە. کورد، هەرگیز خاوەنی شارستانییەکی مەزن و لەبەرچاو نەبووە، نە لە ڕووی هزر و نە لە ڕووی ئەدەب و نە لە هونەریشدا، هەرگیز شتێکی بەهێز و کاریگەری بە مرۆڤایەتی، نەبەخشیوە و پێشکەش نەکردووە.

خودانی فەرهەنگی بەهێز و دەوڵەمەند، هەمیشە خەڵکانێکن لەسەر پێی خۆیان ڕاوەستاون و زەوینەیەکی هزریی تۆکمە و بتەو و بڕوابەخۆبوونێکی لەڕادەبەدەریان هەیە و فەرهەنگی دیکە لە هیچ هەلومەرجێکدا ناتوانێت، فەرهەنگەکەیان بسڕێتەوە و لەنێو ببات. کورد، لەو خەڵکە خاوەن فەرهەنگە بەهێز و دەوڵەمەندانە نییە. نەیارانی کورد، ئەگەر بە درێژایی مێژووش هەوڵی لەنێوبردنی فەرهەنگی کوردیان

دابێت، ئەوا لەبەر بێهێزیی و لاوازیی و کرچوکاڵیی فەرهەنگی کورد، توانیویانە، کاریگەری لەسەر دانێن و بیشێوێنن و بەشێکی لێ لەنێو ببەن، لێ بەوەیشەوە ئەوان نەیانتوانیوە بە تەواوی ئەو فەرهەنگە لەنێو بەرن. ئەوان(نەیارانی کورد)تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوون لەوەی، کورد بە فەرهەنگ و بە سیاسەت و بە ئابووری و بە مێشک و بیرکردنەوە و ڕەوتارەوە، کەوی بکەن و بیخەنە نێو بازنەی جیهانبینی خۆیانەوە و بە خۆیانەوەی گرێدەن، نەک وەک پاشکۆیەکی ئاگا و زیتەڵە و وریا، بەڵکە وەک پاشکۆیەکی لاساییکەرەوە. تۆ لەوەگەڕێ لەمرە و لەورە، کوردگەلێکی یاخی و بەلەسە لەو ڕێسایە دەبینیتەوە، کە ملکەچی ئەو سەرشۆڕپێکردنەی نەیارانی کورد نین، لێ ئەوانە بەشێکن لە کورد نەک هەمووکورد.

سەرانی سیاسەتی جڤاکی کورد و دەسەڵاتداری کورد، ئەوانەی هەوساریان بەدەستە و بڕیاردەرن، کورد و وەڵاتی کورد و فەرهەنگی کورد و هەموو شتێکی کورد، وەک کاکڵە گوێزێکی پاککراو، دەخەنە پێش نەیارانی کورد. ئەمڕۆ، کورد بە دەستی خۆی، نەک بە دەستی بیانی، فەرهەنگی خۆی لەنێو دەبات. ئەوەی ئەمڕۆ لە باشووری کوردستان ڕوودەدات، بەشێکی کەمی لێ دەرچێت، سڕینەوە و تاساندن و کوشتنی فەرهەنگە. فەرهەنگی کورد بە گشتی و زمانی کوردی، کە بڕبڕەی پشتی ئەدەبەکەیەتی، کە کۆڵەکە گەورەکەی فەرهەنگە، ئەمڕۆ لە کوردستان "زۆرگێ" دەکرێ(واتە: بە تۆبزی دەیگێن). کابرایەکی فرانسەیی، سوێدی یا عەرەبێک، ئەمڕۆ بیەوێ زمانی کوردی فێر بێت، ئەگەر لە هەولێر و سلێمانی بچێتە کۆرس و خولی زمان، ئەم کوردییەی تۆ و من پێی دەنووسین و دەخوێنینەوە، کە سەدان ساڵە بووە بە زمانی نووسین و بارهێنان و خوێندنەوە و میدیا، فێر دەکرێ، بەڵام ئەگەر بچێتە دهۆک و زاخۆ، ئەوە کرمانجی سەروو فێر دەکرێ و

خۆ ئەگەر کوردانی باکوور خاوەنی ئەو کۆرسە بن، ئەوا کوردی بە تیپی لاتینی فێر دەکرێ و خودا دەزانێت، ئەگەر ئەو بیانییە سیابەختە لە هەورامان یا ئیلام یا سیوەرەک یا یەرەڤان، فێرە کوردی بکرێت، ئەوان چی فێر دەکەن. ئەمە نەک هەر بەزۆرگاییی زمانی کوردییە، بەڵکە لە سێدارەدان و سووتاندن و لەنێوبردنی زمانی کوردییە و بەوەش سڕینەوەی فەرهەنگی کوردییە. دەسەڵاتی کورد، ئەمڕۆ پارە و سەرمایە، چاوی سوور کردووە و لە پارە زیاتر هیچی دیکە نابینێت. دەسەڵاتی کورد، نۆرەی سەرمایەدارێکی بێویژدان و بازرگانێکی چاوچنۆک و بێهەست دەبینێت و بازرگانی دەکات. بازرگانییش کار دەکاتە سەر فەرهەنگ. تۆ کە هەرچی شتت هەیە، لە فیلمی دۆبلاژکراو و کەرەستەی بیناسازی و خۆراک و سەوزە و میوە و ناوماڵە و تەنانەت ئاوی خواردەنەوەش، لە تورکیا، ئێران، عیراق، سووریا و چین و ئەمەریکاوە، بۆ بێت، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بیت، کە تۆ سەربەخۆیت و خاوەنی خۆتی. لەگەڵ کاڵا و هەموو ورد و درشتێکی تورکدا، شێوەژیانی تورکی و ڕەوتار و کرداری تورکی و تەنانەت جیهانبینی و بیرکردنەوەی تورکییش دێنە ماڵ و وەڵاتە کاولبووەکەتەوە. کێ لەمە تێناگات! هیچ خاوەنئاوەزێکی ئەم جیهانە ناچێت وەڵاتەکەی خۆی بکاتە بازاڕ و تاقیگە و شوێنی حەوانەوە، بۆ نەیاری گەل و وەڵاتەکەی، وەها کارێک تەنیا بە دەسەڵاتدار و سیاسەتکار و بازرگانی کورد دەکرێت. لەگەڵ هاوردنی گچکەترین شت لە تورکیاوە بۆ کوردستان، فەرهەنگی تورکیشی لەگەڵدا وەژوور دەکەوێت و فەرهەنگەکەی تۆ، وەبن فەرهەنگەکەی ئەوەوە دەبێت، چونکە ئەو زاڵە و ئەو بەهێزترە و ئەو بە نەخشەوە، کارت لەگەڵدا دەکات و دەزانێت چ دەکات و مەبەستیشێتی فەرهەنگی تۆ کوێرکاتەوە. فەرهەنگی تەنبەڵ و لاوازی تۆیش، هەرگیز بەری ئەو زلەفەرهەنگانەی پێ ناگیرێت.

***غەمگین بۆڵی: ئایا ئێمە کەی دەتوانین بریارلەسەرئەوە بدەین ،کە ئەم کەلتووره لەژێرمەترسیدایە و مەترسییەکانی سەر کەلتوور چین؟***

ئەمجەد شاكەلی: كە تۆ هەموو شتێكی خۆتت سڕییەوە و هەموو پۆخڵەفەرهەنگ و زڕەفەرهەنگ و زۆڵەكەفەرهەنگێكی دیكەت لە خەڵكی وەڵاتەكەت و نەتەوەكەت كردە فەرهەنگێكی بڵند و پیرۆز، ئەودەمی ئیدی فەرهەنگەكەی تۆ، چ بایەخێكی نامێنێت و كاڵ دەبێتەوە و بەرەو نەمان دەچێت. نەبوونی سیاسەتێكی فەرهەنگیی گشتگر، كە بتوانێت نەخشە بۆ داهاتوو دانێت، دەكاتە هەڵواسینی فەرهەنگەكەی خۆت. پاراستنی فەرهەنگی هەر گەل و نەتەوەیەك، لە توانەوە و لەنێوچوون، دەكەوێتە سەر دەمڕاست و دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی ئەو گەل و نەتەوە و خەڵكە، بە پلەی یەكەم، چونكە ئەوان بڕیاردەرن و ئەوانن، كە دەبێ سیاسەتی فەرهەنگیی گەل و وەڵات دیاری بكەن و بە پلەی دووەمیش دەكەوێتە سەر سەرتەڵ و دەستەبژێری ڕووناكبیرانی ئەو گەل و نەتەوەیە خۆیان، كە دەبێ بەرپرسیاریەتییان هەبێت و خاوەنی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە و چاكسازانە بن. ئەوەی، كە خەڵكی كورد، خێزانی كورد، ئەمڕۆ، بە دیار تەلەڤزیۆنەكانیانەوە دانیشن و چاو لە دراما و فیلمی توركی دۆبلاژكراو بۆ زمانی عەرەبی بكەن، كە سەرلەبەریان دژەكوردن و فەرهەنگی كورد، وەك فەرهەنگێكی دڕندە و یەكجار دواكەوتوو و بێفەڕ یا هەر كورد وەك بێفەرهەنگ پێشان دەدەن، وەك دراماگەلی: "زەوییە خاوێنەكان" و "دۆڵی گورگان" و...ئەوە بۆ خۆی سڕینەوەی مێشكی خەڵكی كوردە و سڕینەوەی فەرهەنگە و مەترسییە بۆ سەر، نەك تەنێ فەرهەنگ، بەڵكە بیركردنەوە و هەموو شتێكی مرۆڤی كورد. ئێستا تۆ تەماشای هەندێك درامای كوردی، بەرهەمی كورد خۆی بكە، كە لە تەلەڤزیۆنەكانی كوردستانەوە پەخش دەكرین، دەبینی "نێرگەلە" و "نێرگەلەكێش" و "نێرگەلەكێشان"ی تێدایە،

ئەوە بۆ خۆی لە دراما مسرییەکانەوە یا عەرەبییەکانەوە وەرگیراوە، بەوەش فەرهەنگی"نێرگەلە" بەرەبەرە دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگیی کورد. ڕێکلامکردن بۆ کاڵای تورکی، ڕێکلامکردنە بۆ سڕینەوەی فەرهەنگی کورد و مەترسییە بۆ ئێستا و داهاتووی فەرهەنگی کورد و مرۆڤی کورد.

تەلەڤزیۆن، وەک زانای جڤاکناسی فرانسی"پییێر بۆردیۆ" دەڵێ:"هێندەی ئامێرێکی بەهێزی زاڵبوونە، هێندە هی گەیاندن و پێکەوەگرێدان نییە". تەلەڤزیۆن، لە کوردستان، بە پێزانین و نەخشەی دەسەڵاتە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردستان، ئەگەر هەموو خاشاک و شەخەڵ و زبڵەفەرهەنگێکی ئەمەریکایی و ئەوروپایی و تورکی و عەرەبی و فارسی، فڕێداتە نێو ماڵ و مێشکی مرۆڤی کوردەوە و لێیان بکاتە جوانی و تازەگەری و ژیانی نوێ و هاوچەرخ، ئیدی چۆن ئەو تۆزە فەرهەنگەیشی هەیانە، دەمێنێ و بەرگەی ئەو هێرش و پەلامارە نابەرانبەرە دەگرێ!

سیاسەتکاران و دەسەڵاتدارانی کورد، لەبەر بەرژەوەند و پارەوپووڵ و بازرگانی و قازانج، ئەو باسەیان لەکن گرنگ نییە، لێ دەبوو فەرهەنگییانی کورد، لەوە و لە سەدان شتی دیکەی وەک ئەوە وەدەنگ هاتبان. من لەگەڵ ئەوەدا نیم، ، بۆ چاودێری فەرهەنگ و هزر، پاسەوان و پۆلیس دابنرێن، چونکە ئەوە دەزانم، پاسەوانیی و چاودێریکردنی هزر، کوشتنێتی. داخراویی فەرهەنگ، نیشانەی لاوازییەتی. فەرهەنگی بەهێز و گەشەسەندوو، لە ڕێگەی کارێکی ڕەخنەیی کاراوە، کە هەموو چەسپاو و چەقبەستوویەک دەگرێتەوە و هەموو چوارچێوە و نموونەیەک تێکدەشکێنێت و بە هەمان هێزیش بەها و پێوەرەکان نوێ دەکاتەوە و لە چەمکە کاریگەر و تیژەکان و هزرە زیندووەکان، شتی نوێ دێنێتە گۆڕێ و چێ دەکات و توانستی بڵاوبوونەوە و بەرینبوونەوەی هەیە، لێ

مـرۆڤ لـە حاڵـەتی فەرهـەنگی کـورددا، گەرەکـە جیـاوازی لـەنێـوان فەرهەنگی باش و خراپی دەوروبەر و ئەملا و ئەولادا بکات و دەبێ لەوە تێبگات، کە ئەم فەرهەنگە تێکدەر و لادەر و ڕووخێنـەر و ماڵوێرانکەرە و ئەوی دی، ئەو مەترسییەی لێ ناکرێت.

***غەمگین بۆڵی: ئایابۆداپۆشینی بینای نەتەوەیەکی ستەمدیدە، کەلتوور یاخود ئەدەب کامیان زەروورترە؟ لەم حالەتەدا کەلتوور، یاخود ئـەدەب کامیان ئەویتر لەنێو خۆیدا ئاوێتە دەکات؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: مـن لـە دەسـپێکدا گـوتم، ئـەدەب بەشـێکە لـە فەرهەنگ. کە تۆ گوتت فەرهەنگ، واتە: تۆ باس لە ئەدەبیش دەکەیت. فەرهـەنگ بـە ئەدەبیشـەوە بـۆ هـەموو نەتەوەیـەک، ستەمدیدە بێـت یا سـتەمکار، وەک نـان و ئـاو و ئـازادی وایــە و پێویسـتە. نەتــەوەی بێفەرهەنگ، نەتەوەیەکی لاواز و ژێرپاکەوتوو و کەنارخراو و بوودەڵەیە.

***غـەمگین بـۆڵی: ئایا میللـەتێک کـەلتووری ئـەدەبیاتی لـەژێر گوشاری سیاسەتێکی  خێڵ دابێت ،ئەدیبەکانی چی بکەن باشە؟***

ئەمجـەد شـاکەلی: ڕوونـاکبیر و ئـەدیب و نووسـەر و هونەرمەنـد و فەرهەنگییان، خـەڵکانی چاوکراوە و شارەزا و زانـای نێـو جڤـاک و گـەل و نەتەوە و وەڵات و خەڵکەکانی خۆیانن و لە هـەموو جڤاکەکانی جیهانیشـدا ئــەوانن پێشــەنگی گــۆڕان و دەستنیشــانکەری دەردەکــانی کۆمەڵگــە و ڕەخنـەگر و شـڵەقێنەر و بزوێنـەری چەقبەسـتوویین. ئـەوان ئەگـەر بـۆ خۆیان بەشێک بن لـە سیاسـەتی خێـڵ و کۆمەڵگـەی خێـڵ و نـەریتی خێـڵ، ئـەوا تـۆ ناتوانیـت چاوەڕوانی هـیچ هـەنگاوێکیان لـێ بکـەیت. ئـەو خەڵکـە پێشـەنگانە بێجگـە لـەوەی، کـە خۆیـان گەرەکـە لـە تـەواوی ئـەو گوشـار و نەریتـە ڕزیوانـە یـاخی بـن، گەرەکـە خـەڵکیش فێـری یـاخیبوون بکـەن.

یـاخیبوون لـە بەسـتەڵەکی هزریـی. جڤـاکی خێـڵ، فەرهــەنگی خێـڵ و سیاسـەتی خێـڵ و بیـری خێـڵ، وەبەرهـەم دێنـێ و جڤـاکی پیشەسـازی و نوێیش، فەرهـەنگی نـوێ، سیاسـەتی نـوێ و بیـری نـوێ وەبەرهـەم دێنـێ. جـۆیس، کافکـا، کـامۆ و سـارتر، بەرهــەمی فەرهــەنگی پیشەسـازین، کـە مـرۆڤ تێیـدا هەسـتی نـامۆیی و تـەنیایی دایـدەگرێت و سـەدان کێشـەی ڕەوانـی و گیانـەکی، مێشـکی کـون دەکـەن. نـامۆیی و تـەنیایی و کێشـەی ڕەوانـی و گیانـەکی، لـە جڤـاکێکی خێڵەکیـدا، وەک جڤـاکی کوردسـتان، تـا پێش چەند ساڵێک و لە هەندێ دەڤـەری کوردستان، تـا ئێستاش، هێشتا جێـی بـاس و گرنگیپێـدان نـین و پەرۆشـی ڕۆژانـە و سـاکار و هاسـانتری، وەک: خـــەمی نـــان و گوشـــاری ئـــایین و نـــەریت و دەســـەڵات و دەردەسـەریی سیاسـەت و نەبوونـە و تامـەزرۆی سێکس، شـوێنی ئەوانـە دەگرنەوە. مرۆڤ، بەرهەمی جڤاک و فـەرهـەنگی جڤاکەکەیـەتی و ژینگـە جڤاکییەکـەی، تایبەتمەندییـە فەرهەنگییـەکانی دیـاری دەکـەن، لـێ لەگـەڵ ئەوەشـدا فەرهــەنگی هــەموو گــەل و نەتــەوە و کۆمــەڵێک، کاریگــەریی فەرهــەنگی خــەڵکیکی دیکـەی دەکەوێتــە ســەر و لێیــەوە وەردەگرێـت. فەرهــەنگ بــڵاو دەبێتــەوە و تەشــەنە دەکـات. فەرهــەنگ وابــەســتەی سەرخان و ژێرخانی جڤاکە. گـۆڕینی فەرهـەنگی هـەر نەتـەوە و خـەڵکێک، گرێدراوی گـۆڕینە ئابووری و سیاسی و هـزری و جڤـاکی و پـەروەردەیی و چاندن و پیشەسازی و تەواوی بوارەکانی دیکەی ژیانی ئـەو نەتـەوە و خەڵکەیە. ئەگەر ڕۆشنبیرانی کۆمـەڵی خێـڵ، توانستی بینینـی هەڵـە زەق و لەبـــەرچاوەکانی جڤاکەکـــەی خۆیـــان نـــەبێت و لێبڕاوانـــە نـــەتوانن دەسـتبەرداری چەشـە و خـوان و مفتـەخۆریی و لـەوەڕین بـن، هـەرگیز فەرهـەنگ، لـە کـۆت و هـزری خێـڵ، ڕزگـاری نابێـت. گـۆڕینی کۆمـەڵ، گۆڕینێکی ڕایکاڵانـە و لـە ڕەگـەوە، دەبێتـە هـۆی گـۆڕینی فەرهـەنگ، دەنـا کۆمـەڵی نـەگۆڕ و سـەرخان و ژێرخـانی نـەگۆر و پاراسـتن و داکـۆکی لـە

نەریت و بیری كاتبەسەرچوو، هەرگیز گۆڕینی فەرهەنگیی ساز ناكات و فەرهەنگیش لە بازنەی خێڵ هەرگیز نایەتە دەر. فەرهەنگ، كە بۆ خۆی، بیرمەندی عەرەب "عەلی حەرب" گوتەنی:"پێكهێنانی جیهان و دروستكردنی ژیانە"، جیهانیش، تەنێ ڕووناكبیرە لێبڕاوەكان، دروستی ناكەن، بەڵكە هەموو هێزە كاراكانی دروستی دەكەن، بەڵام گیانی یاخیبوون و ڕەخنەگرتن و كراوەیی و تێكشكاندنی بەستەڵەكەكان، وزە و خێراییەك دەدەنە ڕێڕۆی وەلانانی ئاوەز و هزری خێڵ و لەئەنجامیشدا سیاسەتی خێڵ.

2010-07-14

**ئامادەكردنی: غەمگین بۆڵی.**

**ئەم دیدارە لە لاپەڕە 6ی ژمارە 49ی (ڕووبەری داهێنان)ی ڕۆژی سێشەممە 2011/02/01دا، بڵاوكراوەتەوە.**

**تاراوگە تاک فێری هیچ نەکات،**
**فێری ئەوەی دەکات،**
**گوێ لە بەرامبەرەکەی بگرێت**

***کۆوار: بارودۆخی کورد لە ئەوروپا چۆن دەبینی؟***

ئەمجەد شاکەلی: کورد ئەگەر بەراوردێکی لەگەڵ خەڵکی وەڵاتانی تر و نەتەوەکانی تردا بکەیت،کەمینەیەکی کۆن نییە لە ئەوروپا، چونکە کورد لەم چەند ساڵەی دواییەدا ڕووی لە ئەوروپا کردووە، بەتایبەت دوای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، پێموایە بەشێکی زۆر کەمی توانیویەتی سوود لەو هەلومەرجە وەربگرێت، کە لەو وەڵاتانەدا هەیە و هەندێکی سوودی لێوەرگرتووە، وەک فێربوونی زمان و تەکنیک و هەندێک شتی تر ...، ڕەنگە لە ڕووی سیاسەتەوە تا ئەندازەیەک کەڵکی وەرگرتبێ، بەڵام وەک هەندێک نەتەوەی تر، کە کۆنترن لەوێ، نەیتوانیوە ڕەگوڕیشەی خۆی بە تەواوی دابکوتێ و قوڵبێتەوە. بەهەرحاڵ تاراوگە و بەتایبەت ژیانی ئەوروپا، بۆخۆی شتێکە، تاک فێری هیچ نەکات، فێری ئەوەی دەکات، گوێ لە بەرانبەرەکەی بگرێت و ڕێزی ڕای ئەوی تر بگرێت و فێری ساکاری و خاکەرایی و باوەڕبوون بە یەکسانیی دەکات،کە ئەوانە شتانێکی گەورەن.

***کۆوار: ئەو ژمارە زۆرەی کورد، کە لە هەموو چین و توێژ و ئاستێکی زانستی تێدایە و لە وڵاتانی دەرەوە دەژین تاچەند توانیویانە خزمەتی کورد و کێشەکەی بکەن؟***

ئەمجەد شاكەلی: تاڕادەیەک خزمەتیان کردووە، کوردانی دەرەوە لە بواری ئەدەبی و فەرهەنگی و سیاسەتدا، کاری زۆریان کردووە، ئەگەر تەنیا لەباری سیاسەتدا سەیر بکەیت، زۆرێک خۆپێشاندان و ڕێپێوان و چالاکیی جۆراوجۆریان، بۆ ناساندنی کورد و کێشەکەی ئەنجامداوە و درێغیان نەکردووە. لەبواری ئەدەب و کاری هونەری و فەرهەنگ و نووسین و بڵاوکردنەوەیشدا، کاری زۆر کراوە، بەتایبەت لە سوێد، کە دەسگای فەرهەنگی زۆری لێیە، بێجگە لەوانەش لەڕووی ئابوورییەوە، کوردانی هەندەران، لە ساڵانی کۆڕەو و گرانی و نەبوونەی 1990ەکاندا، گەلێک کۆمەکیان بە خەڵکی کوردستان کرد.

***کۆوار: ئەگەر ئەو خەڵکە بێنەوە لە کوردستان ئەو کارانە بکەن سوودیان زیاتر نابێت بۆ کورد؟***

ئەمجەد شاکەلی: بۆ شتی کوردی، لە کوردەوە بۆ کورد، ڕەنگە سوودیان زیاتر بێت، بەڵام بۆ ناساندنی کێشەی کورد بە دەرەوە، تۆ پێویستیت بەوە هەیە، بە زمانانی ئەوروپایی، دەنگی خۆت بەوان بگەیەنیت، ئەمەش کارێکی گرنگە.

***کۆوار: وەک وتت جالیەی کوردی جالیەیەکی تازەیە، کەوابوو جالیەی کوردی ناتوانێت لۆبییەک دروست بکات، هۆی دروستنەبوونی ئەو لۆبییە جگە لەتازەییەکەی چییە؟***

ئەمجەد شاکەلی: هۆکارەکەی ئەوەیە، ئەم دابەشبوونەی ئێرە، کە تۆ دەیبینی لەنێوان حیزبە کوردییەکاندا، لەوێش ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی هەیە و بووەتە ئاوێنەیەک بۆ ئەوێ، لە دابەشبوونی ئەو کوردانەی لەوێن، بەسەر کۆمەڵێک حیزب و گرۆ و تاقمی جیاجیادا. پێش هەموو شتێک، مەسەلەی دابەشبوونی چەند پارچەیی کوردستان، بۆخۆی

دیـارترین بابـەتی دابەشـبوونی کـوردی دەرەوەیـە،کورد لەبـەر ئەمانـە یەکناگرنــەوە. ئەگــەر بــە هــەموویان چــەترێکیان هــەبێت، لەســایەیدا کۆببنــەوە و لەســەر هــیچ نــەبێت دووســێ شــتی بنــەڕەتــی وەک کوردبوونیـان و داگیرکراویـی وەڵاتەکـەیان و سـتەمدیدەیی گەلەکـەیان کۆک بوونایە دەیانتوانی شتێک بەشتێ بکەن. بەداخەوە تا ئێستا مەگەر لە خۆپیێشاندانەکاندا هەموو کوردی هەرچوار پارچەکە بەشداری بکەن، دەنـا بـۆ شتی بنـەڕەتی لـەو جـۆرە هـەرگیز بـە بیریانـدا نـەهاتووە وەک شـتێکی ڕێکخسـتن و لـەژێر چەترێکـدا کۆبنـەوە، ئـەوەیان نـەکردووە، جگە لەمەش، کورد لەناو میللەتانی تردا خەڵکی دڵسۆزی زۆر کەمە.

***کۆوار: بۆ عەرەبێ تورکێک فارسێک بەلووچێک یان نەتەوەکانی تری لـەناو نەتـەوە سەردەستەکانی ئـەوروپادا دڵسـۆزیان هەیـە، بـەڵام کـورد وەک تۆ دەڵێیت ئەو دڵسۆزەی کەمە؟***

ئەمجــەد شــاکەلی: زۆربــەی ڕاگەیاندنــەکانی کــورد لــەدەرەوە بــۆ خۆیەتی، واتە ئەگەر تەماشای خۆپیێشاندانێکی کورد لە لەندەن یا پاریس یـا سـتۆکهۆڵم بکـەیت، دەبینـی یادداشـت و بڵاوکراوەیـەک، کـە بـڵاوی دەکەنەوە بەشێکی زۆری بە کوردی نووسراوە و ڕووی دەمی هـەر لـە کورد خۆیەتی. ئەو لافیتانەی کە هەڵیدەکەن زۆربـەی زۆری بـە کـوردی نووسـراون. مۆسـیقا و گۆرانییـەک، کـە لێیـدەدەن مۆسـیقا و گـۆرانی کوردییە، هەر ئەی ڕەقیبەکەیە کە هەیە، کابرایەکی ئینگلیـز یا ئەمـەریکی یا فرانسی یا سوێدی چی لە ئەی ڕقیب تێدەگات؟ تۆ چ پێویست دەکات لـەناو پـاریس یـا لـەنـدەن ئەی ڕقیـب بـۆ خـەڵک لێبـدەی؟ لـەبری ئـەوە گۆرانییەکی ئەو وەڵاتە لێبدە با سیاسییش نـەبێت، ڕەنگـە بـەوە لـەدەورت کۆببنەوە، یا وەکـو ئـەفریقاییـەکان بـە دوو چەقەنـە و شایی و سـەمایەک لە دەورت کۆببنەوە، یا بە لەبەرکردنی شتی عەنتیکە و ڕەنگاوڕەنگ لێت

کۆببنـەوە، بەداخـەوە کـورد تـا ئێسـتا ئـەوەی نـەزانیوە، لـە گـەورەترین مەیـدانی ستۆکهۆڵمدا دەوەستێت هـەر بـە ئـەی ڕەقیبەکەوە و ئـەوەش تەنها بۆ خۆیەتی و خۆی لێی تێدەگات، جاران کۆمـەڵێک خـەڵک یـان گـرۆ و حیــزب هــەبوون دڵســۆزی کوردبــوون، وەک چەپــەکانی ئــەوروپا، کۆمۆنیسـت و سۆسیالیسـت و ئەنارکیسـتەکان، ئێسـتا 99% ی ئەوانـە لـە کورد دورکەوتوونەتەوە و تاقەتی کوردیان نەماوە.

***کــۆوار: لەبــەرچی ئەوانــە ئــەمڕۆ پشــتی کوردیــان بــەرداوە و دوورکەوتوونەتەوە؟***

ئەمجــەد شــاکەلی: چونکــە کــورد ناتوانێــت ئەوانــە بــەلای خۆیــدا ڕابکێشێت، وەک وتم کورد هەرچی خۆپیشاندان و ڕێپێوان دەکات لەو وەڵاتانەدا، بۆ خۆی دەیکات، خۆپێشاندانێکی کورد نابینیت لە لەنـدەن یان سـتۆکهۆڵم، چـوار ئینگلیـز یـان چـوار ئەمـەریکایی لاتینـی و ئـەفریقایی یـا خــەڵکی غــەیــرەکــوردی تێــدابن، مــن چوومەتــە خۆپێشــاندانی فلسـتینییەکانیشـەوە و بەشـداربووم تیایانـدا، بـە دەیـان ئـەفریقـی و لاتـین ئەمریکایی و شوێنانی ترم بینیوە، کە بەشدارییان تێدا کردووە.

***کۆوار: لە زۆربەی وڵاتاندا باڵوێزخانەی عیراق هەیە، ئەگەر باڵوێز و ستافەکەی کورد نەبن، ئەوا نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لەوێدا هەیە، یـان نوێنـەری حیزبـە کوردییـەکان هەیـە، ئایا ئەمانـە توانیویانـە ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبێت لەسەر ژیانی کورد لەو وڵاتانە؟***

ئەمجــەد شــاکەلی: نــەخێر هیچیــان نــەکردووە، بۆنموونــە مــن دوو نوێنەرایــەتی حکوومــەتی هــەرێمی کوردســتانم بینیــوە یــەکێکیان لــە ستۆکهۆڵم و ئەوی تریشیان لە لەندەن خـەڵک دەزانـن لـەوێ کاردەکـەن و تـەنیا لـە هەنـدێک کـاری ڕۆتـین و ئیـداری زیـاتر وەک پڕکردنـەوەی

فۆرم یان وەکالەتنامەی کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو لە کوردستان هیچی تریان نەکردووە، بەقسەی خۆیان دەچن بەشداری کۆنگرە و کۆنفرانسی ئەورووپایی دەکەن، بەڵام من نەمبینیوە ڕۆڵێکی کارا ببینن،کە بڵێین ئەمە نوێنەری حکوومەتی هەرێمە و شتێکی ئاوای کردووە، باڵوێزخانەکانیش هەروا، کاریان چییە جگە لە تازەکردنەوەی پاسپۆرت یان لێدانی ڤیزەی وەڵات!

***کۆوار: وێنەی کورد لە ڕاگەیاندنی ئەوروپا چۆنە؟***

ئەمجەد شاکەلی: وێنەی کورد لە ڕاگەیاندنی ئەوروپا تا ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو خراپ نەبوو، دووسێ خاڵ وێنەی کوردی تێکدا، بەتایبەت هەندێک خەڵک لە ئەوروپا کوژران و پەکەکەیان تۆمەتبارکرد، لە دوای نەوەدەکانیشەوە، لە سوێد و لەندەن، کوشتنی ژنان پەیدابوو، بە بیانوو و پاساوی مەسەلەی شەرەف و ناموس، ئەمانە تاڕادەیەک ناوی کوردیان خراپ نیشاندا.

**کۆوار: پاش ئەو هەموو ساڵە، کە لە مەنفا و غەریبیدا بەسەرت بردووە ، چۆن دەڕوانیتە ڕەوشی کوردستان ؟**

ئەمجەد شاکەلی: ئەوەی من لێرە دەیبینم، ڕەنگە خەڵک دڵی بەوە خۆش بێ، کە دەسەڵاتێکی کوردی لێرە فەرمانڕەوایی وەڵاتەکەیە، ئیتر سەددام و بەعس نەماون و ئازادی هەیە، ئەمە خۆشە، بەڵام ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکە تەنیا جیاوازییەکی لەگەڵ سەددام حوسەین و بەعسدا ئەوەیە، ئەوان بە عەرەبی دەئاخڤین و ئەم بە کوردی قسان دەکات. دەبێ بشپرسین: ئەم دەسەڵاتە کوردییە خۆی چی بۆ کورد، خەڵکی کورد، کردووە؟

***کۆوار: دەبا ئێمە ئەو پرسیارە لە تۆ بکەین، بەلای تۆوە دەسەڵاتی کوردی چی بۆ کورد کردووە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دەسەڵاتیدا؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەم دەسەڵاتە بۆ میللەت، واتە خەڵکی خوارەوەی کۆمەڵ، شتێکی ئەوتۆی نەکردووە بتوانین باسی بکەین و دەستخۆشی لێ بکەین. دەتوانین هەر لێرەدا باسی دەیان کێشەی خەڵک بکەین، کە هەروا بەبێ چارەسەر ماونەوە، وەک کێشەی کارەبا و ئاو و جادە و ترافیک و خوێندنگە و کێشەی پیسی ژینگە و دەرد و نەخۆشی و دەرمان و کێشەی نەبوونی فەزایەکی ئازاد و تەواو دیموکراتی بۆ ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین، خەڵک دەڵێن ئازادی ڕادەربڕین هەیە، بەڵام بەوشێوەیە نییە، تۆ سەدلەسەد دڵنیا بیت لێی، کە تۆ شتێک دەڵێیت، هیچت بەسەر نەیەت، لێرەدا ئەو زەمانەت و دڵنیایی و گەرەنتییە نییە.

***کۆوار: چەند گەشبینی سەبارەت بە کێشەی کورد؟***

ئەمجەد شاکەلی: یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی باشووری کوردستان، گەڕانەوەی کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، تا ئێستا لەو بوارەدا هیچ نەکراوە، ئیتر مەسەلەکانی تر چی بێت گوایە؟ ئەو شوێنەی ئێستا بەدەست کوردەوەیە و خۆی حاکمیەتی، تا ئێستا هەر ئەو جێگەیەیە، سەددام بە کوردی ڕەوابینی و کارگێڕییەکانی لەو ناوچانە کێشایەوە، ئەو کاتە کورد بوو بە خاوەنی ئەم کیانە، دەنا وەکو تر چییان کردووە بۆ ئەم خاک وەڵاتە؟ جێدەستیان دیار نییە.

***کۆوار: بردنەوەی کێشەی کەرکووک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان چەند لە بەرژەوەندی کورد و کەرکووک و کێشەکەیدایە؟***

ئەمجەد شاکەلی: لەو بڕوایەدام گوێزانەوەی کێشەی کەرکووک بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بە قازانجی کورد نەبووە و نابێت و ناشکێتەوە، لەبەر ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان جارێ بۆخۆی دەسگایەکی خەمسارد و ناکارا و ئیفلیج و هیچ لەبارانەبووە، چی بۆ وەڵات و شوێنی تر کردووە تا بۆ کوردی بکات!؟ چارەسەری کێشەی کێی کردووە تا هی کورد بکات!؟ ئەمە لە لایەک لە لایەکی تریش ئەگەر ئەوانیش بیانەوێت کێشەی کەرکووک چارەسەربکەن، ئەوا تەماشای کێشەی کەرکووک، وەک کێشەی هەموو عێراق دەکەن، وەک کێشەیەک، کە دەبێت حیسابی تورکیای بۆ بکرێت، ڕەنگە حیسابی ئێرانیشی بێتە سەر، چونکە بەشێکی زۆری تورکمانەکان و عەرەبەکانی کەرکووک شیعەن. کوردیش یەکێکە لە پێکهاتەکانی ئەو شارە و بەلای ئەوانەوە تەنیا وەک یەکێک لەو لایەنانە(تورکمان ، عەرەب و مەسیحی ) حیسابی بۆ دەکەن. ئەگەر ڕاستت دەوێ، زۆر گەشبین نیم بەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کێشەیە چارەسەر بکات.

**سازدانی محەمەد عەلی وەلی بۆ گۆڤاری"کۆوار"**
**هاوینی 2011**

# عیرفان قانیعیفەرد

# و

# نووسینی مێژوو

***سڤیل: ئایا دەکرێت بۆ باسکردن لە مێژووی کورد و نووسینەوەی وەک خۆی پشت بە ئەرشیفی ئەو لایەنانە ببەسترێت،کە مێژووییەکیان لە دژایەتی کورد و بەرەوڕووبوونەوەی کورد هەیە؟***

ئەمجەد شاکەلی: لە کوردستانێکدا، کە حیزب و دەستە و گرۆ، باڵی بە سەر هەموو شتێک و هەموو کەسێکدا، کێشاوە، لە ژینگەیەکدا، کە مرۆڤ هەناسەی حیزب هەڵدەمژێ و بە حیزب ڕۆژدەکاتەوە و شەو لەگەڵ حیزبدا دەنوێ، ئەگەر بۆ نووسینەوەی مێژوو، تەنێ پشت بەو سەرچاوانە ببەسترێ، کە هی خۆنە یا هی کەسانێک و دەسگاگەلێکن، کە لە ژێردەستی خۆنە یا هەوادار و گرێدراوی خۆنە، ئەوا ئەوە نابێتە مێژوونووسین، بەڵکە دەبێتە خڕکردنەوەی پەسن و پێداهەڵدان، چونکە کەسان و دەسگا و سەرچاوەگەلی خۆیی زۆرجاران، بە کاریگەریی پێوەندی، ناسیاوی، دەمچەورکردن و دەمشیرینکردن، پارەوپووڵ، بەڵێن و دەیان بەزمی دیکەوە، لە پەسن و پێداهەڵدان زیاتر شتی دیکە ناڵێن و نانووسن. تۆ ئەگەر قسەوباسی خەڵکی دەرەکی و ڕای خراپ و کرێتی ئەوان و ڕەخنە و تەشەری ئەوان نەبیسی و نەخوێنییەوە و نەبینی، هەرگیز خۆت ناناسیت و کێماسییەکانی خۆت نابینی. بە بینینی شەل،

کوێر، کەڕ، لاڵ، کەمئەندام، دز، تەنبەڵ، خوێڕی، خاووخلێچک، ترسنۆک، گەندەڵ، جاش، خۆفرۆش، ساختەکار، نەخۆش، تۆ دەزانیت لاقساغ، چاوساغ، بیسەر، زماندار، لەشساغ، دەستپاک، زیرەک، ئازا، گورجوگۆڵ، بوێر، خاوێن، پێشمەرگە، سەرڕاست و ساغ هەن. ناشیرینی و دزیوی، بەها دەداتە جوانی لای هەموو مرۆڤێک. بۆ نووسینەوەی مێژوو، مرۆڤ بۆی هەیە پەنا بەرێتە بەر هەموو سەرچاوەیەک، نەیار یا یار، دەرەکی یا ناوەکی. مێژوو تەنێ دۆکیۆمێنتی نووسراو و کتێب نییە، بەڵکە قسە و گێڕانەوە و یادەوەری و گەواهیی خەڵکیشە. من دەڵێم: بەڵێ بۆ نووسینەوەی مێژووی نەک هەر کورد، بەڵکە هی هەموو گەل و وەڵات و جڤاکێکی دیش، دەکرێ و فرەخاسیش دەکرێ سوود لە سەرچاوەی دۆست و دوژمن وەربگیرێت.

***سڤیل: بەڵام وەک دەبینی قانیعیفەرد تەنیا باسی بەڵگەی ئینگلیز دەکات،کە بارزانی لە کاتی نووری سەعید و حەمدی پاچەچی شۆرشی بەرپاکردووە، باسی بەڵگەکانی ساواک دەکات، کە بارزانی دوای روخانی کۆمار ئامادەیی نەبوو تەسلیمیان بێت و شەڕی کردن، ئایا بەتەنیا پشتبەستن بەو بەڵگانە و لێنەکۆڵینەوە و وردبینینەکردن لە ئان و سات و هۆکار و زەروورەتی تاکتیکی ئەوکات دەبێتە نوسینەوەی مێژوو؟ ئایا گواستنەوەی یەک لای کێشەدار بێ وردبوونەوە لە ڕاکانی هەمبەر ئەو کەسە ناکاتە ڕاگەیاندنکارێکی تەرەفگیر لەجێی مێژوونوس؟***

ئەمجەد شاکەلی: ڕاستە دیرۆکنووس وێنەی ڕووداو و کەسەکان وەک خۆیان دەگوێزێتەوە و فرەجاران بێلایەنانە لێیان دەکۆڵێتەوە، لێ باسکردن لە ڕووداوێک،کەسێک یا سەردەمێکی دیاریکراو، لە یەک ڕووەوە و بێ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و خوێندنەوەی دەوروبەر و لێکدانەوەی سەرچاوەگەلی دیکەی پێوەندار بەو ڕووداو و کەس و

سەردەمەوە و بێ وەرگرتن و لەبەرچاوگرتنی بۆچوون و دید و ڕای جیاواز، خوێندنەوەیەکی تا ڕادەیەک هەڵە و یەکلایەنەی لێ دەردەچێت و زانستیەتی و ڕاستگۆیی لەدەست دەدات.

***سڤیل: وەک عیرفان خۆی دەڵێت ڕیوایەتی نوێنەرێکی ئینگلیز بۆ ئەو مێژووە دێنێتەوە، کە دەڵێت: ئینگلیزەکان بارزانییان هەڵفڕاند بۆ ئەوەی کۆماری مەهاباد بڕووخێنێت، بەڵام بەڕێزتان ئاگادارن بارزانی کاتی شۆڕشی 1945ی بارزان چووە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە کۆمار دانەمەزرابوو، ئایا ئەمە نووسینەوەی چ مێژوویەکە؟ بەڕێزتان لەبارەی چوونی بارزانی بۆ ڕۆژهەڵات و دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕاتان چییە؟ وەک شارەزاییتان هەیە پەیوەندی بارزانی بەو بزووتنەوەیەی لە ڕۆژهەڵات هەبوو چۆن و لە چ ئاستێکدا بوو؟ پێتوایە بارزانی مەبەستێکی تری هەبووبێت لەجێی پشتیوانیی بۆ بزووتنەوەی کوردانی ڕۆژهەڵات؟***

ئەمجەد شاکەلی: لەو ڕۆژەوە قسەکانی قانیعیفەرد لە گۆڤاری لڤیندا بڵاوبوونەوە تا ئەمڕۆ، کۆمەڵێک گۆڕانکاری و ڕای جیاواز لای قانیعیفەرد و خەڵکی دیکە پەخش بوونەوە. ئەو پیاوە بە "لڤین" چی گوتووە و بە "هەولێر" چی گوتووە و بە یەکێکی دیکە چی گوتووە، مەگەر هەر خۆی و ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە بزانن. ڕەنگە قانیعیفەرد قسەی ئەو کابرا ئینگلیزەی لە جێیەکدا دیبێت، لێ من ئەو قسەیەم نەدیوە. هەرچی پێوەندە بە چوونی بارزانی(مەلا مستەفا) و بارزانییانەوە بۆ مەهاباد و بەشدارییان لە کۆماری کوردستاندا، دەیان سەرچاوە جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە، کە بارزانی و بارزانییان، دوای تێکشکانی ڕاپەڕینەکەی بارزانی ساڵی 1945 و پێش دامەزراندنی کۆماری کوردستان چوونەتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بارزانییش، کە لە دەڤەری بارزان ڕابوو، دژی دەسەڵاتی حوکوومەتی پاشایەتی عیراق جەنگا. حوکوومەتی ئەودەمەش،

سەر بە ئینگلیز بوو و هەموو بزاڤێک دژی ئەو حوکوومەتە، دەیکردە دژایەتی ئینگلیز. ئینگلیز بە فڕۆکەکانی خۆیان ڕاوی بارزانی و بارزانییانیان نا، بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوجا چۆن ئینگلیز دژی خۆی، بارزانی بەکار دەبات! ڕاستە ئینگلیز، بارزانی و بارزانییانی هەڵفڕاند، بەڵام نەک بۆ ڕووخاندن و تێکدانی کۆماری کوردستان و بە کوشتدانی قازی موحەممەد، بەڵکە بۆ لەنێوبردنی بارزانی و دوورخستنەوەی چالاکی و بزێوی و یاخیبوونی ئەو لە عیراق و حوکوومەتی عیراق و دەسەڵاتداریەتی ئینگلیز لە عیراق. فازڵ ئەلبەراک(فاضل البراك)ی کەونەڕێبەری ئاسایشی بەعسیش، دیتنێکی لەو جۆرەی هەبوو و ڕاپەڕینەکانی بارزان و بارزانی و ئەوانی دیکەیشی بە نەخشە و دەستکردی ئینگلیز دادەنا. بارزانی و بارزانییەکان، لە لایەن کوردانی ڕۆژهەڵات و دواتر قازی موحەممەد و سەرانی بزاڤی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، باشترین پێشوازییان لێکرا. بێجگە لەوەش بارزانی لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا، لەگەڵ ئەو کۆمار و دەسەڵاتە بوو و تەواوی هێز و توانستی خۆی و هەموو ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵی بوون، خستبووە ژێر ڕێبەریەتی کۆمار و قازی موحەممەدەوە.

***سڤیل: تۆ پێوەندی قازی موحەممەد و بارزانی چۆن دەخوێنیتەوە؟ ئایا شتێک هەبووە بە ناوی دژایەتی یەکدی لەنێوانیان؟ تاچەند بە دروستی دەزانی کاتێک عیرفان قسەی عیسا پەژمان دەکاتە نموونە و دەڵێت، مەلامستەفا ڕۆڵی هەبووە لە بەکوشتدانی قازی موحەممەد و لەم بارەوە قسەی تۆ وەک ڕۆشنبیرێکی کورد چییە؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەو تێزەی، کە بڕەو بە خراپیی نێوان بارزانی و قازی موحەممەد دەدا، تێزێکی نوێ نییە و قانیعیفەردیش داهێنەری

نییـە. ئـەو تێـزە و ئـەو قسـەقۆڕانە زۆر لـەمێژە، ئیبـراهیم ئەحمـەد و پێڕۆیانی و عیسا پەژمان، بانگەشەیان بۆ کردووە و دەکەن و برەویان پێداوە و دەدەن. ئەگەر ئەو تێزە ڕاست بووایە، چما بارزانی دەچووە کن کەسێک یا ڕێبەرێک، کە خۆشی نەوێ و پێوەندی لەگەڵدا خراپ بێـت! خـۆ بـارزانی دەیتـوانی هـەر ئـەودەمی، کـە چـووە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان و مـەهاباد، هـەر لـەوێ جێگیـر نەبووایـە و هـەرچۆن دواتـر چووە یەکیـەتیی سـۆڤییێت، ئـەودەمێ بچووبایـە سـۆڤییێت. دیـارە ئەگـەر ئێمـە پاشخانی ئـەو دوو ڕێبـەرە(مسـتەفا بـارزانی و قـازی موحەممـەد) لەبەرچاو بگرین و بخوێنینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو دووە لە دوو ژینگەی جودادا گەورەبوون. قازی موحەممەد، مرۆڤێک بـوو، لـە ژینگـەی جـەنگ و تونـدوتیژی و هـەڵاتن و زیندانیـدا مـەزن نـەبووبوو، هـەرچی مستەفا بارزانییـە، لـە ژینگەیـەکی زینـدانی و جـەنگ و هـەڵاتن و ڕاپـەڕین و بۆمبـاران و لەسـێدارەدان و فەرهـەنگی شـەڕ و هـەموو ئەوانـەدا مـەزن بووبـوو و بـەو پاشـخانەوە چـووە نێـو کۆمـاری کوردستانەوە. بێگومـان ئـەوەش وا دەکات، کـە جیاوازیی لـە دیـدی ئـەو دوو ڕێبەرەدا بەرانبەر ژیان، بەرخودان، جەنگ و هەموو شتەکانی دیکە بووبێـت. بـارزانی مرۆڤێکـی جـەنگاوەر و شـەڕکەر و یـاخی و قـاڵبووی ڕابـوون و چـەک بـووە و قـازی موحەممـەدیش پێچەوانـەی ئـەو بـووە و ئــەوەش شــتێکی سروشــتییە. ئــەو جوداوازییەشــیان هــەرگیز کــاری نەکردووەتــە ســەر پێکــەوە کارکردنیــان و دڵســۆزی و باوەڕیــان بــە ڕەوایەتی پرسی نەتەوە و وەڵاتەکەیان.

***سـڤیل: بەگشـتی ڕۆڵـی بـارزانی و بارزانییـەکان چـۆن دەبینـی لـە دروسـتبوونی کۆمـاری کوردسـتان و دواتـر داکـۆکیکردن لـە کۆمـاری کوردستان؟***

ئەمجـــەد شـــاکەلی: هـــەر لـــە دەســـپێکی دامەزرانـــدنی کۆمـــاری کوردســتانەوە، بــارزانی و بارزانییــەکان وەک بەشــێکی گرنگــی لەشــکری کۆمار و لە ژێر ڕێبەریەتیی قازی موحەممەددا داکۆکییان لـە کۆمـار کـرد. بارزانی، پلەی سەربازیی ژەنراڵی پێ بەخشـرا. لـە کاتێکیشـدا، کـە بەشـێکی زۆر لــە ئاغــا و دەرەبــەگ و خێــڵ و هــۆزە کوردەکــانی موکریــان و ڕۆژهــەڵاتی کوردستان، پشتیان کردبـووە کۆمـاری کوردسـتان و نـەیاری بوون و ڕێگەی جاشایەتییان هەڵبژاردبوو، تاکە هێزێکی پڕچـەک و کارامـە و توانــا و جــەنگاوەر و ئــازا، کــە تــا دواســاتەکانی کۆمــاری کوردســتان، داکــۆکی لــەو کۆمــارە و ڕێبــەرانی کــرد و دەکــرد، هێــزی پێشــمەرگە بارزانییــەکان بــوو، بــە ســەرکردەیەتی مــەلا مســتەفا بــارزانی و ئەگــەر بــارزانی و هاوڕێیانیشــی نەبووایــەن، کۆمــاری کوردســتان، هــەرگیز ئــەو چەند مانگەش نەدەژیا.

***سڤیل: زۆربـەی ئەوانـەی باسـی ئـەو مێـژووە دەکـەن تـەئکید لـەوە دەکەنەوە،کە بەر لە سێدارەدانی، قازی موحەممەد و بـارزانی دیـداریان هەبووە، لە دیدارەکەدا بارزانی تکای کـردووە یەکـەم سـەرۆک کۆمـاری کــورد خــۆی بەدەستەوە نــەدات و دواتــر، دوای بێئــەنجامبوونی، قــازی پەرچــەمی کوردســتانی تەســلیمی بــارزانی دەکــات و داوای لێــدەکات، هەرکات دەرفەت هەڵکەوت، لەسەر خاکی کوردستان هەڵی بدات، بەڵام عیرفان دەڵێـت" خـەڵک تکایان لـە بارزانی کـردووە بـە شـەڕەتەقە قـازی موحەممــەد ڕزگــار بکــات ئــەو وتوویــەتی کــاری مــن نییــە و لەدەشــتی مــەهاباد چووەتــە دەرێ"، بەڕێزت خوێندنــەوەت چییــە، ئایا راستی ئــەو مێژووە چییە و تۆ چۆن لێی دەدوێی؟***

ئەمجەد شاکەلی: بارزانی داوای لـە قـازی موحەممـەد کـردووە، خـۆی ڕادەستی دەسەڵاتی ئێران نەکات، لێ قـازی موحەممـەد پێـی بـاش بـووە،

خۆی ڕادەستی ئەو دەسەڵاتە بکات و تەنانەت، کە لەشکری ئێرانیش هاتووە بۆ مەهاباد، بۆ ڕووخاندنی کۆماری کوردستان، قازی موحەممەد تا میاندوواو وەپیری ئەو لەشکرەوە چووە و خۆی ڕادەستی وان داوە. دیارە پاساوی قازی موحەممەد لەو کاتەدا بۆ ئەو کارەی، واتە: خۆبەدەستەوەدانی بە دەسەڵاتی ئێران، ئەوە بووە، کە ئەو نایەوێ خەڵکی کوردی مەهاباد، بە گورگانخوارد بدات و جێیانبهێڵێت و دەیەوێ لەگەڵ ئەوان بێت. ئەو پێیوابووە، ئەگەر ئەو خەڵکی مەهاباد جێبهێڵێ، ئەوا لەشکری ئێران وەنێو شار و ئەو خەڵکە دەکەوێت و قڕانیان تێدەخات، لێ بە خۆوەدەستەوەدانی وی، تەنێ ئەو و سەرانی کۆمارەکە تێدا دەچن، ئەوجا ئەو ڕێگەی خۆبەدەستەوەدانی هەڵبژارد، واتە: ڕێگەی مردنی هەڵبژارد، مەگەر خۆشباوەڕ بوویێت بە دەسەڵاتدارانی ئێران، دەنا ئەو بۆخۆی و هەموو خەڵکیش، سوور دەیانزانی، دەسەڵاتدارانی ئێران، دەیکوژن. خۆ ئەگەر قازی بیویستبا هەڵبێ و نەکوژرێ، ئەوا لەگەڵ بارزانی و پێشمەرگەکانیدا دەڕۆیشت و بە سەلامەتی دەردەچوو و بارزانییش ئەو و ڕێبەرانی دیکەی کۆماری لەگەڵ خۆ دەبرد و ڕزگاریان دەبوو. ڕەنگە هەڵبژاردنی یەکێک لەو دووڕێیانە، هەڵاتن و خۆقورتارکردن یا خۆبەدەستەوەدان و لەبەینچوون، واتە: هەڵبژاردنی ژیان یا مردن، لەلایەن قازی موحەممەدەوە، جۆرێک بوویێت لە هەڵبژاردنێکی مەسیحانە (عیسایانە)، کە لەخاچ درا، یا حوسەینانە(ئیمام حوسەینانە)، کە لە دەشتی کەربەلا و لە ڕۆژی عاشووورادا، شەهید بوو، واتە: لە هەردوو حاڵ و ڕووداودا(عیسا و حوسەین)، کە هەردوویان خاوەنی پەیامێک بوون و ڕێبەریەتیی شۆڕشێکیان دەکرد بۆ گۆڕینی کۆمەڵ و ئازادی خەڵک،کردەی خۆکردنە قوربانی خەڵک یا خۆبەقوربانی خەڵک کردن و مردن لە پێناوی خەڵکدا و هەڵگرتنی گوناە و تاوانەکانی خەڵک، ڕوویدا، بۆوەی بە مردنی خۆیان، هاوڕێیان و پێڕۆیانی خۆیان و

ئەوانـی دیـکە، بـژین و گوناهەکانیـان بسـڕدرێنەوە و بە خـوێنی خۆیـان خەڵکەکەی خۆیان ڕزگار بکەن. ئەوانە دوو نموونەن لە مێژووی کۆنەوە، لـێ لە مێـژووی نوێشـدا، نمـوونەی شـێخ حوسـەینی شـێخ کـاکەحەمەی هەزارکانی هەیە، کە شێخێکی لاو و مێرخاس و جوانخاس و کوڕەخاسەی گەرمیـان بـوو و لە سـەردەمی ئەنفالـدا بە خـۆ و خێـزان و منـداڵەوە لەتەک تەواوی خەڵکی گوندی هەزارکانی نێزیکی کفری، گیران و بران و دەستبەسەرکران. هێشتا لە گەرمیانەوە نەگوێزرابوونەوە بۆ عەرەبستان و لمسـتان و مەرگسـتان، بە هـۆی هەنـدێ میـانگر و خەڵکـانێکی دەستڕۆیشـتوو و نێزیکـی حوکـوومەتەوە و لەبەر کەسـیەتی و شـوێن و ناوبانگی، پێیان گوتبوو، ئامادەن دەستی لێ هەڵگرن و نەیبەن بۆ شوێنی دیکە و ئازادی بکەن، لێ ئەو بەوە قایل نەبوو و پێی گوتبوون، کە بەوە قایل نابێ و وەها کارێک ناکات و لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیدا دەمێنێیتەوە و حاڵی حاڵی ئەوان و ژیان و مەرگی لەگەڵ ئەواندایە و هەرگیز لێیان جودا نابێتەوە و جێیاننناهێڵی و هەروایشی کرد و لەگەڵ خەڵکەکەدا برا بۆ دەشـتایی و بێئاوانەکـانی عەرەبسـتان و ئیـدی هەرگیـز نەگەڕایەوە و شـەهید بـوو. ئەو جـۆرە مردنـانە ئەوە دەسـەلمێنن، کە ئەگەر مـرۆڤ هەموو دونیـاش وەدەستبهێنێ، لـێ کە خـۆی دۆڕان، چ سوودێک نـابینێ. ئەو مردنانە، دەکەنە ڕاستگۆیی لەگەڵ خۆدا و خۆشویستنی خەڵک، ڕەنگە قـازی مـوحەممەدیش، هەر لەو ڕوانـگەیەی عیسـای مەسـیح، ئیمـام حوسـەین و شێخ حوسـەینی هەزارکانییەوە (هەرچەنـدە ئەمەیـان دەیـان ساڵ دواتر بوو)نۆڕیبێتیە خۆڕادەستکردنی خۆی.

هەرچـی ئـەو باسـی ئالایـە(وەک پارچـە قوماشـێک)، کـە گوایـە، قـازی موحەممـەد داویـەتی بـە بـارزانی، مـن بـۆ خـۆم بـڕوام پێـی نییـە و بـە ڕاستیشـی نـازانم. ئـەو ئالایەشـی، بـەر لـە چەنـد ساڵێک لـە بۆنەیەکـدا، لـە هـەولێر، عـەلی قـازی، دایـە دەسـت نێچیرڤـان بارزانی،گوایـە ئـەوە ئـەو

ئاڵایەیە، کە قازی موحەممەد دابووی بە مەلا مستەفا بارزانی، هەرگیز وانییە و ئەوە ئاڵای کۆماری کوردستان لە مەهاباد نەبووە، چونکە ئاڵای ئەو کۆمارە لەبری ئەو خۆرەی نێوەندی ئێستای ئاڵای کوردستان، گوڵەگەنم و چیا و قەڵەم و خۆرێکی گچکەی تێدا بووە. ئاڵای کۆماری کوردستان، بەرەواژەکردنەوەی ئاڵای ئێران بووە، بەوەی ڕەنگە کەسکەکەی و ڕەنگە سوورەکەی سەرەوژێر کراون و شوێنگۆڕکێیان پێ کراوە و شێر و خۆرە پەهلەوییەکە لابراون و هەندێ نیشانەی دیکە لە ناوەندی ئاڵاکەدا زیاد کراون. ئەو ئاڵایەی عەلی قازی، ئاڵای ئێستای کوردستان بوو و نێچیرڤان بارزانییش، لەبەرچاوی کامیراکان، سەرەوخوار، پێشانی دا، ڕەنگە کەسکەکەی خستە سەرێ و سوورەکەشی وەژێرێ خست.

***سڤیل: پێتوایە وروژاندن و دەستبردن بۆ مێژووی کورد و هانابردن بۆ قسە و دیکۆمێنتی ناحەزانی کورد تاچەند لە خزمەتی کورددایە، ئایا ئەوە بە ئازادی ڕۆژنامەوانی دەبینی یان چۆن خوێندنەوەیەکت بۆی هەیە؟***

ئەمجەد شاکەلی: وەرامی ئەم پرسیارەم تاڕادەیەک لە پێشدا داوەتەوە و من ئێستاش جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە و پێموایە خەڵک ئازادن لەوەی چ دەڵێن و چ دەنوسن و چۆن بیر دەکەنەوە. بە هیچ بیانوو و مەبەستێک، نابێ و ناشێ، ڕێگە لە قسەی خەڵک بگیرێت. با خەڵک قسەی خۆیان بکەن و چی لە دڵیاندایە بیڵێن. من پێشتریش بە نووسین گوتوومە، مێژووی کورد، پێویستی بە تەتەڵەکردن و لەبێژنگدان هەیە، بۆ ئەوەی ڕاست و درۆ و دزێو و جوانیی، لێکدی جودا بکرێنەوە. هەڵچوون و دەمکوتکردنی خەڵک، لەسەر ئەوەی چ دەڵێ و چۆن دەهەزرێ، کارێکی باش نییە و ئەنجامێکی باشی نابێت.

ڕۆژانە دەیان کتێب و سەدان گوتار و نووسین لەمسەری جیهانەوە بۆ ئەوسەری جیهان پەخش دەبنەوە، کە ڕەخنە لە ئایین دەگرن و جوێن بە ئایین و خودا و پەیامبەری ئیسلام دەدەن، یا دژی ڕێبەر و سیاسەتکارانی جیهان دەدوێن. ئەمەوییەکان، سەدان ساڵ، بە فەرمانی خەلیفەکانیان لە منارەی مزگەوتەکانیانەوە و لەگەڵ هەموو بانگ و نوێژێکدا، سەدان جوێن و نەفرەتیان بۆ ئیمام عەلی و ئالولبەیت دەنارد و مێژووی ئیسلام سەرلەبەری مێژووی دژایەتی ئالولبەیت بووە. عەوامی شیعە، بە تەنەکە و بە مەنجەڵ و شەو و ڕۆژ جوێن بە عومەری کوڕی خەتتاب و عائیشە دەدەن. تۆ ئەگەر لەسەر ڕەخنە و جوێن و قسە و بیری جیاواز و دیدی جیاواز، بکەویتە وێزەی خەڵک، ئەوا تاکە کەسێک بە سەلامەتی دەرناچێت و کۆمەڵگە و وەڵات دەبنە کەلاوە. من دەمەوێ ئەوەش بڵێم، کە زۆرێک لەوانەی ئێستاکە دێنە سەر تەلەڤزیۆن و ڕۆژنامە و گۆڤار و لە میدیاکانی کوردستاندا، داکۆکی لە بارزانی دەکەن و لە سەر گڵکۆی بارزانی فرمێسکی تیمساحانە دەڕێژن، ڕۆژانێک بوو، بۆ خۆیان، پیاوی ساواک و بەعس و دەسگە سیخوڕی و هەواڵگرییەکانی دەوڵەتانی داگیرکارانی کوردستان بوون. بزاڤی جەلالی، بە هەموو باڵ و دەستە و گرۆیەکیانەوە، لە 1964ەوە تا ئەمڕۆ هەرچی ناو و ناتۆرە و شتی خراپ و ناڕەوایی هەیە، بە بارزانییان گوتووە و دەڵێن و داویانەتە و دەیدەنە پاڵ بارزانی. بزاڤی جەلالی، یەکەم فێرگەی جوێندان و تۆمەتبارکردنی بارزانی بوو و تەواوی دژایەتی بارزانی لەنێو کورددا و کورد بە کورد، لەو دەمییەوە دەستپێکرد. جەلالی میلیۆن جاران پتریان بە بارزانی گوتووە و ئەوان خەڵکیان فێری ئەو قسە دزێوانە کرد. بەشێک لەو خەڵکانەی، ئێستاکە داکۆکی لە بارزانی دەکەن، هەر ئەوانەن، کە دوای هەرەسی 1975، هەموو هەڵەکانی ڕابوونی ئەیلوول و هەرەس و شتەکانی دیکەیان خستە ئەستۆی بارزانی. بەشێکی دیکەشیان،

سەردەمانێک داوای دەرکردنی بارزانییەکان و کوردانی باشووریان، لە خاکی ئێران، لە حوکوومەتی ئێرانێ دەکرد و هەر ئەوانیش بوون، کە کتێبی"خیانەتەکانی قیادەی مووەقەتە بە نەتەوەی کورد"یان لە ساڵی 1981دا نووسی. ئەوانە هەموو، ئەو فرمێسک هەڵڕژتنانەیان بۆ بارزانی و ئەو داکۆکی و پەسنەی ئێستایان بۆ بارزانی، لە خۆشەویستی بارزانی نییە، بەڵکە لەبەر خوانی چەور و بەرین و هەمیشە پڕ و ئاوەدانی بارزانییە، کە نەک هەر پێڕۆیان و دۆستان و موریدانی بارزانی لە سەری دەخۆن، بەڵکە تەواوی سیاسەتکار و دەسەڵاتداری کوردستان و نەیاران و ناحەزانی بارزانییش لە سەری دەلەوەوەڕێن. ئەوانە هەموو نانی بارزانی دەخۆن. ئەگەر ڕۆژگار بەمجۆرەی ئێستا نەبووایە، ئەوان ئێستاشی لەگەڵ بێت، هەرگیز ددانی خێریان بە ناوی بارزانیدا نە دەنا و نە دەنێن. ئەوەی قانیعیفەرد گوتوویەتی، هەر ئەوەیە، کە ئینگلیز و ساواک و بەعس و داگیرکارانی کوردستان و نەیارانی کورد، زۆر لەمێژە دەیڵێن و بەشێکە لەو تێزەی، کە لە 1964ەوە برەوی پێدەدرێ و قانیعیفەرد هەرگیز لە جەلالییان پتری بە بارزانی نەگوتووە، بەڵکە ئەمیش قسەکانی ئەوان دووپات دەکاتەوە. سەرباری هەموو ئەوانەش، لەو کتێبەیشیدا، کە قانیعیفەرد، لەمەڕ ژیانی جەلال تاڵەبانییەوە نووسیویەتی، تەواوی ئەو قسانەی لەمەڕ بارزانییەوە گوتووە و ئەو کتێبەش بە فلتەری دەستوپێوەند و میرزاکانی جەلال تاڵەبانی و حیزبەکەیدا، تێپەڕیوە و هەرگیز ناچێتە عەقڵەوە، کەسێک کتێبێک لەبارەی ژیانی کەسێکی دیکەوە بنووسێت، ئەوەی لەبارەیەوە کتێبەکە نووسراوە، کتێبەکە پێش بڵاوبوونەوەی نەخوێنێتەوە، یا هیچ نەبێ هاوکار و هەڤاڵە حیزبی و خەڵکی سەر بە دەستەکەی خۆی، هەروا بە ئاسانی بەسەریاندا تێپەڕیبێت، بە تایبەت کەسێکی خوێندوو و زیرەکی وەک

تاڵەبانی، کەوابوو ئەوەی قانیعیفەرد دەیڵێ، نە نوێیە و نەش لە پشتی تاڵەبانی و خەڵکی دیکەی پێوەنددار بەو کتێبەوە نووسراوە و گوتراوە.

2010- 08 -17

**سازدانی: ڕزگار ڕەزا چوچانی بۆ گۆڤاری "سڤیل".**

# ئۆپۆزیسیۆن،
# دەسەڵات و ڕەوشی کورد

***سڤیل: دۆخی سیاسی لە ناوخۆی کوردستان و کێشمەکێشی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات چۆن دەبینیت؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئەگەر لە بەشی دووەمی پرسیارەکەتەوە دەست پێ بکەم، لەمەڕ کێشمەکێشی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دەتوانم بڵێم: ئەوەی من دەیبینم درێژکراوە و درێژەپێدەری هەمان ڕەوشی پێشووە لە کوردستاندا، وەنەبێ ئەو ململانێ و کێشمەکێشەی، لەنێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتدا هەیە شتێکی تازە بێت، ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات لە هەموو دونیادا، بە بەردەوام وەک دوو بەرە، بەرانبەری یەکیان گرتووە، هەمیشە ئۆپۆزیسیۆن بە دوای ڕێیەکدا دەگەڕێت، لێیەوە ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێت، ئەوەش شتێکی ئەوپەڕی سروشتییە لە وەڵاتێکدا، کە پێی بڵێن دیموکراتی، جا ئیتر دیموکراتی پەرلەمانی بێت یا هەر شێوەیەک بێت، کە خەڵک لە سەری پێکهاتبن و کە خەڵک بۆیان هەبێت ڕای خۆیان دەرببڕن و هیچ گومرگ یان باجێک لەسەر قسەکردن و بیرکردنەوەیان نەبێت، لە دونیای دیموکراتیدا خەڵک ڕەخنەی دەبێت و بەردەوام ئۆپۆزیسیۆنیش ڕەخنەی هەر دەبێت و دەشێ هەروایش بێت. ڕەخنە، دەبێتە هۆی ئاگادارکردنەوەی دەسەڵات لە هەڵەکانی. ئۆپۆزیسیۆن لە وەڵاتی دیموکراتیدا ڕۆڵی

چاودێر دەبێنێ و دەبێ هەموو کێماسی و چەوتییەکانی دەسەڵات بخاتە ڕوو و ئاشکاری کات و شەرم لە هیچ شتێک نەکات، هەموو ئەوانەش لە پێناوی خزمەتی خەڵک و وەڵات و خاک و نیشتماندا، خۆ ئەگەر وا نەبێ ئەوا چ جیاوازییەک لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا نامێنێت و کە هەردووشیان لە خانەیەکدا بن، ئیدی شتێک بە ناوی ڕەخنە و چاودێری و دۆزینەوەی هەڵە و ڕێنیشاندان نامێنێت، ئەوەش ڕەوشێکی وا دێنێتە گۆڕێ، دیکتاتۆرییەت و ستەم و نادادی و چەوساندنەوە لەو جڤاکەدا چەکەرە بکات و سەرهەڵبدات. ئەو ڕەوشەی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات، کە ئێستا لە باشووری کوردستان لە ئارادایە، شتێکی ئاساییە و پێموانییە شتێک بێت بەدەر لەو ڕەوشانەی، کە لە وەڵاتانی دیموکراسی دونیادا هەن. هەرچی بەشی یەکەمی پرسیارەکەتە، بەڕاستی ئەو ڕەوشەی ئەمڕۆ لە کوردستان وەدەی دەکرێ، زۆر مایەی دڵخۆشی نییە. سەرکەردەیەتی سیاسیی کورد، دەبوو گرنگییەکی تەواوی و ئەرکی یەکەمی و هەموو هەوڵ و توانستێکی بۆ گێڕانەوەی دەڤەرە دابڕاوەکانی باشووری کوردستان بووایە. تا ئەو دەڤەرانە، تەواوی ئەو دەڤەرانە، بە هەر شێوەیەک، تەنانەت بە بەکارهێنانی هێزیش بێت، نەگێڕدرێنەوە سەر کوردستان و سنووری باشووری کوردستان دیاری نەکرێت، هەرگیز کاری کورد لە باشووری کوردستان تەواو نەبووە و ماویەتی. دەسەڵات ئەمڕۆ، هێندەی وەک بازرگانێک یا بەڵێندەرێک کار دەکات و هەموو خولیا و بیرکردنەوە و کۆششی خستووەتە گەڕ بۆ بازرگانیی نەوت و مۆرکردنی گرێبەست و پەیمان و پێدانی زەوی و بەرهەمی نەوت بە کۆمپانیا بیانییەکان، هێندە کار بۆ گێڕانەوەی ئەو دەڤەرە دابڕاوانە ناکات و هێندە بە تەنگ چارەسەرکردنی کێشە چینایەتییەکان و هەژاری و خراپیی سیستمی تەندروستی و خوێندن و کشتوکاڵ و

ڕێگـەوبان و دەیـان دەردەسـەریی دیکـەوە نییـە. دەسـەڵات هـەموو بوارەکانی ژیانی ڕادەستی کەرتی تایبەت کردووە و کەرتی تایبەتیش وەک هـەموو سـەرمایەدارانێکی ئـەم جیهانـە، تـەنێ گیرفـانی خۆیانیـان مەبەسـتە. دەسـەڵات لـە هـەورازەوە تەماشـای خـەڵک دەکـات و دانانەوێتەوە بۆ ئەوەی دەست بداتە دەست خەڵکی خوارەوە. لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا دیوارێکی بڵند یەکجار بڵند هەیە و سەرمایەدار و کاسـەلیس و دووڕووان بوونەتـە پـەرژینێک بـۆ دەسـەڵات و هەمیشـە ئارایشتی دەکەن.

***سـڤیل: ململانێـی نێـوان دەسـەڵات و ئۆپۆزیسـیۆن لە وڵاتـانی دیموکراسـیدا بەئاراسـتەیەکی دروسـتدا دەڕوات، هەمـان شـت لەکوردستان دەبینیت؟***

ئەمـجەد شـاکەلی: لەکوردسـتان پاشـخانێکی خـراپ و تـاڕادەیەک خوێناوی لە کۆنەوە لەنێوان هێزە جیاجیاکانیدا هەیە، لەمێژووویاندا شەڕ هەبووە، پێکدادان هەبووە، قەبووڵنەکردنی یەکتر هەبووە، بەڵام ئەوەی ئێسـتا، کە لەم سـاڵانەدا دەیبینـین گـۆڕان ڕوویـداوە، گـۆڕانی حوکوومەتمـان بینیـوە لە هـاتنە سـەرکاری سـەرۆکی حوکـوومەتی سـەربەحیزبێک و دواتـر لاچـوونی و هـاتنە سـەرکاری سـەرۆک حوکوومەت لە حیزبێکی تر، وەک چۆن لە ئەمـەریکا لەنێوان هەردوو حیزبـی کۆمارییەکـان و دیموکراتەکـان ڕوو دەدات. لـە کوردسـتان ئۆپۆزیسیۆنێک هەیە، کە ئێستا پێکهاتووە لەسێ چوار حیـزب، بۆیە لەم ساڵانەی دواییـدا شـتێکی ئەوتـۆ بەرچاونـاکەوێ، کە ناسروشـتی بێـت و بڵێین ململانێکان بە ئاراستەیەکی نادروستدا ڕۆیشتوون یا دەڕۆن. دوو حیـزب دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە بـووە و ئۆپۆزیسـیۆنیش مـافی خـۆی بەکارهێنـاوە، ڕەخـنەی گرتـووە، ئەوەش مـافی خۆیـەتی، کە هەنـدێ

داخوازییـــان هەیە و هـــەبێت و لە پەرلەمانـــدا بیخەنـــە بـــەرباس و گوتـوبێژی لەسـەر بـکەن. لەو نێـوانەدا دۆخەکە بە ئـارامی ڕۆیشـتووە، ڕاسـتە دوو سـاڵێک لەمەوبـەر خۆپێشـاندان دژی دەسـەڵات ڕوویـدا و خەڵک هاتنە سەر شەقام، دیارە ئەوەش بەشێکە لـە کایـەی دیمـوکراتی و خەڵک مافی خۆیانە بۆ وەدەستهێنانی خواست و ئامانجـەکانیان و دژ بـە نـادادی، بڕژێنـە سـەر جـادە و بـە شـێوەیەکی ئاشـتیخوازانە و بـە ئـارامیی دەنگـی خۆیـان هـەڵبڕن و داوای مـافی خۆیـان بکـەن. تـەواوی ئەوانـە لە دونیای دیموکراسیدا شتێکی ناسروشتی نین، کە پێمـان بڵـێ دۆخـــی کوردســـتان بە ئاراســـتەی خراپـــدا دەڕوات. پێمـــوایە ئەگەر هەردوولا، دەســـەڵات و ئۆپۆزیســـیۆن خوێنـــدنەوەیەکی کراوەتـــر و دیموکراتیـــانەتر و ڕوونتریـــان هەبـــێ بەرانـــبەر بەیەکتـــر و بنـــەمای کارکردنیـان خزمـەتی خـەڵک و خـاکی کوردسـتان بێـت، نـەک تـەنێ بەرژەوەندی بنەماڵـەیی و حیزبیـی تەسک و گیرفـان، ئەوە دەتـوانن بە ئاراستەیەکی باشتریشدا کار بکەن، وەک هەر وەڵاتێکی دیمـوکراتی ئـەم جیهانە.

***سڤیل: لەکوردستان ئێستا ئۆپۆزیسیۆن باس لەوە دەکەن کە دەبێت ئەو یاسایانەی ڕەهەنـدی نیشـتیمانیی هەیە لەپەرلەمانـدا بە تەوافـوقی تێپەڕێنرێن، بەپێی زانیارییە دزەپێکراوەکان بۆ ڕاگەیانـدن، دەسەڵاتیش مەرجـــی ئەوەی هەیە، کە ئەوان لە حوکـــوومەتێکی بنکەفرەوانـــدا بەشداری بکەن، بە رای تۆ ئەم دوو داواکارییە تاچەند لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسـیدا گونجـاوە، یـان دیموکراسـی بـاردێنێ بـۆ کـۆمەڵگەیەکی وەک کۆمەڵگەی کوردستان؟***

ئەمـجەد شـاکەلی: مـن بـۆ خـۆم تـا ڕادەیـەک نـازانم بـاس لـە کـام قـانوون دەکرێـت و وردەکـاریی ئـەو قانوونانـە نـازانم، کـە ڕەهەنـدی

نیشتمانییان هەیە یا نییە و نازانم ئۆپۆزیسیۆن لەو ڕووەوە ڕێکوڕەوان چییان دەوێت، بەڵام ئەوە دەزانم، کە بەشێکی زۆری خواست و داواکانیان لەگەڵ داخوازی و پێویستیی خەڵکی ئەو وەڵاتەدا یەکدەگرنەوە. ئەگەر تۆ یا من یا هەرکەس بڕوای بە دیموکراتی هەبێت، مەسەلەی تەوافوق و پێکهاتن لەسەر شتێک و دابەشکردنی دەسەڵات بەهۆی هەرشتێک بێت مەزهەبی بێ، دینی بێ، تائیفی بێت، خێڵەکی بێ، نەتەوەیی و هەرشتێکی دیکەی لەو بابەتە بێ، شتێکی سەرکەتوو نابێت و گونجاو نییە لەگەڵ پێوەر و نۆرمەکانی دیموکراسیدا. کە باس لە دیموکراتی دەکرێت مەسەلەی زۆرینە و کەمینە دێتە پێش و ئەو پێوەرەش بڕبڕەی پشتی دیموکراتییە. ئەگەر وەڵات و کۆمەڵێک بە گوێرەی سیستمی دیموکراتیی پەرلەمانی بڕواتەڕێوە، مەسەلەی زۆرینە و کەمینە دەبێت پێوەربێت بۆ بڕیار و هەڵسەنگاندن و گۆڕینی قانوونەکان و بۆ شەرعییەتدان بە شتێک و شەرعیەتسەندنەوە لە شتێکی تر، بەم پێیەش بێت، تەوافوق و حوکوومەتی بنکەفرەوان، بۆ ڕازیکردن و خاتری ئەم و ئەو و هەموو لایەنەکان لەگەڵ نۆرمی دیموکراتیدا نەگونجاوە.

***سڤیل: یەکێک لەداواکانی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە، کە دەبێت سەرۆکی هەرێم لەپەرلەمان هەڵبژێردرێت، نەک ڕاستەوخۆ لە لایەن میللەتەوە، پارتییش وەکو هێزێکی دەسەڵات بە دەستی کوردستان، پێیوایە نەخێر دەبێت سەرۆک لە لایەن میللەتەوە هەڵبژێردرێت، تۆ وەکو ڕۆشنبیرێک کامیان گونجاتر دەبینی بۆ کوردستان؟***

ئەمجەد شاکەلی: ئێستا ئەگەر نزیکترین نموونە عیراق لەبەرچاو بگرین، کە سەرۆک کۆمار، سەرۆکی حوکوومەت و سەرۆکی پەرلەمان، بە تەوافوق و هەڵبژاردن لە ڕێی پەرلەمانەوە دانراون،

لەسەر ئەساسی ئەوەی شیعە زۆرینەیە دەبێت سەرۆک حوکوومەت بێت، سوننە سەرۆکی پەڕلەمان بێت، کورد سەرۆکی کۆمار بێت، ئەمە رێک وەکو ئەو جۆرە سیستمەیە، کە لە لوبناندا هەیە، ئەوەی لە عیراقدا کراوە و دەکرێ لوبنانانەدنی سیاسەت و هەڵبژاردن و دیاریکردنی سەرۆکایەتییەکانە، ئەمەش بێگومان نموونەیەکی سەرکەوتوو نەبووە و ناشبێ و کارێکی نەگونجاوە لەگەڵ دیموکراسیدا. دیارە تاقیکردنەوەی ئەم ئەزموونانە لە کوردستاندا باش نییە، بۆیە پێموایە هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم باشترە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە بێت، نەک بە رێککەوتن لە ناو پەرلەماندا و لەڕێی پەرلەمانەوە بێت. ئەگەر هەڵبژاردنەکە لەلایەن خەڵکەوە بێت، ئەوکات، بەشدارییەکە لە پرۆسێسی هەڵبژاردن و دیموکراسیدا، فرەوانترە، وەک هەموو ئەو وەڵاتانەی دونیا، وەک چۆن لە ئەمەریکا و لە فرانسا دەکرێت، بەڵام ئەگەر لەنێو پەرلەماندا بێت، بچووکردنەوەی مەودای بەشدارییە لەپرۆسێسەکەدا. پەرلەمانی کوردستان ئێستا 111 ئەندامی هەیە، ئەگەر لەنێوان ئەواندا سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت، ئەوە 111 کەس دەنگ بۆ ئەو کەسە دەدەن، کە دەبێتە سەرۆکی هەرێم، با ئەو کەسانە(پەرلەمانتارانە) نوێنەری خەڵکیش بن، بەڵام لە کوێ 111 کەس دەنگ بۆ کەسێک بدات بۆ سەرۆکایەتی و لە کوێ دوو سێ میلیۆن کەس بەشداری لە پرۆسێسی هەڵبژاردنەکەدا بکەن و دەنگ بدەن! بەڕای من هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم یا سەرۆکی هەر وەڵاتێک، گەل هەڵیبژێرێت و گەل بەشداری بکات لەو بڕیارەدا، کە کێ سەرۆکی بێت، زۆر باشترە لەوەی لەنێو پەرلەماندا هەڵبژێردرێت.

***سڤیل: تا ئێستا لە کوردستاندا هێز لەنێوان پارتی و یەکێتیدا دابەشکراوە، ئیستا تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نەخۆشە و ئایندەی***

***نادیـارە، پێتـوایە لە ئەگەری نەمـانی تاڵەبـانی یەکێتـی بەرەو کـوێ دەچێت؟، ئایا بێ هێز دەبێت؟ یان تەرازووی هێز بەلای پارتیدا لاسەنگ دەبێت؟ یان چی؟***

ئەمـجەد شـاکەلی: مـرۆڤ نـاتوانێ جـارێ ئەو حـوکمە بـدات، کـە تاڵـەبانی چـی بەسـەر دێ، ئـەوە دەبێتـە ڕەملێـدان. جـارێ تاڵەبـانی لەژیاندا ماوە و دەژی، کێ دەڵێ دیسان نایەتەوە مەیدانی سیاسەت و بۆڕبۆڕێن! بەڵێ تەمەنی هەیە، بەڵام خۆ مردن بە پیری و گەنجی نییە. کارەسـات لـەوەدا نییـە، کـە تاڵـەبانی دەمـرێ یـا نـامرێ، کارەسـات لەوەدایە، کە وەک نـەریت لـە ڕۆژهەڵاتـدا و لـە وەڵاتگـەلێکی دوور لـە شارسـتانی و ژیارییـەوە و لـە جڤاکگـەلێکی شـوانکارەیی و خێڵـەکی و دەرەبەگیـدا و لـەنێو خەڵکانێکـدا، کـە هێشـتا تەماشـای سـەرکردە وەک سێبەری خودا لە سەر زەوی دەکرێ، خەڵک دیکتاتۆر دروست دەکات و وەها کۆمەڵگەیەک دیکتاتۆر دێنێتە بەرهەم و هەرچی تایبەتمەندی و سیفەتی کاریزماییە دەدرێتە پاڵ سەرکردە و ئەوی هەڵە و ناتـەواوی و خراپەیـە لـە سـەرکردە دوور دەخرێتـەوە. سـەرکردە، سیفەتێکی ئایینی وەردەگرێـت و وەک پەیامبـەرێک، پەڕجوویـەک، فریادڕەسێک تەماشا دەکـرێ. وەڵات و جڤـاک و خـەڵکی کوردسـتان و حیزبـە سیاسـییەکانی کوردسـتانیش لـەو دیتنـەوە دوور نـین. ئـەوانیش کەسـێک دروسـت دەکەن، ئەو کەسە خاوەنداریەتی تـەواوی هـزر و ئایـدۆلۆژیا و دیـدێک دەکات، کە ئەوان هەڵیانگرتووە و بڕوایان پییەتی و وەدووی کەوتوون. وەها کەسێک، وەها ڕێبەرێک، بەشێوەیەک نەخشی لەسەر حیزبەکەی و لەسـەر خـەڵکانی نـاو حـزبەکەی هەیـە و دیـارە و کـاریگەرییەکی تەواو کارێزمـایی لەنـاو ئەو حـزبەدا دروسـت دەکـات، کـە خەڵکی ئەو حـزبە، هەر ئەو مرۆڤە دەبینن. ئەو ڕێبەرانەش بۆ خۆیـان کارێکی وا دەکـەن، کە مەودایەکی دوور لە نێوان خۆیان و خـەڵکانی هەوادارییانـدا دروسـت

دەکەن. ئەوان ڕێگە نادەن، لەنێو حیزبەکەیاندا، کەسی دیکە، کە بتوانێ شان لە شانی وان بدا یا ڕکابەریان بێ، دروست بێ. ئەم دیاردەیە لەنێو پارتی و لەنێو یەکیەتیشدا هەیە. نەخش و کاریگەری بارزانی بەسەر پارتییەوە هەیە، نەخش و کاریگەری تاڵەبانی بەسەر یەکێتییەوە هەیە. پارتی، حیزبی بارزانییە(ماڵی بارزانی) و بارزانیزم ڕێبازەکەیەتی و یەکیەتیی حیزبی جەلالیانە و جەلالیزم ڕێبازەکەیەتی. ئەگەر بارزانی(ماڵباتی بارزانی) و تاڵەبانی لەو دوو حیزبە دووربخەیتەوە، سەرو سیمای ئەو حزبانە دەگۆڕێن. لەبارەی پاشەڕۆژی یەکێتییەوە، کە دوای ئەوەی تاڵەبانی کۆچی دوایی بکات، یان پەکی بکەوێ و نەتوانێ کاری سیاسی بکاتەوە، چی ڕوودەدات؟ ڕەنگە هێشتا زوو بێت بۆ ئەوەی، ئەوەی ڕوودەدات ڕێک بخرێنە چوارچێوەیەکەوە، بەڵام چەند نیشانە و سیناریۆیەک هەن و خەڵک قسەیان لەسەر دەکەن. لەنێو یەکیەتیدا کۆمەڵێک خەڵک هەن، نێوەند و چەق و جەمسەرن، کە ڕەنگە لە سێکوچکەی ماڵی تاڵەبانی(هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و هەردوو کوڕەکەی و شانازی خوشکی و کوڕانی شێخ جەنگی، کە دەبنە برازای تاڵەبانی)، کۆسرەت ڕەسووڵ و بەرهەم ساڵحدا، خۆ بنوێنن. ماڵی تاڵەبانی، تاڕادەیەک پارە و سامانی یەکێتییان لە کنە و هەندێک لە سەرانی یەکیەتیش چ ئەفەندییەکانیان و چ سەربازی و چەکدارەکانیان وەک نەریت هەواداری ئەو ماڵەن، چونکە ئەو ماڵە تێکەڵە و کۆکراوەیەکی تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدی(باوکی ڕووحی جەلالییەتە). کۆسرەت رەسوولیش هەیە، ئەویش کۆمەڵێک خەڵکی سەربازیی لەگەڵە و پێگەی گەلێریی ئەو هەولێرە. هەروەها بەرهەم ساڵح هەیە، کە بەهەمان شێوە خاوەنی کاریگەریی خۆیەتی. لەنێوان ئەم بەرە و کوتلانەدا هەوڵدان دەبێت بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی یەکێتی، بەڵام ناگاتە ئەوەی دار و بەردی یەکێتی بەسەر یەکەوە نەهێڵن و

پەرتەوازەی بکەن، بێگومان بزانن ململانێیەکانیان دەگاتە ئەو ئاستە، خۆیان بەلایەنێک ڕازی دەبن و ڕێککەوتنێک دروست دەکەن، ناهێڵن یەکیەتی بگاتە ئەو دۆخە، بۆیە من پێموانییە تەرازووی هێز بەلای پارتیدا بشکێتەوە و لەو بڕوایەشدام پارتی مانەوەی یەکیەتی پێ باشە. دەکرێ باسی حیزبی گۆڕانیش بکرێ. من هەر لە سەرەتاشەوە ئەو ڕایەم هەبووە، ئەگەرچی ماوەی چەند ساڵێکە خۆیان بە جیاواز دادەنێن، بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان لەگەڵ یەکێتیدا جیاوازییەکی فکری و ئایدۆلۆژییان نییە. گۆڕان، وەک هزر و فەلسەفە، هەر بەشێکە لە بزاڤی جەلالیزم و هەر بەشێکە لەو بیرە، لەو هێڵە، لەو هێزەی کە لە ساڵی 1964 ەوە بە ڕێبەریەتی جەلال تاڵەبانی هەبووە و تاکو ئێستاش هەیە. گۆڕان، پوختە و پاڵفتە و کرۆکی جەلالیەتە مێژووییەکەی هەڵگرتووە و دەشێ بە ئوسوولییەتی جەلالی و سەلەفییەتی جەلالی ناوببرێ و بناسرێ. گۆڕان و یەکیەتی دوو باڵی یەک بزاڤن. گۆڕان، کە لە یەکێتی چووە دەرەوە، بە پێزانین و کۆمەکی یەکیەتی و تاڵەبانی وەدەرکەوتن و دروست بوون. گۆڕان، کۆمەڵێک دەنگی ناڕازیی، نێو یەکیەتی، لە سیاسەتە "نەرم و سازشکارانەکەی" یەکیەتی لە هەمبەر پارتی، لە چاوی ئەوانەوە، لەدەوری خۆی کۆکردەوە. لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە سیاسەت و هەڵسوکەوت و دیدی یەکیەتیدا دروستبوو، بۆ نموونە یەکیەتی لەگەڵ پارتییدا لە دەسەڵاتدا بووە، ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی هەبووە، ڕەنگە بە ڕای یەکیەتییەکان، تاڵەبانی کۆمەڵێک سازشی بەرانبەر بە پارتی کردبێ، ئەوەش کۆمەڵێک خەڵکی یەکێتی لە حزبەکەیان تووڕە و ناڕازی کردووە و هەربۆیە حیزبەکەیان جێهێشتووە. ئەو دەنگانەی، کە لە یەکیەتی جیابونەتەوە چوونەتە لای گۆڕان، ئەوە ئەوانەن، کە ئەو شتانەیان پێ قەبووڵ نەکراوە، هەروەها گۆڕان لەگەڵ ئەو دەنگە ناڕازییانەی نێو یەکیەتی،

دەنگـی نـاڕازی شەقامیشـی لەخـۆی کـۆکردۆتەوە، دوور نیـیە، لەنێـو پارتیشدا خەڵک هەبن لایەنگری گۆڕان بن، بەڵام گۆڕان لە بنەما هزری و هـێڵە ئەساسـییەکەی بیروبـاوەڕی جەلالیـیەت دوور نەکەوتـووەتەوە، بۆیە ئەوەی یەکیەتی بەهۆی ڕێککەوتنەوە لەگەڵ پارتی پێی نەکرابێت، لە ڕێگای گۆڕانەوە کردوویەتی، مەرج نییە گۆڕان و یەکیەتی دانیشتبن و بڵـێن ئەوە کـاری تـۆیە و ئەمە کـاری مـنە، بەڵام تـاڕادەیەک هاوئاهەنگییەک هەیە و کارەکان بەو ئاراستەیە دەڕۆن، بۆیە لە قۆناخی پـاش تاڵەبانییـدا و بـە لەبـەرچاوگرتنی ئەگەری لاوازبـوونی یەکیـەتی، ئەگـەری چوونـەوە لای یـەک و تێکەڵبوونـەوەیان هەیە، مـەرج نییـە بـە نـاوی یەکیـەتی یـا گۆڕانـەوە، ڕەنگـە نـاوی دیکـە بێتـە گـۆڕێ. ئەگـەر نەوشیروان موستەفا، لـەنێو یەکیەتیدا مابایـەوە و وەدەرنەکـەوتبا، ئـەوا ئـەو بـێ هـیچ ڕکابـەرێک، دەبـووە خەلیفـەی تاڵـەبانی. هـیچ دوور نییـە، ئێسـتاش هـەر ئـەو ببێتـە خەلیفـەی تاڵـەبانی، ئیـدی لـە دەرێـی یـا لـەنێو حیزبەکـەی تاڵەبانیـدا بێـت. دیـارە دەشـێ لەڕووی تیـۆری و بزێـوی و کـاری حیزبـی و زمـان و قسـەکردەنەوە، مەلا بەختیـار و وەک پیـاوێکی سیاسی و پیاوی دەوڵەت و کارگێڕی و بەڕێوەبردنیش بەرهەم ساڵح، بتــوانن برێــک لە بۆشــاییەکی  تاڵەبــانی جێیــدەهێڵێ، پــڕبکەنەوە. سـەرکردەیەتی یەکیـەتی لـە نائامـادەیی و نـەبوونی تاڵەبانیـدا، ئێسـتاش نەوشیروان موستەفا، ئەگـەر بۆ خۆی ڕای لەسـەر بێ، بە براگـەورەی دەزانــن و پڕانیــی، ئەگــەر نــەڵێم هــەموو، ئەنــدامان و هــەوادارانی یەکیەتی، لـە سـەرکردەیەتیی بۆ خـوارەوە، هـەواداری نەوشیروانن، لـێ هەموو یەکیەتی و هەمـوو ئێمەش ئەوە دەزانین، کە هیچ یەکێک لەو نــاوانە، بە نەوشــیروان مستەفایشــەوە، هێنــدەی تاڵەبــانی، بە تەواوی مێــژووی سیاســییەوە، چــاک یــا خــراپ و بە هەمــوو هەڵــبەز و دابەزێکییەوە، یاریزان و لێزان و شارەزا و فرەزان و بزێو نین.

***سڤیل: ئایندەی کورد لەعیراقدا چۆن دەبینیت؟***

ئەمجەد شاکەلی: من پاشەڕۆژ یا داهاتوویەکی ڕوون بۆ کورد لە عێراقدا نابینم، دەبوو کورد لە 2003 ەوە ئیدی خۆی نەکردایەتە خاوەنی عیراق، یان خۆی نەکردایەتە کەواسووری بەرلەشکر، بۆ دروستکردنەوەی دەوڵەتی عیراق. کاتێک سەددام حوسەین ڕووخا، دەوڵەتی عیراق ڕووخابوو، کورد ڕۆڵێکی خراپی لە مەسەلەی دروستکردنەوەی ئەو دەوڵەتەدا بینی. دەبوو کورد ئەزموونی لە مێژووی دروستبوونی عیراقەوە تا ئەو ڕۆژە لەبەرچاو بگرتایە و هەموو دەردەسەرییەکانی خۆی وەبیر هاتبانەوە. عیراق بەم دۆخەی ئێستایەوە پێموانییە بەردەوام بێت، ئێستا لەو وەڵاتەدا عەرەب دابەشبووە بەسەر شیعە و سوننەدا، کە ئاماژەیەکی گەورەیە بۆ دابەشبوونی عێراق. جاران لە عیراق هەرگیز باسی جیاوازی شیعە و سوننە نەبوو. من هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە لەگەڵ کورد و عەرەب و تورکماندا ژیاوم و دواتریش لەتەمەنی لاویمدا، کە لە عیراق بووم، لە زانستگەی بەغدا و لە بەشی ناوخۆیی و لە سەربازی و لە کاردا، خەڵکم لەگەڵ بوون، بە درێژایی چەندین ساڵ، کەس نەیدەزانی و منیش نەمزانیوە، کێ سوننەیە یا کێ شیعەیە یا کێ مەسیحییە یا کێ ئێزدییە یا کێ مەندائییە. ئەودەمە کەس ئەو حیساب و لێکدانەوانەی نەدەکرد. ئێستا ئەو وەڵاتە(عیراق) خوارەوەی مەبەستم عەرەبستانەکی لەنێوان سوننە و شیعەدا دابەش بووە و ناوێک لە عەرەب نەماوەتەوە. جاران لە باقوبە بۆ خوارەوە بە عەرەب دەژمێردرا و لە سەرەوەی باقوبەش تا زاخۆ، کوردستان و وەڵاتی کورد بوو. ئێستا کوردستانەکەیش خەریکە لەتوپەت دەکرێ، لەملاوە کورد لەولاوە تورکمان و لەولاتر سریان و مەسیحی، تەنانەت کوردەکەشیان

لەتوپەت كردووە لەنێوان ئێزدی و موسوڵمان و یارسان و شەبەک و چی و چیدا و خەریکن کوردی فەیلی، سۆران، کرمانج، هەورامی و کەلهوڕیش لەیەک جودا دەکەنەوە. من هەرچەندە بڕوام بە دەوڵەتی گچکەگچکە نییە و حەزم لێی نییە، پێموایە مرۆڤ سەر بە هەر نەتەوە و ئایین و ئایینزا و ڕەگەز و نەژاد و ڕەنگێک بێت، دەتوانێ لە چوارچێوەی قەوارەیەکی گەورەدا، دەوڵەتێکی گەورەدا، وەک دەوڵەتی سۆڤییەتی جاران یا یۆگوسلاڤیای جاران یا دەوڵەتی عوسمانیی جاران یا یەکیەتی ئەوروپای ئێستا، لەگەڵ یەکدیدا بژی و چ کێشەیەکیشی نەبێ، بەڵام ئەگەر بڕیار بێ، هەر نەتەوە و هەر گەلێک خودانی قەوارەی خۆی بێت، ئەوا با کوردیش ئەو مافەی هەبێت. ئەگەر عیراق بەم شێوەیەی ئێستای بڕوات بەڕێوە، ئەوە لەداهاتوویدا دۆخی کورد باش نابێت و ئاسۆیەکی ڕوونی نابێت، بۆیە باشترە کورد لە عێراق جیابێتەوە و کوردستانێکی سەربەخۆ، بە تەواوی ناوچە دابڕاوەکانی مووسڵ و کەرکوک و تکریت و دیالە و کووت و عەمارە و هەموو شوێنە کوردستانییەکانی تر، کە ئێستا لەسەر هەرێمی کوردستان نین، لەگەڵ ئەم هەرێمەی ئێستایدا، رابگەیەنێت.

***سڤیل: پێتوایە زەمینەی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی هەبێت لە ئەمڕۆدا؟***

ئەمجەد شاکەلی: بەپێی ئەو حاڵەتەی، ئێستا لە عیراقدا دروستبووە، تا ڕادەیەکی باش بەرەو ئەوە دەچێت، ئەو دەرفەتە بێتە دەست کورد، تۆ دەبینی ئێستا سوننەکان ڕادەپەڕن، شیعە کاتی خۆی باسی دروستکردنی هەرێم و ئەو شتانەیان دەکرد، کوردیش نێوانی لەگەڵ حوکوومەتی بەغدا باش نییە، هەموو ئەوانە بەو ئاراستەدا دەڕۆن، ئەو زەمینەیە دروست بێت، بەڵام من پێموایە ئەگەر ئیستا زەمینەش خۆش

نەبوو‌بێت بۆ ئەوە، دەبێت کورد بۆخۆی ئەو زەمینەیە خۆش بکات و بهێنێتە پێشەوە و بۆ خۆی حاڵەتێکی وا دروستبکات کە زەمینەی جیابونەوەی بۆ بڕەخسێنێ، بەڵام ڕاگەیاندنی دەوڵەت، کاتێک دەبێ بکرێ، کە ئیدی سنووری کوردستان دیاریکراوە و تەواوی خاکی باشووری کوردستان بە دەست کورد خۆیەوەیە، دەنا ئەگەر بڕیار بێ، ئەم سێ ئوستانەی ئێستای هەرێم(دهۆک، هەولێر و سلێمانی) بکرێنە دەوڵەت و چاوەڕوانی ماددەی 140ی بێفەڕ بکرێ، ئەوا بە دەوڵەتنەبوونی گەلێک لە بەدەوڵەتبوونی باشترە.

2013-02-04

**ئامادەکردنی: ڕزگار ڕەزا چوچانی بۆ گۆڤاری "سڤیل".**

**ئەم دیدارە بە دوو بەش لە ژمارە 169ی 09-02-2013 و ژمارە 170ی 16-02-2013ی گۆڤاری"سڤیل"دا، بڵاوکراوەتەوە.**

Amjad Shakely

# What cannot be said must be said!

ISBN 91-631-6133-8